# کەلەپووری کوردەواری

## - کۆ بەرهەمی فۆلکلۆری -

کۆکردنەوەو ئامادەکردن و نووسینی
**ئەسعەد عەدۆ**

هەڵسەنگاندن
**مومتاز حەیدەری**

هەولێر – کوردستان
٢٠١٥

## ناسنامەی کتێب

کتێب : کەلەپووری کوردەواری (کۆبەرهەمی فۆلکلۆری)
کۆکردنەوەو ئامادەکردن و نووسینی : ئەسعەد عەدۆ
هەڵسەنگاندن : مومتاز حەیدەری
دیزاینی بەرگ و ناوەوە : هیــواعەباس – مومتاز حەیدەری (کۆمپیوتەری هیوا)
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
چاپی یەکەم / هەولێر ٢٠١٥ .

ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (        )ی  ساڵی ٢٠١٥ی پێدراوە

## پێشکەشە بە :

- ئەو سوارچاکانە کە بۆ کوردایەتی هەردەم پێ لە ڕکێفن .

- ئەو کەسانە کە بۆ وڵات قەقنەس ئاسا دەسوتێن .

- ماڵ و منداڵە هەردەم دەربەدەرەکانم .. ڕۆژێـک لـە ژێـر تەڕاشی چۆمان و زینوێ ، ڕۆژێک لە ژێر خێمەی ئۆردوگای نەلیوان و ڕەبەتێ ، ڕۆژێک لـە ژێـر سـریفەی گرمـە بنـی سـعیدی ناصـریە ، ڕۆژێـک لـە ئـاوارەیی پیرمامـدا تـا ئێستایش لە وڵاتی غەیرە دینان پەرتوپەڕاگەندە بووین .. لە خودای دلۆڤان داواکارم سەبەبکارمان لە دونیاو قیامەت ڕیسوا بێت .

ئەسعەد

# ئەوەی دەبێ بگوترێ ...

شەهیدی زیندە*
ئەسعەد عەدۆ

لە یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەم لە کۆنە مەکتەبی (قورشاغلو) بەیانیەکە لە کۆبوونەوەی قوتابیان بەر لەچوونە ژوورەوەمان شیعری (ئەی وەتەن ، دایك ، داری ئازادی)م ، دەگوتەوە .. مامۆستا حامد حسن هۆرمزیار کە ئەویش خەڵکی قورشاغلو بوو ، دەگەڵ جوانەمەرگی برام حسن عدۆ شیوعی بوون ، زۆر هاندەرم بوو کە ماڵمان هاتە هەولێریش لە قوتابخانەی (ابن المستوفی ، مەولەوی) مامۆستام بوو تا شەهیدیان کرد .

جوانەمەرگی براشم وەك هاوڕێ تەعامولی دەگەڵ دەکردم و هانیدەدام چونکە خۆیشی ئەگەر شیوعیەت نەبوایە خۆی لە مەیدانی ئەدەب دەدۆزیەوە ، یەکەم خوێندنەوەم لە ساڵی ١٩٦٣ بوو کاتێ کۆمەڵێك شیوعی لە ماڵمان بە دزی خۆیان حەشاردابوو کتێبەکە (ثورة في الثورة)ی ، رۆژنامەنوسە فەڕەنسیەکە .. چونکە بە عەرەبی بوو زۆری تێنەدەگەیشتم !

لە سەرەتای ١٩٦٩ من و غازی کێخوا سلێمان گەزنەی رەحمەتی لە رێگای عبداللە رسول ناوێك کە ئێستا قوماشفرۆشە لەنێو بازاڕی هەولێر

چووینە ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ، هێندەی نەبرد بەرپرسەکەمان چوە ریزی (جەلالیەکان)و ئێمەیش لە ڕێکخستنی قوتابیان پچڕاین ! لە دوای ڕێکەوتنی ئادار لە هاوینی ١٩٧١ لە ریگای مەلا فوٴاد شۆڕجەیی هاتمە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان (وابزانم ئێسا ئەو برادەرە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبێکی تورکمانەکانەو لەوێ نێوی فوئاد ئالْتونە !)

لە ٢٧ / ١١ / ١٩٧٣ لە مەکتەبی عەسکەری سوپای شۆڕشگێری کوردستان ناونوسکرام و لە بەتالیۆن یەکی زۆزگ لای نەقیب حسن بارزانی بووم بە پێشمەرگە لە کاری (کاتب طابعة) بەردەوام بووم لە دواییدا لای یاسین محمد کریم لە مدرسەی (الصنف الکیماوي) لە گەڵ نەقیب اسماعیل دەلۆ ، جمال سلیمان ، ئەسعەد قەرەداغی و خەڵکی دیکەش کارمانکرد .. لە دواییدا وەك بەرپرسی دارایی یەکێتی کرێکارانی کوردستان لای جبار حمدامین و قادر بەننا تا نسکۆی شۆڕشماینەوە .

یەکەم بەرهەمی ئەدەبیم لە ئەیلوولی ١٩٧٤ لە گۆڤاری (لاوان) کە شاخەوان نامیق سەرنووسەری بوو لە چۆمان لە ژێر ناونیشانی (یادی ڕۆژانی ماکۆك) بڵاوکردەوە ، کوورتە چیرۆك لەسەر داستانی ماکۆك .

کاتێ لە ٣ / ١٠ / ١٩٧٥ لە ئێران گەڕاینەوەو بردراین بۆ (ناصریە – گرمە بنی سعید) چوار ساڵی تێدا ماینەوە ، ئەو ماوەیە لە ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریمدا زێڕینە .

ڕاستە من لە ١٩٦٣ وە ، نێوی حیدریەکانم بیستوە چونکە خوشکە سامیە چاوشلی هاتە ماڵمان بۆ ئەوەی کەلوپەل لە ڕێگای جوانەمەرگی برام حسن عەدۆ بۆ کاك ممتازو جمشید حیدری کە پێشمەرگە بوون بنێرێ .. لە نەورۆزی ١٩٦٤ جمشید حیدری لە گەڵ چەند گەنجێك هاتنە قورشاغلو لەسەر جۆخینی (ئەوبەریەکان) کۆبوونەوە .. ئەوەی شایانی باسە لە گوندەکەمان (ئەوبەری ، ئۆرمزیار) پارتی بوون ، شیوعیەت

تەنیا لەناو (بندیان)کان ، هەبوو هەروەها لە ١٩٦٩ برایان صالح ، ممتاز ، جمشید حیدری دەگەڵ جوانەمەرگی برام حسن عەدۆ لە بەندیخانەی (قصر النهایة)بوون بۆیە منیش لە (ناصریه)وە ، نامەو پیرۆزبایی نەورۆزانەم بۆ کاك صالح لە بەغداو کاك ممتاز لە هەولێر دەنارد .

کاتێ لە ١ / ٦ / ١٩٧٩ هاتمەوە هەولێر تا ئێستایشی دەگەڵدابێت من و کاك ممتاز وەك خانەوادە برادەرین ، کتێبخانەکەی بارەگای هەموو ڕۆشنبیرانی کوردان بوو .. ئێستاش ئارشێفەکەیماڵەوەی دەورێکی یەکجار باش دەبینێ بۆ خزمەتکردنی رۆشنبیری .

لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەتەکان کاك ممتاز پێشنیاری کرد کە نامەکانی بینەرانی بەرنامەی (لەکەلەپوورەوە)کە خۆی لە (١٤٤٤٣) دەدا ، لە دوای پووختەکردنی بە کتێب (هەزارو یەك نامە) بڵاوبکەمەوە و خۆیشی پێشەکی بۆ بنووسێ ، بەداخەوە شەڕی ناوەخۆ منی ئاوارەی هۆڵەندا کرد لە ٢٠٠٠ پووختەی نامەکانم بە کتێب (لەکەلەپوورەوە) بڵاوکردەوە بۆیە تێیدا نوسیومە بڕیار بوو کاك ممتاز پێشەکی بۆ بنووسێ بەڵام نەکرا !

ئەوەتە لە دوای هێندە ساڵە کاك ممتازو کاك تاریق جمباز هانیاندام بەرهەمی فۆلکلۆریەکانم کە بەرهەمی هەشتاکانە هەمووی لە دووتوێی کتێبکدا کۆبکەمەوەو کاك ممتاز هەڵسەنگاندنێکی بۆ بکات ، سوپاس بۆ خودا لە دوای چارەگە سەدەیەك ئەو پێشنیارە پراکتیك بوو !

---

* کاتێ لە ١ / ١ / ١٩٩٥ بە ئاڵوگۆڕ لە بەندیخانەی سکرتاریەتی مام جەلال لە هەولێر دەرباز بووم .. لە (سەری بڵند) کاك بابەکر زێباری گووتی : بەخێر بێیەوە شەهیدی زیندە !!!

## هەڵسەنگاندن ...

# مێژووی زارەکی بنەمایەکی
# باوەڕ پێکراوی نووسینی مێژووە

**مومتاز حەیدەری**

شارستانیی مرۆڤایەتی ، بەوە دەست نیشان کراوە، لەو کاتەی کە نووسین ـ بەهەر جۆرێك بووە ـ سەری هەڵداوە، بۆیە کە دەگوترێ: (پێش مێژوو، پاش مێژوو...) ، واتە پێش پەیدا بوونی نووسین ، مێژووی تێکڕای رووداوو سەردەمەکان، رۆشن و ئاشکرانین.. بەڵام پاش سەرهەڵدانی نووسین، ئەوە رووداوو سەردەمەکان لەرێگەی نووسینەوە، بەهەر چەشنێك بووە– تۆمار کراون.

نموونەش تابلۆکانی نووسین، هی سەردەمی سومەرییەکان، لەوەش زیاتر داستانەکەی گلگامش،هەروەها نووسینەکانی سەردەمی فرعەونییەکانی میسر، ئەوانە بەڵگەی بەهێزن، کە دوای سەرهەڵدانی نووسین: (دەقی نووسین) دووپات دەکاتەوە...هتد.

دیارە هاوکات، ئەو سەرهەڵدانەی نووسین، مێژوویەکی درێژی

هـەزاران سـاڵی هەیـە، تـا گەیـشتۆتە ئـەم ڕۆژگـارە هـەرە پێشکەوتووە... لەلایەکی دیکەوە، چەند شارستانیی مرۆڤایەتی بەرەو پێشەوە چووە، مرۆڤـەکان توانیویانـە، ئـەوەی لـەناخ و مێـشکدا چـەکەرەی دەکـات، بەتایبەتی پاش ئەوەی مێشك و زمانی مرۆڤ بەتەواوی درووست بووە، جا هەر هۆزو عەشیرەت، یان فراوانتر نەتەوەو میلەتێك ، بەزمانی خۆیان، یان بەشێوە زاری ناوچەیەکی خاکی نیشتمان و ئەوکۆمەڵە خەڵکەدا، وەکو پێداویستێکی مرۆیی، هەڵبەت بەشێوەیەکی زۆر سادەو ساکار بووە، بەتایبەتی لەسەرەتا هەرە زووەکاندا، بەرەمزو نووسین دەریان بڕیووە.

بەواتایـەکی دیکـە پێداویـستی ژیـانی کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی، وردە، وردە، چەند پێشکەوتنی وەدەست هێناوە، ئەو دەربڕینـەی نـاخی مـرۆڤ پێـشکەوتووە، جـا زاناکـانی جیهـان بـە (فۆلکلـۆر) نـاوزەد دەکـەن، واتـە ئـەدەبیاتی زارەکـی، کەبریتییـە: لـە (فولکلـۆر، قـسەی نەسـتەق، پەنـدی پێشینان کۆمەڵایەتی،گۆرانی، شیعری میللی، بەیت، داستان و دڵداری و لاوانەوە سەردولکە..هتد..).

جـا ئـەوکلتوورە زارەکییـە: (کلتـووری هەمەرەنگـەکانی کەلـەپووری سـامانی نەتـەوەیی دەگرێتـەوە)، کەبـەردی بناخـەی کلتـووری کلاسـیك و هاوچـەرخ و نـوێی مرۆڤایـەتی دەژمێـرێ، بگـرە سەرچـاوەی زێرینـی پێـشکەوتنی پرۆسـەی ڕۆشـنبیرییە، بەتایبـەتی ئەگـەر لەبـەر ڕۆشـنایی زانـست، بـاش خزمـەتی بکـرێ، ئـەوەش بەکۆکردنـەوەی هەمـە لایـەن و لێکۆڵینـەوەی زانـستی، بەشـێوەیەکی فـراوان، واتـە لەسـەر ئاسـتی نەتـەوەیی، کـە دەڵـێین ئاسـتی نەتـەوەیی، دەبـێ مەسـەلەی کەلـەپووری سامانی نەتەوەیی، لەتێکڕای کۆمەڵگەو قۆناغەکانی خوێندن و دەزگاکانی ڕۆشنبیری گرنگی تەواوی بدرێتێ..!!

دیـاره میللەتـە پێـشکەوتووەکان، بەتایبـەتی لەئـەورووپاو ئـەمریکاو هەندێ وڵاتی پێشکەوتووی ڕۆژهەڵات، لەوانە وڵاتی میسر، زۆر گرنگییان بەو سامانە کلتوورییە نەتەوەییە داوە.

ئـەوەی زێـدە شـایانی باسـە، لـەجیهانی پێـشکەوتووی ئـەمڕۆی شارستانیەت، ئەوە بەدەیان مەڵبەندو کۆلێژو پەیمانگاو دەزگای تایبەتی بەفولکلۆرو کەلەپووری سامانی نەتەوەیی، بەسەرپەرشتی زانای گەورەی بوارەکە ، درووست کراوە..!!

بـۆ ئـەوەی لەسـەرتاپای نیـشتمانەکەیان، ئـەوەی دەچـێتە خانـەی فۆلکلـۆرو کەلـەپووری سـامانی نەتەوەییـەوە: دەق، داب و نـەریتی کۆمەڵایـەتی تەنانـەت ئـاینیش کۆبکرێتـەوەو بیپـارێزن، هاوکـات لێکۆڵینـەوەی زانستی بۆیـان بکرێ.. جا بەسـەدان شاکاری ئـەدەبی و کۆمەڵناسی، هونەری بەرهـەم هـاتوون.. بگرە لەبەر ڕۆشنایی ناوەرۆکی هەندێ دەق: (فیلم)یش بەرهەم هێنراوە... هتد.

هەر وەها شاعیرە گەورەکان لەبەرهەمەکانی خۆیان فۆلکلۆریان کردۆتە بنـەمای دەقـە شـیعرەکانییان، یـان ڕۆمانووسـە گـەورەکان، نموونـەی ڕۆمانووسـی هـەرە گـەورەی جیهـانی: (گابرێـل گارسـیامارکیس)ی کۆڵەمبی.. کەلەپووری سامانی نەتەوەیی هەونی ڕۆمانەکانییەتی، هتد.. لەلایەکی دیکەوە،هەر وەکو گوتم: دنیای پێشکەوتوو، بەتایبەتی ئەورووپا، نـەك تـەنیا گرنگییـان بـەفۆلکلۆرە کەلـەپووری سـامانی نەتەوەییانـداوە.. بگـرە بـەدەیان زانایـان ڕەوانـەی وڵاتـانی دیکـە کـردووە، بـۆ ئـەوەی ، ئەوسـامانە نەتەوەییـە، کۆبکەنـەوەو لەبـەر ڕۆشـنایی نـاوەرۆکی دەقـەکان رابـردووی ئـەو نەتەوانـە بخوێننـەوە..!! لەوانـە نـاردنی زانـای ئـەلمانی ئۆسکارمان لەلایەن دەستەڵاتی سەرەکی دەوڵـەتی ئەڵمان بۆ کوردستانی ڕۆژهـەڵات، بەتایبـەتی ناوچـەی موکریـان، جایـەکێ لـەو بەرهەمـە هـەرە گرنگانەی لەبارەی فۆلکلۆرو بـەیت و داستانی کوردییەوە، ئەوە بێگومان

کتێبکـەی ئۆسـکارمانە.. کـە مامۆسـتا نـەمر هـێمن-ی گـەورە شـاعیر ڕووناکبیر، پێشەکی و ساغ کردنـەوەو هێنانـە سـەر ڕێنووسـی کـوردی کردووە، هەروەها ئەسکەندەر ژابای ڕووسی کەلە باکووری کوردستان لەڕێگەی مەلا مەحموودی بایەزیدی کۆمەڵێك دەقی فۆلکۆروزمانەوانی و مێژوویی کۆکردۆتەوە.

سـەبارەت بەخۆمانـەوەش، لـەبارەی فۆلکلـۆرو تێکـرای کەلـەپووری سامانی نەتەوەی کوردەوە، ئەوە بەپێی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیر- نەتەوەیی، هەروەها دەرفەتی بڵاوکردنەوە، کەئەوسەردەمانێ - سەرەتای سەدەی بیست و دواتر، بەگشتی زۆر لاواز بووە.. بەڵام لەگەڵ ئەو ڕەوشە دژوارەی کۆمەڵایـەتی، سیاسـی، ئـابووری، ڕۆشـنبیری، چـاپ کـردن و خوێنـدن و خوێنـدەواری، ڕۆشنبیرانی کـورد بـەپێی توانـای خۆیـان و ڕەوشە دژوارەکە، گرنگییان بەکۆکردنەوەو باس کردن، دواتر لێکۆڵینـەوە بەگـشتی لـەبارەی کەلـەپووری سـامانی نەتـەوەیی، بەهـەموو ژانـرو بەشـەکانییەوە داون... لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەوەی ڕاسـتی بێـت، بـەپێی گرنگی و دەوڵەمەندی هەمەلایەنی ئەو دیاردەیەی مرۆڤایەتی و نەتەوەییە، لەکوردسـتان لەئاسـتی پێویـست نـەبووە، هـەر چـەند لەبیـستەکان و سییەکانەوەو دواتری سـەدەی ڕابردوو، نموونـەی مامۆسـتا ئیسماعیل حـەقی شـاوەیس، پیرەمێـرد، مـستەفا شـەوقی، عەلائـەددین سـجادی و چەندی دیکـە لەباشـووری ورۆژهـەلاتی کوردسـتان و یـەکێتی سـۆڤیەتی جاران، (بەپێی سەردەمی خۆیان) کاری گەورەو باشییان کردووە.

بەهـەرحاڵ، لـەماوەی نزیکـەی سـەد سـاڵدا، بەتایبـەتی لەلایـەن ڕۆشـنبیرانەوە، تاکـە کەسـی، کۆکردنـەوەو چـاپی کتێـب و لێکۆڵینـەوەی زانستی باش بەرهەم هاتوون.. هاوکات هـەر لەبـەر ڕۆشنایی دەوڵەمەندی خەزنەی ئەو کەلەپوورە مەزندا، بەتایبەتی گرنگی تەواو بەحەیران و لاوك و بەیت نەدراوە..!؟ کەدەبوایە، زۆرزیاتر لەوەی تائێستا کراوە هەر چەند

کاری باش کراوه بەڵام هەروەکو گوتم لەئاستی گرنگییەکەیدا نییە....هتد.

لێرەدا لەوانەیە، هەندێ کەس بپرسن، بۆ باسی ئەوروپاوئەمریکاو شوێنی دیکە دەکەین؟ بۆ یەکسەر باسی کتێبەکە نەکراوە..؟!

لەوەڵاما دەڵێم: بۆ ئەوەی بتوانم شوێنی راستەقینەی کاک ئەسعەد عەدۆ ، کەچەندین ساڵە،بگرە لەهەرەتی لاوییە، وەکو دڵدارو دوڵبەر لەگەڵ فۆلکلۆر: حەیران، بەیت، لاوك و هی دیکە، لەکەژاوەی عیشقێکی مرۆڤپەروەری نەتەوەپەروەریی پاکی سوفییانەی بابە تاهیری عوریان ــ هەمەدانی، کوردستانی ــ دەژێ، شوێنەکەی دەست نیشان بکەم، کە مرۆڤایەتی پێشکەوتوو، زیاتر لە دوو سەدەیە گرنگی ئێجگار زۆر بە کەلەپووری سامانی نەتەوەیی داوە..

جا کاك ئەسعەد ــ یێکی کوڕە لادێیەکی خاوەن خوێندنێکی سنووردارو خوێن گەرمی نیشتمانپەروەر لەباوەشی کۆمەڵگەیەکی دوواکەوتووی عەشیرەتگەری و کۆمەڵایەتی و لەدەرەوەی حەرەمی ئەکادیمی و زانکۆ، و نەزانینی زمانی ئینگلیزی، فەڕەنسی، رووسی، فارسی.. هتد.

ئەوجا کاك ئەسعەد، بەگیانێکی کوردانەو هۆشیارانە پەیامی مەزنی کوردەواریی فۆلکلۆر بەهەموو چەشنەکانییەوە، لەرێگەی چالاکی کلتووری: (کوڕو کۆبوونەوەو، بەرنامەی تەلەفزیۆنی و کۆکردنەوەی‌جۆرەها کەرستەی فۆلکلۆری کوردەواری، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی چەندین بەرهەمی – کتێب– چاك، بەنەوەی دوێنێ و ئەمڕۆ پێشکەش دەکات، بۆیە کە من باسی دنیای پێشکەوتووم کرد... کە ئەوان وەکو دەوڵەت، زانکۆ، دەزگای تایبەتی بەکەلەپووری سامانی نەتەوەییە، ئەوەندە گرنگی پێی دەدەن.. جا تاکە کەسێك کەسێکی بێ کەس، بێ دەوڵەت و خەمخۆری کلتووری کوردان، هاوکات خاوەن سامانێکی

دەوڵەمەنـدی کلتـووری نەتـەوەیی.. لەباوەشـی کۆمەڵگـەو دەسـتەڵاتێکی سیاسی هـەژاری کلتووری و قەدرنـەزانی پیرۆزی پـەیامی وشـەو قەڵەم.. ئەوەتە هەر لەسەرەتای لاوییەوە کاك ئەسعەد ـ بەبەراورد لەگەڵ قسەکانی سەرەوەمان، دەبێ شوێنی ، ئەو فۆلکلۆر پەروەرەی ناسراوی کوردستان، لەرەوتی کلتووری هاوچەرخی کورددا لەکوێ بێت..؟

جـا ئـەوەی لەروانگــەی پـیرۆزی کلتـووری رەسـەن و گیـانێکی نەتەوەیی، بەوردی ئەو کۆ بەرهەمی ژمارە (١) کاك ئەسعەد بخوێنێتـەوە، ئەوسا دەزانی، ئەم بەرهەمە نایابەی کوردانەی کوردەواری، شوێنەکەی لەرەوتی شکۆداری رۆشنبیری و هونەری کوردان لەکوێیە..؟! بەواتایـەکی دیکـە دەزانـێ کـاك ئەسـعەد، چ سەرچـاوەیەکی دەوڵەمەنـدی فۆلکلـۆری پێشکەش بەنەوەی نوێی کوردستان کردووە..؟

بەهەر حاڵ، زۆر بەکورتی، لەبارەی ئەو کۆ بەرهەمەی کاك ئەسعەدی فۆلکلـۆر پـەروەری ناسـراوی کـوردان، دەڵـێم: دیـارە، ئـەو کۆبەرهەمـە، کەلەبنەڕەتدا پێنچ کتێبی سـەر بخۆبوون: (بـەیتی ئایشە گوڵ: ١٩٨٣)، (لیرەیــەك لەگەنجینــەی نەتــەوەیی کــوردی: ١٩٨٤)، ئەفـسانەن لاوك.. گـــــۆرانی لـــــەفۆلکلۆری کوردیـــــدا: ١٩٨٧)، (بەرنامـــــەی لەکەلـەپوورەوە: ٢٠٠٠)، (لاوك حـەیران.. هـونراوەی میللـی لـەفۆلکلۆری کوردیدا: ٢٠٠٦).

هەڵبــەت،لێرەدا لــەو چــەند لاپەڕەیــەدا، نــاکرێ، نـاوەرۆکی ئـەم کۆبەرهەمە (پێنج کتێب) دەور بکرێ و لەبەر رۆشناییەکەیدا، بەپێی سـەرە باسـەکان هەڵسەنگێندرێ..! ئـەوە خـۆی لەخۆیـدا، کـاتێکی زۆر دەوێ کتێبێکی سەربەخۆ درووست دەکات، بۆیە زۆر بەپەلە ئەوەندە دەڵێم، ئەم بەرهەمانەی کاك ئەسعەد عەدۆ: یەکەم گرنگی لەوەدایە، کۆمەڵە دەقێکی فۆلکلۆری هەمە بابەت کە لەسەرچاوە، باوەرپێکراوەکەیەوە، واتە لەزاری خەڵکی پسپۆری، زۆر راستگۆیانە وەرگیراوەو تۆمارکراوە، ئەوە بەکارێکی

گەورەی کلتووری نەتەوەیی دەژمێرێ، چونکە خۆی لەخۆیدا، دەبێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی مێژوویی، لەمەیدانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیات و رۆشنبیری کوردیدا، واتە بەبەڵگەو کەرستەیەکی باوەڕپێکراوی زانستی دەژمێرێ..هتد.

لەلایەکی دیکەوە، گرنگی ئەم بەرهەمەی کاك ئەسعەد لەوەدایە، لەگەڵ هەر دەقێکی دا، سەرو گوزشتەی مێژووی ئەو دەقانە (واتە مێژووی رووداوەکان) بەوردی دەگێرێتەوە. دیارە ، ئەو زانیاریو ناوەرۆکی ئەو سەر بردانە بەئاسانی وەدەست نەهاتوون، بەڵکو گەران وپرسین و ساغ کردنەوەو دیداری تایبەتی هەمەجۆر لەخۆ گرتووە بۆیە کەئەم کتێبەی بەردەست (کۆبەرهەم) فۆلکلۆری، دەچێتە خانەی خودی دەق و ساغ کردنەوەو لێکۆڵینەوە، جالێرەدا، خودی کتێبەکە، دەکرێ یەکسەر لەپەیمانگەو زانکۆکانی کوردستان، بەلەشی ئەدەبیات، تەنانەت بەشی مێژوو وکۆمەڵناسیش بخوێندرێ، چونکە هەندێ لەدەقەکانی کارەساتی خوێناوی مێژووی هاوچەرخی کورد دەگێرێتەوە کە ناوەندە کلتووری و سیاسیەکانیش لێیان زۆر بێ ئاگان...!!

جالێرەوە، دەست خۆشی لەبرای بەرێز کاك ئەسعەد عەدۆ دەکەم، دەخوازم بەرهەمی لەو چەشنە زیاتر بێت، هەردەم لەشساغ وتەمەن درێژ بێت.

هەمدیسان هەر لێرەوە، کەلەماوەی ئەوسەد ساڵەی دوایی ژمارەیەکی زۆری دەق و لێکۆڵینەوە فۆلکلۆری بەهەموو بەشەکانییەوە (بەگشتی لەبارەی کەلەپووری سامانی نەتەوەییەوە) لەلایەن ژمارەیەکی نووسەرو روونا کبیرو فۆلکلۆر پەروەران بڵاو کراوەتەوە، دەستیان خۆش بێت..، ئەوانەی کۆچییان کردووە، رەوان شاد، ئەوانەی ماون، دەخوازم لەشساغ و تەمەن درێژبن و بەرهەمی نوێ،بەنەوەی نوێ پێشکەش بکەن..

ئەوەی راستی بێت ئێمەی

کـورد، لەمەیـدانی کەلـەپووری
سـامانی نەتەوەییـەوە، لەبـەر
هــــەرە پێــــشکەوتنی
تەکنـەلۆژیاو، نـەمانی زۆربـەی
گونــدەکان و نزمــی هەســتی
نـەوەی نـوێ بەرامبـەر گیـانی
نەتـەوەیی (لاوازی ئینتیمـا) و
پیرۆزی کەلەپووری نەتـەوەیی،
لەبــــەردەم دووریـــــارنێکی
مەترسـیداین..؟! ئـەوە، نـەوەی
نــوێ لەمێــژووی کــوردەواری
خۆیدا دادەبڕێ..؟!!!

* کــــوردەواری هــــەر
هــــەمووتان، بەتایبــــەتی
فۆلکلۆرپــەروەران، شــادو
سەرفرازبن ......

سوپاس

هەولێر- کوردستان
٢٠١٥/٦/٢٦


لەچاپکراوەکانی
ئەمنداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان
زنجیرە : 3
ساڵی 1983
بەیتی
ئایشەگوڵ
کۆکردنەوەو ئامادەکردنی
ئەسعەد عەدۆ

# بـەیتـــی

# ئایشە گوڵ

# پێشەکی

**خوێندەواری خۆشەویست ...**

ئەمەی بەردەستت دوو بەیتی فۆلکلۆری کوردیە بەناوی ئایشەگوڵ و لەشکری کە (سولەیمان بەگی سۆران) لە هەردوو بەیتەکەدا دووبارە دەبێتەوە ، هەر بۆیەش پێکەوەیان بڵاودەکەمەوە ، ئەم دوو بەیتە دوو مروارین لە ملوانکەی گرانبەهای فۆلکلۆری کورد کە تا ئێستا بە باشی کۆنەکراوەتەوەو بە تەواوی نەخراوەتە سەر رووی کاغەزو منیش بە مەبەستی بەشداری لە ئەرکی پاراستنی ئەم گەنجینە گرانبەهایەدا ئێستا ئەم دوو دەنکەیان لە سەر زەوی و زاری خەڵکی لێ هەڵدەگرم و بەمجۆرە بڵاویان دەکەمەوە.

من ئەم دوو بەیتەم لەزاری عەزیزی شێخ محەمەد عەزیزی بەیتبێژ گوێ لێ بووەو لە ٢٢ / ١١ / ١٩٨٠دا، لە بەر وتنی ئەو تۆمارم کردووەو نووسیومەتەوەو ئەوەی لە تێکستی بەیتەکە خۆینەبێ و قسەی بەیتبێژان بێ ، بە توانای خۆم دامڕشتۆتەوەو لە گەڵ ئەوەشدا کە فۆلکلۆر مێژوو نییەو مەرج نییە لە گەڵ نووسراوی مێژوودا دەق بێ ، سەرەتایەکی

مێژووییم بۆ نووسیوەو لەو کەلێنەوە چوومەتە ناو بەیتەکان ، عەزیزی شێخ محەمەد لە گوندی بەحرکەی نزیك هەولێر لە دایك بووەو بە رەچەڵەك دەچێتەوە سەر بابانەکان و خۆی ئێستا لە هەولێر کرێکارە ، وێنەکانیشم لە گەشتێکمدا بۆ(بانەمان ، هەریر ، دەرگای کافران ، گەلی خانزاد بە دەستی خۆم لە ٧ / ١١ / ١٩٨٠دا ، گرتومە .

ئاواتە خوازم بە بڵاوکردنەوەی ئەم دوو بەیتە بەشدارییەکی کەمم لە ژیاندنەوەی کەلەپووری فۆلکلۆری کوردیدا کردووە.

هەولێر
**ئەسعەد عەدۆ**
١ / ئایار / ١٩٨٠

بنەماڵەی میرانی سۆران لە (کەڵۆس)[1] ەوە دەست پێدەکا ، (شاقولی بەگ)[2] یەکێکە لەو بنەماڵەیە ئەم میرە سێ منداڵی هەبووە : (سولەیمان بەگ، سەعید بەگ[3]، خانزادەخان[4].

حوسێن بەگ[5]یش یەکێکە لە براکانی شاقولی بەگ ، ئەم حوسیەن بەگە یەك کچی بووە بەناوی عەیشێ[6]بووەو خێزانی سولەیمان بەك بووە.

شاقولی لە هەریر) دانیشتووە هاوینانیش چوەتە هاوینەهەواری

---

([1]) کەلۆس خەڵکی گوندی هاودیان بووە کە ئێستا سەر بە ناوچەی رواندوزە ، سێ کوڕی لەپاش بەجێ ماوە عیسا ، شێخ وەیس ، ئیبراهیم عیسای کوڕی کەلۆس ناوبانگی بە ئازایەتی دەرکرد بوو، توانی لاوەکانی گوندەکەی لە دەوروپشتی خۆی کۆبکاتەوە رۆژێك هێرش کرایە سەر ناوچەکەیان عیساش لە گەڵ برادەرەکانی خۆی لە پاش کوشتارێکی زۆر توانیان قەلای ئاوان بگرن لەدوای ئەو شەڕە ئەم قارەمانە بووە میری سۆران پایتەختی لە هەریر دامەزراند بڕوانە مێژووی میرانی سۆرانی خوا لێخۆشبوو حوسێن موکریانی .

([2]) قولی بەگ کوڕی سولیەمان بەگ کوڕی ئەمیر سەیدی بەگ تا دەگاتە کەلۆس .

([3]) لەم دەقە نێوی سەعید هاتووە ، بەڵام لە سەرچاوەی پێشوو نێوی بوداگە – بوداغ هەروەها مامۆستا کەریم شارەزا دەڵێ گوایە سەعید بەگ برازای میر سولەیمان بڕوانە گۆڤاری رۆشنبیری نوێ – ٨٠ –

([4]) وەك باوە وشەی خان بۆ پیاو بەکاردێت و وشەی خاتوون بۆ ئافرەت بەڵام لێرەدا ئەم وشەیە خان وەك پلەی (میرو بەگ و پاشا بەکارهاتووە .

([5]) لە مێژووی میرانی سۆراندا شاقولی بەگ برای نییە بە ناوی حوسێن بەڵام لە بنەماڵەی سۆران یەکێك هەیە بەم نێوە حوسێن کوڕی شا عەلی کوڕی عیسا کوڕی کەلۆس .

([6]) لەم دەقە عەیشێ حوسێن بەگ کچی مامی میر سولەیمانە یان ئامۆزان کە خێزانی سولەیمان بەگ بەڵام مامۆستای خوا لێخۆشبوو محمد ووردی لە کتێبەکەی خانزاد و لەشکریدا دەڵێ : عەیشێ خان کچی حوسێن بەگ یەزیدیە کاتێ میر سولەیمان هێرشی بردۆتە سەر یەزیدیدخانەو تالانی کردوون عەیشێ بەدیل هێناوەو لە خۆی مارەکردووە بڕوانە لاپەڕە – ١٥–.

**تایبەتی خۆی لە (شاقولاوە) [١].**

**لەپاش مردنی شاقولی ، سولەیمان بەگی کوڕی بووە بە میری سۆران ، حوکمداری ئەو ناوچەیەی کردووە تا وان ، باشقانان ، ژەنکار) بەلام یەزیدیەکان لێی یاخیبوون و خۆیان بە دەستەوە نەداوە ، سولەیمان بەگیش سوپایەکی گەورەی پێکەوە ناوەو هێرشی بردۆتە سەریان و کوشتارێکی زۆری لێ کردوون ویەزیدخانەی تالانکردوە و دەیان سوارچاکی لێ کوشتوون و گەلێ پیاو و منداڵ و ئافرەتی لێ بەدیلگرتوون ، یەکێ لە مانە لەشکری [٢] کوڕی میری یەزیدیەکان بووە.**

**پاش گەڕانەوەی سولەیمان بەگ بۆ هەریر ، ئەوەندەی پێ نەچووە عەجەم هێرشیان هێناوەتە سەر بەغدا [٣] ، والی عوسمانیەکان کە لە بەغدا**

---

[1] شاقولاوە : دەربارەی ساغکردنەوەی ئەم وشەیە مامۆستا زوبێر بیلال ، لە رۆژی ١٠/٢٥ /١٩٨٠ ئەوەی بۆ روون کردمەوە لە معجم البلدانی یاقوتی حەمەوی دەڵێ : شقلاباد، بەلام لە شەرفنامە ناوی بە شقاباد هاتووە هەندێك مێژوونووس دەڵێن شاقولی ئاباد لەسەر ناوی میر شاقولی بەگەوە هاتووە بەلام ئەوە راست نییە چونکە ئەم ناوە (شەقڵاوە لە سەدەی سیانزەهەم یاقوتی حەمەوی لە کتێبەکەی نووسیوە هەروەها مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی دەڵێ : شقاباد لە (شەقل – دار – ئاوا – ئاوەدانی یان ئەو جێگای داری تیایە شاری دار) البلده العامره بالشجر ، بڕوانە شەرەفنامە پەراوێزی لاپەڕە (٢٧٧).

[2] مامۆستا وردی دەڵێ : لەشکری خولامی مالی عەیشێ حوسێن بەگ یەزیدی بووە بەلام لەم دەقە لەشکری کوڕی میری یەزیدیانە زۆر جوان و ژیکەلە بووە میر سولەیمانیش وجاخی کوێر بووە بۆیە لە گەڵ خۆی هێناوەو لە جیاتی کوڕی خۆی داناوەو فێری خوێندن و سوارچاکی و ڕمبازی کردووە تا بووە بە سەرکردەی سوپای سۆران .

[3] دەربارەی هێرشی عەجەم بۆ سەر بەغدا مامۆستا شارەزا ئەوەی بۆ روونکردمەوە لە ١٠/٢٥ /١٩٨٠ ئێرانیە سەفەویەکان لە ماوەی سەدەکانی شانزدەهەم و حەفدەهەمی زاینیدا دووجار هێرشیان هێناوەتە سەر عێراق و بەغدایان داگیرکردووە جاری یەکەم لە دوای ساڵی ١٥٤٨ی زاینیدا لە سەردەمی (شا ئیسماعیل دا بووەو بەغدایان ژێر←

دادەنیشت هاواری بۆ میر سولەیمان نارد چونکە هەرێمی سۆران سەر بە عوسمانیەکان بووە ، سولەیمان بەگ سوپایەکی پێکهێناوەو بەرەو بەغدا کەوتووەتە ڕێ .. شەڕ لە نێوان سوپایەکی عەجەم و سوپای عێراقدا بەرپابووە لە ئەنجامدا سوپای عەجەم بە شکاوی گەڕاوەتەوە میر سولەیمانیش ماوەیەك لای والی بەغدا ماوەتەوەو پاشان گەڕاوەتەوە بۆ هەریر.

* * *

سەعید بەگی برا بچووکی سولەیمان بەگ ، وەختی ژن هێنانی دێ .. وا بەپەسەند دەزانن داخوازی (ئایشە گوڵی کچی میری هەکاری بۆ بکەن.

ئایشەگوڵ داخوازی دەکرێ ، لە پاش ماوەیەك میری هەکاری میر سولەیمان ئاگادار دەکا کەوا بووك ئامادەیە با بفەرموون بیبەن سولەیمان بەگیش خۆی ئامادە دەکا بچێ بووك بهێنێ ، بەڵام سەعید بەگ بە برا گەورەی خۆی دەڵێ : کاکە ئارەزوو دەکەم خۆم بچم ، میر سولەیمان دڵی ناشکێنێ سەعید بەگ خۆی ئامادە دەکا لە گەڵ چەند سوارچاکی سۆران دەکەونە ڕێ بۆ هەکاری.

ئەودەمە وابووە زاوا ماوەیەك لە ماڵی خەزووری بمێنێتەوە ، ڕۆژێکیان

---

←دەست کردووە تا ساڵی ١٥٣٤ز ، ئیتر سولتان سولەیمان قانونی لەو ساڵدا عێراقی داگیرکردو ئێرانیەکانی لێ دەرکرد جاری دووەمیش لە سەردەمی شا عەباس دا بووە بە سەرکردایەتی شا خۆی لە ساڵی (١٦٤٣)زدا بەغدایان گرتووەو ماوەی ١٥ ساڵ حکومیان تێدا گێڕاوە تا سولتان مورادی چوارەمی عوسمانیەکان بەغدای لە چنگ رزگارکردوون لەساڵی (١٦٥٨)زدا بۆ زیاتر ئاگاداریش سەیرێکی کتێبی (اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث) دانانی لۆنگریك و وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (جعفر الخياط چاپی ٤ بەغدا ١٩٦٨ بکەن ، هەروەها مامۆستا وتی مەسەلەی سەردەم و زنیجرەی مێژووی لە فۆلکلۆردا بایەخی پێ نادرێ بەڵکو بە ڕووداوەکانی سەردەمی گەلێك پێشتر پشت دەبەستێ .

سەعید بەگ و ئایشەگوڵ بە یەك دەگەن ، سەعید بەگ داوای ماچێك[1] لە ئایشەگوڵ دەکا ! بەڵام ئایشەگوڵ رازی نابیّ ! زاوا دڵی لەمە توند دەبیّ ! دەگەرێتەوە دیوەخانی میری هەکاری .. پێی رادەگەیەنیّ کە دەیەویّ بگەرێتەوە ، بۆ بەیانی بووك ئامادە دەکریّ و بەڕیّ دەکەون.

کە لە هەریر نزیك دەکەونەوە ، عەجەم دووبارە هێرش دێننەوە سەر بەغدا تەتەری والی دەگاتە سۆران بۆ داوای بەشداری کردنەوەی سۆران لە بەربەست کردنی ئەو هێرشەی عەجەماندا.

میر سولەیمان سوپا ئامادە دەکا بۆ شەڕ لە شاری بەغدا دژی عەجەمان ، لەوکاتەدا خەڵکەکە میری ئاگادار دەکەن کەوا باروبارگەی بووکی سەعید بەگ گەیشت .. میریش دەڵیّ : زۆر باشە با چاوم بە سەعید بکەویّ ئینجا دەڕۆین ، کە سەعید بەگ دەگاتەوە هەریر دەبینیّ سوپا ئامادەیە بۆ شەڕ دەپرسیّ : ئەوە چ بووە ؟ میر سولەیمان هەواڵی پیّ دەڵیّ ، سەعید بەگیش پێی دەڵیّ : میرم تۆ نابیّ بچیت ، تۆ میری لە جێگای خۆت دانیشتە حوکم بگێڕە.

بە هەرجۆریّ دەبیّ میر سولەیمان دێتە سەر بڕیاری سەعید بەگی برای ، سەعید بەگ و ئەو سوپایەی لە گەڵی بوو لە گەڵ ئەو سوپایەی ئامادە کرابوو بۆ شەڕ بەرەو بەغدا دەکەونە ریّ.

دەزگیرانی سەعید بەگ بە بووکی دەمێنێتەوە وەك دەگێڕنەوە گوایە سەعید بەگ ماوەی حەوت ساڵ لە بەغدا ماوەتەوە ! بەڵام سۆراخی هەبووە چونکە هەمیشە سیّ چوار تەتەر بۆ ئەم مەبەستە بەڕێگای بەغدا و هەریردا هاتووچۆیان کردووە.

---

[1] لە بەیتی ئایشەگوڵ دەردەکەویّ کە ئایشەگوڵ پەنجەی پەشیمانی دەگەزیّ کە ماچێکی نەداوەتە سەعید بەگی دەستگیرانی .

بێینەوە سەر باسی ئایشەگوڵی هەکاری ئایشەگوڵ بووك بووە ، زاوای خۆی نەدیوە چونکە زاوا وەك گوتمان لە گەڵ گەیشتنەوەی بۆ هەریر چووە بۆ شەڕی عەجەمان.

بووك بە تەنیایی ماوەتەوە هەفتەیەك ، دوو، سێ شەرمی کردووە پاش ئەو ماوەیە هەرچەند میر سولەیمان دەچووە دیوەخانێ ئەو لە ژوورەوە بۆ خۆی بەندوباو دەڵێ بەندێ بەخۆیداو بەندێ بە سەعید بەگی مێردیدا:

سەرم دێشێ ، درم وەتی لەبەر غەمێ دونیایێ ئەورۆ دوو رۆژە لە قارێی سوارێی خۆ هەر چ تارە ، چ توندە.

ئەگەر بایەکێ وەعدێ دەبزیوێ ، دەدا لە خەزەری دەپایزان ، گەرای دارێ و دەڕوا لۆ برندان ، باز فڕین چوون لۆ تراغان ، معەنەك بڕان لە تەویلەخانان ، لێم دەکوژێنەوە مەشخەڵ و چرا ، هەر ماخۆ مردە فندە .

ئەگەر کەسم نەدی لەخۆم کەم بەختترو کەم تالع تر ، خۆشیێ دیتم لە مارەبابان تارییێ مارە وێرانە خەزووران هات بەسەردە.

ئەرێ خودێ مێرچاك ئەوە لەبەر غەنیمێ نەکا ئامانێ ، عەگید ئەوە لەبەر برینێ نەکا هاوارێ ، سوار.. ئەتو دەستە ڕمێ نەسیری خۆ باوێ بن گۆشێ مەتارێ یەکسەر هەڕوە سەر تۆبخانێ ، نەمزانی سوارێ من ئەوها رەشیدە.

ئەزێ بنێرم تۆ بزو قەدارە بێت لەخەزنێ شای ، رمی نەسیر بێ لەئیی تارانێ، سوارییێ من پێ بکا شەڕێ ئەوەل هێرشێ ، ئیی دوایی مەیدانێ.

ئەزێ بچمە جەمخانێ لەحیم رێژکەم ئارقەی زرێ داودی ، داخۆبگری لەبەر دەوێ چەولکان ، دەبانچەی ئیپەك ، قەرەبینایێ قرم ، ناوەڵڵا گوڵێ هەرامە شەش خانێ.

ئەمن بە هەندێ نایەمە بەرێ برێن سوارییێ توو برینداره لە شەڕی شەمرتوکان ، ئیلچی عەجەمان ، مێری مەوالیان ، خۆرتێ سعێرتیان ، ئەمان بە هەندێ دێمە بەرێ برێن سوارییێ توو کوژرایە لەبەر پێنج سەد سوارییێ قنجانێ.

لەخۆم وایێ ، لەمن ئایێ ، لەوان سواران ، زرێ داران ، پەر بەسەران ، سەرشکێنان ، زگ دڕێنان لەپێش دەرکێ مارێ بابێ من دەکەن تەڕادەو منۆخەی ، هێواران دێنەوە دەست داوێنە گەردەنەکێ زەرد ، بۆن دەکەن وان خەت و خاران.

سەرم دێشێ، درم وەتی لەبەر غەمی دونیایێ .

ئەگەر پاشێ سوارییێ خۆ ئەمن لەخۆ حەرام دەکەم خواردن و خۆراك و خەوێ نیو شەوان و گفتوگۆییێ هاوسەران ، دەنگێ لاوژە بێژان ، چوونە حەمام، پەردەو حیجاب ، فندوفانۆس ، سەرباری وان هەمووان هەر ماخۆ مردە خەنە.

سەرم دێشێ ، درم وەتی لەبەر غەمی دونیایێ ئەوڕۆ دوو رۆژە لە قارییێ سوارییێ خۆ هەر بە بێتە هەر بەبێتە بێت .

ئەگەر دەڕۆنمە بەراییێ ، قوشەنێ و سوارێ من سواری جوانە ئەسپەکی خڕە کەوێتە ، بە بەتێی سەلام بێ لە سواران هەر وەدەر ، دوو تاژی لە راستیدا رەشییێ زەنگی ، جلی وان تاژیانم چۆخەنە ، رستێ وان تاژیان ئارمووشن ، ملیان بە زەنگلی زیوو بە مەرجان ، ملیان هەر بە قەرێتە .

ئەرێ خودێ ، سوارییێ من سوارییێ ماینێ سەفەرە ، لە بۆ شامێ باسخونە.

لەبۆ کاولە مێردینێ ، عەگید چووینە مەیدانێ ، مێرچاك ماینە لە

کەمینێ .. کەمینێ عارەب سواری قۆچ حەسارەو ، گومبەتێ حاجی حوسێن بەگ تەیروتار لێدەکەن هێلینێ .

ئەزێ دوعایەکی دەکەم لە خوایێ گەورەو رەبێ عالەمێ ، سوارییێ من بپارێزێ ئەوەل لەپەڕینی سەری مەیدانێ ، لەهەناسەی سارد ، لە نەفەسێ پیس ، لە ڕمێ عەولا عیسوێ[1] یەکە لەوەلەدی بەرازێ .

لەوان سواران زرێ داران ، پەر بەسەران ، سەرشکێنان ، زگ دڕێنان لەپێش دەرکێ مارێ بابێ من دەکەن تەڕادەو منۆخەی ، هێواران دێنەوە دەست داوێنە گەردەنەکی زەرد ، بۆن دەکەن وان خەت و خاران.

سەرم دێشێ ، درم وەتی لەبەر غەمی دونیایێ ئەوسار حەفت سارە لە قارییێ سوارییێ خۆ هەربەکەوە هەر بەکەوە کەوە.

ئەگەر دەرۆنمە دەوبەستۆڕە ، بەستۆڕەی گۆرانان ، دەمدیت کۆمەرەکی سواران ، ماین شێ و ڕم بە تۆپان و لە دوو کۆمەرەکا مامزان ، ئەوان دێن بە غارو هەوە .

سوارێ من ئەوسار حەفت سارە چوویتە بەغدا زەمێنێ ، حەفت ساری دیش نێتەوە رۆنایێ چاوان و فێنکاتیە دران و خۆشەویستا دونیاو قیامەتانم هەر ئەوە .

ئەرێ خودێ ، لەخۆم بابان وێرانێ قەدکەس نەمایێ ، سوارییێ لاوین هاتە پێش دەرکێ مارێ بابێ مە لەدیار دونیایێ ماچەك لەمە خواست بە دەستی شکا بە چاوی کۆرە مە نەدایێ .

سوارێی مە زیزبوو لە بۆ لەعسایێ ، لەعسا نەبوو گۆڕخەرە چێسانیان، رۆیی لۆ وەلاتێ خەرپووتێ ، خودێ دبێژن سوارییێ تۆ بریندارە بە عەرزێ رمان ، ئەزی دەستە مەرحەمەکی بگرم لە تۆزێ شەدێ،

[1] سوارچاکێکی یەزیدیەکان بووە .

لە ئارەقەی بن حەبەشی یان ، بکەمە دەستە مەرحەم باوێمە سەر زارکی برینێ سوارییێ من سەفەرەکێشە نەکو لە وڵاتێ غەریبیان هەر بکێشێ تەشەنێ.

لەوان سواران ، زرێ داران ، پەڕ بەسەران ، سەرشکێنان زگ دڕێنان ، لەپێش دەرەکێ مارێ بابێ مە دەکەن تەڕادەو منۆخەی ، هێواران دێنەوە دەست داوێنە گەردەنەکی زەرد ، بۆن دەکەن وان خەت و خاران .

ئەرێ خودێ لەخۆم بابان و وێرانێ قەد کەس نەمایێ .

سینگی من عەوزو کانینە بەردی مەڕمەڕ تێ گێرایێ .

لە بۆ نەخۆشان ، بوێران ، ماخۆ مردە شەوتایێ .

ئەرێ خودێ ، نیشانێ بارانێ بایە ، نیشانێ مردنێ تایە ! نیشانێ بواران هەورن ، چەریانێ غەزالان نەوڕن ، نیشانێ بنەماران ژنییێ بە کەزی ، کوڕییێ بە شیرو مەتار ، سوارییێ غەزاڵن[1] نیستەورن .

لەخۆم وایێ ، لەمن وایێ ، کوو لە من تێکچوو دەورو ئاخریێ دونیایی .

ئەوسار حەفت سارە تەقەی ئاو زەنگی یان گازێ سوارێ لە بن گێییێ من بابان کوڕێ قەدنایێ .

ئەرێ خودێ دبێژن سوارییێ تو بریندارە ، ئەزێ دارە تەرمەکی بۆ سوارێ خۆم چێکەم بە عەرزێ ڕمان ، پێچم بە زولفی مەحبوبان لێ بکەن باوشیینێ لە بۆم گازکەنە کیژۆکارێ چێچیان مەنسووسیان ، گەرگەریان ، شەنگ و شۆڕێ دزەییان ، کەمبەرداری کۆیان ، سەر بەتاسی خۆشناوان ، خەزێم شۆڕێ رواندزی یان ، شڕو شەپرزێ رەوەندۆك و خێرو پیرەسنیان، لەبۆ سوارم بگێڕن شینی واوەیلەو گەرمەشینێ .

---

[1] ماینی سەعید بەگ ناوی غەزالی بووە .

لـە خـۆم وایـیٚ لـە مـن وایـیٚ ، کـو لـە مـن تێکـچوو دەورو ئـاخرییٚ دونیاییٚ.

ئەوسار حەفت سارە تەقەی ئاو زەنگیان ، گازەی سواران ، لە بن گێییٚ من بابان کۆریٚ قەدنایی .

سینگی من عەوزو کانینە بەردی مەڕمەڕ تـیٚ گیریٚ ، لـەبۆ نەخۆشـان ، بوێران ، ماخۆ مردە شەوتاییٚ .

لەخۆم وایٚ ، لە من وایٚ ، لەوان سواران ، زریٚ داران ، پەر بەسـەران ، سەر شکێنان ، زگ دڕێنان لە پێش دەرکی ماریٚ بابیٚ مە دەکەن تـەڕادەو منۆخـەی هێـواران دێنـەوە دەسـت داوێنـە گەردەنـەکی زەرد ، بـۆن دەکـەن وان خەت و خاران .

*   *   *

کە ئایشەگولٚ سۆزی دەروونی خۆی بەم وشە کاریگەرانە هەڵدەڕشت ، عەیشیٚ خان بە دزی دەهاتە بەر دەرگای ژوورەکەی ئایشەگولٚ بۆ ئەوەی گویی لیٚ راگریٚ بزانیٚ چ دەڵیٚ.

کـە سـولەیمان بـەگ لـە دیوەخانـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ مـالٚ خێزانەکـەی هـــەواڵی شـــایەریی ئایـــشەگوڵی پـــیٚ دەگەیـــەنیٚ ، مـــیر ســـولەیمان بـــە خێزانەکەی دەڵیٚ : ئایشەگولٚ چ دەڵیٚ؟ ئەویش وەڵامی دەداتەوە بەندەکی بەسەر خۆیدا دەڵیٚ و بەنـدەکی بەسـەر سـەعید بـەگی دەسگیرانیدا ، بـەڵام شایەری وام هیچ نەدیوە .

میر سـولەیمان ئـەو هەواڵـەی لـیٚ دەبیٚ بـە مـەراق ، رۆژانـی لـەوەپاش ئێواران لە جاران زووتر دێتەوە بۆ مالٚ لە گەلٚ عەیشیٚ خانی خێزانی بە هێمنی لە بەردەرگای ژووری ئایشە گولٚ دادەنیشن بیٚ ئـەوەی ئایـشەگولٚ بزانیٚ .

ئایشەگوڵ هەموو شەوێ سۆزی دەروونی دادەڕێژێ ، ئەوانیش لە گەڵ دەست پێکردنی ئەو دەست دەکەن بە گریان.

لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر باسی سەعید بەگ ، سوپای عێراق توانیویەتی لەو ماوەیەدا هەموو هێرشەکانی عەجەمان بشکێنن ، پاشان سەعید بەگ فەرمان لە والی وەردەگرێ و دەگەوێتەخۆ بۆ گەڕانەوە ، سولەیمان بەگ ئاگادار دەکرێتەو کەوا والی فەرمانی گەڕانەوەی سەعید بەگی داوە .

سوپای سۆران قۆناغ بە قۆناغ بەرەو هەریر گەڕاوەتەوە تا گەیشتووەتە گردەشێرو گەڕە بەرچیغ لە وێ بارگەی خستووە .

سەر لە ئێوارە سەعید بەگ دەیەوێ بچێتە سەر ئاوا ، کەمێك لە ئۆردوگاکەی دوور دەکەوێتەوە لە دوورەوە چاوی بە شاخەکانی هەریر دەکەوێ دووکەڵی شاری هەریر دەبینێ بە رووی شاخەکانی دەورووپشتیدا بڵاوبوەتەوە ئاگر لە جگەری بەردەبێ چونکە حەوت ساڵ بووە ئەو شوێنەی جێ هێشتووە .

سەعید بەگ بە پەلە دەگەڕێتەوە نێو خێوەتەکەی بانگی سەرکردەیەکی تایبەتی خۆی دەکاو پێی دەڵێ نیقابی من بەسەر خۆت بکێشەو فەرمان بدە بڵێن : سەعید بەگ نەخۆشە کەس نەیەتە ژێر خیوەتێ بۆ خۆیشی بە مەیتەرەکەی دەڵێ : ماینەکەم بۆ ئامادەبکە بەڵام نابێ لە تۆ و سەرکردەکەم زیاتر کەس بزانێ کە من لە گەڵ سوپادانیم ! تا دەگەنەوە ناو هەریر ئەگەر سوپا پێی بزانێ واو واتان پێ دەکەم بە سەرکردەکەشی دەڵێ : لە دەوری لەشکر بڕۆ تا دەگەنە هەریر کاتێ لەشکر نیقابی من ببینن وا دەزانن خۆمم.

تاریکی دەکەوێتە زەوی ئۆردوگا هێمن دەبێتەوە سەعید بەگ شیرومەتارە و ڕمی خۆی دەست دەداتێ و بەرەو هەریر دەکەوێتە ڕێ لە

بڵندو نەوییان دەهاژوا پێش ئەوەی میر سولەیمان لە دیوەخانێ هەڵبستێ بۆ گوێگرتن لە وشە ئاگرینەکانی ئایشەگوڵ ئەو دەگاتە بەردەرگای کۆشك و تەلاری ماڵی خۆی نۆبەدارەکان کە چاویان پێ دەکەوێ دەیانەوێ خەبەر بدەنە میری بەڵام سەعید بەگ ڕێگایان ناداو بەخششیان دەداتێ و پێیان دەڵێ : نابێ میر[1] بزانێ بەڵام غەزاڵی بەرنە ژوورەوە لبادەکی پێدادەن و هەوریراوەکی تیری بدەنێ و چوارپەلی لە ناو خێواوی بنێن.

ئینجا سەعید بەگ بەرەو دەرگای ژووری خۆی دەڕوا .. لە ناو کۆشکیشدا نۆبەدار هەبوون بانگی لێدەکەن سەعید بەگیش زوو خۆی پێیان دەناسێنێ دەیانەوێ میر لە گەڕانەوەی سەعید بەگ ئاگادار بکەنەوە ئەمیش هەمان قسەیان پێ دەڵێ کە بە نۆبەدارەکانی تری گوتبوو.

زاوا بەرەو دەرگای خۆی دەچێ.. لە دەرگا دەدا ! لە ژوورەوەش ئایشەگوڵ لەوکاتەدا لەسەر پشت ڕاکشاوە ! کاتی گوتنی بووە .. دەڵێ : ئەو کێیە ؟

– سەعید بەگم !

ئایشەگوڵ بە پێکەنینە دەڵێ : بزانە چ کوڕە وەزیرێکی شەرابت خواردووەتەوەو نۆبەدار ئاگادار نەبوون گەیشتوویەتە ئێرە ! هەتا زووە بڕۆ .. ئەگینا میر ئێستا دێتەوە وەجاخت کوێر دەکا !

سەعید بەگ هەرچی دەکاو دەکۆشێ و دەڵێ : ئایشە گوڵ نایسەلمێنێ ! بەڵام سەرەنجام پێی دەڵێ : ئەگەر ڕاستە ئەتو سەعید بەگی و شەوبایێ شەوێ مێشکی تێك نەداوی ؟ نیشانێکی من لە لاتە..

---

(1) وا دیارە زۆر حەزی کردووە بچێتە لای بووکی ، وەیان شەرمی کردووە نەوەك میر پێی بلێ بۆ لە گەڵ سوپاکەت نەهاتوویەتەوە .

سەعید بەگ کە ئەم قسەیە دەبیستێ ئەنگوستیلەکەی لە پەنجەی دەردەهێنێ و لە سووچێکی دەرگاکەوە فڕێی دەداتە ژوورەوە .. ئایشەگوڵ ئەنگوستیلەکە هەڵدەگرێ تەماشای دەکا دەیناسێتەوە بۆی دەردەکەوێ سەعید بەگی مارەبڕیەتی ، دەرگای لێ دەکاتەوە .. باوەش بە یەکدیدا دەکەن وەك کۆتر دەم لەناو دەمی یەکدی دەنێن .

ئایشەگوڵ دەرگا دادەخاتەوە سەعید بەگیش زۆر ماندوو دەبێ لە سەر تەختی نووستن رادەکشێ و بە ئایشەگوڵ دەڵێ : نابێ میر بزانێ من هاتوومەتەوە .

ئایشەگوڵ فەنەری ژوورەوەی هەڵدەگیرسێنێ .. زاوا لە ماندوویەتی خۆی خەوی لێ دەکەوێ ! بووکی نازداریش لە لای سەری دادەنیشێ و تەماشای زاوا جوانەکەی دەکا.

لەولاشەوە میر وەك هەموو شەوان لە گەڵ عەیشێ خانی خێزانی دێنەوە بەر دەرگای ئایشەگوڵ چاوەڕوانی ئەوە دەبن بووك بەندوباوی خۆی بڵێ دەمێك.. دوو.. سێ.. هیچ نەبوو ! سولەیمان بەگ بە خێزانەکەی دەڵێ : هەڵسە لە سوچێکی دەرگاکەوە تەماشا بکە وادیارە ئەم ئافرەتە لە خەفەتان مردووە یان دۆستێکی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە ! عەیشێ خان تەماشا دەکا دەبینێ وا پیاوێك لە ژووری ئایشەگوڵدا راکشاوەو فەنەریش هەڵگیرساوە و ئایشەگوڵیش لە سەرینی پیاوەکە دانیشتووە عەیشێ خان سولەیمان بەگ ئاگادار دەکاتەوە ، میر لە دەرگا دەدا ئایشەگوڵیش دەستێك لە سەعید بەگ دەدا بە خەبەری دێنێ و پێی دەڵێ : هەڵسە ئەوا میر هات ، جا ئایشەگوڵ دەرگا بۆ میر دەکاتەوەو رووی خۆی وەردەگێڕی .. میر دێتە ژوورەوەو لە گەڵ سەعید بەگ دەست و دەمی یەکدی ماچ دەکەن .. پاشان میر پارچە پەڕۆکێك بەسەر بووکدا دەداو نێوچەوانی ماچ دەکاو روو دەکاتە سەعید بەگ و پێی دەڵێ تا من

ماوم تۆ دەستوری موکەڕڕەمت هەیە !!

ماوەیەکی باش پێکەوە بە خۆشی دەژین تا پاشان خوا ئەمانەتی خۆی لە سەعید بەگ دەستێنێتەوە[1] ئەوەندەی پێ ناچێ ئایشەگوڵیش لە خەفەتی سوارچاکی خۆی دەمرێ و بەمجۆرە هەردووك بە وەجاخ کوێری سەر دەنێنە ژێر گڵ.

سولەیمان بەگ وەجاخی کوێر بوو ، بۆیە سەرکردایەتی سوپای سۆران بە لەشکری ئەسپێرێ .[2]

لەشکری لە سەردەمی سەعید بەگدا سەکردەی هێزێکی سوپای سۆران بووە سوارچاکێکی قارەمان بووە لە ئازایەتیدا بێ هاوتا بوە میر دەستووری موکەڕەمی بە لەشکری دابوو بەڵام مام بەکرۆکە زۆر بوون لەشکری لە رووداوی خۆی ئاگادار دەکەنەوە[3].

لەشکری ئەو هەموو قسانەی لە دڵی خۆیدا هەڵگرت بێ ئەوەی هیچی لێ دەربکەوێ چاوەڕوانی هەلێك بوو .

رۆژێك والی بەغدا بەدوای میر سولەیماندا دەنێرێ بچێ دیدەنی بکا[4] میری سۆران سوپا ئامادە دەکاو بە سەرکردایەتی لەشکری بەرەو بەغدا دەیخاتە رێ و خۆیشی لە گەڵی دەڕوا .

---

(1) گوایە ماوەی دوو ساڵ لەپاش گەڕانەوەی لە بەغدا مردووە .

(2) خوا لێخۆشبوو حوزنی موکریانی دەڵێ : سولەیمان بەگ کوڕێکی هەبووە بەنێوی عەلی پاشماوەکەشی گەلی عەلی بەگە ، لە پاش مردنی باوکی میرایەتی کردووە بەڵام عەلی بەگ داسنی لە شەڕێکی دا لە گەڵ محمد پاشای رواندوزی بەدیل گیراوەو لە زارکی گەلی ئەو شارە واتە رواندوز لە سێدارە دراوە دەشبێ بە ناوی ئەو عەلی داسنی باوبێ چونکە قەبرێك لە زارکی ئەو گەلیە هەیە بە ناوی عەلی بەگ .

(3) هێرشی میر سولەیمان بۆ سەر یەزیدیەکان و کوشتنی باوکی بە دەست میر سولەیمان .

(4) مامۆستا (وودری دەڵێ : والی بەغدا بە دوای میر سولەیمانی ناردووە بۆ ئەوەی دیاری خەلیفەی ئەستەمبۆلی بداتێ گوایە پلەی شاهانە بووە .

کـە سـوپا دەگاتـە بەغـدا  والـی پێـشوازییەکی گـەرمی لـێ دەکـا لەشـکریش ئـەو سـەردانە بـە هـەل دەزانـێ بـۆ تۆڵەکردنـەوەی بـاوکی و بنەماڵەی یەزیدیەکان.

لەشـکری دەسـتی کـرد بەفیتنـەیی کـردن لـەنێوان والـی بەغـداو مـیر سولەیماندا  تا وایکرد والی ژەهری ماری دەرخواردی سولەیمان بـەگی سۆراندا.

ئینجا والی فـەرمان دەدا میر سولەیمان بگەڕێتـەوە بۆ هـەریر ، میر لـە رێگـای گەڕانـەوەوە بـۆ هـەریر دەمـرێ ! [1] لەشـکریش سـوپای سـۆران دەهێنێتـەوە بـۆ هـەریر  لـە پـاش تازیمانـە کـەس نـامێنێ لـە جێـی مـیر سـولەیمان دانیـشێ جگـە لـە خانزادەخـانی  خوشـکی ، خانزادەخـان میرایەتی سۆران دەگرێتە دەست  بەڵام هەندێ لە وانەی لێیەوە نزیك دەبن دەتـوانن هـەواڵی بەشـداری لەشـکری لـە کوشـتنی مـیر سـولەیماندا پـێ رابگەیەنن .

لەشکری کە دەزانـێ خـانزاد بـە سـەربردەی بەشدارییەکەی لە دەرمان خـواردکردنی کاکیـدای زانیـوە سـەری خـۆی هەڵـدەگرێ و لـە گـەڵ چـەند کەسێك لە دارو دەستەی خۆی بەرەو یەزیدخانە دەڕوا .. ماوەی دوو ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە  لە ملاشەوە خـانزاد ئـاوری لـە جـەرگ بـەربوە  بـۆ  تۆڵـە کردنـەوەی بنەماڵـەی مـیری سـۆران  بۆیـە نامەیـەك دەڕازێنێتـەوە و بـۆ لەشکری دەنێرێ  تێیدای  دەنووسێ : میرایەتی سۆران بەمن ناکرێ  هـەر تۆ شیاوی میرایەتیت دوای گەڕانەوەت منیش خۆمت لێ مارە دەکەم.

هـەوای میرایـەتی و بـەژن و بـاڵای خانزادەخـان لـە سـەری لەشـکریدا ! بۆیـە بڕیاریـدا بـە خـۆی و سـەد سوارچـاکی یەزیـدی بگەڕێتـەوە هـەریر ،

---

[1] کاتی گەڕانەوەی لە بەغدا بۆ هەریر، ساڵی (١٥٥٠) ز ، لە هەولێر مردووە .

کاتی نزیك بوونەوەی لەشکری لە هەریر .. خانزاد بانگی سەد سەرکردەی خۆی کردو پێی وتن : کە لەشکری گەیشتە ئێرە .. هەریەك لە ئێوە پێشوازی سوارێك بکەن و جڵەوی ولاخەکەی راکێشنە ماڵی خۆتان منیش جڵەوی ولاخی لەشکری دەگرم بەلام بۆ سپێدە کاتێ قاوەم خواردەوەو نێرگەلەم لە دەستی نێرگەلەچی وەرگرت هەر یەکە لە ئێوە سەری میوانی خۆی لە ناو دیوەخانێ دابنێ ! خانزادەخان چۆنی وت وایان کرد.

خانزاد لەشکری دەباتە ناو کۆشك و سەرای ماڵی خۆی بانگی مەلای هەریر دەکا و خۆی لێ مارە دەکا جا بە لەشکری دەڵێ : تا ئێستا تازیمانەم نەڕەواندۆتەوە ئەمشەو رێگام بدە خۆم بۆ شەوی ئایندە ئامادە بکەم.

لە شکریش قسەکەی پەسند دەکا هەر یەك دەچنە ژووری تایبەتی پێش ئەوەی رۆژ شەبەق بدا خانزادە خان جلی سووری بەسەرخۆیدا هەڵدەکێشێ و دەچێتە سەربانی قەسرێ.

دیوەخان ئامادە دەکرێ قاوەچی قاوە ئامادە دەکا و نێرگەلەچی نێرگەلەی خانزاد ساز دەکا وەك رۆژان لەشکری لە خەو هەڵدەستێ و دێتە دیوەخان خانزادە خانیش دێتە دیوەخان هەریەکە جێگای خۆی لە دیوەخان دەگرێ .. قاوەچی قاوە دەگێڕێ و نێرگەلەچی مۆدنی نێرگەلە دەداتە دەست خانزادخانی سۆران .. سەد سەرکردەکەیش هە ریەکە لە راست خۆی سەری مێوانی خۆی لە ناو دیوەخانێدا دادەنێ ! دانیشتوەکان سەریان سوڕدەمێنێ ! ئەوکاتە لەشکری تێدەگا کە ئەم داوە بۆ ئەوە !

خانزاد روو دەکاتە لەشکری و دەڵێ : لە چیت کەم بوو؟ بۆ وات کرد؟

بەو گۆڕەی میر سولەیمان سەری پێ کردووە دەبێ پارچە پارچەت بکەم خانزاد فەرمان دەدا سێدارەی بۆ ئامادە بکەن.

لەشکرییان زنجیر کرد.. لەشکری هیچی بەدەستەوە نەما ، بە خانزادی وت: سوێندت دەدەم بە گۆڕی میر سولەیمان ماوەم بدەی بەزنجیرکراوی لەسەر بانی قەسرێم دانێن و دیوەخان ئامادە بکەنەوە سەد سواری ماین رەش و بەرگ رەش بێن لە پێش دیوانێ رمێ بچەخێنن سەری خۆیان باوێنە سەر قوونکی رمێ هەتا من بەندو باوێ خۆم دەڵێم :

خانزاد خان فەرمانیدا داخوازیەکەی بۆ جێبەجێ بکەن ئینجا لەشکری دەستی کردە چڕین[1] :

## بەیتی لەشکری

(سەرم دێشێ ، درم بەدەردە ، قەوی بەدەردە ، ئەگەر سەرەکم لۆ لایێ یەزیدییێ ژەنگارێ وەبەردە ، ئاغای خۆم بریندار دەبوو بەسێ رمان ، لە برینەکی دەهاتەوە کێمە ، لەبرینێ دی دەهاتەوە خینە ، لە برینێ دی دەهات خێزاۆکەکی دەزەردە.

گەڕاینەوە بەسەر زێێ بادینان لە تۆزو غوبارو گەردێن وەردە ، لە زێی بادینان هەربردین ، هاتینە خاروان و رەشوانێ ، لە رەشوانیش هەربردین هاتینەوە دەیرێ ، لە دێریش هەر بردین چووینە ئاژگە و زرگوزان ، لە ئاژگەو زرگوزان هەربردین چووینە سۆرکێ ماوەران ، لە

(1) مامۆستاووردی دەڵێ : عەیشێ خانی خێزانی میر سولەیمان بەشداری خانزادەخانی کردووە بۆ نووسینی ئەو نامەیە لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە عەیشێ خانی ئامۆزای میر سولەیمانە .. چۆن ؟ ئەگەر عەیشێ خان کچی میری یەزیدیان بوایە هەروەك مامۆستا خۆی دەڵێ : ئەی چۆن لایەنگیری خانزادی دەکرد بۆ کوشتنی لەشکری .

سـۆرکیٚ مـاوەران هـەربردین چـووینە مامەجلکـەیی رەنگـین ، لـە مامـە جەلکەیی رەنگین وەکی ئاورِیٚ خۆم دەداوە ئاغای خۆم پیٚنج سەد سواری لە گەردابوو هەموو ماین کەویٚتی قاپ رەشن ، سەر زینیٚ گوراو و بەدوو نیان لیٚ دەدە .

وەکی ئاورِیٚدکەم دەداوە ئاغای خۆم پیٚنج سەد سواری لەگەردا بوو هەموو ماین بۆرەییٚ خارخار ، سەر رزینیٚ مەخمەری کەسکیان لەدەدە .

وەکی ئاورِیدەکەم دەداوە ئاغای خۆم پیٚنج سەد سواری لە گەردابوو هەموویان شینکی قەزوانی ، سەرزینیٚ مەخمەری زەردیان لیٚدەدە.

وەکی ئاورِیدەکەم دەداوە ئاغای خۆم پیٚنج سەد سواری لە گەردابوو هـەموو مـاین شـیٚی موتڵـەق ئـەمینی کلك و بـژی لـەجگان لەگـەردابوو هەموویان ماین رەشی لە تەوریٚ عارەبستانیٚ لەگەردا ، رەخت و ریشمەی ئاڵتوونیان لیٚ دەدە .

**لەشکری دەڵیٚ:**

بەخۆم سەرِاو بووم لە کیٚروشکەکی کردمە دیاردی لە دەنگی تەپرو کەرِەنای گازیٚ سەربازان ، جریوەی بازو شەهیٚنان هەریان دەستاند لە بۆ داری خـشوییٚ ، زەویـیٚ چـل پـشکی ، کـانییٚ خاتوونـان ، داریٚ خرِەکریٚیـان، لـە عـاردەکی بـە کوچك و کـەرِەك و هـووردە کەبـەرییان ، بەرامبەری کۆشکی عەیشیٚ حوسیٚن بەگان، ئەو خانە ویٚرانە لە بارەکی تۆزیٚ وەردە .

سەرم دیٚشیٚ ، درم بەژانە ، قەوی بەژانە ژانە، ئەگەر لە بۆت بە سۆنەی سەرکەسـك هـەردەریٚم هیٚـواران و سـبەینان خۆداویٚتـە گۆمگۆمـەی زار دەربەندی بەبانە ، ئەگەر لە بۆت بە قورنگی گۆزەر هەردەریٚم لە عاسمانی

حەفتەمین چووغەی لە تەنیشتیٚ دەبوون بە گۆچانە .

سولەیمان بەگی میری دەیکردە گازی ، لەشکری کۆراییت کەویٚ لە چاوان، ئەتۆ بگێڕەوە لە سەرهەنگان ، لە سەرقۆران ، لەوان عەگیدو بەگلەران ، هەمووان بگێڕەوە بکەوە خەرات و خەرات بەخشان .

سەرم دێشیٚ ، ئەگەر درم بەژانە دەچوومە مەجرسیٚ سولەیمان بەگی قولی بەگان ، لێم رادێخستن چەند تەکەنم و مافورو سوجادەی ئەسلٚ خۆرەسان ، لەسەر وان رایەخانم دادەناوە نۆسەد جووت کورسی پێچکە زێڕنیشان ، لەسەر وان کۆرسیان دادەنیشن ئاغاو بەگلەرو خان ، هەموو کەوری قاقومی بەسەر ملانەو باسقەنەی یارسەمەن و مۆدنی کارەباییان دەکەنەوە سەرلێوان .

چەند خوارم و نۆکەر راوەستابوون هەموو مل بەزریٚ داودی ، دەست بەشیرو مەتاران ، بەدەست هەندەکان وەبوو ئافتاب و مەسینە ، بەدەست هەندەکان وەبوو قاوەو فنجان ، هەندەکان بازیان لەسەر چەنگان ، هەندەکان تاژیان دەرستان .

دەچوومە هۆدەیەکی لە بۆم دێنان نۆسەد جوت دەبانچەی ئیپەك .. فارس ئەسلٚ کارخان ، ئەگەر دەچوومە هۆدەییٚ دیکە لەبۆم دێنان نۆسەد جوت خەنجەری نێرۆییٚ کرمان ، ئەگەر دەچوومە هۆدەییٚ دیکە لەبۆم دێنان نۆسەد جوت شیری قاپلەمەی ئەسلٚ شێخان.

ئەگەر دەچومە هۆدەییٚ دیکە لەبۆم دێنان نۆسەد جووت ڕمی نەسیری سەروبن تۆپ زێڕنیشان ، ئەگەر دەچومە هۆدەییٚ دیکە لەبۆم دێنان نۆسەد جووت مەتاری سوری رەواغەنداری ئەسلٚ حەیزەران ، ئەگەر دەچومە هۆدەییٚ دیکە لەبۆم دێنان نۆسەد جوت زریٚ داوودی ئارقە هورد ئەسلٚ خۆراسان ، ئەگەر دەچوومە تەویلخانەی سولیەمان بەگی قولی

بەگان ، لەبۆم دێنان نۆسەد جووت کەوێتی قاپ رەش ، بۆرەیی خارخار، شینکی شاسەیوان ، ئەگەر دەچوومە هۆدەیێ دیکە لەبۆم دێنان نۆسەد جووت زینی مورەسەع ئەسڵ قایشی هەمەدان ، ئەگەر دەچوومە هۆدەیێ دیکە لەبۆم دێنان نۆسەد جووت رخت و ریشمەی بەنیمچەو دووبارە دەکەتەوە سەر ملێ معەنەگان ..

کاکە لە تەپرێ راوێمدا ، راوی خۆم دەهاویشتە کۆنە هەریرو هەریر بەگیان، رەزگەو ماوەران .

باشووریێ فاتمێ کادێورای زار دەربەندی بە بان ، هەندەکان دەیانگوت شا ئەسکەندەرە ، هەندەکان دەیانگوت جمجمە سوڵتانە ، ئەوی بیاناسیبا دەیگوت ناوەللا ئەوە سولەیمان بەگی شاقولی بەگانە.

سەرم بەگارە گارە ، درم هەر بەگارە گارە ، قەوی بەگارە ، ئەگەر رۆژێ عەزیزو موبارەکم لێ هەردەهات شەوق و شەبەقێ خۆی دەداوە لە گەریێ شەدادو نەمرودان ، لە زەوییێ سوۆردێێ و کۆشکێ عەیشێ حوسێن بەگانن لە وان تاقان و پەنجەران و شانەنشینان و حوروسیان دەیکردە وارە ، دەچوومە کتێبخانەی سولیەمان بەگی قولی بەگان ، چەند ئەفەندی دانیشتبوون لە سەر کورسی نەسەندەری ئەمریان دەنووسی پایە بەپایە دەیانناردنە خوارەوە .

ئەگەر دەچومە مەجرسێ سولیەمان بەگی قولی بەگان چەند وەزیر دانیشتبوون هەموو کەوری قاقومی لەسەر ملانەو باسقەنەی یارسەمەن و مۆدنی کارەباییان دەکەوتەوە سەرلێوان ، دەیانکردە تەگبیرو مشاوەران و مەهارە .

ئەمان سەد حەیف و دوازدە مەخابنێ دونیایێ دەمینێ لۆ یەکەکی وەکی سولەیمان بەگی میری لە شاری کاولە بەغدایێ بە فنجانەکە ژەهری

ماریێ یان کرده شراره .

کە لەشکری گوتنی خۆی تەواو دەکا خانزاد فەرمان دەدا بیهێننە خوارەوە و پارچە پارچە گۆشتی لێ بکەنەوە تا دەمرێ .

مێژوونوسان دەگێڕنەوە بە کوشتنی لەشکری ئاسایش دەکەوێتە نێو خەڵکی سۆران ئینجا خانزاد دەست دەکا بە دروستکردنی مزگەوت و قەڵاو[1].. تاد .

بۆ خۆیشی بە نێو خەڵکدا دەسوڕێتەوەو حوکمێکی باش دەگێڕێ .. سەدان قوتابی روو دەکەنە هەریر بۆ خوێندن ناوبانگی خانزادەخان لە چوارچێوەی کوردستاندا دەنگ دەداتەوە .

بەمجۆرە دەڵێن ماوەی حەوت ساڵ لە پاش مردنی میر سولەمانی برای حکومی سۆران دەکاو پاشان فەرمانی خودا بەجێ دەهێنێ .

---

([1]) قەڵایەکی لە ناوچەی بالک دروست کردوەو یەکێك لە بانەمان و لە هەریر هەروەها مزگەوتی رەزگەی دروستکردوە لە گەڵ قەڵایەکی تر لە گوندی دوین .

## فەرهەنگۆك

ئارمووش:  ئاوریشم .
ئاژگە:  گوندێکە لە ناوچەی خۆشناونزیك کۆیێ  .
ئیپەك:  ناوی جۆرە دەمانچەیەکی کۆنە .
ئیل:  عێل ، هۆز.
بارکوورەکەنە:  بێچووی مراوی ، جووجەڵە بەر لە وەی ببێ بە فروج .
باسخۆن:  هێرش .
باشقان : باشخان ، شارێکە لە کوردستانی تورکیا .
جوان دروست کراوەو پیاو ماقوولان لە بەریان کردووە .
بەکرۆکە : ئەوەی فیتنە لە نێو خەڵکدا بەرپا دەکا ، لە وانەیە لە ناوی بەکری مەرگەوەڕی ، رازی  مەم و زین وەرگیرابێ .
بەندوباو:  بەیت .
پیرەسنیان : هۆزێکی کوردە.
تاژی:  تانجی .
تراغان:  قەدشاخ ، پاڵ شاخ .
تەتەر:  نامەیەر ، فروستادە .
تەڕادەو منۆخە:  مەشقکردن بە ڕم و شیرو قەڵغان و سواری .
تەکەنم:  لباد .
تیر ، خەست .
چلپشکی:  چل بەش .
چەریان:  مێرگ ، پاوان ، لەوەڕگە  .
چەنمد:  ناڕەحەتی .
چەولك:  چەکێکی کۆنی شەڕ بووە .
چیچی یان:  هۆزێکی کوردە .
حەبەشییان:  وردە مووی ناو چاوانی ژنان .
حەفت:  حەوت  .
خار:  خاڵ .
خاروان:  گوندێکە لە ناوچەی هەولێر دانیشتوانەکانی زرارین .
خوارم:  خولام ، غولام
خورت:  چاپوك ، چالاك .

خۆشناو:  هۆزێکی کوردە لە پارێزگای هەولێر.
خەرات:  خەڵات .
خەرپووت:  شارێکە لەکورسدتانی  تورکیا (ئەلعەزیز)  بە مەبەستی کینایە لەدووری لەبەیتەکە بەکارهێنراوە
خەزنیٚ:  مەخزەن ، جبەخانە .
خەزەر:  گیایەکی کوێستانییە ، ئەیکوڵێنین و ئەیخۆن ئەڵێن بۆ پاککردنەوەی گورچیلە بەسوودە .
خێزاو:  زووخ .
داودی:  جۆرە زرێیەکە ئەڵێن لەناوی داوود پێغەمبەرەوە هاتووە .
درم:  دڵم .
دزەیی:  هۆزو ناوچەیەکی کوردە لەهەولێر.
دەریٚ:  دەڵیٚ .
دەوبەستۆڕە:  لێواری بەستۆڕە ، شوێنی کە زستانان ئاوی بەسەردا بڕواو بەردو لم قومی لەشوێن بەجییٚ بمێنیٚ .
دێریٚ : گوندێکە لە ناوچەی سەلاحەدین لە هەولێر ، پاشا کوێرە قەڵایەکی تێدا کردووە .
ڕەشوان:  گوندێکە لە ناوچەی هەولێر ، دانیشتوانی زرارین .
ڕەواندز:   شارێکە لە ناوچەی هەولێر پایتەختی پاشا کوێرە بووەو پاشماوەی قەڵای ئەوی تیایە .
ڕەوەند:  هۆزێکی کۆچەری کوردە .
زڕگوزان:  گوندێکە لە ناوچەی خۆشناو نزیك کۆڕیٚ  .
ژەنگار:  شەنگال ، سنجار .
سار:  ساڵ .
سعرتییان:  خەڵکی سعرت کە شارێکە لەکوردستانی تورکیا .
سۆنە:  مراوی .
سوورە دیٚ:  شوێنێکە لە نزیك هەریر ، ئەڵێن پێشتر ئاوەدانی بووە .
سەراو:  ئەو سوارەی لە پێش سوارانەوە دەڕوا .
سەرقور:  سەرپەل ، سەرۆکی کۆمەڵێك سەرباز .
سێی لارەکەو:  مەلێکی ئاوییە لەچەشنی قاز .
شەدادو نەمرودان:  شوێنێکە لە ناوچەی ڕانیە ئەڵێن حەزرەتی ئیبراهیم لە ویٚ لەدایك بووە.
شرارە:  نێرڕا ، کوژرا .

شەمرتۆگان:  هۆزێکی عەرەبە لە ناوچەی موسڵ .
عەگید:  سوارچاك و ئازا .
عاسمێنان:  عاسمان .
غەزال:  ناوی چارەوێی سەعید بەگ بووە .
غەنیم:  دوژمن
فندە:  فەنەر، چرا .
قاپلەمە:  کالان .
قارییٚ:  قار ، قەهر ، خەم .
قنجان:  هۆزێکی ئێزدی کورد .
قەرەبینای قرم : ناوی جۆرە دەمانچەیەکی کۆنە .
قەرێتە:  تەوقێکی قایشە لەملی تانجی دەبەستن .
قەوی:  زۆر، توند .
کادیواری:  ناوی کەسێکە .
کرمان:  شارو ناوچەیەکە لە ئێران .
کۆمەرەك:  کۆمەڵێك .
کوو:  چۆن ؟
کۆییان:  خەڵکی کۆیە .
کەسك:  سەوز .
کەوری قاقوم:  کەوڵی بە تووك .
گاز:  بانگ .
گردەشێرە:  ناوی شوێنێکە لە نزیك گوندی سمایلاوە بەڕانەتی لە هەولێر .
گەڕە بەرچیخ : ناوی شوێنێکی ترە هەر لە نزیك گوندی سمایلاوە .
گۆم:  ئاوی لە چاڵایی کۆبۆوە .
لۆ:  بۆ .
لەجگان:  کلك لە سەر جگی قاچ .
لەدوو:   لەدوای .
لەگەردا:  لە گەڵدا .
ماخۆ مردە:  ماڵ خۆ مردوو ، خاوەن مردوو ، بە مەبەستی جنێو بەکاردەهێنری .
مار:  ماڵ .
مامەجەلکە:  گوندێکە لە نزیك هەریر .
ماوەران:  گوندێکە لە ناوچەی هەریر، دانیشتوانەکانی حەیدەرین .
ماینە:  ماون .

موتلەق ئەمینی:  ئەو سوارانەی بۆ ئاغای خۆیان ئەمینن .
مۆدنی کارەبا:  ئەو بەشەی نێرگەلە کە بەدەمیەوە دەنێن .
مورەسەع:  رازاوە ، گەوهەربەند .
مە :  ئێمە .
مەجرس:  مەجلیس .
مەعەنەك:  ئەسپی مەشق کردوو ، لە محنکی عەرەبیەوە هاتووە .
مەنسووسییان:  هۆزێکی کوردە.
مەهارە:  پلاندانان .
مەیتەر:  ئەوکەسەی خزمەتی ولاخ دەکا .
مێردین:  ماردین ، شارێکە لە تورکیا .
میری مەوالییان : هۆزێکی کورد ە .
نەسیری : جۆرە رمێك بووە (١٨) گا درێژ بووە .
نەکو: نەوەك.
نەوڕن:  تەلان ، ئەو مێرگەی ئەوەندەی گردێك بێ ، نوالە .
نیستەور:  مەڕی دابەستە کە زاوزێ نەکا .
وان:  شارێکە لە کوردستانی تورکیا .
وەکی:  وەکو .
وەعدێ:  کاتێ .
هەربردین : لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی کەسەرکەوتین .
هەر بە بەیتە:  ناڕەحەتە .
هەر بەچەند : ناڕەحەتە .
هەر بەگارە:  ناڕەحەتە .
هەروەدەر:  هەر لە دوورەوە .
هەمەدان:  شارو ناوچەیەکە لە ئێران .
هێلین:  هێلانە .
هێواران:  ئێواران ،



بە یارمەتی ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیریو لاوان لە چاپ دراوە
لیرەیەك
لەگەنجینەی نەتەوەی کورد
ئەسعەد عەدۆ
١٩٨٤

# لیرەیەك..

## لەگە نجینەی نەتەوەی كورد

**پێشکەشە بە** :

- ئەو شۆڕە سوارانەی کە بوونەتە بەردی بناغەی مێژووی نەتەوەی کورد.
- مێژوونووسی کورد دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد .
- حەسەن عەدۆی جوانەمەرگ پێنج شەممە بەرەبەیانی ١٣ - نیسان - ١٩٧٢ .

**ئەسعەد عەدۆ**

# لە هەگبەی فۆلکۆر پەروەرێك

**ئەدەب دۆستانی خۆشەویست...**

ئـەی ئەوانـەی وشـەی کـوردی بۆتـە هـەوێنی هـەویراوتان ، لـەم بەرهەمـە ئەدەبیە فۆلکلۆریەدا دەمەوێ کەمێك دەستوبازو هـەڵماڵێنم و بە زاخاوی مێشك بۆی بخزێمـە نێو دەریـای گەنجینـەی میللـەتی کوردمـان یـا باشتر وایـە بڵـێم بـا منیش رکێف لـە ئەسـپی خـۆم بدەم بۆ ئـەوەی خـۆم لـە گەردەلولـەی ئـەو شـۆڕە سوارانەی رێچکەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بدۆزمـەوە بـە خۆرگـەی خزمـەت و جێبـەجێکردنی ئـەرکی سەرشـانم وەك ئـەدەب دۆسـتێکی کـوردو تەتلـەکردن و ساغکردنەوەی ئەو بابەتە فۆلکلۆریانە .

بەڵام چەند خۆشترو باشتر دەبوو ئەگەر دەزگایـەکی ڕۆشـنبیری هەڵمـەتێکی زرنگانـەو زانـستیانەی بکردبووایـە بـە هاریکـاری ئـەو ئـەدەب دۆسـتانە کـە لـە جیهانی ئەدەبی فۆلکلۆری دەستیان هەیە بە مەبەستی مەسحکردنی گونـدەکانی کوردسـتان بـۆ ئـەوەی هـەر کەسێك بە لێهـاتوی خـۆی هـەولو تەقـەلای بێوچـانی بدابووایــە بــۆ شــیکردنەوەو لێکۆڵینــەوەی بابەتــە فۆلکلۆریــەکان و بــەراورد کردنەوەیان لە ڕووی شێوەکانی زوبانی کوردی و لایەنەکانی تری ..

بـەڵام ئێمـەش نـابێ چـاوەڕوانی ئـەو ئاواتـە بـین و هـیچ ! نـەخێر.. بـەڵکو پێویستە هەریەك لە ئێمەمانان بە پێی تەقەلای خۆی هەڵمـەت بـەرێ و سـەردانی ئـەو کێـوو گوندانـە کـە دووره شـارن بکـەن و شـەوێکی زسـتانی کوێـستان و شەوێکی مانگە شەوی گەرمیانیان لـە گـەڵا بباتـە سـەرو ببێتـە کلیلـی زێڕینـە بـۆ چوونە ناخیان و بە دەستێکی نێچیرەوانی چاڵاك بگەڕێتـەوە دواوە ! بۆ ئەوەی

**بتوانیٚ بە ئەدەبێکی فۆلکلۆری جلوبەرگ لەبەرهەڵکێشراوی بوکانە دووبارە بچێتەوە نێو دەروونی خوێندەواری تامەزرۆی ئەم سەردەمەی نەتەوەکەمان و هەروەها بۆ بەستنەوەی ئەدەبی ئێستای تازەمان بە ئەدەبی رابردوومان ئەوکات دەزانین چ تامێك و لەزەتێکی هەیە .**

**هەرچەندە ئەو حەیران[١] و سەربردانە چەند دەنگێکن لە سەدان بەڵکو لە هەزاران حەیران و سەربردەی تری فۆلکلۆری کورد هەروەها ڕووخساری ئەو حەیران و سەربردانەش لە چەندانی تر ڕەنگ دەداتەوە ، یان ئەو ڕووداوانەی کە دڵتەزێنن لە سەربردەی تریش دڵی جۆشاندوین یان بڵێین ئەو خۆزگانەی کە لە لای (کولك و کەڕۆ) و ئەحمەدی لاویٚ شەرقی[٢] نەهاتۆتە دی و لە گەڵ خۆیان بردۆتە ژێر گڵو بۆتە کەسەری ئەم دەمو ئەودەمە ، لێرەدا واتە ئەو خۆزگەیە دەبێتەوە خۆزگەیەك لە هەزاران خۆزگەی نەهاتەدی ڕەشوڕووتی داوێن پاکەکانی گەلەکەمان .**

**منداڵەکانی کورد هەر لەو ڕۆژەی کە دەکەونە سەر بێشکەی جوان و ڕەنگین بە دەسترازەی سەوزو سوور قاچ و دەستیان دەبەستریٚتەوەو مازی ومۆری شینیان بەسەردا شۆڕدەکرێتەوەو قلێشەدار بەڕوێکیان[٣] دەکەوێتە نێو گەلآنیان و ئاشنایی لە گەڵ یەك پەیدا دەکەن ئەوە فۆلکلۆرە! ئەوە کندڕبەستی ئێستاو ڕابردوومانە.**

**هەر لەو ڕۆژەوە منداڵی کورد دەبێتە گوێڕایەڵی دەمی داپیرەو دایکی شەو بیٚ یان ڕۆژ یان لە بەرەبەیانی خۆشی خەودا.. ئەگەر بێت و ئەو منداڵەش پاش باوك بێت ئەوە دەنگە سووتاوەکەی لای لایەی دایکی جیهانی بیٚ ئاگردانی دەلەرزێنتەوەو جۆشی تۆڵەکردنەوەو قین لە نێو دڵی ناسکی کۆرپەلەکەی**

---

**(1) ئەم پێشەکییەو بەیتی شۆڕ مەحموود لە کۆڕێکی ئەدەبیدا لە رۆژی ١٩٨٣/١٢/١٢ خوێندومەتەوە.**

**(2) دوو داستانی قارەمانێتی و دڵداری فۆلکلۆری کوردی.**

**(3) مەبەست لە بلووری میزکردنە.**

مۆردەکا !

کە منداڵی کورد پێی لە قۆناغی مێردمنداڵی دەنێ هەموو شەوێکی زستانانی لە سەر ڕان وباوەشی داپیرەی بەسەردەباو چێژو تاڵی کارەساتی سەرگوشتەکانی وەك ئەو سەرگوشتانە دەبێتە دڵۆپە فرمێسکێکی لە چاو ڕاوەستاوی خەوتو !

زۆرجاریش ئامۆژگاری ئەو منداڵە بە چەندان پەندی پێشینان دەکرێ .. هەندێکیان ژبیر دەکاو هەندێکیش دەکاتە ئەلقەیەکی ئەستوورو لە گوێی خۆی دەکات بۆ سوود وەرگرتن لە ژیانی ڕۆژانەی چەرمەسەری !

جا لێرەدا هەگبەکەم بەرەو بەتاڵبوون دەچێ چونکە هەرچەند بە بەژن و بالاًی ئەدەبی فۆلکلۆردا بڵێین زیاتری دەوێ چونکە هەویرەکەی ئاوکێشە ، فۆلکلۆریش رابردوەو ئێستاشە چونکە ئێمەیش فۆلکلۆرین !

**ئەسعەد عەدۆ**

**هەولێر**

**٢٧ / ١١ / ١٩٨٣**

# حـــەیران

" دەرێم براینـه برادەرینـه ئەوڕۆ ئێـوارێ چەندی گـاز دەکـەم حـەیران کیژۆرە سیانیێ .

ئەتوو چاوێ خۆت گەلـە گەلـە ڕەشمکە بە کلـی.. سـبیانیێ مـاریێ بـابی تووم لێی داناوە بەسەردەکەتن لە (شەوەك) و (مەلا ئۆمەری) دەرپەڕینـەوە لە بەستۆرە و بەستۆرەی گۆرانیێ هەریان دەداوە لە بنگردی (بانەمان) یێ .

ئەوجا دەرێم خۆزی بەخۆزی داران ئـەمن بـاز بوومایـە ، سـوار بوومایـە ئەوەل مـانگیێ پـایزان لـە سـەریا (پیرمـەم) یێ ، ڕەنگین لـە چـۆمیێ کـۆڕیێ لـە باغی شەقلاویێ لە (جۆلە مێرگ)ی ، لە (مێرگ چەتان) یێ ، لە (گولـەك)ی ، لــە (باویــان)یێ ، لــە بنەبنــەی خــانزاد یێ ، لــە گــۆڕیێ ســپی کێڵــەدەراویێ خەلیفانیێ ، لە زاریا گەریا عەلی بەگی[1] ، لە کۆسپەی سەردەریان .

---

(1) هەرچەندە جارێکی تر بەکورتی لە نامیلکەکەم (بەیتی ئایشەگولێ ) کە ئەمینداریـەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان لـە سـاڵی ١٩٨٣ چاپی کردووە لـە پـەراوێزی (١٥) باسـی ناوی گەلی عەلی بەگم کردووە بەڵام ئەمجارەیان دەقی سەربردەکەی نێو لێنانی ئەو گەلیە دەنووسمەوە :

عوسمان بەگ فەرمانڕەوای ئامێدی بە مەزندەی من سەعید بەگ بـووە .. دوو کـوڕی هـەبووە عەلی و حەوێز لە شەڕێکیان لە گەڵ عەلی بەگ داسنی یەزیـدی ئـەو دوو کـوڕە کـوژراون هەرچـەندە تەقەڵای تۆڵەکردنـەوەی داوە بـەڵام بـۆی نـەلواوە ناچار دەبیێ لـە گـەڵ چـەندان سوارچاکی ئامێدی ئەو سەردەم دێنە لای پاشای کۆر ئەویش واتە میر مەحمەدی ڕواندوزی بەخێرهاتنی دەکات و قاوەچیش قاوەیـان بـۆ تێدەکات بـەڵام عوسمـان بـەگ و برادەرەکـانی قاوەکە ناخۆنەوە ! سەرەڕای ئەوەی فرمێسك بە چاوی عوسمان بەگ دێتە خوارەوە !

پاشـاش پێـی دەڵـێ : " ئـەوەی لـە دڵـت دایـە جـیێ بـەجیێ بـوو بـەڵا م قاوەتـان بخۆنـەوە" ئینجا فنجانی قاوەی بە سەر زاریان وەدەکەن لە دوای ماوەیـەك میر مەحمـەد دەڵیێ : " ←

←فەرموو بلّیّ چیت لیّ قەوماوە ؟ " ئەویش هەواڵەکەی پیّ ڕادەگەینیّ. کاتیّ ئەو فەرماندەو سەرهەنگ و قوماندارو سەرقۆلانە کۆدەبنەوە هێرش دەکەنە سەر گوندەکانی یەزیدی تا حەوت گوندی تەڕاشکوت دەکەن بیّ ئەوەی گوندێك ئاگای لە گوندەکەی تر بێت !بەرەو گوندی عەلی بەگ داسنی دەچن هێندەی پیّ ناچیّ عەلی بەگ بە دیل دەگرن و دەگەڕێتەوە رواندوز ..

پاشا بە عوسمان بگ دەلّیّ : " چیترت دەویّ ؟ " ئەویش دەلّیّ : " ڕێگام بدە خەلاّتی ئەو پاڵەوانانەت بکەم " ئەویش ڕێگای دەدات ..

لە پاش گەڕانەوەی عوسمان بەگ بۆ ئامێدی پاشاش فەرمانی لە سێدارەدانی عەلی داسنی دا بەلاّم عەلی داسنی داوای لە میر موحمەد کرد کە ڕێگای بدات پێش لە سێدارەدانی مەشقێکی ڕمبازی و سوارانە بکات ! پاشای گەورە ڕێگایدا ئەویش چونکە پاڵەوان و نەترس بوو مەشقکی کرد پاشاو خەڵکی رواندوز سەریان سوڕما لە چالاّکی و ڕمبازی ئەو شۆڕە سوارە ئینجا لە سەر پشتی ئەسپەکەی هاتە خوارەوە لە بەردەمی پاشا ڕاوەستاو گوتی " : فەرمانی میرم چی یە ؟ " پاشاش وتی " : بەڕاستی بیّ هاوتای ئەوە من لیّت خۆشبووم بەلاّم توانام نیە لە دەستوری ئایین لابدەم! یان بڕوای ئیسلامیت ! یا سێدارە ! عەلی بەگ وەلاّمی دایەوە گوتی " : میر .. ئاینی ئیسلام ڕاستە تۆش ڕاستی ! بەلاّم دەتەویّ میللەتی یەزیدی پێم بلّێن عەلی داسنی لە ترسی ترگالە خوێنێك بوو بە ئیسلام ؟ ! نەخێر بمکوژە " !! .

میریش بە مەلۆگی میراجی فەرماندەی بەندیخانەی وت : بیکوژە ! ئەویش لە سەر پردی گەلی لە سێدارەی دەداو ماوەی سیّ ڕۆژ تەرمەکەی دانابەزێنن ! لە دوای چەند ڕۆژێك دایکی عەلی داسنی کەنێوی موعتە بووە دەگاتە رواندوز لە پێش ماڵی دایکی میر موحمەد کە نێوی عەنبەر (بووە دەلّیّ : لە شەڕەفنامەی بەتلیسی ناوی دایکی پاشا (بوك شازەمان)ە ، بە ڕای من ئەو ناوەی دوایی نازناوی گەورایەتی و خانمایەتی یە- .

" هەی عەنبەریّ عەنبەرە جوانیّ
لۆم وەرە ناو گەڕییّ دیلانیّ
بەشقیّ مەلەکیّ تاوس .. مەنزلی عەلی بەگی ئەکانیّ "

دایکی میریش وەلاّمی دەداتەوەو دەلّیّ :

" ئەریّ موعتیّ موعتە جوانیّ
سەری شین بکەی لە کوپی خمخانیّ
هەوڕۆ سیّ ڕۆژە عەلی بەگیان ناردە یەزیدی خانیّ "

گوایە دایکی عەلی بەگی داسنی تۆڵەی خۆی کردۆتەوە سەدان سوارچاکی سۆرانی ←

ناوەڵا دەرێم لە کوێستانێ سرێشمەییان ، لەسەر پردێ رواندوز ێ ، لە بن ئاوێ جوندیانێ ، لە گەردە گەردەی بێخاڵێ ، لە سەر قەراتی کاولە بێجانێ .

ئەوجا دەرێ براینە برادەرینە.. سبیانان گەلە گەلە فێنکە لە زینوێ و خەلانێ لە رایات و لە چۆمانێ لە دەشتی حاجی ئۆمەرانێ لەبەر خاترێ کیژۆرە عەجەمان گەلە گەلە بە نازن مارموێرانبی لە سەر حەوزە گەورەی بۆکانێ ،

ناوەڵلا بەژن باریك و ئێخە بە دوگمەو چاو بەرەك دەوریان لێدەدام لۆیان بگێرم تاوەك بەندە لەگە سەیرانێ .

* * *

وەڵلا دەرێم براینە برادەرینە ئەورۆ ئێوارێ دەرێم براینە برادەرینە گردەسۆری سیانان بێ نازدار نابی ، دەچمەوە بانێ ئۆمەراوە قەدیمەن قەدیم براینە چبکەمێ بێ ڕاوچی نابی .

دەوجا دەرێم غەم و خەفەتی ڕووتی و ڕێنجبەری و فەقیرو هەژاریم نیە، غەمم ئەو غەمەیە بەژنێ باریکەرانە سەریێ چەند ساران گەورە کیژە دانیشتی یە لە مارە بابی .

* * *

---

←کوشتۆتەوە !

لە سێدارەدانی عەلی داسنی کاری لە خەڵکی ناوچەکە کردو پەژارەی ئەو سوارچاکە بوون بۆیە هەر لەو ڕۆژەوە ئەو گەلێ یە بە ڕووداوی عەلی بەگ داسنی ناسراوە .

گوایە عەلی داسنی خەنجەرێکی زۆر بە نرخی لە بەر پشتی دابووە لە کاتی سێدارەدانی خەنجەرەکەی دەکەوێتە دەست مەلۆکی میراجی لە دوای ئەو بۆ ڕەشە ئاغە دوایی بۆ عەولا چاوەش دوایی بۆ حوسێن عەلکێ ئینجا بۆ کوڕەکەی کە ناوی ئەحمەد بووە ئەویش فرۆشتویەتیە وسو کەچەلی رۆستێ ئێستاش لە لای عەلی وسوە بەڵام داخی گرانم لە بەر چەند هۆیەك وێنەگرتنی خەنجەرەکەمان بۆ نەکرا .

دەوجا دەرێم براینە برادەرینە دیسان دەرێم براینە برادەرینە ئەگەر ئەورۆ ئێوارێ گەوارەکی دیناوە لە منی خانەوێرانێ گەلە ڕەشە ، ناوەڵلا چەندە دەتاری لە من تەڕ دەکاتەوە قەرەچوغێ مامە سێنیان کانێێ غەزاران خەندەکی خەلیفە ی ، برندی نۆجەیێ سەرنازی دارکەری لهێبی گەردەن کێلی یە لە قەپرانی .

تەڕ دەکاتەوە قەراتە سۆرانی مەرزان ئازی کەندی بندیانان ، دووسەرەی ، بابی حەمەی ئاغەی ، براینە گەلە کەسەردرام ناوەڵلا تەڕ دەکاتەوە قەراتەکەی قورشاغلوی ، پەرچەشێ ئۆرمزیاران زوورگی

شێخ سمایلی ، چاوڕەشێ بامەندان غەرابەی سیانان ئەی هاوارە دەشێوێنی تافتەو هیزاری کیژۆکاری شەعەل و گورگە و سێبران و کاولەکەنداری .

* * *

ئەوجا دەرێم حەیران حەیرانە حەیران (هەمین)ە ، گەردەنی زەردە مەمکی هەنگوینە ، ڕوومەتی گورە سینگی سپی نە ، سوندەکم خواردیە بە سولتان عەولای ، بە حوسێنی غازی پاشی ئەو غەددار بابەی چ دۆستان ناگرم چ یارم نینە" .

* * *

# ئاوڕدانەوەیەك لە حەیران

حەیران ئەو ئاوازە تایبەتی یە ، ئاوازی شمشاڵی شوانەکانی دەشت و دۆڵ و پاڵ شاخەکانی کوردستان ئەو دەنگە زوڵاڵەی ڕەسەنی کورد ئەو پەخشانە ڕازاوەی سەروبن گرێدراو ئەو دەنگەی کە مرۆڤی کورد دەگەڕێنێتەوە جیهانی فرەوان و ڕەسەنی نەتەوەی کوردو بە ئاسمانی کوردستان باڵە فڕکێ دەکا ..

ئێشو ئازاری شوان و گاوان و جوتیاری کورد لە یاد دەباتەوەو دەبێتە هەوێنی خۆشەویستی سەپان و گیشەگەری وولات، سەرەڕای ئەوەی ئەو شوێنە دڵڕفێنانەی خاکی کوردستان و جێ ژووانی دڵداران دەست نیشان دەکات و بە خانەدانێتی و قارەمانێتی ئەو هۆزو عێلانەدا هەڵدەڵێ ژیانی ساکاری ڕابردوومان بە ئێستای شارستانیەت دەبەستێتەوە .

حەیران بەشێکە لە بەشە فرەوانەکانی گەنجینەی نەتەوەی کورد هەر چەندە ئەوجۆرە گۆرانیە تایبەتە بە ناوچەی خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر، بەڵام لەبەر تاموچێژی توانیویەتی ئەو سنورە تەسکە ببەزێنێ و بگاتە بناری هەیبەت سولتان و سەر لووتکە بەرزەکەی قەندیل بەڵکو خۆی گەیاندۆتە ناوچەی موکریان و لە دەوروپشتی حەوزی بۆکان خولی خواردۆتەوەو بەرەو حاجی ئۆمەران گەڕاوەتەوە، دەنگی زوڵاڵی بردۆتەوە نێو ئەشکەوت و گوێچکەی ئەو خانمانەی سەر کانیی و کانیاوی زینوێ و دەربەندی رایات لەوێوەش بەسەر لوتکە بەرزەکەی هێندرێن و زۆزك بەرەو داری شەکرانێ[(1)] و

---

(1) داری شەکرانێ : دارێکی دوو لکیە لە ناوچەی (زراری) نزیك هەولێر ، لەدێرزەمانەوە دەگێڕنەوە گوایە دوو برا هەبوون (لاوەند)و(چۆلی) ئەو دوو برایە بە هەژاری و دەستکورتی چوونەتە ناوچەی زراری و بوونەتە گاوان لە پاش چەند ساڵێك گوزەرانیان زۆر باش بووە ڕۆژێکیان برا گەورەکە چۆلی بە لاوەندی برای دەڵێ : برام ئەوڕۆ ←

ناوچەی بەڕانایەتی و شەمامك گەڕاوەتەوە کانگا لە باوەشی قەراج و لە بێژنگ بەسەری پەڕوباڵی گڤ دەکاتەوە .

بەڵام بە ڕای من لەوکاتەی ئەو گۆرانیە لە کانگا بەدوور دەکەوێ کەمێك لە تاموچێژی تایبەتی خۆی بزر دەکات و حەیرانبێژەکانیش سەرکەوتنیان لەو مەیدانە کەمە !

ئەگەر بێتو سەرنج بدەینە ئەو حەیرانانەی سەر شەریتی کاسێت و لاپەڕەکانی بڵاوبۆتەوە.. بۆمان دەردەکەوێ کە حەیران سنورێکی تەسکی هەیە

---

←داوەتە لە گوندی .. شادومان دەبم ئەگەر بێت و ئەوڕۆ بچیتە داوەت و منیش گاڕانەکەت ڕادەدەم .

لاوەندۆش بەرەو ماڵ دەکەوێتە ڕێ .. بۆ ئەوەی رانکوچۆخەلی لەبەربکات بۆ ئەوەی پێی بچێتە دیلانێ لە کاتی گەیشتنەوەی بۆ ماڵ براژنەکەی داوای لێ دەکات کە کارێکی وای لە گەڵ بکات !!! نەوەك خەڵکەکەی بەخراپی تێدەگەینێ !

شووبراش ناکاتە نامەردی هەرچوار پەلی دەبەستێ و لە ماڵەوە وەدەر دەکەوێ لەوکاتەی چۆلی دەگەڕێتەوە ماڵ .. سەری سوڕ دەمێنێ ! بە خێزانەکەی دەڵێ : کچێ ئافرەت ئەوە چ ڕووی داوە ئەویش دەڵێ: برات بزانێ ! بە زۆری ڕووی ڕەش کردم !! چۆلیش بە نەفامی خۆی دەستی دایە تفەنگی و بەرەو شایی کەوتە ڕێ .. لە هەڤاڵەکانی لاوەندی پرسی : کوا لاوەند ؟ ئەوانیش ووتیان : کەمێك خەمناکە ڕووی کردە ئەو گردەی ئەو بەر .

خوێن بەری چاوی چۆلی گرتبوو بۆیە گەیشتە لای لاوەندی براو دوو گوللەی ڕێژنە کردێ

لاوەندیش پێی ووت : برای ئازیزو خۆشەویستم بەو خودایەی کە دەیپەرستین داوێن پاکم! بۆ نموونە ئەو گۆپاڵەم بکە کێلی قەبرم ئەگەر بۆ بەیانی سەوز بوو پەلکی گرت ! ئەوە بزانە هیچ تاوانم نیەو نەبووە .. ئەگەر هەروەك خۆی مایەوە ئەوە بزانە حەرام زادەم.

چۆلیش قسەکەی جێ بەجێ کرد بۆ سپێدە دەچێتە سەر گۆڕی لاوەندی برا وەك بڵێ ی ئەوە چەندان ساڵە ئەو گۆپاڵە دارێکی سەوزو جوانەو لەو شوێنە چاندراوە ! بۆیە پەنجەی پەشیمانی دەگەزێ و دەگەڕێتەوە ماڵ سەری ژنەکەی خۆی دەبڕێ و ڕوو دەکاتە ووڵاتی غەریبی گوایە ئەو دارە گۆپاڵی لاوەندۆیە کە ئێستاش لە سەر گردێکی ناوچەکەیە .

بە مەزنەدەی مـن لـە بنەبنـەی بـایز براخـی[1] تـا دەگاتـە گـەلی عـەلی بـەگ جـار جاریش دەپەڕێتەوە هەروەك دەست نیشانم کردووە جگە لەو ناو و شوێنانەی کە بۆ کینایە بەکار دەهێنرێ .

زۆر لـە ڕۆشـنبیرو هونەرمەنـدانی نەتەوەکـەمان خۆیـان مانـدوکردوەو کـەم تەرخەمیان لە بڵاوکرنەوەی حەیران نەکردووە بەڵام چەندان بەخشانی حەیران هـەن کـە تـا ئێـستا ڕووناکی نـەدیووە – واتـە لەسـەر شـەریتی کاسـێت تۆمـار نـەکراوەو لـە سـەر لاپـەڕەش بڵاونەبۆتـەوە – ئـەوەش دەگەڕێتـەوە سـەر ئـەو خۆشەویستانەمان کە تا ئێستا بە چاوێکی کەم تەماشای هونەری نەتەوەکەیان دەکەن !

کەرەسـەی ئـەو بابەتـەم – واتـە حـەیران – زۆرە بـەڵام لەوکاتـەی بەراوردم لـە نێـوان ئەوانـەی کۆمکردۆتـەوەو ئەوانـەی بڵاوبونەتـەوە کـرد تـا ڕادەیـەك جیاوازییێکی ئەوتۆیان نیە بۆیە کەم تەرخەمیم لێی کرد جگە لەو حەیرانەی کە لەم بەرهەمەم بۆ نموونەو لێدوانم بڵاوی دەکەمەوە ..

شـایەر وەیـان حەیرانبێـژ شـۆخێکی نـازدار لـە هۆزەکـەی وەیـان لـە گەنـدو ناوچەکەیان دڵی فڕاندووە ، ماڵی باوکی خۆشەویستەکەی جا لەبەر ئەو هۆیە بـێ یـان بـۆ گـوزەرانی.. ویـستویانە هـەواریان بگوازنـەوە لـە ناوچـەکە بـەدوور بکەون.. .

بۆیـە ئـەویش هانـا دەباتـە بـەر برادەرەکـانی و هـەواڵی گواسـتنەوەی مـاڵی خۆشەویستەکەی پێیان ڕادەگەینێ و باسی ڕووداوەکەیان بۆ دەکات، کە چۆن و چـی کـردووە لەوکاتـەی کـۆچ و کۆچـباری ئـەوانی بینیـووە ، ئـەو ڕووداوە دڵتەزێنـەی دەکاتـە پەخـشانێکی ڕێـك و پێـك و بـە دەنگـە سـووتاوەکی زرنگـە لـەگوییێ ی زەمین دێنێ ، لەو شوێنەی کـە مـاڵی حـەیرانی ، خـۆی لێـی دابـەزی بوون و هەواریان لێی گواستۆتەوە قۆناخ بە قۆناخ ، ناوچە بە ناوچە ، گرد بە

---

(1) بایز ، ناوە – براخ ، بڵاخ بە تورکی مانای ( کانی) دەگەینێ واتە ( کانی بایز) کۆنە ناوی قەزای مخموورە .

گرد پێیدا هەڵدەڵێ :

بە جوان و شۆخ و شەنگی یارەکەی ، بە خانەدانێتی ماڵی باوکی ، بەو ڕێ و شوێنانەی کە لێی دادەبەزن و باردەکەن تا دەیان باتە هەواری نوێ یان ماوە ماوەش وەفاداری خۆی و سەرنانەوەی لە ڕێگای ئەڤینیەکەی باس دەکات و داوا لە دڵدارەکەی خۆی دەکاکە وەکو ئەو لەسەر پەیمان و بڕیاری خۆی بمێنێتەوە  تا لە کۆتایی سوێند بۆ یەکتر دەخۆن کە هیچێکیان دڵ نەگۆڕن تا بۆ یەکتر دەبن .

بە ڕاستی ئەو جۆرە دڵداریە جێگای شانازی نەتەوەکەمانە ، ڕۆڵە داوێن پاکەکانمان بوونەتە مۆم لەو ڕێگایە خۆیان سووتاندووەو بوونەتە پێشڕەو.. .

# بەیتی شۆڕ مەحمود

کوڕو کچەیان لێك مارەکرد ، بابی کوڕەی مرد ، بابی کچەی ما ، کوڕەکە وەختی زەواجی کرد ویستی بچێتە کن مامی کچێ ی بداتێ ، مامیشی پێی خۆش نەبوو بیداتێ ، ناردی لە بۆ شەڕی! بۆ خاتری وەی کە لە شەڕێ بکوژرێ و نێتەوە دا کچەکەی نەداتێ ، ئەویش دەچێ خواحافیزی لە مەرزنی ئامۆزا دەکا :

**کیژێ بێ باسەت و باسەت پێ نەدراوی ،**

**ئەوە شەڕە ئێستا دەست دەدەینە مەقەندالی ،**

**بابت دەمنێریتە سەفەری تێناگەم نە بەبریندداری دێمەوە نە دێمەوە نە بەکوژراوی نە بەنەخۆشی دێمەوە نە بەئەنگواوی ،**

**زەردە مەمکانت لە منێ غەریبێ حەپس کردووە لەژێر کراسەکەی مەحمەلیدا بە میسالی ،**

**هەرمێ گولاوی موئمنی دوعای بەخێرم ۆ بکە ئێستا لێ نەقەومای ،**

**ئەمن دەچمەوە سەفەرێ تەرك و تورکمانی ،**

**ئەتوو دەبی زۆر گەلێك خوێنت بێتەوە لە دوو چاوی ،**

**ئەوە کاری بابمە دەنێرێ بۆ جەنگی یە ،**

**چووکەلەی هەمەوەندی سمێڵی کامەڕی یە ،**

**ئاگادارت بی ئەلیاسی لە بەحرو خدری لەچۆل و بەڕی یە ،**

**بەئەمانەت دەدەم بەدەستی ئیمام موسای کازم و حەزرەتی وەیسەل قەرەنی یە**

**دوازدە ئیمـامی دەشـتی[1] بەغدایـە ئاگـادارت بـن ئەگـەر ماونەتـەوە بەشەهیدییە ،**
**یاڕەبی لاوە لە پاشت بەجێ نەمێنێ بەژنەکی باریك و دوو کوڵمە لیمۆیی یە، خەبەری ناخۆشم بۆ نەیە سەرم بەرمەوە بەر کووپەڵەی دەخمی یە ،**
**خودا ئاگادارت بی ، پاشی توو زیندەگانیم بۆ چی یە ،**
**ئەمن ئیفتخار دەکەم ئەتوو هاتیە کنە من بە عەزەمی خوداحافیزی یە ،**
**ئاگادارت بی ئیسماعیل و میکائیل و جوبڕائیلی عاسمانی یە ،**
**شەرتبی تا دەمرم بۆتبکەم یا ئەڵلا ئەڵلا ڕەبی یە ،**
**ڕەبی هەر تووم بە قسمەتبی، پاشی توو قسەتی دیکەم نی یە ،**
**ڕەبی کۆمەکت پێ بکەن چل سوارەی غەیبی یە ،**
**هەتا دێ یەوە لەمن وایە (بێ ئاو)[2] چۆلە ، ئاوەدانی تێدا نی یە ،**
**دادەنیشم بەسەری بەتاڵ و بەملی بەکوێرو بەدڵی شکستی یە ،**
**خاڵەك لەبەر چرایە.. دادەنیشی چرا ڕووناکی یە ،**
**کەتوو لەوێ دیار نەبی ئەمنیش دەکەومەوە تاریکی یە ،**
**زەینی خۆم دەداوە دەرکێ ماڵە بابم لە سواران گرمە گرمەو ناڵە ناڵە ،**
**ئەوڕۆ دەروونم خۆش نایێ زارم یەکجاری زۆر تاڵە ،**
**دڵم وەکو هەوری عاسمانێ گەواڵ گەواڵە ،**
**پێم خۆش نیە لاوە بچیەوە سەفەرێ تەرك و تورکمانە ،**
**بەبێ سەندو قەباڵات، بەردی ساردو گەرمت نەییێتەوە سەر ڕێ یە ،**
**لاوەکەی من حەیفە کەمێك منداڵە ،**

(1) بـەڕای مـن ئـەو ڕووداوە لـە ناوچـەی لوڕسـتان قـەوماوە ، هـەروەها لەسـەر ڕێبازگـەی ( جەعفەرین) ، چونکە موناجاتەکان وا دەچەسپێنێ.

(2) شـوێنێکە لـە لوڕسـتان ، گـۆڕی شـاهزاد ئەحمـەد لـەو ناوچـەیە نێـژراوە ، کـە بـەخاکی کەلوەند باوە .

**بە دوور بی لە دەردێ لە بەلاّیێ ، ڕەبی زوبانم بیتەوە لالّە ،**
**بە میرات بەجێ نەێلی بەژەنەکی باریك و دوو چاوی کالّە ،**
**ئەمن قسەکیت پێ دەلّێم ئەتوو پێم بدەوە گێیێ یە ،**
**لە دلّەکەی من گەڕێ چەند لە ژانە ،**
**دەلّێی بەحری شنوییێ یە لاوە ،**
**ڕەبی بەردی ساردو گەرمت نەێتەو سەر ڕێ یە ،**
**خودا بەوێ ڕۆژێ نەکا ، لە دونیایێشم بەس بۆ نەبی لە قیامەتم تەمات پێیە ،**
**لە دلّەکەی من گەڕێ چەند لە ئێشە چەند لە ژانە ،**
**ڕاناوەستی لەبەر ئەوێ ناچڕەوێ لاوە ،**
**ڕەبی عومرت بەسەد سار ڕابڕی ،**
**چاوت بە من بمێنی بە چاوی بازی ،**
**ئەبرۆت بە من بمێنی بە تیژە پەڕی سەقەری ،**
**شەمالّی دێ جار جار خۆ داوێتە سامالّی ،**
**جار جار خۆ داوێتە بن گەوالّەی هەوری ،**
**بابم پەلّپی لێ گرتووی ، لە خوادام تەلّەبە بگریتەوە ئازاری گلّی ،**
**تەما دار بووین ئەو سالّەکانە چیغ و چادرمان بچیتەوە هەوار خدری ،**
**موقەدەری هەق دەستی لاوی نەهێشت تەواو نەبوو خەیالّ دەگەلّ فکری،**
**ئەمما لە تەرك و تورکمانان بێیەوە پێم چاکتری ،**
**ئەتوو زەینەکەی خۆت بدەوە کراسەکەی مەحمەلّداری ،**
**لە سەر گراوی پانێم وەکو فەڕەنگی ،**
**تەماشای زەردە مەمکانم کە لەبن کراسەکی مەحمەلّداری هەلّدێنێ ژەنگی،**

**هەتا دێ یەوە دادەنیشم بە خەمناکی و بەبێ دەنگی ،**
**لە خودام تەڵەبە سەفەرت سەعادەبی ،**
**لەبەر بەڵای عەرزو عاسمانێ نەلەنگی ،**
**لە دڵەکەی من گەڕێ چەند لە ئێشە چەند لە فکرە چەند لە خەیاڵە ،**
**خوداوەندی میری مەزن تەرقێت بدە ب بەختی ئقباڵە ،**
**زەینەکەی خۆت بدەوە ئەبرۆی کەمەنکێش و دوو چاوی کاڵە ،**
**لە دڵەکەی من گەڕێ چەند لە ئێشە چەند لە ژانە چەندی لە کاوە کاوە ،**
**زەینی خۆم دەدا کۆسرەتی شاڵەبەگیان لێی دەپشکوتن هەڵاڵەو بەیبون و شلکە گیا خاوە ،**
**نێرگز بۆنی خۆشە تازە جنجنی بەگوڵەوە ناوە ،**
**لە خوداوەندی میری مەزن دەکەم لێت ببینم کام و کاوە ،**
**ئەتوو دەزانی زۆر ناڕەحەتم تازە بنی مەمکانم داناوە ،**
**خۆ لە خەڵکی حەرامە چونکە خودای تەعالا بۆ پەنجەکوشینی بۆ تۆ داناوە ،**
**چونکە دەڵێن مەرزن گیان لە شۆڕ مەحمودی ، مارەکراوە ،**
**ئەتوو تەماشای کوڵمەت نەکردم دەڵێی شەمامەی حەفت ڕەنگی یە ، شەختەی پایزیێ لێداوە ،**
**ئەتوو تەماشای بەژنێم ناکەی دەڵێی چناری عەرعەرە ،**
**بە عومری خودای بەبێگرێ خوڵقاوە ،**
**خودای تەعالا ئاگادارت بی و ئەو پێغەمبەرەی ئەگە خودا لەشەڕافەتی ووی دنیای داناوە ،**
**ئەتوو دەزانی ئەمن زۆر ناڕەحەتم جەرگ و دڵم لەوێدا سوتاوە ،**
**دەسەڵاتی بابم نیە ، دەنا کارێکی وام دەرکرد نەچیەوە ئەوێ سووکە**

**سەفەرێ پێم دەڵێن مەرزن گیان حەیای نەماوە ،**

**ئەوە شۆڕ مەحمود لە پشتی وڵاخی دەکرد زینەکی مورسەع ، لە زاری دەکردەوە دانە لغاوە ،**

**هاواری دەکرد وێنس و سالح ئەلیاس لە بەحرێ دا ماوە ،**

**ئەوانە تکاکارم بن سەفەرم هاتوو نەهاتە ،**

**شۆڕ مەحمود دڵم خودا تۆفیقی داوە ،**

**ئەوە حاکمەکی تەرك و تورکمانێ ستاندو گەڕاوە ،**

**جا دەبێ کێژێ لەم کێژانم زێدە ،**

**سینگم بۆ بکەی بە باغی شەداد، بۆ منی هەڵێنیەوە گۆشە چاوە ،**

**هێندەك بڵێن عۆری عاسمانە ،**

**هێندەك بڵێن خێر کۆترە سەری لێ شێواوە ،**

**قەرەزوڵفت دەڵێی ڕەشە رەیحانێ شەواوی لێندراوە ،**

**سینگت بە من بمێنی بە دوکانی خواجە حەسەنی موسڵی دوکانی عەسرە ،**

**جوتێك فجانی لێندراوە ،**

**کوڵمەت بە من بمێنی بە گوڵی دەکوێستان خونچێ تازە ،**

**شکۆفەی داوە ، بولبول لەسەر گوڵ دەخوێنێ حەیفە پەیمانمان دەبێتەوە بڵاوە ،**

**هاوارم وەبەر دوازدە ئیمامی دەشتی بەغدایێ ، لەو سەفەرەی بە ساغ و سەلامەتی بگەڕێ یەوە دواوە ،**

**جا خوداحافیزیت لێ دەکەم دەوڵەت زیادو ماڵ ئاوە ،**

**نازانم نە ئەجەلە نە خوا تەرەقی لە شانی من داوە،**

**ئەمما ئێوارەو سبحینان ئەو جێ یەکەی بۆی دەچین بۆ گۆشەی دیوارێ**

، بۆی دادەنیشتن بۆ حوکماتیٚ ،
کوڵمەت بە من بمێنی بە شانەی هەنگوینی بە ووردە نەباتی ،
تا ئێستا ڕۆژیٚ سیٚ جارم دەدیتی پێم وایە ئەوجا لە من دەبیەوە بەقاتی،
چونکە ئەمن دەچمەوە بە سەفەریٚ هاتوو نەهاتی ،
لە دڵەکەی من گەڕیٚ چەند لە ژانە ،
گەردەنت بە من بمێنی بە بەیداخی (ڕۆم) یان ، ئەگەر با دەشەکێنی چلەی زستانە ،
چاوت بە من بمێنی بە ئەستێرەی ڕۆژیٚ ئەوە هەڵات لە پیرە کوێستانە ،
دوعای خێرم بۆ بکەن خزمینە پێم وایە وەختی دەست لێك بەردانە ،
لە دڵەکەی من گەڕیٚ چەند لە ئێشە لە ژانە چەندی شێواوە ،
ئەگەر خودا دەکا لەو سەفەرەی دەگەڕیٚ یەوە دواوە ،
سینگمت بۆ دەکەم بە باغی خواجە حەسەنی ، ئەگە تازە ڕیشەی هەناری لێداوە ،
تورنج و نارنج لەوێدا بەریان هیناوە ،
ئێوارەو سبحەینانی لیٚ بکەوە شەوڕاوە ،
جا ئەوجا لە خۆت دەبینی کام و کاوە ،
پێغەمبەرانی عالەمیٚ ئختیار ئەگەر پێغەمبەرەکی شادەمان بە شانی هێناوە ،
بەدووربی لە بلێسەی گەروشێن و لە شینگەی قەرەبیناییٚ لەدەست ڕمبی عەولا حەسۆی ئەگەر دەڵێن خراپ خولقاوە ،
ڕەبی دووربی لە دەردیٚ لە بەلاّییٚ ،
بەدووربی لە بلێسەی گەروشێن و تەنگەی زێوو شرینگەی قەرەبینایی ٚ ،
جا من چۆن کوێر نەبم دەنگی رەسو خالیٚ خالیٚ و ئاوەزەنگی لاوەکەی من

لەبەر دەرکیَ ماڵەبابم نایێ ،
جا من چۆن ئازارێك نەمگریێ ،
ئەگەر نەڵێم سینگ و بەرۆکی من دەستی شۆڕ مەحمودی تێدایە ،
شەرتبی نەیێڵم بای شەماڵ بچیتەوە نێو سینگ و مەمکانم هەتا لەو سەفەرەی دەگەڕیێ یەوە دواوە ،
لە دڵەکەی من گەڕیێ چەند لە ئێشە چەند لە ژانە ،
بۆ دەرمانی دڵم ژانی نابیێ هێدی یە ،
شۆڕ مەحمود دەپیێ ی کردووە جوتێك چەکمەی سمایل نەمامی بنی کوردی وەستا نەسری یە ،
سواربە لە وولاخی خاڵ خاڵ عەسل شێر غەزاڵی یە ،
سمت تەبەقی گویێ مەسقەتی عەسڵە بەحری یە ،
لەشانی کردوە ڕمبەکی دەمڕەشی هەژدە قەڤ یە ،
بەخوێنی نەکردووە لیێ دەتکێتەوە دڵۆپەی دەخوێنی یە ،
لەبەرێی دایە خەنجەرەکی دەبان عەسڵە وەستا کاری یە ،
قەدیمی زەمانیێ دەڵێن لەبەر کەسدا خەنجەری وانی یە ،
لە سەری ناوە چەپکەکی پەڕی تاوس کەسك و سوورو سپی یە ،
ڕەبی بەدووربی لە موقەدەری حەفت دەستی ئیلاهی یە ،
بەجیێ نەیلی بەژنێکی باریك و سینگێکی سپی و دوو چاوی بەنگی نییە،
خۆ قسەم بەوەیکەم نەلەگوینی کەسە ، نە کەسی لە گوینی یە ،
خۆ لەتوو زیاتر من تەمام بەکەسی دیکە نی یە ،
دەترسێم خاتری خۆتکەی جوان چاکیم بەبیێ مرادی بەرمەوە بن باری سیدە گلی یە ،
ئینشاللاّ قسمەتی تۆیە قسمەتی هیچ کەسی دیکە نی یە ،

ئەدی نایێ ی ماچ بکەی لەبەر لوقمە قازی نان شوکری یە ،
هەڵی بگری بە ئەمانەت و بە دینایەتی یە ،
ئەدی ناڕوانیە گواران ، تۆپان، تەلسمان ، زێڕان ، زەنجەقان ، ئاوزەنگیان ، کرمەکان دەگەڵ بەندی پیرەگواریێ ،
ئێواران ئەگەر وردە پەرچەم بەسەر کوڵمەی ناسکدا دێنەوە خواریێ،
گژنیژەی گواران دەپشکوی وەکو گوڵی دەبەهاریێ ،
بەعومری حەفت دەستی ئیلاهی زوخم و هووردە خوساوی پایزانیان لێ دەباری ،
ڕەبی خوداوەندی میری مەزن ئاگادارت بی، بەجێ نەیڵی جوتەك مەمکی تازە خڕم کردووە وەك هەناریێ ،
ڕەبی بابان وێرانم قەلەندەرم پاشی توو فرمێسك لەچاوم دەباریێ ،
لە دڵەکەی من دەڕێ چەند لە ئێشە چەند لە ژانە چەندی لە بەندی بەندییە ،
خۆمن هەرچەندە تەماشا دەکەمە سینە وەکی خورمای یە ،
خۆ لەتوو زیاتر کەسم لە ماڵە باب و بابەوانانداا نی یە ،
ئامانەت دارتبی حوسێنی شەهیدو خدری لە چۆل و بەری یە ،
شاهی نەقشبەندو غەوسی گەیلانی یە ،
ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان و عەلی هەرچوار یاری دەنەبی یە ،
ئەمانەت داری تووبی حەزرەتی وەیسەل قەرەنی یە ،
یونس لە دەریایە لە زگی ماسیدا قەراری نیە
لە دڵەکەی من گەڕێ چەند لە ئێشە چەند لە ژانە ،
لادە ووردە پەرچەمان ئەگەر بەسەر کوڵمەی ناسك و شلك داوێنەوە خواریێ ،

عەکسم بکێشە لە جێگایەکی چۆل و بەڕێ بڵێ: هەر من هەمە دۆست و یارێ ،
بۆ توو دەبیتەوە قنیات و بە حەسەنەوات هەموو سبەحەینان و ئێوارێ ،
باز ئەوە هاتەدەرێ لە قۆشخانە شمقارە بازە شەهێنە تەولانە ،
ئەوا مەرزن گیان دەگریێ دەڵێ: خوداوەندی میری مەزن جوتێك هەناری لەسەر سینگی من دایە ،
وەختی ئەوانەیە کامڵ بن وەختی دەست لێدانە ،
یان دەبی ماڵی لاوەکەی من بن، یان بە جوانەمەرگی دەیانبەمەوە بن گۆڕو گۆڕخانە ،
سەلای گەورەو گرانم لێ ڕابوو کلفەتان بۆم بگێڕن شینگایێ بۆم دابنینەوە خمخانە ،
دڵم یەکجار زۆر لە ئێشەو لەگەرمە ژانە ،
زۆر دەترسێم شۆڕ مەحمود بەخودای پێم وایە وەختی دەست لێك بەردانە ،
ئەوە بوو بە هەڵا هەڵاو گرمەگرمی سواران هەر کەس لە خزم و عەقرەبای خۆی دەکا خوداحافیزی یە ،
لەشکری وا لە هیچ شاخاتێك دا نی یە ،
شۆڕ مەحمود دەگەڕاوە بۆ حەرەمخانە بە عەزمی خوداحافیزی یە ،
دەیگوت: کیژێ لە کیژانم زێدە ،
ئەمن گۆمەکم نیە ، ئەمما زۆرم ئومێد بە بەژنەکی باریك و دوو داوو دەلنگی حاجی حوسێنی یە ،
قوربانی دوو چاوی شەهێنت بم دەگەڵ سینگەکی سپی یە ،
هاوارم وەبەر حەزرەتی ئیبراهیم و حەزرەتی ئیسماعیلە ،

ئەگەر بۆ وان داندار کابەتوللا بە ئەسەحی یە ،
مەرزن گیان دەگرییٚ بەچاوێکی بازو بە ئەبرۆیەکە شەهێنە ،
دەڵێ خوداوەندی میری مەزن ، ئەتوو شۆڕ مەحمودی لەمن مەستینە ،
پلپەکی بەربەرانی دەکەم نەزری خێری مەولودی پێغەمەری بۆ فەقیرو هەژاری بیٚ وێنە ،
ئەی خالەقی میری مەزن ئەتوو بە کون فەیەکونیٚ دنیات دانە ،
وەجەرگی دوژمنیٚ لاوەکەی من بکەویتەوە تیری سەر بە پەیکانە ،
بە میرات لە پاشت بەجیٚ نەمینیٚ بەژنەکی باریك و کیژەکی وەکو مەرزن گیانە -،
ئەی خودایە، خودایەکی بیٚ مەکانە ،
ئەگەر توو عەرزو عاسمانت بە کون فەیەکونێك دانە ،
تابووتی بۆ دوژمنی لاوەکەی من بێنن ، بۆی بێنەوە گۆڕو گۆڕخانە ،
ئەوە مەرزن گیان لەدەستی دایە نارنجێکی قیمەت گرانە ،
بەدەستی خۆی نوسیویەتی و لافی ئاشقانی لێدایە ،
هاڕەی نارنجی دەهات ، شۆڕ مەحمود زەبری دەکەتەوە سەرشانە ،
لەی وابو خودا خەنی دەکا چونکە نارنجی جانانە ،
ئەوە شۆڕ مەحمود بەشانی ڕاستەدا ئاوڕی دەداوە ،
مەرزن گیان دەتگزت جەیرانە سەری لیٚ شێواوە ،
بەزاری زەردە خەندە فرمێسکی دەهات لە هەرتك چاوە ،
دەیگوت لە دوعای بەخێر زیاتر چ دەسەڵاتی دیکەم نەماوە ،
خوداوەندی میری مەزن ئاگادارتبی ئەی لاوە ،
تۆز بڵند بوو لەیلی خستە بەری عاسمانیٚ ،
خوداوەند ئەتوو بەسرپومارو مێرو دەزانی، دەردی دڵی من بۆ حەکیمی

نیە ؟ وەدەست ناکەویتە دەرمانیٚ ،
چاوەڕێی ئەوەم ئەگەر بگەڕێتەوە لاوەکەی من دەگەڵی ببمەوە بە کامڕاوی بە ئەملانی ،
جا ئەوە لەشکر ڕۆیی گەیشتنە تەرك و تورکمان ، خولاسە لەشکر بەرامبەر یەکبوون ، لە ویٚش بابی کچەی ناردوویەتی کن ئەو لەشکرەی ئەگەر بێت و من ئەو لەشکرەم ناردوە سەر ئەوان ، ئەوان نەیٚڵن بە هیچ کوللێکی ئەو شۆڕ مەحمودە کە برازای منە ، نەیٚڵن بە ساغ و سەلامەت بێتەوە .
دەجا وەرن سواران باوەخڕبن دڵەوگیری دوژمن بکەن رۆژی لیٚ قەومانە ،
کەلەك دەکەوێتە گۆڕیٚ ، ڕۆژی دڵ ئیٚشانە ،
غافلی شۆڕ مەحمود مەبن پیاوێکی زۆر گەرم و زۆر چاك زانە ،
ئابڕومان نەبەنەوە لیٚمان بستیٚنی مەمەلەکەتی تەرك و تورکمانە ،
سەڤ سواران دەگیرا هەموو نوودو پشتی زیٚڕی لەخەنجەری داوە ،
زددی شۆڕ مەحمودینە تا لەو سەفەرەی نەگەڕێتە دواوە ،
لەشکر بەرامبەری یەکتر دەبو دەنگی قەرەبیناو ڕمبی هەژدە قەفیان دەداوە ،
شۆڕ مەحمود هەر جاریٚ رکیٚفی بۆ وولاخی شیٚر غەزالی دەردەهیٚناوە ،
دوازدە کەسی لەمیرو سەردار عیٚلان فڕیٚ دەداوە ،
مەستی مەرزن گیانە دەربەستی مردن نیە ، هیچ ئاگای لەخۆی نەماوە ،
وا دەزانی دەستی لە گەردەنی مەرزن گیان دایە ،
هەر نازانیٚ ڕۆژی دڵ ئیٚشان و لیٚ قەوماوە ،
سەنگەری بەتاڵ دەرکدن لەشکری عەوڵای حەسۆی دەشکاوە ،
جۆگەلەی خوێنیٚ جاری دەبوو دەڵیٚ ی سیٚلاوە ،

هیچ کەس لەبەر دڵ ئێشانێ ئاگای لەخۆی نەماوە ،
شۆڕ مەحمود تەنگەی زینی شل نەکردۆتەوە ،
لە زاری وولاخی دەرنەهێناوەتەوە دانە لغاوە ،
وابزانم سامی نەریمانە تازە سەری لەبن گڵی دەرهێناوە ،
یانە عەزرەتی عومەرە، ئەگەر لەشەڕی یەزدو گوردی دەگەڕاوە ،
یانە خالندی بنی وەلیدە ، ئەگەر سی و دوو لیفکەی بەسەر عەرزیدا بەردەداوە ،
یانە عەزرەتی عەلی یە ، ئەگەر لە خەیبەرێ دەروازەی لە ریشە دەردەهێنا دەیکرد ،
بە پردو تەواوی ئەسحابانێ پیێ دەپەڕاوە ،
یانە ئەحمەدی شەنگە ، ئەگە سوار دەبوو لە وولاخەکی لەیل و پەر، لەی وابی هیچ کەس لە دنیادا نی یە ،
ئەوە ئاشقەو هیچ ئاگای لە خۆ نی یە ،
چونکە بۆ خۆی لەشەڕێ یەو روحی لەکن مەرزن گیان حەپسی یە ،
چونکە سبحەینان ئەگەر سوار دەبی پیێ ی لە رکێفی دانە ،
بلێسەی گەروشین و قرمەی خەنجەری دەبانە ،
بۆخۆی لە شەڕێ یەو روحی لەکن مەرزن گیانە ،
مەرزن گیان دڵی بردۆتەوە حەپسەخانە ،
بەرنابی بەستویەتی بە زنجیری دەرزولفانە ،
قنیاتی شۆڕ مەحمودی یە ،
ئێوارەو سبحەینان هووردە خاڵی نێوان سینگ و مەمکانە ،
ئەگەر تێەکەڵ دەبن دەگەڵ زنجیری دەرزولفانە ،
دەڵێ ی زێڕنگر ئەگەر ووردە گژنیژەی لەسەر گواران دانە ،

چونکە دەگەڵ یاری خۆی گرتۆتەوە شەرت و وەفایە ،
نازانی ئەگەر ئەوکەسە، ئەو دنیایە کەسی تێدایە ،
بە پەلەیە زوو بگاتەوە بەژنەکی باریك و دوو کوڵمەی شەوچرایە ،
پەکی پێ نیە، ئەوەی لە دڵی من دایە ،
عەزرەتی عەباس و حوسێنی شەهیدی کەربەلایە ،
تەمەن ناوێکی بۆ دڵە فەقیرەکەی من بکا فاتیمەی زارایە ،
ئەشخاسم دوازدە ئیمامی دەشتی بەغدایە ،
هەرچەندی دەکەم و دەکەم بە هیچ شتێك سوکنایی دڵم نایە ،
ئەوا ڕۆژەکی مەرزن گیانم دەدیتەوە لەسەر گەڕیدە دەریایە ،
زەینم دەدا ملوینەکی زێڕ لە گەردەنی دایە ،
لەعلی رومانە ، یاقوتی عەبدول حوسێنە ، زێڕی ئەشرەفی یە ،
ئەوەی لە هەمان کەس قابیلەیەت تر کارەبایە ،
بۆچی خۆشە ئەو کاولە دنیایە ،
شل و مل و ناسك بەدەنی تێدایە ،
ئاخ و سەد حەسەرەتی دەوێ ، کار لە دنیایێ بۆم پێك بهاتبایە ،
شەرتە لەگەڵ وەفایە ،
خودایە خەمناکم نەکەی ڕۆژێ عاقیبەت و دوایە ،
رەنجی عەزیەتم زیادە نەدەی بەزایە ،
بەژنی مەرزن گیانم دەڵێ ی چووزە بیزایە ،
ئۆخەی ئارامی دڵەکەی من کەس لە قابلیەت توو نایە ،
ئەوە شۆڕ مەحمودی لەشکرەکەی دەشکاندو کەلەك دەکەویتە مەیدانێ ،
مەگەر خودا دەنا کەس بە سەفت و قەباڵی وان نازانێ ،
رۆژی هەڵاتن و تیر پێ وەنانێ ،

بۆی بەجیٚ ما حاکماتی تەرك و تورکمانیٚ ،
ئەوە مەرزن گیان چووە گەڕانیٚ ،
ئیٚستا خەبەری فەتحی شۆڕ مەحمودی نەزاینوە ،
دەڵیٚ: لە دڵەکەی من گەڕیٚ چەند لە ئیٚشە چەندی لە برینە چەندی لە ژانە ،
تا لاوەکەی من دیٚتەوە، مردن بۆ من خۆشترە لەو ژیانە ،
باز لە هیچ کۆ ناحەویٚتەوە تا نەچیتەوە سەرهیٚلانە ،
عەجایب ماوم ئەگەر لاوەکەی من ماوە ،
ئەسیر بووە ، ئەدی بۆچی بۆ منی نەناردوە نام و نیشانە ؟
هەتا ئەمن سینگی بۆ بەسیٚ بەنگی بکەم شۆخیان بدەم قەرەزولفانە ،
سینگی خۆمی بۆ بکەمەوە بە دەفتەرخانە ،
مەمکی خۆمی بۆ بکەمەوە بە فنجانە ،
چاوی بۆ بکەم بە ساقی وەختی شەڕاب گیٚڕانە ،
سینگی بۆ بکەم بە پەنیری قو ، وەختیٚ پاڵو لیٚدانە ،
بەڵکو بحەسیٚتەوە لە سەفەری گەورەو گرانی تەرك و تورکمانە ،
لەو عەوینەدابوو دەرکەی لەسەر خۆی دادەخست و گاڵە گاڵ و ناڵە ناڵ و قاڵە قاڵە .
دوو سواری پەڕ بەسەر لە دەرکی مەرزن گیان ڕاوەستاوە ،
کاغەزو خەبەری شۆڕ مەحمودیان لە بۆ مەرزن گیان دەهیٚناوە ،
مەزرن گیان دەیکوت، ئەمن سوکنایی دڵم نایە ،
کلفەتان ئەو دارەی هەڵگرن تا بچینەوە سەحراو مەجرایە ،
با بەسەرمان دابیٚ بۆنی هەڵاڵەو بەیبون و شلکە گیا خاویٚ دەگەڵ شلکە بیزایە ،

ئۆخەی خەبەرم بۆ هات ئارامی دڵەکەم نەچۆتەوە بادە پەنایە ،
ئەوە مەرزن گیان بۆ شۆڕ مەحمودی دەنارد ئامانەتی یە ،
لەعلی رومانە ، یاقوتی عەبدول حوسێنە ، زێڕ سپیە ،
ئارەقەی بن پرچانە ووردە ئارەقەی مابێن سینگ و هەردوو مەمکی یە ،
ئەگەر ئەوەت لە کنبی دەرمان و حەکیمت لازم نی یە ،
ڕەبی بەدووربی لە دەردێ لە بەڵایێ لە تیری نەبەدی یە ،
ڕەبی لێت ممبارەك بی حاکمەتی تەرك و تورکمان ، خەبەرم زانی بە ئەسەحی یە ،
جا ئەوە لاوە سینگت بۆ دەکەم بە باغی خواجە حەسەنی موسڵی یە ،
شەوو ڕۆژ تێدابنیشەوە ، وەکو دێوانە بەنگی یە ،
شوکرانەی خودام زۆر کرد ، دوعای من بۆیە کاری خۆی کردی یە ،
دوژمنت کوێر بووە، وەدەستت کەوت فەتح و نەسرەتی یە ،
مەرزن گیان وەلامی بۆ شۆڕ مەحمودی دەنارد بەوەی کەمە ئەگەر بینای چاوە ،
شەوێ بێ خەوم لەبەر خەیالات خەوم نەکەوتۆتەوە لە هەرتك چاوە ،
وەختە دڵم بتوقی بۆگەنیم بێتەوە لە جەرگ و هەناوە ،
کەسێکی خەبەرێکم بۆ بێنی بڵێن شۆڕ مەحمود لە سەفەری تەرك و تورکمان گەڕاوە ،
سەد زێڕو چل ئەبو تۆپ و چل مەجیدم بۆ داناوە ،
با لە دنیایێ بۆ خۆی کەسافەت نەبینی لێی ببینی کام و کاوە ،
کە شۆڕ محمود ببینم وا دەزانم تازە خودا دنیای داناوە ،
ئاخ بەچاوی خۆم بمدیبا سمێڵەکی خورمایی لەسەر کوڵمەکی پڕ گوڵ داناوە ،

جاوەکی شۆڕ مەحمود پیێ ی دەگەیشت کاغەزی مەرزن گیانە ،
وەك ریشەی دڵی بشکیێ وەکی حەزرەتی قابز بێتە سەری بە عەزمی گیان کێشانە ،
وەکو بمری بینبەنەوە سەر قەبرانە ،
لەبن گویێ ی بیێ خڕەی پاچ و پێمەڕانە ،
بڵێن ئەو ماڵە بە تەنێتە خلاس بووی لە زیندەگانی ئەو ژیانە ،
چونکە قسەی مەرزن گیان بۆ ووی ئعتبارو مومتانە ،
شل و مل و خاسەکەوی زۆر زۆر جوانە ،
ماچی ووی بۆ من دەبیتە ئعتبار ، لازم بۆ من ناکا حەکیم و لوقمانە ،
چونکە خەیاڵ و مرادی دڵی من ئەوەیە ، ئارامی لەبەر دڵانە ،
وەکو ئەو حۆریانە ، ئەگ خوداوەندی میری مەزن لە بەهەشتی باقی دانە،
وەکو پەری هێندەك دەڵێن لە عەرزن ، هێندێکیش دەڵێن لە عاسمانە ،
ئەوەجا شۆڕ مەحمود بەدزی مامی دەهاتەوە کن مەرزن گیانە ؟
دەڵیێ: بۆچی دەچمەوە باغی شەدادی، بۆ سەیرانە ؟
قەرەزولفی دەبیتەوە بەردەسەی خەنجەرانە ،
سینگی بۆ من دەبیتەوە بە مهمانخانە ،
مەمکی بۆ من دەبیتەوە بە ئیستکان و بە فنجانە ،
کوڵمە شەرابەن تەهورە وەختی قوم لێدانە ،
بەژن چناری عەرعەرە، وەختی ئاویێ زانە ،
جا ئەو وەختە لەسەری دەبێژمەوە شوکرانە ،
چونکە حەرام نیە ، شەریعەت بە منداڵە حیسابەی دانە ،
پەرژینم کردوە باخچەی گوڵانە ،
شل و مل و بۆ من لەبەر دڵانە ،

ئەگەر نەیبینم ، مردنم پیێ خۆشترە لەو ژیانە ،
جا ئەوە ئێوارەیە ، ئەو وەختی کە هیچ کەس شۆڕ مەحمودی نەدیوە ،
هاتۆتە سەر ساباتیێ مەرزن گیان ڕاوەستاوە ،
لەسەر جووتێك کەوشی پانێی فەراشی سەر نوقڵە بەندی یە ،
دەباغی وەستای داوە لە پێی هیچ کەسدا کەوشی وانی یە ،
چاوی دەڵێی ئەستێرەی ڕۆژیێ ی موشتەری یە ،
کوڵمەی دەڵێی بەفرە بەسەریدا باریوە دڵۆپەی خوێنی یە ،
کەوایەکی لەبەردایە کە ئەویش سەمەرقەندە لەبەر کەسدا نی یە ،
ئەوە گەزی لە چلوانی بیست و چاری یە ،
سوبحەینان شین دەنوێنی ، شەویێ ڕەنگی سپی یە ،
ئەگەر تیشکەی تاوێی لێدەدا ئەسڵەتی یە ،
لە وێدا مەمکی دەڵێی هەنارە تازە هاتوتە خواریێ لەبن داری یە ،
دەجا چیبکەم لە کن خەڵکی ئازادەبدبی، لە کنە من زۆر وەتەن قانی یە ،
لە شانی کردەوە چارشیێ و شانێك موشەجەرە ، قیمەتی گرانە ئەسڵە کارخانەی فەڕەنگی یە ،
ڕوشوی چومخوایە ، ڕوشوی نیو گەزی یە ،
ئیدی ئەوە نازانی ئەوە هیچ ئاگای لە من نی یە ،
ئەگەر جەرگم بۆی سوتاوە ، وەك قەقنەز بۆتەوە بریانی یە ،
ئیدی ئەمن نا غافلم ئەگەر بەسەر شانی ڕاستەیدا ئاوڕم دەداوە ،
چاوی دەڵیێ ی مانگی شەوی چاردەیە ،
لە خزمەت خودای هاتۆتە خواریێ گێی ی لیێ کێشاوە ،
شلکە پێکەنینی وەکو دەنگی قازو قوڵنگان دەگەردەنیێ ی دەبوو بڵاوە ،
بە پێکەنینی مەستم هیچ ئاگام لە خۆ نەماوە ،

**دەستی لە گەردەنێی دەکردم دەی پالاوە فرمێسك بە دووچاوە ،**
**دەیکوت: ئۆخەی ئارامی دڵەکەم لە سەفەریٚ تەرك و تورکمان گەڕاوە ،**
**ئەو ئامەنەتەی ئەگەر تەحویلی منت دابونەوە ،**
**بە ساغ و سەلامەتی تەحویلی ساحبی خۆم داوە ،**
**دەسینگم بکە بە حەمایل بڵێن شۆڕ مەحمود لە بن هەنگڵەی خۆی ناوە ،**
**توخودا دەستت بێنە بەڵکو غەریباتیەکەم لەبیر بچێتەوە ،**
**زۆرت عەزیەت و ئازاب لەسەرە منی سەر بە تاڵە کێشاوە ،**
**گەردەنم وەکو کووپەی هەنگوینی، ئەوە هووردە ڕەواقی لەسەر ڕاوەستاوە ، کوڵمەم هەر دەڵێی سێوەو دەخوساوی لێدراوە ،**
**پێت قەرزدارم فەرموو وەربگرە کام و کاوە ،**
**پەردەی مرواری بەندیان بە ئەدەب هەڵدەداوە ،**
**دەرکی بورجی بەڵەك بکەنەوە کلفەتان خەبەریان زانی مزگێنی و خەریان دەداوە ،**
**ئەوە سمێلەکی خورمایی لەسەر کوڵمەکی ناسك و شلك دانە ،**
**وورده وورده لێوی لیٚ دەبزاوت لەو مەسو خەرامانە ،**
**هێندەك دەیانکوت ڕۆژی حەشرە ، هێندەك دەیانکوت، خێر ئاخر زەمانە، هێندەك دەیانکوت: لە عەرزە ، هێندەك دەیانکوت: لە گەواڵەی دەعاسمانە ،**
**هێندەك دەیانکوت: دەنگی قازو قوڵنگە، ئەوە لە گەواڵەی دەعاسمانە ، هێندەك دەیانکوت: نەخێر ئەوە دەنگی شەپۆلی بەحرانە ، هێندەك دەیانکوت: خێر قافلەی کاروانە ،**
**هێندەك دەیانکوت: نەخێر پاییزە وەختی لەیل و مەجرووم خۆلێکدانە ، ئەوە بوارە کرمەك و هووردە گرنیژەی ئەوانن دەنگیان دەچێتەوە بۆ**

حەوت تەبەقەی عاسمانە ،
هێندەکیش پیێ یان وابوو کاڕەکاڕی شەڕە بەرانە ،
شۆڕ مەحمود میوان بوو هەتا سیێ شەوو سیێ ڕۆژانە ،
هەقی خۆی وەردەگرت، ئەو سەخلەت و ساغاوی کێشاویەتی لە تەرك و تورکمانە ،
سبحەینیێ ساگزنگی لە سەرانی نەداوە ، شەرەبەت خواردنەوەیە ، پڕشکەی ئاوپرژێنی شووشە گولاوە ،
چونك مەرزن گیان شلك و ناسکە قەد نەشەمزاوە ،
لێتاو ممبارەك بی ئەو عەیش و لەزەت و نۆشی ئەو توفلە ،
ئەگەر لە کوانیێ دڵی من دەخرۆشی، مەرزن گیان ڕۆژ نی یە ،
گەر ئەو پەردە بە پەشمینە نەپۆشی، لەسەر هەر کەمانی ئەبرۆی بەڵەك خوێنی دەجۆشی یە ،
کیژیێ بۆنی تووم لە دەروونیێ قەد نابی بلاوە ،
فیدای دوو زولفی خاوتبم دەڵێی سونبلی خاوە ،
قوربانی دمتبم دەڵێی شوشە گولاوە ،
وەختێك دەبی خەبەرت بۆ بێنن بڵێن شۆڕ مەحمود گەڕاوە ،
وەختی عورسی یە خودا بمانداتیێ کام و کاوە ،
دەرکی خەزێنت بشکێنە ، بڵێن لە عێلیدا فەقیرو داماو نەماوە ،
شۆڕ مەحمود زوو بەڕیێ بوو لەویێ دەڕۆیشتەوە بۆ چلوانی ، دەڵیێ من هەتا ئەو عورسی یە بە دەستی خۆم دەکەمەوە تەواوە ،
ئەمن لە خۆم نابینم کام و کاوە ، رەشی مارگازی لە دڵی من داوە ،
زەهری روشتوە جەرگ و هەناوە ، ئەمما نازانن زنجیری زولفی مەرزن گیان تەنافە لە گەردەنی من غەریبی کراوە ،

هەرچەندی وەبیرم دێتەوە لێم شل دەبیتەوە هەنگاو ئەژنۆم شکاوە، ئەو تیرەی ئەگەر لە گریێ ی پشتی منی داوە ،
عیلاجی بە کەس ناکریێ مەگەر بڵێن مەرزن گیان بە دەستی خۆی دەری هێناوە ،
دەنا ئەو تیرە تەشەنداره جەرگم پڕ دەکا لە خوێن و لە زووخاوە ،
مەڵێن شۆڕ مەحمود پیاوێکی بێ عەقلەو عەقلی نەماوە ،
ئەمن دەچمەوە بۆ سەفەری بێ ئاوە ئینشاللا زوو دەگەڕێمەوە دواوە ،
چارەی مەرزن یان لە من دەبینی کام و کاوە ،
ئەمما هەمووی نۆ دمنەقی پشتی زێڕی لێ بە قیمەت گرانە ،
قیمەتی لە کن کەس تەواو نابی لە سکەخانە، پەیدا نابی لە خزێنەی پادشاو سوڵتانە ،
هێندەك دەڵێن جارەکی لە جاران مەگەر وابوو رۆستەمی زەمانە ،
هێندێکیش دەڵێن ، نەخێر فکری لێ مەکە سامی نەریمانە ،
ئەو وەختەی شۆڕ مەحمود هاتەوە کن مەرزن گیان بەدزی مامی و گەڕاوە.. هەتا ڕۆیشتەوە تەرك و تورکمانی ، کە چۆوە نێو لەشکرەکەی ئەوجا پرسی پێ کردن گوتی: ئەمە لێرە ئەو لەشکرەمان شکاندو ئەوجا دەگەڕێینەوە بۆ مەملەکەتی، بزانین مام ئەو کچەم دەداتێ !
جا ئەوە مامیش کە وەختەك زانی شۆڕ مەحمود ئەو لەشکرەی شکاند، چوار سەد ماڵی لە عێل و عەقرەباو تایفەی خۆی دەگەڵە خۆی بردو بە شەو چاوی مەرزن گیانیان بەست و لێیاندا رۆیین بۆ بەلەخ و بوخارا یێ ، جا ئەوە شۆڕ مەحمودیش بەدووی دەگەڕێتەوە .
بەهارە لە خەڵکی بەهارە قاتی ، ئەمنت دەمرمەوە لەبەر قەرە زولفانت ئەگە وەکو رەشەماری دەیانهاوێ یەوە، سەرشانی ،

ئەمنت دەمرم لەبەر قۆلکەی بەر گەردەنێت ئاوی کەوسەرە حەوزو بازو دوکانیٚ ،
مەجبورم بە دوای دەکەوم.. یانە دەرێژم خوێنیٚ یانە دەبمەوە فانی،
بەهارە لە خەڵکی ، لە من بەهارەکی ناتەواوە ،
لە کۆسرەتی شاڵەبەگان هەڵاڵەو بەیبون و گیا خاو تێك چلژاوە ،
لە باخی مەرزن گیان هەنارو هەنجیر گوڵیان داوە ،
جا ئەمن سەدداق و موخافەتی لە کاولە دنیاییٚ دەمکوژی ، زۆرم عەزیەت و ئازاب لەسەر ووی ،
ساغلەتی و ساغاوی لە سەر بەژنەکی باریك و دووچاوی بەڵەك کێشاوە ،
ئەبرۆت بە من بمێنی بە تیژە پەڕی ڕەشەداڵی، دەڵیٚ ی فەقێی موستەعد بە قەلەمی کێشاوە ،
چاوت بە من بمێنی بە ئێستێرەی گەلاوێژەکەی بەری بەیانی ،
ئەگەر لە پێش مەلای ماوەرانێدا ، لەسەر هەواری بێریان گۆشەی کێشاوە،
کوڵمەت بە من بمێنی بە شەمامەی حەوت ڕەنگی ، ئەگەر لە دەستی کوڕە بێستانچیان بەجیٚ ماوە ،
هەك لاڵمکەن گراوی یە بابم شەختەی پاییزیٚ لە لایەکی داوە ،
بە دەستی باب و برایان چاوی مەرزن گیان بەستراوە ،
خۆ من پیاوێکی نامەرد نیم، ئەمما خەڵکی دەڵیٚ لە شۆڕ مەحمودی یەخسیر کراوە ،
هەتا شۆڕ مەحمود لە سەفەریٚ تەرك و تورکمان گەڕاوە ،
سبحەینیٚ سەرزەنیشتم دەکەن دەڵێن مەرزن گیانی لیٚ ئەستندراوە ،
قەسەم بەوەی کە بینای چاوە، هەتا زیندووم روح لەسەر ئێخەی کراسم ماوە ،

ئەمن دەست هەڵناگرم لەم ژانگەکێ ، ئەگەر دەڵێ ی تیرە لە کەوانێت ناوە، گراویە بابم نەتزانی ئەمن ئەزیەت و ئازابم لەسەر کێشاوە ،
سەرم دێشی دڵم ڕاناوەستی لەبەر ئەوێ ژانێ لەبەر ئەوێ ناچڕەوێ،
لەبەر دڵی من چاوت بە من بمێنی بە چاوی بازی ،
ئەبرۆت بە من بمێنی بە تیژەپەڕی سەقەری .
ئەگەر شەماڵی دێ جارجار خۆ داوێتە سامالێ ، جارجار خۆ داوێتەوە بن گەواڵەی هەوری ،
ئەگەر ماندوبووی دەفڕی ، دەچیتەوە بەردی هەوار خدری ،
لەو ڕۆژەی عومرەکەم ئەگەر بەسەد سار ڕابری ،
دیارە شۆڕ مەحمود دەست لە بەژنێ باریك و دووچاوی بازت هەڵناگری ،
لە دڵەکەی من گەڕێ چەند لە ئێشە چەند لە ژانە چەندی لە برینە برینە ،
ئەمنت دەمرم لەبەر بەژنەکی باریك و پۆڕی بەڵەکی سەرباسکێنە، ئەوە کێژێ لە کیژانم زێدە ،
کاکە مەم ئەگەر خۆی بە هیلاکدا بە خودای قەد وەکو توو جوان نەبوو ئەو خات و زینە ،
لە دڵەکەی من گەڕێ چەند لە ئێشە چەند لە ژانە ، بە هیچ شتەکی دەرمانی ژانی نەشکاوە ،
هێندەك دەڵێن بریندارە هێندەك دەڵێن ئەنگواوە ، هێندەك دەڵێن دەردی موفاجایە ،
هێندەك دەڵێن دڵی سووتاوە ، هێندەك دەڵێن ئازاری سەرعە ، هێندەك دەڵێن پەریان دەستیان لێداوە ،
هێندەك دەڵێن زولفی مەرزن گیان تەنافە لە گەردەنی من غەریبێ کراوە ،
هێندەك دەڵێن خێر تیرە لە جەرگی من دراوە ،

**ئەمما ئەمن بۆ خۆم دەزانم دەردی بێ دەرمانە کارم کراوە ،**
**مەگەر بە دیتنی مەرزن گیان ئەو خەم و پەژارە لە من بێتەوە بلاوە ،**
**دەنا دەزانم پێ مێردی دەمیرانم دێنە سەری ،**
**گیانی شۆڕ مەحمودی بە جوانەمەرگی کێشاوە ،**
**جا خۆ مەرزن گیان هەر لە کنە من مـەزرن گیـانی ، لـە کـن خـەڵکی بـێ قیمەتی ،**
**لە کنە من زۆر بە قیمەت گرانی ، لە کن خەڵکی رەواجەکت نیە ،**
**لە کنە من لەعلی رومانی بەمنداز لە جەرگی منت داوە تیرێکی نیانی ،**
**لە کنە توو نەبێ لە کن کەس وەدەست ناکەویتەوە دەرمانی ،**
**ئەوە مەرزن گیان لە کنە من مەرزن گیانە ،**
**لە کنە من چاوی کۆترە لێی وون بووە هێلانە ،**
**لە کنە من بەرخە کۆرپەلەی دوای مێگەلانە ،**
**لە کنە من گەوهەری خەزێنەی شاو سوڵتانە ،**
**هەر لە کنە من موعتەبەرەو لە کنە من بە قیمەت گرانە ،**
**یان دەبی سەری خۆمی بۆ بکەمەوە بە گیویێ مەیدانە ،**
**ئەمما نازانم دەستە ئیلاهی چارەو قەلەمی منێ غەریبێ لە ئەجەل چلۆن دانە ،**
**یان ئەوە بە دوات دەکەوم لە بۆ بوخارایێ ، لەوێ دەگەڵت دەبمەوە بە ئەمنانە ،**
**بریا سبحەینانم دیبای کە هێندەك دەڵێن ڕۆژە هێندەك دەڵێن شەوە ،**
**چەند خۆشە دەنگی مراوی و بازو ناڵەی مراوی و قاچپە قاچپی کەوە ،**
**ڕاوکەران ئەسپیان سازکردووە جووت جووت بوونە پێکەوە ،**
**شل و مل و سایە گەردەن ئاوسان ، ئەمما چاویان هەر لە شیرین خەوە ،**

ڕاوکەران وولاخیان زین کردووە سازبوونە بۆ ڕاوێ ،
ئەمن فکرێ لە گەردەنێ بە خاڵت دەکەم ئەگەر سبحەینان لێی دەباریتەوە وورینگەی دەخوناوێ ،
ئەمن ئەو دنیا ڕوونەم بەخوای خاترجەم بەبێ ی توو ناوێ ،
جاڕچی جاڕ دەکێشی وولاخان لە مەیتەرخانەی بێنە دەرێ ،
شۆڕ مەحمود لەخۆی داوە تانۆت و هونەرێ ،
لە تەپلی سەری لێ ی دەباری غیرەت و جەوهەرێ ،
دەڵێخەونم دیوە نازانم لەو سەفەرەی دا خوا چم بەسەر دێنێ ،
ڕەبی مامە هەر ڕۆژە مەیتەکت لە ماڵ بەرنە دەرێ ،
مەرزن گیانت لە من وەدوور ێخست چۆنی پێی بەرم زەفەرێ ،
بەژنت بە من بمێنی بە غەڤ یەك ساڵ ، ئەگەر دێتە دەرێ لە دەرکێ میرو بەگلەرێ ،
بۆ نۆکەرەکی بم ، تا لە پێشێدا کاغەزەکی بۆ چاو شەهێنەکەی من بەرێ،
با بەس لە خەمناکی لە دوو چاوی بازی وورده خوناوەکی پڕ بە فرمێسکەی هەڵوەرێ ،
جا وولاخ سوار بوونە ، وولاخیان سازکردوونە هاتنە دەرێ هاتنە سەرسانێ ،
ئەمما شۆڕ مەحمودی دەچۆوە سەر زینی بە خەمناکی و بە چاوی پڕ لە ئەشکی و بە هەناسە لێدانێ ،
سازبکەین بازو شەهێن و شمقاڕان با بێینە سەر حاڵی تەڕلانێ ،
هەتا پۆڕی بەڵەك دەکەیتەوە سەر ڕۆژی لێدانێ ،
لەبەر چریکەی بازو کەروێشکان ئسراحەت نەکرێتەوە لە گەرمەلانێ ،
هەم بە عینوانی ڕاوێ دەڕۆین هەم بۆ پەیداکردنی شلکە مەرزن گیانێ ،

دەڵـێ چـوومە سـەفەری تـەرك و تورکمـان بـە پڕیـشکەی خـوێن و بـە گەرووتاڵێ ،
چونکە مەرزن گیانیان لە من مارە کردبوو بە منداڵی ،
دابوویان بە من بە خۆشی و بە بەشارەتی و بە حەڵاڵی ،
بۆیە دایم دڵم بۆ ووی لە ژانە بۆ ووی دەناڵی ،
نەمزانی لێم وون دەبیتەوە بەژنەکی باریك و دوو چاوی کاڵی ،
یانە ئەوە وەدوی دەکەوم ە فەقیری و عەبداڵی ،
با بۆ کەس بەجێ نەمێنێ بە میرات بەژنەکی باریك، دوو چاوی کاڵ و قەدی شمشاڵی ،
شۆڕ مەحمود لە پێشیدا پێی لە رکێفی دانە ،
بەبێ ئاویدا دەڕۆیی ، جارجار بە نەرمەو جارجار دەیخستەوە پڕتاوە ،
دەیانکوت: ئەهلی بێ ئاوە ، دەیانکوت ئەوەی لەگەڵە من هاتووە ، لـە گەڵ منی لێقەوماوە ،
ئەلعان سەفەرم لەبەرە دەچمەوە بەدوای بەژنەکی باریك و دوو کوڵمەی خاوە ،
ئەمما خەڵکی نەڵێن شێتە هیچ ئاگای لەخۆ نەماوە ،
دەرمانی دەردی من مەرزن گیانە ،
ئەمما بە خودای لە من غەریبێ وون دەبۆوە ئەوە بەڵەك چاوە ،
مەگەر عومر تەقەزانەکە ، دەنا بە خەنجەرێ دم ڕەش هەلیدەقەنمەوە ئی دوژمنەکەی خۆم هەردك چاوە ،
کاتێ خەبەرم زانی کوتیان: کەژاوەی مەرزن گیان لە بەلەخ و بوخارایە گەڕاوە،
جا ئەو هەلەی گاوگەردن دەکرێ ، چوارسەد شەکی بەربەرانێ و ئاسك و

جەیران لە پێش ڕێی مەرزن گیان دەکوژراوە ،
ئەمما چبکەم نازانم ئەو دنیایە ئەگەر خودا ڕۆی ناوە ،
بۆ بە بیێ مەرزن گیان ئاقلم لە کن نەماوە ،
چونکە مەست و شل و مل و سایە گەردن تەعامی بەهەشتیێ خودا لەو دنیایە بۆ منی داناوە ،
بە بیێ مەرزن گیان دنیای ڕوونم ناویێ تاقەتی پیاوەتی و بینای چاوانم لە کن نەماوە ،
سەرزەنیشتم نەکەن تیری عیشقە ڕاست و چەپ لە جەرگم دراوە ،
ئەبرۆت بە من بمێنی ئەو برینە دەرمانی بە کەس ناکریێ دەرمانی بۆ من نەهێناوە ،
ژن و پیاو خان و بەگلەر ئاغەو نۆکەر پاك لە کوورەی گریانیان داوە ،
دەیانکوت: شۆڕ مەحمود شێتە نازانی یازدە هەزار کەس چاوی لە ڕیێ ی وویە ،
حوکماتی لە تەرك و تورکمان بەجیێ ماوە ، وە دوای مەرزن گیان دەکەوی، هەقیشێتی مەرزن گیان حۆری بەهەشتیێ یە ،
خودای تەعالا بۆ سەر دنیای ڕۆناوە ،
لە شۆڕ مەحمودی جوانە سەرو رکێف و ئاوزەنگی یە ،
سواربووە لە وولاخەکی شێر غەزاڵی عەسڵە گوڵ گوڵی یە ،
یوسفی میسرە زولێخا دیار نی یە ،
ڕەبی بە دووربی لە دەردیێ لە بەڵایێ لە تیری غەیبی یە ،
ڕەبی لەو سەفەرەی بێیەوە بە ساغ و سەلامەتی یە ، ئاگادارتبی چوار یاری نەبی یە ، ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان و عەلیە ،
ئاگادارتبی سەیدل موڕسەلینە ، ئەگەر بۆ ووی دەهات خەلات قورئانی

عاسمانی یە ،
چونکە مەقبول و موعتەبەری دەرگای ڕەبی یە ،
ڕەبی شۆڕ مەحمود شانت نەگریٚ بەدبەخت و نەگبەتی یە ،
ئاگادارتبی وەیسەل قەرەنی یە ، ئاگادارتبی خدر ئەگەر دایمەن لە چۆل و بەری یە ،
ڕەبی مامە ڕەش بگری ئازاری گلّی یە ،
شۆڕ مەحمود سوار دەبوو بۆ کەناریٚ هەموو ڕیٚگای حەوت سەعاتی لەگەلٚ هاتن بەریٚ یان کردیە ،
جارجار شۆڕ مەحمود ئاوری عیشقی دەهاتە نیٚو دلّی یە ،
تەکانی دەدا بە وولاٚخی شیٚر غەزالّی سمت تەبەقی ئەسلّە بەحری یە ،
جارجار لاڕیٚ دەبوو بۆ ڕاوی حەیوانە کیٚوی یە ،
ڕەبی چاوت نەبیٚ لەخوانی زینی یە ،
جارجار تیر ئەندازەی دەکرد لە قولّنگ و قازو خاسەسی یە ، پەڕندەن، ئەوانەی پیٚ ی دەلّیٚن بالّندەی عاسمانی یە ،
پیٚنج و شەش بە تیری شۆڕ مەحمودی قولنگ خاسەسەکی دەهاتنەوە سەر بەحری یە ،
ئاگادارتبی ئیمامی ڕەبانی یە ، موسای کیٚوی توورە ، کە گفتوگۆی لەگەلٚ ئیلاهی یە ،
ڕەبی ئاگادارو هاوڕیٚت بن چل سوارەی غەیبی یە ،
دوژمنت زۆر خۆشحالّن دەلّیٚن شۆڕ مەحمود لە گۆڕیٚ نی یە ،

جا دەلّیٚ کە وەختەکی لەشکری مامە ڕەشی کە کچەکەیان بە شەو هەلّگرت و هەستان و هاتن ڕۆیشتن بە شەو، چەند شەوو چەند ڕۆژان ڕۆیشتن ، تەسادف ڕیٚگایان گەیشتە دۆلٚ و دەریٚکی ، چۆمەکیش بەو دەرەی دا دەهات

لەسەر ئەو چۆمەی پردێکی لێ بوو کابرایێك لەوێ بوو پردەوان بوو ئاگای لەو پردەی بوو هەرکەس بەو ڕێیەدا دەهات شتێکی دەدایێ ، دەڵێ مامەڕەش کوتی: ئەگەر بە هیچ جێیەك زەفەری بە شۆڕ مەحمودی نەبەین ممکینە ئەمە لێرە بەو پردەوانەی زەفەرێ ی پێ بەرین ، دەڵێ : کە وەختەکی لەشکریان لە پردێ پەڕیەوە بۆ خۆی چووە کن ئەو کەسەی ئاگاداری لەو پردەی دەکرد کوتی: پردەوان ئەمن هەچ قسەکی کەتوو بڵێی ئەمن سێ سەد زێڕت دەدەمێ هەریەك لەفزە قسە کە دەگەڵ شۆڕ مەحمودت کرد سێ سەد زێڕت دەدەمێ ، ئەمن عیلاجم نمایە ! پێم وایە ئەمن دەگرمەوە دەردی موفاجایە ، ئەمن قسەیێکی زۆر گەورەو گرانم لە دڵی دایە ، ئەمن بە توو دەڵێم ئەتووش دەسپێرم بە خودایە !

جا پردەوان دەڵێی پێم بڵێ ئەویش دەڵێ وەللاهی کە وەختەکی شۆڕ مەحمود هات بێرەدا لەشکرێکی زۆر دەگەڵە بۆ خۆشی گەورەی ئەو لەشکرەیە کە وەختێکی هات لەمەی پرسی بڵێ ئەو عێل و عێل نیشانە بێرەدا هاتن ؟ بڵێ ئەرێ وەللا بێرەداهاتن کچەکی زۆر جوانیان دەگەڵدا بوو نێوی مەرزن گیان بوو زۆری بە شۆڕ مەحمودی هەڵاگەتن و قسەو بەندوباوی هاویشتنێ ، ل دوایدا کە لەشکرەکەی ڕۆیی کچەکە گەڕاوە هاتە سەر ئەو چۆمەی و گەلێکی بەندوباوی بە شۆڕ مەحمودی هەڵاگوتن و خۆی دەو چۆمەی هاویشت و لەو چۆمەیدا خنکا! ئەوەشت سێ سەد زێڕ .

دەڵێ کە وەختەکی بابی کچەی ئەوەی لە گەڵ پردەوانی کرد ، کچەکە گەڕاوە گوتی: پردەوان بەو خودایەت سوێند دەدەم ئەگەر ئافەریدەی کردوی بەو پێغەمبەرەت سوێند دەدەم کە شادەی پێ هێناوی ، ئەوەی بابم پێ ی گووتی نەڵێی ، کورە پردەوان ئەگە وەختەکی شۆڕ مەحمود هات بڵێ دەڵێ ئەگە بەوەی کەمە بینای چاوە ، شەوو ڕۆژ خەوم ناکەویتەوە لە چاوە، وەختە بۆگەنیم بێتەوە لە جەرگ و هەناوە ، بۆ خاتری ئەو خودایەی پێ ی بڵێ با زوو بمانگاتێ و لەو دەردو بەڵایەی نەجاتم بدات ئەوەش سی زێڕ .

لەو وەختەی پردەوانی ئەو سی زێڕەش لەوی وەرگرت چووە کن ژنەکەی مەسڵەعەتی بە ژنەکەی کردو گووتی: چۆنی بکەم ؟ ژنە مەلعونەکەش گووتی: وەللا زێڕی بابەکەی لە کچەکەی زیاترە! بڵێ خۆی لەو زێیەی هاویشت ئیدی چیە !! قسەێکەو دەیکەی گووتی دەوابێ زۆرباشە ..

**دەڵێ پردەوان دستی منت بە دامێن بی .**

**بگرەو بباری بەهارە تاز کەنگرو توەگوڵی هەناری ،**

**عاشق دڵیان بریندارە وەکو گازی مەئەیاری– مەئیاری – ،**

**ئەوەی پێی بڵێ بە شۆڕ مەحمودی بڵێ مەرزن گیان خۆی هاویشتەوە نێو گەڕی دەروو باری ،**

**ئەوە پردەوان دەستی منت بە دامێن بی ،**

**ئەمن خراپم لێ قەوماوە دڵی من هەنارەو سەری ئەو هەنارە پساوە ،**

**وەختەك ئەگە شۆڕ مەحمود هات ئەدەب شیرن لاوە ،**

**پێی بڵێ مەرزن گیان دەگەڵ مامەڕەشی ڕۆیین بۆ بەلەخ و بوخارایە ،**

**ئەمما گەڕاوە لە کنە من بڕەك ڕاوەستاوە فرمێسکی دەهات لە دوو چاوە ،**

**گەلێکی بە شۆڕ مەحمودی دا هەڵدەکوتن بەندوباوە ،**

**ئەمما ئاخیری خۆی دەڕووبارێ هاویشت لەو ڕووبارەی دا خنکاوە ،**

**ئەوە جا کیژ دەگەڕێتەوە کن پردەوانی دەڵێ: پردەوان بە شۆڕ مەحمودی بڵێ ئاخر بەوەی کەمە ئەگەر ئەبەدی یە ،**

**شەمامەو شەمامە ڕەنگی من بۆ کەس نابن بە میراتی یە ،**

**خاترجەمی شۆڕ مەحمودین بەشێ کەس تێدا نی یە، بابە وەلی نعمەتی ئختار لە دەستی خۆمدا نی یە ،**

**ئەوە دەڕۆم لێت دەکەم خوداحافیزی یە ،**

**ئەوە مەرزن گیانیش دەگەڕاوەو سی زێڕ دەدا بە پردەوانی یە ،**

**ئەوە دەڵێ: دەیکوت مام دەبی لە جێگای بابی بی ،**

ئەمما تەماشای چی لە گەڵە من کرد ، لە دەستم دەرچوو کیژەکی وەکو مەرزن گیانە ،
مەگەر بە سێ ڕۆژی دیکانە بچیتە دەرەوە بچیتەوە بن پەڕی لە عاسمانە،
دەنا شەرتبی سەکتەی پێ بکەم بیکەمەوە بێ گیانە ،
چونکە شەوڕۆیی بە مەرزن گیان دەکا ، لێ ی تێك دەچیتەوە زنجیری دەزولفانە،
ئەلماسی سپی ژەنگی دێنی لە مابەینی سینگ و مەمکانی ،
هەك نەمێنم نەوەکو خەوی بشکێتەوە لە چاوانی ،
حادز ببی شل و مل و لەبەر دلانەی ، مردن بۆ من چاکترە لەو حەسرەت و گیان کێشانە ،
هەك نەمێنم نەژیم بەو ژیانە، بە سێ ڕۆژی دیکانە دەیگێڕمەوە کەژاوە ،
یاقوتی عەبدول حوسێنە لەعلی رومانە ، جا ئەوهەلی گاوگەردونی دەکەمەوە ،
گەردەنی دەکەمەوە بە حەوزی کەوسەر ، بەژنی دەکەمەوە بە بەیداخی ڕۆمیانە،
لە بن ویدا ئیسراحەت دەکەم ئەو هەلەی دەگرمەوە ئارامگاو وچانە ،
چونکە بەخۆم نیە لە جەرگی داوم تیرەك لە پشتم بۆتەوە بە پەیکانە ،
بە خودای جوانم ئەمما وەختە روناکایم برژێتەوە لە هەرتك چاوانە ،
بۆ حەیفی ئەو کیژەی شل و ملە نێوی مەرزن گیانە ،
تەرحێ و حۆریانی بەهەشتێن ئەگەر خوداوەندی میری مەزن لە بەهشتێ ی باقی دانە ،
ئەوە شۆڕ مەحمود دەهاتەوە سەر پردێ و پیاوێك لەسەر پردێ ڕاوەستاوە، دەڵێ پردەوان تۆ ئەو خودایەی گەر ئەبەدی یە ،

بمدەییٚ خەبەرەکی بە ڕاست و بە ئەسەحی یە ،
ئەمما پیٚم بلٚیٚ قسەی توو ڕاستەو هیچ درۆی لۆ نی یە ،
کوڕە دەدبەستم لە کلکی ئەسپی یە، بە خویٚنی توو سوور دەکەم عەرزی سوورو لیمۆیی یە ،
چونکە دلٚی من لە ژانە کەس ئاگای لە دلٚی من نی یە ،
زوو بمدەییٚ خەبەرەکی بە ممتان و بە ئەسەحی یە ،
مامەڕەش هات ڕۆیی سەرداری بیٚ ئاویٚ ، بۆ بەلەخ و بوخارایە ؟
ئەتوو نەددی یە گەژاوەیٚکی دەگەلٚدا لە گەلٚ کەژاوەیدا چلکە بیزاییٚك تازە هاتۆتە دەریٚ لەبن ڕەندی دەبەفری یە ،
مەلەکەی گەوهەر تانجە سوورو سپی یە ،
کەژاوە یاقوتی عەبدول حوسیٚنە ، پیٚشی کەژاوەی زیٚڕی سپی یە ،
کەژاوەیان ناوە لە وشتری جانی بنی جانی یە ،
ئەتوو ئەو خودایەی پردەوان پیٚم بلٚیٚ لە گەلٚیدا بوون هیچ حورم و کچ و ژن ،
ئەگەر بۆ خۆت چاوت پیٚ هەلٚنایی شل و مل و سایە گەردەن ،
ئەگە کەس چاوی پیٚ هەلٚنایی دۆست هەتا وەکو دوژمن ،
چونت خانەخراپ کرد ئارامی دلٚی من، باخچەی هەلٚالٚەو بەیبون و سیٚسن، بۆ جەرگ و دلٚی منت هیلاك کردو کردووتەوە کون کون ،
ئەگەر ئەتوو دەستی پیٚدا بهیٚنی ئەو هەلەی ژانی دەشکیٚ برینی من، دەبنەوە هیٚدی و هیٚمن ،
ئەوە ڕووی بابی پردەوانی ڕەشبی بۆ نەگریا کوتی ،
ئەی ئەمیر بەو ئەلیاسەی کەم ئەگە دایم خەریکی مەحموری بەحرانە ،
بەو خدرەی کەم ئەگە دایم خەرکی مەحموری چۆل و بەڕیانە ،

بەو موحەمەدەل مستەفایەی کەمە ئەگە لە خۆشەویستی ووی دنیای دانە ،
بە نوحی نەبیکەم ئەگە عومری دەگەیشتەوە نۆ سەد سالانە ،
لە خزمەتی توودا درۆ ناکەم هیچ ناکەمەوە بوختانە ،
بۆچی بە من بارە؟! پێم دەڵێن درۆزن بووەو پردەوانە ،
دەستی دەدا لە ڕانانە، ئاوی دەهات لە چاوانە ،
بە نەعلەتبی جا ئەویش شەشووم و شەیتانە ، جا هیچ فەرقی نیە ئەویش هەروەکو شەیتانە ،
لە تەپڵی سەری خۆی دەدا دەستی دەکردوە بە گریانە ،
پردەوان دەیکوت: برینت کولاندمەوە ئەو دەردەم تازە ناکرێتەوە دەرمانە،
کیژێکیان دەگەڵ بوو شل و مل و نێوی مەرزن گیانە، باڵا بڵندو گەردن کەشانە،
یەکجار زۆر قسە زان و ئاقڵ و لەبەر دڵانە ،
لە ڕێگایێ گەڕاوە نازانم شۆڕ مەحمود کێ یە ؟ ئاخ و حەسرەت و داخی بۆ شۆڕ مەحمودی دەکێشانە ،
دەیکوت پاشی شۆڕ مەحمودی مردن خۆشترە لەو ژیانە ،
گەردن باخێکی لە ملیدا بوو ئەوەی بە قیمەت گرانە ،
شل و مل و سایە گەردن، تام خۆش و بۆن خۆش و لەبەر دڵانە ،
هەك نەمێنم نەژیم بەو ژیانە ، بۆ خۆی بەژنی لە بانگی دەدا دەستی دەکردەوە بە گریانە ،
گوتیان مەرزن گیان زۆر بەخۆی هەڵدەگووت و دەیگوت هاتوومە سەر خۆکوشتن و سەر خۆ پێ کردن و بێ گیانە ،
گەلێکی بە شۆڕ مەحمودی هەڵگوت و گەلێك ئاخ هەڵدەکێشانە ،
ئاخر دەیگوت چبکەم گەلێکی عەزیەت و ئازاب و سەخلەت و ساغاوی

کێشاوە لە تەرك و تورکمانە ،
ئاخر ئەوڕۆکە چاوم پیٚ ی ناکەویتەوە ڕۆژی ئاخرو دەست لێك بەردانە ،
تازە چاومان بەیەکتر ناکەویتەوە هەتا ڕۆژی خودا دەکاتەوە دیوانە ،
خۆی لە چۆمی هاویشت ئەلعان قەبری ووی زگی ماسی یانە ،
جا ئەو شۆڕ مەحمود داحەپەساوە ، هیچ لە کنی نەدەماوە ڕۆح و گیانە ،
قرمەی لە خەنجەریٚ دەهێنا دەتگوت ئەمیر ئەرسلانە ،
سەعاتی هەوەل پردەوانی دەکردوە بیٚ گیانە ،
دەیگوت ئەمن بە ئاوات بووم بمدەییٚ خەبەریٚ خۆشی مەرزن گیانە ،
ماڵەکەم ئاور تێبەربدەن با لە ماڵەم وەدەر نەکەوتەوە ماڵ و خێزانە ،
جا ئەوە شۆڕ مەحمود دەهاتەوە سەر پردیٚ، دەیگوت مەرزن گیان چیبکەم هەتا ڕۆژیٚ قیامەتیٚ لە من بوویەوە بەقاتی ،
چاوت بە من بمێنی بە ئەستێرەکەی رۆژیٚ ، ئەگەر گەزونیوێك لە پێش بانگی مەلای ماوەرانیدا دەردەهاتی ،
قەرە زولفت بە من بمێنی بە گەزونیوگەزی رەحیمی خەباتی ،
تا ئێستا ڕۆژی سیٚ جارم دەدیتی ئەمما ئەو جارەکانە لە من غەریبیٚ بوویەوە بە قاتی ،
ئەوە شل و مل و سایە گەردن لەویٚ نیازیان دەکرد، کەیخوداو ڕدین سپی دەیانگردەوە مەجلس و جەماتی ،
ئەوە ممبارەك بازی تۆیە لیٚ ی دەباری ووردە نوغم لەگە ڕەزی نەباتی ،
ئەو کەسانەی ئەگەر سوبحەینان دەستنەوە مەجلس و جەمات و حوکماتی ، ئەگەر دێنەوە بن ئەو دارەی دەیانبتەوە هونەرو غیرەت و زاتی،
چونکە ئاخر وام لێهات ئەتوو لەمن بوویەوە بە قاتی ، جا ئەمن بۆچیمە

**حاکمەتی کاولە وولاتی ،**
**کوڵمەت بە من بمێنی کە هێندەك بڵێن لەعلە، هێندەك بڵێن گەوهەرە ،**
**قۆڵکەی بەر گەردەنێت بۆ من حەوزی کەوسەرە، ماچی توو بۆ من بۆ ؟ لە دنیایێ دەرکەرە ،**
**جا خۆ نەمانی توو بۆ من باسی سەرە ،**
**خودی میراتی من بۆ سەردار عێلان بەجێ مینێ ئەوبەر ئەوبەرە ،**
**لەسەرڕا خۆی لە پردێ هاویشتەوە ئەوبەر ئەوبەرە ،**
**جا دەڵێ مەرزن گیان ئەگەر وای دەزانی شۆڕ مەحمود نەهاتەوە ،**
**سەد زێڕی دا گوتی بمگێڕنەوە بۆ سەر پردێ ،**
**ئەگە هات دیتی هەموو کلکی سواری وولاخانیان کردۆتەوە شینە[1]**
**جا دەڵێ سوارینە لە دڵەکەی من گەڕێن ئەوە چ بووەو چ قەوماوە ،**
**ئەوی لەوێ خەبەرێ لە بۆم هاتووە لە ناکاوە ،**
**کوڕە ڕاستە دەڵێن شۆڕ مەحمود لە گێژاوی دەربادا خنکاوە ؟**
**سەڵای گەورەو گرانم لێ ڕابوو کەسم لە ماڵە باب و بابەواناندا نەماوە ،**
**شەرتبی پاشی توو ئێخەی کراسی بۆ کەس نەمك نەکەمەوە، ئاوەلەو بۆ کەس نەکراوە ،**
**هەتا ئەوێ ڕۆژێ دەڵێن ڕۆژی قیامەتە، ڕۆژی حەشرە ، خودا دێوانی داناوە ،**
**کوڕە گەریدە سواران بۆم بگێڕنەوە بۆم بکەنەوە شەرناخێوی جلیتانێ[2]**
**تا ئەمن سەری خۆم بەرمەوە بن کووپەڵەی دەخمی سەر شێلنگەی**

(1) مەبەست لە خەمناکیە ، واتە ڕەنگی ( خم) یان ، لێداوە هەروەك لای ئێمەیش باوە ، ئەگەر جلی ڕەش نەبێ لە خمی دەدەن.
(2) واتە مەیدانی مەشقکردن و ڕمبازی بە سواری وڵاخ.

دەخمخانێ ،
لە بۆ سوارەکەی تەرك و تورکمان لە گێژاوی دەریادا خنکاوەو بۆتەوە بێ گیانێ ،
دەڵێ سوارم بۆ بکەن بە جیلتان و شەرناخێوی یە ،
بۆم بگێڕن گەرمە شینێ گەر هیچ شتێك لایەقی شۆڕ مەحمودی نی یە ،
چونکە ئەلعان شۆڕ مەحمود کفنی ووی زگی ماسی یە، جا ئەجارە کە من دانیشم بە زیندەگانی یە ،
چەپڵەی لێدەن ئەمن دانییشم بە زیندەگانی یە، چەپڵەی لێدەن ئەمن بەرن بە بووکی یە ،
ئاقڵ بن بڵێن ئافرەت بوو هیچ بەقای بۆ نی یە ،
وەللاهی بیلاهی ئەمنیش وەکی توو کفنم زگی ماسی یە ،
لە چەپڵەی دەدا ئەویش خۆی داویشتەوە دەنێو گەڕیدە پردی یە ،
جا دەڵێ دنیای وێرانەی بناغەی ڕووخاو ،
دڵێت بە کوێت خۆشکەم دنیای نەهاتەوە جێگاو ڕێگای شیرانی تێك دراو،
لە دەریادا چوون شۆڕ مەحمودو مەرزن گیان خنکاو ،
نۆسەد کەس بوون هەر لە جەماتێ ، لەوێ شێت بوون بۆ حوکم و حوکماتێ ،
دنیای بێ وەفا کەست ناگاتێ یا ساحب جەوهەرێ یانە بێ هونەر ،
یان فەرمانبەردار یان ئەمربەر تا شاو سوڵتان تا میرو بەگلەر ،
دنیای بێ وەفا بۆ کەس ناچیتە سەر ، ئای لە وێکەو لە دنیایە ،
بۆ کەس نەبوو شەرت و وەفایە، جوانان دەستیان پێ دەگرتی دنیا ، پیران دەستیان لێ بەردەدایە ،
چەند خانم و خاتوون زولفی عەنبەر بۆ ناسك جەبینان ، شیرن چاوبرۆ ،

ساحب جەوهەران کوڵمە وەك لیمۆ، عاقیبەت مەرگەو من دەستەو ئەژنۆ ،
چەند ڕۆڵەی جوان چەند باڵا نەستەرەن ، هەمووی چاوەڕێ ی حەوزی کەوسەرن ،
چەند میرو بەگلەر چەند پەڕ بەسەرن ، عاقیبەت دەبێ خەبەری مەرگ بەرن،

## دەور کردنەوەیەکی سەرپێ یی. .
## بەیتی شۆڕ مەحمود لەڕووی زمانەوە

هەرچەندە زمانی کوردی زکماکمان ، زوبانی نەتەوی کوردو ڕێزمانی تایبەتی و جوانکاری خۆی هەیە ، بەڵام چەندان وشەی بێگانە جێگاو شوێنی خۆی تیادا کردۆتەوە تا ڕادەیەك هەستی پێ ناکرێ کە ئەو وشانە کوردی نین، بۆ ؟ چونکە هەر لەوکاتەی کە چاومان هەڵهێناوەو گوێچکەمان پێشوازی پیت و وشەی زمانەکەمانی کردووە، هەر وامان بیستوە و لێ ی ڕاهاتووین ..

ئەو وشانە لەلای زۆربەی زۆری گەلەکەمان خۆشتر هاتووەو توانای هەزمی سوکترە لەو وشە داتاشراوە کوردیانەی تازە! سەرەڕای ئەوەی کە زمانی کوردی بەچەند شێوە قسەو ئاخافتنی پێ دەکرێ ، بەڵام تا ئێستا بەش بە حاڵی خۆم گرانییی ئەوتۆم لە تێگەیشتن و ئاخاوتن بەدی نەکردووە، بۆ نموونە ئەم بەیتە- سەربردەی بەردەست هەروەك لەم کۆپلەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لەناوچەی (بێ ئاو- ئاڤ – BEAV)) ی ، کوردستانی ئێران ڕوی داوە :

ڕەبی کۆمەکت پێ بکەن چل سوارەی غەیبی یە
هەتا دێ یەوە لەمن وایە بێ ئاو چۆلە ئاوەدانی تێدانی یە

هــەروەها بــەدەنگی شــایەرو بــەیت بێــژێکی کــوردی ئــەودیوی ناوچــەی موکریـانی نێـو عـەزیزی کەریمـە سووری گونـدی گـەزگکی خـانیٚ تۆمـارکراوە ، واتـە بـە شـێوەی موکریـانی ئـەو شـێوەیەی کـە بـەش بـە حـاڵی خـۆم ب پـاکترین شـێوەی زوبـانی کـوردی دادەنـێم و هـەوڵ و تەقەلاّمـداوە بـۆ پـەیڕەوکردنی لـە بەرهەمەکانم .

سـەرەڕای پـاڵێوراوی شـێوەو ناوچـەکە بـەلاّم لـەو کاتـەی کـە هەسـت لـە گفتوگـۆی دوو قسەکەری موکریـان ڕادەگـری، بـەڕای مـن لەگـەڵ هـەر وشـەیەك ئـاوازێکی پـڕ چـێژی تێـدا بـەدی دەکـریٚ ئەگـەر لـێم زویـر نـەبن دەڵـێم هـەتا جولانـەوەی ئەنـدامانی قسەکردنیان جـۆرە جولانەوەیـەکی سـەرنج ڕاکێـشەری هەیە !

بـەلاّم لـەم بەیتـەدا چـەندان وشـەی عـەرەبی جێگـاو شـوێنی خـۆی لـە نێـو شـیعرەکاندا کردۆتـەوە بەتایبـەتی چـەند وشـەیەکی قورئـانی پـیرۆز بونەتـە هەڵکێشی شیعری بەیتەکە، وە بۆ چەسپاندن ئەم نمونەیە دەخەینە بەرچاو :

**مەمکی بۆ من دەبیتەوە بە ئیستکان و بە فنجانە**
**کوڵمە شەرابەن تەهوورە وەختی قوم لێدانە**

ئـەوەش دەگەڕێتـەوە یەکـەم سـەر ڕۆشـنبیری ئـاینی ئیـسلام کـە زۆربـەی نەتەوەکەمان لەسەر ئەو ئاینـەن و لـە دەریـای زانیـستی ئەو ئاینـەش وڵـەکانمان پێشڕەو سوارچاکی کاروانی ئەو ڕۆشنبیرە بوون ، دووەم دراوسـێی و هاوژیـانی ئەو دوو میللەتە لە دێرزەمانەوە ...

## سەربردەکە لە ڕوانگەی کۆمەلاّیەتییەوە

لـەو کاتـەی دانیـشتنی دەوروبـەری ئـاگردان بـەم جـۆرە سەرگوشـتانە گـەرم دەبێتــەوە ، چــەندانیان خۆیــان پــیٚ ڕانــاگیریٚ و فرمێــسك بــە چــاویان دێتــە

خوارەوەو بێ وەفایی سەربردەکە تێر جوێن دەکەن و هەندێکیان تین لەخۆی دەداو خۆزگەی خۆی دەخوازێ ، کە شۆڕە سوارێکی قارەمانی وەك شۆڕ مەحمودی لێ دەربچێ ، کۆمەڵێکی تریان پەنجەی دوور زەمانیان دەگەزن کە چۆن تۆڵەی ئەو دوو دڵدارانە لە مامەڕەشەو خێزانی پردەوان نەکراوەتەوە .

لە دوای گێڕانەوەی سەربردەکە هەموویان بە وەفای ئەو دوو شۆخ و شەنگەدا هەڵدەڵێن و سەرکۆنەی بێ وەفایی مامەڕەشە دەکەن و بە قسە تیر بارانیان دەکەن، بۆ نموونە :

**تازە چاومان بەیەکتر ناکەویتەوە هەتا ڕۆژی خودا دەکاتەوە دیوانە**
**خۆی لە چۆمی هاویشت ئەلعان قەبری ووی زگی ماسی یانە**

ئەو کارە ناڕەوایەی بە کرۆکەی مەرگەوەڕو ئەو بەکرۆکانەی کە هەردەم بوونەتە کۆسپی ژیانی بەچێژی دڵداران و خۆبەختکەرانی ڕێگای ئەڤینی و سەرفرازی ، هەروەك لەم سەرگوشتەیە بۆمان دەردەکەوێ کە پردەوانی بەدفەڕو هاوڕەوشتی بە کرۆکەی مەم و زینی بنگەوەڕێ ، بۆ چەند پارەو پوولێکی کەم لەچاو زێدە خۆشەویستی ئەو دوو دڵدارانە ، لەگەڵ مەکرو دۆلابی پیرێژنە ڕوو ڕەشەکەی خێزانی کە چۆن بونەتە دیوارێکی قوڕەبەستی ئەستور لە نێوانیان کە هەردەم بە مرازی بۆ یەکبوون چوونەتەوە نێو دەریای بێ بن ..

بۆ ئەوەی ئەم پەندەی پێشینان خالان خوارزا مەزن کردن، مامان برازا بزر کردن بەم سەربردەیە ببەستمەوە ، لە هەموو عورفێکی جیهاندا ئەو کارەی کە باوکی مەرزن گیان بەرامبەر شۆڕ مەحمودی برازاو دەزگیرانی تاکە کچەکەی کرد، کارێکی نا پەسەندو بێ جێ یە ، ئایا دەبی ئەو جۆرە مرۆڤانە لە چ ڕەگەزێك بن ؟ کە دڵیان ڕێگەیان دەدا پیلانی لەناوبردنی نزیك ترین کەس و خۆشەویست ترین ئاواتی ئامۆزایەتی و باوك مردوان دابنێتەوە! دەبێ بۆ پارێزگاری پلەی میرو بەگلەری یان بێ ؟ یا پێویستە ئەوجۆرە مرۆڤانە فرو بەو خوڕەوشتە بگرن !

پیاوێکی وەك مامەڕەشە دەیەوێ برازاکەی خۆی بنێرێتە جەنگ و ئەوانیش

ئاگادار دەکاتـەوە کـەوا برازاکـەی مـرازی هێـرش کردنیـان دەکـا! بـۆ دەبـێ وای کردبێ ؟ لەبەرئەوەی شۆڕ مەحمود لە ئەو نزمترە ، یا چونکە لە ئەو ئازاتر بوو ، خۆ ئینشاللا هیچ بەو نیازەی نەبووە کە هەوڵی ڕزگارکردنی تاکە کچەکەی دابێ ، ئەگەر وابێ ئەوە بە خۆیشی و زۆربەی خەڵکەکەش هـەواڵی مارەبڕی ئـەو دوو ئامۆزایە دەزانن! نەخێ ر دەبێ ئـەو جۆرانـە هـەبن بـۆ ئـەوەی ڕاسـتی پەنـدەکانی کوردی بۆ خەڵك بچەسپێنن .

بەڵکو بۆ ئەوەی ببنە تاکە سواری خراپەکاری زەمـانی خـۆی ، هـەروەها ئـەو مرۆڤانەی کە لە دوای زەمانی ئەو دێن ، سوود لەو کارە نا ئـەموارە وەردەگـرن ، کە ئەو جۆرە کارانە پاشماوەی پووچەو دەبێتەوە کارێکی بـەرز لـە خراپـە کـردن ، دەبێتە نیشانەی دەست درێژکردن و تیربارانی شوومی، تا ئەم جیهانە ماوە !

## بەیتەکە لە ڕووی وەفاداری

هەرچەندە شۆڕ مەحمود لە ئازایەتی بێ هاوتا بووەو سـەر لەشـکری وڵـاتی (بێ ئـاو) بـووە ، بـەڵام درێغـیشی لـە وەفـاداری نـەکردووە هـەروەك دەیزانـی کـە مامـەی پیلانـی بـۆ داناوەتـەوە، سـەرەڕای ئـەوەش فـەرمانی مامـەی جـێ بـەجێ کردو چووە شەڕی تورك و بەسەرفرازی گەڕایـەوە وواڵت و هـەروەها بـەدیهێنانی پەیمانی خۆی و دەزگیرانەکەی کـە مـەرزنی ئـامۆزای بـووە، وە بـۆ مەبەسـتی ئـەو وەفاداریەی سەری ناوەتـەوە دەریـای بـێ بـن بـە یـەکجاری ، هـەر وەك ئـەو چـەند دێرە بۆ مان دەسەلمێنێ :

**ماچی توو بۆ من بۆ لە دنیایێ دەرکەرە**
**جا خۆ نەمانی توو بۆ من باسی سەرە**
**خودی میراتی من بۆ سەردارعێلان بەجێ بمێنی ئەوبەر ئەوبەرە**
**لەسەرڕا خۆی لە پردێ هاویشتەوە ئەوبەر ئەوبەرە**

بەلاّم نابیّ ئەوەش لەبیر بکەین کە مەرزن لە وەفاداری ئامۆزایەتی و دلّداری لە ئەو زیاتر بووە ، بەلّکو بۆ سەرفرازی هەموو ئافرەتانی جیهان کە دەلّیّ :

**ئاقل بن بلّێن ئافرەت بوو هیچ بەقای بۆ نی یە**

هەرچەندە ئەم دێرە شیعرە دژواری ئەم پەندە کوردی یە :

**سێبەری بەردی ، بەقای مێردی**

بەلاّم ئەو نازدارە هیچ نەیوستووە لە وەفاداری شۆڕ مەحمود درێغی بکات ، بەلّکو ویستویەتی زیاتر لە ئەو، بە قسەو بەکاریش هەروەك لەم چەند دێرەی خوارەوە بۆمان دەردەکەویّ :

**وەللاّهی بیلاهی ئەمنیش وەکو توو کفنم زگی ماسی یە**

**لە چەپلّەی دەدا ئەویش خۆی داویشتەوە دەنێو گەڕیدە پردی یە**

## دوا ووتە

پێشینان قسەی بیّ سوودیان نەکردۆتە پەند ، بەلّکو ڕووداوی ناپەسەندی وایان بەچاو بینیوە ، بۆیە ئەو قسەیان نەخشاندوە، بەلاّم چ بلّێین دەبیّ ئەو سەربردەیە ئەفسانە بیّ ، منیش دەلّێم نەخێر لە ئەفسانە بەدەرە جگە لە چەند پۆیلە زێدە پێکراوە بۆ تام و چێژ ، نەوەك ڕووی داوە ئەگەر ئەو سەربردەیە ڕووی داوە خوا یاربیّ هیچی تر لەو جۆرە ڕووداوانە ڕوونەداو دووپات نارێتەوە بەلّکو ئومێدەواری هاتنەدی خۆزگەکانین.. .

* * *

# لەعلی خان[1]

**ڕەبەن دایێ بە قەراتی هەولێرا ڕەنگین داکەتم گەلە برندە، لە من ڕا سێ دەرگەیە ،**

**ناچمە قەراتی هەولێرێ ئاگر کەتێ گەلە برندە ڕەبەن دایێ لە من ڕا سێ دەرکەیە ،**

**دەمانچێ دەستێ صباح کوڕێ نووری مەعلومە کچك پۆلیسە بابۆ چ بکەمێ عەیار شەش گوللەیە ،**

**ئەگەر نوری باویل ئاغە لە شارێ دهۆکێ کاغەزەکی هەناردبوو بە دزی لە بۆ مەکتەبی سانەوی هەولێرێ ڕەنگین دەیگۆ بڕۆ کوڕێ من صباح لە هۆدەی حاکمی جۆتەکی دەمانچان بدە لە بەژنێ سمایل[2] بەگی ئاغەی**

---

(1) خێزانی سەعید بەگە . لعلی خان مستەفا ئەلیاس ( ١٨٨٤ – ١٩٦٨ ).

(2) سەعید بەگ کوڕی عەولا پاشا کوڕی بەکر بەگ ، باوکی سمایل بەگ ، پیاوێکی کاربەدەست و تاکە دەوڵەمەندی ناوچەکە بووە، هەروەها بنەماڵەی باویل ئاغە لە سەرفرازی و ئازایەتی بێ وێنە بوون .. بۆیە سەریان بۆ هەموو داواکانی سەعید بەگ شۆڕ نەکردووە ! لەبەر ئەوە ناکۆکیان کەوتۆتە نێوان ! لە ئەنجامدا بنەماڵەی باویل ئاغە ، لەدەوروبەری ساڵی (١٩١٨) سەعید بەگیان لە نزیك مزگەوتی باتاس کوشتووە ، - ئەو پیاوەی کە سەعید بەگی کوشتووە نێوی مامەری باسی بووە ، - ئەو مامەرەش بە دەستی عەلی بەگی مەحمود ئاغەی خڕێ کوژراوەتەوە - لە ساڵانی ( ١٩٢٣ – ١٩٢٨ ) سەید تەها شەمزینی حاکمی رواندوز بووەو لایەنگیری سمایل بەگی (١٨٩٧ – ١٩٣٣ ) کردووە ، گوایە سمایل بەگ هەلی بۆ ڕێك کەوتووە بۆ تۆڵەکردنەوە لەو دەوروبەرە خوێنی منداڵێکی بچوك و (مستەفا و کەریم ) ی ، باویل ئاغەی کەوتۆتە ئەستۆ ! لە دوای نەمانی سەید تەها لە رواندوز ، ڕۆژێکیان لەشاری هەولێر سەباح کوڕی نوری باویل (١٩٤١) کە قوتابی پلەی ناوەندی بووە ، لە نزیك قەڵای هەولێر چاوی بە سمایل بەگ دەکەوێ و دوو گوللەی لە پاتی سەری دەداو لە خوێنی دەگەوزێنێ و بەرەو ←

## باتاسیٚ قەزاییٚ ڕەواندوزیٚ کوڕیٚ لەعلی خانیٚ ، صباح مەترسیٚ بە ماریٚ

←مالی کەریم کورەچی کوڕی وەلی کوڕی حاجی عوسمان باوکی خالص و چۆلی ١٩٤٤ دەچێت.

گوایە سەرۆکی نەخۆشخانەی هەولێر سمایل بەگ دەگەیەنێتە بەغدا بۆ چارەسەرکردنی ، لە ئەنجامدا چاك دەبێتەوە .

میریش بۆ ماوەی سیٚ ڕۆژ بەدوای سەباح دەگەڕێن نادۆزرێتەوە ، گوایە دایکی کەریم کورەچی لە ترسی میری .. دیلەکەیان دەداتە دەست لە ئەنجامدا مستەفا قەرەداخی حەوت ساڵ بەندی بۆ دەبڕێتەوە - کەریم کورەچی ئامۆزای خەدیجە خانی کچی سەلیم کورەچی و خێزانی نوری باویل ئاغەیە . -

لەو کاتەدا نوری باویل عەزیز ئاغە ( ١٨٨٢ – 1963) باوکی سەباح لە دهۆك قومیسەر بوە ، هاتۆتە بەندیخانەو گلەیی لە کوڕەکەی کردوە کە بۆ نەیکوشتوە ؟! ئەویش دەڵیٚ : بابەگیان ئەمن بە مەرامی کوشتنم لێداوە بەڵام خوا ڕزگاری کرد .

گوایە باوکی دەستەیەك جگەرەی قامیشی کوردی پێداوەو پیٚ ی گوتووە : نابیٚ ئەو دەستە سیگارە کۆتایی بیٚ دەبمە ڕۆح کێشی سمایل بەگ ئینجا نوری ئاغە لە گەڵ (خدر حەمەد شین) ی ، زاواو خەزوری - ئەو خدرە خەڵکی گوندی سەر چیا یەو لە خێڵی (سورچی) ە ، دەکەونە پیلان دانان بۆ لەناوبردنی سمایل بەگ . لەو کاتەی هەواڵی سمایل بەگ و برادەرەکانیان بیست نوری ئاغەو خدری حەمەدەشین و سەلیمی براو مەلا عەزیزو عەلی برایانی نوری ئاغە لەگەڵ ڕیٚ نیشاندەرێکی خزمیان کە ناوی حەسەن حاجی عەبدولرەزاق بووە ، دێنە سپیلك لە دۆڵی نیشاویٚ بۆسەیان دادەمەزرێنن .

لە ئەنجامدا سمایل بەگ و حوسێن بلەیی و غەفور رواندوزی دەکوژرێن وسمایل بەگی دەرگەلەیی بریندار دەبیٚ مامۆ رواندوزی دەربازی دەبیٚ ! لەوانیش حەسەنی حاجی رەزاق و مەلا عەزیز دەکوژرێن و عەلی و نوری باویل و سەلیمی حەمەدەشین بریندار دەبن !

خدرو نوری بۆی دەردەچن و عەلیش خۆی دەداتە دەست ، لە ئەنجامدا هەموویان بەند دەکرێن و بەندی بیست ساڵیان لەسەر دەچەسپیٚ ، لە پاش چەند ساڵێك سمکۆی نوری لە هەریر دەکوژن ، سەباحیش لە شەڕی ١٩٤١ لە حەبانیە دەکوژریٚ ، ئەو ڕووداوە خەمناك و دڵتەزێنە دەم بە دەم بۆ ئێمە ماوەتەوە تا ئەوڕۆ ، بۆتە کەرەسەی فۆلکۆریست و مێژوونووسان .لە نووسینێکی ترم بە ووردی لەو سەربردەیە دەدوێم.

**دنیـایێ مەحکەمـەی کوبریـا ، تـەختی شـەوکەت[1] پاشـای بەغـدایێ هەردووکیان غەمی بابی تەیە ،**

**ئەگـەر نوری ئاغـە دەگۆ سوندێ دەخـۆم بـە قورعـانێ بـە کـەلامێ ، دەستی خۆم باوێمە سەرداریێ جامبێزاریێ بچمە شۆڕی خـەلیفانێ یـان گەریا عەلی بەگی بگرم ، دەبی دابنێم دوو بۆسەیە ، هاوارەکێ دەکەم لە گەلی خزمان و برایان، بە سێ دەنگان گاز دەکا خدری حەمەد ئاغە[2] ، مەلا عەزیزێ برام ، عەلی باویل ئاغەیە ، سەرێ من و قوربانێ سەریبی.. ئەوڕۆ سمایل بەگی لعلی خانێ دێتە دەرێ لە شاری هـەولێرێ ، سـوار دەبوو لە فۆرتێ قەمەرەیە ، لـە گـەڵ خۆی هێنـابوو چـەند خولامـە لەگـە شوفێری ئەرمەنی دەفەلەیە ، هەنگینێ خۆش دەبوو شەڕێ من و سمایل بەگی بگەتبوایە بەرجادەیە مەعلوومە سێ پشتا دوژمنێ مەیە ، لە سەر صباحی چاو بەلەکە بیکوژن حەفت ساری حوکم دابوو بە ئەوێ حاکمێ**

---

(1) مەبەست لە ( ناجی شوکت ) ە.

(2) دەربـارەی ئازایـەتی حەمەدەشین کـە بـاوکی خـدری سەرچیایە ، دەگێڕنـەوە جارێکیـان لەوکاتەی ناوبراو لە گەڵ چەند پیاوی گوندەکەیان لە ژێر کەپرێك دانیشتوون لەوکاتـەدا مارێکی گەورە ڕوو دەکانە دانیشتوانەکان هـەموویان هـەڵاتوون جگـە لـە ناوبراو ئـەویش ئەنیـشکی لەسـەر بـالیف (سـەرین) داناوەتـەوە خـۆی نەجولانـدوە .. مارەکـەش هاتۆتـە بەردەمی لە بەرامبەری گڤ بۆتەوەو زمانی بۆ دەرهینـاوە ! حەمـەدیش لە ناکاو لـە نزیك سەریەوە توندی دەگرتا چاوی دەردەپەڕێ و دەیکوژێ !

هەروەها جارێکیـان لەوکاتـەی حەمەدەشین هـەردوو چاوی کوێر بوە .. کەسوکاری تووشـی شـەڕ دەبـن ، خزمـەکانی هانـدەدات بـۆ شـەڕکردن .. لەوکاتـەی ئـەوان چـوونەتە شـەڕکردن ئـەویش لـە دیوەخـان تـا خزمـەکانی دەگەڕێنـەوە بـە دوو خەنجـەر شـەڕ لـە گـەڵ زەویەکـەی بەردەمی خۆی دەکات – واتە ئاگری دڵی خۆی دامرکاندوە ، جۆری ئەو قارەمانانەو حرس گەورانەمان زۆر بوە – یادیان بەخێر.

دەخێلی[1]یە دەنایێ سەد جاران نایێ ، دەنگی ڕەشیدان و ماقول و خانەدانان برا لە دنیایێ ،

هەوری تارانی ، ڕانك و چۆغەری زاخۆ دەمانچەی مانێ لە سمایل بەگی لعلی خانێ میرات بە جێ مایێ نوری سوند خۆرە بە ناوێ خودێ بە غەوسێ بەغدایێ ،

ئەگەر بەتار نەکەن ئەوێ شەڕێ ئەوی دەعوایێ دەبی بسوتێنم ڕەواندوزی پاشای هۆدەی حەرەمێ دەکەمە تەوێلەی دەواران ، قەسرێ سپی لەعلی خانێ داکی دەکەمە کادینێ کایێ ،

دەڵێ وای سەد جاران لە من نایێ،

صباح دەگۆ ناچمە قەراتێ هەولێرا ڕەنگین گەلە برندە ، لە مانگی پایزێ بەڕۆژی چارشەمێ ، بابە بەرهەوایی ،

نوری ئاغە بە سێ دەنگان گاز دەکەن ، خوزیە صباح ئەتوو لە من نەبوایە ، لە هەتیم و تاران بە پاش بکەتبایێ ، لەجیاتی دوو گوللە شەش گوللەت لە سمایل بەگی لەعەلی خانی بدابوایێ ، خینی سمایل بەگی خۆش دەبوو بکەتبوایە جادێ هەولێرێ بڕاشابوایە پێش دەرگای ئەوێ سەرایی ، مەحکەمەی کوبرا تەختێ شەوکەت پاشای بەغدایی ، هەردووکیان غەمی و عادی بابێ تە بوایێ ،

صباح دەیگۆ نوری ئاغە بەسەرێ توو کەمە بە قەدرێ ناوێ خودایێ

بە دەستی ڕاستم دەفتەرو قەرەمێ مەکتەبێ هەڵگرتبوو ، بە دەستی چۆپە لێم دابوو نەیگرتبو جێی کارێ و باش نەخێوایێ ،

---

(1) هەرچەندە لەو لاوکەدا دەڵێ : حاکمی خێلەکی ، چونکە لەکاتی خۆی ئەوجۆرە حاکمانە هەبوون ، خێلەکی ، مەدەنی ، عورفی ، بەڵام صباح دراوەتە دادگای مەدەنی کە ئەوکات مستەفا قەرەداخی لە هەولێر بوە .

**دەنایێ سەد جاران نایێ دەنگی ڕەشیدان و ماقولێ و خانەدانان برا لە دنیایێ ،**

**هەورێ تارانێ ، ڕانك و چۆغەری زاخۆ دەمانچەی مانێ لە سمایل بەگی لەعلی خانێ میرات بە جێ مایێ ،**

**لعلی خانێ دەگۆ لە خۆم بێ کەسێ سەر شینێ کەس نەمایێ ، کەس نیە جوابەکێی بداتەوە گەورەی بەغدایێ ،**

**برێ ئەورۆ خدری حەمەدە شینی مەلا عەزیز و نوری هەرکەسێکیان ئاگریان بەردەدا بەینی هەردوو چیاێی مەیتی سمایل بەگی عەولا پاشای لە شۆڕێی خەلیفانێ کوژرایە بەبێ کەسی کەتیە لەمەجرایێ**

**نوری سوندخۆرە بەناوێ خودایێ**

**دەیگۆ ئەگەر وازنەینی لەعلی خانی لەوێ شەڕو لەوێ دەعوایێ دەبێ دەسوتێنم ڕەواندوزی پاشایە[1]، هۆدەی حەرەمێ دەکەمە تەوێڵەی دەواران ، قەسرێ سپی دەکەم کادینی کایێ ئاخ چ بکەو ڕەواندوزی شیرن ، ئاغەو خولام ماڵی سمایل ئاغەی بەبێ ئاغەی بەجێ مایێ ،**

**دەلێ وایێ بەلان ڕەبەن دایێ ، ناچمە قەراتێ هەولێرا ڕەنگین گەلە برندە ڕووی خۆ دەدەمە منارەی چۆلی یە**

**وەکو صباحی کوڕێ نوری جۆتەکی دەمانچان دابوو لەبەر بەژنێ سمایل بەگێ ڕەواندوزی یە ،**

**صباح حەڤدە سارە مندارە مەکتەبلی یە ، هەردەهات لە دەست**

(1) هەورەها دەڵێن : میر موحەمەدی ڕەواندوزی ، چاوی کوێر نەبوو ، بەڵام لەبەر ئەوەی تەپڵی سەری پان بوو ، وەك چۆن بە بزنی بێ شاخ قۆچ دەڵێن کۆریس ئاواش بە ئەویان وتوە، سەرەڕای ئەویش گوایە هیندە چاوی خەڵکی دەرهێناوە ، بۆیە ئەو ناوەی بەدوا کەوتووە.

قۆمیسەرو پۆلیسان خۆی دەشاردەوە لە ماریٚ کەریمی کورەچی یە،

دوو قومیسەرو پۆلیسان .. صباحیان لە ماریٚ کەریمی دەرکردیە

دەیان بردەوە حەپسیان دەکرد لە حەپسخانە ژوری یە صباح دەیگۆ

خەبەریٚکی بدەنە بابیٚ من نوری یە دەبا بە تالوکە بیٚتن لە دوو ئیشیٚ

ویٚران بە جواب و سوابیٚ صباحی یە

وەکی نوری ئاغە هاتی یە سوندەکی خوارد یە بە هەر شەش تەلاقیٚ

ژنی یە

ئەگەر صباحیٚ بەرنەدەی لە بەندیە شەرتبی سمایل بەگ نەهیٚلم

تیٚبپەڕی لە گەلی بەگیە ،

ئەتوو بکوژین بە حوکمی بەرابیٚل و عەینەلی[1]یە بەران چبکەمیٚ

بەچۆلی بمیٚنیٚتەوە دیوەخانیٚ ئاغەی رەواندوزی یە

دەنایيٚ سەد جاران نابیٚ دەنگی ماقولان و رەشیدان خانەدانان لە

دنیاییٚ

هەوری تارانیٚ ڕانك و چۆغەری زاخۆ دەمانچەی مانیٚ لە سمایل بەگی

میرات بەجیٚ مایيٚ ،

لعلی خانیٚ دەگۆ خیٚر خوازەك نیە دەستیٚ من بگەینیتە سەرداری

تەلەفۆنیٚ تەلەفۆنەکە بکشیٚنم لەگە گەورەی بەغداییٚ

بریٚم ئەورۆکە خدری حەمەدە شینی مەلا عەزیز لەگە نوری و عەلی

هەرچارا ئاگریان بەردا هەردوو دۆریٚ[2] هەردوو چیاییٚ

مەیتی سمایل بەگی نەوەی پاشای بەبیٚ کەسی کوژرایە کەتیە لە

(1) دوو جۆرە چەکی ئەو سەردەم بوە.

(2) مەبەست لە گەلی علی بەگ و دۆلی نیشاویٚ یە ، ئەو شویٚنەی سمایل بەگی لیٚ کوژراوە.

**مەجراییٚ[1]**

**دەڵی واییٚ لعلی خان[2] دگۆ بابە چبکەمیٚ بەژنیٚ سمایل ئاغەی لەمن نەبوە داران لەداریٚ نێرگزیٚ هاوارەکی**

**بنێرم لە بۆ قەڵادزیٚ ، یەك لە بۆ رەواندزیٚ ، سمایل بەگ کوژرایە[3]**

**لعلی خان دگۆ لە خۆمیٚ سەرشینیٚ ، لە خۆمیٚ دلٚ کزیٚ ،**

**دێنە سەر مەیتیٚ سمایل بەگی ، ڕادەوەستن ئاغەو پاشەوات لەگەر مودیرو مەهاندزیٚ .**

* * *

**بەژنیٚ سمایل ئاغەم دارییٚ میانە**

**جوابەکیٚ بەرن لە بۆ بەغدایە**

**لعلی دەگرییٚ کوڕی کوژرایە**

**بەژنیٚ سمایل ئاغەم دارییٚ مێکوکیٚ**

---

(1) مامۆستا بایەزید صادق کە خانەنشینەو خەڵکی (باتاس)ە ، لەکاتی منداڵیدا لەسەر تەرمی سمایل بەگ ڕاوەستاوە ، نێوان ساڵانی ( ١٩٣٢ – ١٩٣٣ ) کردۆتە مێژووی ڕووداوی کوشتنی سمایل بەگ ، بەڵام مامۆستا محمد خدر ئەحمەد کە فەرمانبەرەو هاوپۆڵی صباح نوری ئاغا بوە دەڵیٚ : ساڵی (١٩٣١ – ١٩٣٣) ئەو نێوانە دەکەینە ساڵی ڕووداوی سمایل بەگ کە تەرمەکەی بردراوەتەوە رواندوز لەویٚ شوراوەو نێژراوە لە گەڵ دایکی و باوکی لە ژوورێکی تایبەتی خۆیان ، ئەوەی شایانی باسە ڕۆژی کوشتنی سمایل بەگ بە تەواوی لە ٨ / ٦ / ١٩٣٣ بوە ( ئەسعەد) .

(2) لعلی خان مستەفا ئاغای برازای هێناوەتەوە سەر ماڵی خۆی . لە دوای کوشتنی سمایل بەگ.

(3) بنەماڵەی سمایل بەگ دەگەنەوە سەر میرانی سۆران و خەڵکی گوندی ( باپشتیانن) بنەماڵەی باویل ئاغە ماڵی (باس)یان ، پیٚ دەڵێن خەڵکی یەك ناوچەن کە سەر بە رواندوزە.

جوابەکێ ببەن لە بۆ کەرکوکێ
لعلی دەگرییێ لە خۆم بێ بووکێ
بەژنێ سمایل ئاغەم دارییێ کنێرێ
جوابەکێ بدەنە گەورەی هەولێرێ
کوڕم کوژرایە لە خۆم بێ خێرێ
بەژنێ سمایل ئاغەم دارییێ ڕێواسێ
جوابەکێ بدەنە فەلەی باتاسێ
سمایل کوژرایە بێ توو بیناسێ
بەژنێ سمایل ئاغەم دارییێ لە لێڕی
جوابەکێ بدەنە سەراو باژێڕی
سمایل نایێتن چبکەم بە زێڕی
روحی ناکڕدرێ وەللا بە زێڕی
هەی ئاغە ئاغە شین و گریانە

--

لعلی خان گریا ماری وێرانە
پاشی سمایلی کۆر بوو هێلانە

* * *

وەی شەڕە شەڕە وەی شەڕە شەڕە
بەرێ چەند گۆ شەڕە شەڕ لە چیایە
شەڕی صباحی و سمایل پاشایە
صباح مندارە لە مەکتەب دایە
سمایل بەگ وادێ هەر وەکی بایە
لەگەڵ مەعاونی دەستیان تێکدایە

صباح لەسەر ڕێی وا ڕاوەستایە
دەمانچەی ڕووتی لە گۆلمیٚ دایە
گەیە سمایل ئاغەی لە کەڵەی دایە
صباح دەڕۆیی دەبووە ئەشقی یایە
باش چاوش توخمی سە لە دووری گەڕایە
بەلان کەریم کورەچی لە مارێی نایە
سوندوقیان دەشکاند صباح تێدایە
صباحیان هەڵدایە لۆ خوار بەغدایە
لعلی خان وادیٚ فەرخەی کوژرایە
نیوەی رواندزێم لە بەرتیل دایە
هەر چوار خولام بوو دوو ئامۆزایە
جێگای صباحم خێن لیٚ رژایە
هەقی باڵای تووم هەر لە کن مایە

*     *     *

# هەقایەتی ناسرو ماڵ ماڵ

هەبوو نەبوو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو ، دەگێڕنەوە لە زەمانی خۆی گوایە مەزن باویل و میرزاغاو مەزن باب ئۆمەر هەر سێکیان برا بوون ، مەزن باویل و میرزاغا لە دایکێك و مەزن باب ئۆمەریش لە دایکێك .

مەزنایەتی وولات لە دەستی باویل و میرزاغا بوو ، بەڵام ئەو دوو برایە دەرهەق بە باب ئۆمەری زۆر خراپ بوون ، ئەوانە- واتە باویل و میرزاغا- هەر یەکە کوڕێکیان هەبوو ناسرو ماڵ ماڵ باب ئۆمەریش دوو کچی هەبوون نازو نازدار[1].

ڕۆژێکیان لەو کاتەی مەڕوماڵاتیان خوییٚ دەدا ، باب ئۆمەر بە براکانی ووت: ئەگەر بێت و ئێوە ڕازی بن ، من دوو کچم هەن ئێوەش دوو کوڕ، هەر یەکە کچێکیان دەدەمیٚ ، لە جیاتی دەست ماچکردن و سەڵاوات لێدان و خوا موبارەکی ، هیچ قسەیەکیان نەکرد سەرو نەییٚشیٚ ڕازی نەبوون !!

باب ئۆمەری هەتیوێکی نێو (تەمر) ی ، دەماڵیٚ دا بوو ، شەوێکیان تەمر خەونی دیت و لە بەرەبەیانیان هەڵستاو ڕووی کردە ماڵی مەلای بۆ ئەوەی خەونەکەی بۆ بگێڕێتەوە مانای خەونەکەی بزانیٚ ، لە ڕێگادا تووشی پیرێژنەکی ڕەقەی ملقۆڕ بوو ..

- ها تەمرە کەچەڵ بۆ کویٚ دەچی ؟
- پیرە دایی خەونم دیوەو دەچمە لای مامۆستای خەونەکەی بۆ دەگێڕمەوە ، بەڵکو مانای خەونەکەم بۆ لێکداتەوە .
- جا بۆ ڕۆڵە خەونەکەم بۆ ناگێڕیتەوە ، تا مانەکەت پیٚ بڵێم! زۆر کەسی وەك تۆ دێتە لام و مامای خەونەکانیان بۆ لێك دەدەمەوە ..

---

(1) لە دەقی ئۆسکارمان نێویان تەورێزو ئەسمەرو پەروەرە.

پیرەدایی لە خەویمدا (کەرم)[1]م لیھاتبوو !

- ئەی مردوت مریٚ ، ئەی بۆ نەپچڕاوی ؟!

تەمر بەرەو ماڵی مەلا کەوتە ڕێ خەونەکەی بۆ مامۆستا گێڕایەوە ...

- تەمر

- بەڵێ

- ئەو خەونەت بۆ کەس نەگێڕاوەتەوە ؟

- وەللاهی مامۆستا لە ڕێگادا گەیشتمە پیرەژنەکی ملقۆڕ وتی: مانای خەونان چاك دەزانم منیش بۆم گێڕایەوە ، بەڵام هیچی نەزانی !

- تەمر ، تۆ دەبیت بە پاشا! بەڵام نەکەی خەونەکەت بۆ کەسی تر بگێڕیتەوە ، ئەگەر بۆ ئەو پیرەژنەت گێڕاوەتەوە لەبەر ئەوە بە تەمری لەنگ[2] بەناوبانگ دەبی !

لەوکاتەی تەمر ئەو قسەی لە دەمی مەلای بیست ، شوانی بەرخە گەلێ بوو، هەموو ڕۆژێ بەرخەکانی بۆ کێوی (قیراس) لەوبەری ماڵان ڕادەداو لەسەر ڕێبازێك لێی دادەنیشت و دەستی دەکردە کۆکردنەوەی بەردو قشپل و پارچە دارو دارۆچکە ، هەر کۆمەڵێکی لەوانە ناوێکی لێدەنان وەك ئەفسەرو سەرهەنگ و قوماندار.... هتد .

لە ناکاو کۆمەڵەکانی تێکەڵ یەك دەکردن و لەبەر خۆیەوە دەیپڕماند لە کۆتاییدا بەرخەگەل ڕەق بوونەوە! ئێ ڕۆژێکیان مەزن باوئۆمەر بیری لەوە کردەوە کە هۆی لاواز بوونی بەرخەکان چی یە ؟ بۆیە ڕۆژێکیان کەوتە شوێنی تەمرە کەچەڵ ، کاتێك گەیشتە لای بینی و ئەو کەسبەی دەکرد !

- ها تەمرە کەچەڵ ؟ ئەوە بۆ ئەو بەرخە گەلەت وا قرخکردووە ؟ هەی (.....) بۆ من ئەو نان و پێ خۆرەم لە خۆ زێدەیە ؟ هەی (......).

---

(1) واتە گوێ درێژم ببوو !.

(2) دەبێ ئەوە تەیموور لەنگ نەبێت ؟!.

- مەزن باب ئۆمەر تکات لێدەکەم خۆت سل مەکەو جنێوانیش مەدە! من بووم بە پادشا !
- هەی (.....) بە چی بووی بە پاشا ؟
- قوربان تەماشای ئەو تیپە سەبازانە ناکەیت وا لەبەردەستم ڕاوەستاون!

باب ئۆمەر گەڕایەوە ماڵ ، شوانێکی بۆ بەرخە گەل ڕاگرتوو بە ماڵ و منداڵەکانی وت: منداڵینە ئەو سفرەی لەبەر من هەڵدەگرن سێ جەمە لە پێش تەمری دابنێن ، ئیش بکات ئیش نەکات کەس دڵی نەیەشێنێ ! .

زۆری نەبرد ، هەرچەندە بە هەقایەت دوور دەکەوێ و بە قسە نزیک دەبێ ، شای تاران مرد ! شایەتی ئەو سەردەمیش وەکو ئێستا نەبوو، بەڵکو (باز) یان ، دەفڕاند .. ئەوجارەیان بازەکە لەسەر سەری تەمری نیشت! کاتێ بازەوان هەواڵەکەیان بیست کە گوایە باز لە وڵاتی گاگەش لە سەر تەمر ناوێک لەنگەری کردووە !

چەند سوارێك بەدوای بازەکە هاتن و تەمریش کابرایەکی پیس و چەپەڵ و ناشیرن! وتیان: تۆ تەمری ؟

- بەڵێ .
- ئەمەو شایەتی ؟!
- بەخوا ڕاستە !
- نا ڕازیشی ؟
- هەند ناڕازیم تا خوا دەڵێ بەس !

وتیان وا مەسڵەحەتە کەچەڵی لە کۆنە ئاشی بپەستین ، ئینجا سوارەکان لە گاگەشەوە بازیان هەڵاویشت.. بازەکە بە ئاسمانەوە بڵند بوو چەرخە مەتاڵ هاتە خوارەوە وورده وورده بۆ کۆنە ئاشێ تا لەسەر سەری تەمری نیشت! بازەوانەکان وتیان: باوکم ئەمە نەی کردووە خوای کردووە ، لەگەڵ خۆمانە دەیبەین مانگێك دوان هەورەك باوە ئەکەر پاشایەتی پێکرا ئەوە باشە ئەگەرنا دووبارە بازی هەڵداوێینەوە .

تەمر ڕووی کردە بازەوانەکەو گوتی: ئێستا من بوم بە پاشا ؟

– بەڵێ .

– لەوان سواران ، ئەوی خەلاتێ کەم یا بەراتی بدەم دەسەڵاتم هەیە ؟

– بەڵێ .

– ئەوە بڕیارمدا ، مەزن باویل و میرزاغا لە مەزنایەتی خستن ، مەزن باوئۆمەرم کردە مەزنی وولات! هەر بێت و بە مریشکێك بڵێن کشە هەردوو چاویان هەڵدەقەنم !

لەوکاتەی تەمر لە تاران دانیشت و بوو بە پاشا ، وەك بڵێی پەنجا هەزار ساڵە شایەتی دەکات ئەوەندەی چاك لێدەزانێ !

باویل میرزاغاش لە ترسی شا نەوێرا خۆ لە باو ئۆمەری بگەیەنن، مەزن باب ئۆمەریش درێژەی پێ نەدەین هەتیوێك بوو وەك من[1] ! هیچی بەخۆوە نەدیبوو، کە وای زانی بۆتە مەزنی وولات و کەس لە ئەو مەزن تر نیەو پاشاش لایەنگیری ئەوە ، دەستی کردە کۆکردنەوەی خەرجی و پیتاڵ و بگرەو بەردانێ ، تۆڵەی خۆی لە باویل و میرزاغا نەکاتەوە !!

لەوکاتەی بەهار دا دەهات بەرەو مێرگ و پاوەنەکانی گاگەش دەڕۆیشت و هۆبە هۆبە ڕەشماڵیان هەڵدەداو چەندان تاژی و تولەی دەرستاندو دەیان نۆکەری لە خزمەت ڕادەوەستا بە فیزەوە قسەی لەگەڵ خەڵکەکە دەکرد !

* * *

ناسرو ماڵ ماڵ با خۆش ببوون ، ماڵ ماڵ لە ناسر گەورەتر بوو هەرچەندە باوکیشی لە باوکی ناسری گەورەتر بوو، هەرچی ناسر بوو جوامێرێکی خورت و قسە لەسەر بوو ، بەڵام ماڵ ماڵ لاوێکی مەندو لەسەرخۆ بوو ، ڕۆژێکیان ناصر بە ماڵ ماڵی گوت: ئەرێ ئامۆزا ؟ .

بەڵێ برایە .

– لەکاتی خۆیدا مام باو ئۆمەر قسەیەکی لەگەڵ باوکی ئێمە کردبوو ،

---

(1) هەقایەتخوانەکە وا دەڵێ !.

ئەگـەر بێـت و مامـەمان لەسـەر قـسەی خـۆی بـێ و لێمـان هەڵنەگەڕابێتـەوە ، دەچینە لای یەکمان با قەنداری و یەکێکیش بە عەباهەڵگری ..

- دەك سەرێکی منت ببێتەوە بە قوربانی سەری یە ،

ئەمن لەوێ بووم بەوێ تەکبیرێ وەبووم ، بەڵان لە تۆم ڕانەدەدی یە ،

ئەگەر دەخۆ ڕادەبینی تەکبیرێکی زۆر جوانەو قەد کەس وای نەزانی یە

ئەمما با بە چاوێکی سووکەڵە نەچینەوە پێش چاوی مامی یە ،

چـوون مامـان زۆر ئینـسانێکی بـێ روحـم و بـێ لوتـف و بـێ ئنیتفانـە ، چ قاعدەو قانون و ئوسوڵی نی یە ،

با بچینەوە ئەوێ تەویلەو تەویلەخانێ بێنینە دەرێ دوو گوێدە گڕدەکی یە، لـە پـشتیان بکـوتین زینێکـی موعتەبـەڕو بـە تەنیـشتیاندا بـەروەدەین جوتێـك گاوزەنگی لەوی دەمورسایی یە

جـا دەبـەر خـۆن کەینـەوە دەسـتێك کێـژەو پـانتۆل و بەسـەرخۆن دەکـەین کوانێن زرێلی یە ،

لە دەوری بدەین شاش و پەمبەی جاڵسی یە ،

هەڵکێشین چەکمەی لەوی دەموسڵی یە ،

بەرێ خۆن دەکەین خەنجەرێکی لەوی دەنێرۆیی یە ،

بە تەنیشت خۆن وەربدەین شێرێك لەوی دەقەرە یوسفی یە ،

با بەدەست خۆە وەربگرینەوە ڕمبێکی لەوی دەهەژدە قەفی یە ،

سەبرە سەبرە ڕوودەکەینە دەهۆبەی هەواری مەزن باب ئۆمەری یە

بەمجۆرە ناسرو ماڵ ماڵ خۆیان ڕازاندەوە ، ئینجا بەرەو هەواری بـاب ئۆمـەر کەوتنە ڕۆیشتن ، مەزن باب ئۆمەر تازە لە خـەو هەڵـستابوو ، لـە سـەر کورسـێکی پێچکە زێڕ دانیشتبوو دووربین لـە دەسـت دەورووبـەری گاگەشـی دەڕوانـی ، لـە ناکاودا چاوی کەوتە سـەر ناسـرو مـاڵ مـاڵی بـرازا بـانگی نوکـەرێکی کـردو پێـی ووت: ئەو جووتە سوارانە ناناسی ؟

- نازانی ئەگە ناسرو ماڵ ماڵی دەبرازاتن ، قەد کەسیدی نی یە

– دەبوو زوویان بناسم ، دەڵێ بووكە شایین ، خۆیان ڕازاندۆتەوە ، دەبابێن بەلاَن كەسیان وولاَخی لێ وەرنەگری یە ،

با لە خۆیان حاڵی بن بە بێ حورمەتیم هەر بە بێ ئەمیەتی یە

كاتێ ناسرو ماڵ ماڵ گەیشتنە بەر ڕەشماڵی باب ئۆمەری كەس پێشوازیان نەكرد ، تێگەیشتن چ باسە ، دەبەزین و لغاویان لە وولاَخان نەكردەوەو بە جلەو وولاَخەكانیان بەستەوە ، ئینجا چوونە دیوەخانێ و لەسەر چۆك و بە گرژی لێی دانیشتن ، جاروبار تەماشای مامیان دەكرد وەك بڵێی بەرازە دانیشتووە ، باب ئۆمەریش لە ژێرەوە دەیڕوانیە برازایەكانی وای دەزانی باوكیان كوشتووە!

ناسر خۆی پێ ڕانەگیراو ڕووی كردە مامەیی گووتی: تۆ نازانی ئێمە لەبەر چی هاتووین ؟ من و ماڵ ماڵ بەدوای قسەو پەیمانی تۆ هاتووین ، ئەو پەیمانەی دەگەڵ باوكی ئێمەت داوە ، ئەگەر بێت و لەسەر ئەو قسەیەت سوور بیت یەكمان بە قەنداری و یەك ب عەباهەڵگری هاتوونەتە خزمەتت ، هەرچەندە بە بێ ڕێز وەرتگرتینەوە !

– من چ قەرارم دەگەڵ بابیوە نەدەكردی یە ،

وابزانم داری[1] ئیدارەو هەڵگیراوەتەوە لە وولاَتەكەی گاگەشی یە ،

ئەمن سبەینێ ل دوو ڕیش سپیان دەنێرم ، مەڕو گاوانی گاكەش بۆ وەردەگرم بۆ خۆ دەستدەنەوە نە گۆچانی یە ،

با دایكیك و هەموو ئێواران و بۆو كۆ وەكاتەوە ئەرزاقی زستانێ بەبێ كەم كەسری یە

كاتێ ناسرو ماڵ ماڵ ئەو قسەیان لە دەمی مامەیان بیست ، لە یەكتریان ڕووانی.. ناسر بە ماڵ ماڵی ووت: ئێمە نانمان لە وولاَتی گاگەش باب ئۆمەری نەما ، بەڵێنی پیاوەتی بێ ، تا شاری بەغدا ڕانەوەستم ، بەلاَم پێش ئەوەی بڕۆین دەست دەكەینە ڕمبازێ بەڵكو یەكێكیان دەڵێن ئەو تەپ و تۆزەو لە چیە؟ تاكو سەرێكی بسپرینە سەری یە.

---

(1) بە مانای گوزەران نەكردن دێ !.

نازێ بانگی نازداری کردو گووتی : خوشکێ ناسرو ماڵ ماڵی دەئامۆزا ئێستاکە هاتن و لە دیوەخان دابەزین و کەچی سواربوونەوە! دەبێ چ ڕووی دابێ ؟

– خوشکێ با چاوەڕوانی یەکێك بکەین ، بەڵکو لە دیوەخان دێتە دەرەوەو هەواڵەکە بزانین .

لە گەڵ وەدەرکەوتنی نۆکەرێکی باب ئۆمەری ناز و نازدار بانگیان کردو گووتیان: ئەوە چ بوو ناسرو ماڵ ماڵی ئامۆزا وا زوو هاتن و سواربوونەوە بە گورجی یە

– دەگە بابێوو لێك تووڕە دەبوون بە خوای ناسرو ماڵ ماڵان قسەێکی وایان دەکردیە ،

مەعلوومە ئەڕۆنە خوارێ بۆ وولاتەکەی غەریبی یە

– بە خوای گوڵنازدار ئەو ئامۆزایانە زۆر نەفامن لێیان بە دوور نیە ، بێ ئەوەی پرسمان پێ بکەن ئەو کارە بکەن ! بەلاّم وەرە بچینە سەر کانی (مەلەك ڕێزان) بۆ ئەوەی پەیمانێك لە نێوانمانە ببەستین

نازێ و نازدار لەسەر کانیێ مەلەك ڕێزانی ئەو بەری مالاّن دانیشتن ، ناسرو ماڵ ماڵیش لەو بەری مالاّن بە تاو هاتنە لایان و دوو بە دوو بەڵێنیان بە یەکتردا نە ئەوان مێرد بکەن و نە ئەوانیش بۆ ماوەی حەوت ساڵ ژن بێنن .

ناسر ب ماڵ ماڵی ووت :

لازمیش ناکا بچینەو ماڵێ ، چونکە گەر چوینەوە ماڵێ لە لایەکی باب دەگریتەوە جلەوی ئەسپی یە ،

لە لایێ دیکەداك پێ هەڵدەواسێ وەئاوزەنگێ وولاّخی یە ،

لە لای دیکە خوشك قوڕێ دەکا وە سەری یە ،

لە لای دیکە دۆست و برادەر بەری دەگرنەوە لە پێش وولاخی یە ،

لێن تێك دەدەن سەفەرەێکی گەورەو گران بە مەعلومی یە ،

خواحافیز خزمینە ، هەر لە جیاتی هەموو کەسوکاران لە گراویەکەی ناوقەد

باریك و برۆ قەیتان بە عەینی یە

*  *  *

ڕکێفیان لە ئەسپەکانیان داو بەرەو بەغدا کەوتنە ڕێ.. تا ماندو بوون ، لە ڕێگـادا کـاروان سـەرایەك هـەبوو لـێ ی دابـەزین و پـشوێکیان داو لـە کـابرای چایچیان پرسی: لەو دوو ڕێبازە کامەیان بەرەو بەغدا دەچێت ؟

– کاکـە گیـان هـەردووکیان دەگاتـە بەغـدا، ئـەوەیان ڕێگایـەکی دوورو سەختە بەڵام سەلامەتە ، ئەوەی تریان بەسەر (هەیبەت سوڵتان) و ، بە (دەرو بزمار) دا ، دەچێ و زۆر نزیکە بەڵام حەیدەرخان نێوێك بەخۆی و چل سوارەوە خەڵکی ڕووت دەکەنەوە ، بۆیە کاروانی پێدا ناچێ !

ماڵ ماڵیش گووتی: جا کاکە گیان ئێمە نە بازرگانین و نە دەوڵەمەند ، لەچی بترسین بە خوای پێیدا دەڕۆین .. بەسەر (هەیبەت سوڵتان) کەوتن لە (دەرو بزمار) دەرباز بوون ، ماوەیەك بوو ئەو ڕێگایە کاروانی پێدا هاتوچۆ نەدەکرد .

لەو کاتەی سوارێکی حەیدەرخان سەری بڵند کردو بینی ئەوا دوو سوار بە هـەورازی (باسـکەدوو) ی ، وا دێنـە خـوارەوە ، بـە پەلـە گەڕایـەوە لای حەیدەرخان و پێی گووت: ئەوا جووتێك سوار بۆ لای ئێمە دێنە خوارەوە ، ئەگەر بۆمان ڕووت بکرێن کارێکی چاکە ؟!

بێ ئەمیەت! هەتا لە گەڵ منداى جارێکی تر قسەی وانەکەی ، ئەگەر بە چل سوار دوو سوارمان پێ ڕووت نەکرێ لە چ قونەداییێ لێرەکانەین ؟!

– حەیدەرخان ببورە ئێستات بە خزمەت دەگەن !

– دامەزرێن هەر بیست سوارێك لە پشت ڕێیدا بڵاوەی لێ بکەن، کاتێك گەیشتن بە زمانێکی شیرن بانگیان بکەن، ئەگەر دابەزین و خۆیان دایە دەست ئەوا مەیان کوژن ! ئەگەنا دەنگو دەدەم وەك باشوکە بکەونە سەریان! کـاتێ سـوارەکانی حەیـدەرخان شـوێنی خۆیـان گـرت ، ئـەوانیش گەیـشتن حەیدەرخانیش بانگی کردن :

دەوەی جووتە سوارێکی دێت و دەلەنگی یە ،
عەزیزەکەی لە دنیایێ دابەزن لە دیدە گردەکی یە ،
لە خۆتان کەنەوە زۆر بە جوانی ئەسبابەکەی دە عەرەبی یە ،
بە خوای جوانکیلەن کوشتنی وەم پێ چاك نی یە
ماڵ ماڵ بە حەیدەرخانی ووت :

دەوەی کاکی دانیشتووی لەسەر هەردی و بە حەساوی هەر بەبێ خەمی یە ، دەتوو نازانی من لەڕێیەکی دوور ڕاهاتووم هێند بای لە گوێیان داوم ، تۆزێك بە گوێیانیش گرانم دەوەختی خۆدا هەر زەمانی کە لە دایکێ خۆم دەبووم بە عەینی یە ، ئەما ئیستا لەبەر خرینگەی ئاوزەنگیان و لەبەر فرمەی ئەسپان و لەبەر خرمەی نالان تێت ناگەم ، دەنا ئەگەر بێتو بگەمە کن تۆ هەر قسێکی بیفەرمووی ئەوەلی لەسەر چاوان و دووەمینەتی لەسەر سەری یە

حەیدەرخان بە سوارەکانی خۆی گووت :کوڕینە ئەوانە خۆیان نادەنە دەست لە کوشتنیان مەوەستن !

ماڵ ماڵ دەنگی ناسری داو گوتی :

ناسر سەرێکی منت ببێ و بە قوربانی سەری یە ،

ئەو فرچە رۆمین دەزانی یە ، لە زۆریان مەترسە هەروەك کەرویشکی وا زراویان دەچاوێ دایە ،

تۆزیکم داڵدەی بۆ ڕاگرە ، جا تەماشای دەست و قامی کاکی خۆت بکە ئەوڕۆ بە عەینی یە

هەردوو دەستە هێرشیان کردۆتە سەر یەکتر ، بوو بە شەڕێکی خوێناوی، ناسر لەگەڵ هاویشتنی هەر ڕمبێکی هەشت و نۆیانی بەردەداوە ، ئەوەی

کوشتیان کوشتیان ، ئەوانی تریان بە دیل گرت و بەرەو بەغدا کەوتنە ڕێ ، ماڵ ماڵ ووتی :

ناسر بەوی خودایکەم ئەگەر ڕەبی یە ،
بمزانیبا ئەوا لە دەست و قامێ خۆت ڕادەبینی یە ،

ئەمن لەویٚ وولّاتی گاگەش باب ئۆمەری یە ،
تا سەریٚکم نەسپاردابا بەسەری مامی یە ،
نەدەهاتمەوە بۆ وولاّتەکەی گەرمیٚنی بە یەکجاری یە

لە گەلٚ گەیشتنیان بۆ قەراخ شاری بەغدا ، بە کابرایٚکیان ووت: کاکە گیان

- بەلٚیٚ.
- لەم شارە چ مالٚێك خانەدان و میٚوان ڕاگرن ؟
- ئەحمەد، وەزیری خەلیفە ناندەرە بەلاّم نازانم ئیٚستاش هەروەك جاران ماوە ؟ چونکە ئەو ماوەی دوو مانگە لە وەزیرایەتی دەرکراوە !
- برام هەر پیاویٚك لە هەوەلەو ناندەربیٚ ، هەر ناندەر دەبیٚ جا وەزیر بیٚ یا گەدە .

ڕوویان کردە مالٚیٚ ئەحمەدی وەزیر ، کوچە بە کوچە تا گەیشتنە بەر دەرگەی مالٚیٚ ئەحمەد، دابەزین و لە دەرگایاندا ، ئەحمەد لە مالٚەوە نەبوو بەلاّم فەرمووی ژوورەوەیان کردن و بانگی ئەحمەدیان کردەوە ، کاتیٚ ئەحمەد هاتەوە مالٚ ، تەماشایانی کرد ئەوا دوو قارەمانی جەوهەردار دەلٚیٚی شیٚرن دانیشتون و چەند کەسیٚکی دەم و چاو بە خویٚن لە حەوشەکە پالٚ کەوتوون، سەری سووڕما ، ڕووی کردە ناسرو مالٚ مالٚ و گووتی: ئەوە چیتان لیٚ قەوماوە ؟ ئەوانیش ڕووداوەکەیان بۆ گیٚڕایەوەو گووتیان: ئەوانەشمان بۆ لای جەنابت هیٚناوە خەلاتیان دەکەی بەرەلاّیان دەکەیت خۆت بەرپرسیاری !

- ئەی ئافەرین ، دەستتان خۆشبیٚ لەگەلٚ ئەو کارەی کردووتانە ، ئەوە ماوەیەکە حەیدەرخان ئەو ڕیٚگایەی گرتووە ، ئەگەر پیٚتان ناخۆش نیە ئەوا بە کوڕی خۆمتان دادەنیٚم و بۆ خزمەت خەلیفەیان ڕادەپیٚچم بەلٚکو بە سایەی ئیٚوەوە شتیٚك وەدەست دەکەویٚ .
- چۆنی دەلٚیٚی با وابیٚ .

ئەحمەدی کۆنە وەزیریش هەموویانی بردە لای خەلیفەو خەلیفەش ووتی: ئەوە چیە ئەحمەد ؟

گەورەم لە کاتی خۆیدا دوو کوڕم لە کوێستانێ دەبەر خوێندن دانابوون، ئێستاش لە سایەی خوداو سەری تۆ بوونەتە پیاو ، ئارەزووی هاتنەوەی لای منیان کردوە، بە هەیبەت سوڵتان و دەروبزماردا هاتونەتە خوارەوە لە ڕێگادا حەیدەرخانیان هاتۆتە سەر ڕێ ئەوانیش ئەوەی کوشتویانەو ئەوانەشیان بە دیل گرتووەو بۆ خزمەت تۆیان هێناوەو ئینجا فەرمان بۆ جەنابتە ، دەیانگریت یا بەریان هەڵدەدەی !

– ئەحمەد ، ئەگەر ئەو جۆرە کوڕانەت هەبێ ئەوا بڕیارمدا بگەڕێیتەوە وەزیری خۆت و دە تەغاریش بەراوت زیاتربێ !

*   *   *

هەروەك دەگێڕنەوە گوایە هەر حەوتساڵ جارێك بەغدا بەفری لێ دەبارا ، ئەو شەوەی بەفر باری بوو ، ناسر هاتە دەرەوە بینی ئەوا خەڵك لە شار دەچنە دەر، لە کابرایەکی پرسی: برا گیان ئەو خەڵکە بۆ کوێ دەچن ؟

– بۆ ڕاوە مامز .

ناسریش گەڕایەوە لای ماڵ ماڵی و گووتی: کاکە

– بەڵێ کاکە .

– وولاخەکانمان لە گۆشتیدا دەقەڵەشن و بە خۆشمان وەزیر بووین، لەبەر بەفر بارینێ بەغدا چۆلەکە کوژی تیا نەماوە، هەموویان چوونەتە ڕاوە مامز، ئەی ئێمە بۆ نەچین ؟

– بۆ ناچین.. بڕۆ وولاخەکان زین کە .

ناسرو ماڵ ماڵ لە شار دەرچون، سەیریان کرد خەڵکەکە بەسەر کێوێك دەکەوتن، ئەو گردەی کە بەگردی ڕەش ناسرابوو ، کەسی بەقەدەوە نەبوو، لە سوارێکیان پرسی: دەبێ هۆی چی بێ ئەو خەڵکە ڕوی لەو گردە ناکات، دەبێ شوێنێکی ترسناك بێ ؟

– ئەم گردە گردی (خاڵە باس)ی ، شێخی عارەبانە کەس توانای نیە پێ ی هەڵبگەڕێ ، سەرەڕای ئەوەش شوێنێکی ترسناکە !

جووتە سوار ڕوویان کردە گردی ڕەش ، بە مەبەستی ڕاوە مامز ، لەپاش ماوەیەك ناسر تێنو بوو بە مالْ مالْی گووت: وا دەچم تێنوەتیم لەو گۆمە ئاوە دەشکێنم تۆش لابەلا وەرە بەلْکو نێچرێ هەلْبستێنم بەلای تۆدا بێ ، کاتێ ئاوی خواردەوە، لە قەراغی گۆمە ئاوەکە مامزێکی ڕاپەڕاند ،

ڕستەی تاژی بۆ شل کردو ڕووی پێ لە مالْ مالْی نەکرد، بە باسێکی کەش و توش هەلْگەڕاو کەوتە دوای ، لەوکاتەدا حەوت سوار لەسەر ئەو باسکەیە بەرامبەر تاژی و مامزەکان ڕاست بوونەوە تاژیەکەش مامزەکەی ڕاپێچاو لەبەردەمی پۆلە سوارەکانی دەخولێ ی وەردا ، یەکێك لە سوارەکان لەسەر زینی ئەسپەکەی دابەزی ، بە زمانی عەرەبی لە تاژیەکەی خوڕی ، تاژیەکەش مامزەکەی بەرنەدا ، ئینجا دەستی دایە بەردێك و بە تاژیەکەی داداو تاژیەکە بە قوڕاندن دەمی لەسەر مامزەکە بەرداو ئەویش مامزەکەی سەر بڕی و تاژیەکەشی ڕستاند! ئەو سوارە هێشتا ناسری نەدیبوو ، ناسریش بانگی کردو گووتی :

ئەمن هەورام دەدی و هەروام دەزانی و هەرواشم دەبیست، هەر کەسێك نێچیری گرتەوە ئی ئەو کەسەیە ، قەد کەسی دی نیە ، بەلاّم تاژی دەڕستێ کردن مەعنایەکی زۆر گەورەیەو هیچ مەعنایانی لێ شك نابەم بە عەینی یە

کابرای سوارەش هات قسەو گووتی :

((داکەکەت...... تۆزێکم لێ نزیك ببەو ئەمن زۆر چاکت پێ دەلێم مەعنای تاژی دەڕستێ کردنێ چیەو چ نی یە

ناسریش دەلێ :

جنێودان کارێکی پیاوان نیە ، هەتا زووە تاژیەکە بەڕەلاّ بکە نەوەك برایەك دەگەلە تا وەدەر نەکەوتووە بە خودای ئەو وەکو من گەدە گەورە نی یە لەو کاتەدا مالْ مالْ بەدەر کەوتوو لە ناسری راخوڕی ڕەبی لە منت نەکەوی سبەینێ دەچیەوە لە وولاّتەکەی گاگەشی دادەنیشی بە مەزنایەتی یە ، ئەتوو نازانی وان فرچ ڕۆمیان تالەبەریان وە پارێی هەرشێ گیر دەبن کەمزان کەنگ

قاعیدەو قانوون دەزانی یە ؟

مـاڵ مـاڵ هێـشتا لـە گلـەیی ناسـری نـەبببۆوە ، کـە سـوارەکان هێرشـیان کردنێ، لە ئەنجامدا کوڕی شێخ و پێنج نۆکەریان کوشت و لچ و لێوی یەکێکی تریان بڕی و بەدیاری بۆ شێخیان ناردەوە !!

کـابرای بـێ لـچ و لێـو بـەرەو هۆبـەی ڕەشماڵـان گەڕایـەوە ، شـێخەکەش بـە دووربین دەیڕوانیە ڕێگای ڕاوکـەران ، لـەو کاتـەی کابرای بـە چاو دەنگافت، بـە دارو دەسـتەی خـۆی ووت: یـەکێك لـە ڕاوکـەران وا هاتـەوە ، وا دیـارە هـەواڵێکی خۆشی پێ یە ، بۆیە بە پێکەنینەوە بەرەو لامان دێت .

کـاتێ گەیشتە بـەردەمی شـێخ، هـەموویان حەپەسـان و گووتیـان: ئـەوە چـی قەوماوە ؟

خەڵکی شاری بەغدا هـەمووی بـەگردی ڕەشـەوە بوون ، ئـەوەی دەیانکوشـت دەیانکوشت، منیشیان بە دیاری بۆ تۆ ناردۆتەوە ! ئەگەر کارێکت لەدەست دێ بفـەرموو، ئەگـەر هیـچت پـێ نـاکرێ پێویـستە ئـەو هـەوارە بـۆ خەلیفـەی بەغـدا بەجێ بێڵی !

– کورە هەی نا پەسەندی نا ئەموار! خەلیفەی بەغدا وای لێهاتووە هەوارم پێ چۆل بکات ؟! بڕۆن دەنگی لەشکر بدەن .

لـە گـەڵ بڕیـاری شـێخ سـووپا ئامـادە بـوو ، لـە گـەڵ بانگـدانی کەلـەبابی بـەیانیان چوار دەوری بەغدایان گـرت ، هـەروەك دەگێڕنـەوە گوایـە لەبـەر زیـرەی ئەسـپان و لەحیلـە حیلـی ماینـان و لـە ڕۆنـاهی فـانوس و ئەلـەتریکان نیـوە شـەو بوو بە نوێژی نیوەڕۆیێ! گوایە مەلا بەبێ دەست نوێژ بانگی فەرمووە !!

ناسرو ماڵ ماڵ دەیانزانی چ باسـە ، بۆیـە بـانگی ئەحمـەدی وەزیریـان کـردو گووتیـان: ئـەمڕۆ ڕۆژی ڕیـشی سـپی و وەزیـرو پیـاو ماقولاّنـە ، لەگـەڵ کـازیوەی بەیانیا نامەیەك لە شێخی عارەبانەوە بۆ خەلیفە دێت و تیای نوسراوە یـان قاتل ! یـا وولاّتمـان بـۆ چـۆل بکـەن!! ئەوانـەی لـەکاتی خۆیـدا شـێریان بـە گوێیـان دەگـرت! تفیـان لـە زاریـدا وشـك دەبـێ ، هـیچ سـەردەرێك لـەو ڕووداوە ناکـەن ،

خـەمناك مەبـە کـاتیٚ خەلیفـە بـەم جۆرەیـانی دەبـینیٚ ڕووت لـیٚ دەنێـی و داوای چارەسەرت لیٚ دەکا.. تۆیش ئەو ڕێگایەی عەرز بکەو بڵیٚ: هـەروەك دەزانین ئـەو شێخە تەشقەلەت پیٚ دەکا ، خـوا دەزانـیٚ چ کەسێك یـا چ گیـان لـە بـەرێك کـوڕی کوشـتوەو بە ئەسـتۆی تـۆی نـاوە! خـواش ئـەم زۆرداریـە هـەڵناگریٚ، بۆیـە دەڵـێم جەنابت نامەیـەکی بۆ بنووسـەو بڵـیٚ: داوات لـیٚ دەکـەم دەوری شـار چـۆڵ بکـە ، هەرچـەندە چـۆڵ ناکـات، بـەڵام ئێمـەیش سـوپاو لەشـکری خۆمـان لـە دەشـتێك بەرامبـەر لەشـکری ئـەوان ئۆردوگـای بـۆ دادەمـەزرێنین شـەڕی ئێـستاش بـە دەستورە، هەروەك باوە، ئەگەر بێت و دوو کەس بەشەڕ بێن ئەوە یـەکێکیان هـەر بەسەر دەکەویٚ ، سەرکەوتنیش هەر بۆ ئێمەیە چونکە لەسەر وڵاتی خۆمانین .

- زۆر باشە .

ناسرو ماڵ ماڵ وەك بڵێی کەرامـەتیان هـەبوویٚ ، وا چاکیان لێدەزانی ، بۆ سـپێدە هـەموو ڕیـش سـپی و وەزیـرو پیـاو مـاقوڵان بـانگکران ، لـە ئەنجامـدا خەلیفە ڕووی کـردە ئەحمـەدی وەزیـر ، ئـەویش چـۆنی بۆ دانرابوو وا یگووت ، خەلیفەش پەیڕەوی قسەکانی کرد .

شـەڕ لـە نێـوان سـوپای خەلیفـەو سـوپای شـێخ بـەرپابوو ، هـەر ڕۆژێك دوو سـوار لـە سـوپای خەلیفـەو دوو سـواریش لـە سـوپای شـێخ دەهاتنـە مەیـدانی جەنگ ، هەر چەندی بوو شێخ پیاوێکی قوماربازبوو ، چاوەڕوانی ئەوەی دەکـرد تـا دوو سـواری خەلیفـە دەهاتـە مەیـدان ئینجـا چـاوێکی پـیٚ دەخـشاندو ئامۆژگاری بە شەڕکەرانی خۆی دەوت! ئینجا دەهاتنە مەیدان ، بۆیە سـەرکەوتن هەر بۆ شێخ بوو .

ڕۆژێکیان ناسر بە ماڵ ماڵی گووت: بـەو خودایـە هـەروەکو ئـەو گێچەڵەمان داگیرسـاند! کوژاندنەوەشـی دەکەوێتـە سـەر شـانی ئێمـە ، باشتر وایـە بـچنە لای خەلیفە بەڵکو ڕێگای شەڕ کردنمان دەداتیٚ .

- خوا نەتگریٚ لە ناری دەدەی و لە بزماریش .

هـەردووکیان هاتنـە لای خەلیفـەو گوتیـان: جـەناب ئێمـەیش بەشـی ڕۆژێکـی

شەڕین ، ئەگەر ئەمر بفەرمووی ؟

– ئێستا پێویست ناکا ، هێشتا پڵاوخۆرەکان ماون !

– ئیلا بیلا نابێ !

– باشە ، چادرێك ببەن لە دوای پەنجا چادران داکوتن ، تا پەنجا رۆژی تر خوا گەورەیە .

ناسرو ماڵ ماڵ چادی خۆیان هەڵداو شەو داکەت و هەڵاتن دەستی بێ جەوهەرانی ماچ دەکرد، وەك مەڕی لە تەلانێ ڕادەگری و دانگە ڕێزەی دەکات ، ئەو دەچێتە پشت ئەو ئەو دەچێتە پشت ئەوی تر جێگاکەی تەلانە ، شوانی خۆی بەجێ دێڵێ ئاوا! دووری نەخەینە شەو پشووە خەوێکی مابوو ، ناسر هۆشیار بۆوە کە ڕوانی چ چادریان لەبەرەوە نەماوە ، بە زەردەخەنەوە بانگی ماڵ ماڵی کردو گووتی :

دەوەی ماڵ ماڵم دەوەی ماڵ ماڵێ جوندی یە ،

ڕەبی سەرێکی ناسرت ببێ و بە قوربانی سەری یە ،

ئەگەر هێواریێ دەنوستی بەبێ فکری و بەبێ خەمی یە ،

عەزیزەکەی لە دنیایێم، دەتوو هەستە بەخودای سبەی نۆرەی مەیدانی تۆیەی قەد کەسیکە نی یە ،

ماڵ ماڵ ووتی :

ناسر بە خودای ، عەزیزەکەی لە دنیا پێم وابێ هەر لەوان فرچە رومیان دەترسی و شەوی دەشەواران دەچی خەوت لە چاوان ناکەوی یە

ناسر دەڵێ :

عەزیزەکەم ئەگە بە قسێ منیش بەقا ناکەی هەستە بڕوانە داخوا قسێ منە یا قسەی من نی یە

کاتێ ماڵ ماڵ هەڵسایە سەرپێ، قسەی ناسری پەسند کردو بە گورچی وولاخیان زین کردو بەرەو دەرگای ماڵی ناڵبەندی کەوتنەڕێ.. پرسیار بە پرسیار تا گەیشتنە بەردەرگای ناڵبەندی و لە دەرگایانداو گووتیان !

ناڵبەند هەستە وولاخانن بۆ ناڵکە
ناڵبەند هاتە قسەو گووتی :
سەگی سەگباب شەوی لە شەواران دەچی خەوو لیٚ حاسەرات کردوم ، تەق و لبابی دەرکیٚ دەکەن ، تەق تەق لە دەرکەی ڕادەکیٚشن ڕەق و هۆڕەیە.. ناڵبەند هەستە وولاخانن بۆ ناڵکە ، سبەینیٚش گە دەچن هەر لەجیٚ قوونیٚ خۆ دەبن
ماڵ ماڵ کە ئەو وەڵامەی بیست ، ئۆباڵ بە ئەستۆی ئەو کەسەی بۆی گیٚڕامەوە گوایە ماڵ ماڵ شەقیٚکی لەدەرکیٚ ناڵبەندی هەڵدەدا وەکو داریٚکی کەون ئەگەر دەیشکیٚنیەوە زۆر لە میٚژە هیشك بوە پرژە پرژە دەبیٚ
دروسیٚ ی ماڵیٚ ناڵبەندی دیٚتە نیٚوانیان و بە ناسرو ماڵ ماڵ دەڵیٚ :
ئەو کابرایە شیٚتە جاروبار ئەحواڵی بەسەر دادیٚ ڕەجائیٚ و لیٚدەکەم وەگەڕیٚن ، میٚردم ناڵبەندەو کوڕم شیر کەرەو هەر ئیٚستا کووریٚ و بۆ دادەخەم ، وولاٚخانیش و بۆ ناڵ دەکەم ، شیرانیش و بۆ دەمەزەر دەکەم
بەهەر جۆریٚ ئافرەتەکەی دراوسیٚ یان هیٚمنیان دەکاتەوەو لە گەڵ خۆی دەیانباتەوە ماڵ ، نان و چایێکی چاکیان دەرخوارد دەداو لە دواییدا وولاٚخەکانیان ناڵکردو بە گەرمی خواحافیزیان کردو بەرەو مەیدانی جەنگ ڕۆیشتن .
شیٚخ لە خەو هەڵساو دەستی دایە دووربین و ئەو جووتە سوارەی بەچاو بینی و لەبەر خۆیدا ووتی: بە خودای ئەو جووتە سوارە ماق بەغداییٚیان پیٚ وە نی یە ئینجا بانگی برازاکەی کردو پیٚ ی ووت: ڕۆڵە ئەو جووتە سوارە بەغدایی نین بە مەزەندەی خۆم لە من و تۆ زیاتر کەسی تر بارایيان نەبات! هیٚشتاش جیٚگای مەترسیە !! شیٚخ نیقابی پۆشی و لەگەڵ برازاکەی هاتنە مەیدانی جەنگ ، نیقابی شیٚخ سەرنجی ماڵ ماڵی ڕاکیٚشا ، بۆیە ڕووی کردە ناسری و گووتی: عەزیزەکەی لە دنیایٚیم دیقەت بگرە ئەویٚ جووتە سواریٚ، ئەوەی نیقابی خۆی پۆشیوە، ئەوە پیرە، لەبەر پیریان وای کردووە، دا کەسی تیٚ نەگا! ڕوو لە نیقابداریکە ئەو زوو ماندوو دەبی زۆر حەرەکەی هەڵسوڕانیٚ

نی یە ، کوڕێ چاردەش دانێ بۆ کاکی خۆت و جا تەماشای دەست و قامکی کاکی خۆشت بکە لە مەیدانێ بزانە چۆنەو چۆن نی یە

**ناسر ووتی :**

عەزیزەکەی لە دنیایێم ئەوە قسە نیە توو بە منی دەڵێی ، دەتوو نازانی پێش مەرگی هی گەورانن ئەگەر بێت و خوانەخواستە ئەتوو بکوژرێی جا ئەمن بە چ چاوڕوویێکی بچمەوە وولاتەکەی گاگەشی ، دەڵێن ناسر نەوێراوە بۆ هیچ مەیدانان بچی ، بۆیە ماڵ ماڵ کوژراوەو ناسری هیچ قەیدی نەکردی یە ، ئەمما ئەگەر بێت و ئەمن بشکوژرێم ! ئەتوو بچیەوە بە خوای بۆ تۆ هیچ عەیب نی یە

هەرچەندەی ماڵ ماڵ پێی ووت ناسر ڕازی نەبوو ، بەهەر جۆرێ ماڵ ماڵ بەرەنگاری نیقابدار ڕاوەستا ، بووە تەڕاد لێدانی سواران شێخ ڕمێکی هەژدەیی هاویشتە ماڵ ماڵی ، بەڵام زرنگی و سوار چاکی ماڵ ماڵ ڕمی شێخی بێ سوود کرد! ماڵ ماڵ لەگەڵ سوڕانەوی هێرشی کردە سەر شێخ و بەو پەڕی چەپوکی یەوە دەستی لە پشتێنی شێخ گرت و لەسەر زینی فڕێی دایە خوارەوەو بە خۆیشی بە تاکە چۆك لە سەر سینگی دانیشت!! دەستی بۆ خەنجەری دەسك ماهی درێژ کردو شێخ پێی ووت: خەرکی چی ؟

- سەرت دەبڕم .
- دەمەوێ ئامۆژگارێکت بکەم ، بیر لەوەش نەکەیتەوە کە لەبەر دوو دڵۆپە خوێن دەپاڕێمەوە !
- فەرموو .
- هەروەك دەزانی من سەرۆکی ئەو هەموو لەشکرەم ، سەرکەوتنیش هەر بۆ یەکێك دەبێ ، بەڵام دوو شتم موخابنە ، یەکیان ئەوەیە تۆ بەغدایی نی ، سەربڕانی منیش بەدەستی تۆ شانازی منە ، بەڵام ئەوانە ئەو ڕێگایەت نادەن بە خۆت و سەری من بگەیتە بەردەمی خەلیفەی ، ئەو کات خوا دەزانێ سەری من دەکەوێتە دەستی چ هەتیوێك! خەمی دووەمم ئەوەیە ئەو هەموو هەول و

تەقەلایەت بە فیڕۆ دەچێ کە بۆی هەودالی !

- چارە ؟!

- چارە ئەوەیە ، نووکی ڕمەکەت بۆ مۆر دەکەم و دەست و قاچیشم ببەستەوە چاوەڕوانی ئەم دووانە دەکەین .

- ڕازیم و سوپاسیشت دەکەم لە گەڵ ئەو ئامۆژگاریەت !

ماڵ ماڵیش پەیڕەوی قسەی شێخی کردو لەبەرامبەریان دانیشتن ، لەوکاتەی ماڵ ماڵ سەرنجی دەدا شەڕی ئەو دوو پاڵەوانانە ، باری ناسری لە مەترسی دابوو ، دەستووری شەڕکردنیش ڕێگای کۆمەك کردنی نەبوو ، بۆیە ماڵ ماڵ دەنگی بەرز کردەوەو گووتی: دەوەی ناسری دەوەی ناسری جوندی یە ، سەرێکی ماڵ ماڵت ببێ و بە قوربانی سەری یە ، ئەتوو نازانی گراویێ توو لە وولاتەکەی گاگەشی باوئۆمەری چاوەڕوانی فەتحی تەیە

هەروەك دەڵێن گوایە ئەو کاتەی ناسر گوێیی لە دەنگی ماڵ ماڵی بوو شێتو هار بوو ، بەهەموو هێزو توانای ڕکێفی لە ماینی شێخ غەزالیدا چوار بەژنی لە زەوی بەرز کردەوە ، لەو بەرزاییەوە ڕمی ئاڕاستەی نێوان هەردوو شەپکەپیلی برازای شێخی کرد ، لەسەر زینی هەڵداو یەك بەژنی لە زەوی بردە خوارەوە- ڕووی درۆزن ڕەشبێ !!-

ماڵ ماڵ لە خۆشیان جێی پێ جێ نەبوو هەردووکیان دەمودەستی یەکتریان ماچکردو شێخیان بە پەل بەستن بەرەو دیوەخانی خەلیفە هێناو لەبەردەمی خەلیفەیان دانا ، کاتێ خەلیفە ئەو دیمەنە سەر سووڕێنەرەی بینی ، بە حەپەساییەوە گووتی: ئەوە شێخە ؟ شێخ بەخۆی هاتە قسەو گووتی: بەڵێ جەنابی خەلیفە ئەم دوو سوارەی کە بەغدایی نین من و برازاکەمیان بە مەیدانی جەنگ بەزاند !

ئینجا خەلیفە ڕووی کردە ناسرو ماڵ ماڵ و گووتی: دەوجا دەو هەڵبێنن لە ماڵی دونیا ، هەرچی ئێوە دەتانەوێ ! دووجار خەلیفە ئەو قسەیانی پێووت و ئەوان بێ دەنگ بوون! لە جاری سێهەم خەلیفە ووتی: ئەو جارەتان ماوە

بفەرموون ئەوەی پێویستتانە ؟ ئینجا ماڵ ماڵ هاتە قسە: قوربان ساغ و سەلامەتی تۆمان دەوێ، بەڵام کارێکی بچوکمان هەیە

– بفەرمە .

– ئێمە لە وولاتی خۆمان لە کوێستانی گاگەش باب ئۆمەری غەددرمان لێ کراوە، لەکاتی خۆیدا ئێمە مەزنی وولات بووین ، هەتیوێکی نێو (تەمر)مان دەماڵێ دابوو ، شای تاران مردو بازیان هەڵاویشت و بازیش لەسەر سەری تەمر نیشت و بوو بە پادشا! لەبەر ئەوەی ناخۆشێیکمان لە نێواندا هەبوو ئێمەی لە مەزنایەتی خست و یەکێکی تری کردە مەزنی وولات ، ئێمە دەچینەوە کوێستانی گاگەش ، ئەو کابرایە وەدەر دەنێین ! ئەگەر شا لاگیری کرد ئەوە تۆیش پشتگیریمان بکە ، ئەگەرنا ئەوە هەرکەس لە شوێنی خۆی .

دەڵێن خەلیفە قسەی ماڵ ماڵی بەدڵ بوو ، بۆیە قەزاتەیەکی مۆرکراوی خۆی دانێ و گووتی: لە هەر کاتێکدا تینو هاتێ ئەوەمان بۆ ڕەوان بکەن ، لە سەر پشتی باڵندەش بێ دەتانگەینێ لەو کاتەی ناسرو ماڵ ماڵ وەرێ کەوتن ، شێخ هەناسەیەکی هەڵکێشا! خەلیفەش ووتی: یا شێخ پیاوی بەندکراو شوێنی لە بەندیخانانە ، ئەگەر خەمناکیش ببێ هەقی خۆیەتی ، بەڵام تۆ لە ڕیزی من دانیشتووی ، مێوانداری منت کردوە ، هەناسە هەڵکێشانی بۆ چیە ؟

– قوربان ئەو هەناسەی من لە خەمی خۆم نیە! بەڵکو لە سوێی ئەوانەم کە دەڵێن ئێمە براین ، برایش نین! لەو ترسەدام، کاتێ دەگەنەوە وولاتی گاگەش لەسەر ماینەکەم لێکگیر بن و ئەوەشم بە دڵ نیە !

– چارە ؟

– چارە ئەوەیە تۆیش ماینێکی وەك ماینی منت هەیە پێشکەشی ناسری بکە !

– جێگای خۆیەتی .

قاسید ناسرو ماڵ ماڵی گەیاندەوە ماینەکەیان دەقەبەر کردن و گەڕانەوە دواوە ، جارێکی تر شێخ ئاخی هەڵکێشا !

- ئەمجارەیان چ خێرە ؟
- قینم لێیان بۆوە ، چونکە داوای بەردانی منیان لە جەنابت نەکرد ،
- چارە ؟
- زۆر پەرۆشـی ئـەوەم خۆبـەخۆ ڕمبازێکیـان پـێ بکـەین! بـەڵکو یـەکیان دەکوژرێ !
- زۆر باشە .

دووبـارە قاسـید ناسـرو مـاڵ مـاڵی گەڕانـدەوە ، مـاڵ مـاڵ بـە ناسـری ووت: مـاوەی حـەوت سـاڵە لـەم شـارەین ، تـازە بـە تـازە قـسەی ئـەو فرچـە رومیانـە سەرهەڵدەداتەوە کاتێ گەیشتنەوە بـەردەمی خەلیفەی ووتیـان: بفەرمـە جـەنابی خەلیفە

- خۆشحاڵ دەبم ئەگەر خۆبەخۆ ڕمبازیەك بکەن !
- قوربـان مـن و ناسـر ، کـاتێ لـە گاگـەش وەدەرکـەوتین ، سـوێندمان خـواردووە خۆبـەخۆ شـەڕ نەکـەین ، چـونکە ئێـوە بەمـە دەتانـەوێ یـەکێکمان بکوژرێین ، چونکە دڵنیان لەوە کە ئێمە پاڵەوانین و ووڵاخی چاکمان لە ژێر دایە ، ئەمجۆرە کەسانەش بە کوشتن نەبێ لە یەکتر جیا نابنەوە .
- بـە زەردەخەنـەوە تەماشـای شـێخی دەکـرد چـونکە دەیزانـی ئـەم داوە کاری ئەوە
- بەڵام ئەکەر ئێوە لە سوپاو لەشکری خۆتان یەکێك بەدی دەکەن با بێتـە مەیدان !

خەلیفە هاتە قسەو گووتی: مـن کـوڕێکی قوڵـەم هەیـە ، لـە گـەڵ هـەر کەسێك دارێینی کردبێ ئەو کەسەی کوشتووە هێندە دەست ڕەشە !

- بیهێنە.

بانگی قوڵە ڕەشیان کرد ، کاتێ قوڵە چاوی بە ناسرو ماڵ ماڵ کـەوت داوای حەوت ڕۆژ مۆڵەتی کرد ، بەو حـەوت ڕۆژە خـۆی بە گۆشـت و پـلاو شـەهید کـرد ئەوەنـدەی خـوارد! لـە دوای ئـەو ماوەیـە قوڵـە هاتـە مەیـدانی جـەنگ زیـڕەی بـە

زیڕەی پڵنگ دەچوو ، هێندە دەو بە خوێن بوو، دووبارە ناسرو ماڵ ماڵ کەوتنە دەمەقاڵ! هەریەکە بە خۆزگەی خۆ بەختکردن لە پێناو ئامۆزایەتی و دڵسۆزیاندا سوور بوون ، لە ئەنجامدا ماڵ ماڵی قارەمان دەست و بازوی بۆ قوڵەی جەنگی هەڵماڵاند، قوڵە بانگی ماڵ ماڵی کردو گووتی: نۆرەی تۆ بێ یان من ؟ ماڵ ماڵ لەگەڵ خۆی کەوتە بیرکردنەوە ، وا باشترە شارەزایی لە تەڕادی ئەو پەیدا بکەم ، بۆیە ڕم وەشانی هەولی بۆ قوڵە بە جێ هێشت .

لەو کاتەی ماڵ ماڵ هاتە سەری مەیدان ، ناسر لە قوڵە وورد بۆوە هەستی بە چەپێنی قوڵە کرد! ویستی ئەو ئامۆژگاریەی بە ماڵ ماڵ ڕابگەیەنێ :

دەوەی ماڵ ماڵم دەوەی ماڵ ماڵی جوندی یە ،
ڕەبی سەرێکی ناسرت ببێ و بە قوربانی سەری یە ،
قولی جەنگی هەر کەسێ کوشتبێ هەر بە حیزی یە ،
ئەتوو زۆر زۆرت ئاگات لە خۆبێ و دیقەتت هەبێ لە قوڵە چەپەیە ڕاستە نی یە

ماڵ ماڵ کە ڕووی سووڕاندەوە ، قوڵەی بینی ڕمی بە دەستی ڕاستەی گرتووە! بەڵام لەسەر قسەی ناسری تێگەیشت کە بە چەپەی ڕادەوەشێنی ، کاتێ بۆ یەکتر چوون لە گەڵ ڕاوەشانی ڕمی قوڵەی ، ماڵ ماڵ خۆی بە کەلەکەی ڕاستەی ماینەکەی شۆڕ کردوە.. قوڵەش ڕمەکەی تێگرت و ماڵ ماڵیش هاتەوە سەر قەڵتاغی زینی ، گۆشەی ڕانی ماڵ ماڵی گرت و قەڵبوزی زینی دەبردو بەسەر گوێی مانی شێخ غەزالی یەوە لە بەردەمی ماینەکە بەژنێك لە زەوی چووە خوار !

ماڵ ماڵ ڕکێفی لە تەنگەی شێخ غەزاڵی گیر کردو گەیشتەوە سەری مەیدان و بۆی وەسوڕایەوە ڕمێکی نیشانکردە قوڵەی ، پشپێنی بەسەرەوە کەوتە خوارەوە !!

ناسرو ماڵ ماڵ بۆ جاری سێهەم خواحافیزیان لە خەلیفە کردو کەوتنە کۆڵانی شاری بەغدا ، لە ناکاو ناسر ناولەپی خۆی لەیەکتردا !

– ناسر چ خێرە !

- شێخ گرتووی ئێمەیە دەبوایە بە خەلیفەمان بەربدابوایە .

سەر لەنوێ گەڕانەوە دیوەخان و گووتیان : جەنابی خەلیفە ؟

- بەڵێ .
- تکامان هەیە شێخمان بۆ بەردەدەیت ، هەر ئەوەندە بەسیەتی .
- کوڕە پیاوی چاك بن ، ئەو تکایەم لێ مەکەن پیاوێکی شەڕاوی یە .
- ئەگەر پیاوبی چاکەت لە یاد ناکا .

هەروەها دەگێڕنەوە شێخ ئازاکراو گەڕایەوە هۆبەو هەواری خۆی ، بە پەلە چل سواری ئامادە کردو ناردوویانی بۆ ڕێگای ناسرو ماڵ ماڵ ، بۆسەیان بۆ دابنێتەوە دەست بەسەریان بکەن !

ئەوانیش ئەوەندەی لە توانایاندا بوو ڕۆیشتن ، لە گەڵ تاریکی داهات بۆ پشوودان دابەزین ، ماڵ ماڵ نووست و ناسریش بوو بە ئێشکە چی ، هێندەی پێ نەچوو ماڵ ماڵ کەوتە وڕێنە کردن !

ناسریش ووتی :

دەوەی ماڵ ماڵ و دەوەی ماڵ ماڵی دەجوندی یە ،

ڕەبی سەرێکی ناسرو ببێ بە قوربانی سەری یە ،

ئەمن نازانم نە جێی داری قۆڵت دێشی نە خەونت دەدی یە

- بەخوای ناسر ئەمن چ باکم جێی داری قولی جەنگی نی یە ،

بەڵان خەونێکی گەلێ گەورەو گرانم دەدی یە ،

لەمن وابوو ئێستا چووبوومەوە ووڵاتەکەی گاگەشی یە ،

نازداریان دابووە بە شوو خالێ دەبەر مەڕێ یە ،

کوڕێکی ببوو لەشووخالی ، نازدار دانیشتبوو لە بن لانکی کوڕێ یە ،

بەلاقی ڕادەژاندو لانکی کوڕی کوردی یە ، بەزاریش لۆی دەکردەوە لای لایێ یە خەون هەمووی درۆیە ، تۆ گەرمینی ، کوێستانی چی ؟ سەخەلتی پێ ناوێ .

- ڕاستە دەڵێن خەون زۆربەی درۆیە ، بەلام خەونی من لە ڕاستی بەدوور

نی یە ، چی بکەم بۆ جگەر گۆشەیەك بۆم بچووبایەوە وولاتەکەی گاگەش باب ئۆمەریم بۆ ڕاست و درۆی ئەم خەونەم ، ئەگەر ئەو جگەر گۆشە هەبێ پەیمانی پیاوەتی بێ باوکێکی پیرم هەیە پێی دەدەم بۆ کێلانی زەوی و داکێکی پیرەکەم هەیە دەیدەمێ بۆ ڕێستنی خوری کوێستانێ و برایەکی بچوکم هەیە دەیدەمێ بۆ شوانی بەرخە گەلێ و خوشکێکی چکۆلەم هەیە دەقەبەرم دەکرد بۆ خەم ڕەوێنی شەوێ !

– تۆ مەبەستت منە ، چونکە کەسی تر لێرە نی یە ، ئەوانەم پێویست ناکا.. ئەگەر خوا یار بێ بۆت دەچمەوە وولاتەکەی گاگەشی یا هەر چوار پەلی شێخ غەزالی دەشکێنم !

– بەلاّم نەکەی لەوکاتەی گەیشتیەوە گاگەش و چاوت بە گراوی خۆت بکەوێ و ئاوی مەلەك ڕێزانت خواردەوە منت لەبیر بچێتەوە ، ئەگەر بێت و لە کات و ساتی خۆت دواکەوی جارێکی تر چاوت بە من ناکەویتەوە چونکە سەر هەڵدەگرم بۆ خوار بەغدا ، دەچمە خزمەت دێوی سپی !

– کاکە گیان ئاوی گاگەش لە خۆم حەرام دەکەم !

ناسر بەڕێ کەوت ، لە ڕێگادا تووشی بە تووشی چل سوارەی شێخ هات ، هەندێك دەڵێن هەموویانی کوشت! هەندێکیش دەڵێن نەخێر گەلێك بە پەلە بوو,یەك دوو تەڕادی لەناویان هاتوو چۆی کردو سێ چواریانی لێ کوشتن و بەرەو گاگەش کەوتە ڕێ ..

کاتێ ناسر گەیشتە نزیك هۆبەی بائۆمەری بە ڕێکەوت لەبەر ڕانەمەڕی باب ئۆمەری چاوی بە کابرای کوردە کەوت ، کەمێکی لێ وورد بۆوە سیمای بە پاڵەوانان دەچوو ، لێ ی چووە پێشەوە گووتی :

– بە دەولەتبی شوان

– بەخێر بێیت سەرچاو .

– کاکی شوان نابەڵەدم ، هۆبەی باب ئۆمەری کەوتۆتە چ لایەك ؟

– خۆ کوێر نەبووی! ئەو هۆبە ڕەشمالاّنە باوئۆمەرین ، ئەوە خەزوری منە

، کچێکی نێو نازداریم خواستوەو کوڕێکیشم لێی هەیە ، بەڵام زۆرم بە دڵ نیە ، خەریکی ئەوی تریانم !

ناسر لەدڵی خۆیدا ووتی: ئەگەر بێت و ڕاسپاردەی ماڵ ماڵ نەبوومایە دەبوایە بتکەم بە خۆراکی قەڵەڕەشان ، بەڵام با قەرز بێ تا ماڵ ماڵیش گوێیی لەم قسانەت دەبێ

لەو کاتەدا برا بچووکی ماڵ ماڵ بەرخەگەلی لە نزیک ئەو دەلەوەڕاند کوردەش بانگی کرد: هۆی دایکت...... دایکی ناسرە کەچەل و ماڵ ماڵە کەچەلت....... تۆش هەر وەکو ئەوان کەللە ڕەقی ، هەر لەبەر کەللە ڕەقی خۆیان نەبوو چوونە خوار بەغداو ئێستاش خوا دەزانێ لە چ هاردێك تۆپیوون! هەموو ڕۆژێك جارێکتان پێ دەڵێم بەرخەکان مەهێنە سەر ئەو دەراوە، دەراوەکە قوڕاو دەبێ کەچی حەیاتان نیە

ناسر چەند قین لە دڵ بوو ، هێندەی تر خەمناك بوو ، ناچارە راسپاردەیە! بەرەو هۆبەی باب ئۆمەری کەوتە ڕێ و بە تەپ و تۆزێکی یەکجار زۆر لەبەر ڕەشماڵی باوئۆمەری ڕاوەستاو یەك دوو قسەی بە عارەبی کردو کەسی تێ نەگەیشت، ناچار بانگی میرزاغایان کرد .

– فەرموو کاکەی سوار .
– من پیاوی پادشام و دەمەوێ بچمە لای خونکاری .

ناسر بردرایە نێو ئەو ڕەشماڵەی باب ئۆمەری کە نیوەی دیوەخان و ئەوی تری ماڵی خۆی بوو– پیاوی پادشایە ! – شەو بە تەنیا لە دیوەخان نوست و نازێ بە نازداری ووت: خوشکێ ئەو میوانە یا ناسرە یا ماڵ ماڵە

– وا نیە ، ئەگەر ئەوانە زیندووبونایە ، چۆن تا ئێستا کاغەزێکیان بۆ ڕەوانە نەدەکردین ؟

– بەو خودایە یەکێکیانن ، ئا توو خوا بەندێکیان پێداهەڵدە .
– خوشکم شوورەیی یە ، ئەو خەڵکە دەڵێن چی ؟
– خۆ من وا ناڵێم ، کۆرپەکەت هەڵبسێنەو لای لاییکی بۆ بڵێ و بڕایەوە!

ئەگەر قسەی من بێ ئەوە وەڵامت دەدەنەوە .

- دەبنو ڕۆلە دەبنو لای لای ، دەبنو لا ئیلاهە ئیللە لایێ ،

ئەمن لانکێکت بۆ دەکەم لە دارەکەی دار خورماییێ ،

جا رۆلە من وەستات بۆ دێنم لە شارەکەی دەبەغداییێلا،

خۆ رۆلە بابی تۆم کوردێك نەبوو کەلاش دەپێ ،

کەری لەبەر مەڕی ، بە خودا بابی تۆم ماڵ ماڵ بوو کەڵی لە دونیاییێ ،

دەبنو رۆلە لای لایێ لا ئیلاهە ئیللە لایێ ،

ئەمن لانکێکت بۆ دەکەم لە دارەکەی دەگیوێزێ ،

وەستات بۆ دێنم لە شارەکەی دەتەورێزێ ،

خۆ رۆلە بابی تۆم کودرێك نەبوو کەڵاش دەپێ ،

کەری لەبەر مەڕی ، بە خودا بابی تۆم ماڵ ماڵ بوو کەڵی لە ڕێزێ ،

دەبنو رۆلە لای لایێ لا ئیلاهە ئیللە لایێ ،

ئەمن لانکێکت بۆ دەکەم لە دارەکەی دەمێکوکێ ،

وەستایانت بۆ دێنم لە شارەکەی دەکەرکوکێ ،

دەبنو رۆلە لای لایێ ئیللە لایێ ،

دەگ بەبێ بابت گەورەکەم غەوسی ماڵ لە بەغداییێ

ناسر دەڵێ :

دەبا بڕۆن بڕۆن کچە تیوەلەی دەوی زەمانە لە سەر میزی شەقە بالۆران لێ دەدەن ، سوێندو سوێندکارییێ سەر ئەو کانیەو وەبیر نایێ

نازدار دەڵێ :

قوڕێ کێ وەسەر سەریکەم ، باب لێم رادەسا بە خەنجەرێ نیرۆیی یە ،

کاك لێم رادەسا بە شیری قەرەمی تیری یە ،

داك لێم رادەسا بە نان برێشکی دەنانی یە ،

هەر بە زۆریان لێ وەردەگرتم جا وەکیلی یە ،

مارەیان دەکردم لە کوردێکی بەر مەڕی یە ،

ئەگەر ئێستا بچمەوە کۆل و حەسارو چاو ڕشتێنیٚ ،
حــەوت ســاڵیدیش و دەســووڕێنمەوە لــە گــەرمێنی و گەرمەســێرو لــە وولاتەکەی غەریبی یە ،
بەڵان تووبی ئەو خوایەی بەهەق دەناسی ، گەر ماڵ ماڵی ناسریم چ خێری یە ،
ئەگەر ناسری ماڵ ماڵێم چ خێریە

ئـەوجارەیان ناسـر وەڵـامی نەدایـەوە، بـۆ سـپێدەی لـە دوای نـان خـواردن بانگی نۆکەرێکی کردو گووتی: دوو سەد تومەن لە خەزێنـەی وولـاتم بۆ بێنـە ١ باوکی ناسریش کە میرزاغا بوو لەگەڵ باوکی مـاڵ مـاڵ هـەردووکیان هـەر یـەکی لەسەر سەد تومەن لەئەستونی ڕەشماڵیان بەستبوون ، کاتیٚ ناسر پارەکـەی بـۆ هـات ، زۆر بـە چـەپوکی هەریەکەو سـەد تومـەنی لـە باخـەڵ هـاویتن! بـیٚ ئـەوەی بیناسن ، ئینجا ڕووی کردەوە بەغداو بە تاو هاژوای .

لـەو کاتـەی گەیـشتەوە ئـەو شـوێنەی کـە لـیٚ ی هـاتبوو ، مـاڵ مـاڵ نـەمابوو چونکە ئـەو سـاتەی ناسـر شـەڕی لـە گـەڵ چل سـوارەکان کـرد کـەمێك لـە کـات و ساتی خۆی دواخست کە سەری بڵند کرد ، ماڵ ماڵی بە چاو ئەنگافت و کەوتـە دوای ، گەیـشتە مـاڵ مـاڵ و لـە دڵـی خۆیـدا گـووتی: ئەگـەر ئـەو هەواڵـە جـەرگ بڕەی بدەمیٚ هێندە کەللە ڕەقە تـا خـوار بەغدا ڕاوەسـتانی نـابیٚ ، نـەخێر باشـتر وایە بڵێم خەونەکەی تۆ لەسەر من بوو، نازدار شووی نەکردووە ، بەڵام نازیٚ یە

– کورە بۆ کویٚ دەچی ؟
– لە کات و ساتی خۆت دوا کـەوتی و لەسـەر پـەیمانی خـۆم دەچمە خـوار بەغدا ، خەونەکەم ڕاست بوو ؟
– بەڵیٚ بۆ من ڕاست بوو! گاگەش جێگای منی نەما خواحافیز .
– کاکە ناسر بۆ خاتری غەریبی حەوت ساڵان بگەڕیٚ وە .

بەو پیلانە نەبوایە ماڵ ماڵ نەدەگەڕایەوە ، ئینجا جووتە سوار شـان بـە شـان هاتنەوە کوێستانی گاگەش و لە هەمان شوێنی ناسر چاویان بە کابرای کـوردە کـەوت و بـرا بـچوکەکەی مـاڵ مـاڵیش لـە خـەمان مێـرگ بەرخەگـەڵ و مـەڕەکانی

دەلەوەڕاند .

- خوا کۆمەکن کا

- بەخێر نەهاتن ، ئەوە فرچە رومیان چیان لێ قەوماوە، هەموو ڕۆژێ سەلام و عەلیکم .

- برا گیان بۆ هێندە تورەی ، نابەلەدین و هەواڵی باب ئۆمەری دەکەین .

- چاوتان دەرێ ، ئەو ڕەشماڵەی بەردەمتان ماڵی باب ئۆمەری خەزوورمە ، نازداری کچیم خواستوەو کوڕێکم لێی هەیە، بەڵام بە دڵم نیە خەریکی ئەوەم دەست لە نازدار هەڵگرم و نازێ بخوازم !

هێشتا کوردە لە قسەکردن بوو ، بانگی برا بچوکی ماڵ ماڵی کردو هەمان قسەی پێشتری پێ ووت ، منداڵەکەش مەڕەکانی ڕاداو، ناسرو ماڵ ماڵیش چوونە لای منداڵەکە .

- کاکە بچکۆلە چ نانە ڕەقتان پێ نیە برسیومانە ؟

- بەڵێ مامە گیان هەمانە بەڵام ئەم خواردنە شیاوی ئێوە نیە !

- ئێمە ڕازین چونکە برسیەتی کاری لێمان کردووە !

ناسر لەکاتی ڕۆیشتنی مەڕێکی ڕەشی هەبوو، مەڕەکەی خۆی ناسیەوە، بۆیە بە منداڵەکەی ووت: مام بە خوڵامت بێ چۆڕە شیرێکی ئەو مەڕە ڕەشەم بۆ نادۆشی ؟ کوڕەکەش چاوی پڕ بوو لە فرمێسك و گووتی: مامە ئەوە مەڕی کاکە ناسریەو حەوت ساڵە لەگەڵ کاکم ماڵ ماڵی چوونەتە ووڵاتی گەرمێن ، لەو ڕۆژەی ئەوان ڕۆیشتوون شیری چك کردووە

- تۆ بڕۆ.

- کاتێ منداڵەکە دەستی بۆ گوانی مەڕەکە درێژکرد بە ئەمری خودا شیر چۆڕەی کرد! منداڵەکە هەستێکی کرد کە کاکەیەتی ، بەڵام قسەی نەکرد، هەردووکیان نان و شیرەکەیان خواردو بە منداڵەکەیان گووت: تۆزێکیش ئاوی ئەو کانیەمان بۆ بێنە

دووبارە منداڵەکە چاوی پڕ لە فرمێسك بوو گووتی: مامە گیان ئەوە کانی

مەلەك ڕێزانە، ناسرو ماڵ ماڵ و نازێ و نازدار سوێندیان لەسەر خواردووە، لەو ڕۆژەوە وشك بووە

– تۆ بڕۆ سەیرێكی بكە .

كاتێ كوڕەكە گەیشتە سەر كانی مەلەك ڕێزان هەر وەكو جاران ئاوی لەبەر دەڕۆیی! ئاوەكەی هێناو گووتی: توو ئەو خوایە ئێوە براو ئامۆزام نین ئینجا بەیەكتر شاد بوون و گووتیان بەڵام نابێ دەنگ بكەی .

– چۆن دەنگ نەكەم .

ئینجا ناسرو ماڵ ماڵ بەرانگاری كابرای كوردە بوون ، كوردەش گۆپاڵێكی وەشاندە ماڵ ماڵی.. ئەگەر خۆی نرم نەكردبایە ، یەك بەژنی لە زەوی دەبردە خوارەوە ، ماڵ ماڵ ب ناسری گووت: كاكە ئەو كابرایە جۆری شێخ و قوڵە ڕەش نیە ، ئەگەر بێت و لە دوو قۆڵدا بۆی نەچین دەمانكوژێ ، هەروەكو ووتیان وایان كردو كوردەیان لەناوبردو بەرەو ماڵی باوئۆمەری كەوتنە تەڕاد لێ دان، لە ڕێگادا پیاوێكی پیریان هاتە بەرامبەر گووتیان: خاڵۆ بۆ كوێ دەچی ؟.

– جەرگی خاڵۆ ، دەڵێن ناسرە كەچەڵ و ماڵ ماڵە كەچەڵ هاتوونەتەوە ، كوڕەكەشم زاوای باب ئۆمەرە، دەچمە هاریكاری نەوەك ئەو نائەموارانە شەڕی پێ بفرۆشن .

ناسریش بە كەم و زۆر ڕمێكی دەقەبەر سینگی كردو بەزەوی پان كردوە ، كاتێ گەیشتنە ناو ڕەشماڵان ، ماڵ ماڵ هاتە سەر لانكی كوڕی كوردەی و ڕمێكی بە سینگی ئەویش دادا...

**دەسكێ گوڵ و دەسكێك نێرگز مەرگی**

**ئەو خوێندەوارانە نەبینم هەرگیز**

# هەقایەتی لاس و خەزاڵ[1]

دەگێڕنەوە گوایە ڕاوشکاری ئەحمەد بەگی باڵەکی[2] هەر جارەی چل ڕۆژی دەخایاند ، ڕۆژێکیان لە کاتی گەڕانەوەی لە ڕاو ، لە ڕێگادا دەچێتە سەر کانیە ئاوێکی خاتوونان.. داوای جامێك ئاو دەکا ، لەو کاتەدا کچە عارەبێکی[3] نێو خەدیجە[4] کوندەی پڕ دەکرد ، ئەویش جامێك ئاوی پاشەوپێش بۆ ڕادەگرێ !

ئەحمەد بەگ سەرسام دەبێ و لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا کە داخوازی بکات و نزیکی نەکەوێ تا بەدەستی خۆی دۆخینی ئەکاتەوە! ئەحمەد بەگ دەچێتە خوازبێنی خەدیجەو پێشکەشی دەکەن ، لە دوای گواستنەوەی ، ئەحمەد بەگ سەر جێگای ناکات !

ماوەیەك بەسەر بوکایەتیان تێ پەڕی ، ڕۆژێکیان دایکی بووکە دێتە سەردانی کچی ، بۆی دەردەکەوێ کە زاوا دەستی لە کچەکەی نەداوە ، بۆیە بە

---

[1] ئەم دەقەم لە گۆڤاری کاروان ژمارە (٢٠) بڵاوکردۆتەوە..

[2] چوار دەقم بیستووە ، دوانیان باڵەکی یەو ئەوانی تر شارەزوی هەروەها دەڵێن ئەحمەد بەگ لە کوردەکانە- واتە هۆزی کوردەی کورد کە ئێستا لە گوندی چەمرگەو دەوروپشتی دادەنیشن کە دەچنەوە سەر هۆزی جاف ، یان بە مانای کرمانج دێ ، یان دەشتەکی خەڵکی گوند بێ ، ڕای من ئەوەیە کە ئەحمەد بەگ باڵەکی یەو لە ناوچەی شارەزور دانیشتوەو هیچ پەیوەندی بە خانزادی سۆران نیە چونکە خانزاد خوشکی سولەیمان بەگەو مندالی شاقوڵی بەگن ، لە دەقی ئۆسکارمان خانزادی هەریری کچی مەحمود ئاغایەو ئاموزای لاسە! وا بزانم ئەوەش لە ڕاستی بەدەرە، چونکە مێژووی میرانی سۆران تا ڕادەیەك ڕوونە .

[3] گوایەساڵێکیان نەهات دەبێ و ئەو عێلە- واتە عێلی ماڵی خەدیجەی خێزانی ئەحمەد بەگ، دایکس لاس- ڕوو دەکەنە ناوچەی کوردستان بۆ گوزەرانی ، ئەحمەد بەگیش لەسەر کانی چاوی پێ دەکەوێ و دەیخوازێ

[4] لە دەقی ئۆسکارمان نێوی شەمێ یە

ئەحمەد بەگ دەڵێ: دەبێ کچەکەم بەرمەوە باوە خوونی دایك و کچ گەڕانەوە ماڵە باوان ، هەواڵەکەش بە ناو کەس و کاریان بڵاو دەبێتەوەو بڕیاری دەدەن کە ئەحمەد بەگ نێرە مووکەو مارەیی لە کچەکەی نەهاتووە! ئینجا کچەکەیان لە ئامۆزای مارە دەکەن! لە ڕۆژی بووك گواستنەوە، ئەحمەد بەگ دێتە ماڵی خەزووری بۆ ئەوەی خێزانەکەی بباتەوە ..

کاتی گەیشتنی ئەحمەد بەگ دەشڵەژێن، چونکە لە پاڵەوانیەتی بێ هاوتا بووە باوکی خەدیجە دەیەوێ پیلانێکی بۆ ڕێك بخات، بۆیە بە قاوەچی دەڵێ: قاوە دابەش بکە ، هەر کەسێ فنجانی قاوەی لە دەستت وەربگرێ ، دەبێ بچێتە ئەو چۆمە ، شێرێکی تیایە بیکوژێ

ئەحمەد بەگ بانگی قاوەچی دەکاو فنجانی لێ وەردەگرێ و فڕی دەکاو بەرەو چۆمەکە دەکەوێتە ڕێ ، پاش ماندوبونێکی زۆر ئەحمەد بەگ شێرەکە دەکوژێ و کەولی دەکات و لە سەر پێستەکەی لەژێر دار (لاس) ێك ، لێی ڕادەکشێ !

خاتوو خەدیجە لە پەردەی بوکایەتی بەرەو چۆمەکە ڕادەکا! کاتێ دەگاتە ئەو شوێنەی کە ئەحمەد بەگی لێ ڕاکشابوو سەری سووڕ دەمێنێ و لە دڵی خۆدا دەڵێ: دەبێ ئەوە پیاو بێ ؟ بە خوا دەبێ تاقی بکەمەوە ! ئینجا دەستی بۆ دۆخینەکەی درێژ دەکاو ئەحمەد بەگ هۆشیار دەبێتەوە گوراوی خۆی دەباتەوە، بۆیە هەر لەسەر پێستەی شێرەکەو لەژێر دار لاسەکە لێی بە زاوا دەبێ! ئینجا دەگەڕێتەوە ماڵی خۆیان لە دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ کوڕێکیان دەبێ و نێوی دەنێن (لاس) .

هەروەك ئەحمەد بەگ چۆن لە سوارچاکی و ڕم بازی و ئازایەتی بێ هاوتابووە ، لاسی کوڕیشی هەروا، کورد گوتەنی ماڵیش بە ماڵی خۆی نەچی حەرامە

لەو کاتەی لاس گەیشتە هەڕەتی ژن هێنان ، باوکی زۆر هەوڵی لەگەڵا دەدا بۆ ئەوەی ژن بێنێ، بەڵام دڵی لاس تا ئەو کات کەسی پەسند نەکردبوو،

شەوێکیان لەو کاتەی کەلەبابی خەوتننان[1] بانگی دەدا ، خەو لە چاوی لاس هەرمابوو ، لە ژوورەکەی هاتە دەرەوەو بەرەو دیوەخان خزی و هاتە لای مام دەروێشی مێوان .

دەروێشی مێوانیش لەبەر ئازاری قاچ و ملی حەسانەوەی نەبوو ، پیرو لاو کەوتنە بەرامبەر یەکترو گرییَی دڵی خۆیان بۆ یەکتر کردەوە.. لاس بە دەروێشی ووت: مامە گیان باوکم پەلەم لێدەکا کە ژن بێنم منیش تا ئێستا ئافرەتێکم نەکەوتۆتە بەر دڵ، تۆیش جگە لەوەی بە تەمەنی، بەڵام گەڕیدەی کوێستان و گەرمیانی، چ ئافرەتت بەرچاو نەکەوتووە کە شیاوی من بێ ؟

دەروێشیش پێ ی گووت: کوڕم ، ئەوەی من بزانم چوار خاتوون هەیە کە شیاوی تۆ بن ، یەکیان خانزادی هەریری و یەکیان خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبی کە لە جیاتی تۆ خوێن مارەبڕی وەیسی[2] (وسو کاسکیان) ە ، ئەویتریان خەزێمە شۆری دەزگیرانی ئاغە ماڵ ماڵی و ئەوی تریان ئایشە گووڵ[3]

دووبارە لاس پێ ی دەڵێ: بەڕای تۆ کامیان خاتوون ترن ؟ دەروێش دەڵێ: بە من دەکەیت، بە زای خەزاڵە شۆڕو مەلا نەبی یان دەکەوی ! ئینجا لاس دەڵێ: بەیانی لە گەڵ کازیوەی بەیانیان ئەو نامەیەم بگەینە خەزاڵە شۆڕی بۆ سپێدە زوو دەروێش بەرەو هەواری ماڵی خەزاڵ دەکەوێتە ڕێ، تا لە چیای بەنی هەریر ئاودیو دەبێت ، لەو کاتەی دەروێش دەگاتە بەر ڕەشماڵی خەزاڵ ، دەنگ دەداو خەزاڵیش دەڵێ: فەرموو وەرە ژوورەوە مام دەروێش وا لە کوولینم

مام دەروێش دەچێتە ژوورەوە نامەکە دەداتە دەست خەزاڵ لەگەڵ خوێندنی نامەو بەسەر هەڵگوتنی مام دەروێش بەسەر لاسی ئەحمەد بەگ یەکسەر عیشقی دەبێ ! ئەویش ئەنگوستیلەێکی خۆی بە دیاری بۆ ڕەوان

---

(1) واتە لە دوای بانگ دانی کەلەبابی ژن زیز بوون !

(2) وسو کاسکیان تیرەن یا باشار وایە بڵێین بنەماڵەن کە ئێستا لە گوندی باویەی خدر ئاغەی وسوکاسکیان نزیک سپیلك سەر بە ناوچەی هەریر نیشتەجێن .

(3) وا بزانم لەگەڵ ئایشە گووڵی هەکاری یەتی.

دەکا، ئینجا لاس بە جلی دەروێشی لە گەڵ مام دەروێش بەرەو ماڵی خەزاڵ دەکەوێتە ڕێ ..

وەکی کاکە لاسی ئەحمەد بەگی بارەکی یە ،

دەچتەوە ناو گەورە ماران ، ماریێ داودو مەلا نەبی یان هەر بە بەرگەکی دەروێشی یە ،

دەگەڕا لە ناو گەورە ماران ، ماریێ داودو مەلا نەبی یە ،

بە دووی دەکەتن کیژۆرەکانی چاردە ساری یە ،

دەیانگۆت دایەکە دایەکە ئەوە دەروێشە ، دەروێشەکی چەند روح

گەورەیە ، نە لەمە وەردەگری مراکە مراکی دەڕونی یە، نەچەنگە چەنگی ساوارێی بنەگەچی یە ،

پیرێژنەکی زەمانی دەوری بەرایی هاتی یە ، دەیگۆت کیژم بەو خودایکەم لە ژووری سەری یە ،

ئەوە دەروێشە ، دەروێشی مراکە ڕوونی و چەنگە ساواری نی یە ، ئەوە دەروێشە دەروێشی عەشقی یە ،

ئەنگۆ دیقەتی خۆتان بدەنە بارایێ بابە دەروێشم ، دەرێ ی دارەکانی شەنگەبی یە ،

دیقەتی خۆتان بدەنە چاوێ بابە دەروێشم دەرێ ی سێوەکانی لاسۆرە ، باغەوان لەسەر لقی داری لە بیری کردی یە ، لایەکی ئەنگافتی یە ،

ئەوجە دەچتەوە کن گەورە ماران، ماریێ داودو مەلا نەبی یە ،

وەکی دیتی خەزارە شۆڕ لەبەر دەرکەی مەشکۆرەی دەژینی هەر بە عەینییە.

سەلامەکی دەکردەوە لە کارەکەران ، دوایێش لە ناسکە بێری یە ،

خەزارە شۆڕ گازی دەکردەوە ستی و رابی و خوبی سەرتان هەرینم لە بارەکی دەشینی یە ،

ئەمن دونێ ئێوارێ مەنجەرەکی زنجیردارم ڕوون گەرم کردی یە ، لەگەر باتمانەکی کەرەی سپی یە ،

ئەنگۆ بینن لە بۆ بابە دەروێشی نورانی یە ،
ئەریٚ بابە دەروێش بەو خودای کەم لە ژووری سەری یە ، ئەمن چیدیکەم ڕوونی بەردەستیم نی یە ، نەکو پێشکێشی تووم ئەوەندە نی یە ،
ئەوجە کاکە لاسی ئەحمەد بەگی بارەکی یە، گازی دەکردەوە خەزاڵە شۆریٚ مەلا نەبی یە ،
دەستەنگای توو هەر ئەوەندەیە، ئەوەندە لە کنە من چ وجودی نی یە ، ئەتوو وەرەوە کنە من شەرتبی بدەمیٚ هەر بە جۆگەییٚ دەڕوونی یە ،
ئەریٚ خەزارە شۆریٚ مەلا نەبی یە ، ڕەبی خودا سەبەب کاریٚ من و توو بگری وەکی ئەمنی دەناردەوە کوێستانی فەراشی هەر بە سایەلی یە ،
ئەگەر ئەمن دەمزانی سوار دەبوومەوە لە شینکەی شێخ غەزالی عارەبی یە ،
دەستم دەداوە ڕمەکی سەر بە تۆپراگەی بن گورگەی یە ،
لەبەرە خۆم دەکردەوە زریٚ یەکانی لەوانی ئارقە هووردی یە ،
لەبەر پشتی خۆم ڕادەکرد، خەنجەرەکی دەبانی نیرۆ بەگی یە ،
لە شانی چۆپەم برۆیشتابایە سەدو پێنج سواری کوڕە کوڕەی دەجاف یە[١]
لە شانی ڕاستەم برۆیشتابایە سەدو پێنجە سواری کوڕە کوڕەی عارەبی یە[٢]
ئەوجە خەزارە شۆر هەنگیٚ دەمهینا یان بە مارەکی زۆر یان هەر بە زۆرداری یە،
کاتیٚ خەزالٚ ئەو بەندەی دوایی گوێی لێبوو گووتی: کوڕە مارت وێران بی دەروێش! دەنا ژوانی من و توو بن تاوری ماری مەلا نەبی یە
ڕەشماڵی مەلا نەبیش لەسەر دوازدە ئەستونگە بووە ، لایێکی ماڵ بووەو لاێکی دیوەخان ، ئەو شەو لاس بە مێوانی لە دیوەخانی مەلا نەبی لیٚ ی ڕاکشا! کاتیٚ ئێوارە داهات جوامێرەکان هەموویان لە دیوەخان کۆبوونەوەو دەستیان کردە یاری گەڕە لاوژە ، هەریەکە لە دانیشتوانەکانی دوەخان بەندی

(1) لێرەدا زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لاس لە کوردەکانە ، چونکە خۆی بە سواری کوڕ جافان دەڵدەداتەوە.
(2) لێرەدا لاس خۆی بە خاڵوانی هەڵدەداتەوە ، واتە دایکی کچە عارەبە هەروەك نوسراوە.

خۆیان چڕی و نۆبەت گەیشتە مێوان و گووتیان: فەرموو بەندەکمان بۆ بڵێ ئەویش ووتی: بە خوا هیچ نازانم ! پێیان ووت: ئەگەر بەندی خۆت نەڵێی دەبی بقۆڕی

ئینجا ووتی: چ بڵێم ، بەخۆم هیچ نازانم بەڵام دوێنێ لەو کاتەی نزیک هەوارتان بووم ، شوانێکتان لە کاتی دان و ئاوێر ئەو بەندەی دەچڕی! بەڵام نابێ لێم سڵ بن! ئەوانیش سەریان بۆ هەژاند ..

خەزارە شۆڕێ مەلا نەبی یە ، خۆزی بە خۆزی داران ئەمن شترەکی بامایە ، لەوان شترەکانی دەسێوی یە ، ئین ببامابەوە لەسەرو چاوە کانی یە، ئەمنیان ببردابوایە کن وەستان و وەستاکاران ، ئەمنیان بکردابوایەوە ، تەشینەکانی لەوانی خۆش دەستی یە ، بەدیاری ئەمنیان بناردابوایە لە بۆ خەزارە شۆڕێ مەلا نەبی یە ،

بە منی بڕێستابایە ڕانکی شوانی و بارزونگی ئەوان ناسکە بێری یە

جوامێرەکان هێرشیان بردە سەری و تێر جنێویان کرد، بەڵام خەزاڵ لە ژوورەوە بە دەنگ هات و گوتی: ئێوە پێتان ووت سڵ نابین، ئەوەتان لە چی ؟ خەڵکەکە بڵاوەی کردو دیوەخان چۆڵ بوو جگە لە کارکانە کەچەڵی ، شوان و چاودێری خەزاڵ لە لایەن ماڵی وەیس ئەویش- واتە- کەچەڵ- جێگای خۆی لە پشت چیغی ڕەشماڵ ڕاخست! لە دوای ماڵ نوستنان ، خەزاڵ بانگی کارەکەرەکانی خۆی کردو پێ یانی ووت: هەی سەرو لە هەشێنم ، بای چەپە شین و شارەشین دەبزێوی لە بنی دەبروسکێنی باو بارانەکی گەلەگەورەی[1] هینا ، بابم پیرە خۆی ڕاناگری! هەستن کەمەندی باوێنە ڕەشماریێ ، هەستن سنگ و بەرچیغان توندکەنەوە، هەنووکە دەبیتە باوباران

شوێنێکیان بۆ باوکی لە ژوورەوە ڕاخست و چەند کەل و پەلیان هەبوو

(1) گوایە ئەو هێنان و بردنەی خەزاڵ هەمووی درۆ بووە، چونکە لەو کاتەی کارەکەرەکان هاتوونەتە دەرەوە، دیویانە ئاسمان ساماڵە ، بەڵام خەزاڵ بۆیە وای کردووە تا باوکی بچێتە بنەبان و لەلای دیوەخان دوور بکەوێ بۆ ڕامووسانی خۆی !

بەسەریاندااو ، خەزاڵیش بە خۆیشی ئەو شەوی لە گەڵ لاسی بەسەر برد! لە بەرەبەیانیان لاس بە خەزاڵی ووت: من دەگەڕێمەوە ماڵەوە خۆم ئامادە دەکەم بۆ خوازبێنیت خواحافیزیان لێکتر کردو پێش ئەوەی لاس پێ ی باوێتە ڕکێف بیست و چوار ماچی لە گەردەنی خەزاڵ کردو کارکانە کەچەڵیش زەقەی چاوی دەهات! !

کارکانە کەچەڵ دوا بە دوای خەزاڵ هاتە ماڵەوە بۆ ئەوەی بیانوی پێ بگرێ، بۆیە پێ ی ووت: هەر ئێستا نانی خۆم و هەر دوازدە سەگ و هەر چواردە شوانم دەوێ ! خەزاڵیش پێی گووت: کارکانە ئەمڕۆ نانمان نەماوە ، بەڵام کەمێك ڕاوەستە هەر ئێستاکە ستی و رابی بانگ دەکەم و نانت بۆ ئامادە بکەن، بەڵام گرناگەی کەچەڵی ئەوەبوو کە لە لایان بڕوات و هەواڵی لاس ئەحمەد بەگی بە وەیس بگەیێنێ !

کاتێ کارکانە کەچەڵ گەیشتە دیوەخانی ماڵی وسوی کاسکیان.. وەیس پێی ووت: ها کارکانە خێرە ؟ ئەویش گوتی: شەوی ڕابردوو لاسی ئەحمەد بەگ لە باخەلی خەزاڵی نوستبوو بەرەبەیانیانیش بیست و چوار ماچی لە گەردەنی کرد !

وەیس بەو هەواڵە دین بوو ، هەڵسایە سەر پێ ، بەڵام مامەی کە نێوی چرکن بوو ، هێمنی کردەوەو پێ ی گووت: رۆڵە شوورەیی یە ، وا نابێ ، لەو بڕوایەدانیم کە خەزاڵ ئەو کارە ناڕەوایە بکات ، بەیانیش پێکەوە دەچینە ماڵیان ، ئەگەر پێشوازیمانی کرد ئەوا بوختانی کەچەڵە! ئەگەر پێشوازی نەکردین ئەوا ڕاستە ، دۆستی هەیە

لەو کاتەی وەیس و مامەی گەیشتنە ماڵی مەلا نەبی ، خەزاڵ چەند زێڕو زیوی هەبوو خۆی پێ ڕازاندەوەو بە پیریانەوە چوو ، بەخێرهاتنێکی گەرمی کردون و جلەوی وولاخی مام چرکنەی گرتوو ،ماینی لە وەیس وەرگرت، زۆری ڕێز گرتن... ئینجا چرکن لە ژێرەوە بە وەیسی گووت: باشە هەی بێ هۆش ویستت بە قسەی کارکانە کەچەڵی بکەی.. بڕوانە چۆن خزمەتمان

دەکات ! وەیسیش سەری بۆ لەقاند.

چرکن بە مەلا نەبی ووت: ئێمە هاتووین کە ڕێگامان بدەیت خەزاڵی بگوازینەوە مەلا نەبیش گووتی: کاکەگیان من کچم داوەتە ئێوە، جا کەیفی خۆتانە

چرکن و برازاکەی گەڕانەوە ماڵ، حەوت شەو و حەوت ڕۆژ دۆڵ و زوڕنایان گێڕاو داوەت ڕانەوەستا! خەزاڵ هیچ فرسەتێکی نەما جگە لە ڕاکردن بەرەو ماڵی خانزادی هەریر! ڕۆژێکیان خەزاڵ دەچووە سەر کانی ، لە ڕێگادا پیاوێکی بینی بە پەلە ڕادەکاو لیّ ی پرسی: خاڵۆ ئەوە چیت لیّ قەوماوە ؟ کابراکەش گووتی: جوانە ماینێکم وون بووە ، دەڵێن لە گەڵ دەواری لاسی ئەحمەد بەگی یە

خەزاڵ خۆی دەخیل دەکاو نامەیەکی لەگەڵ دا ڕەوانە کرد ، نامە هەڵگر گەیشتە لاسی و نامەکەی دایە دەست، ئەویش ماینێك و جوانێکی پێشکەش کردو یەکسەر گەڕایەوە ماڵ ، بە دایکی گووت: دایە گیان ئەوە نامەی خەزاڵە ، ئێستاکە لە لای خانزادی سۆرانەو چاوەڕوانی چوونمە ، جا چ دەفەرمووی.. بە تاکە سواری بڕۆم یان لەشکری بەرم ؟

دایکی پیّ ی ووت: گەردنت ئازاد ناکەم ئەگەر بێت و بە تاکە سواری نەچیت! ئەگینا باوکت پێم دەڵیّ: ئەوە لە من نی یە ! لاس لەگەڵ ئەو قسەیەی دایکی مەست بوو ، بەرەو هەریر کەوتەڕیّ .

ئەوجە کاکە لاسی ئەحمەد بەگی بارەکی یە ،
سوار دەبۆوە لە شینکەی شێخ خەزاڵی عارەبی یە ،
دەستی داوە ڕمەکەی سەر بە تۆپراگەی بن گورگەیی یە ،
سیّ شەو و سیّ ڕۆژ هاژوشتی یە ،
دیتی چەکی ئارەقەی لە بن گێییّ شینکەی شێخ غەزاڵی بەدیار کەتی یە ،
دەی گۆت بەو خودایکەم لە ژووری سەری یە ، مەعلومە نەگبەتە شانی منی گرتی یە ،

ئەمن شەڕی حەف شەو و حەفت ڕۆژم بە توو کردی یە ،
چ جاران چەکی ئارەقەت لە بن گێیێ بە دیار نەکەتی یە ،
ئەوڕۆ سەری سێ ڕۆژە، ئەتوو چەکی ئارەقەت لە بن گێی بەدیار کەتی یە ،
مەعلومە نەگبەتە شانی منی گرتی یە
لاس سەری سوڕ دەمێنێ لە ئارەقە کردنی مایەنەکەی ، کاتێ دەبینی دوو نالی فڕێ داوە !

بایداوە دەیگوت هەتاوەکو کۆیێ [1]م ، لێ بەدوور نەکەتی یە ، دەستەوە کن وەستان و وەستاکاران ، دەی گووت ئەتوو لە بۆ من نەبینە جۆتە نارەکی ، لە بۆ شینکەی شێخ غەزالی عارەبی یە ،

هەر نارەکی لە بۆیان دەهینا ، هەروەکی نان دوو کەرتکی کردی یە ، دەیگۆت کەڵکی شینکەی شێخ غەزالی نی یە، لە بۆی دەهینا جۆتە نارەکی پۆرایی عەوێزی یە ،
دەیداوە لە بن پێی شینکەی شێخ غەزالی عارەبی یە ،
دەیگوت ئەوجە بزانە پێشکێشی ئاغەی گرانم چی یە ،
ئەویش دەیدایە چەنگێك لیرە ، ئەگەر تومەن بوو ئەگەر مەجیدی یە ،
ئەوجا دەچیتەوە کن خاتوو خانزادی دەشتی هەریرو هەریر بەگی یە ،
ئەوجە کاکە لاسی ئەحمەد بەگی بارەکی یە ، دەیگوت ئەرێ خاتوون خانزادی دەشتی هەریرو هەریر بەگی یە ،
پێم بڕێ بزانم ئەو ئاماناتیەی کە لێرانەبوو بەخۆی ڕۆیشت یان ماری وسوی کاسکیان بە زۆرداری بردیان ،
لەو کاتەی خانزاد لاس دەبینێ ئاور دەگرێ و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: ئەمن دەبێ کارێکی وا بکەم کە خەزاڵی لە پێش چاو ڕەش بێ! بۆیە دەڵێ :

---

(1) لێردەدا زیاتر بۆمان ئاشکرا دەبێ کە لاس خەڵکی شارەزوورە چونکە بە کۆی سنجق تێپەڕیوە ، ئەگەر باڵەکی بێ و لە ناوچەی باڵەکیان بێ ، بۆ دەگاتە کۆیەو ناوی کۆیی دێتە نێو بەیتەکەی ؟!

ئەوجە خاتوون خانزاد دەیگۆت کوڕە مارت وێران بی لاسی ئەحمەد بەگی بارەکی یە ،

بەو خودایکەم لە ژووری سەری یە ، ئەتوو بە شەوت دیتی یە بەڕۆژت قەد نەدیتی یە ،

هەتاوەکو دوێنێکە لێرانە نەبوو ، چەند مندارو شوان و گاوان و بەرخەوان بە قونیاندا هەر بردی یە ،

ئەوشۆکە نازانن کیهان شوان و گوان لە بۆ خۆیان ڕەواندی یە

لاس دەڵێ :

کاکە لاسی ئەحمەد بەگی بارەکی یە ، دەیگۆت ئەرێ خاتوون خانزاد دەشتی هەریرو هەریر بەگی یە ،

بەو خودایکەم لە ژووری سەری یە ، ئەمن لە پاش خەزارە شۆڕی مەلا نەبی یە ، ژینی دنیایم هەموو لە خۆم حەڕام کردی یە ،

کە خانزاد زانی بەندەکەی کاری نەکردووە، گووتی: کوڕە مارت وێران بی کاکە لاس ، خەزارە شۆڕی بینە ئەمنیش هەر بە کارەکەی یە

لەو کاتەی خەزاڵ ڕای کردبوو ، باوکی تەتەرێکی ناردە ماڵی وەیسی هەواڵەکەیان پێ بگەیەنێ! وەیسی زاوا بە تەتەر دەڵێ: بە ماڵی مەلا نەبی بڵێ بەیانی بێنە مەیدانی شەڕ ؟

باوکی خەزاڵیش دەچێتە لای خانزادی سۆران بە مەرجێ خەزاڵ دەمێنێتەوە تاکو پیاوێکیان بمێنێ، نابێ بدرێتە ماڵ وسوی کاسکیان! لاس هەریر بەجێ دەهێڵێ.. .

ئەوجە وەکی کاکە لاسی ئەحمەد بەگی بارەکی یە ، دەچێتەوە کن خەزارە شۆڕێ مەلا نەبی یە ،

دەچیتەوە کن مایێ داودو مەلا نەبی یە ، دیتی خەزارە شۆڕ لەبەر بێریە مەڕی یە ،

سەلامەکی دەکردەوە لە کارەکەران ، دواییێش ل ناسکە بێری یە ،

گازی دەکردەوە ، ئەریٚ خەزارە شۆڕیٚ مەلا نەبی یە ، لۆ چی لەبەر توو بەرگەکی خەوشینی عارەبی یە ،

توخودا پیٚم بلٚیٚ بزانم ئەو تازیەی حەمەد ی ، برایە یا نەگۆ تازیەی مەلا نەبی یە ،

خەزارە شۆڕی مەلا نەبی یە ، گازی دەکردەوە کاکە لاسی ئەحمەد بەگی بارەکی یە ،

کوڕە مارت ویٚران بی ئەتوو قەولی حەفت شەوو حەفت ڕۆژت لەگەر من گرتی یە ،

ئەوە سەری سیٚ مانگە ئەمنت بە جیٚ هیٚشتی یە، سبەینیٚ ماری وسو کاسکیان لە بۆ وخیان دەمبەن هەر بە زۆرداری یە

لەوکاتەی لاس ئەو هەواڵەی بیست سواری غەزالی بوو ، بەرەو ماڵی وسوی کاسکیان ڕۆیشت ، کاتی گەیشتنی بینی وەیس لەسەر جۆنی قاوەی دانیشتووەو مام چرکنەش لە نزیکی ڕاکشاوە ، سەلامی کردو سالامیان لیٚ وەرگرتەوە، دەپرسیٚ و دەڵیٚ: هۆی چی یە کۆتایی بەو شەڕە ناهیٚنن ؟

وەیسیش دەڵیٚ: تۆ میٚوانی ، نان و قاوەی خۆت بخۆ هیچ ئیلاقەت بەو شەڕە نەبی !

لیٚ یان ناگەڕیٚت و ئەوانیش بۆی دەگیٚڕنەوە، ئینجا بە وەیس دەڵیٚن :

کچیٚك بیٚ و تۆ بەدڵت نەبیٚ ، تۆ ئەو کچەت بۆ چی یە ؟ وەیس قینی هەڵدەستیٚ و قسەی پەرت و بڵاو دەکات ، لاسیش خۆی بۆ ئاشکرا دەکاو دەڵیٚ: بەیانی دابەزە مەیدان ! هەر کەسیٚ لە ئیٚمە کوژرا ، خەزاڵ بۆ ئەوەی تر دەبیٚ ! ئینجا لاس دەگەڕیٚتەوە لای خەزاڵ .

بۆ بەیانی بە خەزاڵ دەڵیٚ: بەرگی بووکینی بەسەر خۆتدا هەڵبکیٚشەو لەسەر مەیدان بۆم ڕاوەستە ، چونکە چاوی تۆم لیٚ دیار بیٚ بەهیٚزتر دەبم

ئەوجە کاکە لاسی ئەحمەد بەگی بارەکی یە ،

گازی دەکردەوە وەیس دەتوو لە بۆ من هەریٚوە هەتاوەکو سەری مەیدانیٚ

لەسەرتوو هەربشەقێنم ڕمەکەی سەر بە تۆپراگەی بن گورگەیی یە ،

لە پێش چاوی خەزارە شۆڕێ مەلا نەبی یە ، شەرتبی بتدەمە سەدو پێنجە بەر دیلی بەربەرانی یە هەر بە عەینی یە ،

وەیس دەرێ نامەقوڵیەکی گەلە گەورەو گرانت کردیە ،

دەتوو لە بۆمن هەرێوە هەتاوەکو سەری مەیدانێ ئەمن لەسەر توو هەر بشەقینم ڕمەکی سەر بە تۆپراگەی گورگەیی یە ،

لە پێش چاوی خەزارە شۆڕ مەلا نەبی یە، شەرتبی خەزارە شۆڕت لۆ تەراق بدەم هەر بە خۆڕایی یە ،

هیچیان ناسەلمێنن ، دەبێتە شەڕیان تا نوێژی نیوەڕۆیێ ، کەسیان نابەزن! لە ئەنجامدا ڕێك دەکەون کە جل و بەرگیان لەبەر بکەنەوەو، دەستی چەپەیان لێك ببەستن و بە خەنجەر لەیەکتر بدەن !!

وەیس بیست و دوو خەنجەری سەر تیژ لە لاس دەدا ، ئەویش هەژدە خەنجەری دەوشێنێتە دەستی لەسەر دەلەقاند ،

وەیس دەمرێ و لاسیش بە قوربانی مردن دەبێ، خەزاڵ بیست و دوو دختۆری بۆ بانگ دەکاو هەر برینێك دەداتە دەست دختۆرێك و خەڵاتیان دەکا، پاش ماوەیەك لاس چاك دەبێتەوە ، خوازبێنی خەزاڵ دەکاو بەرەو ماڵی خۆیان دەکەونە ڕێ …

# بورجی بەڵەك

## (١)

دەگێڕنەوە لە دێر زەمانەوە پیاوێکی نێو ئەحمەد ڕیش سپی و خاوەن خووڕەوشتێکی مرۆڤانەی کورد هەبووە، لە ڕاستگۆیی و دادپەروەری شوهرەتی لە کودستان بڵاوببۆوە ، ئەو زاتە لە باوك و باپیرانی پاشایەتی (بۆتان) ی ، بۆ بەجێ مابوو .

هەرچەندە ژنی هێنابوو بەڵام وجاخ کوێر بوو هیچ منداڵێکی نەبوو ، لە بنەماڵەکەشی جگە لە عەبدوللا ی ، برازای کەسی تری نەبوو.. سەرەڕای ئەوەی ئەو پیرچاکە هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی لە پێناوی نەتەوەکەی بەخت دەکردو هەردەم بە ئاواتی ئەوەبوو کە بە خۆیی و میللەتەکەی بە سەرفرازی بژین ، بەڵام دەست درێژکردنی دوژمنانی میللەتەکەی کاری کردە سەر بیروهەستی عەبدللای برازای ، بۆیە برازاکەی کەوتە پیلان دانان لە دژی ئەحمەد پاشای مامەی ، دەستی کردە کۆکردنەوەی هەرزەکارانی بۆتان و دامەزراندنی دیوەخانێکی سەربەخۆ لە هەمان ناوچە ، بۆ ئەو مەبەستە چەند کەسێکی کردە دارو دەستەی خۆیی و سەماوارێکی میر سواری ، دامەزراندو قاوەچی و نێرگیلەچی و.... هتد ، بۆ دیوەخانەکەی تەرخان کردو چوونە دیوەخانی پاشای لە دارودەستەکەی خۆی قەدەغە کردو هەوڵی ئەوەی دەدا کە خەڵکەکە لە دەروپشتی ئەو کۆببنەوەو پاشایەتی بۆتان بە سووکی لەبەر دەستی مامەی دەربێنێ !

بەڵام خەڵکی ناچەکە بە تایبەتی پیاو ماقولەکانی بۆتان ، زۆریان بێز لە عەبدوڵڵای دەکردەوە، چونکە ئەو کارەی ئەو پێی هەڵدەسا دەبوە هۆی ناکۆکی و لاوازکردنی یەکێتی خەڵکی بۆتان بۆیە ویستیان بەرانگاری ئەو کارە ناڕەوایە بکەن .

هەر یەکە بە توانای خۆی ئامۆژگاری منداڵەکانیان دەکردو مەترسی ئەو کارەی ئەوانیان ڕوون دەکردەوە کە پێ ی هەڵدەسن ، بەلاّم چینی نوێ خۆیان بەڕاست ، بەڵکو بە ڕاپەڕینێکی پیرۆزی دژ بە کۆنە پەرستیان دەزانی .

ئەو کەسانەی کە مەترسی داهاتووی ئەو کارەیان بەدی دەکرد بڕیاریاندا ئەحمەد پاشا ئاگادار بکەنەوە لە مەترسی ناکۆکی و لاواز بوونی هێز بۆتان ، بۆیە لە شەوێکی بەهاری بۆتانی زێدە ئازیز کۆمەڵێك لە پیاو ئازاو ڕۆشنبیرو زاناکانی ناوچەکە بەرەو دیوەخانی برا گەورەی بۆتان ڕۆیشتن . .

- ئەسەلام و عەلیکم .
- وەعەلیکم و سەلام بە خێربێن سەرچاوانم .

لە دوای بەخێرهاتن و چاك و خۆشی و سیگار دابەش کردن و قاوە خواردنەوە ، ئەحمەد پاشا لە ژێرەوە تەماشایانی دەکردن و لێیان وورد بۆوە، بەڵام سیمای مێوانەکان سەرنجی پاشای ڕاکێشاو ناڕەحەتی کرد بۆیە بە گرژینەوە ڕووی کردە (مام چەتۆ) ی ، هاوتەمەنی :

- ها مام چەتۆ خێرە ؟
- ساغ و سەلامەتی پاشامان .
- ئەمن کوڕی باوکی خۆم نیم ، ئەگەر قسەیەکت نەبێ !
- بە خوا ڕاست دەکەی، بەلاّم نازانم چی بڵێم ، ئەگەر دەڵێم زمانم شەق دەبێت ! ئەگەر نایڵێم زگم شەق دەبات !
- دەبیلێ، بڵێ .
- پاشام خۆشبێ ، عەبدللاّی برازات چاوی لە پاشایەتی تۆیە
- چۆن ؟
- ئەوە ماوەیەکە چەند کەسانێکی لە دەوراپشتی خۆی کۆکردۆتەوە ، ئەوانیش بوونەتە سوێند خۆری پاشایەتی ئەو !
- ئاوا ؟
- بەڵێ هەروەکو پێم ووتی ، هاتنی ئەو جارەشمان لەبەر ئەو مەبەستەیە.

ئەو هەواڵە جەرگی ئەحمەد پاشای بڕی ، نەك لەبەر پاشایەتیەکەی بەڵکو لە مەترسی ئەو کارەی کە برازاکەی پێی هەڵستاوە ، دووبارە پاشا بەخێرهاتنی کردن و زیاتر ڕێزیانی لێنا.. ئینجا بانگی سەرکارەکەی خۆی کرد :

- هۆ فەرعۆ .
- بەڵێ پاشا .
- بڕۆ بە عەبدوڵڵای برازا بڵێ هەتا دیوەخانێ بێت .
- سەرچاوم پاشا .

فەرعۆش بە هەڵەداوان دەگاتە ماڵی عەبدوڵڵاو داوەکەی مامەی پێ ڕادەگەینێ ، بەڵام عەبدوڵڵا بە تووڕەیی یەوە پێی دەڵێ: بڕۆ بڵێ ئیشی هەیە ! فەرعۆی سەرکار بە خەمناکی دەگەڕێتەوە دیوەخانی ئەحمەد پاشا ..

- گەورەم عەبدوڵڵا دەڵێ ئیشم هەیە !
- بڕۆ بڵێ عەبدوڵڵای بگاتە ئێرە .

دووبارە فەرعۆ بەڕاکردن دەگاتە ماڵی عەبدوڵڵاو هەواڵەکەی پێ دەڵێ، عەبدوڵڵاش بە چاو سوورکردنەوە پێ ی دەڵێ: ((بڵێ میوانی هەیە!)) فەرعۆ زۆر پەست دەبێ و بە مەلوولی دەگەڕێتەوە..

- گەورەم دەڵێ میوانم هەیە!
- بڕۆ عەبدوڵڵای بینە...

فەرعۆ بە خۆیی و چەند پاسەوانێکی تر بە چاو سووری یەوە هەڵدەکوتیتە ژووری عەبدوڵڵا بەر لەوەی فەرعۆ قسەی لەدەم بێتەدەر ، عەبدوڵڵا پێی ووت: ئەوا دێم بە لام فەرعۆ چاوەڕوانی عەبدوڵڵای کرد تا خۆی ئامادە کرد ئینجا بەرەو دیوەخانی پاشا کەوتنە ڕێ. .

کاتێ عەبدوڵڵا چووە دیوەخانی پاشا.. شەوباشێکی لالوتیانی لێکرد ، ئەحمەد پاشاش بێ ئەوەی سەری بڵند بکات ..

- ڕۆلە عەبدوڵڵا چاوت لە پاشایەتی منە ؟
- ئا .. ا .. ا

– کورم عەبدوللا دیوەخانی من دیوەخانی ئێوەیە ، بەتایبەت تۆ بە خۆیشت دەزانی من پیرم و توانای دیوەخانکاریم نەماوە ، من و تۆیش هەر یەکین .

– وەللا هیچ ئیلاقەم لە دیوەخانی تۆ نیەو دیوەخان دیوەخانی منەو بەس !

– رۆلە وا نابیّ .

– با.. با.. با وا دەبیّ و بیّ منەتیشم !!

هەرچەندی ئەحمەد پاشا بە قسەی خۆش عەبدوللای لاوەندەوە بەلام بیّ سوود بوو ، تا لە ئەنجامدا لە نێوان هاوەلانی عەبدوللا و ئەحمەد پاشا بوو بەشەڕ ، نزیکەی چل سواریان لیّ کوژرا ، پیاو ماقولەکانیش لە ئامۆژگاریکردنی منداڵەکانیان بەردوام بوون کە دەست لەو کارەیان هەڵگرن ، ئەو ئامۆژگارانەش بووە هۆی جیابوونەوەی چەند کەسانێکی دەوروبەری عەبدوللا ...

لەو کاتەدا عەبدوللا بینی چەند کەسانێکی لێکوژراو چەندانیش لیّ بە دوور کەوتن ، پێیانی گووت: وا بە پەسند دەزانم لە بۆتان دەرچین ئینجا عەبدوللا بەخۆیی و دووسەد کەس بەرەو ناوچەی کیکاو ملان کەوتەڕیّ.. تا گەیشتە پاوانی عەبدوللا ئاغای کیکاو ملان ئەو مێرگە دڵرفێنەی کوێستانی کوردستان ، لە بناری شاخێك و لەسەر کانی یە ئاوێکی ساردو شیرین هەواری خۆیان هەڵدا. .

عەبدوللا ئاغەش پیاوێکی لێهاتوو برا گەورەی کیکاو ملان بوو ، پیاوێکی خانەدان و ناندەری زەمانی خۆی بوو ، بۆیە لەو کاتەی ئاگاداری دەکەنەوە کە هۆزێکی بێگانە لە پاوانی کیکاو ملانیان هەڵداوە ، ڕوو دەکاتە سەر کارەکەی ..

– تەمەر .

– بەلیّ ئاغە .

– بڕۆ بزانە ئەو مالانە کێن ؟ ئەگەر مێوانن ئەوا با بفەرموونە دیوەخان ،

ئەگەر نا ، دەبێ بارکەن نەوەك تەڕاش کووتیان دەکەم !

- باشە ئاغە .

تەمری هێمن و پیاو چاك بەرەو ماڵەکان دەکەوێتە ڕێێ ، کاتێ دەگاتە لایان و ماندوو بوون و بەخێرهاتنیان لێدەکات بۆی دەردەکەێ کە ئەوان مشەخت و لێ قەوماون بۆیە لەسەر زمانی ئاغەی پێیان دەڵێ: بفەرموونە دیوەخان ، ئێوە میوانی عەبدللا ئاغەن ، عەبدللاش بەخۆی و سەد سوار بەرەو دیوەخان دێنە خوار..

عەبدللا ئاغەو خزمەکانی پێشوازیەکی گەرمیان دەکەن و زۆر ڕێزیان لێدەنێن و خواردنیان بۆ ئامادە دەکەن و قاوەیان لەسەر دابەشە دەکرێ و پشوویەك دەدەن ، ئینجا عەبدللای بۆتان سیگارێك پێدەکا.. پێش ئەوەی عەبدللا ئاغە پرسیاری لێ بکات و خەڵکی کوێن و ناوتان چیەو چ کارەن ؟ پێ دەڵێ: هۆ ئاغە

- بەڵێ .

- ئێوە پیاو ماقولتان هەیە !

- بەڵێ هەمانە .

- چ جۆرێکن ؟

- هەمانە ئەگەر سەد سواریان میوان بێت ، لەو بەهارە بۆ ئەو بەهاری تر نە کا و جۆ نەگۆشت و پلاویان کەم بێت .

- ئەوە هیچ نیە ! بەوانە دەڵێن خانەدان ، خودا ڕسقی داونەتێ و ئەوانیش نان دەرن .

ماوەیەك دانیشتوانەکان هێمن دەبن ، بۆ جاری دووەم عەبدللا جگەرەیەکی تر پێ دەکاو قونکی جگەرەکە لە نینۆکی گەورەی دەدات و سەری بڵند دەکات و بە دەنگێکی بەرز دەڵێ هۆ ئاغە .

- بەڵێ .

- لە ناو هۆزەکەتان پیاو ماقولتان هەیە ؟

- بەڵێ هەمانە .
- چ جۆرێکن ؟
- هەمانە لە شەڕ کردن بەرامبەر سەد سوار ڕابوەستن !
- ئەوە هیچ نیە ! بەو جۆرە پیاوانە دەڵێن دینە مرۆ !

دووبارە بێ دەنگی و سەرسوڕمان دانیشتوانەکانی دیوەخانی داگرت ، لەگەڵ سیگاری سێیەم بە هەمان دەستور عەبدللا بە عەبدللا ئاغەی ووت: چ جۆرێکی ترتان لە پیاو ماقولان هەیە ئەویش – واتە عەبدللا ئاغە– ووتی : هەمانە ئەگەر دوو بنەماڵە ، دوو هۆز ناکۆکیان لە نێوان بەرپا ببێ ئەوا دەبێتە ڕدێن سپی یان و دەستی یارمەتیان بۆ درێژ دەکات .

- ئەو جۆرەتان هەیە ؟
- بەڵێ هەمانە .
- ئەگەر وابێ لە پاش ئەو خودایە هیڤیا ئەو جۆرە پیاوانە دەکەم ، من عەبدللام برازای ئەحمەد پاشای بۆتان ، لە گەڵ مامم لێک کەوتووین و چل کەسمان لێك کوشتووە !
- بەخێرهاتی سەرچاوان ، گەلێك بەخێر بێن .

ئینجا عەبدللا ئاغە بانگی تەمر دەکات و پێی دەڵێ: هەر ماڵێك لەو ماڵانە بەسەر گوندەکانمان دابەش بکەن و بە کوێخوای گوندی بڵێ هەتا بەهاری داهاتوو هەر کەم وکورتیەك ڕوو بدات لوتیان دەبڕم ! .

- سەر سەرێمە ئاغە .

بەوجۆرە تەمر هەر ماڵێکی بۆتانی ناردە گوندێکی کیکاو میلان ، تا ساڵ سوڕایەوە ، ئینجا عەبدللا ئاغە بڕیاریدا کە ماڵەکان لە شوێنی پێشوو کۆ ببنەوە ، لە دوای کۆبوونەوەی ، عەبدللا ئاغە بە عەبدللای بۆتانی ووت: بارکەن بە چ ڕێگەیەك هاتن بەو ڕێگا بڕۆنەوە

عەبدللا ئاغەش سێسەد سواری یەك تەمەن و یەك بەرگ و یەك چەك و یەك جۆرە وولاخ ئامادەکردو لە کەڵیان کەوتە ڕێ.. تا گەیشتە نزیك بۆتان ، عەبدللا

ئاغە بە عەبدللای گووت: لێرە هەوارتان هەڵدەن ، تا ئاگادارتان دەکەمەوە

ئاغە بەرەو دیوەخانی ئەحمەد پاشا ڕۆیشت.. لە کاتی گەیشتنی عەبدللا ئاغەو سوارەکانی ، لەبەر دەرگای دیوەخان فەرعۆ بە خۆیی و پاسەوانەکان بەخێرهاتنیان کردو دیوەخانیان سازکردو میوانەکان هەر یەکە لە شوێنێك دانیشتن ، پاشایان ئاگادار کردەوە کە میوانی هەیە ، پاشاش لە ماڵەوە بەرەو دیوەخان هات و بەخێرهاتنێکی گەرمی کردن و ڕێزی لێنان و ئەوەی پێویست بوو بۆیانی کرد ، بەوجۆرە تا سێ شەوو سێ ڕۆژ تەواو بوو ئینجا عەبدللا ئاغە ڕووی کردە ئەحمەد پاشاو گووتی: پاشا ئەوە سێ ڕۆژە تەواو بوو لە منت نەپرسی پاشی ب زەردەخەنەوە گووتی: حەلالی خۆم بۆ خۆم ئەوەی تر هەمووی بۆ تۆ !!

- ئیهێ ، خۆ من سواڵکەر نیم .
- ئەستەغفرولڵا ، بێژە چیت گەرەگە .
- باڵندەیێکی خوشکۆك هاتە وولاتی من ، بە ڕاستی لاوچاك و مەند بوو!

ئەو باڵندەم گرتوو لە ناو قەفەسم ناو دانوئاوم دایێ پرسیار بە پرسیارم بۆ ڕوون بۆوە ، کە ئەو باڵندە باڵندەی پاشایەو لە وولاتی من هەڵنیشتبوو ، منیش ئەو ئەمانەتیەم بۆت هێناوەتەوە ..

- خۆزگە ئەوە نەبوایە ، بەلام چارەم نەما ، ئەوا لێمبووری .

عەبدللا ئاغە دووبارە پێی ووت: عەفووت کرد ؟ ئەویش ڕەزامەندی خۆی بەسەر نیشاندا ، عەبدللا ئاغە پێیگووت: زۆر باشتکرد بەلام بۆ من هیچ نیە

- چۆن ؟
- لە حوکمەتان لە داستانان دەگێڕنەوە دەڵێن: ئەحمەد پاشا لە گەڵ برازای لێککەوتن و چل کەسیان لێك کوشتن و لە برازای خۆی خۆش بوو ، بە من چی ؟
- بفەرمە چیت دەوێ .
- پاشایەتیەکەت !

- ئەوە نەزری تووم کرد !!
- قبوڵمە بۆ عەبدللا برازات بەڵام بە من چی ؟
- بۆ ؟
- لە دوا ڕۆژدا دەگێڕنەوەو دەڵێن : ئەحمەد پاشا لە برازای خۆی خۆشبوو پاشایەتیەکەشی نەزر کرد بۆ سەر سووك کردنی خۆی .
- چیترت دەویَ ئەمرکە .
- دیوەخانی خۆت و مەسرەفی ساڵێکی دیوەخان ، چونکە عەبدللا برازات مەهاجرە هیچی نیە !
- چۆنی دەڵێی با وابیَ ، ئێستا پێت چۆنە ؟
- بە خوا کەمێك فەرامۆشیم هاتەوە .

عەبدللا ئاغە ڕوویکردە (تەمر) ی ، گوتی: بڕۆ بە عبدللا بڵێ با بێت تەمریش بە تەنگاوی گەیشتە عەبدللاو هەواڵەکەی پێووت ، عەبدللاش هاتە دیوەخان و خۆی فڕێدایە سەر دەستی مامەی و داوای لێبووردنی لێکرد.. عەبدللا ئاغە بە عەبدللای گووت: مامەت لێتخۆش بوو ، پاشان پاشایەتی بۆتانی دەقەبەر کرد ، دیوەخانی خۆی پێشکەشکردی ، خەرجی ساڵێکی لەبەر دەستت دانایە ، بەڵام بە مەرجێکی من !

- مەرجت لەسەر سەرم .
- هەموو ڕۆژێك سێجار دەستی مامی خۆت ماچ نەکەی هەردوو چاوت دەردێنم !
- ملم کەچە .
- دەبفەرمە دانیشە .

عەبدللا لە ڕیزی دانیشتوانەکان جێگای خۆی کردەوە ، عەبدڵلا ئاغەش لە باخەلی خۆی پێنجسەد زێڕی دەرهێناو دایە عەبدڵلاو گووتی: تۆ پاشایەکی تازەی پێویستیت بە کۆمەککردن هەیە ئینجا عەبدڵلا ئاغە بە تەمری ووت: وولاخان زینکەن دەڕۆین ، وولاخ ئامەدەکران و پاشاو عەبدڵلای برازایی و خەڵکی بۆتان بەگەرمی عەبدللا ئاغەو سوارەکانیان بەڕێ کرد ...

**(٢)**

لــەو قۆناغــە ، بۆتــان زیــاتر لــە گەشــەدان و پێــشکەوتندا بــوو چــونکە فەرمانڕەوایەکی دیموکراتیانـەیان لـە ناچەکە چەسپاند ، بـە هاریکاری عەبدوڵڵا پاشاو ئەحمەد پاشای مامی و پیاو ماقولانی بۆتان ، هەریەکە لـە ڕاستەخۆی لەو پەڕی خۆبەختکردن درێغیان نەدەکرد لە خزمەتکردنی ناوچەکەیان .

هــەر لــەو ڕۆژانــەدا بــوو ئەحمــەد پاشــا فــەرمانی پاشــای بــەجێهێناو بــە شێوەیەکی شیاو و پڕ لـە ڕێـز بـۆ ئـەو خۆبەختکـەرەی میللـەتی کـورد لاشـەی پیرۆزیان بە گۆڕستانی بۆتان سپارد .

عەبدڵ=لا پاشای برازای لـە شوێنی ، بـە کۆمـەکی خـەڵکی ناوچەکە ئـەوەی پێیکرا بۆ میللەتەکـەی کـرد ، لـە پـاش چـەند ساڵێك لـە دوای مردنـی مامـەی لاشەی ئەویش بە گۆڕستانی بۆتان سپێردرا .

ئەحمـەد کـوڕی عەبدوڵڵا پاشا کـە بـاوکی بـە نـاوی ئەحمـەد پاشـای مـامی کردبوو لە شوێنی دانیشت و سەرپەرشتی بۆتـانی کـرد ، لـە کـاتی فـەرمانڕەوای ئەحمـەد پاشـا ، عوسمانیـەکان هێرشـیان کـردە سـەر بۆتـان و شـەڕ لـە نێوانیـان بەرپا بوو ، ئەو شەڕە نزیکەی شەش ساڵی خایاند ، لە ئەنجامدا بـە هـۆی زۆری هێزو بێ بـەزەیی دوژمنـان باری بۆتـان کەوتـە مەترسـی ، بـەڵام ئەحمـەد پاشـای جوامێر بە خۆزگەی ئەوە بـوو کـە بتـوانێ میللەتەکـەی لـەو بـارە ناخۆشـە دەرباز بکات.. بۆیـە شـەوێکیان لەگـەڵ مام فـەرعۆی ، بـە وەفـای بنەماڵـەی پاشا کـەوتـە گفتوگۆکردن :

– مام فەرعۆ ، بە ڕاستی تۆ گەلێك بە وەفـای ، لـە زەمـانی ئەحمـەد پاشـای گــەورەو بــاوکم ، تــۆ ئاگــاداری هــەموو سەرگوزشــتەیەکی ئــەو بنەماڵــەو ئــەو ناوچەیەی .

مام فەرعۆیش بە چاوی پڕ لە فرمێسك و هەناسـەبڕکێ لەبـەر خۆیـدا ووتـی:

ئاخ فەلەك ئەوە چ ڕۆژە ؟ میللەتی ئێمە نەمان ، ئەوی کوژرا ، ئەوی مەهاجر ، ئەوی ئێخسیر

- مامە گیان هاتومەتە سەر ئەو بڕیارە کە خۆم بدەمە دەست سوڵتان !!
- نەکەی کوڕی من ، بەو خودایە سوڵتان دەتکوژێ .
- لەوە باشترە نەوەك میللەتەکەمان بە جۆرە بێ، ئەوە ماوەی شەش ساڵە شەڕ لەگەڵ عوسمانیەکان دەکەین، بەڵام بێ سوودە !
- ئافەرین بۆ تۆ بەڵام سوڵتان دەتکوژێ .
- خودا پشتیوانمانە .

ئەحمەد پاشا بۆ ئەوەی میللەتەکەی لەو چەرمە سەری یە دەرباز بکات ، بڕیاریدا ببێتە قۆچی قوربانی میللەتەکەی ، بۆیە لە تاریکە شەوێکی زستان بە هێمنی لە بۆتان دەرچوو بەرەو ئەستەمبۆڵ کەوتە ڕێ ێ.. تا گەیشتە دیوەخانی سولتان عەبدلمەجید .

کاتێ بردرایە بەردەم سولتان ، ئەحمەد پاشا خۆی فڕێدایە سەر دەستی سولتان و گووتی: لەسەر بەختی خوداو بەختی تۆم ! سولتان پێی ووت: تۆ کوڕی چ کەسێکی ؟

- گەورەم من ئەحمەد پاشای بۆتانم .
- ئۆ ، ئۆ ، سەدان جەندرمەی من بە دەستی ئێوە کوژراوە .
- نەخێر گەورەم ، هەر کارێك دژ بە ئێوە کرابێ منم ، میللەتەکەم ئاگای لە هیچ شتێك نیە بەڵکو منم و بەس !

سولتان لەبەر خۆیەوە دەیووت : ئافەریم ، ئەوە پیاوە ، ئەوە مەردە ، لەپاش ئەوەی هیچ نەفەریان نەما ، هاتووە گیانی خۆی بە قوربانی میللەتەکەی بکات ، بە ڕاستی ئەوجۆرە پیاوانە جێگای شانازی هەموو دەسەڵاتدارێکی ئەم سەردەمەن

کاتێ سولتان لە قسەکانی تەواو بوو ، بانگی حیجابەکەی کردو لەسەرەخۆ پێی ووت: ئەوە بەرە ژووری بەندیخانە ، بەڵام دەمەوێ وەکو گیسکی ،

هەیاسی لێبکەن ! نە شیش بسوتێ نە کەباب !

بەوجۆرە ئەحمەد پاشا چەند ساڵێکی لە ژوورەکانی بەندیخانەی ئەستەمبوڵ بەسەر برد ، ڕۆژێك دەم بە پێ کەنین ، ڕۆژێك لێو بە بار ، لەو ماوەیەدا کچی سولتان هەموو ڕۆژێك لە پەنجەرەیەکی کۆشکی سولتان کە دەیڕوانیە حەوشی بەندیخانە ، لە دوورەوە سۆزی دڵی بە تەماشاکردنی ئەو شۆڕە سوارە سارێژ دەرکردو بە تەواوی ئاگری عیشق لێیدا! بۆیە ڕۆژێکیان لەو کاتەی جەندرمەیەك تەویلخانەی بە ئەحمەد پاشا پاك دەکردەوە ، کچەکەی سولتان بانگی جەندرمەکەی کرد :

- بەڵێ خانم .
- ئەو بەندە ناوی چیە ؟
- گەورەم ئەوە ئەحمەد پاشای بۆتانە .
- ئەوە دوو سەد مەجیدی ، لە گەڵ تاریکی شەو ئەو بەندەی بێنە لام !
- فەرمانی خانم لەسەر چاوان .

لەو کاتەی ئەحمەد پاشا بیری لە باری بۆتان دەکردەوە ، جەندرمەکە لێی وەژوور کەوت :

- هەستە .
- دیسان تەویل خانە ؟
- پێت دەڵێم هەستە .

جەندرمەکە زنجیری لە دەست و پێی ئەحمەد پاشا کردەوەو بەرەو کۆشکی سولتانی بردو لە دەرگا دایە دەست کچی سولتان و گەڕایەوە !

- وەرە ژوورەوە شۆڕە سواری دڵی خۆم !

ئەحمەد پاشا وەك بڵێی خەون دەبینێ ، چ خێرە ؟ بۆ منت هێناوەتە ئێرە ؟ خانمیش خۆی هاویشتە باوەشی و گووتی: گەلێك نەخۆشم! دەرمانی دەردم لە لای تۆیە !

- خانم من بەندکراوێکی باوکتم ، دەرمانی چی و نەخۆشی چی ؟

- ئەوە ماوەی چەند ساڵە عیشقت بۆتە تیری پێکاوم ، بفەرمە خۆت لەو گەرماوە پاك بکەرەوەو ئەوەش دەستە جلێك ، زووکە تا بڕۆین !

ئەحمەد پاشا دەچێتە ژووری گەرماو ، خۆی پاك دەکاتەوەو دەستە جلەکەی بەسەر خۆیدا هەڵدەکێشێ ، وەك جاران دەبێتەوە بەگزادە ، کچی سولتان زیاتر ئاگری عیشق شەیدای دەکا لە دوای پشوودان و خواردن کچەکە هانیدا کە هەڵیگرێ و بڕۆن ، بەڵام خانەدانیەتی و دەماری پیاوەتی پاشا ، خانمی هێمن کردەوەو مەترسی داهاتووی ئەو کارەیانی بۆ ڕوون کردەوە .

ئاشق و مەئشوق ئەو شەوەیان بە خۆشی و شادی بردەسەر ، تا ڕۆژ شەبەقیدا ، ئینجا خانم بە پاشای گووت: چارە ؟

- هیچ خەمناکی ناوێت ، وەرە بچینە ژووری نانخواردنی سولتان ..

خانم و پاشا دێنە ژووری نانخواردنی سولتان ، لە ژوورەوە پاشا بە خانم دەڵێ: تۆ لە پشت ئەو کورسیانە خۆت حەشاربدە منیش لەسەر ئەو کورسیەیی تەنیشت سفرەی سولتان دادەنیشم .

کاتێ سولتان بۆ نانخواردن دێتە ژوورەوە ، چاوی بە ئەحمەد پاشا دەکەوێ ، سەری سووڕ دەمێنێ ، بەڵام ئەحمەدی مێرچاك دەستی سولتان دەگرێ و ماچی دەکات و دەڵێ: دەخیل ، لەو خودایە بەدەر کەسی ترم نیە ، کارێکی گەورەم کردوەو خۆم هاویشتۆتەماڵی تۆ !

- کاری چی و دەخیلایەتی چی ؟ تۆ بەندی منی ، چ تۆی هێناوەتە ئێرە؟
- وەڵڵا سولتان کچەکەتم هەڵگرتووە !!!
- ڕەمزیە خان ؟
- بەڵێ .
- درۆ دەکەی .
- ببورە گەورەم ، ئەحمەد پاشا پیاوی شتی کەم نیە .
- کوا ؟

ئینجا ئەحمەد پاشا بانگی ڕەمزیە خان دەکات ، ئەویش ڕووداوەکەی بۆ

باوکی دەگێڕێتەوە ، سولتان ئاگری لەچاو دێتەدەر ، بە پاشا دەڵێ: بڕۆن لێرە هەتا تاریکی دادێ لە دواتان ناگەڕێم پاشاش پێی دەڵێ: بەو خودایەی لەسەر سەرمانە ، لێرەکان ناجولێمەوە ، چیم لێدەکەی ئامادەم .

- بڕۆن هەتا سێ ڕۆژی تر لە دواتان ناگەڕێم .
- بە خوای گەورەم هەروەکو پێمگووتی لێرەکانە ناجوولێم ، چونکە لە تۆ زیاتر کەسی ترمان نیە !

سولتان کەمێك بیردەکاتەوەو لە پێش خۆیدا دەڵێ: ئەوە چ ڕۆژێکە ، بەڵام لەو ڕۆژەوە کە ئەو جوامێرەم بینی ، خووڕەوشتەکەی جێگای شانازیم بوو ، خۆ ئەگەر بە قسەی کچەکەمی بکردبوایە ئەوە ڕۆیشتبوون و ئابڕوم دەچوو ، نەخێر وا باشترە ڕێزی ئەو خانەدانە بگرم ! بۆیە بە زەردەخەنەوە بانگی دەرگەوانەکە دەکات و دەڵێ: بنێرە قازی بێتە ئێرە ، ڕەمزیە خان لە ئەحمەد پاشای بۆتان مارە بکات و ئاهەنگ ساز بکەن ..

- بەڵێ گەورەم ئەمر دەکەی .

ئا بەوجۆرە هەردووکیان لێك مارە دەکرێن و حەوت شەوو حەوت ڕۆژ دۆڵ و زووڕنای دەگێڕن ، لە پاش چەند مانگێك ، لەو کاتەی ئەحمەد پاشا دەچێتە سەربانی کۆشکی سولتان ، غەریبی بۆتان جەرگی کون کون دەکاو لە هۆش خۆی دەچێ !

لەو کاتەی پاشا بەردەبێتەوە سوزانی ، کارەکەر دەیبینێ و ڕادەکاتە ژووری ڕەمزیە خان و هەواڵەکەی پێ ڕادەگەینێ.. ئەوانیش پاشای دێننە ژووری ڕەمزیە خان و هەواڵەی پێ ڕادەگەینێ.. ئەوانیش پاشای دێننە ژوورەوەو پزیشکی تایبەتی بۆ دێنن ، پاشاش لەبەر خۆیدا دەڵێ بۆتان، میللەت ، مام فەرعۆ .

ڕەمزیەخان بە پزیشکەکە دەڵێ: ئەوە چ خێریەتی

- جگە لە خەم هیچی تری نیە .
- خەم ؟!

- بەڵێ

رەمزیەخان خۆی داوێتە سەر ئەحمەد پاشاو دەڵێ: چاوەكەم پاشا چ خێرە؟

- رەمزیەخان ، ئاگری بۆتان وا لەناو جەرگمە .
- ئەلحەمدللا هەر ئێستا برۆ دیوەخانی سولتان و داوای گەڕانەوەی لێ بكە .
- بەڕاست تۆیش لەگەڵم دێیت ؟
- ئەی من هاوسەرت نیم ؟

پاشا لە خۆشیا پێی زەوی نەدەگرد ، بە پەلە خۆی گەیاندە دیوەخانی سولتان و گووتی: گەورەم ئارەزووی بۆتان دەكەم

- ئاوا؟
- بەڵێ..
- خێر دارە، ئەوە بڕیارمدا بە پاشایەتی بۆتان بگەڕێتەوە .

ئەحمەد پاشاو رەمزیەخانی خێزانی لە گەڵ چەند داروەدەستەیەك بەرەو بۆتان گەڕانەوە ، كاتێ گەیشتنە جزیرە، خەڵكەكە بەرەو پیریان هاتن و پێشوازێكی گەرمیانیان كردن .

پاشاش دەستی كردەوە سەرپەرشت كردنی بۆتان و دروستكردنی قوتابخانەو جبەخانەو نەخۆشخانە ، هەروەها كۆشكێكی جوان و بڵندی بۆ رەمزیە خان لە ناو رووباری جزیرە لە شێوەی سێ گۆشەیی لە مەترسی شەپۆلی ئاو ، دروستكردو بە ناوی بورجی بەڵەك دەنگی دایەوە .

بەڵام چاو برسیەتی و بێ ئەمەكی چەند كەسانێكی بۆتان ، كەوتنە پیلان دانان بۆ لەناوبردنی ئەحمەد پاشا ، بۆیە لەو شەوەی كە رەمزیە خان لە ئازاری منداڵ بوونیدا بوو ، هێرشیان كردە سەر ئەحمەدو بە دەستی ناموبارەكیان ئەو شۆڕە سوارە لە ناوچوو! بەمەش ڕانەوەستان بەڵكو ویستیان رەمزیە خان لە یەكێكیان مارەبكەن ، بەڵام زرنگی رەمزیە خان و مامانەكەی ، وایانی لێكردن

ئەو کارە ناپەسندەیان سەر نەگریَ.

ڕەمزیـە خـان بـە هـیَمنی داوای کـرد کـەمیَك لەسـەری بوەسـتن بـۆ ئـەوەی بیربکاتەوە ، خانم ئەو هەلەی لە دەست خۆی نەداو لەسەر بورجی بەڵەك خۆی هاویشتە ناو ڕووبارەکەو لە پاش ئەوەی ئەو قسانەی کرد لە پاش بەژن و بالاَی ئەحمەد پاشای بۆتان دونایی ڕوونم لیَ حەرام بیَ

بەلاَم مامانی خاتوون ، هەلی لەو هیَنان و بردنە وەرگرت ، توانی کۆرپەکە بشاریَتەوەو لە بورجی بەڵەك دەرباز بیَ و گوند بە گوند شار بە شار تا گەیشتە بەر دەرگای دیوەخانی سولتانی ئەستەمبۆل .

کاتیَ پیرەژن گەیشتە پاسەوانەکان پیَیانی ووت: بڵیَنە سولتان دیاریم بۆ هیَناوە ! ئەوانیش هەواڵەکەیان بە سولتان گەیاندو بۆ سولتانیان ئامادە کرد :

- ها ئافرەت چ خیَرە ؟
- گەورەم ئەوە کوڕی تۆیە !
- پیرەژن شەرم بکە کوڕی چی ؟
- بە خوا گەورەم ئەو کۆرپەیە کوڕی ڕەمزیە خانی کچەکەتە! ئینجا مامانەکە ڕووداوەکەی بۆ دەگیَڕیَتەوە ، سولتان زۆر سوپاسی دەکات و دەیکاتە مامان وداپیرەی کوڕەکەو لە جیَگای ڕەمزیە خانی دەدانیَ و ناوی کوڕەکەش بە ناوی باوکی خۆی دەکەنەوە ، هەندیَ جار بانگی دەکەن (بیَناو) هەندیَکجار بە ئەحمەد پاشای دووەم

بەو جۆرە بیَ ناو گەورەدەبیَ و خویَندەواریَك و سوارچاکیَکی باشی لە ژیَر چاودیَری سولتان و مامانەکەی لیَدەردەچیَ تا دەگاتە بیست سالاَن ، ڕۆژیَکیان لەو کاتەی (بیَناو) لە دیوەخانی سولتان دیَتەوە مالَ ، لە دەرگادا بانگی دایکی دەکات- واتە مامانەکە- دایکیشی لە گەلَ ئاوڕدانەوەی دوو فرمیَسکی لە چاو دیَتە خوارەوە ئەو فرمیَسکە سەرنجی (بیَ ناو) ڕادەکیَشیَ و تین لە دایکی دەدات ، مەبەستی ئەو فرمیَسکەی بۆ ڕوون بکاتەوە . .

- ڕۆلە چیت پیَ بڵیَم ، سولتان باپیرەتە، باوکی ڕەمزیە خانی دایکت ،

منیش مامانی تۆم ، ئینجا دەست بە گێڕانەوەی ڕووداوەکەی بۆ دەکات ...

- ئەوا ؟
- بەڵێ جەرگەکەم .

(بێ ناو) وەکو بڵێی لە پۆڵا دروس کرابێ ، بە هەڵەداوان ڕووی کردە دیوەخانی سولتان . .

- بابە گیان ، گەورەم .
- گیانی بابەی .
- هەموو شتێکم بۆ ڕوون بۆوە ، ئێستاش دەمەوێ بگەڕێمەوە خاکی باوك و باپیرانم .
- ڕۆڵە گیان وات لێ هات ؟ ئەلحەمدللا ، ئەوە بڕیارمدا هەروەکو لە پێشتر بۆ باوکت تۆ پادشای بۆتان و دەوروپشتی بۆتانی .
- باشە بابە گیان ، ڕێگام دەدەی هێزە سەربازەکانی خۆم ببەم چونکە زۆربەیان خەڵکی بۆتانن ؟
- چۆنت پێ باشە وابکە .

بۆ بەیانی ئەحمەد پاشای دووەم لە گەڵ مامانەکەیی و هێزە سوپایەکەی بەرەو بۆتان کەوتنە ڕێ.. کاتێ هێزی سوپا گەیشتە بورجی بەڵەك ، لەو ناوچە دڵفڕینە هەڵیانداو مامانەکەش ماوە ماوە سەربردەی رابووردوی بۆتان و بنەماڵەی پاشای بۆ دەگێڕایەوە .

خەڵکی ناوچەکە بەرەو پیریان هاتن و پاشاش دەنگیدان و گووتی: خەڵکی بۆتان بڕیاری سولتانی ئەستەمبۆل ئەوەیە ، هەر کەسێك ئەحمەد پاشای کوڕی عەبدللا پاشای برازای ئەحمەد پاشای گەورە بداتە دەست دەبێتە فەرماندەو پلەی میرایەتی پێ دەدرێ ..

- جەنابی قوماندار ، ئەو ئەحمەدەی تۆ بۆی هاتووی ، نزیکەی بیست ساڵە تۆپاندوم !
- ناوت چیە ؟

- خزمەتکارت زێڕۆ .
- هەر بە تەنیا کوشتت ؟
- نەخێر قوربان ئێمە دوازدە کەسین !
- زۆر باشە ، هەمووتان کۆببنەوە تا خەڵاتی سولتانتان بەسەردا بەش بکەم .

پاشا دەچێتە ژوورەوە بە دایکی دەڵێ: دایە گیان ئەوەی قسەی دەکرد لەوان بوو ؟

- بەڵێ قوربان ، ئەوە روحکێشی دایك و باوکت بوو !
- زێڕۆ بانگی کردە براو ئامۆزاکانی ، هەموویان بە پێکەنینەوە لە گۆڕەپانەکە کۆبوونەوەو زێڕۆ بانگی قومانداری کرد :
- جەنابی قوماندار ئێمە ئامادەین .

پاشا بە دایکی گووت: وەرە بڕوانە ئەوانە هەون ؟

- بەڵێ ئەوانە خۆیانن ..

ئەحمەد پاشای دووەم بە هێمنی دێتە سەر ئەو بەرزاییەی بەرامبەر گۆڕەپانەکە ، لە پاش ئەوەی ئامۆژگاری هێزەکەی کرد .

ئێوەن ئەحمەد پاشاتان کوشت ؟

ئەوانیش پێکڕا ووتیان: بەڵێ ئێمەین ئینجا پاشا بەدەست فەرمانیدا بیانگرن ، خەڵکەکە سەریان سووڕما لە نێوان خۆشەخۆشی کوشتنی ئەو بێوەفایانەو نهێنی رووداوەکە !

- ئەی خەڵکی بۆتانی بە شەڕەف ، پسمام و دۆتمامی ئەحمەد پاشای مەزن ، ئەوانە دڕندەی جزیرەی بۆتانن ، بێ ئەمەکن ، بێ دینن ، ئەحمەد پاشاو رەمزیە خانی خێزانی ، باوك و دایکم و برا گەورەی ئێوە بە دەستی ئەو ناپاکانە کوژران !

خەڵکەکە پێش ئەوەی پاشا لە قسەکردن کۆتایی بێ بە یەك دەنگ: بژی بۆتان ، بژی میللەت ، بژی ئاشتی ، بژی پاشا

– ئـەی ئەوانـەی هـەردەم چـاوەڕوانی ئـەو ئـەو ڕۆژەتـان دەکـرد ، وا دوژمنانی بۆتان لە ناوچوون ، بەڵام نابیٚ ئەوە لەیاد بکەین کە ئێمە هەموومان قەرزاری دایکی گەورەین خاکی بۆتانەو دایکی بچووك کە ئەو مامانەیە

– بژی دایکی گەورە ، بژی دایکی بچووك .

– وا بڕیارمدا کە ئێوە فەرمانی سزای ئەو ناپاکانە مۆر بکەن .

– بـژی ، بـژی ، مـردن بـۆ دوژمنـانی خـاك و میللـەت ، سـەرفرازی و سەربەخۆیی بۆ هەموو زۆر لیٚ کراوان .

لەو کاتـەی خەڵکەکـە لـە ڕێژنـەی چـەپڵە لێـدان بـوون ، پیرەمێردێکـی نێـو یوسـف هاتـە سـەر بەرزاییەکـەو لـە تەنیـشت ئەحمـەد پاشـا ڕاوەسـتاو دەسـتی بەرزکردەوە ئاسمان و گووتی :

خوداوەندە بۆ خاتری ئەوەی کە قورئانە [1]
بە خاتری ئەحمەدی موڕسەل کە فەرخی ئەرزو ئاسمانە
بە خاتری ئەبوبەکر ، عومەر ، ئەوەی کە عوسمانە
بە خاتری حەیدەری کەڕاڕ کە کانی عیلم و عیرفانە
نەکەی...........

* * *

(1) کاتیٚ ئەم چیرۆکە مێژوویەم داڕشت ، وام بە پەسند زانی مام یوسفی مەدداحی شاعیری میللی گوندی نەلیوانی سەر بە شنۆو ئەو پارچە شیعرەی کە لەکاتی خۆیدا لەبەردەمی قازی پێشەوای خوێندبۆوە تەوزیف بکەم بە ئەمەکی ڕۆژانی ڕابووردوو کە دەڵیٚ: نەکەی چیدی زەلیل کوردان بەدەستی زوڵمی بێگانە.

# مام دەروێش

دەگێڕنەوە[1] لە دێرزەمانەوە لەسەر ئەم زەمینە پاشایەك هەبووە ، ئەو پاشایە کوڕێکی جحێڵ و سەرگەرم و خۆپەرستی هەبووە گوایە ئەو کوڕە لە هەر هەفتەیەك ژنێکی هێناوەو بۆ بەیانی تەرمی ناسك و نازداری بووکەی بۆ گۆڕستان بردراوە !

بەوجۆرە تا کچانی شارەکەی پاشا قڕانیان بە دەستی ئەو کوڕە ناپاکە کۆتایی هات جگە لە کچە نەشمیلەکەی گاوانی ناوچەکە، بۆیە لە شەوێکی زستانی سامناك و ئاسمانی ئاوسا ، دوا خونچەی ئەو شارە کرا بە بووکی کوڕی پاشای وولات .

بۆ سپێدە خەڵکی شارەکە هەروەك جاران بەرەو گۆڕستان کەوتنە ڕێ بۆ مەبەستی گۆڕ هەڵکەندنی دوا تەرمی کۆشکی پاشا ، سەیر لەوەدابوو کە نۆکەرێکی پاشا هەواڵی نەکوشتنی بووکی پاشای بە گۆڕ هەڵکەنەکان گەیاند! دەمێك بوو خەڵکی شارەکە بە هیواو ئاواتی ئەو هەواڵە بوون ، بەڵام جێگای سەرسووڕمان بوو ، دەیان بەڵکو سەدان پرسیار بە مێشکی دانیشتوانی شارەکەدا دەهات و پرسیارەکانیش لە جێگەی خۆیدا بوون ! دەبێ چ نهێنیەك لەو ڕووداوە- ڕووداوی نەکوشتنی ئەو بووکە- هەبێ ؟!

بۆ زانینی مەبەست پێویستە گوێچکەمان شل کەین تاکو بگەینە ئەو مەبەستە سەرسوڕهێنەرە ، جا بفەرموون . .

لەو کاتەی زاوا لە بووکەی وە ژوور کەت و گووتی: کچی گاوان ئەو هەموو کچانە خواستمن و دەبوون بە خێزانم و بۆ بەیانی تەرمەکانیان دەگەیشتە گۆڕستان ، لەبەر بەجێ نەهێنانی فەرمانی من بوو !

---

(1) لە ڕۆژی ٢٧ / ٣ / ١٩٨٤ لە نەخۆشخانەی هەولێر ئەم ئەفسانەیەم لە نەخۆشێك وەرگرت کەنێوی حاجی عەلی لەشکری مەحمود برادۆستی بوو ، تەمەنی نزیکەی (٦٥) ساڵ بوو.

- چ فەرمانێك ؟
- من داوام لە بووکەکان دەکرد کە ئەم دەعبا ڕەشەی بەستوومەتەوە! لە جیاتی من بێتە زاوا! ئەوانیش ڕازی نەدەبوون ، بۆیە منیش بڕیاری خنکانم بەسەریان دەچەسپاند ! ئەگەر تۆیش وەکو ئەوان ناڕازی بی سزای بیت ، سزای تۆش هەروەکو ئەوانە !!

کچە جوانی گاوان هەرچەندە لە بنەماڵەیەکی هەژار پەروەردە کرابوو ، بەلاَم ئەوە ناگەیەنیٚ کە ئەو چینە چەوسانەوە لە زرنگی و خاتوونایەتی بێبەش بن ، بۆیە کچە بیری لەوە کردەوە کە ئەو کوڕە پاشایە ، تا ئێستا سەدان بەڵکو هەزاران کچی ئەو شارە بە کاری ناڕەوای ئەو جحێڵە نەفامە بوونەتە قۆچی قوربانی ، باشتر وایە بە بیٚ ئەقلی ئەو بکەم! ئینجا ڕووی کردە زاواو گووتی: ئەو فەرمانەی تۆ پێی دڵشاد بی! بیگومان جێگای ڕەزامەندی منە ! تۆ لە جێگای خۆت ئەو دەعبایە بکەیت بە مێردم من بۆ ڕازی نەبم !!

- سووری لەسەر قسەکانت .
- بەڵیٚ . .

کوڕی پاشا دەعباکەی بەردایە بووکی نازدار ، لە ئەنجامدا کچی گاوان سیٚ بێچووە دەعبای بوو! لە شەوی فەرخە بوونەکەی نەیهێشت مامان بێتە ژوورەوە هەر بە تەنیا لە گەڵ بووکەکە مایەوە تا بێچووەکانی لیٚ بەربوونەوە ! ئینجا بێچووەکانی بردە ژوورێکی ترو سەریانی بڕی و کەوریکردن و خستیانیە مەنجەڵێکی گەورەو لەسەر ئاگر داینا– ژنەکەش لە دەلاقەیەکی گەورە دەیڕوانیە پیاوەکەی –

لە کولاَندن بەردوام بوو ، تا هەمووی بووە ڕۆن ، ئینجا مەنجەڵەکەی لەسەر ئاگر هێنایە خوارەوە ، ئەوەندەی پێنەچوو ، ڕۆنەکە بوو بە پارچەیەکی ڕەق ، لە دوایدا پارچە پارچەی کردو لەناو هاوەن وورد ووردی کردو خستیە نێو هەمبانەیەك و لە شوێنێکی بڵند دانا !

بۆ بەیانی کوڕە پاشا بە باوکی گووت: بابە گیان بە بۆنەی سەلامەتی

خێزانەکەم دەمەوێ خەڵکی شارەکەمان بانگ بکەم بۆ نان خواردن

- ئافەرین ، لەو کارە باشتر هەیە ؟

خەڵکی شارەکە بۆ نانخواردن هاتنە ماڵی پاشا ، کوڕەکەش بەخۆی سەرپەرشتی چێشتەکەی کردو لەسەر هەر قاپێك چێشت کەمێك لەو دەرمانە وورد کراوەی بەسەردا بڵاو کردوە - ! ژنەکەش لە چاودێری کوڕە پاشا بەردەوام بوو- جگە لە قاپی خۆیی و ژنەکەی نەبێ ، کە ئەولای بۆ خۆی تەرخانکرد بوو هیچی بەسەر دانەکرد! هەر یەکە لە مێوانەکان لە سەر قاپێك چێشت دانیشتن ، کوڕەکەش هەڵسایەوە سەر پێ گووتی: لەو کاتەی دەڵێم دەست پێبکەن ، پێکەوە دەست بە خواردن دەکەین لەو کاتەدا ژنەکەی شوێنی ەرمانەکەی خۆی گۆڕی! بە دەستوری کوڕە پاشا دەست بە خواردنکرا .. لە گەڵ خواردنی یەکەم پارو ئەو کەسانە هەموویان بوون بە پەیکەری زێڕ ، جگە لە خێزانی کوڕە پاشا ! !

کاتێ کچە گاوان ئەم دیمەنە سەرسوڕهێنەرەی بە چاو بینی ، ئینجا لە مەبەستی مێردەکەی گەیشت ، بۆیە بڕیاری ئەوەیدا کە جلی پیاوان بە سەر خۆیدا هەڵبکێشێ و ببێتە پاشای وڵات !

ئەبێن پاشا چەندان نەخشکێش و زێڕنگری لە وڵات بانگکرد ، بۆ ئەوەی هەزارن قاپ و قاپلەمەو کەوچك لەو پەیکەرە زێڕانە دروست بکەن .

ناوی پاشا لە دەروپشتی وڵات دەنگی دایەوە ، بۆیە خەڵکی ناوچە بە دیوەخانی شاد بوون ، یەکێ لە بڕیارەکانی پاشا ئەوە بوو ئەگەر بێت و میوانێك هاتە دیوەخانێ ئەوە پێویستە بەبێ پرسیار خواردنی بۆ سازبکرێ و بە قاپ و کەوچکی زێڕەوە پێشکەشی بکرێ و ئەمانەکانیش بۆ مێوانەکان بێ!!

دەڵێن ڕۆژێکیان دەروێشێکی گەڕیدە ڕێگەی کەوتە وڵاتی پاشا ، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە دیوەخانی پاشا مایەوە ، بە هەمان دەستوور لە هەر جەمێکی نانخواردن و خواردەمەنی بە قاپ و کەوچکەوە پێشکەش دەکرا ! بەو دیمەنە سەری سووڕما بەڵکو حەپەسا .. لە دوای سێ ڕۆژا مام دەروێش کەوتە

گەڕانی خۆی ، تا لە هەواری (حاتەمی تەی) جێگیر بوو چەند شەوێکی لە دیوەخانی ناوبراو بەسەر بردو لە شەوێکی میواندارییدا (حاتەمی تەی) بە دەروێشی گەریدەی گووت: مام دەروێش تۆ پیاوێکی بە تەمەن و گەریدەی ، تۆ بڵێی لە من خانەدان تروناندەرتر لەم جیهانە هەبێ ؟

– جەنابی (حاتەمی تەی) بەڵێ ، بەڕاستی پیاوێکی ڕووخۆش و ناوداری ئەم جیهانەی ، بەلاّم لەم ڕۆژەی کەشکۆڵم کردۆتە کۆڵ خۆما لە پاشای وولاّت (......)و ، تۆم خانەدان ترو ناندەر تر نەدیووە ! بەلاّم ئەو پاشایەی باسی دەکەم بەمشێوەیە نەمدیووە– میوانداریەتی خۆی لە دیوەخانی پاشای بۆ گێڕایەوە –

– چۆن وا دەڵێی مام دەروێش! ئەو قسەی تۆ وا دەگەینێ کە ئەو پاشایە لە من ناندەر ترە ؟!

– بەڵێ گەورەم هەر وەك عەرزم کردی ،

گوایە (حاتەمی تەی) بڕیاری سەردانی ئەو پاشایەیدا ، بۆیە شەوێکیان جل و بەرگی دەروێشانی بەسەر خۆیدا هەڵکێشاو لە هەواری خۆی بەرەو وولاّتی پاشا کەوتە ڕێ ..

کاتێ گەیشتە دیوەخانی پاشا ئەو دیمەنەی کە درویش بۆی گێڕایەوە بەچاوی بینی! بەلاّم هەرچەندە هەوڵ و تەقەلاّیان لە گەڵدا دەروێش نانی نەخوارد

بەوجۆرە تا سێ ڕۆژی بەسەردا تێپەڕی ، قاوەچی دیوەخان بە دەروێشی ووت: ئەوە ماوەی سێ ڕۆژە میوانی ئێمەی تا ئێستا نانت نەخواردووە ، چ هۆیەك هەیە ؟

– پەیمانم وایە تاکو نەچمە لای پاشای وولاّت پاروێ نان نەخۆم! یەکێ لە نۆکەرەکان هەواڵی مام دەروێشی بە پاشا ڕاگەیاندو پاشاش بڕیاری دیدەنی مام دەروێشی دا ،

– چ خێرە مام دەروێش ؟

- ساغ و سەلامەتی پاشای وولات .
- گوایە سیٚ ڕۆژە نان ناخۆی .
- بەلٚیٚ پاشا ، پەیمانی من وایە تاکو سەربردەی ئەو دەولٚەمەندیەی تۆ نەزانم ، دەم لە خواردنی تۆ نادەم !
- مام دەروێش تۆ پیاوێکی هەژارو گەڕیدەی ، چیت لەو سەربردانەیە ؟
- پاشا ئەو سەرەی هێناومە بۆ ئەو مەبەستە !
- وا بڕیارمدا کە سەربوردەی خۆمت بۆ بگێڕمەوە ، بەمەرجێك .
- مەرجت لەسەر چاوم .
- لە شاری ( ) پیاوێکی جۆلا هەیە ، سەربردەی ئەم جۆلایەم بۆ بێنەو منیش بەلٚێنی خۆم جیٚ بەجیٚ دەکەم .
- بۆ جیٚ بەجێکردنی بڕیارت لای ئێوەم خۆش .
- خوات لەگەلٚ .

هەروەها دەگێڕنەوە، مام دەروێش بەرەو شاری جۆلا کەوتە ڕیٚ و پرسیار بە پرسیار تا گەیشتە بەر دوکانی جۆلا، بیٚ ئەوەی جۆلا ئاگادار بی، مام دەروێش سەیری کاری جۆلای دەکرد، سەر لەبەیانی جۆلا دەستی کردە چنین تا نزیك ئێوارە، ئینجا کارەکەی بەجیٚ هێشت و بەرەو دار هەنجیرەکەی نزیك دوکان ڕۆیشت و لەژێر دارەکە هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە هێندەی نەبرد بە دەستەکانی خۆی لەسەری خۆی دەدا باوکەڕۆیەکی دامەزراند! وەك بلٚێی باوکی مردبوو! ئینجا هاتەوە دوکانەکەی و دەستی کردە هەلٚوەشانی ئەوجاجمەی لە بەیانیەوە کاری لیٚ دەکرد! لەپاش ئەوەی جاجمەکەی هەنجن هەنجن کرد، دەرگاو دوکانەکەی داخست و ئاورێکی دواوەی دایەوە.. بینی مام دەروێشێك لە نزیك دوکانەکەی ڕاوەستاوە، ڕووی تیٚ کردوو گووتی: خێرە مام دەروێش ؟

- بەلٚیٚ مام جۆلا ، من مێوانی تۆم !
- بفەرموو بچینە مالٚ .

گەیشتنە ماڵەوە ، لە دوای بەخێرهاتن و پشوودانێك سفرەی نان خواردنیان لە پێش دانراو ، کابرای جۆلا فەرمووی نانخواردنی لە مام دەروێشی کرد .

- بەو خودای دەیپەرستین دەمی لێ نادەم !
- چ خێرە ؟ ئەو سوێندەی بۆ چیە ؟
- کاتێ ئەو کارەی تۆم بینی ئاگر لە جەرگم هەڵگیرسا ، ئەگەر بێت و هۆی ئەو رووداوەم بۆ باس نەکەی دڵۆپە ئاوێکیشتان ناخۆمەوە !
- بە مەرجێك .
- فەرموو .
- لە شاری () کابرایەکی زیندروو هەیە، سەربردەی ئەو پیاوەم بۆ بێنە ، منیش سەربردەی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە .

مام دەروێش لەسەر ئەو بەڵێنە دەستی کردە نان خواردن لە گەڵ کابرای جۆلا ، بۆ سپێدە بەرەو شاری زیندروو بەڕێ کەوت کۆلان بە کۆلان ، پرسیار بە پرسیار تا گەیشتە بەر دوکانی زیندروو ، لە پاش بەخێرهاتن ، کابرا لە دروست کردن و نەخشکردنی زینی مورەسەع بەردەوام بوو تا کۆتایی پێ هێنا ، ئینجا بەرەو ئەو گۆڕستانەی کە کەوتبووە بەرامبەر دوکانەکەی ڕایکردو لەسەر گۆڕێك بە باوکەڕۆ لە خودا دەپاڕایەوە! لە دوای ماوەیەکدا بە پەلە گەڕایەوە دوکانەکەی و بە چاکوچێ ئەو زینە جوانەی دروستی کردبووی لەت لەتی کرد !!

بەمجۆرە بۆ ئێوارە دوکانەکەی داخست و لە گەڵ میوانەکەی بەرەو ماڵ کشان، بە هەمان دەستور وەکو کابرای جۆلا نانی نەخواردو داوای گێڕانەوەی سەربردەکەی لێکرد ، لەسەر ئەو بڕیارە پێك هاتن ، کە مام دەروێش بچێتە شاری ( ) سەربردەی سوار رەشی گاڕەشی بۆ بێنێ ..

مام دەروێش گەند بە گوند پرسیار بە پرسیار تا گەیشتە شاری سوار رەش ، لە پیاوێکی پرسی و گووتی: لەم شارە نابەڵەدم ، بۆیە هەواڵی ماڵێ سوار

ڕەش دەکەم، ئەگەر شارەزاییت پێ هەبێ ؟

– بەڵێ مام دەروێش ، ماڵی ئەو پیاوەی لێی دەپرسی نازانم لە کوێیە ؟ بەڵام هەموو ڕۆژێك لە دوای نیوەڕۆ دێتە ئەو گۆڕەپانەو گایە ڕەشەکەی سەر دەبڕێ و گۆشتەکەی دابەش دەکات و پێستەکەی لەسەر یەك دادەنێتەوەو شووڕە دارێك لە پێستەکە دەدات و گایەکە وەك جاران هەڵدەستێتەوە ! ئەویش سواری پشتی دەبێ و بەرەو ئەو شاخەی بەرامبەرمان دەڕوات ، بەڵام خوا دەزانێ لە چ شوێن دادەبەزێ ؟!

هەروەك دەگێڕنەوە بۆ ئێوارە مام دەروێشی گەریدە چووە کۆنە ئاشێك بۆ ئەوەی لێی بخەوێ ، بەڵام ئەو پیاوەی هەواڵی سوارە ڕەشی پێ گووت ، کەوتە دوای و پێگووت: مام دەروێش هەر کەسێك لەم کۆنە ئاشە بنوێ ئەنجامی مردنە! جا تکام وایە تا شەو دانەشکاوە وەرە دەرەوە .

– دەروێشێکی وەك من ، چۆن لە کۆنە ئاش و مردنی کۆنە ئاش دەترسێ ؟! سەرێکەو هێناومە گەڕانەوەی بۆ نیە ر !

ئەو شەوە مام دەروێش لە کۆنە ئاشێ مایەوە ، بە خۆزگەی ڕۆژ بوونەوە ، بۆ ئەوەی دیمەنی سەربڕینی گاڕەش ببینێ ، لە ناکاودا دوو پیاوی درێژو جلوبەرگ ڕەشی لێوەژوور کەوت ، پیاوە زۆر ناشرینەکان هەریەکە شیرێکیان هەڵکێشاو بە دەنگێکی زۆر بەرزو ترسانك گووتیان کورە تۆ چیت ؟ ئەویش لەسەر یەك پێ ڕاوەستاو زۆر بە مەردانە بەرانگاریان بوو و گووتی: من منم! ئێوە چین ؟

– ئافەرین پیاوی مەرد ، ئافەرین نێرە پیاو ، ئێمە خێرخوازین ، فەرموو ئەم نامەیە هەڵگرە !

دوو پیاوەکە ڕۆیشتن و دەروێشی گەڕیدەش لە کۆنە ئاشێ تێر خەو بوو ، بۆ بەیانی هاتە ناو شار ، تا دوای نیوەڕۆ ئینجا هەموو خەڵکەکە لە گۆڕەپانەکە کۆبوونەوەو هێندەی پێ نەچوو سوار ڕەشی گاڕەش هات کابرا چۆنی ووت هەمان دیمەن دووبارە کرایەوە لە گەڵ ڕۆیشتنی سوار ڕەش مام

دەروێش کەوتە دوای دۆڵ بە دۆڵ ، شاخ بە شاخ تا گەیشتە نێو شاخ و شاخاتێکی کاکی بە کاکی لە گایەکەی دابەزی و لە دەرگای کۆشکێکی جوان و رەنگینەوە چووە ژوورەوە ، مام دەروێشیش کەوتە دوای کاتێ لێیان وەژوور کەوت سوار رەش گووتی: ئەگەر مێوانی دانیشە مامەش دانیشت و بینی ئافرەتێك لە تەنیشت سوار رەش وەك بڵێی مردووە راکشابوو! مامە گووتی: ئەم ئافرەتە چ خێریەتی ؟

– سەربردەی ئەم ئافرەتە زۆر سەیرە! لەکاتی خۆیدا ئەم خێزانەم خوێندەوار بوو ، هەموو رۆژێك کتێبی دەخوێندەوە ، رۆژێکیان کاغەزێکی دەخوێندەوە قەلەڕەشێکی بەدفەڕ ، کاغەزەکەی فڕاند ! لەو رۆژەوە تا ئێستا بەم جۆرەیە!! بۆیە منیش لەو رۆژەوە تا ئێستا هەموو رۆژێك ئەو گایە سەر دەبڕم و گۆشتەکەی بە خێری ئەو دابەش دەکەم ، بەڵکو خودای ئاسمان بە زەیی دەیێتەوەو چاك دەبێتەوە .

دەروێش دەستی بۆ باخەلی بردو نامەکەی دەرهێناو دایە دەست ئافرەتەکەو بێ یەك و دوو هەڵسایەوەو دەستی بە خوێندنی نامەکە کردەوە ، وەك بڵێی بە درێژایی ژیانی نەخۆش نەکەوتووە !! شادی و خۆشی کەوتە نێو ماڵی سوار رەشی گارەش ، بۆ بەیانی مام دەروێش گەڕایەوە بۆ لای زیندروو سەربردەکەی بۆ گێڕایەوە.. ئەویش سەربردەی خۆی بەمشێوەیە گێڕایەوە لەکاتی خۆیدا دوو سێ پیاوم لەدەست زەڕ بوو ، بەو هۆیەوە ماوەی (١٥) پازدە ساڵ بەند کرام ، لە پاش ئەوەی ئەو ماوەیەم لە بەندیخانە بەسەر برد، گەڕامەوە ماڵ ، لەو شەوەی گەیشتم چاوم بە خێزانەکەی خۆم کەوت لە سەر یەك جێگا لە گەڵ پیاوێك خەوتووە مێشك لە سەرمدا نەماو بە خەنجەرێکی دەبان کەوتمە سەر کابراو لە خوێنم گەوزاند کاتێ ژنەکەم وەئاگا هات و ئەو دیمەنە دڵتەزێنەی بە چاوی خۆی بینی لە گەڵ قیژاندن و هاوارکردنی بۆم وون بوو کە ئەوەی کوشتم کوڕەکەی خۆم بوو!! بۆیە لەو رۆژەوە تا ئێستا ئەوە کارو پیشەمە زین دەدورم و زین دەشکێنم !

لـە پـاش ئـەوەی مـام دەروێـش بەشـدارکردنی ئـەو خەمـە دڵگـیرەی کـردو سەرەخۆشـی لێکـردو بـەرەو شـاری جۆڵـا کەوتـە ڕێـیٚ لـەو کاتـەی وە بـۆ جـاری دووەم مێوانـداری جـۆلاَی کـرد زۆر بـە گـەرمی پێـشوازی لێکـرد ، ئینجـا مـام دەروێـش سـەربردەی کابرای زینـدرووی بـۆ باسـکردو ئەویش لـە پـاش ئـەوەی هەناسـەیەکی دوورودێـرژی هەڵکێـشاو ووتـی: بنەماڵـەی ئێمـە کـارو پیـشەمان جۆلاَیی یە ، ڕۆژێکیان لەو دوکانەی خۆم کارم دەکرد ، پێش ئـەوەی دوکانەکەم دابخەم باڵندەیەك هاتە سەر ئەم دار هەنجیرەی پێش دوکانەکەم ، منیش چوومە ژێر دارەکەو بە هـەردوو دەستم قاچەکانی باڵندەکەم گرت ، باڵندەکە فڕاندمی بڵنـد بڵنـد تـا شـوێنێکی شـاخاوی و لـە نێـو کۆشـك و تـەلانێك و دارسـتانێکی یەکجار خۆشی دابەزاندم و باڵندەکەش بووە کچە جوانێکی نەشمیلانە پەری و گووتی: جۆڵا قسەیەکت پیٚ دەڵێم ئەگەر رازی بوویت، ئەوە باشە ئەگەرنا بۆ بەر دوکانەکەی خۆت دەگەڕێنمەوە

– فەرمووو..

– ئـەم کۆشـك و نۆکـەرو زێـڕو مـەڕو ماڵاتـەی بەچـاوی خـۆتی دەبـینی هـەمووی مـوڵکی منـە ، ئەگـەر بڕیـاری سـۆز هەڵـسانی وولات و منـداڵی خـۆت هەرگیزاو هـەرگیز نەکەیتـەوە ، ئـەوە مێردت پیٚ دەکـەم من خـاتوون تـۆ پاشـای وولات !

– زۆر باشە .

– پەیمان بیٚ ؟

– پەیمانی پیاوان .

کاکـە گیـان بـەو جـۆرەم رابـوارد ، دوو منداڵیـشم لـە پـەری یـە جـوانیٚ بـوو شەوێکیان بەفرە کڕێوەیەك بوو ئیلا ماشـاللاَ خـەمێکی داگرتم هێنـدەی نـەمابوو شەق ببەم! دایکی منداڵەکان ووتی: سۆزی وولاَتە ؟

– وەلـلاَ پـەرە جـوان چیت لێوەشـارمەوە ، خـەمی منداڵەکانمـە لـەو بـەرفر بارینە !

قسەکانم هێشتا کۆتایی نەهاتبوو خۆم لەبەر ئەو دوکانە دۆزیەوە ! ئەو کەسبەی ئێستا دەکەم هەر وەك بە چاوی خۆت بینی چاوەڕوانی ئەو باڵندەم .

– کاکە گیان خەم هەڵگرتنی پێ ناوێ بەڵکو ئەو منداڵانەی ئێستات زیاتر پێ ویستیان بە کۆمەکی تۆ هەیە ئێستاش ماڵت ئاوەدان بێ ڕێگام دوورە دەڕۆم ..

ئەبێن کاتێ گەیشتەوە وولاتی پاشا ، بردرایە لای پاشاو بەخێرهاتنێکی گەرمی کردو هەموو سەربردەکانی بۆ پاشا گێڕایەوەو پاشاش سەربردەکەی خۆی و مێردەکەی بۆ گێڕایەوە ، کاتێ ئاشکرا بوو کە ئەو پاشایە ئافرەتەو جلی پیاوانی دەبەرخۆ کردووە! حاتەمی تەی خوازبێنی کردو بە زەماوەندێکی گەورە ئەو دوو ناندەرانە بۆ یەکتر بوون و خەڵکی وولات و دەورووپشت لەو پەڕی کامەرانیدا دەژیان .

* * *

# فەرهەنگۆك

## - ئـ -

ئەکانیٚ : کوانیٚ ، لە کوییٚ یە

ئیدی : ئینجا

ئەوجا : ئینجا

ئۆمەراوە : گوندێکە سەر بە هەولێر ، نزیك قوشتەپە ، هەورەها گوندێکی تر هەیە بەم ناوە لە نزیك گەڵاڵە .

ئۆرمزیار : هۆزێکی کوردی بلاًون .

ئەلعان : ئێستا .

ئقبالٚ : بەخت .

ئەبوتۆپ : جۆری پارەیە .

ئەشك : رۆندك ، فرمێسم ، ئەسرین .

ئوهەلە : ئەوکاتە ، ئەودەمە .

ئادویو : لەودیو : لەولا بۆ ئەولا .

ئەنگافت : پێکاو ، لێدراو .

ئەنگۆ : ئێوە .

ئەستون : ئەو دارە درێژانەی کە رەشماڵی لەسەر رادەوەستیٚ .

ئیلاقە : پەیوەندی .

ئال دوز : نەخشدار .

ئەز : من .

ئەنداسم : وەك بڵێی دیل ، لەسەر تۆ تووشی کارەسات هاتووم .

## ـ ب ـ

بەڵەك : چاوێکی رەشینەکەی زۆر رەشبیٚ و سپییەکەی زۆر سپی بیٚ .

بەیبون : گوڵێکی پەڕداری پەڕ سپی نا زەردە .

بیزا : گیاییێکی بۆن خۆشی کوێستانی یە .

بەستۆرە : شوێنێکە کەوتۆتە نێوان هەولێرو هاوینە هەواری صلاح لادین .

بانەمان : گوندێکە لە نزیك بەستۆرە، هەروەها قەڵاییێکی خانزادی سۆرانی لێیە.

باز : باڵندەیەکی گەورەو گۆشت خۆرە .

باویان : گوندێکی ناوچەی هەریرە، دانیشتوانەکانی هەروتین .

بێجان : ریزە شاخێکە لە نێوان رواندوزو ئاڵان .

بندیان: هۆزێکی کوردن، لە قەراج و کەندیناوەو بەرڕێ نیشتەجێن، نزیکەی (٣٥) ساڵە بوونەتە ئیسلام باپیرە گەورەیان ناوی (یلدا) بووە ، بە شێخ ئاودەل ناسراوە کە ئێستا گۆڕەکەی جیٚ نەزرگەیە ، نووسەر لەو هۆزەیە .

بامەند : تیرەێکن لە هۆزی مامەسێنی ی دەوروپشتی هەولێر .

بەرانەت : ناوچەی بەڕانی ، لە لێواری هەولێرە ، بەلای رۆژئاواو کەمێك بۆ باکوور .

بێژنگ بەسەر : قۆپکێکە لەسەر چیای قەرەچوغ بەلای کەندیناوە .

باسخون : گەماڕۆ . .

بەقا : بڕوا ، ئومێد .

باسەت : خەبەر، هەواڵ ، دەنگ و باس .

بڵاوە : پەرت بوون .

بەحری : دەریایی .

باوەخوون : کاتیٚ بووك یەکەم جار دەچێتە ماڵە باوکی .

باوەخڕبن : کۆبوونەوە ، کۆکردنەوە .

بەدەن : لەش ، باڵا ، بەژن .

بتۆقیٚ : گیان دەرچوون ، ترسێکی گەورە .

بەشارەت : مزگێنی .

بڕەك : کەمێك ، نەختێك .

باتاس : گوندێکی نزیك هەریرە ، مەڵبەندی ناوچە بوو لەکاتی خۆی .

بارەك : باڵەك، هۆزو ناوچەیە .

بنەگەچی : هووردە ، ساواری ژێر گونیە گوش .

بارا : باڵا .

بقوڕیٚ : لاسا کردنەوەی دەنگی چێڵ و مانگا .

بارزونگ : ئەو توورەگەیە کە ژنە رەوەندو خەیلانی لە کۆڵی خۆیان دەکەن بۆ منداڵ وەیان کەل و پەل هەڵگرتن .

بە قونیان : تیللك پیٚ وەکردن .

بەلخ : شارێکی کۆنی ئەفغانستان بووە ، بەرمەکیەکان لەو شارەوە هاتوونەتە عێراق .

بەشقیٚ : بە خاتری ، بەوەی کەم .

بوخارا : شارێکی یەکێتی سۆڤیەتە .

بەروەج : جۆرە چەکێکە .

بەران : بەڵام .

بەڵان : بەڵام .

## ـ پ ـ

پرتا : پەلەکردن ، خێرا .

پەلپ : بیانو ، مەهانە .

پاچ : خاکەناز ، خاکەناس .

پێمەڕە: وەکو خاکەناسە بەڵام دەمەکەی سیٚ گۆشەیەو شوێنی قاچی هەیە.

پەرژین : دیواری بە پەلکەدار .

پۆڕ : باڵندەیێکی دەشتی یە لە دەو ئاوو لەناو گیادا دەژی .

پیٚ مێرد : جن ، لەمەچێتر .

پاتی سەر : پشتە سەر .

پەڕندە : پەلەوور .

پۆرا : پۆلا .

## ـ ت ـ

تاوەك : کەمێك ، رێژنەێك .

تەلەب : داواکردن .

تەرەقی : دەرباز ، سەرکەوتن .

تۆفیق : نەجات بوون ، دەرباز بوون .

ترگال : جام ، قاپی قوڵ .

تورنج : نارنج .

تەشەنە : بڵاو ، برینێك پەرە پەرەبستێنێ ، التهاب .

تەڕاشکووت : وێران ، خابوور .

تەعام : خواردەمەنی .

تور : مەبەست لە چیای گور ه ، کە پێغەمبەر مووسا لەسەری قسەی لە گەڵ خودا دەکرد .

تاور : رەشماڵ .

تاژی : تانجی .

تەعەجب : سەرسوڕمان .

ـ ج ـ

جۆلەمێرگ : گوندێکە بەرامبەر خەلیفان .

جەیران : ئاسك، مامز .

جانی بنی جانی : جۆرە وشترێکە .

جەمات : جەماعەت ، کۆمەڵ .

جۆنی : مەبەست لە هاون ، ئاونە .

ـ چ ـ

چوون : چۆن ، لەبەرئەوەی .

چرا : فانۆس ، قەندیلە ، لاڵە .

چیغ : لە قامیش دروست دەکرێ و ل دەوروپشتی رەشماڵ هەڵدەپاسن .

چادر : خێوەت .

ـ ح ـ

حەمایل : بریتی یە لەوە راست و چەپ تیغ و چەك لەمل بکرێت .

حەرار : حەڵاڵ .

حوسێنی غازی : چاکێك و گۆڕستانێکە ل نێوان قەراج و کەندیناوە .

حەپس : بەند .

حەیا : ئابڕو ، شەرم .

حەسەنەوات : کاری باش بۆ خودا .

حەرەمخانە : ژووری ئافرەت .

حەپەسا : سەرسووڕمان ، واق ووڕمان .

حەکاکی : زۆرزان ، مەکرباز .

خانزاد : مەبەست لەو بەرزاییەی نێوان هەولێرو هاوینە هەواری صلاح الدین ە . بەناوی خانزادە خانی سۆرانە .

خەلان : گوندێکە نزیک رایات .

خەندەکی خەلیفە : ئەو شوێنە نزیک چیای قەرەچووغە .

خەنی : کەیف خۆش .

خالند : خالد .

خاترجەم : دڵنیابوون .

## ـ د ـ

دەرێم : دەڵێم .

دووسەرە : گوندێکە لە قەراج ، دوو گوندی تر بەمناوە هەیە لە قەراج هەیە سەرەڕای گوندێکی تری نزیک هەولێر دوو سەرەی فتاح .

دەوڵەت زیادو ماڵ ئاوا : خوا حافیزی .

دەنا : دەبێ .

دگۆ : دەڵێ ، دەیووت .

دین : شێت ، سەر لێ شێواو .

دەلنگی حاجی حوسێن : ئاوەل کراسی ، دەرپێ ، لە ژێرەوە لە لوولەی ئەمێنێتەوە .

در : دڵ .

دیلان : شایی ، داوەت .

## ـ ر ـ

ڕوست : گوندێکە نزیک گەلاڵە .

## ـ ز ـ

زراری : هۆزێکی کوردن ، لە دەوروبەری هەولێر نیشتەجێن .

زینویێ : گوندێکە نزیك حاجی ئۆمەران .

زدد : دژ .

_ ژ _

ژنگەلی: مەبەست لە برژانگە .

ژبیر : لەبیرکردن .

_ س _

سێسن : گیایێکی بچوکە گوڵێکی هەیەو دەخورێ .

سایەلی : لە سائلی ، عەرەبیەوە هاتووە ، پرسیارکردن ، سواڵکەر .

سەردەریان : گوندێکە سەر بە ئاکرێ ، دانیشتوانەکانی سورچین .

سیان : هۆزێکی کوردی سەر بە دەشتی هەولێرن .

سرێشمە : گوندێکە سەر بە خەلیفان .

سار : ساڵ .

سێبیران : گوندێکە لە کەندیناوە ، هەروەها سێبیرانی نزیك قورشاغلوو سێبیرانی نزیك قوشتەپە هەیە هەروەها نزیك هەولێر ڕێگای موصل .

سولتان عەولا : گوندێکە لە قەراج سەرەڕای ئەوەی چاکێکە .

سەندوقە باڵە : مەبەست لە پەیمان و پسولەی نێوان دوو کەس .

سەقەر : باز .

سوکنا : سێبووری ، هێمن .

سەمەرقەند : شارێکی یەکێتی سۆڤیەتە .

سکەخانە : دەسگای پارە دروستکردن .

سەرزەنیشت : لۆمە ، گلەیی .

سەرع : خوو ، نەخۆشییێکە ، ووشەکە عەرەبیە .

سازبوون : ئامادەبوون .

سینە : سینگ .

سەرتیز : سەر پێست .

سامار : سامالێ .

**ـ ش ـ**

**شەوەك : گوندێکە نزیك هەولێر .**

**شەعەل : گوندێکە لە کەندیناوە .**

**شەمامك : گوندێك و ناوچەیە لە نزیك هەولێر .**

**شووبرا : برای مێرد بە نیسبەت ژن برا .**

**شەختە : سەهۆڵ .**

**شکۆفە : خونچە گوڵ .**

**شمقار : باڵندەیێکی راوکەری گۆشت خۆرە .**

**شەهێن : باڵندەیێکی گەورەی گۆشت خۆرە .**

**شینگا : بازنەی شی کردن ، لە خۆدان .**

**ـ ع ـ**

**عەزم : هیمەت .**

**عەرز : زەوی .**

**عومر : ئەمر ، فەرمان .**

**عەسر : مەبەست لە چەرخە ، چەرخی نوێ .**

**عەکس : وێنە، رسم .**

**عورووس : لە عرسی ، عەرەبییەوە هاتووە .**

**عەنبەربۆ : جۆرە برنجێکە بۆنەکەی وەکو عەنبەرە ، لێرە مەبەست لە بۆنەکەیە.**

**عام : گشت .**

**ـ غ ـ**

**غەزاران : ئەو کانیە لە کەندیناوەیە .**

**غەمر : پۆشین .**

**ـ ف ـ**

**فەتح : کردنەوە .**

**فۆرت : جۆری ئۆتۆمبێلە .**

**فەرەنگی : فەرەنسی ، بێگانە .**

## ـ ق ـ

قشپل : پیسایی مەڕو بزن .

قەلۆغان : گوڵێکی دڕکاویە ، تا ساوابێ دەخورێ .

قنیات : لە (قناعە ی ، عەرەبیەوە هاتووە .

قەوی : زۆر، توونَد .

قوم : فڕ لێدان .

قەرات : قەڵات .

قومارباز : فێڵباز .

قەپران : گوندێکە لە کەندیناوە .

قەد : هیچ .

قورشاغلو : گوندێکە لە نزیك هەولێر ، نووسەر لەو گوندە لە دایك بووە .

قەقنەز : باڵندەێکی ئەفسانەیە .

قولکە : ئەو قوولای یەی بەر گەردەن .

قەسەرێ : کۆ کردنەوەی دوا دروونە ، بۆ مەبەستی سووتان و خواردنی مەڕومالات .

## ـ ك ـ

کۆڕێ : گوندێکە لە نێوان صلاح الدین و شەقلاوە .

کۆران : کۆلان .

کو : چۆن .

کولین : ئەو شوێنە تایبەتی یەی ئازوقە لە ژێر رەشماڵ .

کەندار : گوندێکە لە کەندیناوە .

کن من : لای من .

کەسب : کار ، ئیش .

کلفەتان : هاوخەم .

کەلەك : تەرمی مردوو .

کەسافەت : هەژاری .

کەژاوە : هۆدەج .

کووندە : بۆ سارد کردنی ئاو بەکاردێ ، لە پێستەی بزن دروست دەکرێ .

کێهان : کامە .

کەپوو : لووت، دفن .

کۆر : لە دێهات ئافرەت دەچنە دەرەوەی گوند بۆ خۆشوشتن و جل شوشتن .

کەرمردی : شوێنێکە لە قەراج .

کەمەند : بریتی یە لە گوریسێکی بە دوو پیاو بگیرێ .

کەناو : ئاودڕ .

## _ گ _

گاز : بانگ .

گولەك : گوندێکە لە نێوان هەریرو خەلیفان .

گورگە : گوندێکە لە کەندیناوە .

گور : گوڵ .

گوینی : ئەو شتەی ڕێ لێ دەچێ .

گەرمەلان : شوێنێکی سێبەرو سارد .

گەری : گەلی .

گۆلم : چەنگ، ناودەست .

گەڕەلاوژە : جۆرە یارێکی فۆلکلۆری کوردە .

گراوی : یار، دۆست .

کولە : کورتە بالآ .

## _ ل _

لۆچی : بۆچی

لهێب : گوندێکە لە کەندیناوە .

لەیلۆ : تەم ، غوبار .

لازم : پێویست .

## _ م _

مامەسێنی : هۆزێکی کوردی نزیك هەولێرەوە .

مەرزان : هۆزێکی کوردی نزیك هەولێرە .

میراجە : گوندێکە نزیك رواندوز .

مەحمەل : مەخمەل .

مەسقەت : پایتەختی وولاتێکی عەرەبی کەنداوە .

موشتەری : ناوی گەورەترین ئەستێرەیە .

موشەجەر : گوڵدار .

منداز : نیشان .

مەقەنداڵی : جۆرە ئەسبابێکی شەڕە .

مەحمور : مەئموور ، نێراو .

مار : ماڵ .

مورسەع : رازاوە .

مراك : کەوچك .

مەشکۆرە : مەشکە بۆ دروست کردنی کەرەو دۆ بەکاردێت .

ـ ن ـ

نۆجەیی : بڵندی نۆجە ، گوندێکە لە قەراج .

نەشەمزاوە : رۆژی پێ نەکەوتووە .

ـ و ـ

وێن : ووشەێکێ عەرەبیە مانای کوا، لە کوێ دەگەینێ .

ـ هـ ـ

هەوی داوە : دووبارە ، سەرلەنوێ .

هەردێ : هەڵدێ .

هەرمایە : خەو لەچاو شکان .

هەرێ وە : هەلێ وە .

هەنووکە : ئێستاکە .

هەڕەت : کاتی جوامێری و گەیشتنە رادەی لاوچاکی .

هۆدە : ژوور .

هەوەل : یەکەم .

هەواری بێریان : شوێنی مەڕ دۆشین .

هەواری خدری : شوێنێکە لە کوردستانی ئێران .

_ ی _

یەزدوو گورد : یەزدوجورد، شای ئێران بووە .

**سوودم لەمانە وەرگرتووە :**

١- سمایل حەمەدەمین شەریف خەڵکی گوندی گرتک ە ، لە بنەماڵەی میر ئەحمەد ە ، لە رەگەزەوە لە وولاتی قەفقاز لە گوندی زێتك هاتوونەتە ناو ئاغەکانی میر ئاودەلی دوای بۆ دەوروپشتی گەڵاڵە . تەمەنی لە (٧٥) ساڵ زیاترە .

٢- حوسێن عەلی ، تەمەن (٦٠) ساڵ خەڵکی گوندی مەلا قەرە یە .

٣- کاسێتی مەحمەد گۆران .

٤- کاسێتی عوسمان هەمەوەند. عوسمان مولود عەبدوللا هونەرمەندێکی لێ هاتووی میللی کوردە، لە ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی گردە سۆر لە دایك بووە .

٥- تحفە مظفریەی ئۆسکارمان ، بەرگی دووەم ، فەرهەنگۆکەی مامۆستا هێمن.

٦- فەرهەنگی کشت و کاڵ مەعروف قەراداخی بەرگی یەکەم و دووەم .

٧- چەندان کەسی نەناسراو لە دانیشتوانەکانی دیوەخان و ماڵە ناسراو و برادەرەکانم .

* * *

**ناوی ئەم کتێبە سیدۆمۆناسی کوشندە بوو، بەڵام لەسەر بڕیاری لێژنەی یارمەتی لە چاپدان ، ناوەکەم گۆڕی ! بە پێ ویستی دەزانم مەبەستی بۆ ئەم ناوە بڵاوبکەمەوە.**

**خوێندەواری ئازیزو تامەزرۆی کورد ..**

لەو کاتەی چاوت بەم کتێبە دەکەوێ.. ئەم پرسیارەی سەرەوەت بە مێشکدا دێ و جێگای خۆیەتی، هەرچەندە ناوەکە پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە.. بەڵام لەگەڵ هەر لاپەڕەیەکی بەڵکو هەر وشەیەکی، سەربردەیەکی کوشندەی منە! یا باشتر وایە بڵێم (مێمر)ی، درێژایی ژیانی چەرمەسەریمە..

لەو رۆژەیەوە هەر وەکو (دایە زێخە ی، ژن باوکم- هەزار رەحمەت لە گۆڕی- بۆی دەگێڕامەوەو دەیوت : کوڕم ئەسعەدە ئەو نەخۆشی یەی توو – گورچیلە- هی ئەوڕۆ نیە- ڕووی لە مامزەی داکم دەکرد- عومرت سارەك نەبوو وەکی بەردەکی گچکەم لە هەرامەت دەرینا، هەر ئەو دوعایە بکە نسکۆ کەی ، کوڕت وەکی توو نەبی

رۆژهات و شەو ڕۆیی تا ١ / ٦ / ١٩٨١ رۆژی نەشتەرگەری گورچیلەی چەپەم ، لەو رۆژەوە لە رێگای زانست و لە دەمی پزیشك و هاوڕێ ی ئازیزم جەودەت دەباغ م ، بیست کە گورچیلەم میکرۆبی سیدۆموناسی تیایە .

ئافرەت گوتەنی تاران و تورانم لەگەر کرد نەخێر بێ سوود بوو ، لە هەر دەرگایەکم بدابوایە نیشانەی ئەو میکرۆبەیان وەگەڵ دەدام، تا لە ١٠ / ٣ / ١٩٨٣ بۆ جاری دووەم بە لای راستەم لە خورتۆرێ یوەردام تۆ بڵێ ی زیوس

ی، یۆنــان هەرچــەندە یۆنــانیش نــیم لــێم زویــر بــبێ و بــە پرۆمیتیــوس م ، تێگەیشتبێ! خۆ من ئەو نا ماقولیەم نەکردووە ! وەك ئەو پارچەیەکی ڕۆژم ، دزیبێ ! چ هیڤایستۆس یشمان، نیە لە چیای قاف م ، ببەستێتەوە ، جا تۆ بڵێ ی ئادەمیزادێکی وەك هەرقەل ی ، پرۆمیتیوس بۆ من نەبێ ؟

لــە کــاتی ئــەم نوســینەمدا ، کــە ڕێکــەوتی ١٩٨٤/٣/٢٦ بــە هیــوای ئادەمیزادێکی خێرخوازی کونجی نەخۆشخانەم بۆ ئەوەی تیرێکی ژەهراوی بەو سیدۆموناسە وەبنێ و لەم ئازارە ڕزگارم بکات !

دەبێ هەبێ ؟!

یا دەگەمە کاروانی پیرەمێردی نەمر کوشتەی گورچیلە ..

**ئەسعەد**

بەرنامەی

# لە کەلەپوورەوە

ئامادەکردن و پێشکێش کردنی

**ئەسعەد عەدۆ**

هۆڵەندا ______________________ ٢٠٠٠

بەرنامەی تەلەفزیۆنی

# لە کەلەپوورەوە

**پێشکێشه :**

- بەو رۆژانەی کە وێرانە گوندەکانی کوردستانم بەلاوك و حەیران دەلاواندەوە...

# چۆنیەتی سەرهەڵدانی بەرنامە

یەکەمجار بوو لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨١ بوومە میوانی بەرنامەی ڕۆشنبیری کوردی لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی مامۆستا سەعید زەنگەنە، ئەو گفتوگۆیە لەلایەن خاتوو شیرین عەبباس (خێزانی مامۆستا) سازکرا ، دەربارەی فۆلکلۆرو کەلەپوور بەگشتی و بەرهەمی دەسنووسی فۆلکلۆریم بوو.

بۆ جاری دووەم لە بەهاری ساڵی ١٩٨٥ بوومە میوانی بەرنامەی گۆڤاری هونەر لە ئامادەکردن و پێشکەش کردنی مامۆستا سەعدون یونسی هونەرمەند لەو چاوپێکەوتنەدا باسی جموجۆڵی فۆلکلۆری جیهانی بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی و بەرهەمی چاپکراوی فۆلکلۆریم کرد .

دوا بەدوای پێشکەشکردنی ئەم ئەلقەیە ، وا دیاربوو مامۆستا سەعدون بە خۆزگەی پەرەسەندنی بەرنامەکەی ، لە هاوینی هەمان ساڵدا لەگەڵ برای هونەرمەند زایەر عبداللە هاتنەماڵەوە بە مەبەستی ئەوە کە گۆشەیەك لە بەرنامەی گۆڤاری هونەرمەند بە نێوی (فۆلکلۆر) پێشکەش

بکەم  ئەوەبوو بۆ ماوەی حەوت مانگێك شان بەشانی هونەرمەند سەعدون یونس ئەم گۆشەیەم پێشکەشکردو چەندان کتێبی فۆلکلۆریمان هەڵسەنگاندو چەند فۆلکلۆرپەروەرێکمان وەك میوان هێنایە ئەم گۆشەیە .

لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٧ دا ، بە رەزامەندی لێپرسراوانی تەلەفزیۆنی کەرکوك بڕیاردرا کە بەرنامەیەکی هەفتانە بۆ ماوەی نیو سەعات تایبەت بێت بە فۆلکلۆری کوردی یە نێوی (لە کەلەپوورەوە) لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی (خۆم) پێشکەش بکەم  یەکەم ئەلقەی بەرنامەی لە کەلەپوورەوە لە رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ١٩٨٧/٥/١٣ چاوی بینەرانی پێ گەشایەوە لەدوای دوو ، سێ  ئەلقە بەرنامەکە کرا بە دوو هەفتە جارێك.. هێدی هێدی ماوەکەی درێژبوو لە نێوان ٤٥-٥٢ دەقیقە ، جاران شەوانی دووشەممە پاشان شەوانەی چوار شەممە پێشکەش دەکرا .

**ئەسعەد**

# وتەی بەرنامە

وا ئەمجارەش خۆزگەیەکی فۆلکلۆریمان هاتەدی ، چونکە دەمێکە هاتنەدی ئەم خۆزگەیە ئومێدو ئاواتی سەدان بەڵکو هەزاران بینەری خۆشەویست بووە ، بە ئومێدەوە هاتومەتە ئەم مەیدانە کە بەهیچ جۆرێك کەم تەرخەمی لە خزمەتکردنی ئەدەبی فۆلکلۆرو کەلەپووری میللەتەکەم نەکەم .. خوایاربێ ئەم ئەلقەیەو ئەوانی تریش دەبێتە بەڵگەی ئەم ئومێدەم .

بەڕێزان : بەرنامەی لە کەلەپوورەوە بەرنامەی هەموو بینەرێکەو هەموو بینەرێك بۆی هەیە بەشداری تێدابکات ، بۆیە دەڵێم چاوەڕوانی هیممەتی ئێوەم ، لە لای هەموومان روون و ئاشکرایە کە لە دێرزەمانەوە ئەو کوردەوارییەی خۆمان لە شەوانی مانگی رەمەزانی پیرۆزدا شەوچەرەی کوردەواریان سازدەکرد ، هەریەکەو بە لێهاتوویی خۆی هەقایەت ، سەرگوزشتە ، پەندی پێشینان ، هەروەها یاریە میللیەکان و چەندان بابەتی تری هەمە جۆریان لەو شەوچەرەیەدا پێشکەش دەکرد .

ئێمەش بە پێی توانا بە تایبەتی لەم مانگە پیرۆزەدا یادی ئەو رابردووە دەکەینەوەو بەرئاگردانێکی شەوانی زستان یان دانیشتنێکی سەرسەکۆی مانگە شەوانی کوردەواری خۆمان سازدەکەین جا ئێستەیش بفەرموون بۆ بەشداریکردن لەم شەوچەرەیە .

# مۆژدەیەکی فۆلکلۆری

لەلای هەموومان روون و ئاشکرایە کە فۆلکلۆر بە هەموو بابەتێکیەوە گەنجینەی میللەتەو رۆلەکانی ئەم میللەتەیش پێویستەو هەقی خۆیەتی شانازی پێوە بکات و لە خزمەتکردنیدا درێغی نەکەن ، ئەرکی رزگارکردنی لە فەوتان بخەنە ئەستۆی خۆیان بۆ ئەم مەبەستەیش رۆشنبیرەکان بە گشتی و فۆلکلۆرپەروەرەکان بە تایبەتی بە هەوڵ و تەقەلای تاکە کەسی و چەند کەسی درێغیان نەکردووە ، سەرەڕای ئەو دامودەزگا رۆشنبیریە کوردیانە کە ماوە ماوە خوێندەواری کورد بە کتێبێکی فۆلکلۆری چاو روون دەکەنەوەو کەلێنێکی کتێبخانەی ئەدەبی فۆلکلۆری پڕ دەکەنەوە ، ئەمەیش جێگەی رێزو سوپاسە .

نزیکەی دوو مانگ بەر لە ئێستە برادەران خالید جوتیار ، داود شڕۆڵ ، تاریق جمباز ، ئەسعەد عەدۆ ، پێشنیازێکیان خستە بەردەستی مامۆستا محمدامین محمد احمد ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان بۆ ئەوەی بڵاوکراوەیەکی ساڵانە یان شەش مانگی تایبەت بە کەلەپوورو ئەدەبی فۆلکلۆر دەربکەن ، بۆ زێدە خزمەتکردنی ئەو ئەدەبە فراوانە ، لە ئەنجام دا سەیدا محمدامین ئەم خۆزگەیەی هێنایەدی و بڕیاری لەسەر دەرکردنی ئەو بڵاوکراوەیە دا، بە مەرجێ ئەم چوار فۆلکلۆر پەروەرانەی نێومان هێناون ئەرکی ماندووبوونەکەی بخەنە ئەستۆیان ، ئەرکی چاپکردنیش لەسەر ئەمینداریێتی بێت .

دوابەدوای ئەمە لیژنەی سەرپەرشتکار بە نامە چەند هاوخەمێکی ئەم ئەدەبەی ئاگادار کردەوە بۆ بەشداری کردنیان لە بەرگی یەکەمی بڵاوکراوەی (زبارە) ئومێدەوارین کە ئەم بڵاوکراوەیە کە نێوی نراوە (زبارە) هەردەم زبارەی بۆ بکرێ ، لە سەرەتای ساڵی نوێدا بە زبارەیی هەموو لایەك و هەموو شارێك بگاتە بەردەستی خوێنەران ، تاکو بە سەپان و گیشەکەری ئەم زبارە بلێین چاوتان روون .

ئێمـەیش بـە نـاوی خۆمـان و بەرنامـەی لـە کەلـەپوورەوە، هـەروەها بـەناوی فۆلکلۆر پـەروەران بەگشتی ڕێـزو سوپاسمان هەیە بۆ سـەیدا محمـدامین و کاك محمد محی الدین جێگری ئەمینداریێتی و ئەو مامۆستاو برادەرانە کە بە کـەم و زۆری ڕێخۆشـکەرەی ئـەم بڕیـارە بـوون ، خۆزگـە دەخـوازین وێنـەیان زۆربێـت ، بەخێربێتــەوە ســاڵی ١٩٨٧، بەخێربــچێت ســاڵی ١٩٨٧، ســاڵی ســەرهەڵدانی بەرنامـەی لـە کەلـەپوورو بڵاوکـراوەی (زبـارە) بـەرئاگردانی شـەوانی زسـتان و دانیشتنی سەرسەکۆی شەوانی مانگە شەوتان هەر خۆش بێت .

## سێزدەبەدەر..

کـاتێ سـێزدە ڕۆژ بەسـەر ڕۆژی نـەورۆز تێدەپـەڕێ ، هەنـدێك لـە کـوردەواری خۆماندا لە ئاوەدانیدا بەرەو مێرگ و چیمەن و دەشـتایی ڕەنگین دەکەونە ڕێ ، بۆ ئەوەی دمۆری (مەشۆمیەتی) ژمارەی سێزدە وەدەرنێن ! بۆ ئـەم مەبەسـتەیش هـەر کوڕێـك یـان کـچێك سـێ قاچـکە گیـا ، یـان فەریکـە جـۆ بـە جـۆری بـسك هوونانەوەی ئافرەت دەهۆننەوە و دەڵێن : سـێزدەبەدەر خـوا ياربێت ئومێدمان پێش سێزدەبەدەری دادێ دێتەدی !!

هەروەها زۆربەی خەڵکی کوردەواری بۆ ئەوەی نێوی ژمـارە سـێزدە نـەهێنن دەڵێن (زیـادە) دەبـا ئێمـەیش سـێزدەبەدەری سـێزدەمین ئەلقـەی بەرنامـەی لـە کەلەپوورەوە بکـەین و لـەناخی دڵمانـەوە بڵێین : تەمەنـداربێت بـە زیـاد بێـت ئـەم بەرنامەیە .

ئـازیزانم ، یەکـەم ئەلقـەی بەرنامـەی لـە کەلـەپوورەوە لـە ١٣/٥ی ، ئەمـساڵ پێشکەش بە ئێوەی خۆشەویست کرا ، ئەمڕۆیش سـێزدەمین ئەلقەیـەتی ، بۆیـە ئـەم ئەلقەیـەمان نێونـا سـێزدەبەدەر ؟ ئێمـە لای خۆمانـەوە لـە وتـەی بەرنامـەی ئەلقەی یەکەمدا وتمـان : بەرنامـەی لە کەلـەپوورەوە بەرنامەیـەکی جەماوەرییـە ، وەك بڵێی شەوچەرەی شەوانی کوردەواری خۆمانەیە .

بەڕێزان، تا ئێستە (٤٣٥) بینەر بەشداری بەرنامەکەتانی کردووە ، واتە ئەوەنـدە

نامەی رەنگینمان گەیشتۆتە دەست و نزیکەی (٣٠٠) نامەی بڵاوکراوەتەوە ، لەوانە (٢٧) نامە خوشکان بەناوی ئاشکرا بەشداریان لەگەڵماندا کردووە ، خواش دەزانێ چەندانی تریش بەناوی باوك و براو منداڵەکانیان نامەیان بۆ ناردووین ، ئەگەر بێت و لە سێزدە ئەلقەدا ئێمە توانیبمان سەرنجی (٢٧) خوشکان رابکێشین خوا یاربێت ژمارەیان لە زێدە بووندایە ، تا دەگەینە یادی یەکەم ساڵی لەدایك بوونی بەرنامەکە خۆزگەی ئێمە تەنیا ئەوە نییە لە پازدە رۆژدا بۆ ماوەی نیو سەعات خۆشی بگەیەنینە بینەران ، بەڵکو هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی گیانی فۆڵکلۆرپەروەری لە ناخی هەموو بینەرێك بچەسپێنین ، تا لەدوا رۆژدا لە رێگەی ئەم بەرنامەیەوە چەندان نوسەرو ئەدەبی ئەدەبی فۆڵکلۆر پێ باوێنە جیهانی رابردوو شانازی ، بە واتایەکی دیکە ئەم بەرنامەیە ببێتە بناغەی قوتابخانەیەکی فۆڵکلۆری .

بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە تا ئێستا ئەدیبێك ، واتە ئەو برادەرانەی بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان بڵاودەکەنەوە بە نامەیەك ئەگەر ئەو نامەیە لە شێوەی رەخنەش بێت یا بۆ پەرەپێدان و کەموکووڕی نیشاندان یان بۆ ئافەرینی و دەست لە شاندان بەشداریان نەکردووە ، هەرچەندە ئەو برادەرانە ژمارەیان بە (دەیانە) بە واتایەکی دیکە ژمارەیان لە چاو کۆمەڵی کوردەواری زۆر کەمە ، بەڵام پێویستە پێشڕەوی ئەم کۆمەڵەبن ئەمەیش وادەگەینێ هەروەکو لە ئەلقەی یەکەمدا لە بەشی (وتەی بەرنامە)دا ، وتمان : ئەو بەرنامەیە بەرنامەی زۆربەی هەرە زۆری کوردەواری خۆمانە.

خۆشەویستان ، ئەو نامانەی گەیشتۆتە دەستمان لە دووزخورماتووە بۆ کەرکوك و دەوروبەری ، کەمێك لە سلێمانی ، کەمێك لە دهۆك و ئاکرێ ، زۆربەی نامەکان لە شاری هەولێر، رواندوز تا مەخمور، لەلایەکی ترەوە لە کۆیە تا ناحیەی خەبات، ئێمە لەلای خۆمانەوە بەم دیاردەیە خۆشحاڵین و خۆزگەی فراوانی جوگرافی دەخوازین ، تا ئەوکاتەی هەست بەوە دەکەین کە بەرنامەکە بەشی نەك ناوچەیەك ، یان گوندێك بەڵکو هەموو ماڵێکی تێدا هەیە

## کۆڕی ماتەمینی..

پێشەکی بەناوی خۆمان و بەرنامەی لە کەلەپوورەوە سوپاسی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەکەین بەبۆنەی سازکردنی کۆڕی یادکردنەوەی خوالێخۆشبوو محمد تۆفیق ووردی ، شۆڕە سواری مەیدانی فراوانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، هەروەها سوپاسێکی گەرمی مامۆستا عمر ابراهیم عەزیز دەکەین کە لە یەکەم ڕۆژی بیرکردنەوەی بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە داوای لێکردین بە خۆمان و بەرنامەی لە کەلەپوورەوە بەشداری لە یادی ووردی بکەین ، هەروەها سوپاس بۆ ئەو مامۆستاو ئەدیبانە کە هەر یەکەو لە ڕاست خۆیدا بەشداری لایەنێکی ژیان و بەرهەمی ووردیان کرد ، مەمنونیش بۆ ئەو خوشك و برایانە کە ئامادەی کۆڕەکە بوون بەڕێزان .. لەو ڕۆژەوە کە بیرمان لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی تایبەت بە کەلەپووری میللەتەکەمان کردەوە ، لەلای خۆمانەوە بڕیارماندا پێویستە ئەم بەرنامەیە واتە بەرنامەی (لەکەلەپوورەوە) بەرنامەیەکی جەماوەری بێت ، هەموو بینەرێك مافی بەشداربوونی تێدا هەبێت ، هەروەها هەوڵی ئەوەیش بدرێ لە ناوچەیی بەدەربێ ، بە واتایەکی دیکە پێویستە هەروەك لە خۆمان ڕادەبینین هەموو شێوە زمانی کوردی تێدا بەشداربێت و بڵاوکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر خزمەتی کەلەپووری نەتەوەکەمان بکەین ، هەروەها بڕیاری ئەوەماندا گۆشەی تایبەتی بە نێوی (لەیادی نەمراندا) بۆ فۆلکلۆر پەروەران و شۆڕە سوارانی مەیدانی ئەدەبی فۆلکلۆر کە ئەمڕۆ ئێمەی فۆلکلۆر پەروەران لە دوای سەگڵاوی ئەواندا نەرمەغار دەکەین هەر یەکەو لە ڕۆژی مردنیدا یاد بکرێنەوە.

گۆشەی یەکەمیشمان لە یادی مامۆستا علاالدین سجادی سەر دەستەی ئەدیب و زانایانی کورد بوو ، ئەمجارەشیان لە یادی محمد تۆفیق ووردی دا ، بە یەك دەگەینەوە خوایاربێ بەڵێن بێ وەك ئەرکێکی سەرشان یادی هەموو فۆلکلۆر پەروەرێکی خوالێخۆشبوو لەم بەرنامەیە دەکەینەوە لە کۆتاییدا هەر

ئەوەندە مابوو بڵێن مامۆستا ووردی ئەمڕۆ ڕۆژی ڕەوسەبڕکردنە بۆیە دەڵێین خەرمان بەرەکەت ، رەحمەت لە دایك و باوکی ئێوە ، ئێوەیش بڵێن خێروبەرەکەت .

## ساڵگەرد..

پرسیارێك لە خۆمان دەکەین و دەڵێین: لەماوەی یەك ساڵدا لە بەرنامەی لە کەلەپوورەوە چیی پێشکەش کردووە ؟ لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بەگشتی دەڵێین :

لە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٣ کە دەکاتە ڕۆژی پێشکەشکردنی ئەلقەی یەکەم تا ئێستە (٢٣) ئەلقەمان ئامادەو پێشکەش کردووە .

لە وتەی بەرنامە باسی ئەوانە کراوە : بۆ ئەم بەرنامەیە ؟ بانگەوازێکی فۆڵکلۆرانە ، سێزدەبەدەر ، لە یادی ووردی دا .

بە فلیمی سینەمایی ئەمانەمان نیشانداوە : پێشانگەی فۆڵکلۆری ، تەونوتەون کاری ، لانك و منداڵ پەروەردەکردن ، کەلو پەلی کشتوکاڵ ، ڕاوەتاژی ، کەلو پەلی هەمەجۆری کوردەواری .

میوانداری ئەدیب و ئەدەب دۆستان بە تایبەتی ئەو فۆڵکلۆر پەروەرانە : خالید جوتیار ، عەزیزی مەلارەش ، داود شڕۆڵ ، عمر ابراهیم عزیز ، تاریق جمباز ، دکتۆرە شوکریە رەسول .

میوانداری چەندان هونەرمەندی میللی شاردراوەو نەشاردراوە، بەڕێزان : تەنیا عارەب ، محمد ئۆمەراوەیی ، محمد حسین شمشاڵ ژەن ، سعید باداوەیی ، حسین کێشکەیی ، فاخر ئاودەل .

ئەم گۆشانە پێشکەشکراوە : حەیران ، لاوك ، پەندی پێشینان ، مەتەڵ ، بەیت ، هەقایەت ، نامەی بینەران ، میوانی بەرنانە ، دیاری بەرنامە ، هۆنراوە ، روونکردنەوە ، هەواڵی فۆڵکلۆری ، وتەی بەرنامە ، کتێبی ئەمجارە ، عادات ، دوعا لێکردن و چەندانی دیکە .

لە گۆشەی یادی نەمراندا تا ئێستە یادی مامۆستا علاالدین سجادی و محمد تۆفیق ووردی کراوەتەوە .

سوپاس بۆ هەموو بینەرێك كە بە زۆروكەم بەشداری لە بەرنامەی لە کەلەپوورەوەی کردووە ، بە تایبەت ئەوانەی دیاری کەل و پەلیان ناردووەو لەکاتی خۆیاندا نێومان خوێندونەتەوە، ئەوانەی بوونەتە سەربازێکی وون، وەکو هونەرمەندان دارا محمد علی ، احمد عبدالرحمن ، سالم سولتان ، دلشاد عەوێنەیی ، جیهانبەخش کۆیی ، مامۆستا وریا احمد ، علی محمد رەمەزان ، نوری جابر ، محی عبدالسلام ، حمید کازم ، کریم حمدو ئەو خوشك برایانەی سینەماو ڤیدیۆ ، تەحمیز و دەنگ و ئەندازیاری و رووناکی ، داوای لێبوردن لەو خوشك و برایانە دەکەم ئەگەر ناویانم لە یاد کردووە .

## داب و نەریت..

دەمێکە وتراوە کە هەموو میللەتێك خاوەنی دابونەریتی تایبەتی خۆیەتی ، مەرجیش نیە ئەو داب و نەریتە هەمووی جێگەی شانازی رۆلەکانی بێت ، نەخێر بەڵکو گەلێ داب و نەریت هەن بۆگەنەو مایەی شانازی نەوەی نوێ نییە ، کەچی مۆرکی تایبەتی ئەو میللەتەی پێوەلکاوە ، بۆ خۆمانیش دەڵێین : ئەوەیە کوردە حەیاتەکە باش و خراپی رابردوومان مولّکی خۆمانە، پێمان خۆش بێت یا بە پێچەوانە. کەچی هێندێك هەن تا ئێستەیش نەیانتوانیوە بخزنە ناخی رەش و رووتی ئەم میللەتەو لە نزیکەوە هەست بە ئێش و ئازاریان بکەن ، دوورنییە ئەگەر بێت و هەواڵی داب و نەریتی میللەتێکی ئەم جیهانە جگە لە میللەتی خۆی لێ بپرسی وەك بەغا بێتە وەڵام و هەموو کەلەبەرێکی بچووك و نهێنی ئەو میللەتە بێگانە بۆت نیشان بکات یان پرسیاری زاراوەیەکی بێگانەی لێ بکەیت بنج و بنەوانی دەردێنێ ! کەچی لەراست نەریتی کۆمەڵایەتی تایبەتی خۆی نا بەڵەدە ، زۆریش ! ئەگەر زاراوەیەکی کوردەواری بخەیتە بەردەمیان ، وەڵامەکەیان لەوە زیاتر نیە کە دەڵێن : ئەمەیان

ناوچەییەو لە هێڵی درێژی ئەوەندەو پانی ئەوەندەی جوگرافیا تێپەڕنەبووە بۆیە وەبەر گوێمان نەکەوتووە !

لەوکاتەی هێندێك وشە وەك زبارە ، بێشە ، دڕدۆنگ... هتد، دەکەوێتە سەر مێزی موناقەشە وەك بڵێی هەندێك لەپشت بەردی کەڕویێ ئاگاییدان، گاڵتەیان بەم وشانە دێت! بۆ ؟ هەروەکو گوتمان : لەبەر ئاگردانی کوردەواری دوورن .

لە زۆر جێگەدا ، لێرەو لەوێ دەربارەی دابونەریتی کوردەواری گوێمان لە چەند رایەك دەبێت ، ئێمەیش وەك بەرنامە کە تایبەتە بە کەلەپوور ئەو چەند ڕایانەی گوێ بیست دەبین ، دەکەینە هەوێنی وتەیەکی بەرنامە بۆئەوەی بینەری خۆشەویست بەشداری ئەم رایانە بکەن ، ئەوەی بەکەڵك بێ سوودی لێ وەربگرن ، ئەگەرنا هەر نەبێ ئاگاداری گفتوگۆی ئێستەی مەیدانی ئەدەب و کەلەپووری نەتەوەکەیان بن. ئەمجارەیان باسی نەریتێك دەکەین کە تائەمڕۆ لەبەر چاوماندایە ، هیچ نەبێ هەفتەی جارێك پەیڕەوی دەکەین ، ئازیزان هەندێك نەریت هەیە ئەگەر لە رۆژانێکی ساکاردا رووبدات ئێمەی کورد بە کارێکی ناشرینی دەزانین، بەڵام لەڕۆژی تایبەتدا شانازی پێوە دەکەین بۆ نموونە : ئەگەر هاتوو یەکێك لە ئێمەمانان ژن بێنێ ، بەدوای دۆست و ئەحبابدا دەنێرێ ، کوردیش بە گشتی لە رۆژی ژن هێناندا دۆڵ و زووڕنا ئامادە دەکاو کوڕگەل و نەشمیلانی گوند یا گەڕەك دەست لە ناو دەست شایی ڕەشبەڵەك دادەمەزرێنن ، ماڵی زاوا بۆ ئەوەی شەرمەزاری دۆست و خزمانی خۆیان نەبن، کچان و ئافرەتانی بنەماڵەی خۆیان بە رازاوەیی دەنێرنە دەستی شاییکەران چونکە لە عورفی کوردەواریدا کچ یان ئافرەت ناردنە دەست میوان ئەوە دەگەینێ کە رێز لە میوان نراوەو بە پیاوت زانیوەو مەنزلەتی تایبەتی خۆی لەلای بنەماڵەی زاوا هەیە ! خۆ ئەگەر ماوە ماوە ئەو کچانەی دەستیان بگۆڕدرێن ئەوە تا دونیا ماوە هەردەستی ئەشهەدوبیللا بۆ ماڵی زاوا لەسەر سینگە! کەچی لە رۆژێکی دیکە لەگەڵ هەمان میوان ئەو کارە روونادات ،

خوانەخواستە ئەگەر رووبدات ئەوە پیاوی لەسەر دەکوژریٚ پیٚمان خۆش بیٚت یان ناخۆش ئەوە نەریتی کوردە حەیاتەکەیە ، کوردیش لەهەر شویٚنیٚك بیٚت لەهەر کات و ساتیٚك بیٚ شایی کوردی بەتایبەتی ڕەشبەڵەك بۆتە مۆرکی تایبەتی تایبەت، هەرچەندە ئاینیش ئەو رەشبەڵەکە پەسند ناکاو بە گوناهی لەقەڵەم دەدا ، خۆزگەیش دەخوازین کەس لیٚمان زوویر نەبیٚ ، ئەگەرنا با ئەو پەندە پەیڕەو بکەن کە دەڵیٚ : نان بۆ نانەوا ، گۆشت بۆ قەساب

## لەیادی نەمراندا..

بینەرانی ئازیز ، لە ئیٚوارەی رۆژی ١٩٨٤/١٢/١٣دا ، دڵە گەورەکەی سەردەستەی ئەدیب و زانایانی کورد مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە لیٚدان کەوت و تەرمی پیرۆزی لە نزیك گۆڕی شیٚخ رەزای تاڵەبانی لە گۆڕستانی شیٚخ عبدالقادری گەیلانی لەشاری بەغدا نیٚژرا ، هەواڵی کۆچکردنی سەجادی دڵی هەموو گەلی کورد ، بە تایبەتی ئەدیب و ئەدەب دۆستان و ئاین پەروەرانی خەمناك کرد .

سەجادی رەحمەتی بە هیٚمنی ژیا، بە هیٚمنی ماڵئاوایی کرد ، رەحمەتی ئەستیٚرەیەکی گەش و پرشنگداری ئاسمانی ئەدەبی کوردیمان بوو، بۆ ماوەیەکی دوورو دریٚژ سەگڵاوی خۆی لە جیهانی ئەدەب و فۆڵکلۆرو رۆژنامەنووسی تاودا .

مامۆستای زانای نەمر بە رەوشت بەرزی خۆی پەیوەندیەکی پتەوی لە گەڵ هەموو چینەکانی گەلدا پەیدا کردبوو، رووداوی سەیرو چیرۆك و بەسەرهاتی فۆڵکلۆری لە دەم وەرگرتن و تۆماری دەکرد، ئەنجامی ئەو هەوڵ و تەقەلا پیرۆزەی هەشت بەرگی شاکاری رشتەی مرواری بوو، کە بەرگی یەکەمی لە ساڵی ١٩٧٥ بەچاپ گەیاندووەو هەشتەمیش لە ساڵی ١٩٨٣دا ، چاوی خویٚندەواری کوردی پیٚ گەشایەوە .

مامۆستای نەمر خزمەتیٚکی زۆری میللەت و ئەدەبی کوردی کردووە،

نزیکەی (٢١) کتێبی بەچاپ گەیاندووە ، لە دەرگای هەموو بابەتێکی داوە ، لە ساڵی ١٩٧٤دا ، لە بارەی داب و نەریت و سامانی نەتەوایەتی کتێبی (کوردەواری) بڵاوکردۆتەوە ، ئەو زاتە پاکە بە شۆڕە سوارێکی لێهاتووی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دەژمێردرێ ، هەقی خۆیەتی لە بەرنامەیەکی وەك بەرنامەی (لەکەلەپوورەوە) هەر نەبێ هەموو ساڵێك یادی بکرێتەوە .

رەحمەتی ناوی (علاوالدین نجم الدین عصام الدین) لە بنەماڵەی ناوداری (سەجادی)ە ، لە کوردستاندا لە ساڵی ١٩٠٧ لە دایك بووە ، بە فەقێیەتی لە مزگەوتی شێخ جلال و حاجی مەلا رەسول لەشاری سلێمانیدا ماوەتەوە تا ساڵی ١٩٣٨ ، ئیجازەی مەلایەتی لە لای مامۆستا شێخ بابە علی تەکیەیی وەرگرتوەو چۆتە بەغدا .

- لە ساڵی ١٩٣٩وە ، چووەتە مەیدانی رۆژنامەوانی .
- لە ١٩٤١ – ١٩٤٩ بووەتە بەڕێوەبەری گۆڤاری گەلاوێژ .
- گۆڤاری نزاری بە کوردی و عەرەبی دەرکردووە .
- لە ١٩٥٨ – ١٩٧٤ بووتە مامۆستای ئەدەب و مێژووی ئەدەبی کوردی لە کۆلیژی ئادابی بەغدا .

مامۆستا سەجادی لە دڵی هەموو کوردێکدا دەمێنێ ، تۆ بەرزی ، نەمری ، سەرفرازی ، دڵۆپێك فرمێسك بە قەرێتەی مامزێکی دەشتی قەراج بۆ سەجادی گۆڕستانی شێخی گەیلانی .

چەپکێك نێرگزی پاڵ شاخەکانی کوردستان بۆ سەر مەزاری سەجادی لە گەرمیاندا .

لە کۆتاییدا دەڵێین : خەرمان بەرەکەت سەجادی نەمر .

لە رۆژی سێ شەممە لەسەر چوار شەممە رێکەوتی ٢- ١٩٧٥/١٢/٣ دڵی مامۆستای پێشکەوتوو خوازو نیشتمان پەروەر محمد تۆفیق مووردی فۆلکلۆر پەروەر لە لێدان کەوت. ووردی نەمر مرۆیەکی بە وەفاو ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی وێژەی کوردی بوو، بە درێژایی ژیانی چەرمەسەری هەوڵی مەردانەی

تاکە کەسی و تاکە سواری مەیدانی کەلەپووری نەتەوایەتی کوردبوو ، ووردی هەمیشە نەمر بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی بناغەی فۆلکلۆری کوردی دادەنرێت لە تەك خوالێخۆشبووان : مەلا مەحمودی بایەزیدی سەجادی ، جگەرخوێن و جیاووك چەندانی دیکە .

ووردی مرۆڤێکی دڵ ساویلکەو خەمخۆرێکی گەورەی وێژەی کوردی بووە بەگشتی ، ڕۆلەیەکی بە جەرگی مەیدانی جیهانی فۆلکلۆری کوردی بووە بە تایبەتی کە تا دوا هەناسەی ژیانی هەرخەریکی کۆکردنەوەو لە چاپدان بووە، تا رۆژی مردنی نزیکەی (٤٤) کتێبی هەمەجۆری بە زمانی کوردی، عەرەبی چاپکردوە وەکو: گاڵتەوگەپ، مەکری ژنان، دادپەروەری ، قسەی خۆش ، لاس و خەزاڵ ، حەسەن و مەریەم ، خانزادو لەشکری و چەندانی تر .

ووردی ئەدیب و رۆژنامەنووس و شاعیر لە ساڵی ١٩٥٦ چامەیەکی دووسەت دێڕی بە ناونیشانی (ویستم ژن بێنم) داناوە کە لە سەرەتادا دەڵێ :

*ویستم ژن بێنم ویستم ژن بێنم*
*خۆم لە چاڵی تەنهایی دەربێنم*
*ویستم ژن بێنم چونکە ژیانم*
*بەبێ هاوسەر تاریك پڕ تەم ئەبێنم*
*ویستم ژن بێنم چونکە ئاوارەم*
*کەس نیە خەمی پێ بڕەوێنم*
*ویستم ژن بێنم چونکە هەزاران*
*برین لە جەرگ و دڵم ئەبینم...هتد*

مامۆستا مستەفا نەریمان کۆنترین برادەری خوالێخۆشبوو ووردی یە، ویستویەتی بەهەمان شێوە دڵی بداتەوە بۆیە چامەیەکی (١٢٧) دێڕی داناوە وەك وەڵامێکی چامەکەی ووردی ، مامۆستا نەریمان دەڵێ :

*ووردی وادیارە ویستت ژن بێنی*
*دۆزەخی دونیا بەچاو ببینی*
*ووردی بۆ وەها بۆ ژن هیلاکی*
*بۆ وا بێزاری لە داخی تاکی*
*توخوا گوێ بگرە لە کاك نەریمان*
*تا بۆت هەڵڕێژێ باسی ژن هێنان*
*ئەوساکە ئەڵێی رەبەنی خۆشە*
*ئەوی ژن بێنێ بێ عەقڵ و هۆشە*
*ووردی عاقڵبە نەکەی ژن بێنی*
*تۆی دەردو خەم لە دڵ بچێنی...هتد*

بینەرانی ئازیز ، دەزانن مامۆستا ووردی بەر لە مردنی لە گفتوگۆیەکی رۆژنامەنووسیدا ، لە گۆڤاری (الاسبوع العربی) بەرامبەر بە خۆزگەی دووا رۆژی چیی وتوە ؟ رەحمەتی لەم گۆڤارەدا وتویەتی : خۆزگە دەخوازم مۆزەخانەیەکی تایبەت بە کەلەپووری فۆڵکلۆری نەتەوەکەم هەبوایەو تەرمەکەیشم هەر لە باغچەی ئەو مۆزەخانەیە بنێژرایا .

خۆزگەی ووردی و خۆزییە هەموو خۆزی داران دەخەینە کۆشی ئافرەتێکی چلەدار.

# کارە میللیەکان..

## تەون و تەونکاری

لــە هــەموو لایــەکمان روون و ئاشــکرایە تــەون و تــەونکاری پیــشەیەکی میللییــەو زۆربــەی هــەرەزۆری کــوردەواری خۆمــان ئــەم پیــشەیە لــە نێــو مــاڵی خۆیانــدا دەکــەن ، ناومــاڵ و دیوەخــانی پــێ دەڕازێننــەوە ، بــۆ چ ماڵێــك هەیــە رایڕخــی لاکێــشەی رەنگــاورەنگی لــێ رانــەخرابێ و میــوانی ئــازیزی لەســەر دانەنیشێ ؟ یان لە کۆنەوە لە دیوەخانی برا گەوران هەر لە سەر ئەم مافورە چــەندان هــەزار جــار راو تــەکبیری لەســەر کــراوە یــان نــەخش و نیگــاری نەخشکەری ئەو مافورانە بوەتە گفتوگۆی شــەوانی دانیشتنی کوڕە لاوان و پیاوماقولانی کــوردەواری ، ئــەو کــارەی دەســت بەخەنــەو چــل و چــوار کــەزی کیژۆلانی باغەر شۆڕ هەردەم تا ئەو دونیایە ماوە بوەتە جێگەی سەرسوڕمانی خەڵکی سەوادی کوردەواری خۆمان ، خۆزگە دەخوازین ئەو کارە میللیە لە نێو نەچێ ، خۆزگەی بەردەوامی بۆ دەخوازین .

بەشەکانی تەون

سمتەك : دووداری درێژی دوو مەتر زیاترە، سەریان دوو گوێیە ، ژێرەوەی ئەو دوودارە کوونە .

سەرەتان : ئەو سەرو ئەم سەری دەکەوێتە سەر سمتەك .

بنەتان : دەچێتە هەردوو کوونی ژێرەوەی سمتەك، بەیەنی سێ (تا) دەپێچرێ .

رایــەڵ ، قــامیش ، دار گــوورد ، بــەنگوورد ، بــەرگوورد ، بــن تڕنــە ، کێــسرە ، زەمۆمە یان سپێر ، نەزانە گۆمك ، پیشك ، ڕنۆك ، گیزان ، مقەس .

گە : بریتیە لە (٨) داوە ڕایەڵ (٤) گووردەو (٤) شێرە، لەدووای ئەمە دەبێتە چێڕك.

جۆرەکانی بەن : خاووك ، کشت بەهەردوو جۆری پشتەك و فرێت ، دوولارە ،

سێ تا ، خرێنه ، ئەمه وەك (سێ تا) وایه ، بەڵام بەن نییه بەڵكو مووه .
بەشـەكانی مـافوور : لێـوار، رەوشـت، مێـراب، قووچـەك، سـێوەرۆك، سـپیلك، عەردی مافوور، ساكار.
بەرهەمی ئەم ئامێره : مافوور بەهـەموو جۆری، بەڕەو تەشكە بەڕ لـە هـەموویان بەنێوبانگ تر بەڕەی نەخشین ، تێركه ، توور ملاكدان ، تەخته ڕەشماڵ ، جەواڵ یا خرار ئەمەیان له مووه ، تێر ، قەرێتەو گەلێ شتی دیكه .
هەرزاڵـەیش ئـەو شـوێنەیه كـه تەونكـەر لـه سـەری دادەنیشـێ ، تـەونیش بـه یـەك یان دوو ئافرەت دەكرێ .

## لانك ، بێشكه

بێشكه یەكەم قۆناغی ژیانی مرۆڤه ، لانك دەورێكی یـەكجار ئەفسوناوی لـه ژیانمانـدا هەیـە، بـۆ چ منـداڵێكی كـوردەواری هەیـە بەدەسـرازەی سەوزوسـوور لـەنێو لانكـدا نەبەسـترابێتەوه ؟ بـۆ چ دایكێـك هەیـە لـە ترسـی بـە چاوچـوونی منداڵەكـەی مـۆرووی شـینی بەلانكـدا شـۆڕ نەكردبێتـەوه ؟ بـۆ چ منـداڵێك هەیـە پارچه دار بەڕوێكی نەكەوتبێته نێوگەلانی و ئاشنایی لەگەڵ پەیدا نەكردبێ ؟
كێ لـه ئێمەمانـدا بـه مەلۆتكەیی پارچـه نانێـك و دەرزییـەكی لەسـەر سـینگ دانەنراوه ؟ كێ له كوردەواری شەوارەی بۆ نـەگیراوەو بـه گوریـسی ڕەش پـەرژین نەكراوه ؟ بۆ كەس هەیه دڵی له ئاهو دوعای دایكی چلەدار نەترسابێ، هـەروەها چەندان هەزارجار بەچاوی خۆمان بینییه كه دایكی چلەدار بەرۆكی خـۆی بـەرەو ئاسمان به مەبەستی خۆزگه خواستن والادەكاتەوه .
لەوكاتـەی دایـك لـەژان و ژووری منـداڵ بـوون دەربـاز دەبێـت مامـان كۆرپـه ساواكەی دەكاته مەلۆتكەو لەسەر بێژینگێك دایـدەنێ ، لـه پاش ماوەیـەكی كـەم فێـره نووسـتنی لانكی دەكـەن ، ئینجا بـۆ نـاو لـەلوولگ ، لـه دوایـدا دێتـه ڕیـزی گەوران .
بەشەكانی لانك : لانك لەسەر چوار پێچكه رادەوەستێ ، دووسـەری هەیـە ، دوو

تـەپان ، دوو قورشـاغی تـەپان ، دوو (یـان) جۆتـەك کـەوە ، چـوار (شـە) سـێ پـشتۆکی نـاوی ، دوو ناولانـك ، سـایك یـان پـردی سـەرەوە ، سـێ کویـشکە ، دەسرازە ، پێش لانك ، بالیف ، سەرین ، دۆشەك ، سەرلانك کوللە ، دووگرد ، کۆچك ، بلووری کوڕان ، و کچان .

## ئاشی ئاوێ..

**ئاشی ئاو بریتیە لە:**

تـەپانی ئـاش : ئەمـەیش تەختـە دارێکـە درێـژی دوو مـەترەو پانیەکەیـشی (٣٠)سم .

گوللەتۆپ : بریتیە ل بەردەکی گچکەی مەیلەو خڕە دەکوێتە نێو قۆرتی تەپانە.

بستەی ئاش : ئاسنێکی دوومەتریەو نزیکەی (٣) تا (٤)سم، پانە، سەرێکی ئەو بستە نزیکەی (١٠)سم ، دەچێتە ناو کوونی تۆپەکە ، سەرەکەی تریش لە کوونی بەردە ئاشی بنەوە دێتە دەرێ .

تۆپـەڵی ئـاش : ئەمـەیش بـە قـەدەر بـستەك ئەسـتوورەو کـونێکی لـە ناوەڕاسـت دایە، چەندان پەرەی هەیە بەهێزی ئاو دەسوڕێ .

پێی ئاش : بریتیە لە دووبەرد ، سەرەوژێرەوە ، هەر بەردێك لەمانە لە چوار بەردی خڕ پێك دێ و بەتۆق لە یەکتر دەبەسترێ .

تەوری بەرد : پارچە ئاسنێکی کووندارەو دەکەوێتە سەر بستەی ئاش .

دۆرانە : شوێنی دانانی باراشە .

کۆلەکی دار : گەنمەکەی پێدا دەچێتە خوارەوەو بۆ ناو سۆنیلە .

سۆنیلە : شێوەیەکی کەوانەییە گەنمەکەی پێدا دەچێتە ناو کوونی بەردەئاش ، لەوێوە دەچێتە نێوان هەردوو بەردەکەو دەیهاڕێ و دەبێتە ئارد .

چـەقەوانە : دارێکـە درێـژی مەترێکـە، سـەرێکی بەسـتراوە بـە سـۆنیلە ئـەوەی تریـشی دەکەوتـە سـەر بـەردی ئاش، کە لەبەردەکە دەدات دەبێتـە هـۆی ئـەوەی گەنمەکە لە دۆرەدانە بەچاکی بێتە خوارەوە .

تەنـدووره : کـاتیٚ ئـاو لەسەرچـاوه لەشـوێنێکی بـەرز دێتـه نێـو حـەوزێك پێـی دەڵێن تەندووره .

پۆشـکه : بۆڕییەکـه لـه ژێـرەوەی حەوزەکـه ئـاو دەباتـه سـەر پـەڕەکانی تۆپـەڵی ئاشەکه بۆ خێرا سووڕانی ئاشەکه .

مرخه : دارێکه بەدەست ئاشەوانەوە، به هۆی ئەو دارەوه پیٚ ئاشـەکه بەرزو نـزم دەکات بۆ درشتی و ووردی ئاردەکه .

بەناوبانگترین ئاشی ناوچەی دزەییـان : ئاشـی شـێخی چۆلی لـه قەسـران نزیـك مـەخمور ، ئاشـی عـەزەو قونیـان ، ئاشـی عـەرەب کەنـدان ، لـه کۆتاییـدا خۆزگـه دەخـوازین ئـەو کەلوپەلـه لـه نوێـوه دروسـت بکرابایـەو لـه مـاڵی یـەك وەسـتا بەناوبانگەکانی ئاشی ئاو بپارێزرایه ، خۆزگـه ئەگـەر ئێوه بخـوازن ئـەو خوایـه دەزانی کەیفم پیٚ دیٚ

## راوه تـاژی ، تـا نجی

لەدێر زەمانەوه راوه تاژی له کوردستاندا بـه تایبـەتی لـه نێو کوردواریـدا تـا ئـەو چـەند سـاڵەی دوایـی بـاوبوو، ئێـستەیش تـاکو تـووك لەشـوێنی جیاجیـا عاشقی خۆی هەیـه ، بەڵام بەرەو نـەمان دەچیٚ ، ئـەو وشـەو زاراوەو ئامرازانـەی پەیوەندیان بەڕاوه تاژی هەیه وورده وورده لەسەر زمانان نامێنن لەبیر دەچـنەوه ، تـەنیا لـه بـەیت و بـاودا ماوەتـەوه، کـه تێگەیـشتنیان بـۆ نـەوەی نـویٚ و ئـەوەی دادیٚ دژوارو گرانه ، یان گران دەبیٚ .

بینـەرانی زێـده ئـازیز ، دەوەرن بەچـاوی مـن و عاشـقه ڕاوان بڕۆنـنه بـەژن و باڵای راوچیانی ئـەو دەشـته کـاکی بـه کـاکی یـه، نـاوەڵا وەرن بەچـاوی کـچەتیم حەیرانیٚ بڕۆننه شان به بڕنۆیان، ناوەڵا نیك بەشەشاگران، دەنگۆ زەینی خۆتـان بدەنـەوه کـڵاوو جەمـەدانییٚ نـاوەڵا هـەوری و مـشکیٚ ئـەو راوچییه جوامێرانـه، هەی بمرم له بۆ تەرادو نەرمه غارو خۆشمەو پڕ بەپێی ئـەو شـۆڕه سـوارانه، دەك نـەمێنم لـه بـۆ ئـەو رۆژەی، ئـەوەی دەمـیٚ ، کـه راوچـی پـیٚ لـەرك بانـەو دەسـت

لەسەر دگدگەی زینیە کاتێ دەڵێ : (دیارە) واتە نێچیر دیارە ، ئەوجا هەریەکە شانازی بە تاژی خۆی دەکاو خۆزگەی (ڕستی) دەکا ، خۆ ئەگەر تاژیەکەی بپێکێنێ ئەوە بە زەردەخەنەو دەست بە سمێڵ داهێنان بەرەو جێژووانی دەگەڕێتەوە ، ئەگەر خوانەخواستە بە پێچەوانە بێ ئەوە ڕەنگ زەردو لێو بەبار بە ملکەچی و هەناسە ساردی لاتەریك دزەی دەکا .

دەك نەمێنم لۆ هۆهۆ ، هەی هەی ، شینکە ، بۆرە ، خەنە ، شلە ، بەم دەنگانە ڕاوچی هانا وەبەر تاژی خۆی دەباو خۆزگەی بکوژی دەخوازێ .

تاژی یان تانجی ، سەگێکی درێژو باریك و ناسك و رووتەیە ، دەمێکە وتراوە " تاژی شازادەی سەگانە "

توندوتۆڵە ، دەبەزی ، تاژی هەرچەندە بەرزو تەنگەی گورج ترو سەرو کەللەو دەم و لمووزی باریکترو ڕەقترو درێژ بێت پەسند ترە ، بە نێرەی دەڵێن : (گۆڵ)و مێیەکەش پێی دەگوترێ : (دێڵ) .

ڕەنگەکانی تاژی : تاژی ڕەنگی جۆربەجۆری هەیە وەکو سپی ، ڕەش ، سوور ، نەباتی ، شین، خەزاڵ ، بۆر ، تاڵە ، شڵە ، خورمایی ، خەنەیی ، گورگی ، پڵنگی ، قەزوانی ، بازوو ، بۆزقاچی و بەڵەك ، ڕەشبەڵەك ، سووربەڵەك و شین بەڵەك .

دەنگی تاژی : لووراندن ، نووڕاندن ، قرووسکاندن ، قووڕاندن ، نووزاندن ، مڕاندن ، ناسکاندن ،

سیفاتی تاژی : خێرا ، تیژ ، پەل ، ڕەشکوژ ، خۆش ڕست ، بەردەست ، دەم سارد ، دەم گەرم ، چێ ، هەرزە ، قرخە ، مەرەس ، بە هەڵم ، بە دەوام .

نەخۆشیەکانی تاژی : سەگ بایی ، شانەڕەقە ، شەکگە ، سەبنێسی ، هاری ، سووزەنەك ،

سوپاسی بێ پایانمان بۆ هونەرمەند کاك عزالدین شریف کە خۆی ماندووکردووە لە گەڵماندا ئەو ڕاوەی بە کامیرای سینەما بۆمانی تۆمارکرد ، سوپاس بۆ ئەو خاڵ و مام و برایانە کە بەشداری ڕاوەکەیان کرد ئەگەر بە ولاخ

**ئەگەر بە تاژی ئەگەر بە سواری ئەگەر بە پیادە سوپاس بۆ بەڕێزان : مەلا علی ، سدیق بەگ ، رشید بەگ ، نوری عبدالکریم ، یوسف شێخ اسماعیل ، حاجی قادر ، خدر رسول ، خۆزگە دەخوازم نموونەیان زۆربێت ، هیچ نەبێ ماوە ماوە یادی ئەو نەریتە کوردەوارییە دەکەنەوە .**

## چاشتە بەرەو عەسرەبەرە..

**لەناوچەی قادر کەرەم دێیەکانی دەوروبەری ، لە سەرەتای وەرزی بەهاردا کە هەموو زەوی بە شاخ و دۆڵ و هەردوو تەلانەوە بەرگی رەنگاوڕەنگ دەپۆشی ، لەم کاتەشدا مەڕو بزن و گیا لە بەرەکانی دیکەش زاوزێیان کردووەو دەکەن ئینجا ڕانەمەڕ بە شەو لە دەرەوە ئەمێننەوە بەمەش دەوترێ (شەوەکەژ) کە لە هەندێ ناوچە پێی دەڵێن (شەوین) بەم بۆنەیەوە خەڵکی دێهاتی گەرمیان رۆژێ دووجار ڕوو لەو هەردەو دەشتە رەنگینە دەکەن بەنیازی دۆشینی مەڕو بزن ، جارێکیان دەمی بەیانی (چاشتەبەرە) جارێکی تر دەمی ئێوارە (عەسرەبەرە) بەیانیان کاتێک کچان لە خەو هەڵدەستن بە چوستی ئیشوکاری ناوماڵ ڕادەپەڕێنن ئینجا بە جلوبەرگێکی جوان و چاوڕشتن ، لەولایشەوە گەنجانی لادێ بە تەزبێح وخەنجەر لەبەر پشدێندا بە گۆرانی چڕین بە تایبەتی مەقامی (قەتار) و (اللە وەیسی) ئینجا هەڵپەڕکێ ، ئینجا کوڕان بەدەنگ و ئاوازێکی خۆشەوە خۆزگەی ناز هەڵگرتنی کچۆڵان دەخوازن ، کچانیش بە مەبەستی لاواندنەوەو بەند پیسانی جحێڵان دەڵێن :**

***سەوزە فژسە وزە سە وزەکەی ماڵم***
***نەخۆش نەکەوی نەشکێنی باڵم***
***هەر کێوێ بەرزبێ ئەیکەم بەبێستان***
***شەمامە بگرێ بۆ دەستی دۆستان***

لەم لاوە شوانەکان مەڕی خۆیان لە پەچادا خەواندووەو هەر شوانێك چیلکەداری ئامادەکردوەو چای لێناوە ، دووزەلە یان شمشاڵی خۆی ئامادەکردوە ، چونکە ئەزانن بە گەیشتنی کوڕان و کچان ئەبێتە بەزم و هەڵپەرکێ ، زۆربەی هەرە زۆری شوانەکانیش شارەزان لە ژەنینی دووزەلەو شمشاڵ ، پاش هەڵپەرکێی کوڕان سەری بزنان دەگرن بۆ کچان تا هەموویان دەدۆشن ، پاشان هەر کەسە جامیلکەیەك شیر گەرم ئەکات بەنانەوە ئەیخوات ، دوای پشوودانێك وورده وورده بەرەو ماڵ دەکەونەڕێ ، کچان بەدەم گۆرانی و قسەی خۆش و بە تامەوە کەنگر و هەپڵۆك و پیشووك ئەکەن تا بەمجۆرە تاوێ گۆرانی تاوێ ڕۆیشتن تا دەگەنەوە نزیك ماڵان گۆرانی دەڵێن :

***نەشمیل نەشمیل نەشمیلانە***

***دەم بچکۆڵەی لێو قەیتانە***

***دەمەکت بێنە بیخە ناو دەمم***

***بەڵکو ساکێن بێ دڵەی پڕ خەمم***

پاشان لێکجیا ئەبنەوە بۆ ڕۆژی دادێ ، بەمجۆرە هەتا شەوەکەژ تەواو دەبێ .

## سابوونی خۆکردی..

لەکاتی خۆیدا ، واتە بەر لە پەیدابوونی سابوون و تایت ئەم کوردەوارییەی خۆمان بەمکارە مللیە هەڵدەستان بۆ پاککردنەوەی جل و بەرگیان .

سابوونی خۆکرد لە (قلیەشار) و (قسر) و (دۆن)ی ، بزن یان مەڕ سەرەڕای (ئاو) پێك دەهات لە کاتی دروستکردنی سابوون قلیەشارەکەیان وورد دەکرد ، بەشێك لە قلیەشار لە گەڵ دوو بەش قسر لە گەڵ سێ جام ئاو تێکەڵ دەکراو دەخرایە سەر ئاگر ، پاش کوڵاندن ئاوە زیادەکە لە نێو مەنجەڵێك هەڵدەگیرا کە پێی دەوترا (ئاوی بەرایی) ئینجا دوو جام ئاوی خاوێن لە سەر قلیەشارەکەو قسرەکە دەکرا ، دەکوڵا ئەمجارەیشیان ئاوە زێدەکە هەڵدەگیراو پێی دەوترا (ئاوی ناوەندی) ئینجا جامێك و نیو ئاوی تریان لە سەر قسرو قلیە دەکرد

دیسان لە سەر ئاگرەکە بۆ ماوەیەکی تر دەکوڵێنرا ، هەروەها ئەو ئاوەیش هەڵدەگیرا کە پێی دەوترا (ئاوی دوواییّ).

ئەمجارەیان (٢ – ٣) کیلۆ دۆن لە مەنجەڵێك دەیانکولاندو لە ئاوی سێیەم جامێك و نیویان بەسەردا دەکردو تێکیان دەدا ، ئەمجارەیان لە ئاوی بەرایی جامێك ئاو هەروەها لە ئاوی ناوەندیش جامێکیان تێدەکرد بە گشتی تێکدەدار تا ئێرە پێی دەوترا (لۆرکە) بە مانای ئەوە سابوونەکە نیوە کوڵ بووە ، ئینجا لە سەرەخۆ لە ئاوی بەرایی تێیدەکرا تا کۆتایی پیّ دەهات ، ئینجا ئاوی ناوەندیّ ، لە دووایییدا ئاوی دووایی ، بەمجۆرە لە کولاندن بەردەوام دەبوون ، نیشانەی کولاندنی سابوونەکە ئەوەبوو (کشتەکە مووەکیان) دەخستە ناو دۆناوەکە ، ئەگەر تێرکولّ بوایە ئەوا کشتەکە مووەکە پارچە پارچە دەبوو ، ئینجا ئاگرەکەیان دەکوژاندەوە .

قالبێکیان لە قوڕ دروست دەکرد ، دۆناوەکەیان تێدەکرد هەندێکیش پوونگ و ڕەیحان و گوڵ و سۆتکەو قەنەفریان بەسەردا دەکرد بۆن خۆشی ، پاش ماوەیەك سابوونەکە بەتەواوی ڕەق دەبوو ئینجا بە چەقۆیەك پارچە پارچە دەکرا .

ئەمەیان سابوون ، بەڵام لە کوردەواری لە جیاتی تایت (چۆغانیان) بەکار دەهێنا کە ئەمەیش دارێکە لە چیا شین دەبێت بە تایبەتی لە چیای قەرەچووغ ، ئەو دارەیان دەهێناو وشکیان دەکردەوە ، لە دوایییدا لە ناو (جۆنی) وورد دەکرا لە کاتی جل و بەرگ شوشتن بە کاریان دەهێنا چونکە دڕ بوو چرکی بە باشی ڕادەماڵی کەفاوەکەیشی مەیلەو کەسك واتە سەوز بوو .

## فـــاق..

جوتیارەکان لە کاتی جووتکردندا فاق بۆ گرتنی چۆلەکەو ڕەشۆڵە دادەنێنەوە چونکە لەوکاتەی زەوی بە هۆی گاسن هەڵدەکەندریّ (کرم) لە ژێر خاك دێنەدەرەوە ، ئەو گیانلەبەرانەیش بۆ خواردنی کرمەکان کۆدەبنەوە یان

لەسەر (گوفەك) واتە ئەو شوێنەی کە پاشەڕۆی ئاژەڵی تێدا فڕێ دەدرێ یاخود ئەو شوێنەی کە چۆلەکەی زۆر لێ کۆدەبێتەوە (فاق) دادەنرێتەوە بۆ گرتنیان .

بە هۆی فاق دەتوانرێ کۆتر ، ڕەشۆڵە ، بوغاز ، سۆفەقیتە ، بووکە عارەبە ، جووڕەو هی تریش بگیرێ فاق لە (سێزدە) بەش پێکهاتووە : دارێکی (١٥ – ٢٠)سم ، درێژ ئەستووریشی (٢ – ٣) سم ، بەنێکی ئەستوور سەرێکی بە دارەکەوەیەو کۆتاییەکەی گازمالووکەی پێوە بەندە ، گازمالووکە دارێکە لە شێوەی قەڵەم سەرەکەی باریك ترە ، سەرەکەیشی دووفلیقەیە ، دەزی داوێکی باریکە کە بە دارە ئەستوورەکە پێچراوە لە سەرەوە دەنکە گەنمی پێوەیە ، دەنکە گەنم دەکەوێتە سەر گازمالووکە ، تەلی فاق بەشێکی لە سەر دارەکە ڕاگیراوە یان پێچراوە بە شێوەی کەوانەیی ، ئەڵقەیەك بۆ ناوەندی تەلە ڕاستەکە ، شلکە یاخود با تەلێکی باریك و بەهێز لەڤ شلکە دەکەوێتە لای ڕاستەوە ، لاستیك بۆ بەستنەوەی ئەلقە بەدارەکە ، بەنێکی نیمچە دوو ئەلقە بۆ بەستنەوەی تەلەکان ، ئەلقەیەکی تر ئەمەیش لە کۆتایی تەلە درێژەکە بەلای چەپەوە .

## ڕاوە سویسك، سووسکە..

وا باوە لە ناوچەی گەرمیاندا بە تایبەتی (قادر کەرەم) و دێیەکانی دەوروبەری ، لە وەرزی زستان و هاویندا بۆ ڕاوکردنی سوێسك تەپکە دائەنرێتەوە ، کەرەسەی تەپکە لە زستاندا بەمجۆرەیە : چلقك هەڵدەکەنرێت بە قووڵایی (٣٠)سم ، دارێکی دوو لك و دارێکی ڕاستی بچووك ، بەردێکی گەورەش کە پێی ئەڵێن (بان تەپ) هەندێك (کا)و، هەندێك گەنم ، بۆ ئامادەکردنی تەپکەش دارە ڕاستەکە ئەخرێتە سەر دارە دوو لکەکەو بان تەپەکەی بە ئاستەم بەسەرەوە ڕادەگیرێت ، هەندێك (کا) ئەکرێتە بەردەم چاڵەکەو گەنمیش ئەکەنە ناو چاڵەکەوە لە بەر ئەوەی دانەوێڵە لە زستاندا کەمە ، سوێسکە دێت بۆ خواردن و چینە کردن ، کە پێی ئەخاتە سەر دارە دوو

لکەکە ، بان تەپەکە ئەکەوێتە سەریاو لە ناو چاڵەکەدا بەند دەبێت ، پاشان ڕاوچی دەری دێنێ و ئەیگرێت ، ئەگەر سوێسکی نێرەبوو سەری ئەبڕێ ، ئەگەر سوێسکی مێیە بوو ئەیخاتە قەفەسەوە بۆ ڕاوی وەرزی هاوین .

لەڕاوی وەرزی هاویندا ئەمانە ئامادە دەکرێ : سوێسکی مێ لە قەفەس (داو) کە لە کلکی بارگین دروست کراوە ، لە پازدە تاکو هەژدە ئەلقە پێکهاتووە ، دوو مێخ (سینگ) کە لە ئاسن یان دار دروستکراوە ، لەبەرئەوەی لە هاویندا سوێسکی مێ هێلکەی هەیەو لە نێرە جیابۆتەوە ، نێرە بەردەوام دەخوێنێت ، شایانی باسە دەنگی سوێسکی نێرەو مێیە جیاوازییێکی تەواویان هەیە ، کە ڕاوچی گوێی لە دەنگی سوێسکە نێرەکە دەبێت ، خێرا سوێسکی بە پووش دادەپۆشێ و میخەکانی دادەکوتێ و داوەکەی پێوە دەبەستێ ، خۆی لە جێگەیەکی نزیکدا حەشار دەدات ، کە سوێسکی مێیە گوێی لە خوێندنی سوێسکی نێرە دەبێ خێرا وەڵامی دەداتەوەو سوێسکە نێرە هێندە تامەزرۆی دۆزینەوەی جووتی خۆیەتی یەکسەر بەرەو قەفەسەکە دێت و بەدەوری قەفەسەکەدا ئەسوورێتەوە ، لە ناکاودا ملی ئەبێتە داوەکەوە ، کاکی ڕاوچیش چاوی لەم کارەساتەیە بە پەلە لەداوەکەی ئەکاتەوە ، بەمجۆرە بەردەوام ئەبێ لە ڕاوکردندا .

## ڕاوە کەو..

(کەو) ئەو باڵندە جوان و ڕۆح سووك و دەنگ خۆشەیە کە هەر لە کۆنەوە ئاشنایەتی لە گەڵ مرۆڤی کورددا هەبووە ، پلەوپایەکی بەرزو بڵندی بۆ خۆی دروست کردووە ، لە جیهاندا چوار جۆر کەو هەیە ، ئەو کەوەی کە لە کوردستاندا ئەژی یەکێکە لەو چوار جۆرە ، لە گەڵ هەموو کەوەکانی تری دونیا جیاوازی هەیە ، ناوێکی لاتینی وەرگرتووە ، پێی ئەڵێن (کەوی کوردستانی) لە کوردستاندا .

کەو لە بارەی قەبارەی لەشیەوە چوار جۆرە : شوولەکە ، یان باریکە کەو ،

خڕکەو ، کەودەری ، زڕەکەو ، لە بارەی ڕەنگی پەڕی کەوەوە لەولاتی ئێمەدا ئەمجۆرانە هەن : کەوی خۆڵەمێشی ، کەوی سپی کە تێیاندا هەڵکەوتوە وەك بەفر سپی یە ، کەوی ڕەش ، کەوی سوور ، کورد هێندە کەوی لا ئازیزە کە هەموو شتێکی بەسەری هەڵدا گوتراوە لە گۆرانی و پەندی پێشینان و مەتەڵ و چیرۆك و بەندو بالۆرەو سەردوولکەو خەوندا ڕەنگی داوەتەوە، کەو بەمشێوانە وەسف کراوە :

***لایانی پەڕی***
***چاوت چاوی بازانە***
***بژانگت پەڕی کەوێ***
***مەڕ چی دەکرد لۆ بەرخێ***
***هەندەمان یەکدی خۆش دەوێ***
***دەربارەی دەنووکی***
***چاوت ئەستێرەی شەوێ***

***کوڵمت دەنووکی کەوێ***
***باسکت بکە بەسەرین***
***بە جووت خەومان لێبکەوێ***
***هەروەها دەربارەی خاڵ***
***یارێکم دەوێ بچکۆڵەو منداڵ***
***وێنەی بارەکەو یازدەبداخاڵ***

کورد زۆر لە مێژە عاشقی کەوەڕاوی کردووە ، تاکو ئێستە (٢٣) جۆرە ڕاوە کەو دەست کەوتووە ، کە ئەمانەن : ڕاوە نێرەکەو بە داو (شەڕەبەق) ڕاوە ماکەو بەداو (چێڵ کر) ڕاوە سەرکانیی ، ڕاوەداو (سیپاکم) ڕاوە نێرەکەو بەڕۆباد ، ڕاوە ماکەو بەڕۆباد ، ڕاوە سەرکانیی بەڕۆباد ، ڕاوە دێوجامە ، ڕاوە چەشار

(کەوبوار، بەرەڕەت)، ڕاوەشەوارەو چەندانی دیکە .

داوای لێبوردن لە بینەران دەکەین کە ناوی هەموو ڕاوەکانمان نەهێنا ، هەروەها چۆنیەتی ڕاوکردنەکە وشەی کەو وشەیەکی کوردییەو زۆرمانای هەیە ، لە شێوەی (کرمانجی ژوورو) پێی دەڵێن : کەڤ یان کەو ، لە شێوەی (لەکیدا) پێی دەڵێن : ژەرەژ، لەکرمانجی زەرەج ، لە هەورەمان دوراج ، یان دورگ ، لە لوڕ دەڵێن : کوەك یان کۆوك، لە ئازەربێجانیش بە کەو دەڵێن کەکڵ .

**وەری کەکڵی بڵندەلێ وێ تێ لاکی ڕندە**

**پەز هاتینە مەشینە ئاڤرەنگی من بەمن دە**

## خەنجەرسازی..

کورد لەوەتەی هەیە ئاشنایی لە گەڵ خەنجەر کردووە ، بۆ چ کەسێك هەبووە لەنێو کوردەواری نێك و پشتێنی خۆی بە جۆرەکانی خەنجەر نەڕازاندبێتەوە ، هەر لە زەمانی زووەوە ئەگەر بێت و پیاوێ خەنجەرێ لەبەر پشدێن نەبوایە لە نێو مەجلیسان سامی نەدەبوو ، چونکە جوهەری خەنجەر لە هەیئەتی خەنجەر هەڵگر ڕەنگی دەدایەوە .

چەندان جحێڵ و پیاو ماقوڵ و ڕدێن ماش و برنج خەنجەریان بوەتە میرات ، بۆ نەوی نوێ بووەتە سمبولی شانازی ، چەندان نەشمیل چاوی حەزی لە دەسکی خەنجەری بەرپشدێنی کوڕە لاو پێکاوەو بوەتە هەوێنی خۆشەویستی چەندان نەشمیل بێ تاوان بە قسەی بەکرۆکان بۆ هەتا هەتایە بە نائومێدی و بە هەناسە ساردی ناوەتەوە ژێرخاك ! چەندان جار گوێمان بە ئاوازی غەریبی و دڵتەزێنی سەردوولکەی خەنجەر لە پاش بەجێماو زرنگاوەتەوەو زامی ناخی خۆزگەخوازان سارێژکراوە .

خەنجەرو ڕانك چۆغەڵ یان مورادخانی و سەتارخانی لە گەڵ جامانی و هەوری بوەتە شناسنامەی ڕۆڵەی کورد ، چەندان کچەتیم حەیرانی باغەر شۆڕو سەربەتاس و کەمبەردارو خەزێم شۆڕ پەنا دەباتە بەر خەنجەری کوڕەتیم

حەیران بۆ ڕزگارکردن و بە یەك گەیشتنیان گەلێ خەنجەرسازی بە ناوبانگ لە چوارچێوەی کوردستاندا هەیە ، لەوانە : ئەکرەم سالح ، حاجی سعید محمد مستەفا لە شاری هەولێر .

**ناوەکانی خەنجەر :** قەزبێن ، کرمان ، شام ، شینە تیغ ، و چەندانی دیکە .

**ژ** شاخ ، قۆچی گامێش ، قۆچی بزن و بزنە کێوی ، ماهی ددانی فیل ، جامە تەیارە ، سەندەلووس .

جۆرە خۆڵێك هەیە پێی دەڵێن : (زاخ) بۆ بەدیارکەوتنی جەوهەر مشتومالْ دەکریْ ، ئەوشتانەی بۆ خەنجەرسازی بەکاردێت : ئەستریلك ، سەختیان بۆ بەرگ ، لکە قەوانی گرامی قەدیم ، شەب ، هەندێك دەڵێن : ئەو دەسکە دوو پشکە زێڕە ، واتە تاخمێك دەکاتە نۆ ، سوپاسی کاك فریاد حەمە سعید دەکەین کە بە کامیرای سینەمایی خەنجەرسازی بۆ گرتین .

## هەواڵی فۆلکلۆری و کتێب

لە گۆشەی هەواڵی فۆلکلۆری و کتێبی ئەمجارەمان ئەمانەی خوارەوەمان بەسەرکردۆتەوە :

١- چیرۆك و بەیتی لاس و خەزالْ و زەمبیل فرۆش، سعدالله شێخانی .

٢- ژیان و ڤیان ، ئەمینێ ئۆسمان .

٣- بە بۆنەی هەفتەی فۆلکلۆری چوارەمی عێراقی ، پێشانگەی فازلْ شەوڕۆ .

٤- ئەفسانە ، لاوك ، گرانی ، لە فۆلکلۆری کوردیدا ، ئەسعەد عەدۆ .

٥- کتێبا دلینی – حەیرانۆك ، سەرفراز علی نەقشبەندی .

٦- گولێك لە ڕەوسەی فۆلکلۆری کوردەواری ، داود شڕۆلْ .

٧- کتێبی تێکستی چەند هەقایەتێکی فۆلکلۆری کوردی ، سعدالله شێخانی .

٨- یەکەم پێشانگەی کۆمەڵەی وردکاران و پیشەسازانی میللی ناوچەی کوردستان .

٩- پێشانگەی کوردەواری ، فازل شەوڕۆ .

١٠- سترانێت شەڤەروك ا- کتێب ، حجی جعفر .
١١- چاپی دووەمی کتێبی فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری ، محمد کریم شریف .
١٢- پشتگیری کردن لە وتاری مامۆستا ئازاد عبدالواحد دەربارەی مۆزەخانەی سلێمانی .
١٣- پێشنیازی پارێزەر فکرت عزت شفیق بۆ ئامادەکردن و چاپکردنی کتێبی خواردەمەنی کوردەواری .
١٤- کتێبا حەیرانۆك ، احمد عبدالله زەرۆ .
١٥- جموجۆڵی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە .
١٦- کتێبی پایزە خەون ، نۆڤل ، خوالێخۆشبوو محمد مولود مەم .
١٧- کتێبا هەڤال هەڤالوشکێ ، سگڤان عبدالحکیم .
١٨- لە گەنجینەی کوردەواریدا – کتێب ، مولود بێخالی .
١٩- پارچە ئاوازی سەودالێ – ئامادەکردنی ، هونەرمەند وریا احمد .
٢٠- کۆڕی یادکردنەوەی محمد تۆفیق وردی .
٢١- تیپی سالار لە شاری بەغدا شانۆگەری کاتێ هەلۆ بەرزەفڕێی پێشکەشکرد .
٢٢- پێشانگەی تایبەتی دووەمی فۆلکلۆری ، عمر ابراهیم عزیز .
٢٣- چەند سترانێن فۆلکلۆری ، دلۆك ، دکتۆر رەهبەر رێزان .
٢٤- پێشانگەی فۆلکلۆری لە یادی ساڵڕۆژی بەرنامەی لە کەلەپوورەوە لەلایەن قوتابخانەو خەڵکی کۆمەڵگەی پیرزین .
٢٥- کۆڕی کەوو کەوبازی ، فازل شەوڕۆ .
٢٦- بۆ یەکەمجار کاك تاریق ابراهیم شریف بە زمانی عەرەبی لە رۆژنامەی (الاتحاد) لە سەر بەرنامەی لەکەلەپوورەوە دەنووسێ .
٢٧- کەلەپووری نەتەوایەتی – کۆڕ، مولود بێخالی .
٢٨- بۆ یەکەمجار بەکوردی لە گۆڤاری (رەنگین) کاك تاریق جمباز لە سەر

بەرنامەی لەکەلەپوورەوە دەنوسیٚ .

٢٩- لیژنەی فۆلکلۆر لە بەڕیوەبەرایەتی جەماوەری هەولیر دامەزرا .

٣٠- لەهەر تەبارەیەك گوڵمیك - کۆڕ - داود شڕۆڵ .

٣١- کۆبوونەوەی لیژنەی فۆلکلۆر لە هەولیر .

٣٢- هەندیك داب و نەریتی کوردەواری- کتیب ، عمر ابراهیم عزیز .

٣٣- لە کۆکردنەوەی احمد حەیران ، کتیبی دیوانی حەیرانبیژان .

٣٤- گفتوگۆی هاشم جەباری لە گۆڤاری (نوروز العراق) دەربارەی بەرنامە سەرکەوتوەکانی تەلەفزیۆنی کرکوك.

٣٥- کتیبی فۆلکلۆری کوردی بە ئیتالی لە شاری بادۆڤا شۆڕش سورمیٚ .

٣٦- دیداری فۆلکلۆری لە شاری هەولیر .

٣٧- پیشانگەی چوارەمی هونەرمەند ئازاد شوقی لە هۆڵی الرواق - بەغدا .

٣٨- کتیبی گلگامش ، وەرگیڕان ، سەلاح سعدالله .

٣٩- پیشانگەی فۆلکلۆری هونەرمەند ابوبکر ابراهیم .

٤٠- کتیبی هەیاس دوڕناسی غفور مەلا حکیم ، شازادە حەلوا فرۆش وەرگیڕانی عەزیز گەردی ، خەڵاتی یەکەمی کۆکردنەوەی ئاشتی محمد فقیٚ ، شیخان و شیخان بەگی خدریٚ سلیمان و سعدالله شیخانی.

٤١- کۆبوونەوەی لیژنەی فۆلکلۆر لە هەولیر .

٤٢- سەرەتایەك بۆ حەیران و کورتەیەکی ژیانی حمدبەگی - کۆڕ - غفور مەخموری .

٤٣- کۆبوونەوەی لیژنەی فۆلکلۆر دەربارەی چۆنیەتی بەشداركردن لە هەفتەی فۆلکلۆری عیراق و دەرچوونی بڵاوکراوەیەك بە زمانی عەرەبی لە سەر فۆلکلۆرو کەلەپووری کوردی .

٤٤- کتیبی سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبیژیکی کورد ، سعدالله شیخانی کە بریتیە لە ژیان و بەرهەمی (٣٠) حەیرانبیژە لە ساڵی ١٩٨٨.

٤٥- چاوپیکەوتنیك لە گەڵ ئامادەکارو پیشکەشکەری بەرنامەی لە

کەلـەپوورەوە لەلایـەن شێرزاد عبـدالرحمان لـە رۆژنامـەی (هاوکـاری) رۆژی ۳/٤/ ۱۹۸۹.

٤٦- نامەیـەکی کـراوە لـە گۆشـەی (بـە کـورتی) بـرای چیرۆکنووس احمـد محمـد اسماعیل بۆ ئەسعەد عدۆ لە (هاوکاری) ۳/٤/ ۱۹۸۹.

٤٧- پێشانگەی فۆلکلۆری لە کۆلیژی زانستی سەلاحەدین بۆ وڵاتـانی یەمەن ، سودان ، ئەردەن ، فەلەستین ، عێراق ، کە هونەرمەند عبدالله تایەر کۆیی بەشداری تێدا کردبوو .

ئـەوەی شـایانی باسـە ئـەم بابەتانەیـشمان لـە بەرنامـەی لەکەلـەپوورەوە پێـشکەش کـردووە ، بـەڵام بـە پەسـندمان نـەزانی لێـرەدا بڵاویـان بکەینـەوە : پەندی پێشینان چەند نموونـەو لێدوانێك ، لاوك و حەیران ، سەربردەی شـەم و شــەمزین ، مەتــەڵ ، خواردەمــەنی کــوردەواری ، مــەڕوبزن ، بڕینــەوە ، ڕوونکردنەوە لە کاتی پێویست ، چاڵە بەفر ، مـازی چنین و عامیە ، بن مێو کێڵان و دێکردن ، داردەلامە ، سەمەنی ، کەلوپەلی کشتوکاڵ ، ڕەوسەبرکردن ، بەیتی ئایشەگوڵ ، هەقایەتی کێشکۆکە ، گای ڕەش و ڕێویەکی فێڵباز ، گـورگ و مام ڕێوی ، هەبوو نەبوو ، مام حەیدەر، پەڕینەوە لە ڕووباردا ، ڕێوی نابێ بە شـێر ، کـەوەکان شـاهێدن ، پادشـاو مـارو پاسـەوان ، بـەیتی لاوێ ئەسمـەرێ ، بەیتی شۆڕ مەحمود ، چاوەزار ، گفتوگۆیەکی بەشار کەمال لە سەر فۆلکلۆر ، ئارایشت لە کوردەواری ، سەربردەی پرا دەلال ، دیوەخان و شـەوانی جاران ، زاراوەی فۆلکلۆری ، ئەم حەیرانبێژە بناسە بە دەنگ وێنە پوختەی ژیانیان ، نامەی بیناسازێك ، ڕۆنی مەڕی .

# پیرۆزباییەکان

حــەیامێکی دەەرو ئــاواتێکی لەمێژینـــەمان بــوو، بەرنامەیــەکی تایبــەتی سامانی نەتەوایـەتیمان هـەبێ تا ئاشقە فۆلکلۆری کوردیش بتوانن ڕازونیازی خۆیان لەم ڕێگەوە بدرکێنن و بتوانن ڕووی ڕاستی و پاکی ئەو سامانە لەگەڵ بینایی و حەزی بینەرانی تامەزرۆی کورد بنەخشێنن ، ئەم بەرنامەیەی کاکی فۆلکلـۆر پەرسـتمان ئەسـعد عـدۆ لـە تەلـەفزیۆنی کـەرکوك خـەیاڵاتی پـەنگ خواردوی پەڕاندینـەوە ئە دونیایـەی بە ئاواتی بووین هیواخـوازم لـەو ئەرکە نەتەوایەتییـە پـیرۆزو مەزنـەی سـەرکەوتووبێ تـا بـە هـەموو لایـەك بتـوانین باروبوویـەکی بـەپێی توانـای کۆکردنـەوەو پاراسـتنی سـامانی میللەتەکـەمان بکەین .

**خالید جوتیار**

**ئەلقەی ٢**

- پیرۆزبایی لە بەرنامەی گۆڤاری هونەر ، مامۆستا سعدون یونس .
- پیرۆزبایی لە بەرنامەی کشتوکاڵ ، هونەرمەند لقمان بەرزنجی .
- پیرۆزبـایی لـە خوشـکە پـاکیزە حسن ، ئەمینداریـەتی گـشتی رۆشـنبیری و لاوان .

**بۆ مامۆستاو تاقە سەپانی بێ پەرەی تەبارەی کوردەواری**

بـۆ ئـەو تاقـە سـوارەی کـە پـێ لـە ڕکێبـی ئەسـپی ڕەسـەنی کەلـەپووری کـوردەواری نـاترازێنێ ، دەك ژەکـی ئـەو دایکـەت لـێ حـەڵاڵ بـێ کـە فرچـکی پێـدایی و مێڕابـی ملـی پـێ ئەسـتوورکردی و کەلەشـی پـێ ڕەبـاس و سـەیناخ کردی بەڵێن بێ ئێمەو هەزارانی وەك ئەسعەد عەدۆ لە ڕێگـەی ڕێبـازی ژیانـەوەی

کەلــەپووری کــوردەواری خۆمــان ســڵ نەکــەین و دووره پــەرێز ناوەســتین ، ورگیشمان عەمباری بابی کەس نیە ، دەبێ خۆشی و ترشی بێ .. ئەو تەبارە چـڕەی پاشمـاوەی کـوردەواری بکرێتـە مـەلۆو گیـشەو گەلاوێـژ ، بـە دەسـتی تێلەکێشی ئەسپە ژنی کوردەواری .

**داودشڕۆڵ**

**ئەلقەی ١٨**

- پرۆزبـایی سـەیدا محمـدامین محمـد احمـد ئەمینـداری گـشتی رۆشـنبیری و لاوان .
- پیرۆزبایی مامۆستا محمد محی الدین جێگری ئەمیندار .
- پیرۆزبـایی مامۆسـتاو قوتابخانـەی فریـشتەی تێکـەڵاوی هـەولێر لـە یـادی ساڵڕۆژی بەرنامە .
- پیرۆزبایی لە پارێزەر فکرت عزت شفیق .
- پیرۆزبایی لەلایەن : دڵزار خۆشناو ، شێخ نەوزاد عـوزێری ، شـادومان کـۆیی ، ئەحمـەد هـەمزە کـۆری ، محـسن خـۆرانی ، نـەجات خـدر دەربەنـدی ، هیـوا هاشـم ، ژیـان حەسـاری ، هاشـم جـلال ، بـرزۆ تۆفیـق ، احمـد عبـدالرحمن ، اسماعیل حمدامین ، رزگار نـوری، مهدی نعمـان دۆسـکی ، نیشتمان عبـاس تەها.

بەرنامـەی لەکەلـەپوورەوە لـەم دواییـەدا تـوانی پـەردە لـە سـەر ئـەم ناخۆشیە ڕاماڵێ و بە پووخت و ڕێکی وا بکا خوێندەوار بە تێکڕایی بەرامبـەر ئـەو هـەموو گەنجینە فۆلکلۆریە دابنیشن و گـوێ بگرنـە شیکردنەوەی بـنج و بنـاوانی ژیـانی کوردەواریمان .

بـە ڕاسـتی ماوەیەکـە بینـەران ئـەم بەرنامـەیان کردۆتـە شەوچـەرەی گـوێ ئاگردان ، پیران سەرگوشتەی خۆیان دێننەوە یاخود گەنجان هـەزار ئاخ و داخ و

خۆزگـەو بریـا بـە بـا دەکـەن منـاڵانیش تـازە خـۆ گـورج دەکـەن بـۆ شـەوڕۆی کاروانێکی تازە .

لـەیادی دامەزرانـدنی بەرنامەکـەتان داوای سـەرفرازی بـۆ هـەموو کـارگێڕانی بەرنامە بە تایبەت کاك ئەسعەدی قیت و قۆز دەکەم .

**محمد مستەفا هیرانی**

سالێ تێپەڕ بوو بەسەر بەرنامە     بەرنامەی گەنج و منداڵ و پیران
بۆمان باس دەکا ڕابردووی دێرین     لە قسەی خۆش و نەستەقی شیرین
ئەم بەرنامەیە کە کەلەپوورە     بەرنامەی مراکدان، کورتان و توورە
شەغرەو بە نقادە هەم قەیناغ     وداس و پوورەو گردوو ووردسەیناغ و ڕەباس
گوریس و قادە بنمل وتەپان     هەوجاڕو گاسن نیرو کۆپەران
تەبارەو درەو شەنەباو جەنجەڕ     لەکاروبەرخ، لە بزن لە مەڕ
لەشوان و بێری لەگەڵ شەغرەکێش     سەپان و پارە لەگەڵ تێلەکێش
ساوار کوتان ، بووك گواستنەوە     دەستاڕلێکردن کا کێشانەوە
بەستەو گۆرانی و لاوك و حەیران     میوانداری خۆش لە کەلمێران
گوارەو لاچاو ، یا پشتەسەرە     دۆودۆدان ، دۆغەواو کەرە
کل و کلدان و کڵچوك و شەدە     گوفکەو گورینگۆکە کەمەر لە قەدە
دۆیینەو مزەوەرە ، کفتەو هەڕشتە     مووی بزن و مەرەز خوری باپەتە
کەندوو هەمبانە ، سیوە سیوە کلیلە     دەستەوانەی دەست لەگەڵ دەرزیلە
بۆ ئەم بەرنامە زۆر لەلایە     سەد هێندەش بڵێم هێشتا هەر مایە
بەڵام با بەس بێ کاك ئەسعەد عەدۆ     ئەم بەرنامەیە پیرۆزبێ لە تۆ

**نامق هاوکار**

بەبۆنــەی تێپــەڕبوونی ســاڵێك بەســەر لــەدایك بــوونی پڕۆگرامــی (لەکەلەپوورەوە) دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (کاروان) لە ئەمیندارێتی گشتی رۆشـنبیری و لاوانـدا، پیرۆزبـاییێکی گـەرم لـەم پڕۆگرامـەو پێـشکەشکەری ئـەم پڕۆگرامە دەکات هەروەها لەهەموو ئەو کەسانەی پڕ بە دڵ هـەوڵ و کۆشش بۆ کۆکردنەوەو پاراستنی کەلەپوورو فۆلکلۆرە هەمیشە زیندووەکەی کورد دەکەن و ئومێدەوارین ئەم بەرنامە خۆشەویستە تەمەنی درێـژ بێـت و بـەردەوام بێـت لـە پێناوی خزمەتکردنی کەلەپووری نەتەوایەتی گەلی کوردی خۆشەویستمان .

**دەستەی نووسەرانی**
**گۆڤاری کاروان**

لە جەرگەی ئاقارەکانی دەشتی کاکی بە کاکی هـەولێر ، گونـدە دێرینـەکانی قەراج و کوندێناوەو دزەیی و شەمامك و بەڕانەتی و پشتڕێ و بـەرڕێ تـا دەگاتـە زێـی بادینـان ، چـەپکی پیرۆزبـایی و خـەرمانی وشـەی ئافـەرین پێـشکەشتانی دەکەم .

**برای بەڕێز..**

هەر کردەوەی مادی و مەعنەوی رۆشـنبیری ، ئەدەبی، هونـەری لـە جەرگـەی رەسـەنی میللـەت هـەڵقوڵابێ و نـاوەڕۆك و روخسارەکەی لـە هەسـت و نەسـت و کۆمـەڵانی خـەڵك هـەڵێنجرابێ ، ئـەوە بێگومـان شـێوەیەکی زۆر ڕەواو دەروونـی جێـی شیاوی خـۆی لـە نـاو دڵـی تامـەزرۆی ئـەو خەڵکـە دەکاتـەوە ، بەرنامەکـەی ئـەوەیش نیـشانەیێکی زینـدووی ئـەم راسـتیەو ڕەنگدانەوەیـەکی پڕشـنگداری رابردوویـەکی دێـرینی کۆمـەڵی کوردەوارییـە ، بۆیـە بەرنامەکـەتان مایـەی ڕێـزو شیاوی ئافەرین و دڵخۆشیە .

برای بەڕێز..

دووبارە پیرۆزبایی و خۆشـحاڵیم لەمـەڕ بەرنامـە سـەرکەوتووەکەتان بـەئێوەو

گـشت بینـەرانی رادەگـەینم، هیـوام وایـە نموونـەتان زۆربـێ ، کەلـەپووری نەتەوایەتیمان زیاتر پارێزگاری بکرێ ، دووبارە بە گیانێکی هاوچەرخانە تۆمار بکرێ و پێشکەش بە نەوەی نوێ و ئەمڕۆی میللەتەکەمان بکرێ .

**دکتۆری نوژدار**

**عبدالرزاق دەباغ**

**ئەلقەی ٣٦**

پیرۆزبایی لـە بـەڕێز دکتـۆر دڵـزار عبـدالرزاق یاسـینی دکتـۆری نەخۆشـیەکانی منداڵ و مامۆستای پزیشکی زانکۆی سەلاح الدین .

مامی هێـژاو خۆشەویست، هـاوڕێی کەلـەپوورەو فۆلکلـۆر پەرسـت مامۆسـتا ئەسـعەد عـەدۆی جگـەرگۆشـەی پـیران و هـاوڕێی گـەنجان و دڵـدەرەوەی کۆسـت کـەوتان و پێنـاوی کیـژو کـوڕە دڵـداران و ئامۆژگـای ئێمـەی قوتـابی و تـازە پێگەیشتووان .

ئـەی مـۆمی شەوچـرای هەفتـە شـەوانی ئێمـە مانـانی کـە بـەردەوام ووتـە شیرینەکانت لەبەردەم شاشە بچکۆلانەکەی تەلەفزیۆن کۆمـان دەکاتـەوەو درێـژە شەوی نامۆیی و سەرقاڵی ئـەرکی ڕۆژانـەمان بیر دەباتـەوە ، بێگومـان مـن یەکـەم کەس و دوا کەسیش نیم ، کە نهێنی ئیعجاب و وشـەی پڕسۆزی خۆشـەویستی کچ و باوکانە ، یا ڕاستر بڵێم قوتابی و مامۆستایانەت بۆ دەردەبڕم .

بەڵام دڵنیام لە وەی پێتان سەیر نیە کچە کوردێکی قوتابی سەرەتایی کە لـە سەر دەستی شیعر پەروەردە کرابێ و شیری شیرینی شیعری پـێ نۆشکرابێ و بە وشەی بێگەرد گوڵی زمانی پشکوتبێ و پەروەردەی ئـەدەب پێـی گـرتبێ و لـە ژێر سێبەری چیرۆکی ئەفسانەیی کوردی خـەونی ڕەنگاو ڕەنگـی دیـبێ ، ئـەمڕۆ بتوانێ و بوێرێ حەزو عیشق و خەونی کچانەی خۆی بـۆ مامۆسـتایەك دەربڕێ کـە ئـاگردانی سـەلیقەی لاوك و حـەیرانی بـۆ جۆشـدابێ و بـەفری ڕێبەنـدانی زستانی شەرمی بۆ ڕواندبێتەوەو درەختی دڵداری کەلەپووری نەتەوەکـەی خـۆی

بۆ لەدراستانی بچکۆلانەی دڵ و دەروونیدا رواندبێ .

نامەوێ لەوە زیاتر بڵێم کە هیواخوازم ئەو بەرنامە رەنگینەمان هەر بەردەوام لە برەودابێ و ئێوەی دڵسۆزو میهرەبانی وشەی رەسەن و کەلەپووری نەتەوایەتیمان هەر سەرفرازو بەختیار بن .

**کچە هاوڕێ و قوتابی بچکۆلانەتان**
**شەوگار سەعدوللا پەرۆش**

* کارتی پیرۆزبایی لە کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد لە هەولێر لە یادی دووساڵەی بەرنامە .

* پیرۆزبایی لە لایەن خوشکە بیژان رانیەیی .

* کارتی پیرۆزبایی لە لایەن ئەم بەڕێزانە : احمد سابیر خەندان ، عبدالستار جباری ، عبدالرحمن لتیف خەیات ، تحسین مەچکۆ ، مواد حاجی مجید احمد .

هەفتەی رابردوو گلەیی ئەوەت دەکرد گوایە ئەدیبان و نووسەران بەرنامەکەی من بەسەر ناکەنەوە .. من دڵنیام لە وەی کە دیارە بەختێکی گەورەت هەیە ! تۆ دەبوایە بڵێیت ئەمن مەمنوون .

" رەبی موی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەرکەسێ گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ "

دەبێ ئەدیب و نووسەران چی بۆ بەرنامەکەی تۆ بنووسن ، چۆن بەرنامەکەی تۆ هەڵبسەنگێن .. من دڵنیام لە وەی کە بەرنامەکەتان شوێنی خۆی لە دڵی جەماوەرێکی فراواندا کردۆتەوە .. بە تایبەتی لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی گوناحە مرۆڤ هەرچی عەیب و عاری بەرنامەکەیە بیخاتە سەر کاغەزو بە گوێلاکی شاشەی دابدات.. دەبێ سنووری رەخنەکانی خۆمان بزانین .

فۆلکلۆر (ماشاللا) لەم ماوەیەدا بۆتە تۆڵکەو هەرچی هەڵسایەوەو ساواری خۆی پێ سەوز کردووە.. بەڵام بەداخەو هێندێکیان ئەوا بەبێ لەزەتی کولاندویانە مەنجەڵەکەشیان لە گەڵ سووتاندوە.. هێندێکیش نازانن زەردی

بکەن و بەدەردی کولێرەی بەرمانگە شەوی پیرەژن چووین.. لە شوێنان ولاتانی دونیادا فرمێسك و فۆلکلۆر زۆر لە یەك نزیکن بگرە نووسەرانی گەورە گەورە ئەو مافە بە خۆیان نادەن توخنی فۆلکلۆر کەون بە هاسانی ، چونکە قودسیەتێکی ئەوتۆی تیایە زۆر لە پیاو چاکان و قودەرتە خواییەکان دەچێ .. بەرنامەکەی تۆش گلەییم لەوە نیە کە خەڵك لە پێدەشت و ناو پەرێزو سەرجۆخینان ئەگەر کارەبایان نەبێ ئەوە بە پاتری سەیارەکانیان تەلەفزیۆنی بە بەگڕ دێخن .. گلەییم لە وەنیە خەڵکێکی زۆر گوێی بۆ ڕادەگرن.. ئەوەش دەلیلی سەرکەوتنی بەرنامەکەیە لە ڕووی هونەری پێشکەشکردنی ، بەلام دەبێ ئەوەش بڵێین بەرنامەکەتان پێویستی بەوە هەیە بەسەرخۆیا دابێتەوەو لایەنی زانستی و فۆلکلۆریش بگرێتەخۆ .. فۆلکلۆر بە قەد ئەوەی لە رابردووی گەلەوە هەڵقولاوە ئەوەندەش داهاتوو ڕێی بۆ دەکاتەوەو هاوچەرخێتی دەوری خۆی تیا دەبینێ .. پێشکەشکەری بەرنامە دەبێ لە سەرەتای هەموو بەرنامەیەکیدا .. ناوەڕۆکێکی تێروتەسەلی فۆلکلۆرو بەراوردکردنی بخاتە ڕوو باسی فۆلکلۆر بکات لە ڕوانگەیەکی زانستی و رەخنەدا .. ئێمە وامان لێهاتووە ئەوەندە کوێرانە خەریکی فۆلکلۆرین .. کە دەست ناپارێزین لە هەرچیەك کە گوتراوە .. تەنانەت جارێکیان شتێکم خوێندەوە کە فۆلکلۆریستێك زۆر بە گەرمی بۆی چووبوو.. کەچی بیری لە مولابەساتی مێژووی دەقەکە نەکردبۆوە ، دەقەکە بۆ خزمەتکردنی دەرەبەگ و خوێنڕێژەکان بوو کەچی جەنابیان

بە شێوەیەك شیدەکردەوە کتومت وەك بڵێی خۆی نوسیویەتی ، ئیدی ئەمەو هەزاران مەسەلەی تر، بەرنامەکەتان تاکو ئێستەکە بە دەوری ئەو موفرەدانە دەخولێتەوە کە تێکڕای مەسەلەی فۆلکلۆری هەڵدەسەنگێنێ .. واتە بە شێوەیەکی گشتی باسی فۆلکلۆر دەکەیت. دەبێ هەوڵی ئەوە بدەیت هەرجارەی باسێکی تێروتەسەل بکەیتە بەرکوڵی بەرنامەکەتان بۆ ئەوەی ئاسۆی رۆشنبیری بەرنامەکەتان بەرفرەتربێت .

**عبدالکریم دەشتی**

ئەلقەی ١٧

## میوانی بەرنامە

| ئەڵقە | ڕۆژ | ڕێکەوت | ناو | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | چوارشەممە | ١٩٨٧/٦/٣ | خالید جوتیار | فۆلکلۆرپەروەر |
| ٤ | یەک شەممە | ٦/٢١ | عەزیزی مەلای ڕەش | فۆلکلۆرپەروەر |
| ٧ | یەک شەممە | ٨/١٦ | داود محمد شڕۆڵ | فۆلکلۆرپەروەر |
| ٩ | یەک شەممە | ٩/٢٧ | عومەر برایم عزیز | فۆلکلۆرپەروەر |
| ١٠ | یەک شەممە | ١٠/١٠ | عارەب عوسمان | حەیرانبێژ |
| ١٢ | یەک شەممە | ١١/٨ | تاریق جمباز | فۆلکلۆرپەروەر |
| ١٤ | یەک شەممە | ١٢/١٣ | محمد ئۆمەراوەیی | حەیرانبێژ |
| ١٦ | یەک شەممە | ٩٨٨/١/٢٤ | محمد قادر حسین | شمشاڵ ژەن |
| ١٧ | یەک شەممە | ٢/٧ | دکتۆرە شوکریە ڕەسول | فۆلکلۆریست |
| ١٩ | یەک شەممە | ٣/١٣ | سەعید باداوەیی | حەیرانبێژ |
| ٢٠ | یەک شەممە | ٣/٢٧ | حسین کێشکەیی | لاوک بێژ |
| ٢٢ | یەک شەممە | ٥/١ | فاخرخان ئاودەل | گۆرانیبێژ |
| ٢٤ | یەک شەممە | ٦/٥ | قادر مستەفا هیرانی | لاوکبێژ |
| ٢٥ | یەک شەممە | ٦/١٩ | ابوزێد دیوانە | لاوکبێژ |
| ٢٦ | یەک شەممە | ٧/١٠ | هیمداد حسین | ۆلکلۆرپەروەر |
| ٢٨ | یەک شەممە | ٨/٢٨ | سەید کەریم سەیدەکوڕ | زووڕناژەن |
| ٣٠ | یەک شەممە | ١٠/٩ | محی الدین شێروانی | حەیرانبێژ |
| ٣١ | یەک شەممە | ١٠/٣٠ | حسین کێشکەیی | دووبارە |
| ٣٢ | یەک شەممە | ١١/١٣ | محمود زامدار | فۆلکلۆرپەروەر |

| ئەڵقە | ڕۆژ | ڕێکەوت | ناو | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ٣٣ | یەك شەممە | ١٢/١١ | ئەحمەد شێواو | شاعیری میللی |
| ٣٤ | یەك شەممە | ١٢/٢٥ | اسماعیل فەیزوللا | جاف هۆرەی جاف |
| ٣٥ | سێ شەممە | ٩٨٩/١/١٧ | لزگین سیدۆ شنگالی | لاوکبێژ |
| ٣٦ | سێ شەممە | ١/٣١ | زلێخا وەلی اسماعیل | گۆرانیبێژ |
| ٣٧ | سێ شەممە | ٢/١٤ | حاجی نادر حمد رسول | حەیرانبێژ |
| ٣٨ | چوار شەممە | ٣/١ | خلیل ابوبکر رۆستایی | حەیرانبێژ |
| ٣٩ | سێ شەممە | ٣/٧ | میرزا خدر سلێمان حاجی | حەیرانبێژ |
| ٤١ | سێ شەممە | ٤/٤ | حاجی هەرکی | گۆرانیبێژ |
| ٤٢ | سێ شەممە | ١٩٨٩/٤/١٨ | سەعدوللا شێخانی | فۆلکلۆرپەروەر |
| ٤٤ | سێ شەممە | ٥/١٦ | حەمەدرێژ کەرکوکی | مەقامخوێن |
| ٤٥ | سێ شەممە | ٥/٣٠ | سەفەری نەقەبی | گۆرانیبێژ |
| ٤٦ | سێ شەممە | ٦/١٣ | حسن سیساوە | بەیتبێژ |
| ٤٧ | سێ شەممە | ٧/٤ | محمود سێبیرانی | حەیرانبێژ |
| ٤٨ | سێ شەممە | ٧/٢٥ | احمد زێباری | گۆرانیبێژ |
| ٤٩ | سێ شەممە | ٨/٢٢ | سەید کەریم سەیدەکۆر | دووبارە |
| ٥٠ | سێ شەممە | ٨/٢٩ | دلاوەر باڵەکی | گۆرانیبێژ |
| ٥١ | هەینی | ٩/١٥ | سدیق هەرکی | گۆرانیبێژ |
| ٥٣ | هەینی | ١٠/٢ | عەزیز خەلەکانی | زووڕناژەن |
| ٥٤ | چوار شەممە | ١١/١ | محمود گوستان | حەیرانبێژ |
| ٥٥ | هەینی | ١١/١٧ | خالد گیوزانی | حەیرانبێژ |

| ئەڵقە | ڕۆژ | ڕێکەوت | ناو | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ٥٦ | چوار شەممە | ١٢/٦ | حەمە قوتوو | سیاچەمانە |
| ٥٧ | سێ شەممە | ١٢/١٩ | یحی بەگ | حەیرانبێژ |
| ٥٨ | سێ شەممە | ١٩٩٠/١/٢ | شێمحەمەدی هەمینەرەشێ | لاوکبێژ |
| ٥٩ | چوارشەممە | ١/١٠ | تایەر سوسنانی | لاوکبێژ |
| ٦٠ | چوار شەممە | ١/٢٤ | نسرین شێروانی | گۆرانیبێژ |
| ٦١ | چوارشەممە | ٢/٧ | خەلەف شنگالی | لاوکبێژ |
| ٦٢ | چوار شەممە | ٢/٢١ | عومەر عبدالرحیم | فۆلکلۆرپەروەر |
| ٦٣ | چوارشەممە | ٣/٧ | ئەحمەد سالار | هونەرمەند |
| ٦٤ | چوراشەممە | ٣/١٤ | عومەر حەمەد ئەسعەد | حەیرانبێژ |
| ٦٥ | چوراشەممە | ٣/٢٨ | شەوکەت کاکەیی | مەقامخوێن |
| ٦٦ | چوراشەممە | ٤/١١ | ابراهیم نەقەبی | لاوکبێژ |
| ٦٧ | چوراشەممە | ٤/٢٥ | ئەحمەد دوەردەیی | حەیرانبێژ |
| ٦٩ | چوراشەممە | ٥/٢٣ | ڕەفیق گچکەڵە | حەیرانبێژ |
| ٧٠ | چوراشەممە | ٦/٦ | خودێدە الیاس | لاوکبێژ |
| ٧١ | چوراشەممە | ٦/٢١ | محی الدین شێروانی | دووبارە |
| ٧٢ | چوراشەممە | ٧/٤ | مەلا سەلام بێتواتە | فۆلکلۆرپەروەر |
| ٧٣ | چوراشەممە | ٧/١٩ | سلێمان شێخە | حەیرانبێژ |
| ٧٤ | چوراشەممە | ٨/١ | قادر عەدۆ | حەیرانبێژ |
| ٧٥ | چوراشەممە | ٨/٢١ | عەلی پیرەشی | حەیرانبێژ |
| ٧٧ | چوراشەممە | ١٠/٢ | دلاوەر باڵەکی | دووبارە |
| ٧٨ | چوراشەممە | ١٠/١٧ | سخریا عیسا | بەیتبێژ |
| ٧٩ | چوراشەممە | ١٠/٣١ | جاسم شکاك | لاوکبێژ |

| ئەڵقە | ڕۆژ | ڕێکەوت | ناو | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ٨٠ | چوراشەممە | ١١/١٤ | شوقی ناوخۆش | گۆرانیبێژ |
| ٨١ | چوراشەممە | ١١/٢٨ | ڕەمەزان عەلی خەنجەر | لاوکبێژ |
| ٨٢ | چوراشەممە | ١٢/١٣ | سخریا عیسا | دووبارە |
| ٨٣ | چوراشەممە | ١٩٩١/١/٢ | سەردار کەرکوکی | گۆرانیبێژ |
| ٨٤ | | ١/١٧ | لەبەر بۆردومانی ئەمریکا نیشان نەدرا. | |

ئەوەی شایانی باسە بەڕێزان : فازڵ شەوڕۆ لە دوو ئەلقە ، مولود بێخاڵی لە ئەلقەیەك وەك بەشداركردن لە گۆشەیەك دەرچوون لە یادی ساڵڕۆژی بەرنامە بەڕێزان : تاریق جمباز ، داود شڕۆڵ ، عمر ابراهیم عزیز ئەو بەرنامە بە تایبەتی لە گەڵمدا پێشكێشكرد ، كەچی لە یادی دوو ساڵەدا ئەم بەڕێزانە بە گۆرانی و قەسەكردن و رادەربڕین بەشداریان لە ئەلقەی (٤٣) كە تایبەتبوو بە یادی دوو ساڵە كرد : محمدامین پێنجوێنی ، ممتاز حیدری ، علی دۆلەبەكرەیی ، محمد اسماعیل مەریوانی ، سعدالله شێخانی ، زلێخا پشدەری ، عالیە فەرمانبەری مۆزەخانەی هەولێر ، خێزانی سعید باداوەیی ، محمد ئۆمەراوەیی ، سعید باداوەیی ، احمد زێباری ، سەلاح الدین رواندوزی .

## دەگێڕنەوەو دەڵێن:

لەكاتی خۆیدا لە گوندە كوردەواریەكانی خۆماندا ، چاكیشم وەبیردێ ئەگەر بهاتبووایە منداڵێكی گوندەكە نەخۆش بووایە بەتایبەتی نەخۆشی (تاولەرز) كە بەڕۆژ لەبەر یاریكردن و چوونە سەر گووفەك و ناو هەوێزو ڕێچكەی بیرێ، هەستی بە (تا)یەكە ، نەدەكرد بەڵام لەكاتی حەسانەوەی ئەو منداڵە لەسەر جێگەكەی یان لە باوەشی دایكی دەم و چاوی لەگەرمی (تا)یەكە،

سوورهەڵدەگەڕاو دەمارەکانی لەشی بەتایبەتی (شا) دەمارەکانی زێدە بەدەر لێدەداو پلەی گەرمی لەشی منداڵەکە لە زیادبووندا دەبوو، لەوکاتیشدا دەرمان هەبوو واتە دەرمانی پزیشکی یان میللی بەڵام دەبوایە لەکاتی ئێوارەدا جاڕی بۆ بدرابووایە، ئەمەیش بەم شێوەیە بوو : مێردمنداڵێك لە ماڵی منداڵە نەخۆشەکە یان کوڕە جیرانێکیان هەر لە بەر دەرگای خۆیانەوە بەرەو ماڵی ئەو پیاوە دەهات کە خاوەنی دووژن بوو کە لە عورف داب و نەریتدا پێی دەوترا (ماخۆی چوارچاو) ئەو منداڵە پڕ بەدەم هاواری دەکردو دەیگوت : شەوتا، شەوتا ، بەشەو دەگری بە ڕۆژ بەردەدا ، ماخۆی چارچاو چ دەرمان دەدا ؟ کابرای خاوەن دووژنە دەهاتە دەرەوە یان هەر لە ژوورەوە ئەگەر ماڵی منداڵە نەخۆشەکە هەژار بووان دەیووت : هێلکەی کوڵاو یان هێلکەوڕۆن یان شلەساوار یا پیرخەنی .... هتد .

ئەگەر باربووی منداڵە نەخۆشەکە باش بووایە ماخۆی چارچاو دەیووت : گۆشتی کەلەشێری پێویستە سۆر یان ئاوی فڕووج ! منیش هەرچەندە وەکو ڕەحمەتی باوکم ماخۆی چوارچاو نیم ، بەڵام وادەردەکەوێ گوێم لەو جاڕدانە بووە یان دەبێ ، بۆیە پڕ بە دەم دەڵێم گۆشتی عەلەشیش خۆ ئەگەر بە پڵاو ساواریش بێ ئەوە خەرمان بەرەکە.!

گوایە میری بۆتان (کەلەکوان)ێکی ، دەبێ ئەو پیاوە ماوەیەکی دوورودرێژ پارەوپوولی کارەکەی بۆ میر نەهێنابوو ، هەرچەند میر بەدوویی دەنارد کەلەکوان نەدەهات .. ڕۆژێکیان میر تووڕە دەبێ و چەند سوارێکی بەدووادا دەنێرێ و بەپەلبەستی دەیهێنن و لەناوەڕاستی دیوەخان بەرامبەر بە میر دایدەنێن ، میریش لە ئەنجامدا بڕیار دەدا (پەنگر)ە ، ئاگرێك لە سەر پیلی دابنێن و کون بەدەری بکەن ! کابرا وەك پیاوێکی مەردو سەرفراز خۆی ڕادەگرێ و ئۆفیش ناکات ، ئینجا میر ڕووی تێدەکاو پێی دەڵێ : لەم سزایە ناخۆشتر هەیە ؟ کەلەکوانیش وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ : قوربان ئەوە هەر هیچ نییە! ئەی ئەو کەسە چ دەڵێی کاتێ میوانی بێت خاوەن ماڵ تەماشای ژنەکەی

بکات و ژنەکەش تەماشای مێردەکەی بکات و پارچە نانێك نەبێ لەبەردەم میوانەکە دابنێ ! ئەوە ناخۆشە و کارێکی گرانە ! ئینجا میر بانگی حەکیم و لوقمان دەکاو برینەکەی چاك دەکەنەوەو بڕیاردەدا پارەوپووڵی کەلەکوانی بۆخۆی بێت و مانگانەیەکی بۆ دەبڕێتەوە چونکە کەلەکوان ناندەرو میوان ڕاگربوو .

* گوایە پیاوێك دووژنی دەبێ ، یەکێکیان ناوی (شۆپێ)) ئەوی دیکە (هۆپێ) ڕۆژێکیان ئەو پیاوە لەوبەری رووبار دەبێ چونکە ماڵی خێزانێکی لەوبەری رووباردەبێت و ئەوی تریش لەم بەر ئەوشەوە بارانێکی زۆر باریبوو کابرا خۆی لە رووبارەکەداو ئاو بردی ! بەهەرجۆرێك خۆی بە پنچکە گیاییێك دەگرێتەوە ، ئاوەکەش ڕاست و چەپی پێدەکا ، ئەویش لە بەردەم خۆیدا دەڵێ : خەمم ئەو خەمە نییە ، ئێستە لە شۆپێ وابێ لە لای هۆپێمە ، لە هۆپێ وابێ لە لای شۆپێمە ، نازانن لە چ شرپ و هۆڕێدامە !!

* باوك و دایکێك کوڕێکیان دەبێ، کاتێ کوڕەکە گەورەدەبێ ژنی بۆ دێنن، ڕۆژێك، دوو، سێ، بووکە لەژووری خۆی دەرنەهات، پیاوو ژنەکەیش ویستیان فێڵێك بدۆزنەوە بۆئەوەی بوکە هەست بەخۆی بکات و بۆ ئیشی نێومالْ بێتە دەرەوە.

سپێدەیەك زوو پیاوەکە جەڕەیەك هەڵدەگرێ بۆ ئەوەی بچێتە سەربیر بۆ ئاو هێنان ، ژنەکەش بە هاوار کردن دەڵێ : پیاویژگە ئەتۆ نەخۆشی توانای ئەو کارەت نییە و ئەمن دەچم ، بەمجۆرە دەنگە دەنگی پیاو و ژنەکە هەر دەهات بڵندتر دەبوو ، بوکەییش هاتە بەردەرگای ژووری خۆی و رووی لە خەسوو خەزوری کردو گوتی : ئەوە چیە ئەو گارە گارە بیکەنە نۆبەت هەر رۆژەی یەکێکتان برۆنە ئاوهێنان !

* شەوێکیان پیاوێك و خێزانەکەی دەکەونە مشتومڕێکی توندو لە ئەنجامدا لێك زوویردەبن ، لە کاتی نووستندا ئافرەتەکە لانکی منداڵەکەی دەخاتە نێوانیان ، کابراش هەرچەندە خۆی دێنێ دەبا خەوی لێ ناکەوێ ، لەبەرخۆیەوە دەنگ هەڵدەبڕێ و دەڵێ : با وەی لێبێ ئەوها لە وڵاتی غەریبیان بە کەساسی بکەوم

* پیاوێکی ڕدێن ماش و برنج دوو ژنی دەبێت ، یەك ناوی (خانێ) ئەوی دیکە (مانێ) یەکیان بە تەمەن ئەوی تر جەحێڵ ، ئافرەتە گەورەکە دەست دەداتە (مووکێشێك)و چەند داووی ڕەش لە ڕدێنی هەیە دەری دێنێ بۆ ئەوەی تەمەنی وەك خۆی گەورە دیاربێت ، ئەوی دیکەش بە هەمان شێوە داوە سپیەکانی دەردێنێ بۆ ئەوەی گەورەی بەسەرەوە دیار نەبێ ، کابرایش هەڵسایەوەو دەستی بە ڕوومەتی خۆی دادێنێ و دەڵێ : لە نێوان خانێ و مانێ بوویمە دەسکی ڕەیحانێ !

* کابرایەك سێ ژنی دەبێ ، جارێکیان بە ژنە گەورەکەی دەڵێ : بڕۆ دەرەوە بزانە هەورە یان سامالە ؟ هەر یەکێکیان بڵێیت تەلاقت دەدەم ! ژنەکەش زیرەکی دەنوێنێ و دەچێتە دەرەوە ئینجا دێتە لای مێردەکەی و دەڵێ : نە هەورە نە سایەقەت ، خەبەرەك هاتیە لە لای خەلیفەت ، هەتا شۆو وەرد هەنە تۆی ماوێنە بەیارا قەت .

ئینجا نۆرەی ژنی ناوەنجی دێت ، ئەویش دەڵێ : نە هەورە نە سایەقەت ، هەتا جوان هەنە لە گەڵ پیران مەنوون قەت ! ژنی بچووکیش دەڵێ : نە هەورە نە سایە ، مانگ ڕەق ڕاوەستایە بە قودرەتی خودایە ، دەرێن پیاوی بێ ئەقڵ ژنی خۆی تەلاق دایە !

* ژن و مێردێك منداڵێکیان دەبێ ، هێندەی پێناچێ ژنەکە دەمرێ و منداڵەکە

بە هەتیوی مایەوە ، باوکەکەیش لە هەموو دەرگایەکیدا بەڵام کەس نەبوو بۆی بەخێو بکات ، ناچار خۆی تەرخان کردو منداڵەکەی بە خێوکردو لەبەر خوێندنی دانا تا گەیشتە پلەیەکی باش لە ئەنجامدا ژنێکی بۆ هێنا ، ژنەکەیشی نەیهێشت باوکەکە لەلایان بمێنێتەوە ، باوکی کوڕەکە لە مزگەوت دەنووست ! لە شەوێکی زستانی تووشدا پیاوەکە هاتە بەردەگای ماڵی کوڕەکەی و لەدەرگایدا .. کوڕەکەی دەرگای والاکردەوە بینی باوکییەتی و پێی گوت : دیسان ماڵم لێ تێکدەدەی ؟ باوەکەیش لە سەرخۆ ووتی : ڕۆڵە بڕوات هەبێ هیچ باوکێك حەز بە نا گوزەرانی کوڕی ناکات ، هەردەم دوعا خوازم خوا دەوڵەمەندت بکات و پلەوپایەی بەرزت هەبێ ، بەڵام بڕوات بێ ئەمشەوە گەلێك سارده هاتوومە بۆ پارچە (بەڕێك) لە سەرمام بپارێزێ !

کوڕەکەش بانگی کوڕە بچووکەکەی خۆی کرد کە بەڕەیەك بۆ باپیرەی بێنێ، ئەویش واتە کوڕە بچووکەکە بە چەقۆیەك بەڕەکەی کردە دوو کەرتك ، باوکیشی بەسەرسوڕمانەوە پێی گووت : ئەوە بۆ وات لەم بەڕەیە کرد ؟ منداڵەکەش ووتی: بابەگیان ئەم پارچەیە بۆ باپیرەم ئەوی دیکەش کاتێ گەورە بووم دەرت دەکەم و ئەو پارچەیەت دەدەمێ !! ئەم قسەیە باوکی کوڕە بچووکەکەی هەژاند بۆیە لە باوەش خۆی گرت و بە هەردووکیان خۆیان خستە سەردەست و پێی باپیرەو بە یەك شادبوون .

* پیرەمێردێك هەموو ڕۆژێك دەچێتە (داران) بۆ ئەوەی بارەدارێك کۆبکاتەوەو لە بازاڕ بیفرۆشێ و بەنرخەکەی ماڵ و منداڵەکەی بژێنێ ، ڕۆژێکیان پیرەمێرد ماندووبوو لەلای (غەرە بەردێك) لێی راکشا ، هێندەی نەبرد (مار)ێك ، سەری هێنایە دەرەوەو پێیگووت : ها پیرەمێرد چ کارەی ؟ ئەویش باسی خۆی بۆ کرد، مارەکە پێیگووت : تۆ ئیش مەکە هەموو ڕۆژێك وەرە ئێرەو لیرەیەك ببە بۆخۆت ! بەمجۆرە هەموو ڕۆژێك پیاوەکە لیرەیەکی لە مارەکە وەردەگرت وای لێهات دەوڵەمەند بوو ، پیرەمێرد بڕیاریدا بچێتە ماڵی خودا ، لە دڵی خۆیدا

دەیووت : هەرچەندە پەیمانم لە گەڵ مارەکە نهێنیە بەڵام هەتا دەچمە ماڵی خوداو دێمەوە ئەو لیرانە بە خۆڕایی دەڕوا ، وا باشە بە کوڕەکەم بڵێم بچێت لیرەکە بێنێ ، ئەوەبوو رۆژێك ، دوو، لیرەی هێناو لە دڵی خۆیدا بڕیاریدا کە ئەو کوونەمارە هەڵکەنێ هەموو لیرەکان بۆخۆی ببات .. لە کاتی هەڵکەناندنی کوونە مارەکە ، کلکی مارەکە کەوتە بەردەمی (خاکەناس)ی ، کوڕەکەو بستێکی لێقرتاند ، مارەکەیش نەیکردە نامەردی خۆی سووڕاندو لاشەی کوڕەی پڕ ژەهر کردو دەمودەست مرد ، هەواڵی مردنی کوڕەکە گەیشتە ناو گوند، تەرمەکەیان نێشت ، باوکە لە حەج گەڕایەوەو هەواڵەکەیان پێ ڕاگەیاندو ئەویش لە دووای تازیمانە هاتە لای غەرەبەردەکە ، مارەکە سەری هێنایە دەرەوەو گووتی : بەخێربێیتەوە حاجی ؟ ئەوە خێرە هاتوویتە ئێرە ؟ حاجیش پێیگۆت : تاوان تاوانی منە ، ئێستەیش نەچووە بچێ ، ئێمە وەك براین ! مارەکە ووتی : ئەوە لیرەی ئەمڕۆو ئیتر خواحافیز ، حاجی هەرچەندە هاواری کرد بێ سوودبوو ، مارەکە دووبارە پێیگووت : حاجی نەتۆ جەرگی خۆت لە یاد دەکەی ، نەمنیش کلکی خۆم لەبیر دەکەم !

# هۆنراوەی میللی

بڕواننە مەکری ژنان چ قەوانیان دانایە
مشکی و هەوری تێکەڵکرد گوڵی سیێ ڕێزلێدایە
قۆندەرەکی بن عانەشیرین دەکا لە پایە
لەسەر پەنجەی پیێ دەڕوا پاشپانی لە حەوایە
گوارەکی زێڕین لەپیێ، لە مەخمەری رامایە
هەردە پەنجەی نەرمۆکە لەناو خەنەی ڕۆنیایە
شەمامەی گەلیێ زەردن سووند دەخۆی کارەبایە
گەردەنی دەڵێی بلوورە بەزێڕی داپۆشرایە
لەخوار قۆڵتی گەردەنەی چەند خالی لیێ کوترایە
لەبەر بایە شەماڵی سینگ و مەمکی هەڵمایە
جاحێڵ بوویتە فەنتازی بێوەژنیان هێنایە
لەبەر مەکری بێوەژن دەردەچم لەو دونیایە
*
وەرنە سەیریێ بیێ ژنان
دل پیس و روح مەزنا
شارەزانە خڕکونا
هەرتێك باتی سەدژنا
گری و تازی نەمایە
چاڤیێ قیێ ل کوڕکایە
خۆ داپۆشی ب عەبایە
خەملا رەش خڕدعایە

بێوەژن توو دەلالی
بچووکی هێشتا تەفالی
وەرە دا تە بڕەوینم
نەروونە سەر عەیالی
*
وەسیەتان لێ بێت تاقمەی کوڕوکاڵ
بێوەژن مەینن تۆقەلەملتان
کچۆڵان بێنن کەیفە بۆ دڵتان
*
ئەو بێوەژنەی ماڵ لەپیرزینی
جوابان دەنێرێ بایێ بهینی
حەوت شەووحەوت رۆژ هەر بمگەوزینی
ئەگەر ڕای لێم بوو ئەوجا بمهینی
*
مارم پێوەبدە سەرکلکی سووربێ
قەبرم لەقەبری بێوەژنێ دووربێ
مەرکەز مەعمووری عیلاجم بکا
لەدەست بێوەژنێ قوتارم بکا
دانیشتیە لەبن قەراتێ
گازم دەکاتن خورمام دەداتێ

لەتاو بێوەژن ئەچمە کونەوە
فانۆس هەڵدەگرن دەمدۆزنەوە

لەتاو بێوەژن دەچمە سەرداریٚ
بەدوو قسەی خۆش دەمهێنتە خواریٚ
لەتاو بێوەژن هەڵدێم بۆ شاران
لەدووم دەگەڕێن وەك ئاگرباران
کەوێك دەخوێنیٚ ئەمڕۆ
کەو لەبناری دێمەجۆ
جووتیٚ گوارەی دەنێرم
لەمەڕ گوارەی لەگوێی تۆ
بۆ ماچێکت نەدامیٚ؟
ئۆباڵی منت بە ئەستۆ
*
ئای فەلەك تەنەدا من پارە گەلەك
کو ئەز بینم خودانە چاوبەلەك
چەند سیسە وەکی مەرەزا
چەندە سپیە وەکی کاغەزا
سینگ و زەرمەمکیٚ تە زۆزانە بینەدەفتەر
دەویٚ فاخر هەرکی گەل ئەسعەدعەدۆ بیتە قەلەم ل سەر
خەلەل ناکەم چ خەبەر
*

ئەو بێوەژنەی چوار مێردان دەکا
بەئەمری قازی خۆی مارە دەکا
حەفتەك پیٚ ناچیٚ عاشام لیٚ دەکا

ئاخ من چیم لێهات ئاخ چیم بەسەرهات
لە کچ دەگەڕام بێوەژنم توش هات
*
خەتای من نیە خەتای حاجیە
بێوەژن هێنان نا عیلاجیە
خەتای من نیە خەتای مەلایە
بێوەژن هێنان دەردوبەڵایە
خەتای من نیە نوشتەی شێخانە
بێوەژن هێنان ئەرکیان گرانە
*
بێوەژن دەڵێ من گەلەك کۆکم
یەکێکم دەوێ بگاتە چۆکم
بێوەژن دەڵێ من خان و مانم
یەکێکم دەوێ وەك شلکەی ڕانم
وەسیەت بێ بۆتان تاقمەی گەنجان
بێوەژن مەینن تۆقە لەملتان
ئەوبێوەژنەی رەش و بێ نیشان

هەر قابیلە بەسۆفی و دەروێشان
*
هەی گور هەی گور باوانم گور
گورم دەچاند لەدەوری بیر
بازم هەردەدا نەمگرت نێچیر

حەیفە خونچە بۆ پیاوی پیر

*

جسرەکەی کەرکوك بنەکەی بۆشە
ماچی کچەکورد بەپاوە خۆشە

*

حەیفە بۆ کچان عاشق سۆپەرن
دوژمنی لاداو لاندۆزەرن

*

خۆزگە لە دوینا سێ شت نەبووایە
پیری و فەقیری و مردن نەبووایە
دەستم لێ مەدە دەست لێ نەدراوم
پەنیری مەیرەم بەکەس نەخوراوم
سەعاتی دەستت نێوەکەی پاکە
لەنێو بەدکاران پێت دەڵێم کاکە
قات رەش و قات سپی دەچنە سەفەرێ
قات رەش ئەمرکا بۆی دێمەدەرێ

مەشکامن و گایێ رەش
قوم لێدان بیست و شەش
حەیرانێ من پەستەك رەش

*

چوومەماڵی حەمەی حەیدەر
دووسەرقژنم لێ هاتنەدەر

خوایە نەمخۆن یا پێغەمبەر

*

هەروا دەڕوا بناوبنە

کەوشی لەپێی ماسی چنە

خۆی لێمەدەن بێوەژنە

*

ڕێگام بەردەن تۆبزخڕن

لەناو ماران بەخۆم کوڕم

لەناو کۆرانان کیژهەربڕم

*

ئەوکانیەی لە سێبەرێ

بەخۆم لێمدا بەخەنجەرێ

کێ ئاو لێ برد زەردئەسمەرێ

مارێکم پێوەدا سەرکلکی سووربێ

قەبرم لەقەبری بێوەژن دووربێ

پشدێنەی پشت قافەر قافەرە

مێزەری سەرت عالەم شێت کەرە

دەچی بۆ هەرتەل لەگەڵ خۆم بەرە

*

هەدارە دارەدارێ بەژنی چەدارە

لەبۆ خواتان پێ دەڵێم مێرد نەکەن بە یەختیارا

ڕدێنیان گەلەك تیژن وەکی شوژنێ بەقارە

*

لەدەستم نایە وەك کەوبخوێنم

ئەو جووتە خوشکە لەخەو هەڵسێنم

*

خۆم بە خولامی سوخمەی کۆنی

وەك مێخەك بەند ئەڕوا بۆنی

هاتووم بزانم چلۆنی

وێنەی شەمامەی بەبۆنی

*

لەکەرکوك بەڕێ کەوتن شەوێك بوومە میوانی

داوای ماستاوم لێکرد ئاوی لەبۆری هانی

دەستم برد بۆ جامەکە پەنجەم دای لە مەمکانی

خەریك بووم لێم عادزبێ گوتم قوربان نەمزانی

دەچمە سەرچیای نەهاتێ

دەینم ئاوی حەیاتێ

دەیدەمە مام حوسێنی

بەشکو خەزیلەم داتێ

*

بەقوربانت بم قۆزی بەر مزگەوت

بەرکە بەدواوە تەسبیحەکەت لێ کەوت

بەرقوربانت بم بۆ بەرز ئەڕوانی

مەنیقەی گەرمیان بەچۆڵ ئەزانی

*

هاتم لەلای هەریرێ

بریندارم بە سێ تیرێ

ئەگەر ماچێکم نەدەیێ

بابت بەقوڕێ گیرێ

*

سەیری ئەو دارەکەن شنەشنیەتی

خۆزگەم بە حەمە فاتە ژنیەتی

پشتماڵمان کارێز بەرماڵمان گۆمە

عالەم مەنعم کات هەر میمیزای خۆمە

*

دوێنێ یار گازی کردم

لۆبن هەیوانێی بردم

نسعەتی جوانی کردم

دەستڕەکی پێشکەش کردم

خودا ڕەحمی پێکردم

جۆت لیمۆی خەڵات کردم

*

ئەچمە ئەو بانە، بانێ دیارە

قاپی ئاسنین کیلیلەکەی مارە

بریا ئەو مارە بمیگەستایە

پشتم بە نامەرد قەت نەبەستایە

*

ڕۆژ هاتەدەر لە ماکێ
شۆقی دایتە خەناوکێ
کچ جوانترە لە داکێ

*

جووتێ کەوشی ڕەش هاتن لەسلێمانی دووراوە
قوربانی وەستاکەیبم وردەتەریبی داوە
شاگرد بەقوربانتلم شفرەت پیاهێناوە

*

ئەوا دەرکەوت لەباسکی قەبران

پشتێن گوڵ سێوی، دار جگەرە شیلان
من و تۆ یەك بین حاشە لەخزمان

*

شەرمە بۆ کچان عەشقی پانتۆڕن
دوژمنی کوردو شەلواری شۆڕن
شەرمە بۆ کچان عەشقی سوپەرن
دوژمنی جێب و لاندکرۆزەرن

*

هاتم لەلای ئەودیوی
چەند لەمێژە نەمدیوی
دوێنێم چاو بەیارێ کەوت
بە ڕبەی قوڕم دەپێوی

*

خۆزگە سەد خۆزگە لەم پەڵەهەورە
خۆزگە دانیشتبام لەمماڵەگەورە
چیغی ڕنگاوڕەنگ دیوخانمبا
ئەم باڵابەرزە دەستگیرانمبا

*

دوو بەدوو کچێ دوو بەدوو
ئاگر لەجەرگم بەربوو
دەکچێ بینە ماچتکەم
بوسلمانم نابمەجوو

*

لەگەڵ تۆمە کچە شەمێ
چۆن دەڵێی ماچت نادەمێ
سەری کوڵمان ماچکەم
سووڕبزانم ئەچمە جەهەندەمێ

*

دڵداری کردن بە ئینتیفاقە
نامە وەرگرتن لەکوونی دەلاقە
نامەمەنێرە بۆم بێنە وێنە
بۆ دیاری دەستت دیارکە ئەم شوێنە

*

جادەی بێتواتە پێچ دەکاتەوە
چاوڕەش بێ ڕەحمە لاناکاتەوە

ئەمەشەو لەخەوما لەسەر گردێك بووم
عاشق بەباڵای کراس ڕەشێك بووم
*
مشکیەکەی سەرت بینە بۆت بادەم
لەژێر ڕیشوەکەی تەعلیمت دەدام
مشکیەکەی سەرت ڕیشوەکەی خاوە
لەبەرچاوەزار بامان نەداوە

مشکیەکەی سەرت حەشری دووگردی
شل شل بیبەستە دەستووری کوردی
*
شرغەو دەوشرغە بەگوڵەڕەیحانە
ئەشقی کچێکم ناوی بەیانە
لەسەر (دێدەوان) (بەلەبان) دیارە
دەردێ لەدری من ئەو ناسکەیارە
دەچمە (بەلەبان) بەجۆگەو ئاوە
بەبڕنۆی لێدام ئەو پەرچەم خاوە
*
بەردی بیرێ چەندە لێژە
کراسی یارێ چەندە درێژە
لێم هەڵاتن گەلاوێژە
یارێ خۆمەو چەند لەمێژە
*

بەسەروەریێ و بەپەروەریێ
تەمامیان نەکرد پارویێ کەریێ
خەیارو ئەسلان خوشکن
لەدەوشەتیێ رونیشتن
لیفکیێ دەسماڵیان شووشتن
کەلەکوانیان دەکوشتن

ئیشتهای بەیانیان نیسکێنە
لەیەك ساڵ جارێك ترخێنە
ساوار کان و مەکانە
برنج باوك هەموانە
*
عەباس قۆرتە لاسی
بۆ ناخۆی نیسك و ماشی؟
بۆ وا بیێ دەنگ و باسی؟
بۆهەندە خوانەناسی؟
*
وەی دەڕژیێ دەڕژیێ دەڕژیێ
دەك مارەبابم کیژیێ
شەرتە لەبۆخۆت بینم
لەسەرتۆ خینم بڕژیێ
*
خۆمن ئیسلام تۆ مەمکەرەجوو

ئەشقی کچێکم لە نۆهەت ودوو
منی کوشتووە پەرچەمی لوولوو
ئیمڕۆ زانیومە ئەدرێتن بەشوو
*
مێرگا داریٚ سیٚ کانینە
ئێکا تەعل و ئێکا ترش و ئێکا شرینە
کچکیٚ دینیٚ ترسم بمرم ئەۋ وولاتە ییٚ من نینە
*
تاکەی بنیشین لەسای دیواران
زنجیر وەگەردەن چوو گوناهکاران
تاکەی بنیشین لەسای داری پەڵەك
بکێشین لەنچکەولارەی خەڵك
تیری پەیکانی باڵم کردگە شەلٚ
وەکو کەمۆتر ئەلپڕیام لەگەلٚ
*
دانیشتیە لەسەرجۆنی
ئەو قەیتانەی رەش دەهۆنی
لێم توورەیە ناڵیٚ چۆنی
دانیشتیە لەگوێی پردیٚ
نەخشی دەکا لەدووگردیٚ
عەمرو چاوم کیژە کوردیٚ
*
سەماوەری زەرد کتریەکەی شینە

شەکری تێمەکە بەخۆی شیرینە
دایکت تێیبکە بەخۆت بیهینە
*
(خەتە)و (توتمە) و (بالیسان)
هەلایەك هاتیە دیسان
پارەیان هینا بەکیسان
بردیان گوری مەجلیسان
توخوا ئەمە ئیش بوو کردیان
*
ئاپراغ و ئاپراغ بەدونگیٚ کاریٚ
برێنە سەپانان بێنەوە ماریٚ
ئاپراغمان لێنا بەدونگیٚ کاریٚ
ئاپراغ و ئاپراغ ئاپراغ بەهیشکی
برێنە کابانیٚ ئەسکوردی بشکیٚ
هەندەی نەداینیٚ برمان پێی بشکیٚ
*
وەکی دەچمە داوەتیٚ، توخوا خۆت مەلەقێنە
جۆت شەمامەی سەرسینگت بەرامبەرم دەرمێنە
جەرگ و درت پساندم، ڕوحیشم لیٚ مەستێنە
*
پیشەی جوتیاران عەرد هەرقەنە
پیشەی شوانان مەڕلەوەڕینە
پیشەی گاوانان گا لەوەڕینە

**پیشەی منداران مەمك مژینە**

**پیشەی جاحێران مەمك گوشینە**

**پیشەی ئێختیاران کۆخەوتڕینە**

*

**سیروان بردمی بەمل تافەوە**

**بەتونکەی تونکەی ماڵەجافەوە**

**بولبول لەچیمەن کەو لەنزاران**

**هەردوو ئەخوێنن پەی دەردیٚ یاران**

**مەسینە: ئاوێم لەگوێی بستینە**

**تەپاڵە: ئاوێم لەگوێی داماڵە**

**پەتکەکەر: ئاوێم لەگوێی بینەدەر**

*

**دڵدارەکەی من شێتی پارەیە**

**تاقەهیوای ئەو، بەس سەیارەیە**

**شێتی مۆدیل و جۆری تازەیە**

**نەمبوو سەیارە شووی پێی نەکردم**

**لەخۆشەویستی بیٚ بەشی کردم**

*

**چاکەت و پانتۆڕکاری مەکینە**

**من بۆتۆ نابم بەخەوبمبینە**

**چاکەت و پانتۆڕ من لە ئاوریشم**

**تۆمەیلت لێم بیٚ حەوساڵ دانیشم**

**شەرت بیٚ لەقینت دووبەش لەداخت**

خۆم دەخنکێنم من بە بۆینباخت
*
کچەجوانەکەی نێوکوردەواری
ماوەی ساڵێکە هاتوویتەشاری
کێڕا خۆت گۆڕی بووی بەشارستان
فڕێت داوە جلی کوردی جوان
لەبەرت کردوە مەکسی و شارستۆن
چۆن لەبیرت کرد جلی کوردی کۆن
توخوا پێم بڵێ ئەی شەنگەبێری
چوان وازوو گۆڕای بووی بەهەولێری
یار لە هەوێزی مەڕی		خۆم بەسەری داداوە
ئاگام لەدایکی نەبوو		بەرچیغی دەرکێشاوە
دوو بەرچیغی لێداوم		ئاگام لەخۆ نەماوە
سێ جار کەوتم و هەستام		کەلاشم بەجێماوە
لەبەر گەوزو گەوزانێ		پەشمەم هەمووی دڕاوە
کچێ خۆت ئاگاداربووی		چیم بەسەرهات لەم ناوە
*
(بالیسان) لەمن ئەوبەر ئەوبتەرە
برێنە یارم سێوەکم لۆ هەردە ئەوسەر ئەوسەرە
چاوی گەلەك جوانە دوو برۆی لەسەرە
سینگی قەیسەری و دوکانە
چاوەکەم دوو شەمامەی لەسەرە
دەوجە وەرە یارێ پێم برێ

چەندێ وەك منت کوشتیە بەهوردە کەسەرە

*

حەیف لۆ کەندێناوەی نەهاتی لێ دابەزی
ئاغاو ئۆغزوەیان کرد دانیشتن بەعێدزی
چەندم بابم تەحریکدا ئەو کچەم بۆ بخوازی
سەد دیناری دەدەمێ لە مۆری مەلیك غازی
بابی زۆر بەتەماعە بەوەندەی نابێ ڕازی
دەچمە سەر چیای قەرەچوغی زەینی خۆم بەردەداوە
بڕوانە بستی سەلماسی کۆچ دەڕۆن ناوە ناوە
سینگت دەشتی قەراچ کارمامزی لێ گیراوە
سەد مارە مێردان بکەی تەرکی ناکەی ئەم ڕاوە

*

گوتی دایە ئەو کوڕە
پێم دەڵێ مەمکت خڕە
گوتی کیژم قەیدی نیە
شەمامەی دەستی کوڕە
ئەمن دەستم بۆ دەبرد
سوخمەکەی مەمکی دڕە

گەتی دایە پێی بڵێ
وازلێم بێنی ئەو کوڕە
بەتووندی ماچم کردووە
ئەلحانیش ئەوکچە شڕە

فەرخەی لەدووخۆی ڕێزکرد
دەڕوا بەفڕەفڕە
دونیا لەمن حەڕام بوو
لەپاش ئەو مەمك خڕە
*
سابات و کەپران لەدارەبەنێ
دەیان هاوێمێ وردە جەگەنێ
لەسەری بنوێ یارم بەتەنێ
*
شەڕێ لەملەولەملەکان
شەڕێ بەران و شەکان
خەنجەرنابڕی پەستەکان
شەڕێ لەودیو لەودیوان
دێ دەنگی تەنکەزیوان
مەکوژن کاکی هەتیوان
شەڕ لەجۆخینی جۆیێ
گوللەدێ وەکی گۆیێ

مەکوژن کاکی خەجۆیێ
شەڕ لەجۆخینێ ماشان
گوللەدێ وەکی گاشان
مەکوژن کەوێ قوماشان
*

**ئەوڕۆ گەلەك عادزم دڵم گەلەك بەئێشە**

**ئاورم لەملان دەداوە سڵاو لەوتێلەکێشە**

**بەچاوعیششارەتمدا ئاخەکی لۆم هەڵکێشا**

**دەیگۆ عەمرت نەمێنێ ئەوشۆ وەرەڕامکێشە**

*

**منالێ پێشان مانگی بگرتبا**

**بۆقێکی زندی لەسەریان ئەنا**

**بۆق لەسەرسەری ئەهاتەگەمان**

**تاترس دەرچێ لەمنداڵەکەیان**

**ئەیانووت ئەمە مانگی گرتووە**

**کاك ئەسعەد ئەتۆش ئەمەت بیستووە؟**

*

**دەچمە دەشتی بەغدایە**

**دێنم تۆی خورمایە**

**دەیچێنم لەومەرزایە**

**پیرەژنی دێنەسەرێ**

**بایان لەچۆکی دایە**

**گەورەکچی دێنەسەرێ**

**لۆمەخسوودی دنیایە**

*

**کاکە سەریێ من دێشی    دەردێ لەدرم وەی وەیە**

**سەفەرێکم کەوتەبەر    فکرم (چەغەمیرەیە)**

له (دێمەکاری) ڕەت بووم — کەندیٚ (گۆمەخڕەیە)
تاقمەکیژەك ڕاڕۆین — (زێخەی) من لەپەڕگەیە
شەوقی نەینۆکێم دایێ — هیٚ کچیٚ وەرە پەنایێ
یارم مامزیٚ کەمۆیە — زوو لەبۆم هاتەڕایێ
سەری مەمان زۆر تورتە — لەگەڵ پەنجانم نایێ
گوارەو خەزێم زێڕی زەرد — چاوم لەبەر هەرنایێ
تامی ژووانی ئەورۆژە — چ برێم لەتاریف نایێ

*

باسێکت بۆ دەکەم فۆلکلۆرانە
زۆر لەباودابوو لەم کوردستانە
تاکو دەرنەچێت قەت لەبیرمانە
وەرمانگرتووە لەباپیرمانە
بۆت باس دەکەم لەسەرتا ئەوسەر
کە جۆتیان دەکرد بەدەردوکەسەر

گاسنی تەختەنووکی وەك خەنجەر
دووپەڕەی پان بوو، خۆڵی بێتەسەر
یاران گاسنیش هەمەجۆری هەیە
پێش فرێدانی ئەو تەختەوکوپەلەیە
کوپەو بازنیش بۆ هەمووان هەیە
هەوجاڕ تەختەبێت یاقرۆمەبێت
دەبیٚ زمانەو قولکێکی هەبێت
زمانە لەبۆجێگای گاسن بێت

کونێك لەقونکی بۆ دەستەندوبێت
*
سبەینەیەو رۆژهەڵات
دەنگی دووقوریگان دەهات
یەك شەکرەو یەك نەبات
یەك عەیشەو یەکیان فات
عەیش و فات کریان لەگرۆ
ئەمنیان کردبووە مەلای خۆ
چاوڕەشتر، یان برۆ
برۆڕەشترە لەچاوان
*
هاتەدەرکێ و گەڕاوە
سەروملی پێچاوە

دەیگوت ئەسعەد لێمگەڕێ
بابم زۆری لێمداوە
*
جادەی رەواندز تۆزوخۆردەکا
ماچی فاتمەخان کوڕ ئارۆزدەکا
جادەی رەواند تۆزوخۆردێنێ
ماچی فەیروزخان کێو لەبن دێنێ
کوندەو کوندەران ماربەمارێوە
داك بەقوربانی ئەو دەم و لێوە

کوندەوکوندەران هەی لاو هی لاوە
ماری زۆر ژنان کوندەی بیَ ئاوە
هانایەت بەبەردەبەم
دووەمین بەبەرسوبحانی
ۆتق لەعاسمان هاتەخوار
کەتەملی شەیتانی
یاڵلا خوایە لەڕێی تۆو
غەوسی مار لەگەیلانی
هێستری بارەبان بینی
حەیدەری ماوەرانی
ئبنن حەجەریان دانا
پڕناکا لەمەکرانی

حەفت مەلای دوازدەعیلم
هەرناگریَ لەعینوانی
حەفت ساران میرکوڕێمکرد
لەدووکیژە خەیلانی
لۆت بکەم مەتحی یاری
مەتحی یارێم تەواوە
بەچنی چیاییَ کۆسرەتیَ
تازە لێی شین بووخاوە
گەردەن شووشەی کارۆخی
سیوەیل غەرق لێداوە

دەبڕۆننە تیێ سەری
هەژدە لفکەی بەرداوە
بەسەتی وەکی من وتوو
مەتحی ناکرێ تەواوە
چاوکارمامزی لەبەرپای
ڕاوکەر لەدوای گەڕاوە
سنگی حەوزو کانینە
نێریان لێکرد کێشتاوە
*
سەدحوشترم دەکرد بار
لەیارێ بکەنەسراوە

ئەگەر یارێم نەگاتێ
بێشکەکارم تەواوە
گۆبەندانم پێ مەرێن
کەلکی بەندانم نەماوە
وەگ گیایێ جۆزەردانن
تەڕاییم لێ بڕاوە
وەکو پوشی لەبانکان
دەستم لەخۆ بەرداوە
دونێ هێوارێم زانیە
یار لە گولەی مارەکراوە
*

بەگولان و بەگولان گولی پایزێ
وەرە ماچتکەم باڵانێرگزێ
با من بکوژرێم لەسەر مامزێ
باران دەباری بارانی پەرێ
بسکت بەلوولە لەخەنەی مەنێ
خۆزگە مەرجانبام لەوێ خەنێ
*
ئیشیان بۆئەکەم هەر بەخۆڕایی
لەکچەکەی ئەکە موبارەك بایی
یاخوا هەرشەوبێ رۆژ نەبێتەوە

دەستم لەیەخەی یارنەبێتەوە
بۆیە پێم خۆشە ئەو دیوەخانە
تیادائەنیشێ ئەو کچەجوانە
کراسەکەی بەری گوڵ دانەدانە
منی کوشتووە لەلای خۆمانە
*
ئەمساڵ لەبەختم تەونێ خستەدار
ژێردرار سەتڵ چۆباڵدار چەنار
ماسورهەوریشم کەڵ کیت کەلاێ کار
چەقۆکەت زەردێ پڕ لەدانی لاڵ
گوڵی پی بوڕە وەپەنجەی شمشاڵ
پەنجەچوون شمشاڵ کردێوە ئاوا

بیٚ دیٚوە زوڵفی خەیاتەی خاوا

*

چوومە بناری سەفینی بەرامبەر سەرمەیدانیٚ
دووربینم دابەرچاویٚ لۆلای ماریٚ حەیرانیٚ
یار لەماریٚ هاتەدەر ئەچیٚتە کانی خومانیٚ
لەسەفینی هاتمەخوار لیٚی دام بەفروبارانیٚ
نەمزانی لیٚم زیزبووە ئەوسار بەویٚ زستانیٚ
ئەوسارەش پیٚك بێینەوە هاوار کاکی هیرانیٚ

ئەوشۆشەوی بەدرێیە
داوەت کەوتە حەوشێیە
یاخوە ئەو شاییە نەکریٚ
بەبیٚ بەژنی یارێیە

*

ژنان ئەنیشن وەتەعلیق لیٚدان
لەپیاو لەژن لەگشت ڕیٚبواران
تەق تەق بنیٚشت تۆم گەلەبەڕۆژە
گەل گەل نیشتون لەبەرئەورۆژە
بەڵام چی بکەین لەدەست ژن کوڵان
بوونەتە هاوڕیٚی کۆرپەمنداڵان
قاقای پیٚکەنین ڕیٚبوار شەرمەزار
ئەوەندە شەرم دەکات لەگیان خۆی بێزار
ڕجام زۆر هەیە لەگشت ئافرەتان

عەیفە دانیشتن لەسەر ڕێ و کۆڵان

*

کچەکە بۆچی مەیلت کەمە

دوومەمکت سێوی عەجەمە

هەم حەتەم و خەنچەدەمە

*

پەردە لەسەر ڕووت هەردەوە

باخی سینەم بۆ دەرخەوە

گەر تۆراوی ئاشت بەرەوە

*

جارێکە وەختی مەعشەرێ

ماچەك لەکوڵمەت بمدەرێ

وادەڕۆم وەختی سەفەرێ

کچەکە وەختەدڵم دەرێ

*

کیژ هەرکیژێ (داربەسەرە)

ئاستی زێڕیان لەسەر سەرە

بۆمن شێت بوون سەران سەرە

کیژ هەرکیژی داربەسەرە

کراسی بەریان بەباغەرە

لەسەریان شەڕەخەنجەرە

کیژ هەرکیژی ئیلنجاغە

کەوای بەریان بەداخ داخە
کوڕان جەرگیان بۆیان داغە
*
ئاوی حەماموك نۆشی گیانت بێ
هەرحەوت خوشکەکەم بەقوربانت بێ
ئاوی حەماموك بەرەوخواردەڕوا

سێوێکی تێدایە بۆلای یاردەڕوا
ئاوی حەماموك سەهۆڵی ناوێ
لێوی کچە کۆییان سۆراوی ناوێ
*
چیای باواجی بەچاودەکێڵم
چاوجوانی لێیەوبەجێی ناهێڵم
جادەی ئیسکان جێگای دڵگیرە
ناودارەکانی جێگای تەکبیرە
*
ئەستێرە برێ ئەستێرە هەرئەوڕۆم ماوە لێرە
سەبارت بەچاوجوانێ مەسکەن دەشتی هەولێرە
دایکی دەستدا مەنجەرێ کیژێ گرتییەسەربێرە
سبەینێ گوڵ چنینە دەسکەگوڵەکم بۆبنێرە
ئەگەربەخۆت نەهاتی بەپێناوێم بۆبنێرە
ئەگەر پێناونەیهێنا بەبای شەماڵ هەردێرە
ئەگەریارم نەناسن کوورتەخەزێمی زێڕە

*

دەچمەبەرمەڕی جوان دەیکەم بەخێو
لەدەشت و دەریا لەشاخ و لەکێو

*

باران بباریٚ تەزرە بێتەخوار

قەت تەرکی ناکەم شەوین وشەوخوار
وەلەوشوانی گەلیٚ زەحمەتە

*

دەوەرە وەرەکەمبەرە
مارمان ئەوبەر ئەوبەرە
گاسم کردی زوو وەرە
ماچی گەردەنت خۆشە
لەبن کەپروسێبەرە

*

هەتادێیتەوە من نیوە مردووم
یارێك هەیە لەکوللیەی علووم
دەفتەری دانا لەبان کەلەکە
یارم خوێنکاری ئاسکی کەلەکە
بەردەرگای ماڵمان گوڵ وڕەیحانە
یارم خەفەرە لەخەستەخانە
ئەگەر نازانی ناونیشانی
وا لەئامۆژگاری مامۆستایانم

موستیلەی دەستت نوقمێی تاڵە
جومعەوپێنج شەممەیارم لەماڵە
*
ئەم باسەباسی پیاوی دووژنە

ئەیبیتەسەرخۆت بڵێیت بۆمنە
پیاوی دووژنە سەرلێشێواوە
ئیسراحەت ناکات هەتاکو ماوە
پێم ناڵێیت دووژن بۆچی ئەهێنی
تۆ بەدەستی خۆت خۆت ئەخنکێنی
کردت بەدۆزەخ ئەوماڵە جوانە
سەرگەردانت کرد ئەومنداڵانە
ئەم ڕازی ئەکات ئەویان ئەتۆرێ
تۆراو دێتەوە ئەم دڵ ئەگۆڕێ
بەس تێمگەینە بۆ کردت بەدوو
لەداخی خۆی بوو یاڕقی خەسوو
دەباتێبگات پیاوی دووژنە
هەتاکو ماوە جەرگی کوون کوونە
ژنێکتان بەسە واز لەدووبێنن
بەدەستی خۆتان خەفەت مەچێنن
*
چاوڕەش بشکێنەقەندی
کابانێ دەوڵەمەندی

ماوەیەکە لێت دوورم
نازانم لۆ بێ ڕەنگی
ئەگەر خەمی من دەخۆی

خۆت کڕکە بەبێ دەنگی
ئەگەر لەخزمان دەترسێی
با دەستکەمە تفەنگی
*
ئارەقەی مەمکی یارێ
شیرینە وەکی هەنارێ
لەبەرعەشقی چاوەکانت
خۆم بوومە باغەوانت
*
دەمی یارێ بەپێکەنینە
بۆنی زوڵفی ئەشرەفینە
ددانی دوڕومرواری
ماچکەم چاوی خوماری
برۆی ڕەشی کەوانی
بۆنخۆشی وەك رەحانی
چەندخۆشە پێکەنینی
بەگوڵاوێم دەپەرژینی
مەمکی وەك فنجان و سێوە
ئاگری بەردامێ بەپێوە

بۆی بووم شێت و مەجنونە
بۆنخۆشەوەك بەیبوونە

دەنگی خۆشە وەك بولبولی
بۆنی دێت وەك قەنەفلی
نازدار وەرە بمشێلە
جەرگ و دڵم دەرێنە
*
باوك و باپیرمان مشكی وجامانە
ئەیانبەست لەگەڵ كەواوفەقیانە
كیسەوبەردەستێ و نێرگەلەو سەبیل
كورتان و دوربن و سەبەتەو زەمبیل
گۆچانی شوانی و داس درویێنە
موكێش و مەقەست چەقۆوئاوێنە
هەوجاڕتاشین و نیرونەقیێزە
كەپروكوندەڵان هیزدانەو هیزە
تەشویێ و مشارو مەنگەنەوتەوراس
ئەسپەرەو بێڵ و پاچ و خاكەناس
وەحەی گاڕان و هەچەی كەرەبۆر
گایەك نەدزرێ و كەرنەبرێ بەزۆر
شەوچەرەی شەوان لاوك و حەیران بوو
بەیتی رۆستەمی مازندەران بوو
*

لەبۆم برێنەشەماری
دەمەك دێ و دەمەك نایێ
دەنگی خۆم لۆ هەردینی
وەکی دۆرو زووڕنایێ
دەنگی داسان چەند زۆر دێ
دەنگی یاری من نایێ
گەنم سەری ماخۆت خوا
یار سو تالەبەرهەتاوێ
*
سێ ڕۆژەی مردوو ئەوا تەواوە
بەرەو گۆڕستان ژنان وەستاوە
ڕەسمی جوانەمەرگ بەسەردەستەوە
گۆرانی ئەڵێن ژن بەبەستەوە
یەك باسی زاواو یەکێ بووکەکەی
یەك باسی خەسووە ئێسك سووکەکەی
یەکێك مێردەکەی ئەزێتی داوە
یەکێك کوڕەکەی بەدارلێی داوە
سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە
حیکایەتت بۆ ئەگێرێتەوە
خاوەن مردووەکە وازی هێناوە
ئەم دڵسۆزترە تەواوسوتاوە
ئەوەی کە ئەیڵێ نایڵێتەوانێ
میزرزاش گۆرانی وەها نازانێ

هی وایان هەیە ئەڵێ وانابێ
کێ دەنگی خۆشە باڵەگەڵمابێ
هەستنەسەرپێ ئەمە بۆتۆیە
هەموو بەیەك دەنگ دەی زاوا ڕۆیە
بابکەین باسی چێشت و گۆشتی زۆر
ئادەی زرمەت بێ مردووی گۆڕبەگۆڕ
لەپاش تێرخواردن ئەڵێ بۆ ڕۆن بوو
یەکێ تر ئەڵێ برنجەکەی کۆن بوو
عەتێ خان ئەڵێ مەڕۆ مەوانێ
هیچ کەس قەدری ئێمەنازانێ
نەچێشتم بەرەکەت نەچام خواردەوە
بەزیای خێر نەبێ کۆستمان کەوتووە
من خاوەن مردووم ئەبێ ئاوابم
لەناو عالەما سووك و ڕیسوابم
ئادەی فڵان کەس کوانێ عەباکەم
بەخا تازووە درەنگە ڕاکەم
ئەگەر بۆ خوایە حەڕام کراوە
هیچ شەرعێ ڕێگەی ئەمەی نەداوە
چی شەرع وتی ئەیخەینەسەرسەر
هەموو ئەیزانین ڕێگەی خێروشەڕ
*
ژن بەژن دەردی گەلێ گرانە
لەلایە باشە لەسەدلا ژانە

لایەکی خۆشی سەدلا گریانە
لەلایێ خەندە سەدلا فیغانە
لایەکی ئاسان سەدلا زەحمەتە
لایەکی کەیفە سەدلا خەفەتە
لایەکی ئاشتی سەدلا داوایە
لایەکی بێ دەنگ سەدلا هەرایە
*
لەگەرتۆمە ئەی عەزیمە
شێت و شەیدای دووکەزیمە
عەقروهۆشت لادزیمە
لاگەرتۆ مەعلیم ناوە
هەروەك باسی سەربەکراوە
روح و دینم لۆت نەماوە
جەرگ و دڵم لۆت سوتاوە
لەگەرتۆمە کیژۆرە گورێ
بۆنت بۆنی قەنەفرێ
ماچت دەکەم نیوەشەوێ

بەژنت بیێ خانەفایێ
*
دارەکەی سەرکەل با ئەیشەکەێنێ
ماچی بێوەژن لێو ئەتەزێنێ
*

دارەکەی ماڵیان شنەشنیەتی

خۆزگەم بەکەسە چاوجوان ژنیەتی

*

داری دارمێخەك عەمری نەمێنێ

هەرکەس هەڵئەسێ مێخەك ئەسێنێ

*

پزیشك و دکتۆر دەرمانم ناکا

بەس مەگەر یار خۆی چارەم بکا

هەرلەو ڕۆژەوە تۆم دیوە بەچاو

غەم لێم ئەبارێ وەك باران بەتاو

بەس لەبەر هەستی خۆشەویستی تۆ

ڕێگەی بەختیاریم گرتۆتەئەستۆ

گەربێ توو نەگەم بە مرازی تۆ

ڕووناکیم ناوێ دەرچێ لەئەستۆ

*

خۆزگەم بەشوانان ئەیکەن ڕۆژئاوا

لەدەرگای جوانان ئەڵێن ماڵئاوا

خۆزگەم بەو ڕۆژەی چووین بۆ چەوتەکە

شەقەی ماچ و موچ ژێر ئەشکەوتەکە

خۆزگەم بەو ڕۆژەی مازومان ئەکرد

یاردەمی دێناو من ماچم ئەکرد

*

باڵای یارەکەم عەیبی تیا نیە

عەیب لەچاوم بێ لەباڵای نیە
سەعات بۆ دەستت سورمە بۆچاوت
نمرەی ڕەقەم یەك بۆلێوی ئاڵت
*
چووە تۆرکان بەپیاسە
بەکراس کودەری تازە
لەناو دەستەی کیژۆران
دەڵێی ناسکەڕێواسە
جۆتە مەمکی سەرسینگی
سوند دەخۆی هێلکەقازە
دەڵێم لەبۆم بخوازن
لەکنیان نان و پیازە
*
بەژنێ کچ مامێم شترە نەمامە
لەسەر سینگی جۆتەك شەمامە
هەتاکو دەمرم هەر بەتەمامە
بەژنێ کچ مامێم شەنگۆرەییە
لەسەر سینگی ڕووت، جۆتێك هەرمێ یە
ماچی کچ مامێ بۆم عەیبی نیە
بەچنێ کچ مامێم دار ئەسپیندارە
لەسەر سینگی ڕووت جۆتێ هەنارە
حەفت دۆستم هەبێ لای ویم بەتارە
حەیفم دەمینێ دەیدەم بەپارە

من هیچم نیە چۆن بیکەم چارە
بابە گەوادی گەلەك غەدارە
لۆم برێنە کچ مام دەچمە سەفەرێ
لۆخۆم دەگرم لیمۆی باغەرێ
بەوشەرتەی کچ مام بەداکی نەرێ
*
ژن و پیاو وەیەك گەر ببن ڕازی
هەرگیز نابینن بەردەرگای قازی
بەکەیف و خۆشی ئەژین لەناومالْ
زۆر خۆشە تفاق خێزان ومندالْ
پێکەوە ئەژین هەتا وەسەدسالْ
کەیف و پێکەنین دوور لەقیل وقالْ
زۆر ڕجا ئەکەم لەبرادەران
بەخۆشی بژین لەگەلْ خێزانتان
*
دەچمەسەر زورگەزراوی لەمن بەهوردە بەردە
زەینی خۆمدا (قورشاغلو) لۆمن پڕ گەردەن زەردە
ئەوەل ڕۆژێ زستانێ تا دەگاتە سەرپەڕێ
وەختی کاردی و کەنگران لەماران دێنەدەرێ
بەبەستەو بەگۆرانی تا دەگەنە ئاقاری
کراس و کەوێی زەردو سوور تێکەلە بەگیای بوارێ
وەکی گەیشتنە ناو زوور نەختێ ئیسراحەت دەکەن
نێڕوانێ سەعات یانزە هەموو دەچنە پەرێزان

**دەڵێن لەکوێ نان بخۆین یالا بچینە کارێزان**
**تاخمێکی تر لەم لاوە پرچیان گروازەیە**
**شوێنی نان خواردنی وان هەر بیرە بەرازەیە**
**وەکی نانی خۆیان خوارد گەڕانەوە بۆ ماریێ**
**لەگوندی سەیریان بکەن سۆرن وەك گوڵی بەهارێ**
**وەکی لەزوور دەرهاتن بەرەو مارێ دەبنەوە**
**دەڵێن یاخوە کاول بێ ئەدی بەچ بچینەوە**
*

**خوێنەری ئازیز کوردی رۆشنبیر**
**ئەدەب دۆستانی بەسەلیقەو ژیر**
**پەندی پێشینان وا هاتنەکەمێن**
**نابی دانیشیت بەکەمتەرخەمی**
**نابێ بێ بەش بیت لەم بەهرەپاکە**
**هەورا بچنە ژێر ئەم خۆڵ و خاکە**
**ئەدەبی کوردە ئەم کەلەپوورە**
**ڕەنجی ساڵەهای خوار هەتا ژوورە**
**تاکۆی کەینەوە زۆری تر ماوە**
**شەوچەرەی ئەدەب وەك سۆمای چاوە**
**وەکو کانیاوی لاپاڵ و چیا**
**تاڵە هەڵکۆزین هیتردێ لەدوا**
**چەن کۆکەینەوە هیتر دیسان دێ**
**گەل چینێك بڕوات هیتر دێتەجێ**
**ئاخ بۆ گەڕانی ئەم کوردستانە**

بۆ خڕکردنەوەی ئەم بەهرە جوانە
لادێ نشین و شاری و ڕەشماڵی
لەدەشت و چیا هەردەولاپاڵی
هیچ کوێ نەمێنێ سەری لێ نەدەی
بەزمی کوردانی تیا گەرم دەکەی

دوو کیژ وەتەواوی کڵاولارێکە
شتدێنی پشتی بەناس پێچراوە
کەم قسەبکە بەتکار وەستاوە
*
لێ لێ دایکێ ئەڤسالێ سەرەکی چەندساڵانە، لاوکێ من مری
بەژنا لاوکێ من دیارنیە داری دنێ، تەرمێ وی کەتەبن ئاخ و گری
دایکێ وەختێ دچین سەیرانێ چل و بەیارە، ئەزڕێنانێم بەچایێ سەماڤەری
ئەزێ ڕابم بچم تەك لاوکێ خۆ ڕینم سەر قەبری
عادەتێ زەمانێ بەرێیە، وەختی مێڤان دچن مێڤانداری
دایکێ نك مێڤانە شەرمە ناچمە ماڵانێك و دوودەستی بەتاڵی
ئەزێ ڕابم باقەکی گوڵان و ڕەیحانە، کەزێیێ خۆ پیرا ژلاوکێ خۆ بکەن دیاری
باقی گوڵان و رحانە قەبری لاوکێ خۆ بڕشێنم وەکی بارانێ باری
جووتێ ڕەش کەزیە سەر کێلا قەبرێ لاوکێ خۆم بەردەم خارێ
بێژم مریۆ، رەحمەتا خودێ تەبی ئەڤێ ساڵێ ڤێ بەهارێ
لاوکۆمن بەرزە بووی تە نابینم لێرەو لەڤێ

پشتی تەرە بلابمرم ئەز برازاییێم ئەڤێ خەڤێ

*

هەستە بچینە سەیرانێ سەرانمان (کێڵەشینە)

مەمکت کەللەی شەکرن ڕوومەتت بەفروخینن

لەبن کراسی کتان دووشەمامان دەربینە

جاربەجار بیانگوشم بیانبینم شیرینە

لەئەنجامدا هەردەمرین دونیای چ پێوەنینە

*

لەهەولێرێ بەڕێ کەوتم گەییمەنیوەی شەقلاوە

لەلۆفەی سەڕامەوە یارەکەم ڕاوەستاوە

بەدڵ سەلامم لێکرد بەبرۆ عەلێکی داوە

یارێ بۆ دەنگت نەکرد مەیلی جارانت نەماوە

ئەگەر ئەتۆ بێ مەیلی منیش مەیلم نەماوە

بادەست لێکدی بەردەین لێم حەڕام بێ ئەم ناوە

*

باڵات وەوێنەی بلوێربانیە

بەگزادەی بێ عەیب گشت شێخانیە

بەرکە بەملاوە بینم جەمینت

خواوان نەشەوێنێ شێوەی شیرینت

سەرتەن و بەتەن گشتی هەرتەنە

ڕێزەی دارمێخەك گوڵ پێوەبەنە

زلێخان زەردەن زەردی زلێخاچوین خۆرە زەردەن

وەئاو هەنگوین وەگوڵ پەروەردەن

وەڕۆژ بێگانە وەشەو هام دەردەن
پیرەمێرێك بوو تەمەن حەفتاساڵ
کردی داخوازی کچێکی منداڵ
دەموچاوی لۆچ دەمی بیٚ ددان
پشتی چەماوەو ئەڕوا بەگۆچان
بەڵیٚ مام ئەخیتار پارەی وەك خۆڵە
پارە جیائەکا دایك لەرۆڵە
وتم مام ئەختیار پیری کۆنەساڵ
بۆچی ئێسك خۆت لەخەڵك ئەکەی تاڵ

*

یار لەسراویٚ هاتەوە گۆزەی بەملی دادایە
بەڕووی یاریٚ دادەچووم یاردەکەوتە بەربایە
بۆنی قەنەفریٚ لێدام هەردوو چاوم شێوایە
بەچاوان دەکەم دووێنیٚ بەدەست ئیشارەی دایە
دەریٚ وەرە پێشەوە لاوە مەیلت گۆڕایە
سەبارەت بە بێوەژنان ئاگات لەمن نەمایە

*

ئای چەند سەیربوو لەسەردەمی زوو
کۆئەبووینەوە لەماڵیٚ هەموو
بۆدەستار هاڕین یاساوار کووتان
گۆرانی ووتن قاقای کیژۆڵان
هەندیٚ شەوچەرەو گفتوگۆی شیرین

هەندێ گۆرانی بۆ دەستاڕهاڕین
پیران لەولاوە داستانی هەزار
ئەیانگێڕاوە بەتەزبێح وزار
بەمجۆرە هاوین ئاوا دەچووەسەر
کراسی زستان ئەوجا دەکرابەر
بەیانی هەستن گەلی کیژوکار
ئینجا رێکەون بۆهێنانی دار
کۆئەکرایەوە بەوێنەی خەرمان
دار لەنێو عەوشو لەسەر قەبرستان
خاڵەقادریش هەر لەمزگەوتە
خەریکی نوێژو پیروپەککەوتە
لێی کۆئەبنەوە گەلی کوڕوکاڵ
بۆ قسەی خۆش و ئەفسانەوخەیاڵ
باسی لاوێن و ڕابردووی ژیانی
ئەگێڕێتەوە زۆربەڕەوانی
چۆن ئێوە لاون گشت هەرزەکارن
رۆڵە بۆ ڕۆژگار گەلێ قەرزارن
لەسەر شانتانە هەوڵ و تێکۆشان
یارمەتی یەکتر بەتولی ژیان
ژیان بریتیە لەخەندەوگرین
نەك هەرتاڵی بێ یاخود پێکەنین
هەردوو هاوژینن لەگەڵ زەمانە
دەمێ هاوینەو دەمێ خەزانە

دەمێ بەهارەو دەمێ زستانە
جا خواحافیز کوڕگەلی دانا
*
سەرێ من چەندە دێشێ
دەردێ لەدڵم هەرایە
ئەوەڵ مانگی نیسانێ
کوریك کەتنە چیایە
کیژان ڕەئیان دەبەستا
لەبۆسوڵتان عەولایە
بەدووربینم دوڕۆنێێ
یارێ من لەگەردایە
دەستڕەکم هەردا
بەنیازی درم وایە
چونکە خوا ئەمری لێبوو
لەقووڵایی دامایە
یارێ دوعایان دەکا
لێکمان نەکەی خودایە
سینگت باغی میللەتی
چاردەوری سیم لێدایە
مەمکت سێوی لاسورە
دنك دنك نەخشایە
یارێ سوندم لۆدەخوا
کەس دەستی لێ نەدایە

لۆ عالەمێ قاچاغە
لەبۆتوو تەبەڕایە
یارێ پێشان خۆش کوڕبووم
ئێستا کەلکم بڕایە
عومرم تەجاوزی کرد
کەلکی گەمەم نەمایە
لەبەر کوڕوکاری گوندی
ئاگات لەمن بڕایە
سوێندم خواردوە بەگەنم و بەجۆ
پژدێنەك بکەم لەکراسەکەی تۆ
دەمەکەت هەنگوین لەقوتوی شینا
ناردمە خوازبێنی لێم چوون بەقینا
نەشەرتت شەرتە نە نامەت نامە
یەك پارچە کاغەز دوعاوسەلامە
کراسەکەت ڕەشە مەیدە لەدیوار
دڵ هەریەکێکە مەیدە بەهەزار
*
ئەوڕۆ قەرە چارشەمە
سبەی قەرە چارشەمە
تۆز لەچیای دەبوە تەمە
داکێ گۆ کەسم نەما
خوشکێ گۆ سراولەمە
لێ میرۆ هەی لێ میرۆ

ئاغایەو ڕەنگ وەزیرۆ
میرم دەرێ هۆ دایە
چەکانم بینەلایە
ئەوڕۆ شەڕو دەعوایە
میرم دەرێ هۆخوشکێ
چەکانم بینەکۆشکێ
تەقدیرەو لەشکربشکێ
میرم دەرێ هۆژنێ
چەکانم بینەکنێ
ئەوڕۆ ڕۆژی قتنێ

| | |
|---|---|
| لەرواندزێ هاتمەدەر | کاولۆکان لەسەرڕێیە |
| ئەوجارە سەفەریمە | عەزرەتم، چاوەڕێیە |
| خزمان هاتنە ڕجایێ | سالح مەچووە ئەوجێیە |
| گەردە گەردلەمن خۆشە | جێی مرازی شەوێیە |
| تەقدیرێ خوای وای دەکرد | پێك گەیشتن لەوێیە |
| لەکاولۆکان دەگەڕێم | دەردێ لە درم دەناری |
| حەیفێ ئەمن دەکوژی | لەکابرای چەند خەساری |
| لە بۆخاتری درێ خۆم | ماچم کرد پڕ بەزاری |
| جوانی ئەوها زۆرکەمە | چەند بگەڕێی لەشاری |
| هەستم لەقسەی ڕادەگرت | هەرسیحری لێ دەباری |
| ئەو موعجیزەی خوایە | لۆ فەقیران بە دیاری |
| رواندزێ جێ دێڵم | ڕوودەکەمە هەولێرێ |
| لەبەردەرکێ دەوەستم | بەشکو پێمبکا خێرێ |

| | |
|---|---|
| دەردێ لەدرم بەبرینە | عەزرەت جوابان دەنێرێ |
| ئاوەدان بی رەوانــدز | شــاری لەقەد کــوڕەکی |
| لامـدەدا مــارێ یارێ | ئیســـــراحەتکەم برەکێ |
| دەیگۆ هەتیم لەکێ بووی | دیار نەبووی ســـــارەکێ |

*

هەر کاروانەو کاروانە
هات کاروانێ شکاکان
هێخستیان لەسەر چاکان
کیژ دەفرۆشی مراکان
تەیارەیەکی ئینگلیزی لەسەر هەولێرگەڕاوە
لەسەرشاری دەسوڕا قاقەزی بەردەداوە

قاقەزیان دەخوێندەوە گووتیان شۆڕش هەستاوە
سێ مانگ عەسکەریم دەکرد چبکەم خۆم پێ نەکڕاوە
تورك و رووس لێکیان دەدا (ئەلەمان) خۆی کێشاوە
دەچمە کن شێخ مەحموودی عێراق لەوێ بەناوە
دەستی شێخم ماچ دەکرد دەیگۆ کوڕم بەولاوە
هانی (بڕنۆت) بدەمێ عومرت هێشتا زۆرماوە
یارێ چاوی پێم دەکەوت جووت فرمێسکی بەرداوە
دەمگۆ یارێ مەگرییێ پێنج و دوو رۆژم ماوە
باکوردستان ڕزگارکەین ئەوجا دێمەوە دواوە
هەردوکمان پێك شاددەبین لەژێررەحمی خوداوە
*

دووکۆترم دیت لەمارەکی
هەردووك فەرخی بەسارەکی
ماچیان دەدا بەڕیارەکی
دووکۆترم دیت ژێرهەرچوونە
بازن زێڕی بەگەردونە
یەك خانمە یەك خاتوونە
لەدرم بیٚ قین کیژە جوونە
یێك لۆمنەو یێك لۆتوونە
*
هەویرەکە هەڵهاتووە
باجی (عەتی) نەهاتووە
تەنوور وا دامرکایەوە
بەفرەکەمان توایەوە
مانگی تەممورگەرمایە
بانگی یەکتر ئەکەن ڕاکە
بافریاکەوین خێراکە
خاوەر هێشتا نەهاتووە
وادیارە چای نەخواردووە
*
ئادەی کچم بانگی لێکەن
ئەو کووپەیەش ئاوی تێکەن
دوایی یەك ئەکەوین بۆئاو
دەی کچیٚ مەکەن خاوەخاو

*

یاریٚ منەبەبازنە
یاری خۆمە تەنکەژنە
بژی و بمری هەر هیمنە

*

بەهەڕەشە دەمتۆقێنیٚ
روحم چوویتە ژێرزەمینیٚ
لەبەر کورتیٚ ناوهەمینیٚ

*

دەچم بۆ (بانە) بۆ بازرگانی
سورمەت بۆ بێنم هانی هانی
ئەچمە رواند خۆم هەڵ ئەدێرم
دەنگم نایگاتیٚ کاغەز ئەنێرم
ئەو ڕیٚ باریکە بۆ سەر پرد ئەچیٚ
لەنجەولارەکەی لەکچە کوڕ ئەچیٚ
ئەی خوا چەند خۆشە ماچی سەرەڕیٚ
دل وەترس و لەرز نەوا یەکیٚ بیٚ
ئەی خوا چەند خۆشە ماچی نیوەشەو
دەم ئەبەی بۆ دەم ڕائەچەنیٚ لەخەو
بەسەرگردی شەماڵ بم هەوری کرد بە پەلەپەلە
بەتفەنگی برنەولێمدەن دەستم فێرەباخەلە

*

کاکە گویٚ بدەنە ئەودەنگ و باسە

ئەما زەمانی قەیناغ و داسە
خەڵك مەرەقی گێزەرو خاسە
تەرەنتەرهاتیە لەگەڵ دەڕاسە
نوکی چنت تیژە دەڵێ ئەڵماسە
جێگای (دە) عەلبان رۆژئەواخلاسە
فەلاح هەڵدەگرێ گەنمی خولاسە
وراغ دەگەڕێن بەبێ قەڕاسە
*
بەژنێ توم داروداربی داری و راتی کۆییێ
داس و قەیناغم دانا ناکەم درونەی جۆییێ
مەمکی چەپەی گۆواینە لەبەرهەمی مەرۆییێ
دوکانەکی دادەنێم لەنارنج و لیمۆییێ
ماچی ئەو زاڵم بابەی دەینێ شاری شنۆییێ
*
ئەوا ئەوساریش زستان هاتەوە
بەخۆشی و شادی بەخێربێتەوە
ئەوجا برایان باسی زستان کەین
باسی باران و شەوانی ساردکەین
کاتێ پەرەیدا عەردان تۆبکەین
نانی ئەوساریش دەباپەیداکەین
شەوانیش هەموو لەدیوەخانێ
بەلاوك و حەیران کەرەمستانێ
کاکەلاو ئەتوو کراوان خڕکەوە

لۆگەمی شەویٚ سەریان کۆتکەوە
دەبرایان هەموو دەوەرن لێبدەین
ببینە دووتاخم گەمەی بابکەین
دەرێن کاك خدر ژنت هێناوە
ئەنگوستیلەکەت ئەی کاکی زاوا
دەوجا جەماعەت نۆرەی ئێمەیە
نۆخاری حەرام دەبا لۆنگۆبی
ئەوا دادەگرم تەماشای دەستم کەن
هەرکەس لەجێی خۆی شکی لێبکەن
پاش گەمەکردن مێوژ خواردنە
ئەوگەمەکردنەش شەو بەسەربردنە
شەو دەبەینەسەر تا درەنگی شەو
ئەوجە بچینەوە بکەین سەرخەو
سبەی هەموو دەرچین بۆ فەرمان
بۆ سەفرای و خۆشی ژیانمان
*
برای کوردی بەرێزم کۆمەڵی هاونیشتمان
یەك رەخنەی گەورەم لەخزمەت گەلی کوردان
با خۆم زۆر بچوکیش بم رەخنەکەم زۆر گەورەیە
زۆر کەس نوقمی تەریقی ئەم جۆرە عادەتەیە
رەفتاری کورد بەزۆری جوان و پەسند کراون
لەناو گەلی میللەتدا بە ممتاز ناوبراون

بەڵام داخی بەجەرگم یەك کردەوەی ناجۆرە
گەر ئەو ڕەوشتەی نەبێ عادەتی جوانی زۆرە
ئەویش چوونی بەربوکە لەبۆ هەمیمەی شەوێ
بۆ یەك تاقیکردنەوە کە شوێنی بوك دەکەوێ
بوك هیچ پێویستی نیە بەڵکو کارێکی سوکە
حەیای بەرێ زاوایە هەم ئابڕوی بوکە
گەر یەك تۆز نهێنی بێت لەبەیانیان
بەربوك ئاشکرای دەکات لەتەواوی جیهانا
بەڵێ کچ دەدەی بەشوو قەیناکات خۆ ئیشەکە شەرعیە
هیچ خراپەت ناڵێ چونکە عەیبی تیانیە
بەڵام ماڵت وێران بێت بۆ بەربوکی شوێن دەخەیت
ئەوا هات و نەقەوما بۆ حەیای زاوا دەبەیت
پیرێژنێکی ناڕەسەن کۆنی سەرئاسنینە
ئەنێت بەسەر سەریەوە کێشی وەکو قۆلینە
سواری بارگیریەك ئەبێ هەروەکو نێرە سەگساز
پێش بوك ئەکەوێت وەکو مەیمونی سەربارەدار
ئا بەو بچمەجوانەوە ئەگاتە ماڵی زاوا
ئەیکا بە بگرەوبەردە چونکە بوکی هێناوە
دەست دەکات بەفشەوفال مل قوڕی سەرقولینە
کەس نادات لەدەماغی چونکە کۆڵی سەنگینە
کاتێ کە شەوی لێهات بوکەکەی هەڵئەسێنێ
ئەچێ بەلای کاریەوە شەرم و حەیا نامێنێت
زاوای قوڕبەسەر تفی لەدەما وشك بووە

بوکی زەلیلی هەژار لەشەرما هەر مردووە
خۆ غەسبە لەسەریشیان بڕیاری ئەوها دراوە
چونکە دایکی غەزازیل لەقاپی ڕاوەستاوە
سائیتر ئەگەر خوا ڕەحمی کرد بەهەردووکیان
ویستی حەیایان نەبات لەخزمەت دایکی شەیتان
کە هەڵدەکات بەژووردا فەرهاد کوژی بێدیان
هەروەك گورگی برسی دەبێتە ناو گەلەخان
پەڕۆئەپێچێتەوە زۆر چاك دەیخاتە گیرفانی
ئەیبات بۆ ژووری گەورە بۆ ناو مەجلیسی ژنان
یەك یەك تەماشای دەکەن هەروەکو ورچیان دەبیٚ
گشتیان دوعای بۆ دەکەن دەڵێن دەك ڕووی سپی بیٚ
بەیانی هەڵسا لەخەو پڕوچاوی ئەشۆرێت
گەر زوو چا حازرنەبێت تۆزێك لێیان ئەتۆرێت
چایەك قوزەلقورت دەکات هەروا زۆر بەسەهل و سوك
نەختێك وردە نەسیحەت هەڵدەبژێرێت لەبۆ بوك
بەڵام زۆر بەپەلە لەخۆشیان حاڵی نیە
چونکە دیاریەکەی دەستی نیولیرەی عوسمانی یە
هەروەك تەپۆی تورکی ئەینێتە ناوگیرفانی
زۆر بەتاوو بەپەلە ئەیبات بەرەو باوانی
هێندەی پیٚ خۆشە ئەڵێی هیچ کەس نەمردووە
ئەڵێی بەتاقی تەنیا شەڕی رووسی کردووە
کە لەڕێوە هاتەوە ناچێتەوە ماڵی خۆیان
ئەڕوا بۆ ماڵی باوکی بوك دیاریەکە ئەبا بۆیان

دایکی بوك لێی وەردەگرێ زۆرباش تەماشادەکات
چونکە دەنگ و باسێکی گەلێك جوان پێشان ئەدات
دەك دایکی بوك داوەشێت چۆن ڕووت دێت لێی وەرگری
شتێکی هێندەجوانە تا بەپێوە شوێنیان بچێت
کوردە ئەشهەدو عەیبە دەبا ئیتر تەرك بێت
با بەس شەوی زاوایی هێندە گران و تەرك بێت
توخوا ماین فاڵ دەدەی ئاخر مانگا کەڵ ئەدەیت
ئەم ناونیشانی عەیبە هەتاکو کەی هەڵدەدەی
دەبا بەجارێك تەرکی بکەین ئەم کارە
وەڵاهی زۆر ناشرینە عادەتی نالەبارە
ئۆباڵی کورد بەئەستۆی هەموو ئەو پێشینانە
کە دایان مەزراندوە ئا ئەم عادەتەجوانە

*

مەلارە دەی مەلارە
ئەو باڵاو لەش ولارە
خڕینگەی بازنەی دەستت
هاڕەی دێ وەك تەیارە
مەتۆرێ دەی مەتۆرێ
شلکە ڕێواس مەتۆرێ
بۆ ئارەقەی سەرگۆنات
(کەو)م، کەوتوومەڕێ

*

هەڵێنە دەی هەڵێنە

تۆزیٚ گەردنت هەڵدێنی
جەرگ و دڵم دەردێنی
دەریخە دەی دەریخە
خاڵی ڕوومەتت دەرخە
ئەگەرخاڵت دەبینم
خوێنی دڵم بەڵڕخە
*
دایخە دەتوخوا دایخە
ئەو لێوەجوانەت داخە
چاوم لێیە چەند ئاڵە
بۆنی دیٚ وەك هەڵاڵە
*
بەینی کچ و کوڕ کەئەبەستریٚ
ئیشارەی جوانی بۆ دائەنریٚ
کوڕ بەکچ ئەڵیٚ: ئارانی گیانم
هەرکاتیٚ دەستم خستەچاوانم
سەعات یەك و دوو لەنیوەی شەودا
ئەگە لای تۆ خوا تەغدیر نەدا
تا بەری بەیان من و تۆ هەردوو
دەس لەمل ئەکەین زۆر بەئارەزوو
ئارامم نییە من تۆم خۆش دەویٚ
گەرتۆم نەدەنیٚ دڵم ناسرەویٚ
کچ بەکوڕ ئەڵیٚ: نوری چاوانم

خۆشەویست تری تۆ لەباوانم
چاوەڕێت ئەکەم لە دوانزە بۆ دوو
وەرە بۆلای من زۆر بەئارەزوو
شەوی دووشەممە شەوێکی چاکە
باب لەماڵێ نیەو دایکم هیلاکە
ئیتر بەمجۆرە ئەم دوودڵدارە
چاوەڕێ ئەکەن هەتا ئێوارە
لەنیوەشەوا کوڕەهەڵ ئەستێ
بۆماڵی کچەهیچ ڕاناوەستێ
بەماتەو بەزگەخشکێ
سەد دوعا ئەکا تادەگاتەجێ
وەختێ کە کوڕە ئەگاتەبەرماڵ
کچ ئینتیزارە نەك جارێ سەدجار
کچ بەکوڕئەڵێ ئارامی گیانم
بۆ درەنگ هاتی نوری چاوانم
کوڕ بەکچ ئەڵێ لەمن مەپرسە بۆ درەنگ هاتی؟
خۆ هەمووکاتێ وایە دڵداری
ماڵ مامەخولە لەسەر ڕێگایە
چەند سەگیان هەیە هەمووی بەڵایە
نانی جۆ دێنم لەکوچە کوچە
تادەنگم نەکەن من وام لەوسوچە
لەوان خراپتر خۆخولەی هەژار
دایم ئەکۆکێ بەدرێژی شەوگار

زۆرلێی ئەترسم سەرێ هەڵبڕێ
دەنگ سەگم لێبکاو زگم بدڕێ
لەویش خراپتر مامەڕەمەزان
ئەسوڕێتەوە کۆڵان بەکۆڵان
نەخەوی هەیە نەخۆراك و جێ
مەولودێ ئەکەم کە خوابیکوژێ
دەردێ بگرێ گرانتر دەردبێ
وەکو عفەران ڕەنگەکەی زەردبێ
هەتا نەمێنێ لەو سەر ڕێگایە
بۆ بەین من و تۆ یەکێ بەڵایە
خۆ پوورە حەمدەو خەجەو ئامینخان
مەجلیسیان گەرمە لەسەر زبڵخان
ئەگەر بزانن بەمجۆرە کارە
حەیامان ئەبەن لەلادێ و شارا
*
ئەگەر بۆم نەکەی لەوچیتەمۆرە
هاشات لێدەکەم موشتەریم زۆرە
ئەگەر بۆم ئەکەی چیتی گوڵفازی
هاشات لێدەکەم لەبەردەم قازی
دەمەکەت بێنەدەم لەبانیکەین
دەم و ساحێب دەم وەقوربانیکەین
*
کاکە سەرێ من دێشی دەردێ لەدرم وەی وەیە

سەفەرێکم کەوتەبەر فکرم (چەغەمیرەیە)
لە (دێمەکاری) ڕەتبووم کەندێ (گۆمەفرەیە)
تاخمەکیژەك ڕاڕۆیین زێخەی من لەپەڕگەیە
شەوقێ نەینۆکێم دایێ هێ کچێ وەرە پەنایێ
یارم مامزی کەمۆیە زوو لەبۆم هاتەڕایێ
سەری مەمان زۆر تورتە لەگەڵ پەنجەم نایێ
گوارەو خەزێم زێڕی زەردچاوم لەبەرهەرنایێ
تامن ژووانی ئەوڕۆژە چبرێم لەتاریف نایێ
زۆرمان نەماوە بگەینە بەهار
بچینە دەرێ بۆ دەشت و ئاقار
پیشەقان هەڵگرین بۆکاردی و کەنگر
لەگەڵ دەشت و دۆڵ ببین بەهۆگر
ئەوجا خۆش دەبێ دڵی دڵداران
بۆخۆ ڕابوێرن دوور لەبەدکاران
دەست لەسەر مەم و دەم لەسەردەمە
لەزوورگ خۆشە دوور لەعالەمە
زوورگ زۆرخۆشە گشت گردوگۆڵە
زەوقی لێدەکرێ چونکە زۆرچۆلە
*
کەوەك دەخینی بەخیندنی خۆی
زۆرباش دەخینی بەئاقری خۆی
کاسەو هاواری لەبۆقەومی خۆی
کەتێربخواتن بەس بەخینی خۆی

کەمن دەخوێنم لەونیشتمانە
تەیرێکی جوانم سەربەو شاخانەم
بەخۆم تێکدەدەم لەخۆم هێلانەم
شێری قەومی خۆم ڕێوی بێگانەم
کەمن دەخوێنم خۆم دەکەم کافر
کەسێك نازانێ بەس لەخۆم زیاتر
جوون لەنامەردان لەخۆم نامەردتر
لەکوردستانا نەیانهێشت خاتر
کەمن دەخوێنم بەدەنووکی سۆر
بەپیرۆ دەڕۆم خۆم دەکەم کۆر
لەدووقەومی خۆم لەم دۆر بۆئەو دۆر
هەربەنەتیجە من دەبم سەرشۆڕ
کە من دەخوێنم ناوی من (کەوە)
لەبۆقەومی خۆم نیتم کردەوە
بەسەرم دادێ تاریکەشەوە
خوار دەیدۆڕێنێ و ڕاست دەیباتەوە
*
دەکوڕ گەل هەموو خۆ حازربکەن
دەست دەینەداسێ لۆ دوورنەکردن
کاتی دوورنەیە دەغر پێگەیی
خوشکان دەهەستن بەبێ گلەیی
خۆحازربکەن ئەی گەل خوشکان
کاتی خەرمانە بچینەمەیدان

کاکە (لاو) ئەتۆ لۆمان تێهەرکە
مەقامی دوورنەی دەردمان خۆشکە
دەبا هەموومان گەلەی لێبکەین
لەدوورنەکردن تەمبەری نەکەین
دە (زاریێ) ئەتوو مەرۆت هەرگرەوە
بێگۆتە گۆتە بێ ئەووئەوە
ئەوا ئەوساریش دوورنەی خۆمان کرد
شەغرەمان لێنا زۆر بەدەست و برد
جۆخینمان دانا جەنجەڕمان تێکرد
لەپاش کوتانی شەنەبامان کرد
ئەوجا هەموومان لەبەری دەخۆین
لەڕەنجی خۆمان بە هووردودرشت
برا ئەوهایە، ئیشی هاوکاری
هەر بەهاوکاری ئەتۆ خۆشحاری
*
هەناریێ بریێ هەناریێ
دەرمانی دەردەداری
کچیێ بێنەماچتکەم
لەبن گێوگواریێ
شەمامەی لەسەر سینگی
ئارەقەی لێدێنەخواریێ
نەخۆشەکی گرانم
لەبەرچاوی نازداریێ

ئارەقەی مەمکی یارێ
سەرخۆشمیکرد هێوارێ
چاووبرۆیانی ڕەشن
گەردەن شووشەی مرواری
لەنجەو ڕۆینی یارێ
وەك کۆتر دێتەخوارێ
سێ ماچانم قەردبایە
لەم دووچاوی خومارێ
زێڕوپۆلییەی لەخۆدا
ژێرگەردەن دێنەخوارێ
*
سەدکە بەگزادەی دەماغت بەرزە
ماچێ لەگۆنات زەکاتی فەرزە
سەدکە مندالّی قەولت دروستە
دلّداری بکە لەکەس مەترسە
عومروعەزیزم (تەنەکە) بەدەس
تەمێی دایکتە ماچ نادەی بەکەس
هەلّکێشە پاووپوش باخالّ دەرکەوێ
تێرسەیرت بکەم لەباتی شەوێ
شاخەکەی قەلّا کوناکونایە
یارم چاوڕەشە بەسەرئاو نایە
ئەو حەوشە گەورە لەوپەڕ ئاوایی
بەخۆی بانگ ئەکا ماچ بەخۆڕایی

(داویە)و (تالەبان) خورماتووبەیات
گشتی بەقوربان خاڵی سەرگۆنات
*
کوڕ دبێژیی: دەلالا پڕ ئەڤین
ناڤێ تەمن دانا نەسرین
ڕابە ژینێ بخەملینین
هەتا کەنگی رونك و گرین
کیژدبێژێت: ئەی هەڤاڵێ پڕ ئەڤیندار
ناڤێ تەمن دانا بێوار
پشتی تەمن کەس نەڤێتن
گەرخزمێت ببنە هەزار
کوڕ دبێژێت: هێڤەئینام وێڤەبرم
هەتا فێرو ئەڤین کرم
گەرنەدەنەمن چاێ ڕەشێ
باوەڕبکەن ئەزدێ مرم
کیژ دبێژێت: ئەی ئەڤینداریێ پڕ هێژا
ڤیناتەدل لمن مێژا
هەڕۆ تەل بیرا خۆتینم
هەروەکی (فەرزێت) نوێژا
*
هەر لەوشەڕی عرووسی کوژرا دۆستی چل کەزی
شاریان هەموو کاول کرد هەموو کورژران رواندزی

هــەرچی ئاگـــری تێپــەردا   هــەرچـــی بــردی بەدزی
خوای کرد دوژمن زووشکا   گــەڕاوە بەســـــــەرکزی

*

خالق هەرئەتووی بەخۆ
دەکەین باسی گەنم وجۆ
گەنم وجۆ چۆن دەچێنین
ئۆمەتێی پیٚ دەژێنین
پێی دەژێنین ئۆمەتیٚ
خودا بدەی فورسەتیٚ
جوتێرمەردی پتەوی
کولاوەی کردن قەوی
مام جوتێر ئاوڕی داوە
هەوجاڕ لەویٚ دانراوە
کەهەوجاڕی هەڵدەگرت
لەکوونی بۆسەی ڕادەکرد
دارجووتی دەست دەدایە
دەچوو لەبۆ مەزرایە
جوتێر دەکا سپاتان
زەویدا بۆ بەرلاتان
ڕای کردە کونیەی تۆوی
ئەو جوتێری ژێرووورد
تازەویەکەی تۆبدا
توورەگەی لیٚ پڕدەکرد

سەری لەبەر هەڵدێنا
بەلاتانی وەردەکرد
هاتبو بارانی پەلێ
لەمیسالی غەزەلێ
چووزەی گەنمی وەدەرکەوت
خوانارد بووی بەرەکەت
ساڵێکی بەباران بوو
تاگەیشتە بەهاری
گەنم وجۆ لێك هالابوو
وەك قەمیشی رووباری
گەنم هات و پێگەیی
سەپان خۆی ئامادەکرد
داس و هاسانی هێنان
داسولکەی خۆی تیژدەکرد
سەپان چۆن دێت و دەچێ
گەنم دەکا دروێنە
بانگی تێلەکێش دەکا
دەڵێ گوریسی بێنە
نازەنین تێلەکێشە
دەچێ گوریسی دێنێ
باقەگەنمان هەڵدەگرێ
دەیباتە سەرجۆخینێ
*

ئەگەر دەچییەشایی مەڕۆ هەتا دەتبینم
دەچمە شاری هەولێرێ کەمەرەکت لۆدینم
لەناوگەڕییێ دیلانێ لەنێکت دەشەتێنم
ئەوی دۆستەبێتەدیار، بەدکاران پێ دەپێنم
وەکی دەچییەشاییێ چەندشیرین هەردەپەڕی
تۆق و تەلسیم وبەربەن، سنجاقەی دەکاشەڕی
قەولی لەگەر یارێم بەست لەناو هەوێزێ مەڕی
هەندم یارێ خۆم بۆن کرد دوو مووم لەسمێری پەڕی
ئەگەر ئەمن وتوویەك بین خەرکی سەباب بابوەڕی
ئەگەر دەچییە سەیرانێ هەڕوە سەیری سەربانان
ئەگەر چوویە شاییێ مەچووە دەستی نەزانان
دەچمە شاری سولەیمانی دەگەڕێم لەدوکانان
کراسەکت لۆ دەکڕم تەنکتر لەکتانان
بەرێ لۆ سۆرەگورێ پشتی لەڕەشە ڕحانان
نوشتەکت لۆ دەکەم دووربی لەچاووزمانان
ئای وەگەرد وەگەر ئازیزم وەگەرد
ماڵەکە خۆش کرد (لوتەوانە) زەرد
یارێکم گرتووە وەك جام ئەنوێنێ
بەیارێ کۆنەم (وەرەم) هەڵێنێ
یارێکم گرتووە تەڕوتازەونۆ
قوڕ ئەدەم بەبان هەردوو دیدەی تۆ
*
کچ دبێژێت: عەڤرەك هات ویێ پرتی پرتی

ئەو نێرگزا خوناڤ گرتی
رۆژێ سێ جاراب خلامی وان دەستابم
ئەوێت تەقەلەم و دەفتەرپێ هەڵگرتی
کوڕ دبێژێت: ئەزل ڤان گرا تول وان گرا
ئەزێ دەستێ تەبگرم بەمە ناڤ ماڵێت هۆگرا
ئەگەر خودێ مرادامە حاسل نەکر
ئەزدێ بێژمەتە خوشکێ توبێژێ تەچییە برا
کچ دبێژێت: ئەزل مازی تول مازی
ئەز دکەم هەوار توبکە گازی
ئەزدێ هەڕم نك مەلای
تو هەڕەنك قازی
بابێ من دل کافرە دێ مالی ل تەخازی
کوڕ دبێژێت: چیات بڵند زیێ دارنابن
گەلی کیرن بێ ئاڤ نابن
کچێت چاردەسالی ل مال یارێ
بێ هەڤال نابن.

**کــــوڕ**

هەخارە خارە خارە
خاری ڕەش لەڕوومەتی
توخوا ئاوڕم لێبدەرەوە
وەختە دڵم بتەقێ
ڕۆنیت چەند جوانە
کارمامزی یاخود قەتێ

**کــــــچ**

کورە دەبڕۆ لاچۆ
کوڕی مامم خدری پاچۆ
ئەتو چیت لەمن داوە
وەك کوڕەکەی مام کاوە
چەند ساران بەدوام وێڵ بوو
ئاخر (ڕەنجەڕۆ) گێل بوو

چەند نوشتیانت لێبکەم
لەکن مەلایەو فەقێ
ئەتوو ئەمنت خۆشبوێ
دڵت لەدڵم بچەقێ
خۆت لەبەژنێ وەرینم
هەموو گیانم بلەقێ
ڕوومەتێت تێر تێر ماچکەم
خوستی نەکەم نەتەقێ
ئەو هەرە دەڵێم خوایە
جابمرم بچمە حەقێ

هەمنی تاوس وەك پەری
کراس گوڵ گوڵ عەرعەری
بەژن وەك ئیسپینداری
وەك شلکەیی لەڕووباری
چەند سارە دانراوم
من لەبۆ کوڕەخاری
کوڕەخاری من هەیە
بەژن وەکو شمشاری
چۆن من شو بەتۆ بکەم
جا لێم زویربی خاری

شەست و چوار خان دادەنێن
پیرەکان تێی دەئاڵێن
سی و دوو بەردی بۆ دێنن
تیادا دای ئەمەزرێنن
شانزەی سپی و شانزەی ڕەش
ئەم سی و دووە بەدووبەش
ئەمبەر بەرامبەر ئەوبەر
هێرش دەبەن بەرەوسەر
گەر هەڵکەوێ یاری باش
داشێ دەدەن بەسێ داش
جارجار پێنج دەدەن بەسێیان
بۆئەوەی سەرکەونەبان

گەر داشیٚ سەکەوتەبان
دەبیٚ بەئاغاو سوڵتان
هەر داشێکی ڕووی تێکرد
دەیپێکی بەدەست و برد
بەمجۆرە ئەوەی پێشی
ئیتر نامێنیٚ کێشی
زۆرزوو بەزوو دەدۆڕیٚ
ئەگەر بێت و بشتۆریٚ

*

بۆتان باس دەکەم کەرەستەی شەغرە
چوارشەپکەی ڕێك لەشەپکە شەغرە
هەردوو لەلایەك بۆی دانراوە
بەپەلە شەغرە لەیەك بەستراوە
سەری هەرچواران لە گڕگڕەیە
بنی و ناوەندی پەلەشەغرەیە
ناوەندی گوریس لەگڕگڕەیە
ئەم گوریسەیش گوریس شەغرەیە
لەم دیو لەودیوو دووزەنگولەیە
دووداری چەماو ناوی قادەیە
لەپێچە بەستراوە بەو نقادەیە
قادەو زەنگولە تێکهەڵبکێشە
هەتا نەکەوێت باوەشی قرشە
هێستر تەپان کەو بینەڕابگرە

**شەغرەیەکی پاش قرشە دابگرە**
**پەرێز جێ بێڵەو ڕێی گوندی بگرە**
**هەتا جۆخینان هێستر ڕامەگرە**
*
**بابکەم باسی مەڕ لەکەلەبەردان**
**چیەوچۆن دەکرێ لەلای مەڕداران**
**لەهەموو ساڵێ وەختی بەهاران**
**ئەکەن تەکبیری مەڕ لەکەلەبەردان**
**حەوشەو بانێکی زل و تەنگەبەر**
**تەرخانی دەکەن لەبۆ کەلەبەر**
**دارێکی دوولق دائەکوتن لەعەرد**
**قایمی دەکەن بەقوڕو بەبەرد**
**بەینی کەللەبەر وەکو کۆڵانە**
**لێی تێپەڕ ئەبێ مەڕی ئەوشوانە**
**جامێکی سوور ئەخەنەبانی**
**تەقەڵدووری ئەکەن بەووردی و بەجوانی**
**ئەڕوا لەپێشی شوانی دەشت ودەر**
**گاڵی لێ ئەکات بۆ ژێر کەلەبەر**
**بەخڕەی قووتی و زەنگلەی ملبەران**
**شوانە ئەیهێنێ بۆ کەلەبەردان**
**سێ خول بەدەوری ئەو تەنگەبەرە**
**ئەسوڕێتەوە ڕانی بەوجۆرە**
**دەرچوو ڕانەکە لەکەلەبەردان**

شوانە بەم کارە ئەبێ شادومان
بەواتە مەڕی بەر ڕەونەق بووە
لەوەڕاندنی گەلێك باش بووە
بەمجۆرە هەموو تەقەی بۆ دەکەن
بەچەپڵەو هەرا زوو بەڕێی دەکەن
بەڵام ئەوڕانە کەوا دەرنەچێ
شوانە بەمکارە ئەبێ دڵگران
بۆچوونی لای مەڕ ئەبێ پەشیمان
بەواتە ڕانی زۆربێ ڕەونەقە
کەلەوەڕاندن گەلێ دڵڕەقە
ئەمە باسێکی فۆلکلۆریە
پشتاوپشت ماوە بۆ یادگارییە
*
یەکەم شەو هیلاك و لاڵ و پاڵکەوتن
هەرکەس لەسوچێ بۆخۆمان خەوتین
بۆ شەوی دوایی بۆبەخێرهاتن
خاوەن ماڵەکە هەموویان هاتن
ئادەی چا لێنێ ئاوی ساردبێنە
ئەوانیش ئەڵێن ئەرك مەبینە
ووتیان: درەنگە ماڵتان ئاوابێ
کچتان بەبووك و کوڕتان زاوابێ
هەندەمان خۆش بوو تا حەوتەمان چوو
بۆڵەوخوتەخوت زووبەینمان تێکچوو

ووتیان: وەڵایی بمانزانیایە
ئەم هۆدەیەمان بەکرێ نەدایە
گلۆپەکەتان هەتا نیوەشەو
ئەبریسکێتەوە وەك مانگەشەو
ئەرکتان زۆرەو ئاو زۆر کارئەکەن
لەگەڵ هەموو کەس ئێوە شەڕئەکەن
هەتاکو زووە شوێنێ پەیاکەن
کرێش بۆخۆتان ماڵەکە بارکەن
بەڵێ ئەمجارەش ماڵم پێچاوە
دڵەی زامدارم هەرنەحەساوە
تۆبڵێی ڕزگالایین لەم هات وچۆیە
لەم دەست کورتیە، لەم نانی جۆیە
تۆبڵێی ڕۆژێ بێ خاوەن لانەیین؟
تۆ بڵێی تامردن هەر ئاوارەیین؟
*
من وەکو دایکێك بۆت ئەخەملێنم
کوڕ قەراریدا کەژن ئەهێنم
سەرت نەیەشێ ژ دۆزرایەوە
لەپاش ماوەیەك بۆی گوێزرایەوە
زۆر ڕێك وپێك بوون ئەم خەسووبووکە
ماشاالله لەخوا چەند ڕوحیان سووکە
هیچیان لەقسەی هیچیان دەرناچێ
نەك دەزوو موویان بە بەینیاناچێ

سەیرە بووکی جوان دەربەدەرنەبێ

زۆربەداخەوە هەتا سەرنەبێ

*

خەسوو: سوێندم پێ مەخۆ بەژنت نابێ

بۆت بەجێ دێڵم ئەمەوانابێ

کوڕ: کوڕ پاڕایەوە ووتی: دایەگیان

وەرە خوارەوە لەکەلی شەیتان

خەسوو: ئادڵت خۆشە وازت لێدێنم

بەخوا ئەم ژنەت بۆ ئەخنکێنم

ئەو جیلە نەما سەدەی بیستەمە

هەتا یەك گرن هێشتا هەرکەمە

*

کچەکەم منداڵە ئامۆژگاریبە

بەشەوو بەڕۆژئاگاداریبە

وەختی شووی نەبوو کچم منداڵە

نەمهێشتووە بکات ئیشی ئەوماڵە

زۆرکەس داوای کرد بەماڵ ودراو

هەرچی من ئەمووت ئەیخستەسەرچاو

هەرئەمووت نابێ ئیشی وانابێ

جاربەجار ئەمووت خۆی ڕازی نابێ

وەکو پێم وتیت تۆش ئاگات لێبێ

بۆیەکتر بژین ناحەزتان کوێربێ

بەخواچاوەکەم لەکوڕم زیاتری
لەهەمووکەس بۆمن زیاتری
دەسنوێژم ناشکێ لەدەستی جوانت
زاوای شیرینم ببم بەقوربانت
بەهەزار پەڕتووك بۆم تەواونابێ
شەومان درەنگکرد ماڵتان ئاوابێ

*

کۆتری لەسەر قەراتێ　　دوورەدەستم ناگاتێ
هەموو دەستە دوعابن　　بێت و دووماچم دەداتێ
لۆسەرفترەو زەکاتێ　　بابی دەردەکی گاتێ
مەلای بەدەنگ نەگاتێ　　لۆچم کیژێ ناداتێ
مەمك سێووپرتەقار　　نەمرم دەتهینم ئەوسار
بەرامبەر بەحوجرێیە　　خوشکی لە ئامێزێیە
خوایە بیکەی بەنسیبم　　بیگوشم ئەوجووتە بێیە
هاتم لەسەردەرانێ　　گوللە دێن وەك بارانێ
ئەوشەو قیتێ دەفرێنم　　ئەیبەمە بالیسانێ
هاتم لەلای خەتێیە　　کیژی جوانی زۆر لێیە
گۆتم بینەو ماچتکەم　　تەنەکەی ئاوێی وێیە
هاتم لەبارو کاوێ　　دووکیژ هاتنەسەرئاوێ
ئیشارەتم لۆکردن　　چوونە مارێ پێناوێ
چووم هەردووکم ماچکردن　　گۆتیان بەرتیلن ناوێ
چیوەوچیوەو بالیسان　　خۆشیان کردیە کوردستان
چیوەی بەدیعم خۆشە　　لێیتی مەقەڕی کیژان

هاتم لەلای بالیسان
بەندم لۆهاتن دیسان
لەسەربەژنیٚ باریکت
کردم شەڕی عرووسان
گۆتم بینەوماچتکەم
ڕوومەت کرۆکیٚ نیسان
بلەوبلەودەرگەلە
لەوکچەتیمیٚ خڕکەرە
هیٚ کچیٚ دەلۆمەم مەکە
دەستم فیٚرەباغەرە
هەناری لەناوڕەزی
بای لیٚدەدا دەلەرزی
لەڕیٚی کانییٚ گەیشتمیٚ
گۆزەم پیٚدانا عەرزیٚ
ماچەکم لەکوڵمەی
کرد ئەی هاوار لیٚوم تەزی

*

بیٚوەژن یەکن
حەزیان لیٚمەکە
بەدووقسەی خۆش
خۆی مارەدەکا
شەویٚ چوویەکیٚ
نسحەتت ئەکا
دووڕۆژ پیٚ ناچیٚ
عاشات لیٚدەکا

*

سڵاو ئەی جووتیار ئەی مەچەك ماندوو
ئیٚستا ژیان چۆنە لەگەڵ ڕابردوو
برامە پرسەژیان بیٚوەی بوو
جووتیٚ گای ڕەشی زۆر چاکم هەبوو
جووتم پیٚدەکرد هەتا ئیٚواریٚ

ئینجا لەپاشان دەچووم بۆماریَ
شلەداندۆكیَ لێی دەنا كابان
سەری زەرد دەكرد بەڕوونی میوان
وەهام ئەزانی هەرخۆمم تەنیا
كەس نیە دەستیَ لەدەستم بدا
وەرزی زستانیَ ئەوەبووكارم
ئینجا چاوەڕێی وەرزی بەهارم
سەرێكم دەدا جا لەگەنمی شین
ئاخۆ چۆن دەبیَ لەكاتی هاوین
دەستم دەهێنا بەئالَ و بژی
ن،، ه وەك درك ودالَ تەلێك بكوژی
كاتێك پێگەیی گەنم وجۆ تەواو
ئینجا لەیەكتر ئەكەن چاوەڕاوە
چی زبارە بیَ یاخود دەستەوا
بۆیەكتر دەیكەن بیَ فەرق و جودا
هاوین بەمجۆرە خواحافیزی كرد
نانی زستانم تواو لیَ هەلَگرت

جا سەرماگەیی بەفرەهەڤالَی
جلی لەهەژار ئازا دامالَی
منیش جێگەرم بیَ خەبەر لەدەرد
بەرهەمی هاوین كردنی مەرد
*

# حـــەیـــران

لە زینان لە زینەتیرێ بەوێ سبیانێ .
خێـری هـەرکی و ڕەوەنـدو مـام سـاران لێـدەنا دەپەڕیـەوە لـە پردەکـەی ڕواندزێ لە ئاوی پیرە بێخارێ .
هێوارە گەلە درەنگە هەریاندەدا لە مێرگەمیرێ .
ئەوجا کوڕ دەرێ فەسری بەهاران باجگرو خەرجەستینی ماچان بوومایە لـە کۆرپـەیێ سـەردەریان لـە شەنگوشـۆڕێ ڕوانـدوزیان نـاوەللا لـە کیـژە بارەکیـان لـە وان خـانم و خاتوونـان گەلـە شـیرینن دانـی هێـواران وەکـی دێنەوە لە گەروبنێرێ .

*

بێتواتە لە کاتی توو میرەدێیە .
سبەینان هەتاوە هێواران نسێیە .
ئـەتوو مـیران ڕۆژێ بمگـرە بـە قەیـدەل حـەیات ، شـەوێم بـەردە لـە بـۆ دووچاوێ ڕەندێ یە .
بێتواتە لە کاتی توو گوندەکی بەناوە .
زستان (گر) دە ، هاوینان براوە .
خەرك دەکا ڕاوێ مامزان ، ئەمن دەکەم ڕاوێ قورینگەکی مل بە گۆزەرە دامەن بە خوناوە .
برام ئەمن نازانم بە کێندەرێ دا هەربرێم لۆ خاترێ درێ خۆم ، ئەمن دەرێم بتوێن بە ئاوە بەشەنگەبی یە ، بێتواتە لە من بەدارە .
ئـەمن دونـێ ئێـوارێ بـەژنێ باریکم دەدیت بە کراسـەکی مەلـەس کتـان ،

قۆندەرەکی زرۆقی سەریٚ مەمکانی نەخشایە بە مامزو کارا .
حەیفیٚ من دەمینیٚ سەریٚ چەند سارە سەبارەت بە گولەکەی میٚردان
بوویتە مارداری کەری ڕەنج بەخەسارە .

*

ئەوڕۆ ئەمن لە گەر بەژنیٚ باریك ڕاستم ناکەم درۆییٚ .
بەژنیٚ حەیرانیٚ دەشبیٚنم بەدارەکانی کە دەگرن سیٚ تەعامیٚ .
کیژ دەریٚ کوڕە حەیران سەدجاران سەلامەت لیٚبی ، قەد بوە دار بگری سیٚ تەعامیٚ ؟
مەمکت دەشبیٚنم بەسەری قەندی شەکری جیرانی سەماوەری گوری مەجلیسان، ناوەللا بەژنی دەشپیٚنم بە دارەکانی خالیس و مەندەلی وەکی سەریٚ پایزان و زستانان لە سەران دەگری نارنجە لە بنی دەگری زەردە لیمۆییٚ.
کیژ دەریٚ کوڕە حەیران ئەتوو نەتزانیە داخوازی کەریٚ من هاتیە ئەتوو چ لە من دەکەی ئەمن دەریٚم خەمان هەرمەگرە، ڕکیٚبی چۆپەت لە بۆ چۆل دەکەم دەتهاویٚمە پشتەخۆم ئاوات دەکەم لە داردیٚدەوانی مەنتکان شۆڕ دەبینەوە بەسەر ئاقاری ئاخوڕەو شیوە پیرانیٚ بانی بایز ئاغەی بن چەمی هەرمۆتەی ، ئەویٚ قەدیمە ڕیٚیە، لۆخۆمان پرسیار دەکەین قۆناغی حەمە زیادی شونەواری حەمە ئاغای کۆییٚ .

*

حەیران دەمگۆت بەچاوی من بڕۆننە بەینی گەرۆتەو پونگینەی لە کاکی توو بەهووردە ڕەزە .
بەریٚ خۆ بدەنە دەو ڕووباریٚ هیرانیٚ لە من بە کفرو گەزە ، ڕۆژی چارشەم و جومعان شیٚممحمەدی بەرگەری لەکاکی توو بویتە مەرکەزە .

حەیران پشتی گەرۆتەی لە من بەلێرە ، کیژوکارێمە دەچنە مازی کردنێ ، ناو قەدیان باریکە گوارەیان زێرە .

دەمگۆتە نازدار حەیرانێ ئەوسار دەچمە دەرێ لە کاولە وراتێ ئۆبالی منت بە ملی چاوان مەگێرە .

دووچاوی ڕەشکۆکە دەیگۆ کوڕەتیمە حەیرانێ مادام سەفەرت لە بەرە شەوێ لە سێباری نیوەشەوێ وەرە دەست لە ناو مەمکان بگێرە .

*

ئەوجا ئەمن دەرێم سەرێ من دێشی ، دەردێ لە منی خانەگەردان و دربرینێ .

بەژنت دەشوێنم بە قورینگەکانی شاپەڕ شین وەل بە گۆزەر وەکی سەرێ پایزو زستانێ لە کێلی کێستانان بەجێدێلن فەرخۆکەکان لێیان خرا دەکەن دایمەن هێلینێ .

گۆتمە بەژنێ باریك وەرە بچینەوە جێ ڕاوگەو ژووانان بکەینەوە گل و گازاندەو سوالفەی حیزە دنیایێ بزانین کاممان کولترین بە وێ برینێ .

*

ئای دەمگۆتەوە برادەران برام گەلە بریندارم وەللا بەوان برینان کەتیمە لە گۆڕێ .

خۆ ئەمن گەلە مەترسیان دەکەم لە ڕۆژێ مردنێ لە دالغە لێدانێ ، چاو لە دوو بەژنێ باریك ئەوسارەکە بەوێ پایزێ هەلا فکری کاکێنگۆ بگۆڕێ .

*

ئای بابم بە وێ هێوارێ زێێ کاولە بادینان خانێ بابت وێرانبی لە من دوو بڕە .

ئەدی ماری دەرێ سەدجار وێرانم، بەژنەکەی باریك جوابان دەنێرێ بە

شـەوبایێ  شـەویٚ بەپلکـە پێنـاویٚ ، بـە بـایێ بـسکان دەریٚ سـەد دعـاو سـەلامبی لـە کوڕەتیمـە حـەیرانیٚ ، ئـەمن سـەرێیٚ چـەند سـارانە جۆتـە شەمامەو شەمامەی بەندی باغەرێم گرتینـە ئەدی ماری دەریٚ سەدجاری وێرانم ئەوە بنیان پـووچ بووینـە سەریان سیس بووینـە ئەوسارەکە لەبن کراس ودەسڕە .

*

حەیران سەفینیٚ خۆشناوان لە من بەخۆخ و هەنجیرا .
ئەنگۆ وەرن بە چاویٚ من بڕۆننیٚ کاولە دەشتیٚ دزەییـان لـە من بە کۆل و بیرا .
سەبارەت بە بەژنیٚ باریك و دوو چاویٚ رەشکۆ لە چیایەکانی کوردستانیٚ بوویمە کەوەکی یەخسیرا .
چـبکەم بـابیٚ نـازدار حەیرانەکـەی مـن بـە هـیچ شـێخ و مـەلایان لـە بـۆم نەدەگیرا .

*

ئەوڕۆ ئێواریٚ نازانم بە کێندەرێدا هەربرێم ، بە هۆبەو رەشماران بە هۆزی مەرزان ، بە غەریٚ شاسواری .
ئـەوڕۆ ئێـواریٚ زەیـنی خـۆم  دەدایـیٚ ، گـەوارەکی  دادەمەزراند لـە کلکـەی (یـەکاویٚ) بـە سـەری دێخـی لـۆ بـستی نۆجـەی ، گردەشـێری عارەبـان ، خەندەکی سەیدان ، بەینی چاربەردەو دوازدە هـەواری ، سـەری گـەرمۆکیٚ بامەندان ، سەری زینە دارە بزماران ، تەڕدەکا کۆرکەری قەپلان و لهێبان ، ئەوە دەخونی چەندە شیرین تـاو تـاو دەباری ، بریـا وەختـەك دابەهاتبایـە وەکـی پێـشان ئـەمن بـازگرو خەرجەسـتێنی ماچـان بومایـە وەکـی خێـلٚ ئاوادەبوو لۆ کەندێناوەی لـۆ سـەر دروونـەی جـۆی بـەژنیٚ باریك دەسـتیدا

کوندەو جامیٚ ناوەللا وەکی هەموو دانی ئیٚواران دادەنیشتین لە گەرووی بیریٚ ، چەندە شیرین هەریان دەدا لەبن کاولەکەنداری .

*

نازانم نە لە بۆ کەیفیٚ دریٚ خۆم نە لەبەر دریٚ نازدار حەیرانیٚ بە کێندەرێدا هەربرێم .
ئەمن دەرێم لە چیایان لە چیاییٚ شەرەفان وەرن بە چاویٚ من زەیندەنە سەرسینگ و مەمکی نازدار حەیرانیٚ ، سۆر دەکرێن مۆری و مەرجان و سەدەفان .
خۆ ئەمن بە چ خراپی خۆم شك نایە ، لۆم دەنێری هەڕەشەو گەفان .
خۆ ئەمن نەبوویمەوە گەوارەی بواریٚ ، لەبەرخاتریٚ توو بگرمەوە هەرچار تەرەفان .

*

حەیران لە چیایان لە چیاییٚ هەرگۆزیٚ .
وەرن بە چاویٚ من تەماشاکەن ماریٚ بابیٚ حەیرانیٚ کۆچ و کۆچباریٚ خۆیان لێدەناوە ، شۆڕ دەبووینەوە بە بنە گەوگۆزیٚ ، بەرایی دەڕۆیشت دوایی بزر دەبوو لە غوبارو تۆزیٚ .
ئەریٚ براینە ئەمن و بەژنیٚ باریك سەریٚ چەند سارانە لێك زیزین چ برادەرەکی بە دۆست و پەیمان نییە ، پێمان بکاتەوە جەژنە پیرۆزیٚ .

*

لە کەندێناوەی ڕەفتان هەرینە ، شەقاوان باویٚ ، گوارەت پیرۆزبی لە گەر لاچاویٚ .
ڕۆژی موبارەك هەردیٚ گەزنگان داویٚ ، دەدا لەخەزێمی زێڕ لەشەی مرواری لەپەلکی سۆرە گوریٚ لە نەینۆکی بەرسەری کچەتیم حەیرانیٚ ،

دانی ئێواران و سبەینان لە من دەگری سەری گیا بەندە خاویٚ .

ئەمن نەبوومە حەزرەتی سولێمان حوکمیٚ بکەم لە سەر تەیروتواری ، سێبەری بکا لە سەر (بەلقیسا)ی ، نەکو لێیبدا عەکسی ڕۆژیٚ ، ڕوومەتیٚ ناسك بەدەنیٚ ڕەشبی لە بەر گەزەنگی هەتاویٚ .

*

حەیران دارەکەی دار دێدەوانیٚ لە من بەرەو شەمارە .

ئەمن بەویٚ سبیانیٚ زەینی خۆم دەداوە کلکەێیٚ تیراوتیژو تیراوێژان گردیٚ کافران هەورازی حاجوجان نشێوییٚ خوێشریٚ زوورێیٚ پشت ماران گۆڕیٚ برادەریٚ بستییٚ شاخە زەردی سەروچاوی هەرە جەو بیستانەی ئاقاری نێرەگین و نێرەگینان پڕ لە مامزی گەردەن بەخارە .

ئەمن خەمم ئەو خەمە نییە چۆل دەبی بانەمۆردیٚ بستییٚ کارێزیٚ ئاوە کەی سەروپاویٚ نساری کانیشکیٚ ناوەللا لە من بزر دەبی دووچاوی کارە.

لە بانی بانیان ناوەللا لەبانی کۆییٚ.

ئەمن بەژنی نازدار حەیرانیٚ بە چە دەشوبێنم ، بە دارەکانی خالس و مەندەلییٚ.

وەکی هەموو فەسریٚ بەهاران لەسەری لکان دەگرێتەوە قەندی شەکری ، لە ناوەندیٚ دەگرێتەوە نارنجە لەگەر زەردە لیمۆییٚ .

ئەمن دەست لە سەر بەژنیٚ باریك و قەدیٚ زراف و زولفیٚ بە خەنەو زەندەییٚ بە بازن هەرناگرم هەتا ئەویٚ ڕۆژیٚ عەزرەتی عیزڕائیل چۆکم نەدا لەسەر سینگی ، بە روحم نەبا نسکۆییٚ .

*

پایزە کۆچ و کۆچباریٚ ماریٚ حەیرانەکەی من یارکرد ، دەربازبوون لە گەلی عەلی بەگ لە چەمی خەلیفانیٚ .

ماریٚ خۆیان دادەناوە لە سپیلکی گولەکی لە سەر کانییٚ دیٚرونیٚ ، بەژنی باریك دەریٚ وەرە دەستیٚ ڕاستیٚ باویٚ سەر ملیٚ بە کەزی بە دەستی چۆپیٚ  بینە دەریٚ جۆتە شەمامەی باغەریٚ .
هەزاری وەکی من وتوو سەری نایتەوە ژیٚرخاکی گریٚ گۆران ، بە بیٚ مرادی .

*

# بەرنامە
# لەهۆنراوەی میللی بینەراندا

کاك ئەسعەد عەدۆ برای پێشکەشکەر
هەزاران سڵاو لەحاتم ڕەنجدەر
لەئامادەیی پیشەسازی شەقلاوە
ئەنێرم لەبۆت بینایی ئەم چاوە
ئەوجا پێت ئەڵێم : کاك ئەسعەد عەدۆ
ئەی ئەو برایەی شادن ئەکەی تۆ
ڕۆژێ دانیشتبووم لای باپیرەوپوورە
هەرباس باسیان بوو ئەم کەلەپوورە
هەرکە ئەبینین وەی ئەم بەرنامە
بەقوربانی بین چەندە بەتامە
ئەو تەعلقانەی کە ئەیوەشێنی
هیچ ماڵێ نییە پێی پێ نەکنی
باپێتان بڵێم : لەوشەو دووشەممە
هەر کەلەپوور دەهێ لەودەمە
ئەمن یەك بەخۆم هەتا چەندرۆژێ
ئەو دڵە بەخەمەم تام لێ ئەچێژێ
ئافەرین لە بۆ یەك کەلەپووری
گشت ماڵ بێ دەنگکا لەهەموو ژووری

لەسەر گشت دڵێ پەردەی خەم لابا
ئیتر با منیش پێوبڵێم : بەیبا
تانامەیەکی تر لەبۆو ئەنێرم
لێرەدا بەخوای گەورەت ئەسپێرم
ئەی کاکە ئەسعەد وەها ئەزانی
نامەی بینەران بۆتە گرانی
بەرنامەکانت نەما وەك جاران
یان گۆرانیە یان چەپلەڕێزان
هیچ بایەخ نادەی بەبەرهەمی کەس
هەمووت خستۆتە سنودق و قەفەس
لەمانگێ دووجارشادت دەکردین
ئێستا چۆن وازوو لەبیرت کردین
لە بۆ فۆلکلۆر لەبرسا دەمردین
*
تەواوە برێ تەواوە
ئەم شیعرەشمان داناوە
ناوم سابیرە لەگوندی خەرەبەدراوە
دوو شیعریکەشمان ناردیە
عەجیب جوابت نەداوە
تازە کەتمە سەربەندان
بەندم دێن بەلێشاوە
عاشیرەت نانەکەلی
مەرێ کوڕە خۆشناوە

غەرەتی تێدا نییە
بەندەکانم تەواوە
ئافەرین ئەسعەد عەدۆ
چەند جوان دەیکەی بلاوە
ئەوەی بەندی غەڵەت بێ
شەرمی لەخۆی کێشاوە
دەستمدا پێنووس یەکسەر لە بۆتۆ
سلاوت لێبێ کاك ئەسعەد عەدۆ
حەزئەکەم بم بەهاوڕێی بەرنامە
یادی کەلەپوور گەلێ بەتامە
هەرکەسێ نەگرێ قەدری کەلەپوور
یاخوا جێی نەبێ چوارشەمان لە ژوور
چوارشەمان ناچم بۆ سەفەری دوور
لە بەرنامەی خۆشی کەلەپوور
*
هەرکەسێ حەزنەکا باس وخواستی کۆن
یاخوا دەریکەن لەپێش تەلەفزیۆن
چەندخۆشە باسی خرخاڵ لەدەستان
باسی حەیرانی هاوین و زستان
گوێم لێبگرە کاك ئەسعەدعەدۆ
دایکت بۆت نەکا شیوەن و ڕۆڕۆ
بۆ دووەم جار نامەم بنوسرێ
پێم ناڵێی بۆچی، بۆپشت گوێ ئەخرێ ؟

ئەگەر وابڕوا نابینە هاوڕێ
تۆ لەڕێیەك و منیش لەڕێ
هەرکە چوارشەمەدێ وەك برسی بێ نان
ئەوشەوەمان لائەبێتە سەیران
هیوای سەرکەوتن و شادیت بۆ ئەخوازین
دەرم بڕیوە لەنامەرازم
لەگەڵ نامەکەم دیاریم ناردووە
بەقەد چیایە ڕێزم بۆتووە
دیاریمە خاکی پاکی نیشتیمان
لەمنی ئاوارە لەمنی ماڵ وێران
بەگرییەی هەتیو بۆ بێ باوکی
لەدەنگی سێوەو بەزم و لاوکی
بەکزەی جەرگی ئاوارەکانا
بەشادی و ژان دڵی بریانا
بەزەردی خۆری دەم ئێوارانا
بەحەیرانی دەم شمشاڵی شوانا
بەشاخ و دارو نشێووچەما
بەتاڵی دڵەی پڕئێش و خەما
دیارییە بۆتوو هەموو بینەران
دەنگی زیرەم و ماملێ و شوان
نامەم بۆت ناردووە بەسوپاسەوە
تکات لێ ئەکەم کە بیخوێنەوە
سکاڵاو نامەم لەدەست ژنانە

ژنی دانیشتووی دەرکەو کۆڵانە
ماڵمان لە هەولێر گەڕەك نەوەتوودوو
چەند جار هاوارمان گەیاندە لای توو
تکات لێ ئەکەم کاك ئەسعەدعەدۆ
دووقسەی خێرکە لەبەینمان تۆ
هەر کە ڕۆژ هەڵدێ شەوئەڕواتەوە
گەڕەك ئەبێتە جێی کۆبوونەوە
ئیزاعەی لەندەن ناگاتە دەمیان
هەرباسی خەڵکە خەڵکەی بەستەزمان
ڕێبوار ناوێرێ لە وێوە بڕوا
ئەیکەنە بەزم و سەیران و هەرا
کابرا نازانێ چۆن چۆنی بڕوا
بەشەرم و بێ دەنگ ئەیبڕێ ڕێگا
یەکێ پێی ئەڵێ چەند نەقۆڵایە
سەری زل ئەڵێی سەرجوانەگایە
بەهەزار حاڵێ کابرای قوڕبەسەر
هەتا لەکۆڵان دەرئەچێتەدەر
قوڕبەسەرئەوەی ناوی ئەهێنرێ
وەك پەڕۆ پیسی بێ نوێژی لێدێ
بەسەدانیشتن خوشکان لەکۆڵان
خەریکی ئیش بن لەماڵی خۆتان
بەڵام چی بکەین چەرخی زەمانە
سوڕی بەدڵ هەموو ژنانە

نەشەغرە ماوە نەمەلۆدانان
نەبژارکردن نەساوار کوتان
نەمەڕ ئەدۆشن لەبەرگەرمایا
ناکۆکن لەبن تۆزی شەنبایا
نەدووکەڵ کردن بۆشیر کولانن
نەشاخ هەڵکێشی بن بارەداران
نەئاو ئەهێنن بەستڵ و کوننە
نەپڕکردنی جەڕەوجەوەننە
هەرچەندە ناوێرم ناوی خۆم بەرم
مەگەر لەهەولێر سەرم هەڵگرم
ئیتر شادی تۆوگشت بینەران
لەناخی دڵی دێوانەی پڕژان
*
برای بەڕێزم کاك ئەسعەدعەدۆ
گلەیی دەکەم بەرامبەر بەتۆ
بەدڵ و بەگیان هاوڕێی بەرنامەم
هەر خزمەت دەکەم بەنوکی خامەم
من هی سۆربەش تۆ هی قورشاغلو
بۆ ناخوێنیەوە نامەم زووبەزوو
زۆر هیوادارم نامەم دوانەخەی
لەیادت نەچێ لەبیرم نەکەی
*
چۆغەل و شەدەو پەستەك و گۆری

دەستووری کوردە نابێ بیگۆڕی
تەشی و شمشاڵ و مەشکەو مراکەدۆ
هەرخۆشبی بۆمان کاك ئەسعەدعەدۆ
وتەی ناسکت وەك گوڵی شەوبۆ
زۆرمان بەدڵە بەرنامەکەی تۆ
*
کاتێ دەفتەری ئێستگەم کردەوە
لەسەیرکردن و لەبیرکردنەوە
لەبۆ بەرنامەی کەلەپووری کوردان
یادکەرەوەی باب وباپیران
لەبۆ حەیرانۆك و مەقامانی کۆن
دەرمانی مێشکە بەڵام بڵێم چۆن
بەرنامەیەك وەك ئەستێرەگەش
توخوا کاك ئەسعەد من مەکە بێ بەش
لەبەرنامەکەت من بکە دڵگیر
باکەلەپوور نەچێتۆ لەبیر
*
گوڵاڵە سوورەی دەشتی شارەزوو
سوورە هەڵالەو بە ڕازاو چنوور
ئەیکەمە چەپکەو گشتی ئەکەم کۆ
ئەینێرم بۆ تۆ کاك ئەسعەدعەدۆ
سڵاو و ڕێزیش بە دڵ وبەگیان
پێشکەشی ئەکەم بەگشت گوێگرەکان

کاك ئەسعەد لەتۆ تکام وەهایە
ماوەی زیادبکرێ ئەم بەرنامەیە
چونکە گەلی کورد لەپیاولەژن
لەم بەرنامەیە شادی ئەنۆشن
جێی ڕەزامەندی گشت بینەرانە
زیندووکەرەوەی بابوباپیرانە
*
بەبێ تۆناخۆش کاك ئەسعەدعەدۆ
دوێنێ لەدەوری سەعات هەشت ونۆ
ساوارکوتان بوو لەدەوری جۆنی
پارووی هەموومان کەتبووە ڕوونی
لەدوای کوتانیش دەستاڕ هاتەدەست
دەستم کەوتە سەردەستێکی چاوەمەست
دووماچیشم دەستکەوت خۆبەسەری تۆ
خۆزگە لەوێ بای کاك ئەسعەدعەدۆ
تا دەستت کەوتبا تۆش لەوێ دۆ
بێ بەش نەبووبای لەچاوان هەڵۆ
*
لەمەرکەز تەدریب سڵاوێکی دوور
ئەکەم بەدیاری لەبۆ کەلەپوور
ئەو بەرنامەیەی یەك پارچەزێڕە
بەمن وەسف ناکرێ بەم دووسێ دێڕە
بەرنامەیەکە بۆ دڵ دەرمانە

یارمەتی دانی فەرزی سەرمانە
کاك ئەسعەدعەدۆ ئێستا عەسکەرم
کوشتنی دووژمن داوییە لەسەرم
لەوشاری میسلە کەچەندێ دوورە
من هەر خەیاڵم لەلای کەلەپوورە
توخوا کاك عەدۆ ئەگەر ئەیزانی
بیڵێ دووبەیتی کاك بەردەشانی
لەگەڵ بەیتێکی مام سێوەی خۆمان
هەرئەو دەرمانی دەردە لەبۆمان
دەروێش عەبدوڵڵام بە بیردێتەوە
تۆ بڵێی درویش دیسان بێتەوە
خەیاڵ ئەمباتە لادێیەکی دوور
کۆلیتی تەنها ژوورێکەو دووژوور
باعەباعی مەڕ، حیلەی ئەسپەشێ
گارەی مریشك و دەنگی شمشاڵ دێ
دێتەبەرچاوم لەدوورڕا شوانێ
داوێتیەدوای خۆی بەجارێ ڕانێ
ئەی! کاکە عەدۆ وەستای کەلەپوور
بەرنامەکەی تۆ پڕ.. پڕە لەنوور
چونکە تۆباسی بنچینە ئەکەی
باسی ئەو شنەی دێرینەئەکەی
باسی ئەو زام و برینەئەکەی
بەرگی دڕاوی گەل پینەئەکەی

ئیتر من ئەڕۆم، تەواو ئیجازە
تا شیعرێکی تر، دڵ ئاوات خوازە
ئەڵێم خواحافیز مام ئەسعەد عەدۆ
ئومێدەوارم بەردەوام بیت تۆ

*

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان
دانەری زەوی و ڕاگری ئاسمان
بۆدەستی کاکی بەندەو قسەخۆش
داواکاری یەزدانین قەد نەبن پەرۆش
کاکە ئەسعەدی مەجلیس گەرم و خۆش
بژی فۆلکلۆر بەرنامەکەی تۆش
چەندێ خۆشحاڵین کە شەو دێتەوە
وەك گوڵی بەهار ئەگەشێتەوە
ئەڵێن ئەسعەدە دیسان دێتەوە
یاخوە ئەم شەوە زوو نەچێتەوە
حەیران و لاوك زۆر بڵێتەوە
ڕابردووی پیران یاد بێنێتەوە
قسەو گفتارت زۆر بەجوانی یە
خۆمان کڕ ئەکەین میوان هاتی یە
کێ قسە ئەکا شتی وانی یە
ماوەکەت کەمە بەدڵمان نی یە
نامەم بخوێنەوە بۆتۆ دیاری یە
ڕەئیەی خۆمان دەرمان بڕی یە

مەڵێ ناخوێنم هیچ سوودی نی یە
لەسەر ڕێبازی فۆلکلۆری یە
*
بۆ بەرنامەکەتان بەرنامەی زێڕین
کەلەپووری کوردی زەمانی دێرین
ئەمەیان داخە دوو هەفتەی جارێ
خۆزگە ئەبوایە هەفتەی دوو جارێ
ئەم شەو دوو شەمە مام ئەسعەد عەدۆ
دەم بە پێکەنین لێو بە گفتوگۆ
ئەدوێنێ پیرو کچ و کوڕو لاو
لێوی بەبزەو دڵ گەرم و پاراو
یادی باپیران یاد ئەخاتەوە
ووشەی پێشینان یاد ئەکاتەوە
بەیت و باڵۆرە، لاوك و حەیران
چیرۆك و ڕووداو بەستەی دڵداران
لەنامەی برایان دەم و لێو بەخەندە
ئەمە نیشانەی کۆمەڵ پەرستە
یاخوا هەربژی مام ئەسعەدگیان
خوا بیپارێزێ لەتەنگی ژیان
وا ناردم نامە بۆ ئەو بەرنامەی
کە دەردەچێتن دڵ دەڵێ ئۆخەی
چونکە:- فۆلکلۆریە کۆن، نوێ دەبتەوە
برینەی کەونم سارێژ دەبتەوە

دێتەوە یادم دارو دیوەخان
لەگەڵ دەستکردی باب و باپیران
خۆزگە:– قەد نەبوایە سەروەت و سامان
هەر شوان بوومایە لەشەو بەکێوان
دانیشتن خۆش بوو شەو نیوەشەوان
تێر گوێمان دەگرت لەلاوك و حەیران
سوعبەتمان دەكرد كراوێن و گەمان
بێ بوغزو بێ خەم لەگەر برادەران
ناوتە کەلەپوور بەرنامەی نوێ
دەزانی ئێمە چیمان لێت دەوێ ؟
داوامان وایە لەبەرنامەی نوو
درێژەی پێبدەن لۆمان زوو بە زوو
مەبەستی ئێمە پێ حاسڵ نابێ
تێمان بگەینن بۆچی زیاد نابێ ؟؟
*
کیژ هەر کیژی دەربەندۆکی
مەمکی خڕە وەك داندۆکی
هەر قابیلە لۆ ئەسعەدۆکی
*
بەناوی خودای گەورەو میهرەبان
سڵاوم بۆتۆ ئەسعەد عەدۆ گیان
تۆ پێشکەشکاری بەرنامەی خۆمان
من کوڕی حەسەن ناوم سولیمان

له گوندی ڕەزگه هەریر ناحیەمان
بەچکه کوردێکم نەوەی میروسیان
لەدەرگا دەدەم بۆ بەرنامەتان
بێ بەشم نەکەن لەبەرنامەتان
*
دەسکێك مێخەك و مێلاقی زۆرجوان
دەکەمه دیاری بۆ هەموو دۆستان
لەگەڵ سەلامم بۆ ئەسعەدعەدۆ
سەدان ئافەرین بۆ کوردو بۆتۆ
کەی کۆپەران نیرمان ئەناسی
کەی لەبیرمان بوو هەوجاڕو داسی
دەبا هەر بژی کاك ئەسعەدعەدۆ
دێنێته زمان هەزار من و تۆ
*
مامۆستا ئەسعەد عەدۆ.... روحم بەفیدای تۆ
گەر گوێم لەوشەکانته.... ئەگرێم بۆ ماڵی خۆ
تۆی مامۆستای شیرینم.... یاخوه مەرگت نەبینم
هەر ووشەکانی تۆیه.... هاودەمی ژیان و ژینم
وەره دانیشین کاك ئەسعەد عەدۆ
پێکرا بنۆشین تامی شیرودۆ
کوردەواریمان پڕی بەرهەمه
چەند هەڵی کێشین هێشتا هەرکەمه

*

سوپاست ئەکەم کاك ئەسعەدعەدۆ
خۆزیە دانیشتبام تاوێ لەلای تۆ
ئەوجا ئەتزانی دەروونی زراری
کەچی تیایە بۆ کوردەواری

*

بۆ برای بەڕێز کاك ئەسعەدعەدۆ
سڵاووڕێزم پێشکەش بن بەتۆ
هیوام شادیتەو خۆشی بەرنامە
وا یەکەم جارە ئەنێرم نامە
خۆشی بەرنامەو داڕشتنی جوان
بۆی ئارەزووە دڵی بینەران
تام و چێژەکەی هندی بڵێ زۆرە
کەلەپووریشمان هەروەکو خۆرە
دوا داواکەم لەبۆ بینەران
بیخەنە ڕێگا نامە بەکاروان
نامەی ڕەنگین بەسوودو سەنگین
لابەرێ غەم بێ بۆ دڵەی غەمگین
ئیتر ئاواتم خۆشیتە گیانە
نام دڵگەشە گوندم هاودیانە

*

بۆ بەرنامەتان نامە ئەنێرم
هونەرمەندەکان بەخوا ئەسپێرم

خەڵکی بەحرکەی لیوای هەولێرم
خاوەن شەش بزن و دووپیرە چێرم
هاوین و زستان لەماستی تێرم
بەرامبەر دوژمن وەك بەچکە شێرم
ناونیشانم بۆت دەکەم دیار
باوکم فەلاحە بەخۆم کرێکار
خوا وەهانی دانا من بووم بەعەمبار
غەرگەم لەبەردا هەرچوار فەسڵی سار
خەریکی کارم لە لاویٚ و لەشار
هەر لەسبیانیٚ هەتاك و ئێوار
شتی هەڵ دەگرم بەکۆڵ و بەبار
بە فلس فلس تا دەبتە هەزار
کە بووە هەزار دەبتە یەك دینار
خاوەن دینارم پێم مەڵێن هەژار
هەندێك لە بۆ خۆم ئەوی دیش بۆ مار
بەخێویان دەکەم هەشت نۆ دە مندار
سابیر خدرە مەڵێن بیتن دیار
پێشکەشم کردی نامە بە ئەشعار
سەلام بەقگار دوعا بە ڕووبار
لەبیرمان ئەکەی ئەی برای نازدار
*
کاك ئەسعەد ماوەکەت گەلێکیش کەمە
دڵی من بیٚ تۆ دایم پڕ خەمە

وەك گوڵێکی گەش بۆمان هاتیەوە
داوامان وایە هەردەم بێیتەوە
جووتکردن خەرمان گشتی بۆتۆ بێت
بەڵام بەرنامەکەت زیاتر خۆشتر بێت
سەلامم هەیە بۆ جەمەدانیت
بۆ ڕانك و جۆغەی لای هەورەمانی
ئەم پارچە هەڵبەستەم بۆ هەمووتانە
بۆ هەموو دۆست و برادەرانە
یاخوە کاك ئەسعەد جەرگت نەسووتێ
دایم بۆ لاوان وەکو کەو بوەستێ
سەلامم هەیە بۆ دایك و باوکان
دڵی کچ و کوڕ قەد لەیەك نەکەن
خۆشەویستیش بێ مراد نەکەن
*
بۆ دەستی بەڕێز کاك ئەسعەدعەدۆ
شیرین زیان و قسەو گفتوگۆ
دامنێ بەهاوڕێی بەرنامەکەتان
یەکەم نامەمە دەنێرم بۆتۆ
*
پێنووس هەڵدەگرم دەنووسم نامە
تا ئەیکەم وەسفی برای بەرنامە
سلاو ئەنێرم بەئاوازەوە
بە تەپڵ و مۆسیقاو بەسازەوە

سڵاو خۆشتر بێ لەدەنك ئەیازی
خۆشتریش لەدەنگەکەی ڕەزازی
بۆ بەرنامەی لەکەلەپوورەوە
سڵاو ئەنێرم هەر لەدوورەوە
ئەنجا سڵاو بۆ کاکی دەرهێنەر
بۆ برای ئەزیز کاکی پێشکەشکەر
یاخوا بەرنامەکەی سەربکەوێ
دایم لەپێش بێ قەد دوانەکەوێ
ئەنجا سڵاوێك تایبەتی بۆتۆ
جوان گوێ لێبگرە کاك ئەسعەدعەدۆ
من دایم نامەم هەر لەڕێگایە
چاوەڕێی ئەکەم یەکشەم هەرنایە
بۆ گوێ گرتن بۆ ئەم بەرنامەیە
وە ئەینێرم بۆتان ئەم نامەیە
جا پڕ بێ لەبۆنی گوڵی بەهار
هەمووی بۆنیکە لەگوندو لەشار
چونکە ئەزانم گەلێ دڵسۆزی
بۆ میللەتی خۆت زۆر زۆر بەسۆزی
لەبەر زیرەکی و تێکۆشانەیە
پێشکەشت دەکەم ئەو کورتانەیە
چونکە کورتانیش فۆلکلۆرە بۆت
لەسەری بدوێ کەمێ هەر بەخۆت
سوپاست دەکەم برای شیرینم

کورتانیش جوانە گەر لات ببینن
ئەگەر کورتانیش گچکە بێ و گەورە
لای ناکەس بەچە گەلێ بەقەدرە
لای خۆتی دانێ هەتا ڕۆژێك دێ
با داینێ لەپشت جاشکێکی گەورە
*
بۆ شۆڕەسواری سوپای کەلەپوور
سڵاوم بۆتۆیە هەردەم بێ سنوور
دەبا ئەمجارە بۆ جاری یەکەم
مەتحم نەکردی با مەتحت بکەم
قسەت شیرینە ڕوخسارت جوانە
بینینت هیوای گشت بینەرانە
خاوەنی هەست و پاك و دەستەمۆی
نەجیب ئەسعەدی کوردی مام عەدۆی
جووتیاری کێڵگەی ناو کوردەواری
بۆ باغی ڕەسەن هەردەم لەکاری
لە بۆ ڕازاوەی بابەتی بەتام
سەرکەوتوو ئەبی ئەمن دڵنیام
*
یاخوە بمێنێ کاك "ئەسعەد عەدۆ"
تا بینەری کورد گوێ بگرنەتۆ
بەرنامەکەت لەکەلەپوورە
نامە بنێرن لەڕێی دوورەوە

نامە بخوێنە نامەی شیرین و خۆش
نامەی دڵداری وەك کاکە مەدهۆش
تاکو دڵداران لەیاد نەکەن
لەرۆژی عەشر شایەدیت بۆ بدەن
*
لێمگەڕێن یاران ئەمڕۆ غەمگینم
لەگەڵ ئەسعەد گەلێ بەقینم
گەلێ نامەم نارد نامەی ڕێك و جوان
هێشتا نامەکی نەخستتە بەرچاوان
ئەوەش کاری خوایە بەختم واڕەشە
(غەمگین) لەهەموو شتێك هەروا بێ بەشە
ئیتر زۆر سوپاس کاك "ئەسعەد عەدۆ)
بەخۆم غەمگینم تۆش ئەمکەی ڕەنجەڕۆ
کاك "ئەسعەد عەدۆ" دونیا گۆڕاوە
شتی کۆن ئێستا هیچ باوی نەماوە
کوا بەڕەو لباد قاپوت و بەرمار
مەسینەی سفرو مەنجەری زنجیردار
کوا شەربەو گۆسکەو هیزەو هیزەدان
گۆسکەی ڕوون و تووڕو مراکدان
کوا مراکی ئەسك و بەڕی نەخشین
بەڕەسپیلەو تێری نەخشین
کوا کەڕکوکەند جەڕەو هەمبانە
لە گەونی سفرو چراو فێدانە

وە لەدوایدا چەپکێ گوڵی سوور
پێشکەش بەئێوەو بەرنامەی کەلەپوور
*
سڵاوت لێبێ برای شیرینم
هەرگیزاو هەرگیز مەرگت نەبینم
هەر تۆو هیواو ئاوانی ژینم
هەرگیزاو هەرگیز بەشادی بتبینم
سڵاوت لێ بێ سڵاوێکی جوان
پێشکەشە بەتۆو گوڵی گشت جیهان
سڵاوم بۆت نارد لەتازە خورماتوو
لەدەستی دنیاو سزا هەڵاتوو
سڵاوت لێ بێ کاك "ئەسعەد عەدۆ"
سڵاوێکی پڕ عەتر بۆتۆ
برای ئازیزو خۆشەویستی من
هەردەم سەکەوی لەژیانا بۆمن
بەناوی خودای گەورەو میهرەبان
هەزاران سڵاو سڵاوی جوان
بۆتۆی ئەنێرم "ئەسعەد عەدۆ" گیان
خاوەن بەرنامەی کەلەپوورەکەمان
دەنێرم نامەی زۆر ڕەنگین بۆتان
بەڵام داخەکەم ناخوێنیەوە بۆمان
من هەرناردوومە زیاتر لەدەیان
هەتاکو ئێستا نەمبیستیە هیچان

لەکۆتاییدا دەخوازم داوا
بەرنامەکەمان لەبۆپێش بڕوا
*
بەناوی خودای بێ باك مەکان
بەپشتیوانی گشت پێغەمبەران
دەستمان پێکرد ئێمەی هیچ نەزان
لەکاروباری خوای دڵفراوان
کە بۆت بنووسم کاك "ئەسعەد" گیان
سەد هەزار سڵاو ئەمجا بێت لێتان
لەخودام داوایە زیاتر پێشکەون
تەنگ و چەڵەمەی خەڵکی هەڵوەشن
سەد هەزار سڵاو لەکاربەدەستان
ئەوەی دەردێنێ بەرنامەکەتان
سەد هەزار لەپێشکەشکەری
لەهونەرمەندی ئامادەکەری
بەڕاستی ئێوەن دڵسۆزی کوردان
لەیادی ناکەن بەش کەلەپوورمان
بەرنامەکەتان گەلێ پیرۆزە
لەلای بینەران زۆر زۆر دڵسۆزە
سەد هەزار سڵاو لەهەموو دۆستان
ئەوەی دەیبێنێ بەرنامەکەتان
کاك "ئەسعەد" گیان چۆنە ئەم کەلامە
یەکەمین جارە دەنووسم نامە
لەشار کفریوە دەنووسم سەلام

هیوادارم دام نێن بەهاوڕێی بەردەوام
ئەگەر نامناسی ناوم "ئەمیرە"
بەخودا کاك "ئەسعەد" حاڵم فەقیرە
دانیشتوێکی ناوچەی گەرمیانم
کاك "ئەسعەد عەدۆ" دەردت لەگیانم
*
سڵاو و ڕێزم بۆ "ئەسعەد عەدۆ"
مژدەی پەیامی سەکەوتووم بۆتۆ
برای بەڕێزم فۆلکلۆر پەروەر
هەربژی بۆمان خاوەنی سەروەر
تۆ فۆلکلۆری کوردی ئەژینی
وەك کارو بەرخ لەناو پەرژینی
تۆ کە خاوەنی بەرنامەی کوردی
باوەڕمان هەیە دەڕوات بەمەردی
کەی دابنیشین لەسەر کانی ئاو
بخۆینەوە جامێك ماستاو
ئەگەر نازانی عوزێرم ناوە
فۆلکلۆر پەروەر لەقەڵەم دراوە
دەبا دانیشین "ئەسعەد عەدۆ"
بخۆین مێوژی ڕەش لەگەڵ ئەستورکە جۆ
داوام لەیەزدان هەربژی بۆمان
ئەی هاوڕێی وڵات ئەی خۆشەویستمان.
*
سڵاوم بۆتۆ کاك "ئەسعەد عەدۆ"

ئەوەل سەڵاوم پێشکەش بێ بەتۆ
ئەمن جوندیمە ئەوا لە بەسرام
بەمادۆن هاتم لێم دەکرد سەلام
بێوەژن بۆچی لەمن قاتی یە
چونکە پارەو پول و سەیارەم نی یە
ناوم حوسێنە مار لەهەولێرم
کاک ئەسعەد عەدۆ بکە تەگبیرم
*
ئێمە دوو خوشکین لە گۆ گۆ ەوە
لە محەلەی نوێ لە جدیدەوە
ناوەکانیشمان شەوگارو ڕۆژگار
سڵاو ئەنێرین نەك جارێ سەد جار
من کە شەوگارم ئەڵێم: هەمووجار
نامە دەنێرم بۆ کاکی ڕێبوار
بۆ وەی جەنابت بیخوێنیتەوە
باغی کەلەپوور گەش بکەیتەوە
منیش گە ڕۆژگار نازناوە ناوم
ئەڵێم کاك ئەسعەد جەرك و هەناوم
بیلبیلەی شینی ئەی هەردوو چاوم
ئەگەر هاتی یە گۆ گۆ وەی بەسەرچاوم
دەعوەتت دەکەم بۆت هیچ نەماوم.
*
بۆ برای بەڕێز کاك "ئەسعەد عەدۆ"
سڵاوێکی گەرم ئاڕاستەی تۆ

تۆی پێشکەشکەری بەرنامەی کەلەپوور
زۆر نامەت بۆ دێ لەنزیك و دوور
لەتۆ ڕازینە زۆربەی بینەران
بەڵام بابڵێین ئایا هەموویان
نەخێر ڕازی نیە مامۆستا شێواو
ئەبێ هەڵبەستی بخرێتە بەرچاو
لەکۆتایدا جێگەی سوپاسی
زرار شێواوم ئەگەر نامناسی
*
خۆشی لە ئێمەو سوپاسیش بۆتۆ
هەربژی بۆمان کاك "ئەسعەد عەدۆ"
بۆ ئەو بەرنامەی کە هێسك سووکە
لەچاو بەرنامان هەر دەڵێی بووکە
لە کەلەپوورەوە ئێمەی ژیاندەوە
قەناتی کوردی بۆمان ڕازاندەوە
داب و نەریتی باب و باپیران
هەتاکو ئێمەش نەچێ لەبیرمان
ڕابردوو لەیادکردن ستەمە
زیندووکردنەوەی لابەری غەمە
پیاو هەر حەز دەکا گوێت بۆ ڕاگرێ
داپیر حەز دەکا لەبەرت بمرێ
ئەم بەرنامەیە یەکجار پیرۆزە
ئاوێنەی دڵی میللەت و هۆزە.
*

ئەم شارە دوور لەچیایە
خۆشترین شاری کوردی دنیایە
بەجێی ناهێڵم ئەم شارە خۆشە
یارم لێ دیوە بەجلی ڕەش پۆشە
ئەم قەڵاتەی لەناو باژێڕە
بەمە ناسراوە شاری هەولێرە
چواردەوری قەڵات هەروەك بەهەشتە
بە گوڵ و گوڵزار خۆش و سەربەستە
لە بازاڕ تێکەڵ کچ و لاوی جوان
خسرەو بناڵە ئەتۆش لەزیندان
ئیتر ئاواتم تەنیا خۆشی تۆ
بەخوات ئەسپێرم کاك ئەسعەد عەدۆ
بەناوی خودای گەورەو میهرەبان
دانەری ئەرزو ڕاگری ئاسمان
بۆ کاك "ئەسعەد" و هەموو کارگێڕان
سڵاوو ڕێزم بێ حەدو پایان
مامۆستای بەڕێز کاك "ئەسعەد عەدۆ"
پاش سڵاوم بۆ بینەرو بۆتۆ
لەگەڵ نێرگزو هەڵاڵەو شەوبۆ
ببوورە نامەی ئەمجارەم هەمووی
گلەیی خۆمە دەیکەم لەتۆ
بەحەقی خودا کاك "ئەسعەد عەدۆ"
نامەم نووسوە لە هەشت تاکو نۆ
هەمووم ناردووە بۆ بەرنامەی تۆ

خودا شاهیدە من ناکەم درۆ
ناوی خۆم نەبیست لەسەر زاری تۆ
پێم بڵێ بۆچی ڕەنجم بەبا چوو
ئیتر سوپاس کاك "ئەسعەد" گیان
جارێکی تر سڵاوم هەیە بۆ هەمووتان
وە هیوادارم دڵگیر نەبی لێمان
ناوم شەهابەو عەشیرەت گۆران
من لەبەستۆڕەم بەناونیشان
*
نامە ئەنووسم من لەباوە نور
بۆ بەرنامەی خۆمان کەلەپوور
ئەم بەرنامەیە چۆن بەزی کۆنە
هیچ کەس وەکو من نازانێ چۆنە
لەناوی دڵدا جێی خۆی گرتووە
بەوێنەی ڕاوچی خۆی مات کردووە
چیان فەرمووە باب و باپیران
ئەو بەڕێزەوە ئەیخاتە بیرمان
جا هیوادارم هەردەم پێش کەوێ
هەرگیز نەوەستێ هیچ ڕۆژو شەوێ
سڵاوێك بۆن خۆش وەك ڕەیحانەی تەڕ
لە "ئەسعەد عەدۆ" برای پێشکەشکەر
*
لە کانگای دڵم جوانترین سڵاو
بۆن خۆشتر بێت لە گوڵ و لاولاو

شیرین هەروەکو زەردەخەنەی منالْ
خۆشتر لەمژینی لێوی تەڕو ئالْ
گەرمتر لەگڕی نێوان دوو دڵدار
ڕازاوەو جوان وەك وەرزی بەهار
هەست ڕابکێشێ وەك بلوێری شوان
دلْ بتەزێنێ وەك لاوك و حەیران
لەگەلْ دیمەنی جوانی کوردستان
لەگەلْ ئاوازو گۆرانی کوردان
لەگەلْ کزەبای فێنکی بەیانی
لێتان پیرۆزبێ جەژنی قوربانی
پێشکەش بەئێوەو بەرنامەکەتان
جەژنە پیرۆزەی "یوسف"ی براتان
*
ئەنێرم بۆتۆ کاك "ئەسعەد عەدۆ"
وەك گوڵی بەهار بەهاری ئەمڕۆ
ڕێزو هەستی من وەك دەریا وایە

تەنیا یەك دڵۆپ پێشکەش برایە
ئەمە چوارهەمینە نامەمە بۆتۆ
برای بەڕێزم کاك "ئەسعەد عەدۆ"
بۆچی ناخوێنی تۆ نامەکەی من
خۆ خوانەخواستە هیچ ڕووی دا لە من
*
سڵاو لەبەرنامەی کەلەپوور

بەدەنگی قازو مراوی و بلوور
بە بۆنی پونك و نێرگزو ڕەیحان
بە جوانی گوارەو خەزێم و کلدان
بە سەماوەرو چایەو دیشلەمە
بەجێ فرکانی و گشت جۆری گەمە
بە کفتەو ساوارو شلەو پیرخەنی
بە مەشکەو هیزەو سەبەتەی نانی
بە دانیشتنی ئێوارەو جۆخین
دیاری ئەپێچم بە بەن و دۆخین
ماستی هەلێری هەشت نۆ دە مەنجەر
ئەنێرم بۆتان بە کەرو جەنجەڕ
نەکەی هەڵگری پەڕۆك و بەنێ
سەرتووەکەی بخۆ بەتاقی تەنێ
مام "ئەسعەد عەدۆ" دەردت لەگیانم
گەر نەنێریەوە مەنجەرەکانم

هاوار کاك ئەسعەد هاوار چارەیەك
لەدەست دانیشتن ژنانی گەڕەك
دە دوازدە ژنن هەموو دانیشن
جگەرە کێش و بنێشك ئەجوون
هەروەك ڕادیۆنن هەواڵ ئەزانن
ئەڵێ ی موختارو ئاغای کۆلانن
جارجار تریقەی پێکەنینیان دێ
پیاو لەڕاستی خۆی وەختە شەق بەرێ

بەیانی لەوبەر ئێوارە لەم بەر
دایم لەپیاوان گرتووە سەنگەر
نیوەڕۆش هەیە خۆ ناڕۆنەوە
لەبەر ئەو ڕۆژە چۆن ناتوێنەوە
خۆ ڕازین بەخوا ئەگەر هەر ڕۆژبێ
جاروایە شەویش کۆڕیان گەرمەبێ
ناوێرم بەخوا ناویان بنووسم
بەر تانەو تەعلیقی دەمیان ناگرم
کاک ئەسعەد ئیتر با بەس بێ برام
تکات لێ دەکەم بگەیتە هانام
با گوێیان لێ بێ تۆزێ شەرم کەن
لەناو کۆڵانا دانیشتن کەم کەن
*
ئەمەش دواجارە دەستم دا خامە

بنێرم بۆتۆ کاک ئەسعەد نامە
دەیەمین نامەیە ئەنێرم بۆتۆ
بەسیەتی چیتر مەمکە ڕەنجەڕۆ
هەرچەند بەرنامەت لەکەلەپوورە
گوێ ڕایەڵن بۆت داپیرەو پوورە
نامەکی منت نەخوێندیتەوە
ئەوجا پەیوەندی ئەبڕێتەوە
لەکۆتاییدا بەخوات ئەسپێرم
گەر نەی خوێنیەوە ئیتر نانێرم.

*

کاک "ئەسعەد عەدۆ" گێڕاگرە گیانە
دێنمەوە یادت ئەم شیوە خۆشانە
کەشکەکو، دوێنەو، گەنم بە سرق
پیرخەنی و ، مزەوەرە و، دان دۆك بەسرق
گەنم بە شیرو، گەنم بە کەشك
بڕوش بە شیرو، دۆغەواو، دۆ بە کەشك
هیچیان نەماون ئەم شیوە خۆشانە
بۆیە، غەمگینم، من لەم ژیانە

*

دەچمە سەر قەرەچوغی بەر سێبەر پشت هەتاوە
سەیری کەندێناوەم کرد زەینی خۆم بەردەداوە
تەماشای دەربەندی کەن بەکانی و ئاوە
بەری دەشتی زندۆرەو پشت زورگەزراوە
شایەکی لێ دەگەڕا کیژو کوڕ ناوە ناوە
لەپیرو لەجامێران کەسك و سۆر دەوری داوە
هێ برام سەرێ من دێشێ دەردێ لە درم بەغەمە
بەوێ هێوارێ چەندت لۆ برێم هەر کەمە
عەزم لەکیژەکی کرد هەر ئەوها بە گەمە
گەمانم لێ بوو بە ڕاست خواردن و خەوم غەمە
هانام هێناوە بەرت کاك ئەسعەد بەبێ گەمە
ئەتۆم بە دوختۆر دانا بەرنامەشت مەرهەمە.

*

ئەرێ کاك "ئەسعەد عەدۆ"

چارم چیە لەگەر تۆ
نامەم دیٚ لەبۆ تۆ
تەماشایان ناکەی تۆ
ئەگەر بزانم چی تۆ
خۆم دەهاتم بۆلای تۆ
کاك ئەسعەد بەسەری تۆ
یا ئەمن دەبووم یا ئەتۆ
*
سلاوم بۆتۆ کاك ئەسعەد عەدۆ
بەرنامەت خۆشە بەڕاستی بەبیٚ درۆ
دلٚ دەبزویٚنی گفتوگۆیەکەت
تۆش کوڕە فەلاحی جۆت و گایەکەت

بیر دەکەمەوە لە شویٚنەوارم
باوکی ڕابردووم زۆر هەرزەکارم
شویٚنەوارەکەی باب و باپیرم
خانووە قوڕەکانی دیٚنەوە بیرم
بەلٚام ئەمڕۆکە ڕۆژی گیرفانە
نە دیوەخان و نە مەجریس و نانە.
*
کاك "ئەسعەد عەدۆ" تا لەبۆت بیٚژم
باسی دلٚداریت لەبۆ هەلٚڕیٚژم
لەزەمانی زوو دووکەس عاشق بان
بۆ یەکتریان ئەنارد خەناوکەو کلدان

خەناو کلدان نیشانەیان بوو
نیشانەی وەفاو خۆشەویستیان بوو
بەڵام ئێستاکە باوی نەماوە
لەلادێ و شاران خامۆش کراوە
لەباتی خەناوکەو کلدانی پێشان
بۆ یەکتر ئەنێرن مەوعیدی سەیران
*
دەردت لەگیانم کاك "ئەسعەد عەدۆ"
وا دیارە نامەم ئەدەن بەفیڕۆ
ئەوا شەش نامە بۆتۆ بنێرم
جا لەدوای ئەو چیت پێ بسپێرم
ئەوا ئەو نامە نامەی کۆتاییە
گەر نەیخوێنیەوە ژیانی بێ شادیە
*
بەناوی خودای گەورەو میهرەبان
بۆ بەرنامەی کەلەپووری جوان
یاخوە بمێنێ هەردەم بۆ کوردان
بێ بەشمان نەکەی لە وتەی جوان
*
"ئەسعەد عەدۆ" تۆ بلەزینە
خۆڤ پرۆگرامێ ڕاب گەیهینە
ئەڤان نامە بۆمە بخوینە
گولێن دلان تۆ بکەوینە
بۆچی من چ خۆشی نیە

شەۋ و ڕۆژا لمن نالینە
بریندارم هەڤاڵێ من
هەناۋ ئەڤرۆ لمن دسوتێنە؟
*
ئەگەر بمناسن ناوم جومعەیە
عینوانەکەشم کانی لەلایە
نامە دەنووسم بۆ کەلەپوورم
وەکو گوڵێکە لەژووری ژوورم
ئەڵێم: هەربژی کاك ئەسعەد عەدۆ
جەژنی کەلەپوور پیرۆزبێ لەتۆ
خۆزگە دەست دەکەوێت ئا یەك مەنجەڵ دۆ
لەگەڵ دوونانی سپی و جوان بۆتۆ
هەمووکات دڵت شادو بەختەوەر
خۆشتر لەپیازو خۆشتر لەکەوەر
لەگەڵ یەك قومە ماستاوی کوردی
تۆ بەردەوام بیت دەڵێم نەبەردی
لەکۆتاییدا دەڵێم کاك " ئەسعەد"
من بۆتۆ ئەڵێم: پیاوی ئازاو مەرد
*
بۆ مەشکە هەژان ئاوی دێ لەچاوم
ئای کە لەمێژە لێی بەجێ ماوم
ئەی کاکە "ئەسعەد" خۆزگە وابووایە
جامێ دۆی ساردم بۆت بناردبایە
کاتی بەرنامە جا بیخۆیتەوە

گەنجینەی میللەت یاد بکەیتەوە
ئەگەر نازانی ناونیشانم
بچووکی خۆتان دایکی ڤیانم
*
بەرنامەی فۆلکلۆر یاخوا بمێنیٚ
لەنێو جیهانیٚ پەرە بسێنیٚ
وشەی پیرۆزت هەروەکو نەورۆز
دەنگ بداتەوە لەنێو گەل وهۆز
تاریکی ژینی پیٚ ڕوون بیتەوە
لەئاسۆی بەرزا بدرەوشێتەوە
لەوەرزی پایز دوورمان خاتەوە
خۆشی لەدڵمان تیشك باتەوە
*
پێشەکی سلاوێك ڕێك دەخەین بۆتۆ
بۆ بەرنامەکەتان کاك "ئەسعەد عەدۆ"
ئەم سلاوەو چەندەها سلاومان
لەلایان خوشکان دڵ پەست و غەمیگن
پێشکەشتان ئەکەین لەناخی دڵمان
بژین بەشادی لەپەنای یەزدان
ئێستاش هاتینە سەرباسی گوڵان
لەگەڵ پیاوی ئاخیر زەمان
بە کۆمەڵ دائەنیشن
یەك بۆ یەك هەڵ ئەبەستن
*

ئاوازی بەرنامەکەت
دڵ و گیانم لیٚ ئەسێنیٚ
قسەی خۆش و پڕ لەتامت
دڵی غەمگین ئەبزوێنیٚ
لاوك و حەیران و بەستە
هۆش و بیرم ئەفڕێنیٚ
نامە ڕەنگین و جوانەکان
چاوی شادیم هەڵ ئەهێنیٚ
کاتیٚ ئەڵیٚ ی بەدوعا
ڕیشەی جەرگم ئەپچڕێنیٚ
لەخوا ئەپاڕێمەوە
هەر سەکەوتوو بمێنی
*
ڕێزو سلاوم لەگەڵ گفتوگۆ
شیعرێکی میللی ئەنێرم بۆتۆ
ئێوارەت بەخێر ئەسعەدی برا
وادیارە ئێستا لێمان دوو درە
ئێمە خێزانی ئەم فۆلکلۆرەین
بۆ نامە ناردن دائم بۆ نۆرەین
هەتا بتوانین بەگوێرەی توانا
گوڵ بۆت ئەنێرین لەو باخچە جوانە
برای خۆش مەسکەر کاك ئەسعەد عەدۆ
بیٚ بەشمان نەکەی تۆ لە گفتوگۆ
شاری هەولێری تایبەتی شاران

چاوەڕوانی تۆن مانگی دووجاران
جا خوداحافیز فۆلکلۆر پەروەر
ئەی کاکە ئەسعەد خوداد بیٚ گەر.
*
ڕۆژێك لە ڕۆژان ..... چوومە قورشاغلو
قورشاغلو گوندەو ..... گوندێکی خۆش بوو
چوومە ماڵەکەی..... کاك ئەسعەد عەدۆ
بۆیان دانا بووم..... نان و کەشك و دۆ
ووتی: بەخێربیٚ ی..... کاکەی ڕەنجەڕۆ
بۆخۆت تێر بخۆ..... لەماڵی مام ئەسعەدۆ
ووتم:– هاتیمە..... بۆ پارەکەی تۆ!
ئینجا چی ئەڵیٚ ی..... خاوەن گەنم و جۆ؟
کیٚ وای پیٚ گۆتی..... وەها زوو بە زوو؟
بۆچی من بوویمە..... مام حەمەد قەدۆ؟!
*
بۆ کاك ئەسعەدو هەموو گوێگرەکان
سڵاوو ڕێزم بیٚ حەدو پایان
مامۆستای بەڕێز کاك ئەسعەد عەدۆ
پاش سڵاوم بۆ بینەرو تۆ
لەگەڵ نێرگزو هەڵاڵەو شەوبۆ
ببورە نامەی ئەمجارەم هەمووی
گلەیی خۆمە من دەیکەم لەتۆ
بەحەقی خودا کاك ئەسعەد عەدۆ
نامەم نووسیوە لە هەشت تاکو نۆ

خودا شاهیدە من ناکەم درۆ
ناوی خۆم نەبیست لەسەر زاری تۆ
پێم بڵێ بۆچی ڕەنجم بەبا چوو
ئیتر سوپاس کاك ئەسعەد عەدۆ
ناوم لزگینەو عەشیرەت گۆران
من لەبەستۆڕەم بەناوو نیشان.
*
پێنووسی دەستم بۆتۆ قەڵغانە
بۆ ڕازاندنەوەی ووشەی جوانە
ئەوا بەهارە کاك " ئەسعەد عەدۆ"
نۆبەی سەیرانە لەگەڵ نان و دۆ
هەستە پێکەوە بچین بۆ سەیران
بۆ سەیری دەشت و چیای کوردستان
بنۆشین ئاوی سازگاری شیرین
هەڵمژین بۆنی گوڵاڵەی نەسرین
دەستی یەك بگرین شایی دابەستین
بۆچیایی بەرز شیعر هەڵ بەستین
گۆرانی بڵێین بە نەغمەی بولبول
لەگەڵ ئاواتی لە پەرزگاری دڵ
تۆ بەئاواتی کەلەپوورەوە
منیش بەئاوات کۆنە یارەوە
ئێستاش بناڵین لەدەشت و سەحرا
تا پەیدا ئەبێ مردن لەهەرا

ئینجا چەند خۆشە هەردووک پێکەوە
خۆزگەی کۆنە ساڵ بێتە یادەوە
*
سڵاومان بۆ کاک " ئەسعەد عەدۆ"
شادین هەموومان بە بەرنامەی تۆ
مانگێ سەرانسەر ئینتزار ئەکەین
چاوەڕێی باسی خۆشی تۆ ئەکەین
هەموو بە گشتی داوات لێ ئەکەین
بەناو بینەران پێشنیاز بکەیی
ماوەی "کەلەپوور" هەندێ زیادبکەی
دڵی گوێگران زیاتر خۆش بکەی
*
کاک "ئەسعەد" مەیەژن
کەوتەتە ناو بڕێ ژن
هەر گۆرانی بۆ ئێژن
کاک "ئەسعەد" ناوێتی
زەردو سوور کلاوێتی
قاتی کوردی لەبەریاتی
کاک "ئەسعەد" هات لەولاوە
مچك کەوای بەرداوە
کچەکان دڵیان لەریاوە
*
سڵاو لەبۆتۆ کاک " ئەسعەد عەدۆ"

لەکەلەپووردا ئەندازیاری تۆ
منیش وەرگرە لەبەرنامەی خۆ
بمکە بە هاوڕیٚ لە بۆ گفتوگۆ
شەرتە تاماوم لە بۆت بنووسم
ئەحواڵی ڕاوکەر لە تۆ بپرسم
ڕستە بە ڕستە لە بۆت بنووسم
بەڵام تیٚ بگە هیواو مەبەستم
لەکۆتایی دا بە خوات دەسپێرم
ئەم یادگاریەش لەبۆت دەنێرم
*
لەگەڵ تۆمە کاك " ئەسعەد عەدۆ"
جارێك لەبازاڕ چاوم کەت بەتۆ
سەر لە سبەینەو دەوری سەعات نۆ
دەستم بڵند کرد سەڵاو لە بۆ تۆ
نەت گرتەوە سڵاوی من بۆ
پێمان بڵیٚ ژمارەی تەلەفۆنی خۆ
تاکو دەست بکەین بە ئەلۆ ئەلۆ
ئێرەیە ماڵی کاك " ئەسعەد عەدۆ"
پیٚ ی بڵێن:- بۆ سەلام لە عالەم ناگریەوە تۆ
وەڵام:- لە ئەسعەد عەدۆ
هۆ کاکە نەجم، کوڕە باڵەکی
لەکویٚ بۆت بێنم ژمارەی تەلەفۆن
تاکو پێم بڵێی بۆ ناکەی سەلام

یان یەك دوو قسەی هەواڵ پرسینم
ئەگەر تۆ ناسکی و کوڕێکی خاسی
بڕۆ لای پۆستە بۆ دەنگ و باسی
*
سڵاوت لێ بێ کاك " ئەسعەد عەدۆ"
لەتۆش پیرۆز بێ ساڵی هەشتاو نۆ
ئەگەر تەشریف بێنی جارێ بۆ ماڵمان
شەرتە بۆت دابنێم یەك دوو کاسە دۆ
کە بەکار دێنی تۆ بە ئارەزووی خۆ
جارێ بە "بۆ بۆ" جارێ بە "لۆ لۆ"
دیارە زۆر خۆشە قسان لەگەڵ تۆ
وەبیرمان دێنی درەوی گەنم و جۆ
یاخوا بمێنی تۆ بۆ کەلەپوور
مەرگت نەبینم بۆت نەکەم ڕۆ ڕۆ

# هەمەجۆر

جارێك مەلا لە گوندێك ، خەڵکەکە لە ناو مزگەوت کۆ ئەکاتەوەو ئەڵێ : ئەزانن چیتان پێ ئەڵێم !خەڵکەکە ئەڵێن : نەخێر ، مەلاش دەڵێ : مادام وایە پێتانیش بڵێم هەرنازانن .

بۆ ڕۆژی پاشتر جارێکی دیکە مەلا کۆیان ئەکاتەوەو پێیان ئەڵێ : دەزانن چیتان پێ ئەڵێم ؟ خەڵکەکە ئەمجارە پێی دەڵێن : بەڵێ ، مەلاش دەڵێ : مادام دەزانن بۆچی خۆم ماندو بکەم ئەچێتە دەرەوە .

بۆجاری سێیەم مەلا کۆیان ئەکاتەوەو پێیان ئەڵێ : ئەزانن ئەمڕۆ چیتان بۆ ئەڵێم ، نیوەیان دەڵێن بەڵێ و نیوەی تریان ئەڵێن : نەخێر ، مەلاش دەڵێ : ئەگەر وایە ئەوانەی دەزانن بە ئەوانە بڵێن کە نازانن ، واتە هیچ بە خەڵکەکە ناڵێت !!

*

یەکێ لەو داب و نەریتانەی کە لە سەردەمی باب و باپیرانی ئێمە باوبوو ، ئێوارانی وەرزی هاوین کە گەرما دادێ و زیندەوەر دێنەدەرێ ، پاش نانخواردن لە سەر سەکۆ یا لە حەوشە پان و بەرینەکە دادەنیشتن ، داپیرە ناوی خوای لێدەهێناو دەوی دووپشکی لێدەبەست ، کاتێ بە منداڵەکانیان ئەووت بڕۆن بنوون ئەیانووت : داپیرە دەوی دووپشکت بەستاوە ؟

داپیرەش دەیووت : ئاڕۆڕە، بنوون بە بێ ترس ، ئەوجا ماڵ و مناڵەکە بەدڵنیایی ڕائەکشان و لەبن بەڕە لۆچیان لەخۆ دەبڕی ، داپیرەش بەم شێوەیە دەوی دووپشکی دەبەستا :

**زەرد ئامان ، زەلیل ئامان**
**کەمبەربەستەی شاهی مەردان**
**ئەوشۆ عەلی مێوانمانە**

**هەرچی گێی لەدەنگمانە**

**لەچی، سەی هارو مارو دووپشك و زولقەدەر**

**هەمووی بکەی لەقەمتەر**

**هەتا سبەینێ سەحەر**

**ڕۆژ لە بورجان دێنەدەر**

**بەئەشقی سولەیمان پێغەمبەر**

**لەهاری لەماری**

**یابەرەکەتی جەباری**

**لغاوی باوێ زاری**

*

لە یەکێك لە ئەڵقەکانی ڕابردوو لە بەرنامەکەتان باسی (جەنجەڕ) کرا ، بەڵام لە پێش جەنجەڕ (چان) هەبووە ، کە لەجیاتی (جەنجەڕ) بەکارهێنراوە ، ئەمەش باسی چۆنیەتی دروست کردنی چانە :

١- لە (کەبەرو سوڕناتك) چەند تەبەقەیەك لەسەر یەکتری دادەنرا ، بەڵام (کەبەرەکە) لەبنەوە دادەنرا لەبەر ئەوەی کەبەرەکە لە سوڕناتکەکە لە یەکتری زیاتر توونددەکرا .

٢- سێ قولپەی دار لەو سەرو ناوەندو ئەوسەری چانەکە ڕاگیردەکرا هەتاکو بەهۆی ئەو قوڵپانەوە کە بەرو سوڕناتکەکە لەیەکتری زیاتر توونددەکران .

٣- سێ گوریش لەپێشەوەی چانەکە دێخران، گوریسەکەی ناوەندێ لەنیرەکە دەبەسترا لەجیاتی مژانە، دوو گوریسەکەی تر یەك لەلای ڕاست و یەك لەلای چەپ پێشەوەی چانەکەیان لەهەردوو سەری نیرەکە دەبەستەوە ، هەتاکو چانەکە بە هیچ لایەکدا وەرنەگەڕێ .

٤- ئەو کەسەی چانەکەی دەگێرا دارەکی درێژ سەرەکی دارەکەی دەپێچا لەبن هەنگری خۆی خۆیدەناو سەرەکەی تری دارەکە لەناوەڕاستی چانەکەدادەنا

لۆ ئەوەی زیاتر چانەکەی گرانتر بکات، هەورەها چانگێڕەکە بەردەوام لەگەڵ چانەکە دەسوڕا چونکە نەیدەتوانی سواربێت .

* قەبارەی (چان) لە (جەنجەڕ) درێژتربوو ، بەڵام نەوی تربوو.

* بۆ نموونە ئێستاش لەکاتی (جەنجەڕ) گێڕان هەندێك (کەبەر) لەدوای جەنجەڕەکە دێخن بەمەش دەڵێن: (چانچنۆکە) ئەم چانچانۆکەش ئیشی ئەوەیە تەنها (کا)ی ، درشت بەسەر (کا)ی ، وورد دێخی ، ناوەکەشی هەر لە ناوی (چان) هاتووە ، بەڵام چونکە بچووکترە پێی دەڵێن : چانچانۆکە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم ناوەش پیتی (ۆکە) بچێتە سەرهەرناوێك دەبێتە بچووككردنەوەی ئەمناوە .

تێبینی : بەمشێوەیە چان لە دەشتی هەولێرو کەندێناوەو قەراج دروست دەکرا ، بەڵام لە ناوچە شاخاویەکان لە دارەبەن و بەلالوك هەر بەم چەشنە دروست دەکرا .

*

جەوەند : شوان بە کاریان دەهێنا بۆ ئاو خواردنەوە ، پڕ ئاویان دەکردو لەبن گوێ درێژ (کەر) گرێیان دەدا لەدەشت لە کاتی مەڕ لەوەڕاندن ئاویان تێدا دەخواردەوە .

پێکهاتنی جەوەندە : لە پێستەی (کار) دروستیان دەکرد ، پاش ئەوەی کارەکە سەردەبڕا ، پێستەکەیان دادەماڵی ئینجا بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ جەفت و خوێیان پێوەدەکرد پاش ئەوەی بۆ ماوەی (٣) ڕۆژی تر پڕ ئاویان دەکرد ئینجا جەوەندە کە پاك دبۆوەو تامی خۆش دەبوو ، بەمجۆرە جەوەندەیان دروست دەکرد .

ئەوجا کاکی شوان پڕی دەکرد لە ئاو قەمیشێکی لە هەنگلی جەوەندەکەی دەیەخست و جەوەندەکەی بە بن زگی کەرەکەی بەچوار دۆخین گرێدەداو دەڕۆیشت

بۆ بەر مەڕی .

سوودی ئەم قەمیشەش بۆ ئەوەی دەمی بە قەمیشەکەوە بنێ و ئاوی پێ بخواتەوەو بۆ ئەوەی دەمی پیس نەبێ ، ئێوارەش کە بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە جەوەندەکەی پڕ لە خڕنوك و دەیبردەوە بۆ ماڵ .

*

نە کووندەی لە ڕۆخ ئاوان

نە ژنێ لە ڕۆخ  باوان

*

نەماڵت لەسەر شیوبێ

نە ژنت کچە تیوبێ

نە حاکمت هەتیوچەبێ

*

کەس بەسەران نابێتە بەران

ئەوەی بێتە تێڕوتووران

نامینێ لۆ پلك و پووران

میوانی خوشکێ

ڕووت لە هەنیشکێ

*

* ئاوێ لەدوو بەڕوویێ، بریا هەندە شیرین بام لەکن خەسوییێ.

* ئاوێ لەدوو قەزوانێ، بریا هەندە شیرین بام لەکن هەوگیانێ.

* ئاوی لەدوو ترێیێ، بریا هەندە شیرین بام لەکن هەوێیێ.

* ئەگەر ژنی خۆت پیرە، بەکەس مەرێ داپیرە.

* ئەگەر پیاوەکت بێ حەیاکرد، ژنەکی تێبەردە.

ئەگەر ژنەکت بێ حەیاکرد، مندارەکی تێبەردە.

* ئەگەر کابان بێ نەوسە، جیران یەك کەوچکی بەسە.
* ئەگەر هەتبێ میوان زۆرە، ئەگەر نەتبێ مارت چۆلە.
* هەوڕۆ هەورە، سمێری مام گورگی چەورە.
هەوڕۆ سامارە زگی مام گورگی بەتارە.

*

لە حەڤدەو هەژدەی ئاداریٚ
مەلەك دێتە خواریٚ
دەنگ دەکا لەبواریٚ
هێواریٚ شوان فڕیٚ دەدا گۆپاریٚ
سبەینیٚ شوان نابینیتەوە لەبەر کوریك و کاویٚ بواریٚ

*

* نوختە بە نوختە لەروحی منت کەویٚ کابانیٚ پووختە.
* نەنووستنی بەڕ، نە ئاگری داری تەڕ، نە ژنی ماران گەڕ.
* مەکری ژنان ڕیوی دەکاتە کوونان.
* کیسەر دەریٚ: ئەو بەرگەم لەبەر نەبوایە، مردیەك و زیندیەکم پێکەوە لەقەبری دەنا.
* نە پێڵاوی تەنگ، نەخانەی بە جەنگ.
* نەساڵی دووبەهار، نە سواری پێش هاوار، نەژنی کۆڤ خوار.
* ئەو هەورە ڕەشە فێربووە پێمان، هەموو ئێواران سەرئەدا لێمان.
* باران ئەباریٚ عەردان لێم دێنی، خۆزگەم بەو کەسەی برای ژن دێنی.

*

هیچ کەس ماڵی خۆی بەکەس نەداوە
کەچی ئاموشۆی دەوڵەمەند باوە

*

* کەس بیّ وەناکەس، ناکەس بیّ وەکەس، چرای ناکەسان، گرسیا وەهەوەس.

ئەگەر ئاقڵی ئەقڵت وەبیرە
لەناو مەلەکان کامیان بەشیرە؟ (شەمشەمەکوێرە)

*

* بێژە بەخاوەن بێستان، پاشگەزی هالەزستان.

* پەردەی هەڵبەست بەکەتانیّ، بووك ئەوەتا زاوا کوانیّ.

* چەن کۆکەیتەوە دارایی، تاکو پلەی پاشایی، بەجێی دێڵی دوایی.

* دوژمن سەیری پێڵاوت ئەکاو دۆست سەیری کڵاوت ئەکا.

*

زەردی زەعفەران
ناملەووشتران
بردیان بۆ کافران (تووتن)

*

بەرزە دەڵێی چنارە
سەوزە دەرێی خیارە
مزرە دەڵێی هەنارە (ڕێواس)

چوومە دەریّ لەگوندی
حاجباتیەکی هەنەم دی
دار ئەنگژابەردی

*

١/١٤ یەکەم ڕۆژ بەندە
بەخێربێیت ئەی بەندیلە
بڕۆ بۆلای قەندیلە
لەسەری بکە مەندیلە
١/٢١ یەکەم ڕۆژ بەندرخەیە
دیسان واهات بەندرخە
سەرمای ئەبێت ئەم شۆخە
خوایە دووربێت لەکۆخە
١/٢٨ یەکەم ڕۆژ مێرەمە
دەڵێ مێرەم زۆرهارە
دەدات ئازاری یارە
تەڕ ئەکات جووت هەنارە
٢/٤ یەکەم ڕۆژی ئۆغەنە
بارانمان ناوێ ئۆغەن
کچان عاشقی چۆغەن
منالان دۆستی قۆغەن
باران باش نیە لەم هەفتەیە، چونکە عارد ڕەق ئەکات ئەڵێن قەرەسپانە .
(قۆغە لەپیارە گەورەترە قوڵپی هەیە)
پیت و پار زۆر ساڵ بوو ئارۆز
٢/١١ یەکەم ڕۆژس پیتە
ئەوجارە نۆرەی پیتە
کراسێ یارەکەم چیتە
هاوار لەخۆم کەنیتە

٢/١٨ یەکەم ڕۆژی پارۆزە
ئەم هەفتەش وا پارۆزە
سی و دوو ڕۆژ پێش نەورۆزە
کە جەژنی گەل و هۆزە
ئەگەر شوبات ٢٨ ڕۆژبێت ، سی ویەك ڕۆژ لەپێش نەورۆزە
خدرولاس ساڵ بوو خلاس
٢/٢٥ یەکەم ڕۆژی خدرە
کاك ئەسعەد واخدرە
دەوجا نامەم وەرگرە
مەڵێ ئەمەش مەکرە !
٣/٣ یەکەم ڕۆژی لاسە
بەخێربێی کاکە لاسم
بەهار بەتۆ ئەناسم
بەساردی زستان کاسم

هەفتەیەك ماوە پێی ئەڵێ: (بردالعجوزە) نیوەی لە بەهارە نیوەی لەزستان ، چونکە شوبات ٢٩ ڕۆژە، ئەگەر ٢٨ ڕۆژبا یەکەم ڕۆژی لاس ٣/٤ دەبێ .

*

دەرێ کچی جوان باوکت لەماڵە
وەڵامی کچە: باوکم چووە دۆست بکا بەدوژمن
دەرێ ئەی دایکت؟
وەڵامی کچە: دایکم چووە یەك بکات بەدوو
دەرێ ئەتۆ خەریکی چیی؟

**خۆم سێ چوارەك دەكەم بەیەك**

*

**باڵاكەت بەرزە تولی ئاولەبن**
**فرزەندی خەڵکی ڕیشەی دڵی من**
**باڵاكەت بەرزە باڵادارچینی**
**خۆتۆ شەکرنیت بۆچ واشیرینی**
**باڵاكەت بەرزە حەزم کردووە لێت**
**هەرکەس نایەڵێت موویەکی لێبێت**
**باڵاكەت بەرزە ئەبرۆ قەیتانی**
**بۆخۆت دەرناخەیت وەرهەمم هانی**

*

## ناوی بەشداربووان و هاوڕێیانی بەرنامە

١- بەختیار عمر علی شریف – سلێمانی
٢- ڕەوەند شوانی
٣- هۆگر عباس
٤- هاوکار سەردڕەیی
٥- دلشاد قادرنەبی
٦- ستار احمد کانی دەربەندی
٧- حاتم ڕەنجدەر باتاسی
٨- غفور مخموری
٩- شێرزاد میلناسری
١٠- کمال جلال سدیق
١١- شەنگە شێخانی
١٢- محسن شاخەپیسکەیی

١٣- دلشاد قادر محمود
١٤- يوسف عزيز
١٥- ستار مەلا احمد مەرانی
١٦- ئارانچا- کرکوك
١٧- زلێخا عزيز
١٨- خدر غەمبار- کرکوك
١٩- محمد جمال توتمەيی
٢٠- کارزان حين نانەوا- رواندز
٢١- دايکی دەشتی- هەولێر
٢٢- دايکی ڤيان- ناجيه تەها
٢٣- ناصح عيمان سۆربەشی.
٢٤- دەريا، هێڤين، هاوار، هەنگاو.
٢٥- محمد علی خۆشناو.
٢٦- مسعود محمد محمد امين.
٢٧- سيروان قادر نەبی.
٢٨- نهرۆ عيمان ناصر.
٢٩- چيمەن کوێستانی- هەولێر.
٣٠- سالار- رانيه.
٣١- بورهان رەسول شێخانی.
٣٢- جليل صالح- شقلاوە.
٣٣- سەروەت حميد.
٣٤- حسين احمد رشيد- باوەنور.
٣٥- ژاڵە شێخانی- دبس.
٣٦- محمد علی نجم الدين بەرزنجی .
٣٧- محمد صابر حسن بك .
٣٨- ئەرسەلان شابان مجيد .

٣٩- معروف فارس شێروانی .
٤٠- سیروان عبدالرحمن قورشاغلویی .
٤١- دلێر کریم سەربەشاخی.
٤٢- زەنگین عەزیزی مەلارەش .
٤٣- فاروق حسین – کرکوك .
٤٤- نجم حسین باڵەکی.
٤٥- فەرەیدون احمد سور – کرکوك .
٤٦- باپیر عزیز مختار- کانیەقوڕ.
٤٧- مسعود خۆشنووس – دووزخورماتوو .
٤٨- محمد هەرزانی.
٤٩- ئازاد صابر- کۆیە.
٥٠- لزگین صدیق گۆران- بستۆرە.
٥١- محمد عپمان حمد ماجیدی.
٥٢- مەلا یوسف غەمگین.
٥٣- دڵپەستاو غەمگین- هەولێر.
٥٤- اسماعیل برایم صابر.
٥٥- جمعە محمد نجم کانی لەلەپی.
٥٦- فارس محمود حسن مزوری- موصل.
٥٧- ایوب ئاوارە- بەرحوشتر.
٥٨- حوێز کۆیی.
٥٩- احمد صالح سێوەکەیی.
٦٠- عزیز خۆشناو- چوارقوڕنە.
٦١- جواد خدر پیرداود.
٦٢- گە رەنجەڕۆ چالوکی.
٦٣- سعود احمد حسین.
٦٤- رەئوف عبدالله رشید- سلێمانی.

٦٥- شهاب گۆران- بەستۆڕە.

٦٦- خسرۆ برایم عمر.

٦٧- حمید قادر احمد.

٦٨- زرار شێواو- کۆیە.

٦٩- ڕۆژگار تەق تەقی.

٧٠- شەوگار تەق تەقی

٧١- حسین صالح خرابەدراو.

٧٢- امیر صابر حارس- کفری.

٧٣- عوزێر رحمن اسماعیل.

٧٤- سوارە اسعد- کەلەك.

٧٥- لەتیف دڵنیا- دیبەگە.

٧٦- عبدالله رجب عزیز.

٧٧- کامەران عبدالخالق احمد- تازە.

٧٨- حبیب نوری.

٧٩- کاوە عبدالرحمن- کرکوك.

٨٠- حسین علی- کرکوك.

٨١- بیمار ڕۆژبەیانی- شۆرجە.

٨٢- محمد مجید تاقانە.

٨٣- باپیر خدر بەحرکەیی.

٨٤- صابر محمد علی- سلێمانی.

٨٥- دڵگەش عبدالله احمد هاودیان.

٨٦- انور نادر پونگینە.

٨٧- محمود فقیٚ رسول وەرتی.

٨٨- ارسلان عوسمان- خدرجیجە.

٨٩- سلیمان حسن سلیمان.

٩٠- امیر ڕەنجدەر.

٩١- هەژار محمد دزەیی.
٩٢- حسین جواد.
٩٣- محمد ابراهیم احمد.
٩٤- زیاد یوسف هەرکی.
٩٥- عارف خلیل هەرکی.
٩٦- نەوزاد نصرت صادق- سلێمانی.
٩٧- اسعد عبدالرحمن شێخ وەتمانی.
٩٨- عزیز خورمالی.
٩٩- بختیار نامق سعید- نصر.
١٠٠- کریم خان- صدیق.
١٠١- ئامانج دەرگەلەیی- صدیق.
١٠٢- عبدالخالق گۆمەتاری.
١٠٣- باهر سید گل- کرکوك.
١٠٤- صابر صالح احمد نانەکەلی.
١٠٥- شوان محمد ئۆمەراوەیی.
١٠٦- شوان ابوبکر حمد.
١٠٧- عارف نێرگێنی.
١٠٨- حاجی سعید باداوەیی.
١٠٩- قادر حسین جامچی.
١١٠- محمد حسین جامچی.
١١١- زیاد عوسمان شێروانی.
١١٢- هۆشمەند احمد ڕەزا.
١١٣- ئازاد تەلعەت دزەیی.
١١٤- ئاواز احمد حمدامین.
١١٥- نجیب عبدالله.
١١٦- ناهیدە سورچی.

١١٧- پەیمان- هەولێر.
١١٨- نامق حاجی برایم بێریاتی.
١١٩- صمد سلێمان گەرۆتەیی.
١٢٠- زرار عبدالله مامەسێنی.
١٢١- حسن ئاغا خۆشناو.
١٢٢- نامق هاوکار.
١٢٣- محمد مەلا علی- خدرجە.
١٢٤- فخرالدین نصرالدین گەرمیانی- قادرکەرەم.
١٢٥- قادر سالەیی.
١٢٦- خالد احمد گردەسۆری.
١٢٧- صدیق ابوبکر شێخە.
١٢٨- مام جبار ڕشید.
١٢٩- هادی احمد مولود لاوەری.
١٣٠- نهرۆ پیرداود چالوگی.
١٣١- کاوە قاسم ملاڕەش.
١٣٢- فەرهاد زامدار عەلی.
١٣٣- عبدالرحمن محمد صالح- چمچماڵ.
١٣٤- طاهر کریم خدری گەردی.
١٣٥- شێرزاد پەرێشان- دیبەگە.
١٣٦- سیف الدین صابر پیرزینی.
١٣٧- شۆڕش جمال رسول.
١٣٨- زیاد محمد حمد امین- شقلاوە.
١٣٩- صالح عزیز دەرگەلەیی.
١٤٠- ماریا حمد مصطفی .
١٤١- پەروین یاسین ئۆمەربلی .
١٤٢- جعفر عبدالله میکائیل.

١٤٣- حمید سمایل کاریتانی .
١٤٤- دەشتی پوشۆ شێروانی.
١٤٥- کاوە حکمت- حەفت تەغار.
١٤٦- رفعت اسماعیل شێخانی.
١٤٧- احمد خۆشناو- شقلاوە.
١٤٨- نشمین محمد فارس- کفری.
١٤٩- قادر عثمان- سلێمانی.
١٥٠- جبار صابر قادر.
١٥١- ئاوارە صابر- هەولێر.
١٥٢- جمال سعید- دیانا.
١٥٣- دایکی کریم رۆستایی.
١٥٤- صلاح الدین رواندزی.
١٥٥- شێخ یونس رواندزی.
١٥٦- نەوزاد رواندزی.
١٥٧- نەوزاد واحد کاکەیی.
١٥٨- روناك کەریم.
١٥٩- ساوات رەشید بندیان.
١٦٠- مەریوان مەجید حەفت تەغار.
١٦١- شیرین شێخانی.
١٦٢- فەرهاد بلباس- کەلەك.
١٦٣- عیماد صالح خمیس.
١٦٤- نەبەز عباس عثمان.
١٦٥- سلیمان چیاسەوزی- چمچماڵ.
١٦٦- انور محمد غریب.
١٦٧- فاتح شەیدا بەرزنجی.
١٦٨- سروەت دەوڵەت.

١٦٩- ايوب صالح رسول گڕاوی.
١٧٠- هاشم رەفيق کۆیە.
١٧١- گە احمد بەرزنجی.
١٧٢- دایکی سروە.
١٧٣- بەردان لاوەری.
١٧٤- سعدالله شێخانی.
١٧٥- احمد قادر ماوەرانی.
١٧٦- مژدە خۆشناو.
١٧٧- هۆشمەند ظاهر- کۆیە.
١٧٨- جلال سعید علی- کفری.
١٧٩- جمال سعید- کفری.
١٨٠- دایکی سانا.
١٨١- ماجد محمد شفیق.
١٨٢- نجیبە حمدامین رواندزی.
١٨٣- صالح محمد گیرۆ- موصل.
١٨٤- واحد محمد غریب.
١٨٥- مەلا سلام بێتواتەیی.
١٨٦- سەرهەد انور بێتواتە.
١٨٧- هیمداد انور بێتواتە.
١٨٨- خۆشناو نەوزاد بێتواتە.
١٨٩- سیروان سەرهەد بێتواتە.
١٩٠- مەرد هیمداد بێتواتە.
١٩١- شێروان سەرهەد بێتواتە.
١٩٢- کۆرپەی انور مەسیفی شاعیر.
١٩٣- داود شڕۆڵ.
١٩٤- عبدالکریم دەشتی.

١٩٥- خالد جوتیار.
١٩٦- شرمین عبدالله.
١٩٧- پاکیزه حسن حمەخان.
١٩٨- سەرکۆمار جمالٚ جوامێر.
١٩٩- یاسین حمد گەردی.
٢٠٠- احمد سەپان.
٢٠١- مهدی عباس.
٢٠٢- فائق وەهاب نامۆ- چمچمالٚ.

**ناوی ئەو کەسانەی کە دیاری فۆلکلۆریان بۆ بەرنامە ناردووە**

١- خدر گەروتە- جلی کوردەواری.
٢- محمد جامچی- جلی کوردەواری.
٣- شێمحمەد هەمینە ڕەش- هەسان.
٤- حمد خدر گەردی- داس.
٥- نایل حمد ئاغا مێرگەسۆری- دەسرۆك.
٦- بدریە دایکی احمد- دەسرۆك.
٧- کاکە حمد امین چیایی- جووتێك یەمەنی.
٨- زێڕو دەشتەکی- جووتێك یەمەنی.
٩- حمید مەلا گاهر- هەمبانە.
١٠- عبدالله رجب- کورتان.
١١- جمال بریندار- دارسیگار.
١٢- نەوزاد بێتواتە- کر.
١٣- عمر ئاژگەیی- بەردەقانی.
١٤- دایکی سامی- چەفتە.
١٥- جمعە مصگفی هەرکی- دار سیگار.
١٦- محمد باوەکر بالیسانی.

١٧- حاجی صالح برادۆستی- کیسەی توتن.
١٨- حسین صوفی لێڕە سماقی- بەردوئەستێ.
١٩- دایکی ماجد- تاسەیەك.
٢٠- غازی ئەسعەد کۆپاڵێك.
٢١- مصطفی حمد کونە فلوسەیی- سەندوقی پیالە.
٢٢- نەبەز گەرۆتە- پشبێن.
٢٣- دایکی هونەر- کلدان.
٢٤- رزگار کانبی قشقەیی- ئەستێ.
٢٥- صابر حسین پونگینە- شانە.
٢٦- حسین اسماعیل- زەنگەڵ.
٢٧- صابر حسن مامەجەلکەیی- ئەستی.
٢٨- دایکی لوقمان- کۆرەوی بەن.
٢٩- حیدر عزیز- گوڵینگ.
٣٠- نریمان مصگفی - شمشاڵ.
٣١- مظفر علی گەرەوەیی- تەسبێح.
٣٢- محمد عثمان قادر بسکۆکە.
٣٣- حسین عمر سلیمان دیمەنێك.
٣٤- بارزان قشقەیی- قەیناغ.
٣٥- دایکی هێژا- توورگە.
٣٦- دایکی زیرەك- کڕك.
٣٧- سیامەند قادر منتك- شمشاڵ.
٣٨- کاکی حمەرشید قەشقەیی- پاشکۆیەك.
٣٩- ابراهیم عارەب مولود- دارسیگار.
٤٠- مصگفی حامد مصطفی- حەوجۆش.
٤١- خالد کریم حسین- گۆزە.
٤٢- سێوە- کووپە.

٤٣- کاظم مصطفی برادۆستی- ئەستی.

٤٤- کامەرانی دەرماناوی- دووزەلە.

٤٥- علی دەروێش محمد شێروانی- هەوجاڕ.

٤٦- شمس الدین ابراهیم حسن-تەبەق.

٤٧- نعمت احمد- هەسان.

٤٨- عونی صالح دیدەوانی- گوڵینگ

٤٩- خلیل اسماعیل حسن- کر.

٥٠- داکی شیران- چەفتە.

٥١- دایکی کوردستان- جەنجەڕ.

٥٢- هیوا خلیل اسماعیل- گۆرەوی.

٥٣- مغدید احمد دەروێش- گوڵینگ.

٥٤- رجب علی سعید گویزانی- تەپکە.

٥٥- مولود خدر- داس.

٥٦- داکی سامان ئاقووبانی- بسکوکە.

٥٧- گالب عبدالله محمد- کاسەی دار.

٥٨- رشید تەق تەقی- قامیش.

٥٩- محسن عبدالله سورچی- تۆڕ.

٦٠- کاظم مصطفی فتح الله- تەپکە.

٦١- ئاشۆ خدر ئیسا- پشك.

٦٢- حاتم ڕەنجدەر - پشك.

٦٣- خالد احمد سوو- کەوچکی دار.

٦٤- خلیل مجید هەرکی- پشك.

٦٥- ئەسف زێدان- بەرۆکی ماین.

٦٦- هەوراز گەرۆتە- کلاش.

٦٧- جمال ابراهیم چۆمانی- خەناوکە.

٦٨- محمد محمد امین چۆمانی- گەردن لڤی مۆری.

٦٩- احمد ملا خیلانی- لەوەندی.

٧٠- لطیف صابر سەرگەڕانی- توورەکە.

٧١- دایکی دلشاد- کەوچك.

٧٢- زیاد شێخ جمیل- جلی کوردەواری.

٧٣- خسرۆ عبدالله- هەمبانە.

٧٤- دایکی کاڵیٚ- هەمبانە.

٧٥- موسی حمید شێخانی- تۆڕ.

٧٦- احمد عزیز- تیرو ئاموور.

٧٧- صالح دەروێش- تیرو ئاموور.

٧٨- حاجی واحد دۆرەزەیی- خرخرلی زیو.

٧٩- برهان حمەشەکر شوانی- هەوری.

٨٠- نبی عولا رەسول- شانەی کر.

٨١- حسین احمد خیلانی- بەرۆك.

٨٢- سێویٚ حجی حسن- کووپە.

٨٣- فوزیە جرجیس سلیمان- سەبەتە.

٨٤- احمد عبدالله چۆمانی - ئەسکۆ.

٨٥- عباس میرۆ هەرکی- هەوسار.

٨٦- ماریا حمد مصطفی - کلدان.

٨٧- دایکی کەریم- سەڵتە.

٨٨- محی الدین عوێز- دیۆجامە.

٨٩- عدنان سعید- جەرغی ساوار.

٩٠- باپیر عزیز- داوی کەو.

٩١- نجاه مجید شوانی- بەچنەی تریٚ.

٩٢- پیرداود مصگفی پیرداود- جەنجەڕ.

٩٣- عمر اسماعیل زێوەیی- کلێتە.

٩٤- عبدالرحمن غازفرۆش- مەدۆنە.

٩٥- صادق شاباز سليمان- کەمەرە.
٩٦- خليل رۆستايی- مازی.
٩٧- لقمان رۆستايی- شمشاڵ.
٩٨- ئاوات اسماعيل- شمشێر.
٩٩- ئازاد دارا ناصر- پەستەك.
١٠٠- انور خدر چيوەيی- حەوجۆش.
١٠١- قادر عبدالله- شەغرە.
١٠٢- احمد حمد امين- شەغرە.
١٠٣- سعدی علی- شەغرە.
١٠٤- دانا سامی- شمشاڵ.
١٠٥- قاسم حسن باپير- خەنجەر.
١٠٦- سۆران عثمان- حەوجۆش.
١٠٧- بەدرالدين علی- حەوجۆش.
١٠٨- اسعد خدر خيلانی- خوێچە.
١٠٩- زۆزان- دەسرازە.
١١٠- دايكی رائد يارمجە- چەفتە.
١١١- باوكی ناز- پشتەسەر.
١١٢- دايكی بلباس- گوڵينگ.
١١٣- پەيوەند بشار خورشيد- هەوری.
١١٤- بەدريە عزيز بەگ- كەوچك.
١١٥- كاكە مەولود ابوشوارب- سبيل.
١١٦- باڤل ابراهيم ئورفەلی- دارسيگار.
١١٧- حاجی ملا شێخ وەتمانی- گوڵينگ.
١١٨- غەزنەفەر ملا شكری- ڕەشمە.
١١٩- نەهرۆ محمد حسن- پیڕۆی بەفر.
١٢٠- زليخا وەلی اسماعيل- كر.

١٢١- عزیز ولی- مافور.
١٢٢- مصطفی حامد مصگفی - گۆزە.
١٢٣- خطاب برایم- خەناوکە.
١٢٤- دایکی سالار- توورەگە.
١٢٥- سالار احمد خۆشناو- بلوور.
١٢٦- نجاه یاسین مولود- دارسیگار.
١٢٧- احمد ملارسول قادر- بەردەقانی.
١٢٨- فیصل بکر کونەفلوسەیی- تیرکە.
١٢٩- ئامینە جەباری- کەوچك.
١٣٠- احمد زەنگەڵ- ئەستێ.
١٣١- پوورە عەیشێ- دەسڕۆك.
١٣٢- حمەڕەشید محمد جلبەسەری- ئەستێ.
١٣٣- قارەمان محی الدین- کەژێ.
١٣٤- محمد ئاسنگەر- تەسبێح.
١٣٥- اسماعیل صدیق شوانی- پشدین.
١٣٦- شێرزاد غەمبار- کەوچك.
١٣٧- سیدکریم سیدەکۆر- نایە.
١٣٨- احمد عوبیدالله محمود- گۆسکە.
١٣٩- سۆزان صباح- توور.
١٤٠- رەقیب مصطفی برادۆستی- بەرەماین.
١٤١- دایکی هەڤاڵ- پشتەمل.
١٤٢- سلیم و بهیە عیمان کریم- بەڕۆك.
١٤٣- بکر صابر کولکەرەشی- داوی سویسکە.
١٤٤- فخرالدین نصرالدین- داوی سویسکە.
١٤٥- رزگار عیمان رسول- خوێچکە.
١٤٦- بدرالدین حمدامین دەروێش- گۆسکە.

١٤٧- رووف سليمان بێتواتەیی- ئەستێ.
١٤٨- عثمان صديق باليسانی- خەنجەر.
١٤٩- سهام عبدالله شهاب- بەڕە.
١٥٠- سيد محمد سيد گالب.
١٥١- على حمد حسين- تەپكە.
١٥٢- مجيد حامد بەرزنجی- كەوچك.
١٥٣- نخشين رشيد سەرگەڕانی- قەيناغ.
١٥٤- رشاد مغديد گۆمەسپانی- چەرخ.
١٥٥- وەلی برادۆستی- قەيناغ.
١٥٦- احمد دێوالی.
١٥٧- محمد قادری شيرەيی- لۆلەب.
١٥٨- عمر شيرەيی- توورەگە.
١٥٩- شريف محمد- لۆلەب.
١٦٠- هيوا حمەزياد- گۆپاڵ.
١٦١- شێخ محمد عزيز خيلانی- پشتەملی كراس.
١٦٢- دايكی سيڤان- تووڕ.
١٦٣- هەژار سعيد- زەنگڵە.
١٦٤- هونەر عبدالله- لاندك.
١٦٥- هاشم شێخۆ كەبابچی- لباد-
١٦٦- دايكی سەرباخ- كەوێ.
١٦٧- محمد رشيد اسعد ئاغە- پەستەك.
١٦٨- محمد ئۆمەراوەيی- پشتەسەر.
١٦٩- حمد قادر حسين- مافوور.
١٧٠- عبدالله رفعت شێروانی- توورگە.
١٧١- عثمان دەلال- كلاو.
١٧٢- حاجی على- كلاو.

١٧٣- حاجی محمد جبل- سبیل.
١٧٤- بێستوون متحت شێروانی- تاسە.
١٧٥- قادر عزیز محمود باڵەکی- شمشاڵ.
١٧٦- معروف صابر سەرگڕانی- شەنە.
١٧٧- حاجی معروف- کەلەشاخ.
١٧٨- زاریێ باپیر- چینی ماستاو.
١٧٩- شاکر میرەکە هەرکی- چاوکە.
١٨٠- طارق حاجی جبار- جەنجەڕ.
١٨١- صدیق حمید گڕاوی- مازی.
١٨٢- کمال جلال ئۆرمزیار- ملوانکە.
١٨٣- محمد جلال گەراری- شەغرە.
١٨٤- دایکی فریال- پشتەکەویێ.
١٨٥- علی مصگفی - کلاو.
١٨٦- جلیل مولود زێرنگەر- تاسە.
١٨٧- کاکە شێخ بەرزنجی- کەوڵ.
١٨٨- چیمن ولی- سەر شەکر-
١٨٩- ماڵی ملاخورشید هەولێر- دەزگای دۆخین دروستکردن.
١٩٠- سعید اسماعیل- خلخاڵ.
١٩١- لاوە شوکت وەیسی- بن کڵاو.
١٩٢- عبدالرزاق زێرنگەر- تاسە.
١٩٣- حمەزیاد نوری عمدونی- شمشاڵ.
١٩٤- حسین رسول- توورەگە.
١٩٥- نەژاد خدر گەرۆتە - کلاش.
١٩٦- حاجی هەمین ئەحمەد- لۆلەب.
١٩٧- ئامینە حمە صالح- کەوچك.
١٩٨- ئارەزوو حسن حاجی مامند- شانەی موو.

١٩٩- علی اسعد روسۆری- جەمەدانی.

٢٠٠- سەرباز پەژارە- دارسیگار.

٢٠١- دانا سامی- دەستاڕ.

٢٠٢- سمیع مولود منتك- بەڕۆك.

٢٠٣- حسن هەرکی باگاسی- بەرگووز.

٢٠٤- صبحی صالح قادر.

٢٠٥- شێرزاد قەشقەیی.

٢٠٦- سلیمان عزیز حمە- لەنگەر.

٢٠٧- نامق تحسین کریم- کەوگیر.

٢٠٨- ملایحیی خدر- جلك هەلواسراو.

٢٠٩- کاك الله باخچە- کەژی.

٢١٠- دایکی احمد باخچە- تۆڕ.

٢١١- گولخاتر- پشدێن.

٢١٢- ژیان دیانەیی.

٢١٣- عبدالقادر هەمەوەندی- وێنەی قەلا.

٢١٤- بەهرۆز گرۆتە- کلاو.

لەژیانمدا منەتباری ئەم بەڕێزانەم کە بەزێدە هاریکاری بەرنامەی (لەکەلەپوورەوە) یان ، کردووە .

١- خاڵی زێدە بەڕێزم خوالێخۆشبوو انوەر بەگی بێتواتە .

٢- برای بەڕێزم ڕەفعەتی کوێخا عەولای شێروانی .

٣- برای وەفادارم خالد خۆشناو .

٤- برای دڵتەڕم خدر گەرۆتە .

## تێبینی :

* تەمەنی بەرنامەی لەکەلەپوورەوە (٣) ساڵ و (٧) مانگ و (١٩) ڕۆژ بووە .

* لەم ماوەیەدا (٨٤) ئەڵقە پێشکەش کراوە .

* ژمارەی نامەکانی بینەران کە گەیشتووەتە دەستمان (١٤٤٤٣) نامەبوو ، لە ساڵی ١٩٩٤ بە ئامادەبوونی شێرزاد عبدالرحمن هەموویم سوتاند ، پاش ئەوەی توانیم (٥٤٠) نامەی لێ دەست نیشان بکەم بۆ ئەوەی ببێتە هەوێنی ئەم کتێبەی بەردەستان سەرەتا بڕیاربوو بە ئاگاداری دۆستی خۆشەویستم ممتاز حیدەری بە ناوی (١٠٠١) نامە بێت و هەر ئەویش پێشەکی بۆ بنووسێت ، بەلاّم نامە هەڵبژاردەکان نەگەیشتنە ئەم ژمارەیە هەروەها ئەو بارودۆخەی ئێستاکێم بوەتە هۆی ئەوە کە کاک ممتاز پێشەکیەکە نەنووسێ .


ئەفسانە
لاوک.. گۆرانی
لە فۆلکلۆری کوردیدا
ئامادەکردنی
ئەسعەد عەدۆ

# ئەفسانە ...
# لاوك ... گۆرانی

## لە فۆلکلۆری کوردی دا

پێشکەشە بە :

* هاوسەر و هاوخەمی ژیانی چەرمەسەریم و هەواڵی ڕێگای نسکۆ هێنانم ، دایکی نسکۆ .
* ئەوانەی بەکەم و زۆر شەونوخونیان لەگەڵم چێشتووە بە تایبەتی منداڵەکانم .. زلیخا ، دڵگیر ، نسکۆ ، غەمگین .

# هەقایەتی دووبرا

**جێی پڵنگ و شێرا ، ڕێوی لێ ئەکەن گێرە**
**رەحمەت لە دایك و بابێن گوێ رادێرە**

دەگێڕنەوە پاشایەك دەبێ – پادشا هەر خودایە – ئەو پادشایە زۆر بەناوبانگ دەبێ ، بەڵام وجاخ کوێر دەبێ ڕۆژێك لە رۆژان دەروێشەك دێتە دیوەخانی پاشا .. پاش ماوەیەك دەروێشی مێوان ڕوو دەکاتە پاشا و دەڵێ : لەبەر چیە کوڕەکانت دیار نینە؟ پاشاش بە هەناسە ساردی دەڵێ : مام دەروێش ئەمەیش کاری خودایە .. نەنێرینە و نەمێینە نەبەخۆم نەبە مانیەکەمی نەبەخشیووە ! دەروێش دەڵێ : باشە ئەگەر قسەیەکت دەگەڵ بکەم کڕیاری ؟ پاشا بە زەردەخەنەوە دەڵێ : بۆنا ؟ مام دەروێش دەستی بۆ باخەڵی دەبا و سێوێك و تیخێك دەردێنێ و سێوەکە دەکاتە سێ پارچە و دەڵێ : ئەم سێ پارچە سێوەت دەدەمێ یەکی دەرخواردی ماینەکەتی بدە و پارچەیەکی بۆ خێزانەکەت و ئەوەی تریشیان بۆ خۆت بەڵام بەمەرجێك ؟! پاشا بەسەرسوڕمانەوە دەڵێ : ئادەی ؟!

لە کاتوساتی خۆیدا خێزانەکەت دوو کوڕی جمکی دەبێ و ماینەکەش

جووتە جوانیەکی لێ وەپاش دەکەوێ ! من دەڕۆم .. ساڵێك یا سێ یا پازدە تا جارێکی تر دەگەڕێمەوە دیوەخانت نابێ نێو لە کوڕەکانت بنێی هەروەها نابێ نەکوڕەکان نە جوانە ماینەکان خەڵك بیانبینێ ! لەسەر ئەم بڕیارە دەروێش ماڵئاوایی دەکا و دەڕوا .. هەروەك مام دەروێش وتی لە کاتوساتی خۆیدا خێزانی پاشا دوو کوڕی بوو ماینەکەش جووتێك جوانی حودوودی هێنا !

پاشا لەسەر بەڵێنی خۆی و دەروێش نێوی لە منداڵەکانی نەناو ڕێگای خەڵکی وولاتیشی نەدا منداڵ و جوانیەکان ببینن بەڵام دەستەی وەزیر و پیاوماقولانی پاشا هاتنە بن پالی وگوتیان : پاشامان خۆش بێ لەم ڕۆژە دەگەڕاین خوا ئاوڕێکت لێ بداتەوە و ئاگردانت نەکوژێنێتەوە ئەوە مەبەستمان هاتەدی بەڵام لە چ زەمەنێك بووە خەڵکی وولات بە دیدار و بینینی کوڕی پاشا و جێگری دوا ڕۆژی شاد نەبێ ؟

پاشا وتی : قسەکانتان زۆر بەجێیە بەڵام ئەوە پەیمانی مام دەروێشە ئەوانیش گوتیان : خوا دەزانێ دەروێش ماوە یا نەماوە ؟ ئێمە لەسەر قسەی خۆمان سوورین پاشا بە نادڵی بۆ ئەوەی دارو دەستەکەی لێی زویر نەبن فەرمانیدا هەردوو کوڕەکەی بە جوانیەکانەوە بێنە گۆڕەپانی دیوەخان خەڵکی وولات بە گەورە و بچووکەوە هاتنە تەماشاکردنی و بینینی کوڕانی پاشا و ماینە حودووی یەکانیان لە پاش ئەوەی خەڵکەکە بەدیداریان شاد بوون بۆ یەکەمجار کوڕانی پاشا هاتنە دیوەخانی باوکیان و هەریەکەیان لە لایەکی دانیشتن .

هێشتا کوڕەکان شوێنی خۆیان گەرم نەکرد بوو کاتێ مام دەروێش لێیان وەژوور کەوت و گوتی : ها پاشا پەیمانی ئێمە وابوو ؟ پاشا لەبەری هەڵسایەوە وتی : خوا دەزانێ لەبەر لۆمەی خەڵك نەبوایە پەیمانم

نەدەشکاند ئێستاش هیچ نەبووە بەخێربێی و هەر گلەیەکت هەیە راوەستاوم .

مام دەروێش وتی : ئەویان نێودەنیم محمد خورشید و ئەمەشیان محمد رشید جا لەسەر بەڵێنی هەردوکمان بە مەزەندە و ڕای خۆت و خەڵکی وڵات کوڕێك و جوانیەکی بۆ خۆت هەڵبژێرە و کوڕەکە و جوانیەکەی تریان بۆ خۆم دەبەم !!

پاشا و خەڵکی وڵات چاریان نەبوو .. بەهەر جۆرێك بوو پاشا بە چاوی پڕ لە فرمێسك و قوڕگ گیراوی و هەناسە ساردی کوڕێك و جوانیەکی بەلاداو بە نادڵی وەدەرکەوت ! ئەویتریش لە دوای یەکتر ماچکردن بە سواری ماینەوە کەوتە دوای مام دەروێش .. هێندە نەڕۆیشتبوون بە دەروێشی وت : بابە گیان قسەیەکم دەگەڵ برام هەیە هەر ئێستا دەگەڕێمەوە .

کوڕەکە بە رکێفێك هاتە لای براکەیی و گوتی : برام وەرە ئەنگوستیلەی خۆمان بگۆڕینەوە .. ئەگەر ئەنگوستیلەکە بۆر هەڵگەڕا ئەوەبزانە ڕۆژی تەنگانەیە پێویستیمان بە یەکتر هەیە ، ئەگەر ڕەشیش بوو ئەوەبزانە ڕۆژی مردن و دەست لێك بەردانە ! ئینجا دوو نووردییە نانی لەگەڵ خۆی هێناو گەیشتەوە مام دەروێش .. ڕۆیشتن تا گەیشتنە بیابانێکی چۆڵ جگە لە قەسرێکی سپی هیچی تری لێ بەدی نەدەکرا مام دەروێش و کوڕەکە گەیشتنە بەر دەرگای قەسری سپی و دەروێش بە کوڕەکەی وت : ئەم قەسرە ماڵی منە ! فەرموو بچینە ژوورەوە .. هەردووکیان وە ژوور کەوتن کوڕی پاشا یەکەمجار بوو بە سواری سەفەر بکا زۆر ماندوو بوو خۆی پێ ڕانەگیرا لە ئێشوئازاری لەشی خەوی لێکەوت کاتێ لە خەو هەستا بینی دێڵە دێوێکی گەورە و پیرەژنەکی کوێر

لــە ژوورەکــەی دانیــشتوون ! ئینجــا لــە مەبەســتی دەروێــش گەیــشت پیرەژنـەیش چـوە دەرەوە و هێنـدەی پـێ نەچـوو تەشـتێك چێشتی پـڕ لـە گۆشتی ئادەمیزادی بۆ هێنان ! کوڕەکە وتی : بابە گیان بە خۆت دەزانی چەند مانـدووم .. تۆ نانی خۆت بخۆ منیش ئەگـەر برسیم بوو لـە دوای ئەوە لە دواییدا دەخۆم .

دێڵە دەێو کەوتە سەر چێشتەکە تـا توانـای هـەبوو خـواردی ئینجا بـە کوڕەکەی وت : ڕۆڵـە سـەرم دەخەمـە سـەر ڕانـت تـۆیش سـەرم بپـشکنە تـا خـەوم لێدەکـەوێ کوڕەکـەیش وتـی : زۆرباشـە فـەرموو .. دێوەکـە سـەری خـستە ســەر ڕانــی کوڕەکــە و ئــەویش دەســتی خــستە نێــو قــژە بــژە پەرێشانەکەی سـەری دێڵـە دێوەکـەی خورانـد تـا دێوەکـە خـەوی لێکـەوت کوڕەکـە لـە پشکنین و خوراندنی دێوەکـە بەردەوام بـوو لـە ناکـاو دەسـتی بەرەوژێر بردو چەند شتێکی هاتە ناو دەستو دەری هێنـان تەماشـای کـرد شانەیەکی ئافرەتان و ئاوێنەیەك و سابونێکی خۆماڵییە ! لـە دڵـی خۆیـدا وتی : هەبێ و نەبێ ئەمانە سیحری دێوەن وا باشە خۆم لە دەستی رزگـار بکـەم چ دەبـێ بـا ببـێ .. ئەگـەر وانەکـەم هـەر دەبمـە ژەمـە چێشتێکی ئـەم ناهەموارە !

بـە هـێمنی سـەری دێوەکـەی لەسـەر ڕانـی خـۆی لابـرد و بـە سـواری ماینەکـەی لـە قەسـری سـپی وەدەرکـەوت و بـە ناشـارەزایی ملـی ڕێگـای گرتەبەر لەو گرد بۆ ئەو گرد لەو دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ .. کاتێ دێوەکە بە ئاگا هات .. نەڕاندی و لە قەسری سپی وەدەرکەوت و بە سیحر گەیشتە نزیك محمـد خورشـید و هـاواری کـرد : بـۆ کـوێ دەچـی ؟ دەربـاز بونـت نیـە ! محمدیش تا هێزی تێدابوو شانەکەی بۆ هاویشت .. لە گەڵ هاویشتنی شـانەکە نێـوان دێـوە و محمـد خورشـید بـوو دارسـتانێکی بـە دڕکـودار

ئیللاماشاللا ! کوڕە پاشا لە هەڵاتن بەردەوام بوو دێوەش لە پاش ماندووبوونێکی یەکجار دووبارە گەیشتەوە نزیک محمد خورشید و هاواری کرد مەحاڵە دەربازبوونت هەبێ ! محمدیش ئەمجارەیان ئاوێنەکەی بۆ هاویشت نێوانیان بوو بە شاخێکی تات و بڵند ! محمد هەڵێ دێوەش بەسەر تاتە شاخەکە دەکەوێت و دەکەوتەوە خوار لە دوای هیلاك بوونێکی زۆر گەیشتەوە نزیك محمد خورشید و بەسەریا نەڕاندی .. ئەمجارەیان سابوونەکەی بۆ هاویشت و ناوچەکە بوو بە دەریایەکی یەکجار پان و درێژ !

شەو داهات کوڕەکە لە گەڵ تاریکی شەو چووە شوێنێکی لاچەپی نێوان دوو کەڵکە چیا هێندەی برسی بوو ئەو نانەی لە ماڵی باوکی هێنابووی لە بەردەم خۆی داناو دەستی کردە نانوئاو خواردن کاتێ چاوی هەڵبڕی بینی ئەوا شێرێك بەرەو لای دێتە خوار .. ئەویش یەك دووجارا کەرتکە نانی بۆ فڕێدا تا گەیشتە بەرەمی و لەسەر چنگ بەرامبەری لێی ڕاکشا لەو کاتەی رۆژ شەبەقیدا محمد سواری ماینەکەی بوو شێرەکە کەوتە دوای ! کاتێ گەیشتە سەر بەرزایەك قەسرێکی سپی هاتە بەرچاو لە دڵی خۆیدا گوتی : ئەگەر بگەمە نزیك ئەو قەسرە لە دەست دێوەکە رزگارم دەبێ لە نزیك دەرگای قەسرێ .. دێوەکە نەڕاندی و گوتی : نەمووت رزگار بوونت نیە ! محمدیش بە پێکەنین وتی : بابە گیان ئەم هێنان و بردنەم بە مەبەستی تاقی کردنەوەت بوو ئایا منت خۆش دەوێ یان نا ! دێوەش ساردییەك بە لەشیدا هاتوو گوتی : باشە ئەگەر مەبەستت بووبێ ئەوە خۆشحاڵم فەرموو بچینە ژوورەوە ئەمە ماڵەکەی خۆمانە.

دێوە و کوڕە و شێر گەڕانەوە ناو قەسری سپی بەڵام کوڕەکە بە

شێرەکەی وت : هەر کاتێك ئیشارەتم بۆ کردی بگە هاریکاریم و دێوەکەم بۆ تێك بشکێنە ! هەروەکو یەکەمجار پیرەژنی کۆرە تەشتێك چێشتی پڕ لە گۆشتی ئادەمیزادی هێنایە بەردەمیان .. محمد خورشید بە دێوەکەی وت : بابە گیان بە خۆت دەزانی ئەمن کەمخۆرم بەڵام تکام هەیە ئەم شێرەم زۆر خۆشدەویٚ بەشی منش با ئەو بیخوا سەرتان نەیٚشیٚ سەریان دێشیٚ شێرە و دێوە کەوتنە سەر چێشتەکە تا تەشتەکەیان لێستەوە ئینجا دێوەکە سەری خۆی خستە سەر ڕانی محمد و ئەویش هەر بەو دەستوورە قژی دەخوراند تا دێوەکە خەوی لێکەوت کوڕەکە لەسەرخۆ ئیشارەتی شێرەکەی کردو بە هەردووکیان دێوەکەیان هەنجن هەنجن کرد محمد بە چاپوکی گەیشتە لای پیرەژن و گوتی : پیریٚ .. دێوەکەم لە نێو برد ئەتۆ چ خێرتە.. پیریێش وتی : رۆڵە ئەوە بە چاوی خۆت دەمبینی دێوە کوێری کردووەم محمد بە پیرەژنی وت : ئەگەر کلیلی ئەو دەرگایەنەم نەدەیتیٚ لە دێوەکەت خراپ تر بەسەر دێنم پیرەژنیش کلیلەکانی دایە دەستی و محمدیش دەرگایەکی کردەوە .. بینی پڕ لە ماینی با ژوورێکی تر پڕ بوو لە ماینی بروسك ژوورێکی تری کردەوە بە هەزاران کەسی مردوو بریندار و ساغی تیابوو گۆڕی بۆ مردووەکان هەڵکەناند و برینداراەکانی خزمەت کرد تا هاتنەوە سەرخۆ و لەگەڵ ساغەکانی ئازاد کردن و رۆیشتن .

بەمجۆرە هەموو دەرگاکانی پشکنی تا گەیشتە دوا ژوور .. بینی لە ناوەڕاستی ژوورەکە دوو کانی هەڵدەقوڵێن یەکیان زیو ئەوەی تریان زێڕ ! بە پەڵە جلەکانی لەسەرخۆی فڕێداو خۆی هاویشتە نێو کانی زیوەکە ئینجا زێڕەکە بوو بە یەك پارچە ئاگر ! جلەکانی بەسەر خۆیدا هەڵکێشاو هاتە لای پیرەژن و گوتی : پیریٚ زۆر زۆر ئاگاداری شێرەکە م بکە سەفەرێکم لە پێشە چاوەنۆڕم بە تا دەگەڕێمەوە ئەوکات لە خۆمت مارە

دەکەم و لە ناو ئەم قەسرە پێ کەوە دادەنیشین ! پیرەژنیش لە خۆشییان دەمی لە یەك نەدەدا محمد ماڵئاوایی لە پیرەژن و شێرەی کرد و هاتە ژووری دێوەکە و بەردە ئەستێیەکەشی خستە باخەڵی و بە سواری ماینەکەی خۆی دەرچوو .

بڕۆ تا گەیشتە مێگەڵە مەڕێك لە شوانەی نزیك بۆوەو گوتی : کاکە شوان مەڕێکم پێ نافرۆشی ؟ چەندیش دەڵێی دەتدەمێ بە پارەو زێڕێکی زۆر شوانە مەڕێکی فرۆشتێ محمد پێی وت : سەری مەڕەکەم بۆ بېڕە و بۆمی کەولێ بکە ئەویش چۆنی وت بۆی جێ بەجێ کرد ئینجا محمد پێستە و ورگ و یەك دوو ریخەڵۆکی دەست دایێ و گوتی : ئەو ماینەشم پێشکەش بە تۆبێ جا خواحافیز .

محمد خورشید رۆیشت تا گەیشتە نزیك شارێك پێستەکەی لەبەرخۆی کرد و ورگەکەشی سەرەوژێر بەستو ناوی خوای لێ هێنا و لە دڵی خۆیدا وتی : یەکەم ماڵی پەرگە شوێنی دابەزینم دەبێ رۆیشت تا گەیشتە رەزو باخێکی قەراخ شار لە ناو رەزەکە پیرەمێردێکی بینی و ماندوونەبونی لێکرد و کابراش فەرموی دانیشتنی لێ کرد کەوتنە قسەکردن .. محمد خورشید بە پیرەمێردی وت : میوان رادەگری ؟ پیرەمێردیش بە زەردەخەنەوە گوتی : میوان میوانی خودایە بەخێر بێی سەر هەردوو چاوم .. فەرموو .

پیرەمێردەکە کوڕەکەی بردەوە ماڵی خۆی لە دوای نانخواردنی ئێوارە کوڕەکە بە پیرەمێردی وت : وا دەردەکەوێ لە خۆتو پیرەدای کەسی ترت نیە ؟ پیرەمێردیش گوتی : ئەمەیش کاری خودایە ئەگەر تۆ بە ئێمە رازی بیت ئەوە تۆ کوڕو ئێمەیش دایك و باوکی تۆین کوڕەکە لە خۆشیان دەستیانی ماچکرد و گوتی ئەگەر ئێوە بە من رازی بن ئەوە کارێکم بۆ

دەدۆزنـەوە ئێـوە بـاوك و دایـك و منـیش ئیـشکەری بـاوك و دایکـم پـیرە مێردەکە وتی : ڕۆڵە گیان من ڕەزەوانی ماڵی پاشام کاری تۆ ئەوەبێ .. هەر جارەی نۆرەی قازەوانی ماڵی پاشامان هاتە سەر ئەو ڕۆژە قازەکان بەرە قەراخ ئاوێك تا ئێوارە لەوە زیاتر هیچ کارێك مەکە .. محمد ووتی : زۆرباشـە بـەمجۆرە محمـد بـوە کـوڕی ڕەزەوانـی مـاڵی پاشـا ڕۆژ هـاتو ڕۆژ ڕۆیـی نـۆرەی ڕەوەقـازی مـاڵی پاشـا گەیـشتە ڕەزەوانـی ، محمـد بـە پیرەمێـردی بـاوکی وت : مـن نەشـارەزام ئەگـەر بـە گرانـی نـازانی ڕەوە قازەکەم بۆ بگەیەنە ئێرە ئەویش ڕەوە قازەکەی بۆ هێنـاو کوڕەکەش ڕەوە قازەکەی لە شار بردە دەر تا گەیشتە لێواری گۆمە ئاوێك کوڕە پاشا بوو هیچ کارێکی نەکردبوو ئەو ڕۆژە ئازارێکی زۆری بە قازەکانەوە بینی لە دوا نیوەڕۆدا بەردێکی هاویشتە قازێکیان قاچی شکاند ! بەم کارەی زۆر ناڕەحت بوو لەبەر خۆیەوە دەیوت : ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی ئیشکردنمە و قاچـی قـازێکم شـکاند ! دەبـێ کـارێکی وا بکـەم نـە بـەخۆم نـە پیرەمێـرد شەرمەزار نـەبین چووە لای قازەکە و بە ئارمووشی ڕەنگـاورەنگ کیفێکی توونـدی چـنی و لـە قاچـی قازەکـەی هەڵکێـشاو وەك بڵێـی قازەکە قاچـی نەشـکابێ کـاتێ ئێـوارە داهـات ڕەوە قـازی هێنـایـەوە ئینجـا پیرەمێردەکـە ڕەوە قازەکەی بردەوە لا ماڵی پاشا .

پاشای وولات سێ کچی زۆر جوانی هـەبوو لەوکاتـەی مـەڕوماڵات و پەلـەوەری مـاڵی پاشـا دەهاتنـەوە کـچانی پاشـا لەسـەربانی قەسـرێ تەماشای ئەو دیمەنە جوانانەیان دەکرد قاچە ڕەنگاو ڕەنگەکەی قازەکەی سـەرنجی کـچە بـچکۆلانەکەی پاشـای ڕاکێـشاو لـە دڵـی خۆیـدا وتـی : ئـەوکارەی لـە قاچـی قازەکـە کـراوە کـاری پیـاوێکی ئاقڵـە دەبـێ بـزانم قازەوانی ئەمڕۆ نۆبـەتی کـێ بووە پرسـیار بە پرسـیار وتیـان : ڕەزەوانـی

باوکت بووە کچەکە بەم هەواڵە دوو دڵ بوو !

لەسەر ئەم دوو دڵیە مایەوە تا نۆرەی ماڵی ڕەزەوان هاتەوە لەوکاتەی ڕەوە قاز بردرایە قەراخی گۆمە ئاوەکە کچەی پاشا لەسەر کۆشکی ماڵەوە چاودێری قازەوانەکەی دەکرد .. ئەو ڕۆژە محمد خورشید پێوستی بە مەلەکردن هەبوو چونکە ...!!! بۆیە تەماشای دەوروبەری خۆیکرد هیچ کەسێك دیار نەبوو ئینجا پێستەو ورگەکەی لەسەرخۆی لابرد و خۆی فڕێ دایە ناو ئاوەکە .. کچی پاشا سەری لەم دیمەنە سوڕما ! لە جوانی و بریقەی بەژن و باڵای قازەوان هێندە نەمابوو بێهۆش بێ ! لە دڵی خۆیدا دەیوت : ئەگەر ئەو گەنجە جوان و ڕێکە لە ئاوەکە هاتە دەرو خۆی وشك کردەوە ئینجا جلەکانی لەبەرخۆی بکا ئەوە کوڕە پاشاو لە خانەدانانە ئەگەرنا هیچ هەروەکو کچەکە وتی لە دوای مەلەکردن خۆی وشکردەوە پێستەکەی بەسەرخۆیدا هەڵکێشاو ئاگری عیشق زیاتر کاریکردە سەر کچە بچکۆلانەکەی پاشا

دەمەو ئێوارە ڕەوەقاز بەرەو ماڵ هاتەوە پیرەمێردیش قازەکانی بردەوە بەردەرگای ماڵی پاشا لە دوای نانخواردنی ئێوارە کچە بچووکەکەی پاشا بە خوشکەکانی وت : خوشکینە ئێوە بۆ داوای مێردکردن لە باوتان ناکەن؟ ئەوانیش وتیان : ئێمە وەنەبێ حەز لە مێردکردن نەکەین بەڵام شوورەییە کچ داوای مێردکردن بکا کچە بچووکەکە گوتی : باشە ئەگەر ڕێگاو بۆ دابنێم رازی دەبن ؟

- چۆن ؟!

کچە بچکۆلانەکە کارەکەرێکی نادە لای ڕەزەوان و داوای سێ شووتی کرد .. یەکێ گەیی یەکێ مام ناوەندی ئەوەیتر نەگەییو ! کارەکەرەکە شووتیەکانی هێناو کچەکەش لەسەر سینیەکی داناو پارچە پەڕۆکێکی

بەسەرداداو بۆ دیوەخانی باوکی نارد .. شووتیەکان لە بەردەم پاشا دانراو پاشاش دەستی بە شووتی خواردنکرد .. یەك لە وەزیرەکان بە پاشای وت : ئەم شووتییانە چ دەگەینن ؟ پاشاش وتی : چ دەگەینن شووتییەو هێناویانە بیخۆم بەڵام ئەمەیان نەبێ ئەو دووەیتر بە کەڵکی خواردن نایێن وەزیرەکەش بە بزەوە گوتی : پاشام خۆشبێ ئەم سێ شووتییانە هەر سێ کچە نەشمیلەکانی تۆن و داوای شووکردن دەکەن پاشا بەسەر سوڕماانەوە !

– چۆن ؟!

– هەروەکو عەرزمکردی ئەمەیان کچە گەورەکەیە ئەمەیان ناوەنجیەکەیە ئەمەشیان بچکۆلانەکەیە

– ئەگەر وایە فەرمان بدە چەند جحێڵی شار هەیە لەو گۆڕەپانە کۆببنەوە کچەکانیش هەریەکەو سێ سێویان بدەنە دەست .. هەر جحێڵێکیان بە دڵ بوو سێیوەکانیان لێبدەن و بە زووترین کات لێکیان مارە بکەن و هەر ئەمشەو بە دۆڵ و زوڕنا بگوازرێتەوە !

لەسەر فەرمانی پاشای وڵات گەنجانی شار لە گۆڕەپانەکە کۆبوونەوە کچەکانی پاشاش بە خۆیان و سێوەوە هاتنە سەر بەرزاییەك راوەستان گەنجەکان یەك یەك بە بەردەوم کچەکاندا دەهاتن .. کچی گەورەو ناوەنجی سێوەکانیان لە دوو کوڕە وەزیر گرت و لێك مارەکران کچە بچکۆلانەکەش سێوەکانی هەر لە دەستی خۆیدا بوو پاشا فەرمانیدا ئەگەر جێحێڵێکی تر ماوە ؟ کوڕە وەزیربێ یان گەدا ! بیهێنە ئێرە هەرچەند جاڕچی جاڕیداو هاواریان کرد بێسوود بوو ڕەزوانیش گوتی : وا بزانم کەس نەماوە جگە لە کوڕە هەتیوێکی کەچەڵ ! ئەوە ماوەیەکە کردوومەتە کوڕی خۆم و قازەوانی پێدەکەم .. پاشاش فرمانیدا بێتە گۆڕەپان .

بەهەرجۆرێك کەچەڵیان هێنا هێشتا نەگەیشتبووە بەردەمی کچی پاشا .. کچەکە سێوەکەی تێگرت ! بوو بە هاوار هاوارێك ئیڵلاماشاللا دووری نەخەینەوە کوڕانی وەزیر بە بەزم و شادی بوکیان گواستەوە هەروەکو دەگێڕنەوە حەوت شەو و حەوت رۆژان بوو بە شایی و دۆڵوزوڕنا و سازو سەمتوور و پیکو کەڕنا کوشتیانەوە کەرو گامێش پێ خەنی بوون فەقیر و دەروێش کچ بچکۆلانەکەش بەبێ دەنگی بردرایە کەپری ڕەزوان ! کاتێ شەوداهات زاوا وەك بڵێی ئەم بووکە بۆ ئەو نەهاتبێ ! هەرچەند کچە هەوڵ و تەقەلای لە گەڵدا و پێگوت : لەو رۆژەوە تۆ سەرنجی منت ڕاکێشا کە قاچی قازەکەت شکاند بوو بە ئارمووش کیفکت بۆ چنی بوو هەروەها ئەو ڕۆژەی لە ناو گۆمە ئاوەکە مەلەتکرد هەرچەندە کچەکە وتی .. کوڕەکە نەیبیست ! گوتی نەخێر ئەوە من نەبووم نە قاچی قازم شکاندوەو نە مەلەم کردووە ! وازم لێ بێنە شوێنی سێوەکانت ئازارم دەدەن ! من کوڕە کەچەڵ تۆ کچی پاشا ئەم بەزمە چی بوو بە منت کرد تۆیش وەکو خوشکەکانت کوڕە ماقولێکت هەڵبژاردبوایە .

چەند رۆژێك بەسەر گواستنەوەی کچانی پاشادا تێپەڕی .. پاشا نەخۆش کەوت هەر چەند حەکیم و لوقمانیان هێنایە سەر چارەیان پێنەکرا .. یەکێکیان نەبێ گوتی : ئەم نەخۆشیە بە گۆشتی ئاسکی چیلا چاو رەش نەبێ چارەی نیە ! سەریان هێناو سەریان برد داخۆ چ کەسێك دەتوانێ گۆشتی ئەو ئاسکە بێنێ ؟ قازیی وولات پاشامان خۆشبێ و لە خوا بە زیادبێ دوو کوڕە وەزیر زاواتن بەمانە نەبێ بە هیچ کەسێکی تر ئەم کارە سەرناگرێ ! خەڵکەکەش پێکڕا دەست لەسەر سینگ ئەشهەدوبیڵلایان دەگوت .

بۆ بەیانی هەردوو کوڕە وەزیری زاوا بە سواری و کەرستەی ڕاوەوە لە

شـار وەدەرکـەوتن بـۆ ڕاوی ئاسـکی چـیلا چـاور ڕەش کـوره کەچـەڵیش لەسەرخۆ به کچه پاشای وت : ئەو هەراو بەزمەی بەردەرگای ماڵ باوکت دەبێ چی بێ ؟ کچەکەش گوتی : دەڵێن باوکم نەخۆشه و گۆشتی ئاسکی چیلا چاو ڕەش نـەبێ چارەی نیـه جـا لەبـەر ئـەوه مێـردی خوشـکەکانم دەچنه ڕاوی ئاسکه.. کەچەڵەکەش گوتی : لەمه باشتر هەیه منیش دەڵێم ئەوه دەمێکه سواری وولاخ نەبووم پیره ئەسپێ بارگینێ هەر وولاخ بێ بۆ خۆم دەچمه راوه .

کچه بچکۆلانەکەی پاشاش به نهێنی خۆی گەیانده دایکی و داوای ئەسپێکی لێکرد .. دایکیشی لـه پاشـان تێر جنێوو چەپەڵۆکی کرد بـه ناپەسەندەیی کەچەڵ و شان و بازووی کوڕه وەزیرانـی زاوای هـەڵگوت .. ئینجا فەرمانی دا پیره بارگینێکی بدەنێ ! کچه پیره وولاخـی بۆ کەچەڵی هێنـاو ئـەویش پاشـەوپێش لێـی سـوار بـوو ! منداڵه ووردی نێـو شـار بـه دوای کـەوتن هـەڵیان بـڕی تـا شـاربەدەریان کـرد کەچـەڵه بـه پـیره وولاخ ڕۆیـشت .. دوور لـه شـار پێـستەکەی لەبـەرخۆی داڕنـی و لـه شـوێنێکی شـاردەوه داوه مـووی کلکـی مـاینی بـای لـه بەردەسـتێیەکەی خـشاند .. ماینی با به ڕەختوبەندی جەنگ و ڕاوەوه ئامادەبوو ! سواری پشتی بوو ڕۆیشت تا گەیشته دووڕیانێك بینی پیرەمێردێك دانیشتووه سەلامی کرد و پیرەمێـردیش بـه گەرمـەوه سـەلامەکەی وەرگرتـەوه گـوتی : بـەخێربێی محمد خورشید هەر ئێستا کوڕەکانی وەزیـر تێپـەڕین بـەڵام سـەلامیان لێم نەکرد ! محمدیش وتی : ئەگەر دەزانی نێوم چیه دەزانیش بۆ کوێ دەچم پێویستم به یارمـەتیت هەیـه پیرەمێـرد پێـی وت : وەره دانیـشه پـشووێیك بدەو سەرو ردێنی مامی خۆت هەڵقارچه مەبەستیشیت جێ بەجێ دەبێ ! له پاش ئـەوەی محمد کاری پیرەمێـردی جێ بـەجێ کـرد ئـەویش گـوتی :

بڕۆ فلاَنە دۆڵ کۆمەڵێك ئاسكی لێدەلەوەڕێن .. ئەو ئاسكەی ناوەڕاست تیرێكی باوێ و بلێ دەرمان و شیفای بێتە سەرو پێی خوایاربێ پێكاوە لەسەر قسەی پیرەمێرد محمد خورشید بە لاوك چڕین بەرەو دۆڵەكە ڕۆیشت هەروەكو بۆی دەستنیشان كرا كارەكەی جێ بەجێ بوو ئاسكەكەی كەوركرد و سەروپێیەكەی هاویشتە تەركی خۆی و لاشەكەشی بە تەنیشت ماینەكەی شۆڕ كردەوە ڕۆیشت .. لە ڕێگا توشی كوڕانی وەزیر بوو سەلامی كردو ئەوانیش بەسەرسوڕمانەوە سەلامەكەیان وەرگرتەوە لە دڵی خۆیاندا دەیان گووت : دەبێ كوڕی چ پاشایەك بێ ؟ ئەوەندە جوانە ! كەس لە تەماشاكردنی خۆیی و ماینەكەی تێر نابێ .

محمد وتی : ئەوە چیتان لێ قەوماوە ؟

– خەزورمان پاشای وولاَتەو تووشی نەخۆشیەك بووە بە گۆشتی ئاسكی چیلا چاور ڕەش نەبێ چارەی نیە !

– باشە بە دەستان كەوت ؟

– ناوەڵا ئەوە چەند ڕۆژە دەگەڕێین هیچمان بە هیچ نەكردووە !

– ئەو ماندووبوونەی پێ ناوێ ڕاوشكار كارو پیشەی براتانە .. تەماشا بكەن ئەوە لاشەی ئاسكی چیلا چاو رەشە .

– قوربان بە چەند دەفرۆشی ئێمە كڕیارین .

– هەرزان !

– بە چەند ؟

– یەك بەم ئەنگوستیلەم سمتان داخ بكەم !

كوڕانی وەزیر كەوتنە مینگە مینگ لە پاشان بە یەكتریان وت : خوا دەزانێ خەڵكی چ وولاَتێكە ؟ بۆ ڕازی نەبین ؟ كێ دەڵێ جارەكی دیكەمان چاو پێدەكەوێتەوە لەناكاو وتیان : ئێمە ڕازین محمدیش ئەنگوستیلەكەی

گەرم کردو مۆریانی کرد ! ئینجا ماڵئاواییان لە یەکتر کردو رۆیشتن .

محمد گەیشتەوە شوێنی جلەکانی پێستە ورگەکەی بەسەرخۆیدا هەڵکێشاو بەسەرو پێچکەوە بەرەو ماڵ خزی خەڵکەکەش بە شادی و خۆشی پێشوازی کوڕانی وەزیرو زاوای پاشایان کردو گۆشتەکەیان لیّ وەرگرتن هێندەی پیّ نەچوو چێشتی دەرمان بۆ پاشا ئامادەکرا بەڵام بێسوود ! کەچەڵیش بە کچە پاشای وت : ئەم سەروپێیەم لە شوانان وەدەست کەوتووە بۆ ژەمی ئێوارەمانە کچەکەش دڵخۆش بوو بە گەڕانەوەی کەچەڵەی دەستوبرد سەروپێکەی پاککردەوەو لەسەر ئاگری دانا بۆ ئێوارە هێنایە بەردەم کەچەڵەو ڕەزەوان و خێزانەکەی .. کەچەڵەش بە کچی پاشای وت : حەز دەکەم مەنجەڵێکی بچووك لەم چێشتە بەریە لای دایکت بەڵکو دەرخواردی باوکتی بدا.. دوور نیە ببێتە شفا کچە پاشا نەیدەویست دڵی کەچەڵە بشکێنیّ بە نادڵی مەنجەلێك چێشتی بۆ ماڵی باوکی برد .. بەهەرجۆرێك بوو دایکی ڕازی کرد کە دەرخواردی باوکی بدات .

دووری نەخەینەوە پاشا چێشتەکەی خواردو لەگەڵ هەر فڕێك ئاوی سەروپێیەکە چاکتر دەبوو .. تا کۆتایی بە چێشتەکە هێنا لە دوای ئەوەی پاشا لە نەخۆشیەکەی دەرباز بوو خێزانەکەی پێی وت : دەزانی ئەو چێشتەی پێی چاك بوویتەوە کیّ هێنابووی ؟

– کـــیّ ؟

– کچەکەمان ژنی کەچەڵەکە !

– خۆزگە بمردبامایە ، بەڵام ئەو چێشتەم نەخواردابایە !

ئەمکارەی کوڕە کەچەڵ زیاتر سەرنجی کچە بچکۆڵانەکەی پاشای راکێشاو هەر بەم هۆیەوە کچەکە جارێکی تر بە کەچەڵی وت : لە ملهوڕی

خۆت وازبێەو خۆتم بۆ ئاشکرا بکە چونکە ئەو دیمەنەی من بە چاوی خۆمم بینی و ئەمکارەی دواییت بەڵگەی راستگۆیی منە !

کوڕەکەش قسەکانی دووبارە دەکردەوە و دەیوت : تۆیش وەکو خوشکەکانت کوڕە وەزیرێکت هەڵبژاردبوایە چیت لە من .. تا ئێستاش شوێنی سێوەکانت ئازارم دەدەن !

لە دوای چەند مانگێکی تر پاشا بۆ جاری دووەم نەخۆش کەوت هەروەکو جاری پێشوو چەندان حەکیم و لوقمانیان هێنایە سەری چارەیان پێ نەکرا .. جگە لە یەکێکیان نەبێ وتی : پاشامان بە شیری شێرا لە مەشکە شێرا شێر هەڵیگرن بهاژوا نەبێ .. ئەگینا چارەی نیە !

کوڕانی وەزیر بە هەمان دەستورو بە مەبەستی پەیداکردنی دەرمانی خەزووریان لەشار وەرکەوتن کەچەڵیش هەروەکو پێشوو بە سواری پیرە وولاخی شار بەدەرکرا لە هەمان شوێنی جاران پێست و ورگەکەی لەبەرخۆی کردەوەو داوەمووی کلکی ماینی بروسکی ، لە بەردەستێتی خشاند ماینی بروسك بە کەرەستەی ڕاو ئامادەبوو خۆی هاویشتە خانی زینێ و بە لاوك چڕین رۆیشت تا گەیشتە دووریانەکە .. سەلامی لە پیرەمێرد کردو ئەویش بەخێرهاتنی کرد و داوای ڕدێن هەڵقاچنی لێکرد هەر وەك جاران رێگای بۆ داناو گوتی : برۆ چیای رەش لە ژێر چیاکە بنگەوەرێك هەیە لە بنگەوەرەکە دێلە شێرێك هەیە ماوەی حەوت ساڵە فەرخەی بۆ نامێنێ ئێستا سێ فەرخەی هەیە شێرەکە کوڵکێکی لە ژێر پێی هاتووە لەبەر ئێشوئازاری جێی پێ جێ نیە ! پێیە بە ئازەرەکەی لەسەر ئەو بەردەی ناوەڕاست بنگەوەرەکە داناوە لە تاو ئازار خۆی وەك مەشکە دەهەژێنێ .. بەهەرجۆرێ خۆت بگەینە ئەو دیووی بەردەکە لە ناکاو بە نشتەرێکی تیژ کوڵکەکەی هەڵدڕە لە گەڵ هەڵدڕینی هاوار دەکاو

سێجار دەڵێ : کێ بوو ئەم خراپەی لە گەڵ من کرد تا ئێسقانی ورد بکەم ! تۆ بێ دەنگبە .. کاتێ ئازارەکەی هێور دەبێتەوە هاوار دەکاو دەڵێ : کێ بوو ئەم چاکەی لە گەڵ من کرد ؟ بابخوازێ لە ئەرز و ئاسمان یەکسەر لەبەر دەمی ڕاوەستە و مەبەستەکەتی پێ بڵێ بە نیەتی ئەو چۆڕە شیرەی ناو ورگەکە .

محمد خورشید بە سواری ماینی بروسك گەیشتە شوێنەکە و خۆی لە پەنا بەردەکە حەشارداو هەروەکو پیرەمێردەکە ڕێگای بۆدانا کارەکەی جێ بەجێ کردو لەبەردەمی دێڵە شێرەکە ڕاوەستا و داوای شیری شێرا لە مەشکە شێرا شێر هەڵگرن شێر بهاژوای کرد ! شێرەکەش وتی : خۆزگە حەوت ساڵیادی جەرگم سووتابا نەوەك ئەم داوایە بەڵام چارەم نیە .. بەڵێنە و داومە ! ئینجا پێی وت : بڕۆ ئەم فەرخەم بەرە بەڵام دەنگی نەبیستم سەری ببڕەو پێستەکەی بگروێنە ئینجا وەرەوەلام !

محمدیش بەقسەی شێرەی کردو پێستەی گورواوەکەی بۆ هێنایەوەو لە گەڵ پارچە ورگێك شێرەکەش گوانی خۆی خستە نێو پێستەکەو پڕ شیری کردو گوتی : ئەم دوو فەرخەشم لە گەڵ خۆت بەرە بەڵام دەبێ هەردووکیانم بۆ بگەڕنیتەوە لەسەر ئەم بەڵێنە محمد ڕکێفی لە ماینی بروسك داو بەرەو ئاوایی گەڕایەوە لە ڕێگا کەمێك شیری لەناو وەرگەکە کرد .

لە ڕێگا توشی کوڕانی وەزیر پرسیار بە پرسیار هەروەکو جارانی پێشوو.

– لە دوای چی هەودالن ؟

– خەزورمان نەخۆشە بە شیری شێرا لە مەشکەی شێرا شیر هەڵگرن شێر بهاژوا چاك دەبێتەوە .

– ئاسانە کارو پیشەی من ڕاوشکارە ئەم مەشکەیە نابینن .

- بەڵێ راست دەکەی .. فرۆشیاری ؟
- بەڵێ
- بە چەنی دەڵێی ئێمە رازین .
- بە هەرزان ! هەریەکەو بەم ئەنگوستیلەیە داخو دەکەم لە دوای گەیاندنی شیرەکە دەبێ ئەم دوو شێرە بگەیەنەوە چیای ڕەش .
- لە نێو کوڕانی وەزیر بوو مشت ومڕو دەیانگوت : جاری پێشوو ڕازی بووین چیمان بەسەرهات ؟ نەخێر.
- بەڵێ رازین .

ئەمجارەشیان محمد خورشید سمتی کوڕانی وەزیری داخکرد ماڵئاوایی لێیانکرد بەرەو کەپری ڕەزەوان گەڕایەوە .. لە ڕێگا پێست و ورگەکەی بەسەرخۆی هەڵکێشاو بە چۆڕە شیرەکەی ناو وەرگەکەی گەیشتەوە ماڵ .. بۆ ئێوارە بە دۆڵو زوڕنا پێشوازی کوڕانی وەزیر کراو شیر گەیشت و دەرخواردی پاشا درا بەڵام خراپ تر بوو !

کەچەڵیش بە کچی پاشای وت : ئەم شیرە بکوڵێنە هەروەکو سەروپێیەکە با دایکت دەرخواردی باوکتی بدا ئەمجارەیان کچە زیاتر دڵنیابوو کە باوکی چاك دەبێتەوە و کەچەڵیش ئەو شۆخ و شەنگەیە کە بە چاوی خۆی لەسەر گۆمە ئاوەکە بینیوە بۆیە بە هەڵەداوان لە دەرگای پشتەوە خۆی گەیاندە دایکی و شیرەکەی دایە دەست .. دایکەکەشی بە هەڵەداوان شیرەکەی دەخواردی مێردەکەی داو بە هەر فڕە شیرێك پاشا زیاتر چاوی دەکرایەوە هێندەی نەبرد کەوتە سەر پێ ! بۆ بەیانی خێزانی پاشا بە پاشای گوت : دەزانی ئەو شیرەی پێی ساخ بوویتەوە کێ هێنابووی ؟

- کێ ؟

– کچەکەمان ژنی کەچەڵە .

– خۆزگە بمردمایە نەوەك ئەو شیرەم فڕ بکردابوایە ئەو کچەتیووە سەری شۆڕ کردووم !

هەفتەیەك دوای چاك بوونەوەی پاشا دوو پەییکی سوڵتان گەیشتنە وولاتی پاشا و دەستیان کردە بگرە و بەردەی خەڵکی شارو هەواڵ گەیشتە پاشا سەرەڕای ئەوەش پێشوازی لێکردن و بەڕێزەوە هێنایانە دیوەخان .. لە دوای نانخواردن بە پاشایان وت : ئێمە قاسیدی سوڵتانین بۆ خەرج و پیتاڵی حەوت ساڵ خەرجانە هاتووین ! پاشاش بە سەرسوڕمانەوە گوتی : بەڵێ ڕاستە ماوەی حەوت ساڵە خەرج و پیتاڵی سوڵتانیم نەداوە بەڵام سەرخەرجانە چیە ؟

– سوڵتان زۆرت لێ بە گازەندەیە بۆیە داوای کچێکی خۆتی کردووە !

ئەم هەواڵە دارودەستەو بنەماڵەی پاشای هەژاند کەوتنە مشتومڕ تا لە ئەنجامدا هاتنە سەر ئەو ڕایەی کە خەرج و پیتاڵەکە ئامادەیە و کچە بچکۆلانەکەی پاشاش کە دراوەتە کوڕە کەچەڵ بەسەرخەرجانە بۆ سوڵتان بنێرن ! بۆ بەیانی پاشا بە قاسیدەکانی وت : ئێوە بڕۆن لە دوای سێ ڕۆژی تر خەرجی حەوت ساڵ سەرخەرجانە بۆ سوڵتان ئەنێرین !

کچە بچووکەکەی پاشا هەواڵی سەرخەرجانە و پەیکی سوڵتانی بە کەچەڵە ڕاگەیاند ئەویش دەستی بۆ ڕیشی خۆی بردو گوتی : تا ئێستا هەواڵی وەك ئەم هەواڵە خۆشەم نەبیستووە لەمە خۆشتر هەیە بە ئاسانی لە دەستی تۆ ڕزگاریم بێ ! هەرچەندە کچەکە ڕووی خۆی داماڵاندو هاواری کرد ! کەچەڵ لەم قسەیە زیاتری نەوت !!

لەو کاتەی پەییکی سوڵتان لەشار وەدەرکەوتن کەچەڵیش لە شار وەدەرکەوت و لە شوێنی جاران پێست و وورگەکەی لەبەرخۆی کردەوە و

مووی ماینی بای لە بەردەستێی خشاند! ماین بەکەرستەی جەنگەوە ئامادە بوو  بە رکێفێك بەرایی لە قاسیدانی سوڵتان گرتەوە  ..

– بۆ کوێ دەچن ؟

یەکیانی کوێر کرد و ئەوەی تریشی لاق بڕی و لە پشتی کوێرەکەی کرد و پێیانی وت : بە سوڵتان بڵێن خەرجی حەوتساڵ و کچێکی خۆیم سەرخەرجانە بۆ بنێرێ دەنا وولاتی خاپوور دەکەم کەچەڵەش گەڕایەوە ماڵ و ئەوانیش بەرەو وولاتی سوڵتان کەوتنە ڕێ هەواڵی قاسیدان گەیشتە دیوەخانی سوڵتان سوڵتانیش چەند کەسێکی بەرەو پیری ناردن و هێنایانە دیوەخان و ڕووداوەکەیان بۆ سوڵتان گێڕایەوە  ..

سوڵتان بە خۆی و لەشکری بەرەو شاری پاشا هاتن و گەمارۆیاندا تەپڵی شەڕیان  لێدا  پاشاش قاسیدێکی بۆ ناردن .. ئەوانیش دەمو لێوی قاسیدیان بڕی و بە دیاری بۆ پاشایان ناردەوە ، پاشا وەزیرو پیاو ماقوڵانی خۆی کۆکردەوە گوتی : لە گەڕانەوەی قاسیدی سوڵتان  لە ڕێگا سوارێك شەلوکوێری کردوون و داوای خەرج و پیتاڵی لە سوڵتان کردووە بۆیە ئەوانیش ئەم بەزمەمان پێدەکا و جگە لەبەرنگاری چارەی دیکەمان نیە دەنگی سوپا بدەن و خێوەت و ڕەشەماڵ هەڵدەن و پاڵەوانەکانیش سەری مەیدانیان لێ بگرن  دەوروپشتمان ئاگادار بکەن و داوای یارمەتیان لێ بکەن .

لەشکر بە سەرکردایەتی کوڕانی وەزیرو زاوای پاشا بەرامبەر لەشکری سوڵتان ڕاوەستان و بوو بەشەڕ زۆرانبازێ و ڕم وەشاندن و قلینج قلینجانێ برا هەواڵی برای نەدەزانی ! زاوایانی پاشاش خۆیان لە کۆریتێك پەستوو (دەنگیان هەبوو ڕەنگیان نەبوو لە گەڵ ڕۆژ ئاوابوون کەچەڵ لە ماڵ وەدەرکەوت و مووی ماینی  بروسکی لەبەردە ئەستێ

خشاند و بەرەو مەیدان هات ئەو شەوە وەك بروسك لەشكری سوڵتانی دڕدا تا بەیانی بەتەنیا شەڕیكردو لەشكری سوڵتانی هیلاك كرد پێش ئەوەی ڕۆژ هەڵبێ هاتە بەردەم خێوەتی پاشاو ڕمی خۆی چەقاندو گوتی : ها پاشام بە دڵتە ؟ ئەم قسەیەی كردو بەرەو ماڵ گەڕایەوە ..

پاشا بەم دیمەنە سەری سوڕما دووربەدوور سەیریكرد ڕووناكی سوارەكەی لە نزیك ڕەزەكەی لێوون بوو بۆ ئێوارەی داهاتوو بەمجۆرە كەوتە دڕدانی لەشكری سوڵتان و ناچاریكردن شەڕ بەتاڵ بكەن و بەرەو وولاتی خۆیان بگەڕێنەوە بە هەمان دەستور پێش ڕۆژهەلات هاتە بەردەم خێوەتی پاشاو قسەی دوێنی دووبارە كردەوە .. پاشاش كندرێكی بە قوڵپی بۆ هاویشت بەلام بۆی ڕانەگیرا هەر ئەوەندەی پێكرا دەستە سڕی خۆی لە كندرەكە ببەستێ سوارەكەی لە هەمان شوێنی دوێنی لە پێش چاوی وون بوو !

كوڕە كەچەڵەكە ئەوەندە ماندوو بوو لە گەڵ گەیشتنەوەی كەوت .. كچە پاشاش بە دیمەنی كندڕ و دەستە سڕی باوكی سەری سوڕما بۆیە بە نهێنی دەستەسڕەكەی لە باخەڵی خۆی هەڵگرت بۆ بەیانی هەر كەسێك دەهاتە دیوەخان بە پاڵەونیەتی كوڕانی وەزیریاندا هەڵدەگوت ! پاشاش گوتی : نەخێر ئەو سوارەی لە چەشنی بروسك بوو لەشكری سوڵتانی دڕدەدا نیشانم كردووە .. هەركەسێك ئەو نیشانەی پێوەبێ ئازایەتی و سەركردایەتی بۆ ئەوە ! كاتێ كچەكە گوێ لە جاڕچی بوو بەهەڵەداوان گەیشتە دیوەخانی باوكی و دەسماڵەكەی لە بەردەم باوكی دانا پاشا بە خۆی و دارودەستەی چوونە ماڵی ڕەزەوان و كەچەڵەیان لە خەو هەڵساند و بەوپەڕی ڕێزەوە بەرەو كۆشك و دیوەخانی ماڵی پاشایان هێنا پاشاش پێی وت : تۆ شیاوی تەختی پاشایەتی.. من باوكو تۆیش كوڕ بەڵام

محمد خورشید بە پاشای وت : پاشام خۆشبێ منیش کوڕە پاشام وەکو تۆ بەڵام کاری پاشایەتیم پێخۆش نیە چونکە سەودای ڕاووشکار لە مێشکی داوم !

ڕۆژ هاتو رۆژ ڕۆیی محمد خورشیدو کوڕانی وەزیر هەموو رۆژێك لە ڕاووشکار بوون پاشاش بە خەڵکی شاری وت : هەر کەسێك چیای ڕەش بە محمد نیشان بدا ئێسقانی دەستوتێنم ! چونکە هەر ڕاوچییەك بچێتە ئەو چیایە هاتنەوەی نیە ! ڕۆژێکیان هەر سێ زاوای پاشا لە ڕاوبوون کەروێشکێکیان هەڵساند .. محمد بە کوڕانی وەزیری گوت : نۆرەی ئێوەیە تاژی تێبەردەن ئەوانیش گوتیان : هەتا تۆ هەبی ئێمە ئەو ناماقوڵییە ناکەین؟!

هەرچۆنێك بوو محمد تانجیی خۆی بەرداو ئەوانیش تانجی یان بەردا ! ئەمکارەی کوڕانی وەزیر محمدی پەستکردو بوو بە مشتتومڕیان محمدیش هەردووکیانی پەلبەستکرد و هێنایاننیە بەردەم پاشا و ڕووداوەکەی بۆ گێڕانەوەو گوتی : پاشام هەر ئەم دوو زاوایەت بوون بەدرۆ گۆشتی ئاسکی چیلا چاو رەش و شیری شێر یان بۆ هێنای ! پاشاش بە محمدی گوت : بەڵگەت ؟ محمدیش شوێنی داخەکانی نیشان پاشادا .

محمد خورشیدو خێزانەکەی زیاتر کەوتنە بەر دڵی پاشاو خەڵکی وولات زاواکانی تر کەوتنە پیلان دانان بۆ لەناوبردنی محمد بۆیە رۆژێکیان هەندێك پارەوپولیان دایە منداڵێکی هەتیو بۆ ئەوەی هەواڵی ڕاووشکاری چیای ڕەش بگەێنێتە محمد خورشید هەواڵی چیای ڕەش محمدی بە مەراق خست بۆیە سەر لە ئێوارە نەچووە دیوەخانی خەزووری .. پاشاش خولامێکی بە دوای نارد محمدیش بە مەلوولی هاتە دیوەخان و

پاشا پێی وت : بۆ خەمباری ؟

- وا دیارە تا ئێستا جێگای بڕواییت نیم ؟! ئەگەرنا بۆ هەواڵی ڕاوو شکاری چیای ڕەشم لێ دەشاریەوە ؟

- رۆڵە گیان خوا دەزانێ ئەمەشیان لە خۆشەویستی یە چونکە چیای ڕەش جێگایەکی ناپەسەندەو هەر کەسێك ڕێگای کەوتبێتە ئەو چیایە گەڕانەوەی نەبووە !

- بەڵام من وەك هەموو کەسێك نیم ! پێتخۆش بێ پێت ناخۆش بێ هەر دەچم!

بۆ بەیانی پاشا بە نادڵی چەندان سوارچاکی وەگەڵ محمد خستو پێیانی وت : ئاگاداری بن و پشتی بەرنەدەن محمد بە خۆی و سوارەکان بەرەو چیای ڕەش ڕۆیشتن تا گەیشتە چیاکە لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ تا گەیشتە بنگەوەرێکی کاکی بە کاکی .. بینیان کۆمەڵێك ئاسك دەلەوڕێن لە ناوەڕاستیان ئاسکێکی مل بە قەرێتە دەلەوڕێ محمد هاواری کردو گوتی : نەکەن تیربارانی بکەن ئەوانیش دەوروپشتی ئاسکەکانیان بە ریزەگرت ئاسکی مل بە قەرێتە لە ژێر قاچی ماینی محمد خورشید بۆی دەرچوو محمد کەوتە دوای .. ڕۆیشت تا ئاسکەکە چووە نێو ئەشکەوتێك محمد بە دوایا چووە ژوورەوە بینی کچێکی شۆخو شەنگ لە ژوورەوە دانیشتووە تەشی دەڕێسێ !

- کوا ئەو ئاسکە تازە هاتە ژوورەوە ؟

- فەرموو دانیشە محمد خورشید .

- ئەگەر بزانی ناوم چیە دەزانی مەرامم چیە ؟

- دەزانم بەڵام وەرە دانیشە هەر ئێستا بۆتی دەهێنم .

- نەخێر تا ئاسکەکە نەبینم دڵم ئۆقرە ناگرێ .

– محمد خورشید من ئاسکەکەم ! ئاسك گرتینیش بە خۆڕای نابێ .. دەمێکە بە خۆزگەی ئەمە بووم کە ڕاوچییەك بە دوام بکەوێ بۆ ئێرە تا خۆمی پێشکەش بکەم ! بەڵام کەس نەیتوانیوە ئێستاکەش نەچووە بچێ مەرجێکم هەیە .

– مەرجی چی ؟!

ئەگەر لە یاری سەرترنجانێ شەترەنج بەسەرکەوتی ئەوا بە خۆمو هەموو سامانم بۆ تۆم ئەگەرنا شوێنت نێو ئەم بیرە بێ بنەیە !!

محمدو ئاسکی مل بە قرێتە یاری سەرترجانێیان دامەزراند لە ئەنجامدا محمد خورشید بەزی ! کچە نەشمیلانەکە پەلی محمدی گرتو خستیە نێو بیرەکە !

لەو کاتەی محمد خورشید خرایە ناو بیرەکە ! ئەنگوستیلەی دەستی محمد ڕەشیدی برای بۆر هەڵگەڕا بۆیە چووە لای دایك و باوکی و گوتی : محمد خورشیدی برام لە تەنگانەدایە دەچمە هاریکاری هەرچەندە دایك و باوکی قسەیان لە گەڵا کرد بێ سوود بوو ئینجا محمد ڕەشید سواری ماینی حودودی خۆی بوو بە کەرەستەی جەنگەوە ڕێگای چۆل و بیابانی گرت تا گەیشتە قەسری سپی .

کاتێ لە دەرگای قەسر وەژوور کەوت شێرەکە بەرەوپیری هاتو لە بەردەمی وەرکەوت محمد ڕەشید لە دڵی خۆیدا وتی : هەبێ نەبێ ئەم شێرە شێری براکەمە ! پیرەژنەکە لە حیلی حیلی ماینەکە هات و گوتی : ئەوە بۆ دواکەوتی ؟ ئەی نەتوت لەو سەفەرەی بگەڕێمەوە مارەت دەکەم !

– ئێستاش لەسەر پەیمانی خۆمم بەڵام گەڕانەوەم لە پێشە هێندەم پێ ناچێ و دەگەڕێمەوە ! بەڵام زۆر ماندووم چاوم کەمبینا بووە کلیلی ژوورەکانم نادەیتێ؟

پیرەژنیش کوێر بوو نەیدەزانی کە ئەوە خۆی نیە بەڵکو براکەیتی کلیلەکانی دایێ و ئەویش ژوورەکانی پشکنی. محمد خورشیدی برای چۆنی کرد ئەویش وای کرد سواری ماینی بروسك بوو بۆی دەرچوو هەروەکو دەگێڕنەوە لەگەڵ رکێف لێدانی هەوەڵ خۆی لە بەردەم دیوەخانی پاشای خەزووری برای بینی یەوە.. پاشا بە خۆی و ماڵ و منداڵیەوە بەرەو پیری چوون و گوتی : رۆڵە نەمووت مەچۆرە ڕاوی چیای ڕەش ؟ هاتنەوەت نیە ! پاشاو خەڵکەکەی هەروایان دەزانی کە ئەم سوارە محمد خورشیدە چونکە جمك بوون و لە ڕەنگوروخسار هیچ جیاوازیەکیان نەبوو بەڵام محمد رەشید خۆی ئاشکرا نەکرد هەر ئەوەندەی وت : هێندە ماندووم تارماییەك کەوتۆتە سەرچاوم دەمەوێ دەستم بگرن و بەرەوماڵ بمبەن دەمەوێ ئەمشەو پشوو بدەم ئینجا بەیانی ڕووداوەکەتان بۆ دەگێڕمەوە .

خێزانی محمد خورشید دەستی محمد رەشیدی گرتو بەرەوماڵ چوونەوە شەوێ براژنەکەی هاتە سەر جێگاکەی چونکە بە محمد خورشیدی تێدەگەیشت ئەویش واتە محمد رەشید شیرێکی خستە نێوانیان و لێی نووستن تا بەیانی .. سەر لەبەیانی محمد رەشید لە گەڵ خێزانی براکەی هاتنە دیوەخانی پاشا و نانیان خواردو بە پاشای وت : ئەمڕۆ دەگەڕێمەوە چیای ڕەش و بەزووترین کات دەگەڕێمەوە لاتان !

– باوکەکەم گیانەکەم بەسیەتی خواخوامان بوو بە سەلامەتی بگەڕێیتەوە ئێستاش دەتەوێ دووبارە خەمبارمان بکەیتەوە .

– چار نیە هەر دەبێ بچم .

دووری نەخەینەوە هەروەکو محمد خورشید چەندان سواری لە گەڵ ناردو گەیشتە چیای ڕەش ئاسکی مل بە قەڕیتەی بینی و دڵی بۆ چوو

کەوتــە دوای تــا ئاســکەکە چــووە ئەشــکەوتێك ئــەویش چــووە ژوورەوە براکەی چی بینی ئەویش هەروا .

- کوا محمد خورشیدی برام ؟
- میوانی منە !
- من دەڵێم کوا ؟ هەر ئێستا بە چاوی خۆم نەیبینم ئێسقانت لە توورگە دەکەم!
- هـەر ئێـستا دێتـە ئێـرە .. بـە مـەرجێك ئەگـەر لـە یـاری سـەرترنجانیٚ سەرکەوی .
- من دەڵێم بیبینم نەوەك هەر ئێستا دەتسووتێنم .

کچە نەشمیلانەکەش بە هێمنی دەستی بۆ ناو بیرەکە درێژکردو محمد خورشـیدی هێنایـە دەرەوە ! هـەردوو بـرا پێـك شـادبوون و دەمـو دەسـتی یەکتریان ماچ کردو کچەکەش مارەی لە محمد رشید هات و هەرسێك پیٚ کەوە بەرەوشاری پاشا گەڕانەوە .

لەوکاتـەی هـەردوو بـراو خێزانـی محمـد رەشـید گەیـشتنە دیوەخـانی پاشا خەڵکەکە سەریان سوڕما پاشا و خێزانی محمد خورشید وتیـان : عــەیب نــەبیٚ ئێــوە کامتــان محمــد خورشــیدە ؟! محمــد رەشــیدیش بــە پێکەنینەوە گوتی : ئەمەیان مێردەکەتە بەڵام دوێنی شەو من بووم لەسـەر یەك جێگا خەوتبووین و شیرەکەمان لە نێوان بوو سەربردەی خۆیان بۆ پاشاو خەڵکی وولاٌت گێڕایەوە بەمجۆرە ماوەیـەکیان پێکـەوە بەخۆشـی و شادی بردەسەر تا رۆژێکیان محمد خورشید چووە لای خەزووری و گوتی : ئەگـەر ڕێگـام بـدەی خۆمـو خێزانەکـەم لـە گـەڵ محمـد رەشـیدی بـرام دەگەڕێینـەوە ولاٌتـی خۆمـان چونکە باوکمـان لـە ئێمـە زیـاتر منداڵی نیـەو وولاٌتەکەمان لە پاش باوکم بەبیٚ خاوەن دەمێنێتەوە .

هەرچەندە پاشاو خەڵکی وولات تکایان کردو پاشایەتی وولاتیان دەقەبەرکرد بێ سوود بوو بۆ بەیانی پاشا لە گەڵ بنەماڵەی خۆی و خەڵکی وولات بەوپەڕی ڕێزەوە هەردوو براو خێزانەکانیان بەڕێکردن و داوای ژیانێکی پڕ لە کامەرانی و دۆستایەتیان بۆ دەخواستن .

**ئەمنیش هاتمەوە کاڵەکەم دڕیا و چم پێ نەبڕیا**
**هەزار رەحمەت لە دایك و بابێ گوێ رادێرای**

# کچە گاوان

سەرتان نەیێشێنم سەری دوژمنتان بێشێ ! دەگێڕنەوە دەڵێن پاشایەك هەبوو – پادشا هەر خودا بوو – ئەو پاشایە کوڕێکی نێو ئەحمەدی هەبوو کوڕەکەش جگە لە ڕاووشکار هیچی تری نەدەکرد گوایە ڕۆژێکیان کوڕە پاشا بە تەنیا دەچێتە ڕاو .. پێش نوێژی نیوەڕۆ دەگاتە گاڕانی گوندی .. بانگی کچە گاوان دەکات و داوای چۆڕە ئاوێکی لێدەکات کچە گاوانیش پێی دەڵێ : ئەو ئاوەی پێم ماوە ئەگەر دەستنوێژەکەی پێ بشۆرێ ؟! چاوەڕوانکە تا دەستنوێژەکەم هەڵدەگرم ! ئەگەر مایەوە ئەوە تینوەتی خۆتی پێ بشکێنە !

- کچەتیم تۆ نازانی من کێم ؟
- بەڵێ پاشا چۆن ؟ تۆ ئەحمەدی پاشا نیت ؟
- ئەگەر وا دەزانیت چۆن ئەو قسەیەت کرد ؟!
- پاشا فەرمانی خودا لە پێش فەرمانی تۆیە .

کاتێ ئەحمەد پاشا ئەو قسەی بیست زۆر قینی هەڵسا .. بەرەو ماڵ گەڕایەوە ئەو شەوە بە بیرکردنەوەی کچە گاوان ڕۆنکردەوە ! بۆ سپێدە هاتە دیوەخانی باوکی و لە نزیکەوە بە باوکی وت : باوە ئارەزووی ژن هێنان دەکەم!

- هەر تۆو ژن ؟!

لە گەڵ نوێژی نیوەڕۆ ئەحمەد جاڕچی دەنگیداو بە خەڵکەکەی ڕاگەیاند کە ئەحمەدی پاشا ئارەزووی ژنهێنان دەکا جا پێوستە وولات هەموویان لە مەیدانەکە ئامادەبن .

لە گەڵ دەنگدانەوەی ئەو هەواڵە هەر کەسە کچ و ژنی خۆی بەرەو

مەیدانەکـە هێنـاو کـوڕە پاشـاش لەسـەرەخۆ بـەرەو لایـان هـاتو سـێوە لاسوورەێکی بەدەستەوە گرتبوو ئەگەر یەکێکیانی بە دڵ بێ سێوەکەی تێ بگرێ !

هەرچەندە ئەحمەد پاشا هاتوچۆی لە ناویان کرد هیچی نەکەوتە بەر دڵ ! بۆیە باوکی ئەحمەد بە جاڕچی وت : دووبارە جاڕبدە ئەگەر کچێ تر لە نێو ماڵان هەیە بگاتە بەردەمی ئەحمەد پاشا .

جگە لە کچی گاوان کەسی تر نەمابوو بۆیە جاڕچی بە ڕاکێشان بەرەو مەیدانەکەی هێنا .. هەر چەند کچەکە هاواری دەکرد و دەیوت : من کچە گاوان ئەو کوڕە پاشا بۆ ئابڕووم دەبەن .

کاتێ کچە گاوان گەیشتە مەیدانەکە هێشتا سەری بڵند نەکرد بوو کوڕە پاشا سێوەکەی تێگرت لەوکاتەدا .. بوو بە بەزم هەڵپەڕکێ و کچانی شارەکەش پڕ بە دڵ بە خۆزگەی بەختی کچە گاوان بوون بەڵام کچە گاوان لەوە دڵنیابوو کە ئەو داخوازییەی بۆ تۆڵەکردنەوەیە ! بۆیە لە فرمێسك ڕشتن هیچی تری بە دەست نەبوو .

لە دوای شایی و هەڵپەڕکێ .. کچە گاوان بە بووکایەتی گەیشتە نێو کۆشـك و تـەلاری پاشـای وولات زاوا بـە خـۆیی و دەسـکێ شـوورەدار هـەنارەوە چـوە ژووری خـۆی و بـووکی هـەژاریش بـۆ ڕێزلێنـان لەبـەری هەڵسایەوە .. بەڵام ئەحمەدی لە خۆبایی تا شلوکووت بوو بە شووڕەدار هەنارەکە کەوتە وێزەی کچە گاوان ! بێ ئەوەی ڕێزی ئەو شەوە پیرۆزە بگرێ !

بەمجۆرە کوڕە پاشا چەندان شەو بە لێدانی کچە گاوانی بەسەربرد ! شەوێکیان کچە گاوانی وریا بیری لەوە دەکردەوە چۆن خۆی لەو خۆبایی بووە ڕزگار بکا ؟ کاتێ زاوا لێی وەژوور کەوت ئەویش پێی وت : زۆر مخابنە ئەوکارە بە من دەکەی ! ئەگەر دەتەوێ بەمکارەت تۆڵەی چۆڕە

ئاوەکە بکەیتەوە ئەمە راست نیە ؟! چونکە تۆ پاشاو من کچە گاوان ، من ئافرەتو تۆ پیاو .. تۆ هەمیشە دەروەستم دێی بەڵام ئەگەر تۆ پیاوی و کوڕی پیاوانی و خۆت بە پاشای وولات دەزانی ! ئەو ملعندییەی لە گەڵ من دەکەی،لە گەڵ کچی پاشای چینی بکە .

ئەحمەد پاشا بە قسەکانی کچە گاوان مەست بوو .. شووڕە دارەکانی لە دەست کەوتە خوارەوە و بە توڕەی لە ژوورەکە وەدەرکەوت و بەرەو دیوەخانی باوکی رۆیشت

- بابە گیان ئارەزووی ژنهێنان دەکەم !
- رۆڵە من هەردەم بە خۆزگەی دڵخۆشیی تۆم بەڵام هێشتا مانگێك بەسەر ژنهێنانتدا تێپەڕ نەبووە !
- دەڵێم ژنم دەوێ !
- چۆنی دەڵێی وابکە ! هەر ئستا کچانی شار کۆدەکەینەوە .
- نەخێر بابە گیان ئەو کچەی گەرەکمە کچی پاشای چینە .
- ئێمە لە کوێ کچی پاشای چین لە کوێ ؟
- بەو خودایەی دەیپەرستین سەری خۆمی لەسەر دابنێم دەچمە خوازبێنی !

بۆ ئەو مەبەستە باوکی پێنجسەد سوارو گەلێ خزمەتکارو کارەکەری وەگەڵ ئەحمەدی کوڕیدا، بەڵام بە سەرکردەکەی وت : لەهەر قۆناغێك سەد سواران بگەڕێنەوە بەڵکو دڵی نەرم دەبێ و دەگەڕێتەوە .

کاروانی خوزابێنی بەرەو وڵاتی چین کەوتە ڕێ هەروەکو باوکی وتی سەرکردەکە وایکرد بەڵام ئەحمەد پاشا لە ملهوڕی خۆی نەهاتە خوار .. بە تەنیا کەوتە ڕێگا شار بە شار.. وڵات بە وڵات تا گەیشتە وڵاتی چین پەشمێکی بەسەر ولاخەکەیدا کێشا ولاخەکەش رۆیشت تا گەیشتە بەردەگای ماڵە پیرەژنەکی هەژار ئەو شەوە لە ماڵە پیرەژنی بەسەربرد لە دوای بەخێرهاتن و نانخواردن ئەحمەد پاشا دەمی پیرەژنی چەورکرد

ئینجا گرێی دڵی خۆی بۆ کردەوە :

– داپیرەت بە قوربان بێ ئەوە کارێکی هێندە گران نیە بۆ مامانی کچی پاشای هێندەی خەم پێ ناوێ هەر بەیانی زوو کارێکی وا دەکەم بە ئامانجی خۆت بگەی بەڵام هەروەك وتم کچی پاشا مێرد بەو کوڕە پاشایە دەکا کە لەیاری سەرترنجانێی سەرکەوێ .. ئەگەرنا لەسەری خوازبێنی دەدا !

بۆ ئەو مەبەستەش هەروەکو باوە کورسییێکی پێچکە زێڕی لە باخچەیماڵەوەی داناوە لەوکاتەی خوازبێن دەگاتە سەر کورسیەکە زەنگێکی خۆش ئاواز لێ دەدا ! ئەویش بەمە دەزانێ خوازبێنی هاتووە ، ئینجا بەجلوبەرگێکی جوان بۆ لات دێ . .

– پیرەدایێ هەر ئەو مەرجەیە ؟

– بەڵێ پیرێت لەسەر سووڕێ .

بۆ بەیانی پیرەژن وئەحمەد پاشا بەرەو ماڵی پاشای چین ڕۆیشتن.. لە دەرگای باخچەوە چوونە ژوورەوە ئەحمەد لەسەر کورسی خوازبێنی دانیشت وزەنگی خۆش ئاواز لێیدا .. کچەکە لە گەڵ بیستنی دەنگی زەنگەکە دەستیکردە ڕازاندنەوەی خۆی لەگەڵ چەند کارەکەرێکی خۆی بەرەو کورسی پێچکە زێڕ خزی .

– کوڕەلاو بەخێرهاتی .. سەرچاوم

هێشتا کچە پاشا بەخێرهاتنی ئەحمەدی نەکردبوو پاشا لە جوانی کچەکە بێهۆش بوو ! لە دوای بەخێرهاتن و چاکوخۆشی دەستیان کردە یاری سەرترنجانێ یاری چی ؟ ئەحمەد پاشا لەبەر تەماشاکردنی کچی پاشاو لارو لەنجەی بەنازی کچەکە ئاگای لە یاریەکە نەما ! بۆیە لە ئەنجامدا یاری یەکەی دۆڕاند !

ئینجا کچی پاشا بانگی میری سەربڕی کرد و پێی گوتن : ئەمەیش بەرن ! لە دوای کوشتنی سەرەکەییم بۆ بێنن تاکو لە ڕیزی ئەوانی تر دابنێم !

ئەبێن لەو شارە کابرایەکی دەوڵەمەند هەبوو ئەویش لەوکاتەی ئەحمەدی بە خەمناکو مەلوولی لە دەست سەربڕەکان بینی بەزەیی پێداهاتەوە ..

- کاکی سەربڕ ئەو دیلە نافرۆشن ؟
- چۆنی بیفرۆشین کچی پاشا سەرەکەی دەوێت !
- کاکە گیان ئێوە هەژارن بە چ نرخێکی دەدەن ئەو نرخەتان دەدەمێ !
- ئەی کچی پاشا !
- ئێوە سەربڕو شووکردنی کچی پاشا بەمجۆرەبێ تا ئێوارە سەدان سەری ترتان وەدەست دەکەوێ !
- لە سەر قسەی تۆ دەیفرۆشین .

لە پاش ئەوەی کابرای دەوڵەمەند ئەحمەدی لە میری سەبڕ کڕییەوە ئەحمەد زۆر مەمنوونی بوو بەڵێنی چاکەدانەوەی دایێ .

- کوڕم بە ئومێدی چاکەدانەوەم نەکڕیوی بەڵکو بۆ کارکردنی نێوماڵی خۆم .
- هەرچۆنی دەڵێی وا دەکەم !
- کاری تۆ هەر لە ئێستاوە ئەو جۆگا پیسەی بەررەزو باخەکەمە .
- زۆرباشە لە مردن باشترە !

* ماوەیەك بەسەر ڕۆیشتنی ئەحمەد پاشا ڕابردو بێ ئەوەی هەواڵی بزانرێ باوکیشی جگە لەو کوڕە چی تری نەبوو .. خەڵکەکەش ماتەمینی نەهاتنەوەی ئەحمەدیان بوو نەگاڕان ڕادەدراو نەجوتیار جۆتی

دادەبەست.

کچە گاوان لە پیلانەکەی خەمگین بوو.. بیری لە دۆزینەوەی کوڕی پاشا دەکردەوە شەویکیان لە کاتی مالْ نووستنان بەجلوبەرگێکی پیاوانەوە لە شار وەدەرکەوت.. شار بە شار وولات بە وولات تا گەیشتە وولاتی چین ئەویش پەشمێکی بەسەر ولاخەکەیدا کێشا وولاخەکەی ئەویش لە بەردەگای هەمان پیرەژن راوەست !!

– داپیرە من نابەڵەدم و بە ئارەزووی خوازبێنی کچی پاشاتان هاتووم دەبیْ چارەیەکم بکەیت .

– بەسەرچاو چەن مانگێك لەمەوبەر کوڕە جوانێکی وەك تۆ هاتە لام بەڵام چاوی داپیرەی کوێربیْ لە یاری کچی پاشا دۆڕاندی

– لەسەریاندا ؟

– نەخێر بەختێکی باشی هەبوو لە ڕێگادا کابرایەکی دەوڵەمەند لە میری سەربڕی کڕیەوە .

ماڵەکەیان پیْ دەزانی ؟

– بەڵیْ رۆڵە گیان بۆ ناسیاوتە ؟

– نەخێر ، نەخێر هەروا دەڵێم .

بۆ بەیانی پیرەژن و کچە گاوان خۆگۆڕ بۆ خوازبێنی بەرەو ماڵی پاشا کەوتنە ڕیْ بە هەمان دەستوور کچی پاشا ڕازایەوەو هاتە لای خوازبێنی بۆ یاریکردن بەڵام جوانی و لارو لەنجەی کچە پاشا چ کارێکی نەکرد ! چونکە کچ هەرچەندە نازداربیْ .. کار لە دڵی کچێکی تر ناکا ! بەڵام کچی پاشا ئەو نهێنی یە چۆن بزانیْ کە ئەوەی بەرامبەریەتی وەك ئەو کچە !

دەستکرا بە یاریکردن لە یەکەم جاردا کچی پاشا بەزی ! هەڵسایەوە سەرپیْ و چووە ژووری خۆی و دووبارە خۆی ڕازاندەوەو بۆنێکی یەکجار

خۆشی بەسەر خۆیدا کرد بەڵام بێسودە لە ئەنجامدا کچی پاشا بەزی !

کاتێ هەواڵی بەزین گەیشتە پاشای چین سەرسوڕمان دایگرت بۆیە ویستی ئەو خوازبێنە تاقی بکاتەوە ئایا کوڕە یان کچە ؟! بۆ ئەو مەبەستە بانگی کارەکەرێکی کردو پێیگوت : دەمەوێ بچیتە ناو باخچان تەلیسێك خونچە گوڵ بڕنەو بێ ئەوەی میوان بزانێ لە ژێر پێخەفی میوانەکەمان رابخە بۆ بەیانی ئەگەر خونچە گوڵەکان پووچ ببوون ئەوا داخوازەکە کچە ! ئەگەرنا بە مەرج و پەیمان مێردی کچەکەمە !

خوزابێن بانگکرایە دیوەخانی پاشا لە پاش قسەکردن و قاوە خواردنەوە .. خوزابێن داوای لە پاشای چین کرد کە ڕێگای بدات بچێتە نێو بازاڕی ووڵات

- تۆ ماندووی بازاری چی ؟ ئەو بازاڕەی نهۆمی ژێرەوە بێ وێنەیە لە دواییدا سەردانێکی بکە .
- گەورەم پیاوێکی خۆم لە گەڵدایە ئێستا لە بازار چاوەڕوانیم دەکا .
- باشە چۆنی پێت خۆشە .

کچە گاوان لە ماڵی پاشا وە دەردەکەوێ پرسیار بە پرسیار تا دەگاتە ماڵی کابرای دەوڵەمەند .

- خاڵۆ ئەو خزمەتکارەت نافرۆشی ؟
- نەخێر .
- خاڵۆ من کابرایەکی نابەڵەدم و ئاشناییم لە گەڵ خەڵکی ئەم شارەدا نیە ئەگەر ئەو پیاوەتییەم لە گەڵا بکەی زۆر مەمنون دەبم .
- لەبەرئەوەی خەڵکی ئەم شارە نیت.. دەیفرۆشم !

کچە گاوان مێردی خۆی لە کابرای دەوڵەمەند کڕیەوە بەرەو بازاڕ ڕۆیشتن کۆڵان بە کۆڵان تا گەیشتنە بەردەم گەرماوێك .. کچە گاوان بە

ئەحمەدی وت : بڕۆ دەستێك جلوبەرگ بۆ خۆت بکڕە چونکە ئەمشەوە کچی پاشای چین لەخۆم مارە دەکەم هەروەك دەگێڕنەوە لە پاش ئەوەی ئەحمەد جلو بەرگەکەی کڕی و بەسەرخۆیدا هەڵکێشا گەڕانەوە ماڵی کچی شا بەڵام خوازبێن کڵاوە پیسەکەی ئەحمەدی شاردەوە

خوازبێن چووە دیوەخانی باوکی کچەکەو ئەحمەدیش لە گەڵ پاسەوانەکان لە بەردەرگا راوەستا لە دوای نانخواردن و پشوودان پاشای چین ڕوویکردە خوازبێن و گوتی : ڕۆڵە من پاشای ئەم وڵاتەم جگە لەم کچە هیچ منداڵێکی ترم نیە تۆیش لە مەرجی کچەکەم سەرکەوتی و ئێستاکە بوو بە حەلاڵی تۆ .. ئەگەر حەز بە ژیانی وڵاتی من دەکەی ئەوە تۆ لە جێگام دانیشە ! تۆ کوڕو من باوك لە دیدەنی کچەکەشم بێ ئومێد نابم ئەگەر بەمەیش ڕازی نیت ئەوە خۆت سەرپشکی.

- جەنابی پاشا منیش پاشای وڵاتێکم دایك و باوکیشم وەك تۆ بە ئومێدی دیدەنی من و خێزانمن جا ئەگەر دڵگیر نەبیت بەیانی بە خۆمو خێزان و خزمەتکارەکەمەوە دەگەڕێمەوە وڵاتی خۆم .

- چۆنت پێ خۆشە باوابێ .

لە کاتی نوستناندا خوازبێن لە گەڵ نۆبەدارەکەی بەرەو ژووری خۆوتن چوون .. کچە گاوان هێندە وریا بوو وەك بڵێی خوا لە پیلانەکەی ئاگادار کردبۆوە بۆیە بە ئەحمەدی وت : وەرە لەسەر جێگای من بخەوە !

- گەورەم من شیاوی ئەم پێخەفە نیم چۆن دەبێ ؟

- من دەڵێم لە شوێنی من بخەوە .

- بەڵێ گەورەم .

بەوجۆرە کچە گاوان لە سەر شوێنی نۆبەدارەکەی نووست چونکە

شارەزایی بەوە هەبوو ئەگەر کچ لەسەر خونچە گوڵ بخەوێ گوڵەکان سیس دەبن بەڵام خونچە گوڵ بە پیاوان زیاتر گەشدەبێ تا رۆژ شەبەقی دا ئینجا هاتە دیوەخان بۆ ئەوەی سوپاسی مامەی بکاو ڕێگای ڕۆیشتنی بدا .. پاشای چین خۆی گەیاندە کارەکەرەکەی نێوماڵیان بۆ ئەوەی هەواڵی پیلانەکەی بزانێ .

– پاشام خۆشبێ خونجە لە دوێنی ئێوارێ گەشترن !

هەرچەندە پیلانەکەش سەرنەکەوت بەڵام پاشا لەوە دوو دڵ بوو کە خوازبێن پیاوە ! بەڵام ناچارە سەرتان نەێشێ بڕێ سوارو وولاخی بە باروبەرگە وەگەڵ کچەکەیدا ئینجا کاروان بەڕێکەوت لە پاش چەند قۆناغێك ڕۆیشتن .. کچە گاوان فەرمانی گەڕانەوەی سوارەکانیدا .

کاتێ سوارەکان گەڕانەوە بووکو زاواو ئەحمەدی خزمەتکار لە بیابانێکی بێئاو.. خستیان لە نیوە شەودا کچە گاوان لە خەو هەڵساو جەڕەودێمکە ئاوەکانی ڕشت ! جگە لە جەڕە ئاوێکی بچووك ! ئەویش بۆ دەستنوێژ شووشتنی خۆی لەبەرە بەیانیان ئەحمەد بە دوای ئاودا دەگەڕا زاوا لێی خوڕی :

– بۆچی دەگەرێی ؟
– قوربان بۆ ئاو !
– ئاو نیە .
– بەڵێ باشە .

زاوا بۆ نوێژی هەڵساو دەستیکردە جەڕە ئاوەکەو ئەحمەدیش هێندەی نەمابوو لە تینوا بخنکێ بەڵام چارچیە ؟ دەستنوێژی هەڵگرت و چۆڕەی لە ئاوەکە هێنا کاتێ ئەحمەد بە نەمانی ئاوەکەی زانی بێ یەکو دوو خۆی فڕێدایە سەر دەسشۆری زاواو بەسەر دەمی خۆی وەکرد ! بێ ئەوەی گوێ

بە پیسی ئاوەکە بدات چونکە زۆر تینو بوو !

لە دوای نانخواردن زاوا ڕوویکردە کچی پاشای چین و گوتی : لەم شوێنەوە لە یەکتر جیا دەبینەوە چونکە کارم لە گەڵ تۆ نەما تۆو ئەحمەد بە یەکتر شادبن

– گەورەم چۆن ئەو قسەیە دەکەی ؟

– ئەحمەد ئامانجی من ئەوە بوو ئەو کوڕە جحیلانە لە دەست ئەم کچە ڕزگار بکەم و هیچی تر .

– خوا حافیز .

هەروەك دەڵێن کچە گاوان ڕکێفی توند کرد تا گەیشتەوە وولاتی خۆی ئەوەندەی پێ نەچوو ئەحمەد و کچەکەش گەیشتنەوە وولات .. بە گەیشتنی ئەحمەدو خێزانی شادی وکامەرانی کەوتە شار .. ئەحمەدی لە خۆبایی وای لە خەڵکەکە گەیاند گوایە بە تواناو زرنگی خۆی گەیشتە ئامانجەکەی ! سەر لە ئێوارە هەروەکو جاران کوڕە پاشا دەستی دایە شووڕەدار هەنارێك و بەرەو ژووری کچە گاوان ڕۆیشت لێی وەژوور کەوت .. وەك جاران دەستیکردە دارکاریکردنی .. کچە گاوانیش لەسەرخۆ کڵاوە پیسەکەی ئەحمەدی فڕێدایە بەردەمی ! لەوکاتەی ئەحمەد چاوی بە کڵاوەکەی کەوت .. پەنجەی پەشیمانی گەزی و خۆی هاویشتە سەر دەستی کچە گاوان و گوتی : من کردم تۆ نەیکەی.

**دەسکێك گوڵ و دەسکێك نێرگز**

**مەرگی ئەو خوێندەوارانە نەبینم هەرگیز**

# بوارۆ سمۆ

دەگێڕنـەوە لـە ناوچـەی ئـەلقوش و خـەتاریێ ، پیـاوێکی زووگـورتی تەمەن لە دەوروبەری پەنجا ساڵیدا هەبووە بە نێو سمۆ کوڕی کۆچەکی میرزۆ ئەم پیاوە بە خۆی وسێسەد سواری یەزیدییەوە لەو ناوچەیە دەسووڕایەوە .. ڕۆژێکیان سمۆ بەرو مەقلوب ڕۆیشت لەوێوە بۆ باشووکیێ بە مەبەستی ئاودانو پشوودانی وولاخەکانیان هاتنە سەرئاو .. لەوکاتەدا سمۆ چاوی بە کچە نەشمیلانەیەکی گومگومە لەسەرشانی یەکجار جوان کەوت .. سمۆ بەبینینی ئەو شۆخە دڵی کەوتە لەرزین و خۆی پیێ ڕانەگیراو لە کچەکە نزیك بۆوە

- کچە جوان ناوت چیە ؟
- بوارۆ .
- کچی کێی ؟
- سمۆ !
- منیش نێوم سمۆیە

بوارۆ لە گەڵ دەستە خوشکەکانی بەرەوماڵ گەڕانەوە .. سمۆیش لە گەڵ سوارەکانی بە دوایدا هاتن تا گەیشتنە بەر دەرگای ماڵیان بینی پیرەمێردێك خۆی داوەتە بەر گەرمای ڕۆژ لە دوای ماندوونەبونی کردنو چاکوخۆشی ..

- پیرەمێرد ئەم کچە کچی تۆیە ؟
- بەڵیێ .
- ناوی چیە ؟
- بوارۆ ؟.

- بیده به من !
- ژن خواستن وادەبێ ؟!
- من سمۆی کوڕی کۆچەکی میرزۆی یەزیدیمە .
- پێشکەشت بێ !

هەر بە زوویی بە دەستووری خۆیان بوارۆی بیست ساڵیان لە سمۆ مارەکردو سمۆیش کیسەیەك زێڕی فڕێدایە بەردەم باوکی بوارۆ .. ئینجا بووکی لە گەڵ خۆیدا هێنا .. کاتێ گەیشتنەوە ئەلقوش و خەتاران بوارۆ هاتە نێو کۆشکی ماڵی کۆچەکی میرزۆ چەندان کارەکەرو کەنیزەی بۆ ڕاگرت ! بوار هێندە جوان و دڵبەربوو سمۆ لەو ترسەدا لێی بە دوور نەدەکەوت !

هەموو ساڵێك لە سەرەتای مانگی نیساندا لە جەژنی خۆیاندا سمۆ بە ماڵەوە بەرەو شێخ ئادی و محمد رەشاد دەرۆیشت .. هەواری لەو ناوچەیە هەڵدەدا .. هەر بەم بۆنەیەوە سەرۆك هۆزانی یەزیدی و حسێنیانی بانگ دەکرد بۆ بەشداری کردنیان لە ئاهەنگی ساڵانەیاندا .

یەکێك لەو بانگکراوانە تەمر پاشای باوکی عەدلە خان بوو ، ئەوانیش تازەبوو دەروێش عەبدی یان فەوتاندبوو کەمێك نەساخ بوو بۆیە ئەحمەدی سەعدون بەگ لاوی گەرگەریان سەرۆکی عەشیرەتی گەرگەریان ، کە دەکاتە خوارزای تەمر پاشا ، لە جیاتی خۆی ناردیە ئەو ئاهەنگەکەو پێی وت : هێشتا خوێنی دەروێش عەبدی وشك نەبۆتەوە نامەوێ شەوت بەسەردابێ نەوك لە تۆڵەی دەرویش عەبدی بتفۆتێنن !

- باشە خاڵ کێ لە گەڵ خۆمدا بەرم ؟
- سالحی قاوەچی بە خۆی و کەرستەوە نەوەك ئەوان نەزانن قاوە ساز بکەن !

ئەحمەدی سەعدون بەگ و سالحی قاوەچی بەرەو مەزاری شێخ ئادی کەوتنە ڕێ .. لە دوورەوە چاویان بەو حەشاماتە کاکی بە کاکییە کەوت ئەو ناوچەی ڕازاندبۆوەو دەنگی دۆڵو زووڕناش گوێی زەمینی دەهاژاند ! پێش گەیشتنیان ئەحمەد دووربینی خستە بەرچاو .. بینی بە ژنو باڵانە نەمامێکی درێژو ناسکی یەکجار جوان سەرتاپا زێڕ لە نێو شایدا دەهەژێ ! ئاگری لە جەرگ بەردا ! لە گەڵ گەیشتنی ئەحمەد گەرگەری سمۆ پێشوازی کردو بەرەو ڕەشماڵی برد :

- چ خێرە خاڵ تەمر پاشا تەشریفی نەهێنا ؟
- وەللا میرێ گران خاڵ نەخۆشەو توانای هاتنی نەبوو منی لە جێگای سەرۆکی عەشیرەتی میللی و گەرگەر یان ناردووە و ڕێزی بۆت هەیە .
- بەخێر بێت .

پاش پشوودان و قاوە خواردنەوە سمۆ بە ئەحمەدی مێوانی وت : فەرموو بچینە داوەتێ کاتێ ئەحمەد و سمۆ هاتنە داوەتو بوارۆیش هاتە نێوانیان و پەنجەی کەوتە نێو دەستی ئەحمەدی سەعدون بەگی .. بێ شەرمانە وتی :

ناچمە دێرانە ئەلقوش و خەتارێ سمۆی ئاگر کەتێ ل من ب حەلانە .
کراسەك ل بەر بەژنێ بوارۆی کیژێ سمۆ دایە مەلەسە ساف کتانە حەفت ڕەنگە بێ دورمانە .
ڕەبی خودێ خرا بکا ماڵێ بابێ من ئەو سالە سەرێ حەفت سالانە هاتوو ئەمن نەدا ئەحمەدی سەعدون بەگ لاوی گەرگەریانە .
هاتوو مندا کوڕێ کۆچەکێ میرزۆ باب غەشیمە داك نەزانە .
ئەمن چەند وەختە هاتیمە سەر دینێ حسێنیە ڕاستە بوویمە بوسلمانە .
دەبمە خولامی سەروسوارێ ئەحمەد بەگ لە قۆناغی خۆ عەگیدە ئاغەکی

گەله گرانه .
هەی لێ بوارێ هەی لێ بوارێ بەژن بلندێ چاو بەلەکێ کۆڤ لاری .
خودێش خرای بکردایێ مالێ سمۆیی کورێ کۆچەکی میرزۆ شیخی یەزیدیان ل دەشتێ ئەلقوش و سەرێ هەردوو خەتارێ .
گرانه کەسەرێ بوارێ سمۆ ، گرانترە ل مەقلووبی شێخان ل باعەدلێ ناوەللا بابە گرانترە ل چیایێ وی ژەنگارێ .
چ جاران ڕانەبرێ بەژنی بوارێ بابان وێران ل بەر تۆقان و تەلەسمان ، سنیان و سەدەفان ، زێدەبارێ ئەوان مۆریان و گوارێ .
کورۆ ئەحمەدۆ ما تو نزانی خۆشترە ماچێ بوارێ ، حەلاوە میسل ، تەمرێ بەغدا ، گۆشتێ بەرخێ ، کشمیشێ دهۆك ، مێوژێ ئەتروشێ .
شیرنترە ماچێ بوارێ ل گەزۆی سەردی سبیانان بتەنێ ل سەر دارێ .
ناچمە دێرانە ئەلقوش و خەتارێ سمۆی ئاگر کەتێ بوار دبێ وا ب رەزۆ .
چ جاران هەلناستی بەژنێ بوارێ سمۆ ل بەر تۆقان و تەلەسمان ، زێدەبارێ ئەوان مۆریان و مەرجان و دپیرۆزۆ .
کورۆ ئەحمەدی سەعدۆ دابەزە ل خانیێ زینی ب دلێ خۆم تە حوباندی ب چاوێ خۆم من ل تە کردیە حەزۆ .
وەرە مەترسێ ل پێش سێسەد سوارێ یەزیدیان و حوسێنیان ل نیوەکە داوەتێ ئەمن و تە ب ویە سبیانێ ل سەرێ شێخ ئادی و محەمەد رەشاد تێکەر بکەین قەیماغ و گەزۆ .
دەوەیلی بوارێ وەیلی بوارێ شل و ملێ چاو بەلەکێ کۆڤ لارێ .
خودێش خرای بکردایێ مالێ هەرچار نەمیم و نەمامی ل خەتارێ ل من دەبوونە سەریێ هەموو سەبەبکارێ .
نەیاندەهێشت دابنیشین لەگەر ئەحمەدی سەعدۆ لاوی گەرگەریان ل

سەرێ شێخ ئادی و محەمەد رەشاد جۆتەکە راموسانێ بدەمێ ب دزی ل مابینێ هەردوو مەزارێ خۆشترە ماچێ بوارێ حەلاوە میسل ، تەمری بەغدا ، نانێ کەنم ، گۆشتێ بەرخێ ، تری یێ باکورمان ، هەنگینی باشقەلان ، پەنیری ل زۆزان ، بۆنێ دوومەلان ، خۆشترە شیرنترە خورمای بێ ناووك ، ناوەللا گەزۆیێ سەردی بتەنێ ل سەر دارێ .

کاتێ بوار لە گوتنی بەندەکانی بۆوە .. سمۆ مێوانی هات و لە شاییەکەدا چووە دەرەوە ، بواریش بە هەلیزانی بۆ پەنجە کوشینی ئەحمەدی سەعدۆ ، ئەحمەدیش زۆر هیلاك بوو .. داوای لە بوارۆ کرد پشووێیك بدەن ، ئەویش داوای پێچە شاییەکی تری کرد ئینجا گوتی :
ناچمە دێرانە ئەلقوش و خەتارێ سمۆی ئاگر کەتێ پاییزە یا بوهارە ل من وا ب رەزە .
رانەبری چ جاران چ گاوان بەژنی بوارۆی کیژی سمۆ ل بەر تۆقان و تەلەسمان ، زێدەبارێ ئەوان حولیان و مەرجانان و عەباسیان و پاوانیان و د پیرۆزە .
خودێ خراپ بکا ماڵی بابێ من ئەوسار من نەدا ئەحمەدی سەعدون بەگ لاوی گەرگەری ، مندا کوڕی کۆچەکێ میرزۆ .
شەوێ سێ بارا نیوە شەوێ پیچکە روومەتێ بریندار کردبوو ، گەلە نزانە ب ددانێ ، خۆ ڕوومەتێ بوارێ بریندار کردبوو ب هەردوو ددانان ، گەزە .
کوڕۆ ئەحمەدۆ دەستێ خۆ بدە دەستێ من بچین دابنیشین ل بن سێبەرێ شەنگەبییان و ئەوان مەرەزە .
ماتو نزانی سەرێ چەند وەعدان و چەند رۆژانە سمویێ ماڵ وێران ل گە بەژنێ بوارۆی ب غەرەزە .
هەی لێ بوارێ هەی لێ بوارێ چاو بەلەکێ بەژن زراوی کۆڤ لارێ .

خودێش خرای بکردایێ مالێ کوڕێ کۆچەك میرزۆی یەزیدیان شێخی ئەلقوش و سەری هەردوو خەتارێ .

خودێ خرا بکا مالێ بابێ چار نەمیمی ل خەتارێ ل من دەبوونە سەرییێ سەبەبکارێ نەدەهێڵا دابنیشین ل گەر لاوی گەرگەری ئەحمەدی سەعدون بەگ بابی عەلی جۆتەکە راموسانێ بدەمێ ل وی قوبلەتی ل مابەینی جۆت مەزارێ .

ماچێ بوارێ خۆشترە حەلاوە میسل ، تەمری بەغدا نانێ گەنم ، گۆشتێ بەرخێ بۆنێ دوومەلان ، تری یێ گاورباغی ، هەنجیری کاولە ئەوی ژەنگارێ .

بەلان چ جاران رانابرێ بەژنێ بوارۆی ل بەر تۆقان ، تەلیسمان ، سینیان ، سەدەفان ، زێدەباری ئەوان پاوانیان و مەجیدیان و حوروسیان و گوارێ .

ناچمە دێرانە ئەلقوش و خەتارێ سمۆی ئاگر کەتێ ل من ب تەبەقە .

بوهار گاز دەکا ئەحمەدی سەعدۆ وەرە دابەزە ل خانییێ زینێ شا کێبێ ئاسنە مەعلوومە جێی پێکاتوو گەلەکە رەقە .

خودێ خرا بکا مالی بابی من ئەوسار من نەدا ئەحمەدی سەعدون بەگ منی دا کوڕی کوچەکی میرزۆ .

نازانی دینی حوسێنیان مەعلوومە دینەکە گەلە هەقە هەی لێ بوارێ شل و ملێ چاو بەلەکێ کۆڤ لارێ . خودێش خرای بکردایێ مالی بابی کوڕی کۆچەك میرزۆ شێخی یەزیدیان دەشتی ئەلقوش و سەری هەردوو خەتارێ.

گرانە کەسەرێ بوارێ سمۆ گرانترە لە چیای عۆگنێ ، مەقلوبا شێخان ناوەللا بابۆ ل کەلیا ئەوی ژەنگارێ

خود خرا بکا مالێ بابێ سمۆی یەزیدی سوار دەکەن بەژنی بوارێ جلکێ

پیاوان دەکەن ل بەێر بەژنێ بوارێ

دەربازیان دەکرد ل سەرێ ئەلقوش و هەردوو خەتارێ .

دەیانبردە کن برایمی زێرۆ ل ترسی ئەحمەدی سەعدون بەگ دایاندەنا بابە چبکەمێ ل پشتی کاولە ژەنگارێ .

لە کۆتایی ئەم بەندەدا هەر یەکە بەرەو رەشمالی خۆیان چوونەوە ، بوار جل و بەرگێکی تری بەسەرخۆیدا هەڵکێشاو تازە سەندوقێك سێوی خەڵاتی لە شاری حەلەب بۆ هاتبوو .. دەستیکردە سێوێك و ئامۆزایەکی نێو قاسمۆ ی دەماڵیدا بوو پێی گوت : ناوی ئەحمەد سەعدون بەگ ل سەر ئەم سێوە هەڵکەنە و برۆ ژێر رەشماڵی مێوانان .. کاتێ سمۆ دەچێتە داوەت ، دەستی ئەحمەد گەرگەری ماچ بکە و سێوەکەی لە باخەڵی بنێ .

قاسمۆیش هاتە ژێر ڕەشماڵ و بەخێرهاتنی ئەحمەدی سەعدون بەگی کرد و سێوەکەی هاوێشتە باخەڵێ ، ئەحمەدیش تەماشای سێوەکەی کرد .. بینی لێی نووسراوە بوارۆ هێند بە ئەمیەتی وەرنەگرت و لە ژێر مافوورەکەی دانا ! کاتێ سمۆ هاتەوە ژێر رەشماڵ و بەرامبەر ئەحمەد دانیشت و چاوی کەوتە سێوەکە و ناوی بوارۆی لێ هەڵکەندراوە ! بە هەوەڵەداوان چووە لای بوارۆ . .

دووری نەخەینەوە بەهەر جۆرێ بوو سێوەکەیان فەوتاند و حەز لێ کردنی ئەحمەد و بوارۆ ئاشکرا بوو! بوارۆیش لە ژێر رەشماڵی خۆیدا وتی :

ناچمە دێرانە ئەلقوش و خەتارێ سمۆی ل من ئەوڕۆکە دەشتی ئەلقوش و خەتارێ وا ب تەمە .

کوڕۆ ئەحمەدی سەعدۆ من خەلاتەك ل بۆ توو ناردیە مەعلوومە سێوی شاری حەلەبێ یە ب رەقەمە .

خەیالی خاوە مەکە خەیالی دنیێ باش نینە ئەزی پاشی سمۆییێ مال وێران مەعلوومە هەر یارکا تەمە .

هەی لیێ بوارۆ شل و ملیێ چاو بەلەکیێ کۆڤ لاریێ .

خودێش خرا بکا مالی کوڕی کۆچەك میرزۆ شێخی یەزیدی ل دەشتیێ ئەلقوش و خەتاریێ گرانە کە سەریێ بواریێ سۆ گرانترە ل عۆگنیێ محەمەد عەلی ل کەلی ژەنگاریێ .

ئەحمەد سەعدۆ بانگی سالحی قاوەچی کرد و گوتی : (چارە ؟

– ڕاوەستە میریێ گران !

سالح بە خۆی و کەرستەی زێڕی قاوەی چووەبەر ڕەشماڵی بوارۆ و ئاگری قاوە سازکردنی هەڵکرد و .. بوارۆیش لە ناو ئافرەتان دانیشتبوو باوەشێن دەکرا گوتی : ئەو قاوەچیە کێیە ؟

سالحیش وتی :

بدێرانە ئەلقوش و خەتاریێ سمۆی داکەتم مەعلوومە ئەلقوش و خەتاریێ سمۆ گەلەکا شینە .

کۆمەلەکیێ سیان و پۆڕان و قولینگان و قازان لیێ روونیشتینە .

قاوەکیێ ل بۆ توو چیبکەم ب ئیلان و ب جەوزان و ب سوسنان و ب دارچینە .

تێدەکەمە فنجانەکە زێرینە داوێمە سەر سینیەکە زیوینە .

ل پێش بەژنیێ بواریێ سمۆ سیێ جاران بگێڕە .

ل جیاتی میریێ خۆ بەژنیێ بواریێ سمۆ تێر تێر بینە ئەگەر بوارۆ گۆ قاوەچی شولیێ تە چنە لێرە .

بێژە ئەزم ساڵحۆ قاوەچی ئەحمەدی سەعدون بنەمالی گەرگەریمە .

بەمە سمۆ تەنگاوبوو.. لە لایەك سێوەکە بزر بوو لەلایەکی تردا سالح

قاوەی بۆ بوارۆ سازکرد زیاتر هەرەسانی لێ هەڵگیرا .. ئەحمەدیش لە دوای نیوەڕۆ لەگەڵ سالحی قاوەچی بەرەو هەواری خۆیان خواحافیزیان کرد و بوارۆیش لە دوورەوە بە دەست خواحافیزی لە ئەحمەد کرد !

لە گەڵ رۆیشتنی ئەحمەدی سەعدۆ سمۆیش هەواری خۆی تێکداو جلێکی پیاوانەی دەبەر بوارۆ کردو بە پاسەوانی شەست سواری چاك هەناردیە ژەنگار بۆ لای برایمی زێڕۆی ئامۆزای لە ترسی ئەحمەد سەعدۆ گەرگەری !

ئەحمەدیش گەیشتەوە لای خاڵۆی و هەواڵی عیشقی بوارۆی پێڕاگەیاند تەمر پاشایش وتی : باشە بیهێنە لە تۆڵەی عەدلە خانێ !

– باشە ، ئێوە سەد سوارم بۆ ئامادەبکەن منیش دەچم عەلی و عەزیزی ئامۆزام دێنم .

بۆ سپێدە ئەحمەدی سەعدۆ بە خۆی و دوو سەد سوارەوە لەشکری کردە سەر سمۆ .. کاتێ گەیشتن هەوار چۆڵە ! پرسیار بە پرسیار گوتیان دوێنی مالی سمۆ بەرەو ژەنگار ڕۆیشتن .. بۆ ئەوەی حەوت ڕۆژی جەژنەکەیان لەوێ بەسەر ببەن ئەحمەد لە گەڵ سوارەکانی بەرەو ژەنگار کەوتنە ڕێ .

کاتێ گەیشتنە هەواری برایمی زێڕۆ تاریکایی باڵی خۆی بەسەر ناوچەکەدا کێشا بوو بە هەزاران فەنەر دەسوتا و شایی دابەستراوە نەسەری هەیە نەبن ! رۆیشتن تا گەیشتە نزیك ڕەشمالان ئینجا ئەحمەد بەخۆی و دوو ئامۆزاو حەوت سواری ماڵی خاڵۆی خۆیان لە مەکۆنا تا درەنگی شەو .

کاتێ سمۆ و بوارۆ چوونە خێوەتی ڕەنگا و ڕەنگی خۆیان .. سمۆ دەستی بوارۆی لە ئەستوندەی خێوەتەکەدا بەستەوە و دوو عەگید دەست

بـە ڕمـیش پاسـەوانی خێوەتەکـەیان دەکـرد لـە بەرەبەیانیـدا ئەحمـەدو هاوەڵـەکانی هێرشـیان کـردو هـەردوو پاسـەوانەکەیان کوشـت و چـوونە ژوورەوە سـەری سمۆیـان بـڕی و کنـدڕیان لـە دەسـتی بـوارۆ کـردەوە و هێنایانە دەرەوەو خێوەتیان بەسەر سمۆ کەوتاند دەستی بوارۆیـان گرتـو لـە نـاو هۆبـەکان دوورکەوتنـەوە ئەحمـەد وتـی  بوارۆ بـە بـیٚ شـەڕ نابەم ! بـوارۆش زۆر هەوڵیـدا بـڕۆن  نـەوەك برایمـی زێـڕۆ ئاگاداربێتـەوە چـونکە مێرچاکێکە بە بیٚ زین سواری وولاٌخ دەبیٚ و بەتەنیا بەرنگاری سەد سوار دەبیٚ  !

نۆبـەردارێك لـە کـاتی شـوێن گۆڕینـدا چـاوی بـە کوژراوەکـان کـەوت و ڕایکردە ڕەشماڵی برایمی زێڕۆ و هەواڵەی پێگەیاند .. ئەویش بەخۆی و حـەوت سـەد سـوار  کەوتنـە مەیـدان .. ئەحمـەدو دوو ئامۆزاکـەی و چـەند عەگیـدێکی تـر دابەزینـە مەیـدان و برایمیـان کوشـت و تـا ڕۆژ شـەبەقیدا شەڕیان کرد ئەوەی کوژرا و ئـەوی هـەلاٌتن  هـەلاٌتن  ئەحمەدو سوارەکانی کەوتنە پشت چیای ژەنگار و دەرباز بوون  .

# دەروێشی عەڤدی

دەگێڕنــەوە لەدێرزەمانــەوە پاشـایەك هــەبووە بــە نێـو تــەمر کـوڕی ئـەیوب سـەرۆکی عەشـیرەتی میلليـان بـووە ئـەم پاشـایە دوو منـداڵی هـەبووە ئـەیوب و عەدلـەخان چەندان خـولام و شـوان و گـاوان جوتیـاری ڕاگرتبوو لەمانە دوو برای یەزیدی بوون یەکێکیان نێوی شێخ عەبدی و ئەوەی تریان بۆزان شێخ عەبدی دوو کوڕی بە نێو دەروێش و سـەعدون هەبووە کوڕی یەکەمیان هێندە ئازاو سوارچاك بووە بۆیە بۆتە یەکـەمین پیاوو شەڕکەری تەمر پاشا عەدلە خان و دەروێش عیشقی یـەکتربوون و هەواڵی ئەو دڵداری یە بەناو خەڵکی ناوچەکەدا بڵاوبۆتەوە .

ڕۆژێکیـان تـەمر پاشـا بـە مەبەسـتی لـەنێو بردنـی دەروێـش عەبـدی بەتـەنیا لەگـەڵ دەروێش چوونەتە راووشـکار .. کـاتێ گەیشتوونەتە سـەر گردێـك تـەمر پاشـا بـە بیانووی سگ ئێشان دانیشتووە دەروێشیش بـە پاشـای وت : گـەلێك حـەز لـە گۆشـتی فەرخـە حوشـتر دەکـەم هـەر ئێسـتا دەگەمە لای شێخی شەمەر و دەگەڕێمەوە .

هێندەی نەبرد دەروێش عەبدی بە خۆی و ڕەوە حوشترێك گەڕایەوە لای تەمر پاشا هەرچەند پاشا هەوڵی فەوتانی دەروێشی کرد بۆی نەلوا ! بۆیـە پاشـا سـەد مـەڕو سـەد حوشـترو چـوار وولاخ و ڕەشمـاڵێکی دایـە دەروێـش و پـێ وت : لـە ناوچـەم دەرچـوو بـا خوێنمـان نەکەوێتـە نێـوان ! ئـەویش بە خـۆی و بـاوکی و مـامی دەچنە عودێ بنێ بەڕێێ هـەواریان هەڵـدەدەن .. هێنـدەی نـەبرد قـەفاری عـەجیل سـەرۆکی عـەدیان و جێسیان قاسیدی ناردە سەر تەمر پاشا و داوای خەرجی حەوت ساڵ یان

ناردنی عەدلە خانی کرد !

پاشایش هەموو جحێل و پیرەمێردی میللیانی کۆکردەوەو هەواڵی قەفاری عەجیلی پێگەیاندن و گوتی : لەسەر خواستی ئێوە شێخ عەبدی و بە خۆو براو کوڕانیەوە دەربەدەر کرد .. ئێستایش خەرجی حەوت ساڵ یان عەدلە خانیان دەوێ .. کێ توانای بەرەنگاری ئەو نەهەنگانەی هەیە با بچێتە مەیدان هەموویان سەریان شۆڕکردو هەندێك داوای گەڕانەوەی دەروێش عەبدیان کرد پاشایش وتی : هەر بە قسەی ئێوە نەبوو دەرمکرد ئێستایش دەتانەوێ بگەڕێتەوە وەللا ناگەڕێتەوە !

پاشاو خەڵکەکە بە خەمناکی لە دیوەخان وەدەرکەوتن .. کاتێ پاشا گەیشتەوە ماڵ عەدلەخانی کچی بەرەوپیری چوو گووتی: پاشا ، ئەگەر دەروێش بە قسەی تۆ نەگەڕێتەوە چونکە دەربەدەرت کرد ئینجازە بفەرموو بە دوای دەنێرم چونکە دەستوڕمی دەروێش دیار نەبێ عەجیل وێرانمان دەکا !

هەر لە هەمان شەودا عەدلە خان نامەیەکی بۆ دەروێش عەبدی هەناردو تیدای نووسی : کەزیم لە کلکی وولاخی قەفاری عەجیل دەبەستریێ ئەگەر نەگەڕێتەوە ! کاتێ نامە گەیشتە دەروێش .. بە هەڵەداوان خۆی ئامادەکرد هەرچەندە باوکی پێی وت : مەڕۆ لە نێوت دەبەن ! بەڵام دەروێش گوێی نەدانێ و رۆیشت ..

کاتێ دەروێش عەبدی لە هۆبەو هەواری تەمر پاشا نزیك بۆوە خەڵکەکە تێکڕا هاتنە بەرایی و عەدلە خانیش لەسەر بەرزایی یەك راوەستاو گوتی :

دڵی منی دخوازی قومەکی ئاوی ل ئاوێ کانیێ ئەوی سەرێتۆ .
ناچمە عامودا سەرێ قوریێ عودێ بنێ بەڕیی جزیرێ بۆتان گەلەخۆشە

بڕەکێ بنەمالانی عدیان و جێسوان و شەمەڕانێ ئەوا دێتۆ .

عەدلێ دگۆ دەبمە خولامی سەرو سواری دەروێشا شێ عەبدێ ، لاوکێ سندیان سواری هدمانی عەگیدێ یەزیدیان گەلە شیرنە بەرەو مالی بابی من دێتۆ .

ئەمن تەرکێ بەژنێ دەروێشی شێ عەبدی ناکەم هەتا ئەوێ رۆژێ ل سەرای دیاربکرێ ، تەمر پاشا بابی من ئەیوبی برا سەرێ عەدلێ ل جیاتی سەری دەروێشی عەبدی نەبڕن دانەنێنە بەر حوکمی شیران و جەلیتۆ بایەکە ل من بایەکە گەلە سارد دێ .

ئەورۆ سەرێ چەند رۆژانە دەنگی دەروێشی عەبدی ل گوێ ی عەدلێ گەلەکە گران دێ .

بریا ل دەشتێ حەڕانێ ب شەوی بوارێ دەستی من ل بن سەری دەروێشی عەبدی بوایێ .

راموسانێ خۆی بکردایە ل رووەتا سۆرێ گول گولی بیگرتایێ جۆتە شەمامۆکێ بەندی باخەڵی .

بزانین ئەوێ دەمێ مردنی مارویران ل من ل دەروێشی عەبدی ل گوێی کێهامان گەلە گەلە گران دێ .

ئەستێرەك نەبووی ل من هەلاتی دەروێشۆ ل سەری چیایێ عودا شۆق و شەبەقی خۆ دابوو عۆگنێ محەمەد عەلی کەلی ژەنگارێ .

دابوو ل کۆچەك و ئەیوانی زۆر تەمر خان پاشامێری میللی یان ل مەڕۆ مالی ، ڕۆنی دەکردەوە ئەوان پەردان و سەرایان گەلەکی دەئۆدە .

ل دەشتێ حەڕانێ ب شەوی بوارێ ل سەر سوسنو بە یبونان خەومان لێ بکەتایی ، دەروێش ل بەرە خۆی بکردایە عەبایەکی تەن تەنی تەلەعفەری ئەمنیش ل بەرە خۆم بکردابوایە کراسەکی دیاربەکرێ ڕەشێ سۆدە .

هەنگینێ ب دەروێشی دەدرا مرازە ب من دەدرا مەخسوودە .
کەسکوکاری کێکان و میللی یان و ئەشرەفیان و هەوێریان و مەسوسیان لۆمەکارێ عەدلەخانێ بن بلێن عاشقی تووتککا یەزیدیا نازانن عەدلە خان بابی پاشایەکی داکی حدودە .
کاتێ دەروێش عەبدی گەیشتە عەدلەخانێ گوتی : عەدلێ هاواری خودێ دکەم ، خودێ ب منی مالەکا زۆری دنێ ل توو ناوێ ل توو دوێ دین و ئیمان ، ژنەکا جوان ، بەژن و بالای عەدلەخان ماینەك دزێ ، شیرەك شامسر ، رمەك نسێری ، زریەك داودی ، خەنجەرەك حافز بەگی ، کۆنەك رەشی عارەبی مێ کوتەك ، بەینون ل داری بناوێ فەسلی بواران ئەوەل مانگی نیسانێ .
ئەوێ کۆنم هەر بدابوایە ل بن چیایێ عەبدول عەزیزی رووی کۆنێم بدابوایە دۆرێ نەمرودی ، پشتی کۆنیم بدابوایە شاری دیاربکر و ماردین و سیعرت زەقناوێ .
دەستێ عەدلەخانێم بگرتایێ کەچکی تەمرخان پاشا میری مللان خوشکی ئەیوبی گەلە خۆش بوو .. دەمگو وەرە عەدلێ سبیانان پێکەوە بچینە ناوێ .
عەدلێ دگوتە دەروێشی عەبدی سواری هدمانی لاوکی سندیان سینگێ خۆم ل بۆ توو دەکەمە سینی مەجلیسان هەردوو مەمکی خۆ لۆ دەکەمە فنجانی زێری گومگومەی قاوێ .
جۆتە راموو‌سانەکت دەدەمێ ل روومەتێ راستێ فێرە.. روومەتێ چۆپی خو راناگری ل سواری یەزیدی سێ جاران وەردەگری عەلێك ل گەر سەلاوێ .
دەهەی لۆلۆ دنیایێ دەروێشۆ .

دەوری دەورانە دنیاش سێبەری دارانە پێك نەبران بەشی عاشقانە .

منی چەند جارێ دگوتە تە ئەیوبی برا تەمرخان پاشا بابی من هەردووکیان ل گەرە توو خانەیە .

شلکۆ ناسکۆ تەنکۆ رەحانێ بێ پەلکۆ .

شەوێ سێ باران نیوکە شەوێ رابە وەرە کوشك و بالەخانێ عەدلەخانێ تەمر پاشا ماچ بکا دێمەکا گول گولی ب تبلێ خۆ بگرە جوتێ زەدە مەمکۆ .

ماچێ عەدلە خانێ شیرنترە هەنگینێ باشقەلان ترێی باکوورمان ، پەنیرێ ل زۆران ، ل خورمایێ بێ ناوکۆ .

خۆشەویستێ دلێ من و تو گەلەك شیرنترە ل بەرخی ساوا تازە دەکەویتە بەر دایکۆ .

عەدلێ دگۆ ئەزێ نەکێکیمە نەمللیمە .

ب تایێ کراسکا سۆری دیاربەکریمە .

ب تایێ پۆشیەکا تەرەڤ زۆزانە ژێریمە .

ب تایێ چەکان و خشلێ دەزێڕیمە .

ل سەر چیایێ دیاربەکرێ روونیشتیمە .

کلی چاوی دەروێشی عەبدیمە .

ل خوڤ خودێ نەبێ ل شەرمی باب و براکێ خۆ نەبی بوسلمانەکە محەمەدیمە .

دێمە سەر قەولێ دەروێشی عەبدی مەعلوومە یەزیدیمە .

ئینجا تەمر پاشاو ئەیوبی کوڕی و عەدلەخانی کچی ، دەروێش عەبدیان هێنایە دیوەخانێ و تەمر پاشا لە تەنیشت خوێ داناو بە عەدلەخانێی گوت : قاوەی بگێرەو هەرکەسێ دەیەوێ لە گەڵ دەروێش

عەبدی بچێتە مەیدان با فنجانێ قاوە لە دەست عەدلە خان وەربگرێ عەدلە خان هاتە بەرامبەر عەبدی گوتی :
کوڕۆ دەروێشۆ سبیانە گەلە گەلە زوویدە .
توخوا ئەتو وەرە رابە گاوەکێ وەرە مالێ مە دانیشە شالەکێ سپی ل سەرێ خۆت گریدە .
عەدلە خان دگۆ گەلی خانمان و خانزادان چاوێ خۆ باوێنە سەرداریێ دووربینی دەروێشێ شێ عەبدی دێتەوە ل خانیێ بنی بەریێ ل گەر کۆمەلەکێ خولام و خزمەتکاران ل من وایە شێخەکی کامیلە ل گەرە خۆی هینایە دوازدە دەروێش و سێ زدە مریدە .
پاشی چاوی دەروێشی عەبدی ل دنیایێ عەدلەخان کیژی تەمر پاشا دەبیتەوە غەریب و گەریدە .
هەی لۆلۆ هەی لۆلۆ ل من دەروێشو ناو خوشو .
دەوێ خۆت ل روومەتێ عەدلێ بینە پێشۆ .
ماچی عەدلەخانێ ل بۆ دەوی تە گەلە خۆشۆ .

بۆ سپێدە لەگەڵ دەنگی تەپلی شەڕ دەروێش عەبدی لە بەرایی سواران گەیشتە مەیدانی شەڕ .. تا بەیانی ئاینده دوو سەد عەگیدی عەدیان و جێسیان کوشت لە سێیەمین رۆژی شەڕدا وولاخەکەی دەروێش عەبدی کەڤ هەڵێناوبوو ل ماندوویەتی پێکۆری دەکرد تا پاشی وولاخەکەی کەوتە کوونە جورجێك ! دەروێش لەسەر زینی وولاخەکەی کەوتە خوارەوە .. ئەوانیش هێریشیان بۆ کرد و پەل پەلیان کردو بە کوشتنی دەروێش عەبدی لەشکری تەمر پاشا کشانەوە بە دۆڕاوی ..
کاتێ عەدلەخان کوشتنی دەروێش عەبدی بیست وتی :
عەدلێ دگو منێ ن ب مالێم نە ب مێرم خوشکی چەند بریانم وەکو

شێرێ .
ئەگەر رۆژێ سێ جاران دەروێشی عەبدی نەبینم ل گەڕی مالان ل سەری دیوانێ بابێ خۆ ئەیوبی براو هەر چەند ب دەستی خۆ شێرێ .
دەوێلی وێلی دەوێلی وێلی سەرۆکی سواران دەروێش عەبدی ناگەڕێتەوە ل بەرایی کەحیلی .
کوڕۆ دەروێشۆ سبیانە ل من دێ دەنگێ بایە .
شەڕەکێ گەلە مەزن مابەینی میللیان و عەدیان و جێسوان قەومایە .
جوابەکێ خەبەرکی بدەنە تەمر پاشایە بەلی قاسیدێ دگۆ ئەیوبێ کوڕێ تە کوژاریە .
هەندەکێ دگۆ دوو سەد عەگیدێ بنەمالێ میللی یان نمایە .
عەدلەخان دگۆ وەنیە عەگیدێ سندیان لاوکێ یەزیدی من کوژرایە .
لۆلۆ من دێ بایێ غەریبە گەلە شیرن دێ .
داوەتەکی بگەڕابوایە ل ناو عوربانی مالێ بابێن سەرچۆپی ئەوێ داوەتێ ل من و ل دەروێشی عەبدی گەلە شیرن دێ .
بەلام رۆژی دەعواو مەیدانێ شیرێ شا مسر ڕمی نسیر ، زرێ داودی ، خەنجەری حافز بەگی ، عەبایێ تەنکی تەلەعفەری ل سەرشانی دەروێشی عەبدی خۆش دێ .
کەسکوکاری ئەشرەفیان و عەدیان و جێسوان و مەسوسیان دبێژن گەلە شیرنە دەستی عەدلە خانێ ل ناو دەستی دەروێشی شێ عەبدی وای وای پێکەوە مقابل دێ ، ئەی لێ لێ دەروێشۆ دەوێ خۆ ل من بینە پێشۆ .
ماچی عەدلەخانی شیرنە گەلە خۆشۆ .
ب قورعانێ من تە دوێو ، ب کەلامێ من تە دوێۆ ، ب شێخی ماردینی من تە دوێۆ .

ماچەكیٚ بكە ل روومەتا گول گولی ئەوە دیكە مابەینیٚ هەردوو لیٚۆ .
وەی لیٚ سییانە ل من بایەكە بایەكی گەلە ساردیٚ ، بایەكیٚ گەلە سارد وا ل من تیٚ .
منی دابو ل كۆچەكووانی زۆرتەمرخان پاشا بابیٚ من ، مەڕوماڵیٚ دەرویٚشی عەبدی هەژاندبوی وەی لۆ لۆ ئەستوندا گەوەری پیٚشی كۆتیٚ.
ل بانگا ئیٚواری هەتا بانگا سبیانیٚ دەستیٚ خۆ ل بن سەریٚ دەرویٚشیٚ عەبدی دانابا ل دەشتی حەڕانی ل سەر سوسن و بەیبوونی بواریٚ ئاوی خۆمان بخوارداییٚ ل كانی بەددرەدینیٚ بلا شاهیٚدی من و دەرویٚشی عەبدی عیزرائیلی خودیٚ بوایێ .
ئەوی گاویٚ ئەوی دەمیٚ بزانن مردنی مال ویٚران ئاخ ل من و ل دەرویٚشی شیٚ عەبدی بە بیری كیٚهەمان دیٚتیٚ
ئەی لیٚ لیٚ دەرویٚشۆ شلكۆ تەنكۆ ناسكۆ رەحانیٚ دوو پەلكۆ .
بیٚ باب و بیٚ داك و بیٚ مامو بی خالو بی خوشكۆ .

# ئـازیــــز

ئـەوڕۆ دوو ڕۆژە سـەری ئـازیزی بـە ئێشە ، دری ئـازیزی دایمـەن مـدام دەخـوریٚ بابی بایم قـەوی دەخـوریٚ چاوی نـازداریٚ لـە بـۆ مـن بمـینیٚ بـە چاوی بازیٚ .

چاوی نازداریٚ لە بۆ من بمێنیٚ بەچاوی بازیٚ .

ڕەفت و ڕۆینی خانەوێرانەی لە بۆی من بمینیٚ ، بە ڕەفـت و ڕۆینیٚ مـاخۆ مردە کۆتریٚ .

دەردم دا وەیە بچمە کویستانی عەزیم ، با بیکەین سـاباتیٚ بێینـە بیتـوینیٚ گۆرانان ، هەربدەین تاوریٚ .

بێینە گەرمێنی ئەگەر مەستێر لە بەستۆریٚ ممبارك مەفتەنە خوای ئاواکە با بکەین کەپریٚ .

ئەو کەپرەی تانۆك بەخاویٚ ، پێچکەی لە داری نەگۆریٚ  خۆرەبان بکریٚ بە تۆزیٚ خەنەی و هێواران و سبەینان لەبۆ خاتریٚ دریٚ من و بەژنیٚ باریك و کەپویٚ بە خەزێم ، بڕشیٚ بە ئاوی قەنەفریٚ .

ئەمن زۆر لەو بەژنەی دەترسێم ، بە پیٚ ییٚ بە خرخار ، نێکی بـە کەمبـەر ، ملی بە دوگمەی ، سینگی بە سنجاق ، گەردەنیٚ بە گـەردەنلغ و گێیـیٚ بـە گـوار کـوارەی بەشـۆڕاب شـۆرابی بـەزریز ، سـەریٚ بـەتیت و تومـاخ ، نـەکو لەسەران هەرامە کەپرەی بخەزریٚ .

بانگەکەم دەبەر خودای هەشتیٚ هەزار مەخلووقٚ .

ئیدیکەم دەبەر  یونس پێغەمبەر و جەرجیس پێغەمبـەران  ، مـاریٚ خۆیـان دانایە لە دەو شەتی نەقۆجە مووسریٚ .

ئەو بەژنە ئامەنت درا ، کەویٚ یەکی لازمە ، بەری لە پەلکی ڕەشە ڕەحانیٚ.

پشتی لە پەلکی ماخۆ مردە سۆرە گوریێ .
وەستا بیێ لە حەرەبیێ شاگرد بێن لە دیاربەکریێ .
هەر تەقەرەکی تیێ هەڵدەدەن ، ئازیزەکی دوو ڕەوەندی لە بۆ خاتری دریێ
من و بەژنیێ باریك و کەپویێ بەخەزێم ، بابریێ ئەمن سیێ ماچم لەو بەژنەی
قەرد بوایە ئێکیان وەکو دەهاتەوە لە کۆریێ لە قەسەریێ .
لەچاو رەش کردنیێ ئیدیکەیان لەبن داریێ ماخۆ مردە سۆرە گوریێ
ئەوی دیکەیان لە بستییێ مەخمووری .
لە دڕکە و حاجیاران لە شۆڕیێ کەرمردی .
لە کەندێناوەی لە غەریێ فارس ئاغای لە زاری ئازیز کەندی ، بواران لەبن
خنۆکە خنۆکەی دەماخۆ مردە تاوەریێ .
ئەورۆ دوو رۆژە سەریێ ئازیزی بە ئێشە ، دریێ ئازیزی دایمەن مدام
دەناری ، بابیێ بابم قەوی دەناری .
کوم بەردانیە خۆشییێ دنیاییێ لەبۆ بەژنیێ باریك ، دەبا بیێ خەم و تاری .
ئەوڕۆ کەو دەخینی کەوباڕ دەناری .
ئەگەر لەبن گێیان و خۆشی دیێ گارەی سۆفیان ، دەکەن عیبابەتیێ
جەباریێ.
ئەگەر لەبن گێیانم خۆش دیێ دەنگی سارمە و بەروەجان دەگە فڕژنی ماخۆ
مردە شاخداری .
دەچمە چیاییێ پیرەمەم گۆرانان ، داری هەرباوییێ ناکەوی لەبەر مەڕ و
ماری .
پسیارەکم دەکرد لە دار کەوەتی دوومین لەدارە دیداری. ئەریێ ؟ دارە
دیدارە خانەت وێرن بی ، ئەتوو لە بۆ وەها رووتی، لۆ ؟ وەها رەجاری .
دەریێ : لە ساردەی پاییزیێ دا شەختە و بەرێندەکی لەمندا پەلکی خۆم

وەراندینە سەر کاولە رووباری .
دەرێ: دارە مارویران! ئەمن پرسەکت پێکەم و سێ گراویم هەنە ، یەکیان سوورچی ، ئیدیکەیان خەیلانی ، ئەوەی دیکەیان زراری .
ئەوی سوورچی هەنی لەبۆمن بمینێ بەو مانگی لەچاردەی هەردێ لە حەفت قەدەمان ، لە نەحیبەینی هەور و ساماری ئەوەی خەیلانی مەمکی لەبۆ من بمینێ بەو گۆی ئالدوزکرای .
کورە عاشیرەت دەدەن لە گۆشێ مەتاری .
ئەوی زراری چاوی لەبۆ من بمینێ بەو مامزی سۆربەش و شەو رەوەلێ خۆی داوێتەوە گەریێ نەگۆپاری بەژنی لەبۆ من بمینێ بەو ماینی معنەك دەمبەستەوە لە پێش دەرکی ماری شێخ هاواری .
ئەرێ ؟ دارە مارویران ! ئەمن لەبە ئەو گراویان ، حەسوودیێ نابەم بە مەلا بەکری کۆیی قرانی هەرنانیە بەخراری .
حەسوودیێ نابەم بە حاجی کارەسوو لی خودانێ مەرو مارێ .
حەسوودیێ نابەم بە شێخی تەیان خودانێ هەزار تڤەنگچی تڤەنگ بەچەتاری .
حەسوودیێ نابەم بە عارەب ئاغای گەردی خودانێ هەزار سواری .
ئەمن حەسوودیێ دەبەم بەو کوڕێ لاوی .
ئەوی لە سەفەرێ بێتەوە .. سێ گراوی هەبی .
لە کۆرانەکی تەنگ بگاتە گراوێ خۆی .
سێ ماچان بکا دوویان بە حەرامی .
ئەوەی دیکەیان لۆ خاتری دینی محەمەدە ل مستەفای هەر بە حەراری و زەراری .
ئاورۆ دوو رۆژە سەرێ ئازیزی بە ئێشە درێ ئازیزی دایمەن مدام بە لێوە

بابیٚ بابم قەوی بە لیٚوە .

ئەگەر دەڕۆنمە كویٚستانی عەزیم ، لیٚ دەباری بەفرە .

دەڕۆنمە گەرمیٚنی ئەگەر مەستیٚر ، لە بەژنەكی باریك و كەپویٚ بە خەزیٚم و نیٚكی بەكەمبەر دەباری هووردەشڕیٚوە ئاوڕەكم بەلای راستیٚ ، دووەمین بەلاییٚ چۆپیٚم داوە دەمدیت كۆمەرەكی نەشمیلان شل و ملان دەس بە خەنان ، لۆ كاكی تو دیٚن بەڕیٚوە ، بەژنیان توولە میٚوە، مەمكیان شەكرە سیٚوە .

گراوییٚ من لە هەموو گراویان دیارە .

گەردەنی لەبۆ من بمینیٚ بەو قورنگی گۆزەر و بواران ، لەبەر كوولەی بیٚریان چریكەی شوانان ، بۆنی باروتیٚ رۆژیٚ سیٚ جاران خۆ فوورز دەكاتە دەو شەتیٚ مرادی ، گوم گۆمینە پیٚوە

كیژ دەریٚ : دەستم لەسەر شەمامە و شەمامە رەنگان هەگرە لیٚوم لەسەر ناسكی روومەتان بەردە دەویٚت باب هەمووت هیشك كردینە بە بڕكیٚ وە .

دەریٚ : دەست لەسەر شەمامە و شەمامە رەنگان هەگرە هەڵناگرم، لیٚوت لەسەر ناسكیٚ روومەتان ، بەرنادەم! هەتا رۆژیٚ سیٚ جاران كیٚوییٚ كاكە برایم جەراری دەنەنی بەسەر كاولە كەڕیٚوە .

بەژنی لەبۆ من بمینیٚ بەو داری عوودیٚ لەسەر چیای كۆسرەتیٚ .

كوڕە شار بەگی هەردەپڕیوون بە خەنجەری دەسك ماهی لەبۆ تیرەگە نەخیوەتیٚ.

كەزی لەبۆ من بمینیٚ بەو فنجانی فەخفووری كورە عاشیرەت پیٚ دەخۆنەوە قاوەی دەگەر ماخۆ مردە شەربەتیٚ .

سینگی لە بۆ من بمینیٚ بەو مافووری خۆرەسان ، ئاغەو ئاغەوات لەسەر دەكەن تەكبیر و راییٚ دەگەر مەسرەحەتیٚ هووردە پەرچەمی لەبۆ من

بمینیٚ بەو ئارمووشی دیٚرە حەرەبیٚ .

لە دیاربەکریٚ لەکن مەنسوورە دەویتیٚ لەقۆجە مووسریٚ نەبۆ گوورنگی حەراریان ، هەوریان کۆسەکەیە خەنجەران ، بەنجیلیٚ کیژۆران چادەکریٚ.

بەمەزەبیٚ مەی جاحیٚران هەرەوەیە ، ئەوی لەو دونیایەی بیٚ بەش بیٚ هەروانەش بیٚ بەشن لە ئاخرەتیٚ .

ئەورۆ دوو رۆژەی سەری ئازیزی بەئیٚشە ، دریٚ ئازیزی دایمەن مدام بەنارە بابیٚ بابم قەوی بەنارەنارە .

ئەگەر بەژنیٚ باریك ئەورۆ دوو رۆژە درمایە نزانم چ حارە چ حەوارە

ئەگە سقەری لە لیٚڕان دادو فیخانە شاروی لە باغان هەر گارە گارە .

ئەگەر ئەز مردم مەیتیٚ من هەگرن لەپیٚش کۆمەرەکی مەزنەماران لەپیٚش مەیتم بکەن تەقرە و جلیتیٚ ، کۆمەرەکی عەگیدە سواران لەدوو مەیتم بڕۆن .

کۆمەرەکی مل شیرو مەتاران شینم لۆ بگیٚڕن .

کۆمەرەکی مل بە دەسماران لەبۆم بگریٚیین .

کۆمەرەکی کیژوکاران ، کیٚلم لۆ بینن لە تیان ، تابووتم لۆ بینن لە نوارە نواران .

کیٚلی سەرینگانیٚم نەسب بکەن بە تۆقان بە تەرەسمان .

یی پیٚنگام بە گۆییٚ نەخرخاران .

وەکی دامدەینە قەبری لەسەر سینگم دادەنیٚن .

بەردی ئەلحەدیٚ دەبا سیٚ تەقەرانم لەسەری کفنیٚ بدا داکی هووردکە منداران .

# ئەسمەریٚ

ئەی بەندەی موسلمانینە رەزالیلە ، لەڕیٚ خوای لەرمدا وەیە ، بینایەکی لۆ ئەسمەریٚ ماران دابنیٚین .
دەبا باغەکی لۆ دروست بکەین ، ئەو باغە هەر بە رەحانیٚ مارویٚران .
سۆرە گوری باغان گورە سەباحەی جوانە مەرگ ، خۆیان هاویشتینەوە سەر تاقان و پەنجەران و شانەشینیان و حوروسیان .
خۆیان هاویشتینەوە سەر بارستی پەرژینیٚ .

## کیژ دەریٚ

سەیدی کبریان و دوازەدە ئیمامی دەشتی بەغدایی .
وەیسەل قەرەنی ، خدریٚ زیندە ، شیٚخ عبدالقادری گەیلانی ، کە سەرداری شیٚخانە ، یارەبی ماحبەینی پاییز و زستانان خیٚر لە سەرو عەمرو مارو منداری خۆی نەبینی .
ئەی بەندەی موسلمانینە رەزالیلە ، لەڕیٚ خوای ، ئەسمەر بەو باغەی رازی نیە .
ئەریٚ دەبا بریٚنە وەستا عەلی بیٚتە بەردوکانیٚ .
بریٚنە ئەو مارویٚرانەی بیٚتە بەر دووکانیٚ .
خەزیٚمەکی لۆ ئەسمەریٚ دروست بکا .. نەیگری بە گازی ، نەیجۆشینی بە هەمبانیٚ ، نەلیٚی بدا بەچاکوچی، نەباویٚنە سەر گیٚی زندانیٚ .
دەستی من دامەنی وەستا عەلی بی .. ئەو خەزیٚمەی دەمست شاگرد و نەفام و نەزانان نەنیٚ .

نەکو خەزێمی گەلە گەورە بکەن ، روومەتی خانەوێرانەی گەلە خڕکەرانەیە
شەوێ لە سێ باری نیوە شەوێ لە من بگری جێیێ شەو راموسانێ .
ئەرێ تانجێ تانجە سیێ .
ئەرێ کیژۆرێ ، خوار کوفێێ .
کەرەمکە بچینەوە شایێ .
ئەی بەندەی موسلمانینە رەزالیلە ، لەڕێ خوای ئەسمەر بەو خەزێمە زازی نیە.
دەبا لانکەکی لۆ دروست بکەین ، ئەو لانکەی لە دارەتووە سەرچاوەکی لانکێ چیتی قەرەمکار ، گازکەنە خەباتان، باوێڕا بگا زووە .
چەند گەڕام لەشاران لە شارستانان ، لەشانە شینان لە حوروسان .
چەند گەڕام لەو دنیایەی، چ چاوم نەدی بە چاوی مەحبووبکەی من بچی .
دەفعەکی چومە شاری کۆیە ، چوومە باغی حەمامۆکێ .
شایێك دەگەڕا .. لەگەڕێ دیلانێ ڕامام دوو چاو ، هەر بەچاوی مەحبووبەکەی من دەچوو! وەکی پسیارم کرد گوتیان : خۆ بابان کۆرە مێرەمە جووە .
لە خۆم وایێ لەمن ئایێ .
ئەرێ تانجێ میر شەرەفە ، مەرجان کەتنە رۆخ سەدەفە ، کیژ بە عام لە کوڕان دەکەن گەفە .
ئەی بەندەی موسلمانینە رەزالیلە ، لە ڕێ خوای لە درمدا وەیە .
لانکەکی لۆ ئەسمەرێ ماران دروست بکەین ، ئەو لانکەی لەداری سەوری وەستا بێ لە حەرەبێ ، شاگرد بێ لە دیاربەکرێ .
دەستی من دامێنی وەستا و شاگردان بی رەزالیلە لەڕێ خوای .
ئەو لانکەی لە دەست شاگرد و نەفام و نەزانان دانەنێن ئەو مارۆێرانە

نەکو کەوێ لانکێ درێژ بڕێ .
مەمکی خانەوێرانەی گەلەك خڕکەرانەیە ، شەوێ لە سێ باری نیوە شەوێ نەگاتە لێوو زارێ کوڕی .

# پاییز

کوڕ دەرێ :
سەدای پیرە پاییزێ مەوا گەیشتێ .
پاییزی مارویران لەمن بەهەنگۆرە .
ئەگەر دەچمە سەریێ سەفینی ، هێشکەری سماقوولی ، دەربەندی گۆمەسپانێ .
دارەکەوتم زۆر بێ حدود دەدوێت ، پەلکی دارەبەنێ لەمن دەبوون سۆرە .
وەی عەمە لەدەرێ من

کیژ دەرێ :
وەکی سواریی من چووینە سەفەرێ میرێ ممبارك خەم لەدرێ من بابان کۆرێ هەدەبن زۆرە .
سەرگەردان و بەندەوارم لاوە .
سەرگەردان و بەندەوارێ شل و ملان نێك بە کەمبەرانم سەدایێ پیرە پاییزەێم ئەوا گەیشتێ .
پاییز مارویران چەندە لەمن مەستە .
لەبۆ من برێن : داکێ راوکەران بنێرنە کن دەستە خوشکان دەبا بکەن غەبابەتێ قەرێتە و رستە .

**کیژ دەریٚ :**

سینگی ماروێران ئەوڕۆکە گەلەك شەپڕ و شەپرزەیە .
لەبەر هاتوو هاواری کۆمەرەکا ڕم بە تۆپان ، ماین شیٚ یان نووسکە دەتوولان .
پاشیٚ خۆ داوێتە بەر چەپەری نەتاژیان، قایمە قایمەلانیٚ خۆ دەگەیشتە گردۆکی نەدەوەستان .
وەی سەرگەردان و بەندەوارم

سەدایێ پیرە پاییز مەوا گەیشتیٚ .
لۆت هەردەرێم بەسەری سەفینی سەرەکی لە سەران، گەواران دێنی .

**کیژ دەریٚ :**

تاوەکی باران لە سوارییٚ من دەباریٚ .
تەڕ دەکا دەستیٚ جاوی ڕانە رکێبی
نا بەخوای ناو پەردە و خاشخاشە و دگدگەی زینی .
وەی غەمە لە دریٚ من

**کیژ دەریٚ :**

ئەو لاوە وەکی لەمنی لە مارە بابەکەی من بکەوی .
ڕۆژیٚ تەنگانە و حەولەوەلاییٚ .
شینەکەکی ماروێران شیرن لە پێش قۆشنان دەبەزی .
سەدایێ پیرە پاییزی مە واگەیشتیٚ .

ئەگەر لۆت هەردەرێم بەسەری سەفینی ، سەرکە لە سەروانی .
گەوران دینی سێبەری خۆی هاویشتیتەوە سەرچناریٚ دیوانیٚ عەیشیٚ
چاو بەرك ، ئەوا تێدە .
ئەوە غەمە لە دریٚ من

کیژ دەریٚ :

چەند خۆشە لاوە، وەکی لە سیٚ باری نیوە شەویٚ دابێتەوە، دەست باوێنە سەرملیٚ راستیٚ .
دوو ماچان بکا لە گوییٚ مەمکان ، با ماچ بکا هۆردوو چاوییٚ لە خەوێدە .
وەی سەرگەردان و بەندەوارم لاوە

سەدایی پیرە پاییزێم ئەوا گەیشتیٚ
پاییزی مارویٚران لە من هەوی داوە .
دەچمە هیشکەری سماقوولی دەربەندی گۆمەسپانیٚ .
نیشانیٚ پاییزیٚ پشیلۆکی قەلۆغانیٚ لە من دەبوون بەراوە .

کیژ دەریٚ :

وەتی سوارییٚ من چویتە سەفەریٚ میریٚ ممبارك شینکیٚ مارویٚران شیرن لە قایمەلانیٚ بەڕەحەتی پاری داوە ئەگەر پیرە پاییزیٚ مە واگەیشتیٚ .
لە معەلی گەلاوێژیٚ مارویٚران دەزرزری .
ئەگەر مێر چاکان پیٚ ی خۆیان ناوە لە رکێبیٚ .
گەنج عوسمان بەزێیلی داودی دەغەمری .

**کیژ دەرێ :**

لاوەدەس وەکەری گەلە ممبارك مارویران، بەران وەڵلا چ سەرێ ناچیتە بن خاکی .

سەدایێ پاییزێم وا گەیشتێ .

ئەگەر پاییزم مارویران لە مـن دەچـووە سـەر ئەگـەر جوابـەکم دەداوە بـە ملەکێ رازێ .

دەمدیت کۆمەرەکی نەشمیلان شل و مـلان لۆ کاکی تـوو دێنـە خـوارێ لـە بێژنگ بەسەری .

**کیژ دەرێ :**

نەعلەت لەبابی ئەو کەسیدا .. وەکی حەز دەکاتن لە خوشکی برادەری .

وەی سەرگەردان و بەندەوارم لاوە

# نیوە شەو

**کیژ دەرێ :**

ئەگەر شەوم لێ دەگاتە مەجالی نیوە شەوان .

کـە گـەورە کیـژ هەڵدەسـتن لـە مارەبابـان هەردەکـەن ئـاگران خـەویان لـێ ناکەوێ لەبەر خەیار و فکرو هووردە تەسەوران خۆ لە خەمی خۆ دانیمە ، ئەمان لە خـەمی هێتیمـە لاوەکـەی خـۆم دامـە گەلـەك منـدارە گەلـە نەفامـە ، نەکو شەوێ لە سێ باری نیوە شەوێ بکەوێتە پێش قەرەوران .

دونێ هێـوارێ ئاگـات لـێ نـەبوو گولەکـەی مێـردان ، پیسکەکەی مێـردان ،

خولکەرەی میردان .

ئەزی لەسەر توو ئەنداسم ، دارێکی دا لە زەندیٚ بە بازن .

تەعجیبیم مابوو قەمجەو قەرەپۆش لەسەریٚ من بابان کوریٚ لۆ تاڕاتن بەسەر ئەو تاقە براکەم بەچ سووچ و گوناحی خۆم شك نایێ ، لاوە نەمیدی دونیٚ هیواریٚ هەر لە دەرواریٚ کانییٚ هەتا پێش دەرکی مارەوێرانەی خەزووران .

لەگەر هێتیمە لاوەکەی خۆم بە دەست لە ملان و گفتوگۆهاتم نزانم زێدە لە هەموو شەوان .

ئەمن ئەو شۆکە خەو لە چاویٚ من بابا کۆریٚ هەرمایە .

داك دەریٚ :

کیژم گەلە بیٚ وەختە وەرە ژووریٚ گەلە بیٚ وەختە .

کیژ دەریٚ :

دایە ڕازالیلە بەشکە خواو ڕەسووران ئەگەر لێم نەگەریٚ ی زێدە لەهەموو شەوان، ئەوشۆکە ئەو هاتیمە لاوەم هەر بەتەمایە .

کوڕ دەریٚ :

ئەگەر لە بۆ مەعشووقەی خۆم هەردەرێم، هەر پیٚ هەرنەگۆتی .

ئەگەر هەناویٚ دایکی بمینیٚ بەو رەشماڵی بایزی کامەلای لە دەشتی کاولە قەراج و مەخموران لەبەر چرای نەسۆتی .

ئەگەر روومەتی ئەو خانەوێرانە ، لەبۆ من بمینیٚ بەو سۆرە گوری لە باغان لە باغی کۆییٚ .

گەردەنی لە بۆ من بمینیٚ بەو سوسنەکەی ساوا وەکی هەموو ئەوەل پاییز سەریٚ خۆردەردینی لەبن خەتۆکی جۆتی دونیٚ هێواریٚ نازدارکم دی ، نازدارەکی چەند سەر بەزێڕە

ئەگەر سەلامەکم دکرد لە بەژنی باریك و هەردوو چاو بە کل و کەپووی بە خەزێم و نێکی بەکەمبەر .

تەعجیبیم مابوو ئەو خانەوێرانە لۆ وەها رووی خۆی لەمن وەرگێڕا .

ئەگەر شام و حەرەب دووتای زولفانت قۆجە مووسرت سەبارەوێرا .

ئەگەر لە بۆت بە گەلاوێژان هەردەرێم و هەردەهات لە لای بێژنگ بەسەری چاوی مەحبووبەکەی من لە بۆ من بمینیٚ بەو ئەستێرەی جەددی ، هەردێتن لە پانایی گردی .

روومەتیٚ ئەو مەحبووبەکەی من لەبۆ من بمینیٚ بەو سۆرە گوریٚ لە باغی کۆییٚ.

لەگەر سبەینیٚ عەلێکی بەیانی، بلبلی مارویٚران سلاو لیٚ کردی .

<u>کیژ دەریٚ :</u>

نەعلەت لە بابیٚ ئەو کەسی وەکی بە نوێژی نیڕوانیٚ هاشا لە لە مەعشووقەی کردی .

# وەران

**کیژ دەرێ :**

**دایە سەرێ من دێشی ، درێ من بابان کۆرێ والێدا .**

**دایە بوارە مارەك لەبەر مارێمدا .**

**هەتیمەکی وەحشی نەفام و نەزان دەگە مارێدا .**

**دایە لە سێ باری نیوە شەوێ .. دەستەکی سارد و ناسکی مەمکی من دادا .**

**دایە هەر لە زگ بوو لە سیرەو گارە بدەم ! .**

**وەکی سەرێ خۆم برندکرد هێتیمە وەران بوو .**

**درێ من بابان کۆرێ قەد فتوای نەداوە .**

**دەرێ :**

**دایە مارویران وەران رۆی لۆ وراتێ غەریبیان شڕو شەپرزەو سەر بەتارەو لێو بەبارە کەس نیە لە عارو عەواری لاوێ من بپرسی .**

**هەر جاعێر و ناماقول بوو قۆز بابەکی لەولا ڕادێ لە بەژنەکی باریك و کەپوو بە خەزێم و نێکی بە کەمبەر دەپرسی .**

**دایە نازانی گەردەنم لۆ ئەو هەتیمە وەرانی بمینێ بەوێ عەدارەی بواران لە دەشتێ کاولە قەراج و مەخموران رادەکێشن لە تەشی ماخۆ مردە وورسی دایە بەژنم لۆ هەتیمە وەرانەی بمینێ بەو قورنگی گۆزەرو بواران خۆ داوێتە گۆل گۆلی نەسووندوسی .**

داك دەرێ :

کیژم مارویێران ئەمن لۆیێ پاییزم پێ خۆشە مەعەلی هەناران .
ئەگەر لەبن گێیێ من خۆش دێ دەنگی سارمە و بەروەجان دەگەر ریێژنەی ماخۆ مردە مەمك و گواران .
دایە هونەر لەوەی دانیە هێتیم کەچە ناکەس بەچە لە کۆرانان گەلە زۆرن بواران.

کیژ دەرێ :

دایە مارویێران ئەمن لۆیە پاییزم پێ خۆشە مەعەلی هەنجیرانە ئەگە لەبن گێ یانم خۆش دێ دەنگی تۆقان ، تەرەسمان ، لەگەر ریێژنە هەرامە زنجیران .
دایە خنس بەچەو ناکەس بەچە لە کۆرانان گەلە زۆرن .
هونەر لەوەێ ماچێ خۆ بستینی لە دۆتی میران .

کیژ دەرێ :

دایە سەرێ من دێشی ، دری من بابان کۆری بە کەوە .
ئەگەر لە چاوانم بڕاینە خەوەو کەوێ دەوسۆرم لێ دەبوو بە تاق و جۆت!
سووسکەی مارویێرانم لێ دەبوو بەڕەوە .
ڕەویان بەسەر کەپکە شاخان دادەبردەوە .
دایە دەمدیت بەژنەکی باریك راوەستابوو .
مەمکان وارام دەکردە عەمژن ، بازنیان دیناوە سەڕەوە دایە چەند خۆشە لاو وەکی لە سێ باری نیوە شەوێ دا دێتەوە .
دەست باوێتە سەر ملێ راستی دوو ماچان بکا لە گۆیێ مەمکان با ماچ بکا چاوی لە خەوێ دا .

**دەرێ :**

دایە مارویێران سەرێ من دێشی ، درێ من بابان کۆرێ بە بێرە .
لایەکی سینگێ خۆ لۆ هێتیمە وەران دەکەمە کویستانی نەفڕاشی لەبن دابنیشن ئاغە و ئاغەوات و گەلی جوامێران لایێ دیکە لۆ هێتیمە وەران دەکەمە گەرمێن و نەگەرمەستێر لەبن دابنیشن پارە و پشت و کێش گەلی شەنەدێران .

# بەستە

هاتنە خوارێ چاو بەرەکە ناسکۆلە و برباس و لەکە .
هاتنە خوارێ چاو بە بەرەکە ناسکۆلە و سییان و لەکە .
سێ کیژ هەبوون لەو گەڕەکە دووانیان بەشەو و بەئەمەکە
سێ کیژ هەبوون لەو گەڕەکە دووانیان جوان و بەئەمەکە
سەرپشکی هەموویان لەکە، ئیتر چیت لەمن گەرەکە .

مەخمور رێ یێ سولتان عەولایە
خوایە مەخمور ئاواکەی رێی یێ سوڵتان عەولایە

ئەو هەناسەی هەڵدێنم وەك بلبول دەچرکێنم .
شەکوای بۆ لای کێ بینم؟ یارم لێ ی بەجێ مایە .
لەسەر ڕای تەموو تۆزە شەدەی لە ملی ئاڵۆزە .
ناوێرم ماچی بکەم لەو خاڵ و لەو خاڵۆزە .
ناوێرم ماچی بکەم ئەو خاڵۆزە و ئامۆزە .

مەخمور بە گوڵ و بەگیایە پەرچەم زەردی تێدایە
خوایە مەخمور بمێنێ یارم لێ ی بەجێ مایە .

سەرم گەلەك دەئێشی دەردی لە درم بەبرینە .
یارێکم تازە گرتوە ئەویش ناسکە ئامینە .
ئاگارداری بالآی بێ ، شا موحەمەدی مەدینە .
دوو مەمی سێوەی رووستە ، پەرچەمی چین بەچینە .

مەخمور بە گوڵ و بەگیایە رێیێ سوڵتان عەولایە
خوایە مەخمور ئاوبێ پەرچەم زەردی تێدایە .

مەخمورم دەشتی پانە دانیشتی دزەیی یانە .
فەقێ مەرکی ، شێروانە فەقێ مەرکی و شێروانە .
شێروانی و ناو کوردانە جێی برباس و مەمووندانە .
سێ رۆژە دوورم لە تۆ یارم هەر بە تەمایە .
سێ رۆژە قەولم دایتێ چاوجوان هەر بەتەمایە .

مەخمور بە گوڵ و بەگیایە پەرچەم زەردی تێدایە
خوایە مەخمور بمێنێ ڕێ یێ سولتان عەولایە

# توورگە

توورگە توورگە هێ برام لەبەر توورگی شین .
کەس ناوێرن لۆی بچی بوویتە گورگی دەو بەخین .

تەها رەشکەی عەوێنە توورگی گرت بە پشدێنە .
سەکباب دەبیخنکێنە !
لەولا رادێ سولتانە ، چارۆگەی لەسەر شانە بە توورگی کرد جۆلانە .
مام رەسووکەی لە دێ یە، کارك و گۆرییەی لە پێیە .
دوو گوجیلەی پووزەی پێ یە، دەرێ توورگ لە کێیە .
توورگ خودا بتگری، ڕێ یێ بارك دەگری لۆ کنحاجی قادری .
حاجی قادر قەلەندەر ، چاوی یە توورگی دەکەت سەد مەڕی دا لە دەفتەر نەکو توورگ بێتەدەر .
هێ برام لە بابی غوربت کاکە لە بابی غوربەت .
چاوی بە توورگی دەکەت حەفت رۆژان ناوکی دەکەت .
حمە دەرێ ئەی فاتم بە پێش قەرات داهاتم .
تووشی دوو تورگان هاتم بە پێ ی ماینی هەراتم .
بەسێ دەرێ قەدکەسێ بەس بکە هووردە فسێ پیاو لە توروگان ناترسێ ؟
بەسێ دەرێ ئەی حەووا، لە دیوانێ وەرەوە .
لە دیار کۆزێ وەرکەوە .
دەست بکە ئەو دوو دەوە .
لەگەر تاژیان بڕەوە .

لەگەر سەیان بحەوە .
ئەلعان توورگ دێتەوە .
سوندی دەخۆم بە کابە ئەو حاجییەی لێرە لابە .
سوندی دەخۆم بە کابە توورگ مریشکێمە نابە .
توورگ واهاتوو چوە هەریاندا بەر رمبازان .
خۆی لە کولانکان ئاواکرد چوە خانێی کۆتر و قازان .
هاتیە عەزیز وسوە لە دەستی دەستەن دووە .
ئەی توورگ کێوە چووە، چاوی بە توورگی دەکەت ..
رانکی پڕ کرد لە گوە .
حەمەد مێردی رەیحانیٚ کیری وەك پیشەقانیٚ .
غاریدا ناو گاڕانیٚ جاشکی دینا سەیرانیٚ .
توورگە توورگە هیٚ برام لەبەر توورگی شین .
کەس ناوێرن لۆی بچی بوویتە گورگی دەو بەخین .
توورگ توورگی عەزەیە ددان دەریٚ ی شەلفەیە دای لە حەمە ئاغایە .
حەمە ئاغایە .
حەمە ئاغای شێخ شەروانی خۆی دەنا لە دووڕ خانی .
دای دوو کاوڕبەرانی دەیدا مەلا عوسمانی .
نوشتیەکی لەبۆ بکا بەس توورگ پیٚ ی نەزانی .
لە پیرداودی بەڕیٚ کەوت لە دوو سەرەی لادایە .
لایـدا حـوجرەی فـەقێیان قەمتـەرە پێوەدرایـە هاتـە دیـوانی گـەورە کوزەندەقیان رژایە .
قەمتەریان پێوەدایە لاسکی کەویٚ ی دڕایە .
بە قاندرمان هەرگەڕا دۆخینی لیٚ پسایە .

هـێ بـرام لەبـەر تـوورگی شـین دونیـای لـە زەواق نایـە ، عالـەم لـە دووی هەستایە .

هاتیە رەسوول مام شێخە دوو بەردی لە گونی بێخە .

شیرو هۆری پێ بێخە جێی لۆ توورگان رابێخە .

## فەرهەنگۆك

زکەند : ئازی کەند ، گوندێکە کەوتۆتە بن چیای قەرەچووغ .

ئەبێن : ئەڵێن .

ئۆدە : ژوور .

بەنجیلێ : ئافرەت لە کاتی کەزی خۆیان ئەهوونەوە دوایی بە هۆی داوێکی باریك لێکیان ئەبەستێتەوە .

پیچەك : کەمێك .

تاولا : رەشماڵ .

تووتك : گوجیلە .

حسینی : یەزیدی بە موسلمان دەڵێن حسێنی .

عارەب ئاغا : ئاغای گەردیان بووە باپیری کاکل شێخ محمد عارەبە .

دایمەن مدام : هەموو کات .

درکە و حاجیاران : دوو گوندن لە ناوچەی قەراج .

سارمە : تڤەنگی ساچمە بۆ راوو بەرکار دەهێنرێ .

سەرترنج : شترنج .

سییان : هۆزێکن لە کەندیناوە نیشتەجێن .

شارو : مەبەستی باڵندە شاهۆیە .

شێخی تەیان : شێخ علی سارایە خاڵی کولك کە قارەمانێکی داستانی کوردە .

شێخ هاوار : سەرۆکی هۆزی الگائی ، باپیرەی شێخ حەنەش مەحمود هاوارە .

سۆربەش : ئەو ئاسکەیە کە هەموو لەشی سۆرە بەڵام نێوچەوانی سپی یە .

شاخ دار : کێوی .

شەتی مراد : مەبەست مرادصۆ ، دجلە .

شێروان : هۆزێکن لە کەندیناوە نیشتەجێن .

قەوی : زۆر .

کەپوو : لووت ، دفن .

کوم : چۆن .

کەرمردی : گوندێکە لە قەراج .

کۆران : کۆڵان .

گەف : هەڕەشە .

لانک : بێشکە .

محمد رشاد : محمدڕشن ، محمدە ڕەش پیاوچاکێکی یەزیدی بوو .

میری سەربڕ : جەللاد .

میللی و گەرگەر : دوو هۆزی کوردن .

مەلابەکر : حاجی مەلا بکر ئاغای شاعیرە نازناوی قاصدە .

هەنی : نێوچەوان .

هەرانم : هەڵاتم .


لاوك..
حەیران..
هۆنراوەی میللی
لە فۆلكلۆری كوردیدا
ئەسعەد عەدۆ

# لاوك و حەیران و
# هۆنراوەی میللی
## لە فۆلكلۆری كوردیدا

ناوی کتێب :   لاوك و حەیران و هۆنراوەی میللی لە فۆلکلۆری کوردیدا
بابەت :   فۆلکلۆر
نووسەر :   ئەسعەد عەدۆ
تیراژ :   (١٠٠٠)دانە
چاپ :   چاپخانەی (چوارچرا)
نەخشەسازی :   کۆمپیوتەری (هیوا)
وێنەی بەرگ :   ئەبوبەکر بێتواتەیی
پەخشی :   بڵاوکراوەکانی نواڵەی نویێ زنجیرە (٥٩)

لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (٧٦٨) ساڵی ٢٠٠٦ دراوەتێ

لەسەر ئەرکی سەنتەری رۆشنبیری بەهرە
بەچاپ گەیاندراوە

پێشکێشە بە :

ئەو جوامێرانە کە لە تەمەنی پایزیاندا جارێکی دیکە قەقنەس ئاسا لە خۆڵەمێشی عیشقێکی کۆندا بۆ عیشقێکی جحێڵانە نوێ دەبنەوە .

ئەسعەد

# به پێویستی دەزانم

**خوێنەری بەڕێز..**

زوو زوو گلەیم لەو مامۆستاو ڕۆشنبیرانە دەکرد کە چەندان باسو لێکۆڵینەوەو موحازەراتی خۆیان لە دوای ئەوەی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان بڵاودەکردەوە لە دوو تۆی کتێبێکدا دووبارە بڵاویان دەکردەوە ، بەڵام لە دوای ئەوەی کەمە شارەزاییەکم لە ئەدەبو ڕۆشنبیریدا پەیداکرد وادەزانم کارەکەیان سوودێکی بۆ دواڕۆژ هەیە هیچ نەبێ سەرچاوەکان بۆ لێکۆڵەرەوە لە یەك شوێندا کۆدەبێتەوە ئەمەیش باردەستێکە بۆ زانایان و ڕۆشنبیران ! منیش کورد گوتەنی (وەکو کوردی دۆ نەدیتیە) لەو ڕۆژەیەوە کە هەستم بەخۆم کرد کە لە قۆناغی کۆکردنەوەدا هەنگاوێك – ئەگەر لێم زوویر نەبن – بەرەو پێش چووم خۆم بە بەختەوەر دەزانم دەربارەی لێدوان – ئەگەر سڵ نەبن دەڵێم لێکۆڵینەوە – لەسەر لاوك و حەیران بەم نامیلکەیە بێمە مەیدانی ئەو بەڕێزانە کە هەمیشە سەرزەنیشتیم دەکەن دەڵێن : (تۆ لە قەوقەعی فۆلکلۆری کوردیدا دەربازت نەبووەو ناوی فۆلکلۆریستانی بێگانە ئەزبەر ناکەیت !! منیش هەموو جارێك وەڵامیان دەدەمەوەو دەڵێم : (برالەینە .. ئەمن وای بۆ چوومەو هەروایش دەزانم کە پێویستە لە کەندێناوەدا پێدابچم ، خۆ ئەگەر ناوی حەیرانبێژو لاوکبێژانی خۆمان نەزانم چۆن دەبێ یا زارم چۆن هەڵدەگرێ ناوە عەنتیکەکان ئەزبەر بکەم – بێ پێکەنین – گەلی خوشك و برایان .. بڕواتان هەبێ ڕێزێکی یەکجار زۆرم هەیە بۆ زانایانی فۆلکلۆری خۆمان و جیهان ، بەڵام لەو چەند ساڵەی دوایدا بۆ یەکەمجار کتێبی العهد القدیمی ، جیمس فریزەرم خوێندەوە ، وەك بڵێی مامزی دایکم هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی لە ناو کتێبەکەدا بەرامبەرم دانیشتووە

ئامۆژگاریەکانی زەمانی منداڵیم بۆ دووبارە دەکاتەوە کاتێ دەیوت : کوڕم ئەسعەدە لە سەر کۆسپەی دەرگا دامەنیشە ! بەشەو ئەگەر ئاوت ڕژاند ئەوە دەبێ بسم الله بکەیت ، تفکردن یان میز بە ئاگر داکردن ئەوە هەر کوفرە.... هتد .

خۆباسی کتێبەکەی لیڤی شتراوس ناکەم کە لەم دوایەدا کرا بە عەرەبی الاسطورة والمعنی کە خوێندمەوە تێیدا نووسرا بوو هەندێك میللەت هەن کە خێزانەکانیان سك پڕ بن لەکاتی نوستندا نابێ خۆیان هەڵگێڕو وەرگێڕ بکەن ! براڵەینە .. سەرەڕای ئەوەی سێ منداڵم هەیەو خێزانەکەم بێ ئەوەی لیڤی بناسێ هەڵدەستێتەوە سەرسمتی ئینجا خۆی وەردەگێڕێ ! ئازیزانم پلکە خەجە کەلەی قورشاغلو لەوکارانەدا پسپۆڕ بوو .. دەگێڕنەوە : گوایە عومەری برام لە حەوت مانگیدا هەر لە سکی دایکمدا ڕیخۆڵەی لەملی ئاڵابوو خەجە کەلەی خۆمانیش بە دووگردو بێژینگ و گەلێ شتی تر عومەری دەربازکردو هەروا داکیشم[1] هەزار ڕەحمەت لە گۆڕت فۆلکلۆریستی قورشاغلو دەمەوێ لێرەدا باسی یەکەمی ئەم نامیلکەیە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (١١٦) بڵاوکراوەتەوەو دووەمیش لە ژمارەی (١١٠) هەمان گۆڤارو ئەوی تریان لە گۆڤاری نووسەری کورد ژمارە (٢) خولی سێیەم بڵاوکراوەتەوە .

**ئەسعەد عەدۆ**

(1) لیرەیەك لە گەنجینەی نەتەوەی کورد ، ئەسعەد عەدۆ ١٩٨٤ ل٧.

بە ناوی خودا

# بۆ مێژوو دەیڵێم ...

هوشیار نوری لەك*

نەتــەوەی كــورد گــەلی پیــاوی میرخــاس و مــەردو جــوامێری لێهەڵكــەوتووە ، هەریەكەیان لەبواری خۆی ئەسپی خۆی تاوداوەو شاسواری مەیدانەكە بوونـە ، گــەلیٚ نــاو هــەن و ســەرقافلەی كاروانەكــەن و ناویــان بەدرەوشــاوەیی دیــارەو كەوتونەتە بەر دیدەو دڵی جەماوەر .

هەڵبەتـە یـەكێك لـەو كەسـە دیارو بەرچاوانە خاڵە ئەسعەد عەدۆیە ، كە مـن بـە كوێخـایی فۆلكلـۆر نـاوی دەبـەم نـاوبراو لـە هەرسـیٚ بـواری بیـستن ، بیـنین ، نووسـین ڕۆڵـی بینیـوە ، لـەبواری فۆلكلۆریـدا هەگبـەی پـڕاو پـڕەو توانیویـەتی بـوونی خـۆی بـسەلمێنیٚ و ڕكێفـی خـۆی تاوبـدات ، خـودان چـەند كتێبێكـی فۆلكلۆریە ، جگە لەوەی بەرنامـەی لەكەلـەپوورەوە ، كە بـەر لـە ڕاپـەڕین ئامـادەو پێشكەشی دەكـرد لـە (tv) كـەركوك كـە ئەوسـا شۆڕشـێكی مـەزنی ڕاگەیانـدن و خزمەتكردن بوو بە كەلەپووری نەتەوەكەمان .

خاڵـە ئەسـعەد دوای ڕاپـەڕینیش بـەجۆرێكی تـر ئاوێتـەی ڕاگەیانـدن بـۆوە، بـەڵام بەهۆی شـەڕی نەگریسـی ناوەخۆ دە ساڵی ڕەبەق لـە ئاوارەیی و هانـدەران ژیـانی بەسەر بردووە، هەڵبەتە لە وڵاتی هۆڵەندا ش دەستە وەستان دانەنیشتبوو، هـەر بـەیادی ئێـرە ژیـاوەو ڕەسـەنایەتی بـاب و باپیرانی پـەرە پێـداوە، سـاڵێك زیـاترە گەڕاوەتەوە كوردستـانی دایك و دووبارە قۆڵی مەردایـەتی لـیٚ هـەڵكردووە، بـەڵام بـۆ مێـژوو دەیڵـێم ئێمـە یەكـەم كـەس بـووین لـەدوای گەڕانـەوەی لەبەرنامـەی

گەنجینەی مەتەڵ لە (tv) دیمانەمان لەگەڵ ساز کرد. هەروەها گۆڤاری نواڵەی نوێش یەکەم گۆڤار بوو چاوپێکەوتنی لە گەڵ ئەنجامدا ، ئێستاش نواڵەی نوێ و سەنتەری ڕۆشنبیری بەهرە یەکەم شوێنە دوای هاتنەوەی کتێبی بۆ چاپ دەکات .

خاڵە ئەسعەد عەدۆ چی بۆ بکرێت هەر کەمە ، چونکە کەسێکە خزمەتێکی بێوچانی میللەتەکەمانی کردووە لە بواری ڕەسەنایەتی و فۆلکلۆری نەتەوەکەمان .

بە ئومێدین هەر بەردەوام بێ لە بوارە گرنگ و پڕ بەخششەکەی ، بەهیواین ئەم کتێبەش کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند بکات و دیدەتان ڕۆشەن بکات .

*** سەرۆکی سەنتەری ڕۆشنبیری بەهرە**

# ئافرەت و دڵداری لەدوو لاوکدا

دەمێکە وتوومە : هەرچەندە بە بەژن و باڵای فۆلکلۆردا هەڵبڵێین زیاتری دەوێ چونکە هەویرەکەی ئاوکێشە[1] وا ئەمجارەش بەرئاگردانێکی کوردەواری ساز دەکەین بۆ ئەوەی یادێکی ئەو داب و نەریتە کۆنەی نەتەوەکەمان بکەینەوەو کەمێکیش بۆ چاوخشاندن بە مێژووی نەتەوەکەمان گەلێ شێواو ئالۆزە ئەمەیش چەندان هۆی تایبەتی خۆی هەیەو لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە ئەگەر ئەدەبی فۆلکلۆر سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی ئەدەبی ئێستامان بێ ئەوە بێگومان دەڵێم : داستان و سەربردەکانی فۆلکلۆر لە دوای تەتلەکردن و شیکردنەوەی لەلایەن پسپۆڕانی نەتەوەکەمان دەبێتە بەردی بناغەی نووسینەوەی مێژوومان هەرچەندە مەسەلەی سەردەم لە زنجیرەی مێژوودا بایەخی پێنادرێت بەڵکو بە ڕووداوەکانی سەردەمی گەلێك پێشتر پشت دەبەستێ هەروەها ئەو کەسانەی مەبەستی تۆمارکردن و ساغ کردنەوەی بابەتی فۆلکلۆرن لە زۆر جێگادا تووشی بەرەنگاربوونی فۆلکلۆرو مێژوو دەبن.. جارێك یەکەمیان خۆی لە گێژاوی دووەمیان حەشار دەداو جارێکیان دووەمیان بەزرنگی کابانەکەی لە کاتی دانوئاوێردا خۆی دەرباز دەکات و بە ڕێچکەی تایبەتی خۆی وەگەڵ ڕەوێ دەکەوێ هەندێکجار ئەگەر لەبەر تاموچێژی بە لەزەتی بێ یان لە بەر کارەساتی دڵتەزێن بێ هیچ لێك جیا نابنەوە بەڵکو زیاتر پاڵ بەیەکتر دەدەن) لاوك یان ستران بە هەردوو جۆری سەرەکیەوە واتە قارەمانێتی و ئەڤینییەکەی داستانێکە لە شێوەی هۆنراوە .. ئەو دوو داستانەیش واتە لاوکی دەروێشی عەبدی و بەهارا سمۆ باسی ڕووداوێکی ڕابردووی ئەم نەتەوەیەمان بە چەندان وێنە بۆ دەگێڕێتەوە هەرچەندە پاڵەوانەکانی ئەو دوو لاوکە ڕۆڵەی کوردن و داستانەکە لەخاکی کوردستاندا

---

(1) ئەم دوو دەقە لە زاری هونەرمەند عوسمان هەمەوەند وەرگرتووە.

ڕوویـداوە، بـەڵام مەبەسـت لـە بـەراوردکردن و هێنانـەوەی ئـەم دوو لاوکـە ئەوەیـە کە بەشێوەو ناوەڕۆك زۆر لێك نـزیکن لـە لاوکـی یەکەمـدا واتـە دەروێشی عەبـدی ئافرەتەکە کچی سەرۆك عاشیرەتێکی ئاین ئیسلامەو پیاوەکەش ڕێنجبەرێکی[1] نێومـاڵی بـاوکی کـچەکەیەو ئێزیـدی ئاینـە کەچـی بـە پێـچەوانە لـەلاوکی بـەهارا سمۆ ئافرەتەکـە ئێزیدیـەو خێزانـی سـەرۆك عاشـیرەتێکەو پیاوەکـەیش سـەرۆك عاشیرەتەو ئیسلام ئاینە سەرەڕای وەفاداری و سوارچاکی پاڵەوانـەکان هـەروەها چـەند لێکـچوونی وێنــەی شـیعری لاوکـەکان.بەرلــەوەی باســی ئــەم خاڵانــەی سـەرەوە بکـەین و ڕای تایبـەتی خـۆم دەربـڕم .. بفـەرموون بـۆ کەمـە شـارەزاییەك لەهەردوو دەقەکان .

---

([1]) لەهەندێك سـەربردەی تـردا گوایـە دەروێشـی عەبـدی لـە ناوبـانگی جوانـی عـەدلێ چوەتـە ناوچەکەیان و بووە بە ڕێنجبەری نێوماڵیان بۆ نموونە مامۆستا ئۆردیخان دەڵێ : شوان بووە .

# سەربردەی لاوکی دەرویشی عەبدی

تەمر پاشای کوڕی ئەیوب[١] سەرۆکی عەشیرەتی میللی لە بنەماڵەیەکی خانەدانی کورد[٢] لەدایك بووەو پیاوێکی ناودارو خاوەن دەسەلاتی دواچارەگی سەدەی هەژدە بووە بەر لەوەی تەمر پاشا[٣] ببێتە سەرۆکی مییللیەکان چەندان پلەوپایەی بەرزی لە ئەستەمبوڵ بینیوە جێگاو شوێنی تایبەتی خۆی لە نێو پیاو ماقوڵانی داورەدەستەی عوسمانیەکاندا هەبووە کەچی هەردەم خۆی بەدەست بەسەر هاتۆتە بەرچاو .. بۆیە لە کاتوساتی خۆیداو بەنهێنی پایتەختی ئالی عوسمانی جێ دەهێڵێ و بەرەو ناوچەی میللیەکان دەکەوێتە ڕێ .. لە ئەنجامدا لەبەر لێهاتوویی و زێدە زیرەکی لەساڵی (١٧٨٠ز) بە سەرۆکی عەشیرەتی میللی هەڵدەبژێردرێت تەمر پاشا لە سەرەتادا هەوڵی یەکگرتنی میللی و عەشیرەتە کوردەکانی دەوروبەری ناوچەکەیان دەدات وەك بڵێی یەکێتی عەشایری میللی بە سەرۆکایەتی خۆی پێك دێنێ ئینجا لەشکرێکی ڕێکوپێك و چەکداری باش دادەمەزرێنێ بەو هەوڵدانەو بۆچوونانەی دەتوانێ دەسەلاتی خۆی بەسەر ناوچەکەو دەوروبەریدا بکێشێ .. تا گەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی کە والی حەلەب و دیاربەکر و وان حسابی بۆ بکەن و ملکەچی داخوازیەکانی بن لەو کاتەی مەترسی ئەو پاشایە گەیشتە عەرشی

---

(1) ئەوەندەی من بیزانم لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژووییدا نێوی باوکی تەمر پاشا نەهاتووە جگە لەم دەقەی بەردەستتان .

(2) لە قسەی لۆنگریك وادەردەکەوێ تەمر پاشا میللی نەبووە .

(3) ئەم برایم پاشایە ئەو برایم پاشایە نیە لەچارەگی ئەم سەدەیە بووەتە سوپای حمیدییە چونکە لە کتێبەکەی مامۆستا ئۆردیخاندا هاتووە : تەمر پاشا دوو منداڵی هەبووە عەدلێ و برایم نەوەی ئەم برایم پاشایە نێوی خلیل بەگ بووەو تا ساڵی ١٩٤٧ لە ژیاندا ماوە ئەمەیان بەداخەوە لەڕاستی بەدەرە چونکە ئەو برایم پاشایەی ئێمە لە دوای ساڵی ١٧٩١ بووەتە سەرۆکی میللی .

ئەستەمبۆڵ کاربەدەستان کەوتنە پیلان دانان و هەڵکردنی ئاگری دووبەرەکی لە نێو عەشایری کورددا سەرەڕای ئامادەکردنی سوپایەکی یەکجار زۆر لەساڵی (١٧٩٠ز)دا ، بە سەرکردایەتی سلێمان پاشای گەورەی والی بەغداو هێرش بردنی بۆسەر میللیەکان تەمر پاشاش نەیتوانی بەرەنگاری ئەو هێرشە دڕندەیە بێت لەئەنجامدا بەدیلی بردرایە ئەستەمبۆڵ سلێمان پاشای گەورە بەو هێرشەی توانی عەشایری میللیەکانی سەرکوت بکات و ئاگری ڕاپەڕین لەناوچەکەدا بکوژێنێتەوە دوای ئەوەی تەمر پاشا بردرایە پایتەخت برایم[1] پاشای برای بوو بەسەرۆکی میللی لە دوای چەند ساڵێك تەمر پاشا لەگەڵ عوسمانیەکان ئاشت بۆتەوەو لەساڵی (١٨٠٠ز دا ، بووە بە والی ئورفە ئینجا لەساڵی لەساڵی (١٨٠٣ز) دا ، کراوە بە والی سیواس لێرەدا سەروشوێنی ئەو پاشا ناودارە بزردەبێ هەر لەو ماوەیەدا برایم پاشای برایشی دەکوژرێ و ئەیوبی کوڕی تەمر پاشا دەبێتە سەرۆکی میللی تەمر پاشا نەك لەناو کوردەواری خۆماندا ناوبانگی دەرکردووە بەڵکو لە نێو عوربانی سێگۆشەی تورکیا سوریا عێراقیشدا سەرەڕای ئەوەیش هەردەم بەخۆزگەی خزمەتکردنی خەڵکی ناوچەو دەوروبەرەکەی[2] بووەو دەرگای بۆ هەموو مرۆڤێك والا کردۆتەوە دیوەخانە ئەفسوناویەکەی بووەتە مەڵبەندی ڕۆشنبیری و[3] چارەسەرکردنی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی تەمر پاشا دوو منداڵی لە پاش بەجێماوە.. کوڕەکەی بە نێوی باوکی خۆی کردۆتەوە واتە ئەیوب کچەکەیشی

---

(1) لەدەقی سەیدا مستەفا بامەڕنیدا نێوی کوڕی تەمر پاشا ئەیوبە ئەمەیش بەگەڵەیەکی ترە هەروەها لۆنگریك دەڵێ نێوی ئەیوبە .

(2) ئێزدی بەشێك لە یەکێتی عەشایری میللی بۆیە ئەو چەند عەشیرەتە لە ژێر دەسەلاتی تەمر پاشا بوون هەموویان بەمیللی لە قەڵەم دەدران .

(3) کاتێ شاعیری میللی عەرەب عبدالله الفاضل لە نەخۆشیەکەیدا چاك بۆتەوە.. بوە بە قاوەچی دیوەخانی پاشا تەمر پاشایش زۆر ڕێزی گرتووە چونکە ناوبانگی ئەو شاعیرەی بیستبوو هەروەها خۆی حەزی لە شیعرەکانی دەکرد بۆیە لە دوایدا خانوێکی لە حماه بۆ دەکڕێ و ژنێکی شارستانی بۆ هێناوە سەربردەی ئەم شاعیرەش بە تەمسیل لە ژێر ناونیشانی ساری العبدالله لە لایەن سوریەکان تۆمارکراوە.

نێوی عەدلەخان .

عەدلێ[1] بووە عەدلە خاتوون کچێکی نەشمیلانەی باڵابەرزو نەونەمامێکی زۆر جوان بووەو عیشقی جحێڵێکی سوارچاك و شەڕکەرێکی ئازاو بەناوبانگی میللیەکان دەبێ[2] کە نێوی دەروێشی شێخ عەبدی ئێزیدیە شێخ عەبدی بەخۆی و بۆزانی برای پیاوی نێو ماڵی تەمر پاشا بوون عەبدی دوو کوڕی هەبووە .. گەورەکەیان نێوی دەروێش و ئەویتریش سەعدون – سەعدۆ کاتێ دڵداری عەدلە خانێ کچی تەمر پاشاو دەروێشی عەڤدی شەڕکەری بە نێوبانگی پاشا دەبێتە قسەو گفتوگۆی دیوەخان و سەرجۆخین و سێبەری بن دیوارەکان و ژێر ڕەشماڵی ئەو کوردەواریەی دوورونزیك پاشاو کەسوکاری دەکەونە هەوڵدان بۆ لە نێوبردنی دەروێش بەلام لە ئەنجامدا بۆ ئەوەی خوێن نەکەوێتە نێو میللیەکان .. پاشا بڕیاری دەرکردنی بنەماڵەی شێخ عەڤدی دەردەکا[3] ئەوانیش واتە براکەی و منداڵەکانیان ماڵیان باردەکەن و هەواریان لە (عودێ بنی بەڕیێ) [4] هەڵدەدەن ماوەیەك لە دوای دەرکردنی ماڵی شێخ عەڤدی قەففاری کوڕی عەجیل[5] سەرۆکی عەدیان و گێسیان) [6] بەمەبەستی خەرج

---

([1]) شێخ عەبدی و بۆزان برابوون و شێخ عەبدیش دوو کوڕی هەبووە دەروێش و سەعدون ..

([2]) لەم دەقەدا بۆمان دەردەکەوێ کە دەروێش چۆن لە نێو چووە چەند ڕایەکی تر هەن گوایە برای عەدلێ یان ئامۆزای عەدلێ کوشتویانە هەرچەندە عەدلێ لە بەندێکدا دەڵێ : ئەیوب و باوکم لەگەڵ تۆ خایەنن ڕای من ئەوانە هەوڵیان داوە بۆ کوشتنی بەلام سەرنەکەوتوون.

([3]) کاتێ بنەماڵەیان دەردەکرێ ئەم دابونەریتەش لەنێو عەرەبدا پێی دەڵێن خلع هەندێك پێویستی ژیانیان دەدرێتێ وەکو مەڕو حوشترو ڕەشماڵ .

([4]) بەدەشتایی جزیرە دەگوترێ.

([5]) لە دەقی مامۆستا ئۆردیخاندا عەجیل ئیبراهیم ملووکی سەرۆك عەشیرەتەو حەفار ئالا هەڵگری عەشیرەتی گێسیانە بەلام لێرەدا حەففار کوڕی عەجیلەو سەرۆك عەشیرەتەو بەڕای من ئەو دوو کەسەی مامۆستا هەر یەك کەسە.

([6]) عەدیان و گیسیان عدوان و جیس دوو عەشیرەتی عەرەبن هەرچەندە مامۆستای بەڕێزم محەمەدی مەلا عبدالکریم عدوان ی ، بە دوژمن داناوە ! کەچی عدوان نێوی عەشیرەتەکەیەو بەشێکن لە عنزە.

وەرگرتن یان بردنی خاتوو عەدلێ هێرشی هێناوەتە سەر میللیەکان – ئەمجۆرە هێرشانەیش لە مێژووی فۆلکلۆری نەتەوەکەماندا زۆرە ئەگەر بێت و عەشیرەتی هێرش لە سەرکراو توانای بەرەنگارکردنی هەبوایە ئەوە چارەی خۆیان پێدەکرا ئەگەرنا دەبوایە سەرانە یا کچ یا پارە یا هەر داخوازیەکی تر بۆیان جێ بەجێ بکرابوایە – ئەم هێرشەی قەفقاریش لەمجۆرە هێرشە بوە کاتێ قاسیدی قەففار دەگاتە دیوەخانی تەمر پاشا ئەو هەواڵە دڵتەزێنەیان پێدەگا .. ترس دایان دەگرێ چونکە قەففار پیاوێکی ئازاو سوارچاکی بە ناوبانگی هەبووە سەرەڕای زۆری لەشکری هێرش کێش پاشا لەوە دڵنیا بووە کە توانای بەرەنگاربوونی نیە ! هەرچەندە ڕیش سپیەکانی میللی داوای لێدەکەن بە دوای دەروێشی عەڤدیدا بنێرێ .. بەڵام چۆن کاری وادەکا ؟! هەر دوێنێ نەبوو ئەوانە داوایان لێدەکرد دەروێش شار وەدەرنێ ئەم هەواڵە جەرگبڕە بە خاتوو عەدلێ گەیشت ئەو لاچەك بەسەرەیش کە هەستیکرد عەشیرەتەکەو بنەماڵەکەیان لە مەترسیدایە.. هاتە ناو دیوەخانی باوکی و گوتی : پاشا ئەگەر بە خۆت شەرمە بە دوای دەروێشی عەبدی بنێری نەوەك بەقسەت نەکا ! چونکە شاروەدەرت کردووە ، ئیجازە بفەرموو من بە دوای دەنێرم چونکە دەستوری دەروێش لە مەیدان دیار نەبێ قەففار وێرانمان دەکاو ناموسی ئافرەتانی میللی بە ئەستوندی ڕەشماڵان وەدەکا ! لە هەمان شەودا عەدلەخان قاسیدی ناردۆتە تیری بنی بەڕیێ و دەڵێ : " بە دەروێشی بڵێ .. کەزیێ عەدلێ لە کلکی وڵاخی قەففاری عەجیل دەبەسترێ ئەگەر نەگەڕێتەوە! " کاتێ ئەم هەواڵە گەیشتە دەروێشی عەبدی هەرچەندە باوك و مامەی دەڵێن : " ئەوە ڕاست نیە بەڵکو فێڵێکە بۆ لەنێوبردنت " نەخێر دەروێش گوێ بەو قسانە نەداو ئەسبابی خۆی دەبەرکردو لە عودێ بنی بەڕیێ بەرەو هۆبەو هەواری میللی هاتەخوار .. لەوکاتەی دەروێش گەیشتە هەواری میللیان تەمر پاشا بەخۆی و خەڵکەکە پێشوازێکی گەرمیان کردو خاتوو عەدلێش لە بەرزاییەکەوە وتی : " دلی منێ دخوازی قومەکی ئاوێ ل ئاوێ کانیێ ئەوی سەری تۆ ناچمە عامودا[1] سەری

---

[1] عامودا ، ناحیەیەکە لە سوریا دانیشتوانەکانی کوردن.

قۆریێ عودێ بنی بەرپیێ جزیرێ بۆتان گەلە خۆشە برەکی بنەمالاتی عدیان و گیسوان و شەمەرانی[1] ئەوا دێ تۆ دەبمە خولامی سەرو سواری دەرویشا شێ عەبدی لاوکی سندیان سواری هدمانی[2] عەگیدی ئێزیدیان گەلە شیرینە بەرەو مالی بابی من دێ تۆ " کاتێ عەدلەخان لە بەندی خۆی تەواوبوو دەرویشی عەبدی لێی هاتە پێشەوەو گوتی : عەدلێ هاواری خودێ دکەم خودێ ب منی مالەکا زۆری دنێ ل توو ناوێ ، ل توو دوێ دین و ئیمان ، ژنەکا جوان ، بەژنوبالای عەدلەخان ، ماینەك دزێ ، شیرەك شا مسر ، رمەك نسیری ، زرێیەك داودی ، خەنجەرەك حافزبەگی ، کۆنەك رەشی عارەبی، مێکوتەك بەیبوون ل داری دار بناوێ ، فەسلی بواران ئەوەل مانگی نیسانێ ئەوی کۆنم هەر بدابوایە ل بن چیایێ عبدالعزیزی روی کۆنێم بدابوایە دۆری نەمروودێ ، پشتی کۆنێم بدابوایە شاری دیاربەکرو ماردین و سیعرت و زەقناوێ دەستی عەدلەخانێم بگرتایێ کەچکی تەمرخان پاشا میری مللان خوشکی ئەیوبی گەلە خۆش بوو ، دەمگۆ وەرە عەدلێ سبیانان پێکەوە بچینە ناوێ .

دوا بە دوای ئەو گفتوگۆیە بەسۆزەی نێوان دەرویش و عەدلێ تەمر پاشا بەخۆی و ئەیوبی کوری و عەدلێی کچی .. دەرویشیان هێنایە دیوەخان لە نزیك خۆی داینا ئەوجا پاشا بە عەدلێی گووت : هەڵسە قاوە بگێرەو هەر کەسێ دەیەوێ لەگەڵ دەرویشی عەبدی بچێتە مەیدان با فنجانی قاوەی دەستت وەربگرێ ! کاتێ عەدلەخان بەخۆی و فنجانی قاوەی دەستی گەیشتە بەردەم دەرویشی ، سۆزی عیشق تاویداو گوتی : کورۆ دەرویشۆ سبیانە گەلە گەلە زویدە ، توخوا ئەتوو وەرە رابە گاوەکی وەرە مالی مە دانیشە ، شالەکی سپی ل سەرێ خۆ گرێدە گەلی خانمان و خانزادان چاوێ خۆ باوێنە سەرداری دوربینی دەرویشی شێ عەبدی دێتەوە ل خانیێ بنی بەرپیێ ل گەل کۆمەلەکی خولام و خزمەتکاران ل من وایە شێخەکی کامیلە ل گەل خۆی هینایە دوازدە

---

(1) واتە عەشیرەتی الشمر ی ، عەرەب

(2) هدمانی ، هدبان ، ناوی ولاخە

دەروێش و سێزدە مریدە پاشی چاوی دەروێشی عەبدی ل دنیایێ عەدلەخان کیژێ تەمرپاشا دبیتەوە غەریب و گەریدە بۆ سپێدە لەگەڵ دەنگی تەپڵی شەڕدا دەروێش عەبدی لە بەرایی سواران گەیشتە مەیدانی شەڕ ، لە دوای ئەوەی کوشتارێکی یەکجار زۆری لە عەشیرەتی عەدیان و گیسیان کرد .. لە ڕۆژی سێیەمی شەڕدا وڵاخەکەی لە ماندوێتی کەڤ هەڵێنابوو،پێکوڕی دەکردو پاشەوپاش کشایەوە تا کەوتە کونە جورجێك دەروێش لەسەر زینی وڵاخەکەی دەکەوێتە خوارەوە .. ئەوانێش واتە هەڤالانی قەففار هێرشی بۆ دەکەن و کەڵوپەلی دەکەن ! بە کوشتنی دەروێشی عەبدی لەشکری تەمر پاشا بە دۆڕاوی دەکشێنەوە کاتێ هەواڵی کوشتنی دەروێشی گەیشتە عەدلەخان .. عەدول لە ناخەوە پڕ بەدەنگ دەڵێ : منێ نە ب مالم نە ب مێرم ، خوشکێ چەند برایانم وەکی شێرێ ئەگەر ڕۆژێ سێ جاران دەروێشی عەڤدی نەبینم ل گەڕێ بەری مالان ل سەرێ دیوانێ بابێ خۆ ، ئەیوبی براو هەرچەند برایان ب دەستی خو شێری .

# سەربردەی لاوکی بەهارا سمۆ

سمۆ کوڕی کۆچەکی میرزۆ ، پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵی و دەوڵەمەندێکی ناوچەی ئەلقوش و خەتار بووە ، ڕۆژێکیان سمۆ لەگەڵ سێسەد سواری عەشیرەتی خۆی بۆ ڕاشکار چوونەتە مەقلوب و لەوێوە بۆ گوندی باشووکێ ، کاتێ سمۆ بەخۆی و سوارەکانی بەمەبەستی ئاوەدانی ولاخەکانیان دەچێتەسەر ئاو لەوکاتەدا سمۆ چاوی بە کچە نەشمیلانەیەکی گومگومە لە سەرشانی یەکجار جوان دەکەوێ ، سمۆ بە بینینی ئەو شۆخە دڵی دەکەوێتە لەرزین و خۆی پێ ڕاناگیرێ چونکە ئەودەم ژنی نەهێنابوو ، سەرەڕای بە تەمەنی و دەوڵەمەندی بۆیە لە کچەکە نزیک دەبێتەوە ناوی خۆی و باوکی و بنەماڵەی لێ دەپرسێ ، کچەکەیش دەڵێ : " نێوم بوارۆیەو باوکم ناوی سمۆیەو ئیزیدیەمە کاتێ بەهار لە گەڵ دەستە خوشکەکانی بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە .. سمۆیش بە دوایدا دەڕواو خۆی بۆ باوکی بوارۆ هەڵدەدا باوکی بوارۆیش دەزانێ کە سمۆ میرزۆ یەکێکە لە سەرۆکەکانی خۆیان بۆیە بوارۆی دەقەبەر دەکا بەهاری تەمەن بیست بەهاری بەچەشنێکی ئەوتۆ بردارییە کۆشك و باڵەخانی کۆچەکی میرزۆ بەدرێژایی تەمەنی ئەو ناوچەیە ئاهەنگی وای بەخۆوە نەبینیوە ، لەبەر ئەوەی سمۆی زاوا لە چاو تەمەنی بووك گەلێ بەتەمەنتر بوو ، سەرەڕای زێدە شۆخ و شەنگی بوارۆ ئیتر مەپرسە چەندان کارەکەرو کەنیزەی بۆ ڕاگیرا هەروەك باوە هەموو ساڵێك لە سەرەتای نیساندا[1] جەژنی ئێزیدیانە بەم بۆنەیەوەو بە بۆنەی بووك[2] گواستنەوەی .. سمۆی کۆچەکی بە ماڵەوە بەرەو مەزاری شێخ ئادی دەچێ و هەواری لێ هەڵدەدا بۆ

---

(1) لە هەفتەی یەکەمی نیساندا چوارشەممە سوور ڕۆژهەلاتی جەژنی سەری ساڵ.

(2) دوور نییە لێرە هەڵەیەك هەبێت چونکە گوایە ئێزدی لەو ماوەیە ژن ناهێنن .

ئەمــەیش هــەموو ســەرۆك هــۆزانی ئیزیــدیان و حوســێنیانی[١] دەوروبــەری ناوچەکەی خۆی بۆ بەشداری بوونیان لەم ئاهەنگەدا بانگ دەکا یەکێك لەو بانگکراوانە تەمر پاشای باوکی عەدلەخان بووە لەبەر ئەوەی تەمر پاشا نەساغ بووە سەرەڕای ئەوەیش هێشتا کفنی دەروێشی عەبدی زەرد نەببوو بۆیە لە شوێنی خۆی ئەحمەدی سەعدون بەگی گەرگەری سەرۆکی عەشیرەتی گەرگەری کە دەکاتە خوارزای تەمر پاشا دەنێرێتە ئاهەنگی سمۆی کۆچەکی ئەحمەدی سەعدون بەگ بەخۆی و سالْحی قاوەچی و چەندان سوارچاکی گەرگەری و[٢] میللی[*] بەرەو مەزاری شێخ ئادی دەکەوێتە ڕێ .. کاتێ لاوی گەرگەری واتە

([1]) ئیزدی بە ئیسلام دەڵێن حوسێنی بە مەزەندەی خۆم ئەمەیش دەگەڕێتەوە ڕۆژی شەهیدبوونی ئیمام حسێن ر.خ

([2]) گەرگەریش لە یەکگرتوی میللی بوون و نیشتەجێی گور عابدینن.

(*) دوابەدوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەم ئەفسانە ، لاوك ، گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا ١٩٨٧ مامۆستا خدری سلێمان ڕوونکردنەوەیەکی لە سەر کتێبەکە دەربارەی نادروستی لاوکی بەهارا سمۆ بۆ گۆڤاری کاروان نووسی بوو بڵاوکرایەوە بەڵام برادەرێك لە ڕێگای بەرنامەکەمەوە لەکەلەپوورەوە نامەیەکی بۆم نووسیبوو کە دەڵێ : مامۆستای بەڕێز – واتە من – ئەو سترانە ل کاسێتادا ل سەر بەهارا سمۆ هەموو ل سەری هەتا بنی دەرەوە ڕاستی تێدا نینە ! چونکە سەعدونی گەرگەری ب پارە بخۆ واتۆمارکری بەهار کچا سمۆیێ الیاسی ژ بۆ گوندێ خەتارا مەزن ناحیە القوش ناڤێت خوشکێت وی ڕەنگین ، ڕیحان ، سیڤ بوون ، گەلەکە جوان بوو ناڤێ جوانیا وێ ل هەموو دەڤەرێت موسل و دهۆکێ بەلاڤ بوو ژ هەمی دەڤەرا دهاتن دا بخوازن ، جارەکێ سەعدونێ گەرگەری ب چەند زەلامێت خۆ ڤەهاتن خەتارێ هاتبوونە بەهارێ بخوازن دەمێ هاتن چوونە کوچکا جندییێ مسگوی ژ بنە مالا عەلی جان ئاغا بوو ل وی دەمێ مەزنێ گوندی خەتارێ بوو ڕونیشتین و فراڤینا خۆ خوارین مەزنێ گوندی گۆتە وان کەرەمکەن وەخێرە ، سەعدونی گەرگەری گوتی ئەم وێت هاتین بەهارا سمۆی بۆ من بخوازین جندییێ مسگوی : ما نە ئەم ئیزیدینە هون موسولمانن ئەڤە حەرامە ! سەعدونێ گەرگەری گوتی : ئەزبەنی بلا بێتە ڤێرێ ئەگەر بمن ڕازی بوو ڕازی بوو ئەگەر ڕازی نەبوو ، دێزڤرین مالا خۆ جندییێ مسگوی دوو زەلام ڤڕێکرە پێ بەهارێ دابێتە ڤێرێ بەهار گەلەك ب بدەڤ بو هاتە ←

ئەحمەدی سەعدون بەگ لە ئاهەنگەکە نزیك دەبێتەوە ناوچەیەکی دڵفرێن و ڕەشبەڵەکێکی ئەوتۆ نەسەری هەبوو نەبن ، دۆڵ و زوڕنایش گوێی زەمینی دەهەژاندەوە ، دوربینی خستۆتە بەرچاو .. دەبینی بەژنوباڵا نێونەمامێکی درێژو ناسکی یەکجار جوان سەرتاپا زێڕ لە نێو شایدا دەهەژێ ئاگری لە جەرگ بەربووە کاتێ لاوی گەرگەری دەگاتە هۆبەی سمۆی کۆچەکی پێشوازی دەکەن و بەرەو ڕەشماڵی دەبەن لە دوای چاك و خۆشی و پشوودان هەروەکو باوە ، سمۆ لاوی گەرگەری دەباتە نێوشایی و بوارۆی دەگاتە پەنجەی گەرگەری، ئاگری عیشق شەرمی بوارۆی لادەبا، بۆیە بەندێکی بەسەر ئەحمەدی

---

←کوچکێ سلاڤ کر ، پشتی هنگی گوتە سەعدونی گەرگەری و زەلامێت وی هون بخێر هاتن گەلی کریڤا ، هون دزانن ئەز کچەکە ئیزیدیمە ، هون کریڤێت مەی خونینە ، موسولمان هەمو لمە حەرامن ، زێرو ماڵێ دنیایێ چاڤێت من کورە ناکەت ، سەعدونێ گەرگەری گوت : مادام بەهار بە من ڕازی نەبوو قسوریا من عەفوکەن ، ئەز گەلەك مەمنونم ژوەو زادێ پشتی سەعدونێ گەرگەری زڤریا مالێ گوتە شاعرەکێ وان سترانبێژ ئەڤە بوتە چەند مال تو سترانەکێ ل سەر من و بەهارا سمۆی چێبکە...هتد نامەکەی برادەری ئازیز داود مراد خودیدە گەلێك درێژە کە لە ١٧ / ٥ / ١٩٨٧ نوسیوە ، بۆ دڵی کاك داود خودیدەو هەموو برادەرانی ئێزدی دەڵێم :

* ئەو دەقەی بوارۆ سمۆی کتێبەکەی من باسی تەمر پاشا دەکات ، ئەگەر ڕاست بێ ئەوە بەبیری من و خەڵکی ئێستادا نایەت چونکە تەمر پاشا لە دوا چارەگی سەدەی هەژدە ژیاوە بەڵام لە نامەکەی کاك داود وادەردەکەوێ کە لاوکبێژ بە هەڵەدا چووەو لایانی مێژوویی تێکەڵاو کردووە هەرچەندە تەمرێکی تر لە نێو میللی داهەبووە کە لە زەمانی برایم پاشای سەدەی بیست ژیاوە .

* هەرچەندە من دەقەکەم لە کتێبەکەم بەسادەیی بڵاوکردۆتەوە بەڵام سەرنجی ووردبوونەوەم لەو دوو لاوکەدا وای لێم کرد کە ئەم دوو باسە بنووسم و بە مەزەندەو بۆچوونی خۆم شیبکەمەوە هەورەکو لە خوێندنەوەی ئەم باسەم دەردەکەوێ کە چۆن سەرزەنیشتی سەعدون گەرگەریم کردووە ، بۆ ؟ چونکە خوڕەوشتەکەی لەم ڕووداوە لە داب و نەریت بەدەرە کەچی ئەمجۆرە شتانە دەربارەی ئیسلام و ئیزدی لە گەنجینەی کورد زۆرە خۆزگە برادەرێکی ئێزدی ئەگەر هەبێت دەقی لاوکی بەهارا سمۆی بڵاو بکاتەوە .

سەعدۆ هەڵدەڵێ : ناچمە دێرانە ئەلقوش و خەتارێ سمۆ ئاگر کەتێ ل من ب حەلانە کراسەك ل بەر بەژنی بوارۆی کیژی سمۆی دایە مەلەسە ساف کتانە حەفت.

* بابەتی فۆلکلۆر بەخراپی و باشی موڵکی نەتەوەیە ، جا ئەو بابەتە جێگای شانازی نەتەوەکەمان بێ یان مایەی شوومی داب و نەریت بێ بەڵام پێویستە بەپێی بۆچوونی شەخسی شیبکرێتەوە .

ڕەنگەو بێ دورمانە لە کۆتایی ئەم بەندانە هەریەکە چوونە ژێر ڕەشماڵی خۆیان ، بوارۆ تازە قەفەسەك سێوی خەڵاتی لەحەلەب بۆ هاتبوو ، بانگی قاسمی ئامۆزای کردو ناوی خۆی لە سەر سێوەکەی پێنووسی و بەدیاری بۆ ئەحمەدی سەعدون بەگی نارد کاتێ سمۆ چاوی بە سێوەکە کەوت و نێوی بوارۆی لە سەر نووسراوە .. لەدڵی خۆیدا وتی : کار لەکار ترازا هەرچەندە سمۆ دەربارەی ئەو مەوزوعە قەسەی لە گەڵ بوارۆ کرد بەڵام بێسوود بوو .. ئاگری عیشق کاری خۆی کردبوو لەگەڵ دەرچوونی سمۆ لە ژێر ڕەشماڵی بوارۆ .. هێشتا دوور نەکەوتبووە وتی : ناچمە دێرانە ئەلقوش و خەتارێ سمۆ ئەوڕۆکە دەشتی ئەلقوش و خەتارێ وا ب تەمە کوڕۆ ئەحمەدی سەعدۆ من خەڵاتەك ل بۆ تو ناردیە مەعلومە سێوی شاری حەلەبێیە ب ڕەقەمە .

ئەحمەدی سەعدون بەگیش بەم بۆنەیەوە ساڵحی قاوەچی ناردە ژێر ڕەشماڵی بوارۆ ، بۆ ئەوەی قاوەی بۆ بگێڕی کاتێ بوارۆ چاوی بە کەرەستەی قاوەچی کەوت وتی : ئەتوو کێی ساڵحیش گوتی : بدێرانە ئەلقوش و خەتارێ سمۆ داکەتم مەعلومە ئەلقوش و خەتارێ سمۆ گەلەکا شینە کۆمەڵەکی سیان و پۆڕان و قوڵینگان و قازان لێ روونیشتینە .

بەمەیان سمۆ تەنگاو بوو هەرەسانی لێهەڵگیرا .. ئەحمەدی سەعدون بەگیش لە دوای نانخواردنی نیوەڕۆدا بەرەو هەواری خۆیان خواحافیزی کردو بوارۆیش بەدەست خواحافیزی لە ئەحمەدی دەکرد لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەحمەدی سەعدۆ .. سمۆ هەواری خۆی تێکداو جلێکی پیاوانەی دەبەر بوارۆی کردو بە

پاسەوانی شەسەد سوارچاك ناردیە شنگار بۆ لای برایم زێڕوی ئامۆزای لە ترسی ئەحمەدی سەعدون گەرگەری بوارۆ بە جلی پیاوانە لەسەر ولاخی .. لەو دەشتە پان و بەرینەدا دەیووت : (گرانە کە سەریَ بواری سمۆ گرانترە ل چیای کۆگنیَ)[1] مەقلوبا شێخان ناوەللا بابو ل کەلیا ئەوی شنگاری .

کاتیَ ئەحمەدی سەعدۆ گەیشتەوە ماڵی خاڵی و هەواڵەکەی پێگەیاندو هەروەها دەربازکردنی بوارۆ بۆ شنگار خاڵۆیشی بڕیاریدا کە چەندان سوارچاك لە گەڵ خۆیدا ببات و بوارۆی بۆخۆی بینی دووری نەخەیتەوە ئەحمەد سەعدۆ گەیشتە نزیك ماڵی برایمی زێڕۆ .. لە تاریکی شەودا ئەحمەد بە خۆی و ئامۆزایەکی هێرشی کردە نێو خێوەتی بوارۆ لە دوای ئەوەی پاسەوانەکانیان کوشت سەری سمۆیان بڕی بە هاریشیان دەگەڵ خۆیان هێنا هێشتا دەرباز نەبوون برایمی زێڕۆ ئاگادار کرایەوە بوو بەشەڕێکی خوێناوی .. لە ئەنجامدا ئەحمەدو ئامۆزاکانی برایمیان کوشت و لە دوای کوشتارێکی زۆر دەربازبوون و گەڕانەوە نێو میللیەکان .

(1)لە دەقێکی تر وەرگیراوە کە لە زاری حوسێن عەلی مەلا قەرەیی نوسراوەتەوە.

# ناوەڕۆکی لاوکەکان و چەند سەرنجێك

هەروەکو لە سەربردەکان بۆمان دەرکەوت عەدلە خان ئافرەتێکی ناودارو شۆخ و شەنگی عەشیرەتەکەیی و دەوروبەری بووە سەرەڕای ئەوەش کچی تەمر پاشای میللی یەو باوکیشی پایەو شوێنی خۆی لەناو کوردەواریدا بەڵکو ناوچەکەدا بەگشتی هەبووەو خاوەن دەسەڵاتێکی عەشایرگەری بەهێزبووە خاتوو عەدلێ چەندان لاوچاکی میللی و چەند ئامۆزاو کوڕەخاڵ و کوڕەپووری بەنێوبانگی لەبەرچاو بووە .. ئەمانەش جێگاو شوێنی تایبەتی خۆیان لەناوچەکە هەبووە کەچی دڵە ناسکۆڵەکەی بۆ ڕێنجبەرێکی غەیرە دین شۆڕکردوە هەرچەندە ئەو ڕێنجبەرە ناوودەنگێکی زۆرباشی لە ئازایەتی و سوارچاکی هەبووەو جحێڵکی کەم وێنەبووە هەردەم بە خۆزگەی خۆبەخت کردن لەپێناو خۆشەویستی ئەو ئەڤینیە بەتایبەتی و ئەو کۆمەڵگایەی تێدا ژیاوە بەگشتی بووە ، بۆیە هەردەم بەو مەبەستەوە لە مەیدانی بەرگریکردندا دوژمن و زۆردار لەزەبری ئەوا تلاونەتەوەو هەزاران خۆزگەو ئومێدی بۆگەنیانی زیندە بەچاڵکردووە .

بۆچی عەدلە خانی زێدەزیرەك لە مەبەستی خۆیدا پێکاو نەبووە ؟ کەسواری بەردڵانی باش نیشان نەکردووە ئەگەر لایەنە ئاینیەکە نەبێ کە ناتوانین زۆری لەسەر بدوێن ! ئەگەر بهاتبایە یەکێك لەلاوچاکەکانی میللی و خزم و کەسوکاری عەدلێ ئەو هەموو سیفاتانەی دەورێشی تێدا بەدی بووایە .. ئەوە دەمانتوانی مامەڵەیەکی تری دەگەڵ بکەین بەلام بۆچی خاوەنی ئەو هەموو خوڕەوشتە بەرزەو کەم وێنەی دەرویش نەبێتە دەستە گوڵی عەدلێ و پڕ بەزاریشی لەسەر ئاوی شیرناوی و کوڵ و قەسرکردنێ و لە کاتی دان و ئاوێردا نەچریکێنی و بڵێی : هۆ خەڵکینە ، عەدول دەستەگوڵی دونیاو قیامەتی دەروێش عەبدی یە ؟! بەرای من خاتوو عەدلێ لەو هەڵبژاردنە سواری بەردڵاندا

ئافرەتێکی ئاسایی و ساکارنەبووە، بەڵکو ئافرەتێکی دووربین و زانا بووە .

لەبەر ئەوەی هەموو ئافرەتێك مافی ئەوەی هەیەو حەزدەکا هاوسەری خۆی دەستنیشان بکات هەموو ئافرەتێکیش بە خۆزگەی ئەوەیە کە هاوژیانەکەی لە هەموو ڕویێکەوە کەم وێنەبێ ئەی بەئافرەتێکی وەك عەدولی چ دەڵێی کە لە هەموو کچانی ناوچەکەیدا پێویستی بەمجۆرە ژیانە هەبوو نەك بۆ خۆی و بەس .. بەڵکو بۆ سوودی عەشیرەت و نەکوژانەوەی ئاگردانی بنەماڵەی باوکی لەو بڕوایەش نیە ئەو ئافرەتە بیری لەوە کردبێتەوە خوانەخواستە ڕۆژێك دابێ لەبەر چەند هۆیەکی نادیارو بیر لێ نەکراوە ببێتە لاچەك بەسەری عەشرەتەکە ئەی ئەگەر وابێ بۆ بیری لە یەکێکی وەك دەروێش نەکاتەوە کە لە دوا ڕۆژدا ببێتە جەرگ سۆزی ئەم ئاگردانە ئەمەیشیان لە گەڵ سیفاتە باسکراوەکانی تری دەروێش یەکدەگرنەوەو جێگەی شانازیە عەدلێ و کەسوکارەکەیشی دەبێ و شیاویشی هەر بۆ دەروێشە هەروەکو لە سەربردەکە بۆمان دەرکەوت هەر دەروێش نەبوو بەقسەی عەدلی خانی لە عودی بنێ بەڕێیدا شۆڕ بۆوەو بەرەو مەیدانی مان و نەمان و لە ئەنجام خوێنی گەشی بوو بەهەوێنی بەرگریکردن .

هەر ئەویش نەبوو هەرچەندە دەیزانی تەمر پاشا بە مەبەستی فەوتان ئەم بەرو ئەوبەری پێدەکات کەچی هەردەم لەبەر خۆشەویستیە بێگەردەکەی ملکەچی ەموو داخوازیەکانی پاشا بووە هەر دەروێش نەبوو حەزی بەخوێن ڕشتنی ئەو کەسانە نەبووە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان نمەکیان کردووە! هەرئەو هەموو خوڕەوشتە ناسکانەی دەروێش نەبوو، بووە هۆی ئەوەی کە عەدلی دوور لە هەموو داب و نەریتێك لەبەرچاوی باوك و براو خەڵکی ناوچەکە پڕ بەدەم هاواربکاو بڵێ:

* ئەمن بەئەسڵی خۆ نە کیکانیمە نە ئیمیلانیمە ، عەبایەکە مسلیمە ، حەمایلەکی بازی بەندی زێڕی دملیمە .

لە ترسی باب و براکەی خۆ نەبێ ڕۆژێ سێ جارا بەیان دکەم دەزگیرانێ دەروێشی عەبدیمە .

ئەز کچەکا ئیزدیمە ، لە هەرچار ڕوکنێ دینێ ئیسلامێ بێ بەریمە .

یـان لـەو کاتـەی عـەدول دەیـەوێ دەروێـشی جوانەمـەرگ بلاوێنێتـەوە کـە دەڵێ:

* سبەیە چ سبەیە هاوارە خودێ ل من بایەکا سارد تێ .

تەقـە تـەقی قایـشی ئـاوزەنگی دەروێـشی عەبـدی ل سـەرداری دارڕمـێ بـنێ بەرێ لە دەشتێ هەرزە ڕۆمێ .

لە ولاتێ سروجێ لە دەشتێ گۆرجینی لـە سـەر کانییێ خورما ڕۆیـێ ل گێیا من ، جاروبار دێ .

ڕابم جۆتەکا مەمکا لە سەرسینەکا زێڕ، بەردەمە شەو بایێ شەوێ .

دەشقم کوڕەلاو ل بۆنی مەمکە بەرەو ماڵ دێ .

هەرچـەندە تـەمر پاشا شـارەزایی لەخوڕەوشـت و ئازایـەتی دەروێش بـووە ، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی هـەواڵی خۆشەویـستی خـاتوو عـەدلێ و دەروێـشی بـەناو خەڵکەکـە بلاوکـردەوە، لـەو ڕۆژەوە هـەوڵی فـەوتانی دەروێشی دەدا تـا ڕادەیـەك پاشا وەکو سـەرۆك عەشیرەتێك و نـاودارێکی دەوری خـۆی حـەقی هـەبوو ، ئـەی پێشینان نەیان گوتووە لۆمەی خەڵك لە عەزابی قەبر زیاترە ئەو پەنـدە بۆ کاری زۆر ئاسایی دەگـوترێ نـەوەك بـۆ خۆشەویـستی کـچە پاشایەکی محەمـەد دگـەڵ ڕێنجبەرێکی غەیرەدین !

ئەگەر بتوانین بەڵگەیەك بۆ ئـەم لـە نێوبردنـەی تـەمر پاشـا بدۆزینـەوە ، بـەڵام هەرگیزاو هەرگیز ناتوانین شتێ بەشتێك بکەین بەرامبەر بەو هاندانـەی پاشا بـۆ ئەحمەدی گەرگـەری خوارزای کـە بچێت لـە خوتـو خـۆڕایی هێرش بەرێتـە سـەر بنەماڵەیـەکی خانـەدان و مـرۆڤ بـۆ زەوتکـردن و ڕەدوکـەوتنی کـچیان ، لـەوە قەبیحتر ژنێکی بەماڵەو تەڵاق بەڵام ئەمەیان قینـە پیرۆزەکەیـە کـە خـەڵکی سـەواد بەسـەر زاریانـەوە گرتـووە لـە مەشـیان کـەمێك دوورە پـەرێز ڕادەوەسـتین – ببورن – یان چ بەڵگەیەك و حیللە شەرعیەك بۆ لاوی گەرگەری بدۆزینـەوە لـەو کاتـەی خـەڵك بـەپیاوی دەزانـێ و بـانگ دەکـرێ بـۆ سـەر ئاهـەنگێکی ئـاینی

پێشوازی کردنێکی گەرم و گوڕ لەلایەن ڕەسەنترین بنەماڵەی کوردو ڕێز گرنگترین یەکجار زۆر کاتێ دەبردرێتە بەردەستی تازە بوکێ .

ئەویش واتە لاوی گەرگەری بەهەموو شانازیەکی ئالوگۆڕی پەنجە کوشین و بەند بەندانی دەگەڵ بوارۆ دەکات بێ ئەوەی حورمەتێکی ئامۆزایان هاودەنگانەو هاوخەمانە بگرن ئەگەرچی تاوانباری سەرەکی بوارۆ بووە بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین کاتێ لاوی گەرگەری بەر لەوەی بگاتە ناو ڕەشماڵی سمۆ لە چاوی دووربینەوە ئاگری عیشقی دەپرژاند بەڕای من ئەو کارەی لاوی گەرگەری لە هەموو داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی کوردەواری خۆمان دوور بووە .

هەرچەندە بەپێی ئەو پەروەردەی کە لە منداڵیەوە فرچکمان پێ گرتووە کارەکەی بوارۆیش لە داب و نەریت بەدەرە بەڵام بەقەدەر داوە موویەك ڕێی تێدەچێ چونکە کچێکی نەشمیلانەی تەمەن بیست ساڵی و لە بەر هەندێك داب و نەریتی کۆنی بۆگەن دراوە بەپیاوێك لەتەمەنی باوکی دابوو لەڕۆژی هەولی بوکایەتی دا چاوی بەلاوێکی وەك گەرگەری دەکەوێ لە ناخەوە حەز بەوە دەکا لەجاتی سمۆی ڕدێن ماش و برنج و خۆشەویست نەزان ، کوڕێکی نێك بە دەمانچەو بەژن لاولاوی وەك کوڕێ سەعدون بەگ بێت بۆ ئەوەی ئەویش پڕ بەدڵ سواری بەردڵان هەڵبژێرێ نەوەك داب و نەریت هاوژیانی بۆ تەرخان بکات ئەی بوارۆ لە بەندەکانیدا دەربارەی نەزانینی سمۆ بەرامبەر خۆشەویستی ناڵی:

* شەوێ ل سێ بارە نیوەشەوێ سمۆ پیچەکە ڕوومەتی برینداركردبوو گەلە نزانە ب ددانێ خۆ ڕوومەتێ بواری بریندار کردبوو ب هەردوو ددانان دگەزە .

دوورنیە لەبەر ئەوەی لاوکبێژی ئەم دوو لاوکە یەك هونەرمەندەو کارتێکردنی هەردوو ڕووداوە دڵداریەکە کاری تێکردبێ ، بێ ئەوەی هەست بەخۆی بکات و دوو وێنەی لە یەکچووی دووبارە کردبێتەوە سەرەڕای ئەو

لێکچونەش هونەرمەند پەیڕەوی مەبەست و خۆزگەی ناخی پاڵەوانەکان کردووە بۆ نموونە لە لاوکی یەکەمدا واتە لاوکی دەروێشی عەبدی دەڵێ :

* ناچمە عامودا سەرێ قوڕێ عودێ بنێ بەڕیێ جزیرێ بۆتان گەلە خۆشە ، بڕەکی بنەماڵانی عەدیان و گیسوان و شەمەرانی ئەوا دی تۆ .

** دەبمە خولامی سەروسواری دەروێشا عەبدی .... هتد

لە لاوکی دووەمدا واتە لاوکی بوارۆ سمۆ دەڵێ :

* ناچمە دێرانە ئەلقوش و خەتارێ سمۆ ئاگرکەوتی لە من ب حەلانە .

** دەبمە خولامێ سەروسواری ئەحمەدی سەعدون ... هتد

لەم دوو نموونەی خوارەوە لە سەر زمانی عەدلێ بابزانن چۆن شەو ڕاموسانی خۆیان دەشبهێنن :

* شلکۆ ناسکۆ تەنکۆ ڕەحانێ بێ پەلکۆ . ع

شەوێ سێبارا نیوەکە شەوێ ڕابە وەرە کۆشك و باڵەخانێ عەدلەخانێ تەمر پاشا ، ماچ بکا دیمەکا گولێ و گولی ، ب تبلی خۆ بگرە جووتێ زەرد مەمکۆ .

** ماچێ عەدلە خانێ شیرینترە هەنگینێ باشەقلان .... هتد

* ب) کوڕۆ ئەحمەدی سەعدۆ دابەزە ل خانیێ زینێ ، ب دلێ خۆ تە حوباندی ، ب چاوی خۆ من ل تە کردیە حەزۆ .

* کوڕۆ ئەحمەدۆ ما تۆ نزانی خوشترە ماچێ بوارێ ، حەلاوە میسل ... هتد

لەم دوو نموونەی خوارەوەشدا بۆ ئەوەی هیچ کۆسپك لە نێوان بەیەك گەیشتنی خۆیان نەهێڵنەوە دەڵێن :

* ع ل خۆڤ خودێ نەبی ، ل شەرمی باب و براکی خۆ نەبی بوسولمانەکا محمەدیمە .

دێمە سەر قەولێ دەروێشێ مەعلومە کە ئێزدیمە .

* (ب) هاتوو مندا کوڕێ کۆچەکی میرزۆ باب غەشیمە دام نزانە .

ئەمن چەند وەختە هاتیمە سەر دینێ حوسینیە ڕاستە بوویمە بوسولمانە .

دەربارەی شێوەی زمانی لاوك دەڵێم : هەروەکو لەمەوبەر باسم کردووە لاوك بە گشتی تایبەتە بەو ناوچە پانوبەرینە کە بەشێوەی کرمانجی ژوورو دەدوێن ناوجەرگەشی ئێزدیخانەیە ئەگەر تاموچێژی ئەم مەقامە کوردیە سنووری خۆی بەزاندوەو گەیشتۆتە سۆران بەڵام ئەم دوو لاوکەی ئێمە لەبەر ئەوەی لە دەمی هونەرمەندێکی ناوچەی سۆران نووسراوەتەوە ، ناوە ناوە وشەی سۆرانی دەکەوێتە نێوان ، بە مەزندەی من لە دەوڵەمەندکردنی چی لێ بەدی ناکەم .

لە کۆتایدا دەڵێم : ئەم باسەمان لە کەموکووری بەدەرنیەو خۆزگەش دەخوازین برادەرانی ڕۆشنبیر بە گشتی فۆلکلۆر پەروەران بە تایبەتی کەم تەرخەمی لەو لایەنە گرنگەی نەتەوەکەمان نەکەن و ماوە ماوە بەرئاگردانێکمان بۆ ساز بکەن .

## سەرچاوەکان

١/ ئۆردیخانی جەلیل ، سترانێ زارگوتنا کوردایە تاریقی ، وەرگێڕانی شوکور مستەفاو ئەنوەر قادر محەمەد ، کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٧.
٢/ لۆنگریک ، اربعة قرون من تاریخ العراق الحدیث ، ترجمة جعفر الخیاط طبعة (٣) ١٩٦٣.
٣/ احمد عثمان ابوبکر ، اکراد الملي و ابراهیم ثاشا ١٩٧٣.
٤/ مستەفا نوری بامەڕنێ ، سترانێت کوچکو دیوانه ل٥٧
٥/ محەمەدی مەلا عبدالکریم ، کۆمەڵێك لاوك و حەیران ١٩٦٨پەراوێز (٣٩) ل١٣.
٦/ محمد عجاج جرجیس ، التراث الشعبي العدد الفصلي الاول ١٩٨٦ پەراوێز (٥٦) ل١٣٩
٧/ محمدامین زکي تاریخ کردستان ، ترجمة محمد علی عونی .
٨/ دانیشتنێك لە گەڵ هونەرمەند عیمان هەمەوەند لە ساڵی ١٩٨٥.
٩/ دانیشتنێك لە گەڵ حسین علی مەلا قەرەیی لە ساڵی ١٩٨٣.
١٠/ لیرەیەك لە گەنجینەی نەتەوەی کورد ، ئەسعەد عەدۆ ١٩٨٤.
١١/ گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (١١٠) ئەسعەد عەدۆ .
١٢/ گفتوگۆیەکی سەرپێیی لە گەڵ سەیدا خدرێ پیرسلێمان لە مانگی نیسانی ١٩٨٧.
١٣/ هەندێك ئامۆژگاری ئامادەبووانی کۆڕەکە .

# لاوك و حەیران لە فۆلكلۆردا

## پێشەکی :

تا ئێستاش مشتومڕی زانایان لە سەر پێناسەکردنی بابەتە جیاجیاکانی فۆلكلۆر نەبڕاوەتەوەو گلەیشیان لیٚ ناکریٚ چونکە مەلەکردن لەو دەریا گێژەو بن نەهاتووە .. کارێکی سەختو پێوست بە قۆچی قوربانیەو ئەمەیشیان دراوەو بەردەوامە .

زۆرجار فۆلكلۆریستانی جیهان بە نائومێدی – واتە بیٚ ئەوەی خۆزگەی فۆلكلۆریان بێتە دی – سەریان ناوەتەوە ژێرگڵ ، کەچی خۆبەختکەرانی ئەم ڕێچکەیە خۆیان ماندوو کردوەو شوێن پەنجەیان دیارەو خەڵکی تریش بوونەتە شوێن هەڵگریان .. بۆ پێشخستن و بەرزکردنەوەی ئەم لایەنە فراوانەو گرنگەی ئەدەب ، کە دەتوانین بە سەرچاوەی گشت لکە ئەدەبیەکانی تری دابنێین .

ئێمەی کوردیش بە ناشوکری نەبیٚ لە کۆکردنەوە بەدەر شتێکی ئەوتۆمان نیە تاکو بتوانین خۆمان لە گەڵ میللەتانی تردا بەراوورد بکەین ، بەڵام بەهەرحاڵ کەموزۆر شۆڕە سوارانی ئەم مەیدانە وەك :

مەلا مەحمودی بایەزید ، مەعروف جیاووك ، شێخ مەحمودی خاڵ ، جگەر خوێن ، سەجادی و چەندانی تر "سەگلاوی"[1] خۆیان لەم مەیدانە تاوداوە ، نەوەکانیشیان کەمتەرخەمیان نەکردووە بەڵکو زانستیانەتر لەوان .. هاتوونەتە مەیدان جێگای ئومێدیشن زۆر لە خوشکو برایانی ڕۆشنبیر.. بازووی خۆیان بۆ خزمەتکردنی گەنجینەی نەتەوەکەیان.. بازووی خۆیان بۆ خزمەتکردنی نەتەوەکەیان هەڵماڵیوە درێغیان نەکردووەو هەریەکە بە توانای خۆی بابەتێکی ئەو گەنجینەی هەڵبژاردووە بە مەبەستی کۆکردنەوە، یان لێکۆڵینەوە هەرچەندە

---

(1) ماینی ڕەسەن و مەشق زان.

لایانی لێکۆڵینەوەمان تا ئێستا کزە و سوارچاکی ئەم مەیدانە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن ، سەرەڕای ئەو هەوڵ و تەقەلا کز انەی ئێمەمانان هەر چۆنێك بێ ئەو دیاردەیە دڵخۆشکەرەیە .

لێکۆڵینەوەی بابەتێکی فۆلکلۆر لەم سەردەمەدا بە تایبەت لە لایان پسپۆڕانی فۆلکلۆر کارێکی سەخت نییە لەبەر هەبوونی سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی میللەتانی پێشکەوتوو لەم مەیدانەداو لێکۆڵینەوە هەزار بە هەزارەکانی زانا بە ناوبانگەکانی فۆلکلۆری جیهان و خوێندنی ئەکادیمی پسپۆڕایەتی و شارەزاییان لە هەموو قوتابخانەکانی ئەم ئەدەبە .

هەر وەك ئاشکرایە زۆربەی بابەتی فۆلکلۆری میللەتانی جیهان بە کەموزۆر لە چەند لایەنێك لەیەك دەچن بەڵام ئەم بابەتەی ئێمە واتە لاوك و حەیران تایبەتە بە کوردو تا ئێستا لە سێ چوار لێدوانی ساکاردا هیچی تری بۆ نەکراوەو ئەمەیشیان لەبەر بێ سەرچاوەیی و تاڕادەیەك تەسکی سنووری ئەم دووجۆرە گۆرانییە ، هەرچەندە بە هەردوو جۆری کەمێك کەمتر لەسێ بەشی جوگرافیای کوردستانی گرتۆتەوە ، وا دەردەکەوێ کۆنایەتی ئەم دووجۆرە گۆرانییە باوی کەمکردۆتەوە کەمتەرخەمی لێکراوە .

هەرچەندە زانای زانستی فۆلکلۆر ئەلیکساندەر گراپ دەڵێ : " گۆرانی فۆلکلۆری کۆن و ڕەسەنەو کەلەپوورێکی دەماودەمە ، گەلێجار دانەرەکەی بزرە، بەڵام هۆنراوەی گۆرانی میللی ئەوەیە کە بە زمانێ دەوترێ لە چێژو تێگەیشتنی گشتییەوە نزیکە[1]، بەڵام لەزووەوە لەبەر نەبوونی نووسین و هۆیەکانی تری بڵاونەکردنەوە ئەدەبی میللیش لە دوای ماوەیەك تێکەڵ بە ئەدەبی فۆلکلۆر بووەو سیفاتە هەرە گەورەکەی ئەدەبی فۆلکلۆر کاریگەریەتیەکەی لە ناخی میللەتا بەخۆوە گرتووەو پشت بە پشت وەکو کەلەپوورێکی نەتەوایەتی ژیانی بەردەوامە " .

مستر رالف لە کتێبەکەیدا دەڵێ : " گۆرانی کوردی نەك تەنیا فۆلکلۆری "

---

([1]) موکری ، کامەران ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، بەشی یەکەم ١٩٨٤.

کوردی پاراستووە بەڵکو زیاتریش توانیویەتی خۆی لە کارتێکردنی ئاوازە بێگانەکانیش بپارێزێ ، لاوك و حەیرانیش دووجۆری ڕەسەنی ئاوازی کوردین .. هەروەها دەڵێ : گۆرانی لە ناو کوردانـدا بێ چیرۆك نابێ چونکە گۆرانیەکانیان ئەنجامی تاقیکرنەوەیەکی هەستیی تایبەتی و ڕاستەقینەیە .. بۆیە کە لە لێوان دەرئەچن لەناو دڵاندا جێگەی خۆیان ئەکەنەوە[1] " .

ئەوەتە لە لاوك و حەیراندا ئەوە بەدی دەکەین کە چەندان لاوك و حەیران هەن بە فۆلکلۆری لە قەڵەم دەدەین چونکە خاوەنەکەی نەناسراوە ، چەندانی تریشمان هەن دانەرو بێژەرەکانیان ناسراون ، کەچی نوێکانیش لە دەستوورە کۆنەکەی ئەم دووجۆرە گۆرانیەدا دەرباز نەبوون و زیرەکانە بۆی نەچن تووشی هەڵە دەبین .. چونکە هەر ئەوەندەی داوە مووێك بەڵکو کەمتر بەتایبەت لە حەیراندا جیاوازی هەیە ، بەڵام زۆر بەئاسانی لاوکی فۆلکلۆری لە لاوکی ئێستاکەماندا لێك دەکرێتەوە .

## لاوك چییە ؟

لاوك ئەو سەربردە قارەمانیەتییە یان ئەڤینی یەیە سەروبن گرێدراوە جەرگ بڕەو پڕ تام و لەزەتەیە ، کە مرۆڤی کورد دەگەڕێنێتەوە ڕۆژانی ڕابردووی کورد ، بە دۆڵ و چیای سەرفرازی کوردستان بەرەو گۆڕەپانی جەنگ و مان و نەمان و بەرهەڵستی دوژمنکاران و داگیرکەران و جێ ژوانی ڕۆڵە داوێن پاکەکانمان دەبات و لە دیوەخانی براگەوران و پیاوماقوڵانی نەتەوەکەمان دەست لە ئەژنۆو چاو بەفرمێسك ، زامی هەرە گەورەی کۆن و نوێمان دەکولێنێتەوەو بە بەژن و باڵای کیژۆڵە نەشمیلە دەست و پێ بەخەنەو چلوچوار کەزی، بەکل و کلدان و ئاهی ناموورادی خەج و ستی و خەزاڵ و ئەسمەرێ کابایزو عەیشێی ئیبێ دا

---

(1) جاف، حسین احمد وەریگێڕاوە ، گۆڤاری بەیان ژمارە (١٠٦) ساڵی ١٩٨٥ گۆرانی و هەڵپەڕکێی فۆلکلۆری کوردی .

هەڵدەڵێ یان شۆڕە سوارانی خۆبەختکەرانی کوردو ئەوانەی سەری نائومێدیان بردۆتە ژێرگڵ و بەدەست و بازوی ڕمی هەژدە قەف و سینگ بەزرێ داودی و سوارانی شێخ غەزالی و بەحری بۆرە .

له وەتەی کورد کۆچ و کۆچباری لەبناری چیای سیپان داکوتاوە ، لەوەتەی پەلی دارەبەنێ جەرگی سیامەندی کوون کوون کردووەو لوتکەی شاخەکانی کوردستان بە دڵۆپەخوێنی کەو ی ، خۆخۆر سوور هەڵگەڕاوە ، لە وەتەی " مامان برازا بزرکرد[1] "و ، بە کرۆکەی بنگەوەڕێش بۆتە دارێکی دڕکاوی نێوان مەموزین ، لاوك هەیە واتە تەمەنی لاوك لە تەمەنی ئازارو ئەشکەنجەی نەتەوەی کوردە .

## کانگای لاوك

پێش هەموو شتێك لاوك جۆرە مەقامێکی نەتەوەی کوردە، هەروەك زوبانی کوردی هی کوردە، کەچی ئەم زوبانەی خۆمانیش دابەشی چەند شێوە دەکرێ و دەتوانین ئەم شێوانەش لەسەر جوگرافیای کوردستان دابەش بکەین. هەروەها گۆرانیش.. بۆ نموونە لاوك بۆ هەموو ئەو ناوچەیە کە بەشێوەی کرمانجی ژوورو قسە دەکەن واتە تا سەر زێ ی بادینان ، جارجاریش لەبەر تام و چێژی دەگاتە دەشتی هەولێر.

حەیرانیش هەرچەندە تایبەتە بەدەشتی هەولێر بەڵام ئەم سنوورە تەسکەی بەزاندووە.. ئینجا قەتار، ئەللا وەیسی ، خاوکەر ، هۆرەو جۆرەکانی دیکە بەشەکەی تری کوردستان دەگرێتەوە .

لاوکی سوارچاکی، دڵداری، غەریبی، شەڕوشۆڕی پڕ لە ئازارو بەخۆهەڵدان و موناجات– واتە هەموو جۆرەکانی لەنێو شاخەکانی کاکی بەکاکی هەڵقوڵابێ و دەردەسەری خانەدان و ڕەشوڕوتی ئەم نەتەوەیە، ماندوە بۆ نەوەی نوێ

---

(1)پەندێکی کوردیە مامان برازا بزرکرد، خاڵان خوارزا مەزن کرد

بگێڕێتــەوە دەبــێ چ جــۆرە مــەقامێكی كاریگــەرو نەتــەوەیی بــێ؟ بەتایبــەت لــەو كاتــەی لاوك بێـژ داسـتانێكی قارەمـانێتی یـا ئـەڤینی..هتـد، لـە دیوەخانەیـەكی براگەوراندا لەچیای شنگار ەوە، بەرەو مەقلوب، مێردین، خەرپووت، دیاربەكر.. تا دەگاتە هەوارو بنەگەی بابوباپیرانی سمكۆی شكاك. لەو دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ، لەو شاخ بۆ ئەو شاخ، بەچاوی پڕ لە فرمێسكەوە یان بە باوكی باوكم یا دەك نەمینێم بەئاسمانی كوردستان و مێژووی كورد ئاشنامان دەكا.

بەڕای من لاوك تایبەتە بەو ناوچە پانوبەرینە كە بەشێوەی كرمانجی ژوورو دەدوێن.. سەرچاوەكەیشی جەرگەی ئێزدخانە[1] ئەمەیش وا ناگەیەنێ كە لاوك ئەو سنوورەی نەبەزاندووە، بەڵكو تام و چێژی بەلەززەتی لاوك تێكەڵاو ئاوازی پڕ لە سۆزی كچەتیم حەیرانێ) بوەو لاوك بێژەكان بەهۆی گەرمیان و كوێستان ئەم گۆرانیە ڕەسەنەیان بەرەو دیوەخانی پیاوماقوڵانی خۆشناوەتی و دزەیی و جارجاریش لە پشت ڕێ[2] پەڕیوەتەوە ، بەڵگەیشمان كاوێس ئاغاو حەمەد مەندۆو حەسۆو حەمۆو حەسەن لاوكە .

هەرچەندە دابەشكردنی لاوك بۆ جۆرە جیاجیاكانی كارێكی ستەمە، چونكە لەهەر لاوكێكدا جۆرێكی تیا بەدی دەكرێ بۆ نموونە :

لــە لاوكــی مێژوویــدا جــۆرە قارەمــانێتی و پێهەڵــدان و جارجــار ئــەڤینی بەتێكهەڵكێشراوی لەیەك لاوكدا كۆدەبێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی نموونەی هەموو جۆرێك لە لاوكدا بهێنینەوەو لەسەری بدوێین ، بە بۆچوون و مەزەندەی خۆم بەمشێوەیە دابەشیان دەكەم .

---

([1])بەو ناوچانە دەگوترێ كە كوردە ئێزیدیەكانی تێدا نیشتەجێن

([2])ئەو ناوچە كە دەكەوێتە پشت ڕێگای هەولێر– كەركوك بەلای ڕۆژهەڵاتەوە

# لاوکی مێژوویی

داستان یان سەربردەیەکی مێژوویی نەتەوەی کوردە کە لەدێر زەمانەوە ڕوویداوەو لەکاتی خۆیدا نەنوسراوتەوەبەڵکو لەسەر زاری شایەرێك، یان لاوك بێژەکە وەك هونەرمەندێك و مێژووخوانێك بەدەنگێکی پڕ لەسۆز لەگەڵ هەوڵدانێك بۆ ڕێکخستنی سەربەندو دوابەندی داستانە هۆنراوەکەیە ، لە دیوەخانەیەك بەرامبەر بە خەڵکی گوندەکە.. سەربردەکە بە دەنگ دەگێڕێتەوە، بە خاك و خۆبەختکەراندا هەڵدەڵێ و تین لە ئامادەبووان دەدا بۆ تۆڵەکردنەوە، هەروەها زوڵم و زۆرداری نامرۆڤانەی دوژمنی خاك و نەتەوە دەست نیشان دەکا، هەروەکو لەم نموونانەی لاوکی بەردخان بۆمان دەردەکەوێ کاتێ باسی داگیرکردنی بۆتان لەلایان عوسمانیەکان دەکا:

**لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ**
**ملی خانی خۆش ملی خانی**
**بەژنا بەدرخان بەگ زراڤا مینا بنا تلا بنا ریحانێ**
**شەمۆیێ دێرشەوی کرا گازی :**
**وەسمان پاشا کوچك باب**
**دەستێ بابی تیلی میری بۆتا شێری کوردا**
**ب تە نایێتە گریدانی**
**وەسمان پاشا سەکنی جزیرا بۆتا**
**ب روژی عەسکەری خو کوم دا**
**ب شەڤی بەرەك دکاتا سەر ریزا گوندا**
**ئەۋ شەۋ من دڤێ باڤینا سەر ئودویێ**
**وی کوچك بابی .**

* * *

**زەینەب خاتوون كرا گازی ل میسلاو بەغدایی**
**تۆپا رادەكیشینۆ تابان پاشا توپی كەلی رەش**
**ژمە را ئینا .**
**وەسمان پاشا كەتما بەندیٚ تەدا نە گازەكیٚ**
**وان پیراو ب چوكا(۱) .**

ئەم نموونانەی سەرەوە باسێكی مێژوویی هێرشكردنی عوسمانیەكان بۆ سەر ئیمارەتی بۆتان و میربەدرخان دەگێڕێتەوە كە چۆن وەسمان پاشا هێرشی كردوەو میر بەدرخانیش چۆن ڕۆڵەی بۆتان هاندەدا بۆ بەرەنگاركردنیا جگە لەمەیش دەیان نموونەی مێژوویی ترمان هەیە وەك: كارەساتی قەڵای دمدم كەباسی هۆو چۆنیەتی دروستكردنی ئەم قەڵایەو هێرشكردنی عەباسیەكان بۆ سەریان و لەدواییدا داگیركردنی قەڵاكە لە لایان سوپای شا و مشەختبوونی خەڵكی كوردی قەڵا .

هەروەها سەربردەی سلێمان بەگی سۆران و لەنێو چوونی بەدەستی والیی عوسمانی ، ئەوەتە لەم نموونەی خوارەوە لاوك بێژ ڕووداوە دڵتەزێنەكەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانمان بۆ دەگێڕێتەوە كە دەڵیٚ : –

**ئای وەلاتو ، چ عەجیبە ئولەگانا گران سەری كورداو كورمانجا داهاتو ؟**
**شەری سەر شێخ سەعیدی كال ، باڤی سەید عەلی هاتو كومكرن .**
**عەشیری شێخ سەعیدی كال ، ئاژوتنە حەپسان و زیندانا رەڤ .**
**ئەسمەرو زەرییان .**
**زنجیرا ڤیزكا عەنی گەور مەدانی زیرا .**

---

(1)یەحیا عبدالفتاح علی. گۆڤاری كاروان ٢٩ شوباتی ١٩٨٥

**بەری وان دان باژاری ئەدانی .**

**نیڤی وان سەر ساحلا دەنکزی[1].**

## لاوکی قارەمانێتی

ئـەمجۆرە لاوکانـە باسـی قارەمـانێتی نەتـەوە بەرامبـەر بـە دوژمنـان یـا قارەمانێتی خێلێك بەرامبەر خێلێکی تر... هتد ، دەکاو ئەمەیشیان لاوك بێژەکە هـەروەکو چـۆنی بیـستووە بەشـێوەیەکی کاریگەرانـە بـەڕێك و پێکـی دەیلێتـەوە هەروەکو لەم نموونەیە بۆمان دەردەکەوێ :

**حسن سواربوو دڤی راهولی دبرقیە**

**عەباو فەروەی هەورانی ل بەرکردیە**

**تەسحێبی کارەبا دخەنجەری ئالاندیە**

لـە لاوکـی کوڵـك و کـەڕۆ دا ، لاوك بێـژ باسـی قارەمـانێتی کولـك دەکـا لـەو کاتـەی مامـەی بـەبیانوو دەینێرێتـە سـەر مـاڵی خـاڵوانی بـۆ تاڵانکردنیـان بـە مەبەستی نەختی گوڵی خانی کچی :

**هانا سەد جارا دەی بەمن هانا**

**کولك دەکاتە سەرێ مەیدانا**

**سەرێ مەیدانێ لێ بووە سندانا**

**خرینگ و هۆڕێ مەحتە لێکدانا**

**خودێ شرقێنی داری رمانا**

**خودێ فرمێنێ دەلو نژدیانا**

(1)جەلیل ئوری خانی. کاروان ٣٤ تەمموزی ١٩٨٥ شۆڕشی ١٩٢٥ وەرگێڕانی ڕەشاد میران

**کولك وادیٚ و وادەلەنگی**
**دەندەلی سەگلاٚوی لیٚ دترسینی**[1]

هــەر ئــەم لاوکــە نەمرانــە بوونەتــە هــۆی زیندووکردنــەوەی قارەمانــانی میللەتەکـەمان ، جـا بـەم قارەمانانـە چ دەڵێـی کـە بۆخـاك و میللـەتیان کردبـیٚ و خوێنی گەشیان تا ئێستا ڕووی بورجە بەلەکی سوورکردووە ، بەتایبەت ئەو

شــەڕە قارەمانیەتیــەی مــستەفا پاشــا بــاوکی عبــدالکریم نــایف لەگــەڵ چەلاوخۆرانی عوسمانیەکان لەناوچەی شیرناخ کە دەڵیٚ :

**ل بەری سبەی لەگوییٚ من خۆش دی رەقێنە**
**کوچك چابە خوش دیٚ دەنگی میراتی جان بێزارە**
**قومرییٚ بانگ دەکا ل هزاری: نمایی پووری سەری مەبڕە**
**رساسەکی دا ل بەژنی بابی عبدالکریم و نایف**
**بەلیٚ وەزی چ بکەم شەڕی دونیٚ هیواریٚ**
**کیٚ کردو کیٚ نەکر کەفتە سەر ملیٚ خورشیدیٚ چاوبەخال**[2] .

## لاوکی ئەڤینی

ئەمجۆرەیـشمان باسـی سـەربردەی دڵـداری نێـوان کـچ و کوڕێـك دەکـا چـۆن عیشقی یەکتر بوون.. تا دەگاتە کۆتایی سەربردەکە، زۆربەی ئەو سـەربردانەیش ئـەنجامی بەیــەك نەگەیــشتنی دوو دڵدارەکەیــە لاوك بێژەکــەیش بــا ســۆزێکی جــەرگبڕ ئــەو ڕووداوە دڵتەزێنــە دەگێڕێتــەوەو نموونــەی ئەمانەیــشمان لــە فۆلکلـۆری کوردەواریـدا زۆرە وەك: خـەج و سـیامەند، مەحمـەدو سـێویٚ، شـۆڕ

---

([1])شەریف ، محمد کریم ، سوارچاکی لە لاوکی کوردەواریدا
([2])یەحیا عبدالفتاح علی سەرچاوەی پێشوو

مـــەحمودو مـــەرزن گیـــان ، لاس و خـــەزال ، بـــوارو سمـــۆو چـــەندانی تـــر لـــەم نموونەیـەدا عەدلـە خـان کـچە شـەنگ و شـۆخەکەی تـەمر پاشـای ئـاین ئیـسلام ئـــاوری عیـــشق کـــاری تێکـــردووە ، بـــەبێ بـــاکی و لەبـــەردەم بـــاوك و بـــراو عەشـیرەتەکەی بـە بـەژن و بـالآی دەروێـشی عەبـدی شـۆڕە سـواری ئێزیدیانـدا هەڵدەڵێ و خۆزگەی بە یەك گەیشتنیان دەخوازێ :

**بایـەکا بایـەکی گەلـە سـارد دێ ئـەوڕۆ سـەرێ چەند ڕۆژانـە دەنگـێ دەروێشێ عەبدی لە گێی عەدلێ گەلەکی گران دێ .**

**بریا ل دەشتی حەڕانێ ب شەوێ بواری**

**دەستی من لەبن سەری دەروێشی عەبدی بوایێ**

**راموسانی خۆی بکردایە ل روومەتا سۆری گورگوری بیگرتایە جۆتە شەمامۆکی بەندی باغەرێ .**

**بزانین ئەوێ دەمێ مردنی مارویران لە من لە دەروێشی عەبدی لەگێی کێهەمان گەلە گران دێ .**

هەورەها ئایشە گوڵی هـەکاریش لەیەکـەم ڕۆژی گواسـتنەوەی بووکایـەتی لـە پـەردەدا دەمێنێتـەوەو مێردەکـەی دەچێتە شـەڕی عەجـەمان و ئایـشە گـوڵ لـە خـەمناکی خۆیـدا خـەیال دەیهـەژێنێ و لەگـەڵ خۆیـدا دەدوێ و مەزەنـدەکانی مێشکی تاقی دەکاتەوە :

ئەرێ خودێ دبێژن سوارییێ توو بریندارە ، ئـەزێ دارە تەرمـەکی بـۆ سـوارێ خۆ چێبکەم بە عەرزێ ڕمان ، پێچم بە زولفی مەحبووبان لێ بکەن باوەشێنی لە بۆم گاز کەنە کیژو کاری کێکیان ، مەنوسووسیان ، گەرگەریان ، شەنگوشـۆڕێ دزەییـــان ، کەمبـــەرداریێ کۆییـــان ، ســـەر بەتاســـێ خۆشـــناوان خـــەزێم شـــۆڕێ ڕوانـدزیان ، شڕوشـەپرزێ رەوەنـدۆك و خێـرو پیرەسـنیان ، لـە بۆ سـوارم بگێـڕن شین و واویلەو گەرمە شینێ .

دەبوایە ئەم سێ نموونەیەم تایبـەت بە سـۆزو خواسـتی کـچە کـورد نـەدەبوو

بەڵام با کوڕەکە بۆ بەشی حەیرانەکەمان بمێنێ ئەمجۆرە دڵداریانە بەو مەبەستە تەسکەی نێوان کیژۆڵەو جحێڵێك نەبوە بەڵکو گەلێ لەمە مەزنتر بووە ، هەروەك لەمەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێ کە نورێ لەو کاتەی پسمامی لە بەندیخانەدا بووە ، دەیەوێ چی بۆ بکا .

**لۆ.. لۆ صالحۆ پسمامۆ ئەزێ ل دیاربەکری ب سەکنم**
**ژ ئەنکەرا بیرا ل تیلی خم**
**ئەزی قولانا زیرا ڤەکم و عەردی خەم**
**ئەزی هەزار زێری زەر ژ قولانا خوە دەرینم**
**بەرتیل و رەشوەتا ب دایری و مەحکەمی خم**

**صالحو خەما نەخۆ ، خەم خراپن ئەز نەمریمە**
**ئەزی تە ژ حەپسا دیاربەکر دەرکەم**
**لۆ صالحۆ پسمامۆ حەوشا سەرایێ**
**کەمژی بوری ب بەرتیل و رەشوەتا نووری صالحی**
**خوە ژ حکومەتی کری**[1].

# لاوکی سوارچاکی

باری ژیانی کوردەواری پێویستی بە قارەمان و سوارچاکی ئازارو چاو نەترس هەبووە، بۆ ئەوەی بتوانێ پارێزگاری خاك و میللەت بکا ، ئەگەرچی ئەم پارێزگاریەش بەمانا فراوانییەکەی نەبێ! بەڵام هەر گوندێك یان عێلێك یان بنەماڵەیەك ئینجا هەرێمێك پێویستی بەمجۆرە پیاوانە هەبووە ، لە دوایدا ئەو سوارچاکانە لە چوارچێوەی کوردستاندا دەبوە هێزێکی کورد بۆ پاراستنی

([1])رسول، د.شکریە. گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە ٨٣ کانوونی دووەم ١٩٨١...

خاك و میللەت لە پەلاماردانی دوژمناندا ، هەروەك ڕوون و ئاشكرایە هیچ شەڕێك بەبیٚ سوارچاك نەبووەو ناشبیٚ ، بۆیە سوارچاكی لەلاوكدا بۆتە ڕەگەزێكی عنصری سەرەكی .

ئەگەر كەمێك سەرنج بدەینە ئەم نموونەی خوارەوە دەبینین.. كاتیٚ كولك دەچێتە تالآنكردنی مالّی خالّۆی، لەڕێگادا تووشی شوانێكی ئێزیدی دەبیٚ و هەوالّی سوارچاكی ئەوانی لیٚ دەپرسی.. ئەویش واتە شوانەكە بە ئازایەتی و چەكو ماینە رەسەنەكانیاندا هەلّدەلیٚ.. باسی مەشقكردن و ڕمبازیٚ و نەحەسانەوەیان لەهەوارو بنەگەی خۆیان لە بەر سوارچاكیان و پێوستی ژیانی سەختی ئەو سەردەم دەكا كە دەلّیٚ :-

**رمی دەستی وان لیٚ گورگانیە**
**سەری رمی وان ب ژهری ماری سەقا كراییَنە**
**دفنی سەگلاویان لیٚ زورنایێنە**
**لیٚ گێیٚ لیٚ كیروشكینە**
**لیٚ چاویٚ وان لیٚ مامزینە**
**لیٚ سمی وان لیٚ كوتكانینە**
**ئەمان برا ل رۆژی تەنگاوییٚ ل شرقێنی داری داررمان**
**ل پرمێنیٚ دەل و نژدییان**
**ل سەری مەیدانی رمی خو داوێنە عەردینە**
**بەلای ركێبی راستە رمی خۆیان ل عەردی هەلگرتینە**
**بەبن زگی سەگلاویاندا رۆیشتینە**
**بەلای ركێبی چۆپە ب سەخانی وینی كەتینە**
**شەوەكا ل مالی خۆنە یازدە مانگان ل رێگری و ل نژدەیینە[1] (١).**

**هەروەها ئەم نموونەی خوارەوە باسی سوارچاكی و شارەزایی چەتۆ**

---

([1])شریف، محمد كریم. سەرچاوەی پێشوو .

**لە رمبازی سەرپشتی ماین دەکا :**

**وەکی پاش نیوەڕۆ داهات گەلە قەهری چەتۆییێ رابی یە**

**رکێبەك ل تەنیشتی سەگلاوی ترساندیە**

**ژ هیویی مەیدانی پشت ل گاوانی گوندی ستاندیە**

**رمەك ل بن قوونی گاوانی گوندی هەلدا سەرو سەر ل خانی زینی هاوێتییە**

**گاوان رابوو هەلاتیە[1] .**

لە لاوکی حەسەنی والیکیدا بۆمان دەردەکەوێ، کاتێ حەسەن.. خۆشەویستی عەیشانێ دێتەوە یادو خۆی ئامادە دەکا بەرەو شاری "خەرپوت" دەچێ :

**حەسەن سواربوو ل قەلە بالداری د بەحری یە**

**هاوێشتە ملی خۆ راهولی برقییە**

**عەباو فەروەی هەورانی لەبەر کردییە**

**تەسحێبێ کارەبای ل خەنجەری ئالاندییە**

**رمێ گورگانی هاوێشتە ملییە**

**ئەمان رکیبەکی ل قەلە بالداری بەحری هات و قەیم کردییە**

**ب چول و بەریێ راقەتیە**

**ل هەر چار ولی قەلە بالداری بەحری گوری گوری ئاگر سەر سەری حەسەنی دیارییە[2].**

---

[1]عەدۆ ، ئەسعەد. گۆڤاری بەیان ۸۳ تشرین یەکەم و دووەم ۱۹۸۲...

[2]شریف ، محمد کریم. سەرچاوەی پێشوو

# لاوکی شەڕو شۆڕ

ئەو جۆرە لاوکە تایبەتە بەو هەموو شەڕانەی نەتەوەی کورد بەرامبەر بە دوژمنان و داگیرکەرانی خاك و هەروەها باسی ئەو شەڕانەی نێوان دوو هۆز یان دوو بنەماڵەی کوردیش دەکا .

زۆربەی هەرە زۆری ئەم لاوکانەش باسی نێوان کوردو عوسمانیەکان ، ئینگلیز ، فارسەکان دەکا ، یان ئەو شەڕانەی نێوان کوردەکانی ئێزیدی و ئیسلام و فەلە.. ئەو شەڕانەیش لەژێر باری ئاینەوە بەرپا بووە .

ئەگەر بێت و سەرنج بدەینە ئەم لاوکەی خوارەوە.. لاوك بێژ وەکو مێژووخوانێك باسی شەڕی بەدرخانیەکان و عوسمانیەکان دەکا ، بۆیە لەسەرەتادا گوتم: ئەو لاوکانەم دابەش کرد بۆ ئەوەی بتوانم لە سەریان بدوێم و نموونەیان بۆ بێنمەوە ، نەوەك لەهەر لاوکێکدا ئەم جۆرانەی تێدا بەدی دەکرێ.

**میر بەدرخان چوو سەیرانە شەڕی**
**میت کیشانا مینا کیشانا کایی ل جوخینا**
**لەشی ئەسکەرو تۆپ و جبەخانە مانە ل چولینا**
**بانگ کر واری شەری ب تال کەم هنگ رازینا**
**شەمۆیی دیرشەوی کرا گازی :**
**میرو دانەبا دیروگولا رەنگین جێیّ مەیا**
**دەستی مەیی شەر لی وەنابا[1].**

ئەمەیشیان باسی شەڕی نێوان شێخ مەحمودی نەمرو ئینگلیزەکان دەکا :-

---

([1])یەحیا ، عبدالفتاح علی. سەرچاوەی پێشوو .

**دەلۆ لۆ شێخی زراڤ .**
**وەللا شادو شودێ شێخ مەحمود کاکێ قادر ، بابێ لەتیف گەلەك هەنە ب سێ دەنگا گازی دکر: کەریمی فەتاح بەگ و ئێل و عەشیرەتی کوردان باڤو برا.**
**ئیرۆ هوونی میر بن میری چێ بن .**
**ئەزێ ئیرۆ دەستێ خۆ باڤێمە دارێ جامبێزارێ[١] .**

دەربارەی شەڕی گەلیی مزوبرکا لاوك بێژ بەوردی باسی هاتنی داگیرکەرانی ئینگلیز بۆ هەرێمی بادینان دەکاو پیلان دانانیان بۆ دەست بەسەر کێشانی ئەم گەلییە :

**لێ لێ دنیایێ ئەزی ناچمە وی گەلی مزیرکا وی ب دارو بیە .**
**سحارا ڤی سبی هزارەها هزار لەشکری ئینگلیز.. دوازدە کەتاری وان ل گەل وانن، هاتنە سەری گەلیی مزیرکا ل مەتعەمان و چایخانان رونیشتن و ئیجتیماعی خۆ کرنە سویند بۆ ئیك و دوو خارنە .**
**ب ئینجیل و تەوراتاو سەری مگراناو فیریس و پاڵەوانی وانە**
**ئەڤرۆ ئەم دی خوە ل گەلیی مزیرکا بەردەینە خارە[٢] .**

نموونەی خوارەوە باسی کردەوەی نامرۆڤانەی داردەستەی کەمالیستەکان بەرامبەر بە بەشدارانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران دەکا :

**ناڤو ناڤ کیلا خورتی کورداو کورمانجان کرن**
**نیشانا توپاو شەڕا نارا**
**عەمری ئاتاشا دانە قوماندارا**

(1)رسول ، د.شکریە. سەرچاوەی پێشوو .

(2)بەرواری ، علی صدیق. بەیان ٩٩ تشرین یەکەم ١٩٨٤.

**بوو گورینا توپ و شەڕا نارا**
**رەوەشاندن وەك ساب و گارساو، کومکرن ئالیی وان دکوبی چیادا**
**ئاگر بەردانی[1].**

## لاوکی تالآن کردن

ئـەمجۆرەیان باسـی تۆڵەکردنـەوەی هۆزێـك یـان بنەماڵەیـەك لـەو هـۆزەی کـە رۆژێك لە رۆژان ئەمانەیان تالآن کردوە ، جا ئـەم تالآنـە لـەڕووی هێـز بێـت یـا لـە دەستووری رابردووی ژیان کە عەرەبیەکەی دەڵێ :

القوی یاکل الـضعیف یـا هـەر وەکو لـە پێشتر گـوتم بـاری ئـاینی بـێ یـا ئـەو تالآنکردنە ببێتە نەختی کیژۆڵەیەکی نەشمیلانەو بـاوکی ئەمـەی گـەرەك بـێ هـەر وەکو لە لاوکی کولك دا ، بۆمان دەردەکەوێ کە مامەی بە مـەرج گوڵیخـانی کـچی دەداتێ ئەگەر بێت و کولك تالآنی ماڵی خاڵوانی بۆ بینی کە دەڵێ :

**عەمەر ئاغا دگۆ: هـەر کەسـەکی ڕابـی فنجانێ قاوێ لـسەر دەسـتێ**
**تەنکێ شلکێ گولیخانی راهەربینی**
**بچی سەگلاوی ل تەولی را دەربینی**
**تەنگ و بارانی لێ بشەتینی**
**رمی نسیری لێ بچەقینی**
**بچی تالانی شێ عەلی ساران شێخی تەیان لەبۆ من بینی**
**حەیفی من ل شێ عەلی ساران راهەربینی**
**بێتەوە ب حەلالی گولیخانم ل بو خۆ لی بستینی[2].**

---

([1])یەحیا ، عبدالفتاح علی. سەرچاوەی پێشوو

([2])شریف ، محمد کریم. سەرچاوەی پێشوو

لـەم بەنـدە لاوکـەدا چـەتۆ بڕیـاری تـاڵانکردنی مـەڕو مـاڵاتی شـێخ مـیرزۆ دەدا دەچیٚ:

**چ سبەیە سبەیەکە سبەیەکی زووە**
**وەکی چەتو ل خەوەکا شرین رابیە**
**چەتو ب پیرە بابی فەرعو گوتیە**
**ئەو شەو منی خەونەك دیتیە**
**منی ل خەونا خو دیتیە**
**تالانی شێخ میرزو شیخی یەزیدیا ژ خورا ئانیە**
**پیرە بابی فەرعۆ گوتی: منی حەلالی خو نەخواردیە ، گورا حەرامییە خەرکییە**
**چەتو ب گوهی بابی خو نەکردیە[١] .**

لە لاوکی بوزبەگ دا ، بۆمان ڕوون دەبێتـەوە کە کـەریم ئاغـە دێتـە سـەرماڵی بۆزبــەگ لەوکاتــەی بۆزبــەگ لــە ماڵــەوە نــابیٚ ، تاڵانیــان دەکـا کـاتیٚ بۆزبــەگ دەگەڕێتــەوە مــاڵ.. خوشــکەکەی هــەواڵی تاڵانکردنەکــەی پــیٚ ڕادەگەیــەنیٚ ، ئەویش بڕیاری تاڵانکردنیان دەداتەوەو دەڕوا :

**براو کەرم ئاغایی مستوکی فەلی ئیزیدیە**
**هات و مەڕو مالاتی تووی ب تالان بردیە قوتی مالانی سەر بریە**
**قوری مەرجانی خوشکیتەی ترازاندییە**
**بـەلی کونـە رەشمـالی تـووی ب سـە خوشـکا تـوودا هێخـستبوو ب یەخسیریە .**
**بوز بەگو جوندی دگۆ گورگی توو ل خەوی دیتبوو منم بردیە قوتی**

(1)عەدۆ ، ئەسعەد. بەیان ٨٣.

**مالانت لەمن سەر بریە**
**بەلی شیرەکا شا حوسنی ل کالانی دەرکیشیە**
**دەرکی دیوانی گرتبو لەوی دیوانی چ مرو تیدا نەهێشتیە**
**مەرو مالاتی کەریماغایی فەلەی لەگە مەرو مالاتی خو تێکەر کردی**[1] .

## لاوکی پەیمان و وەفاداری

ئەمجۆرە لاوکانە باسی پەیمانی نێوان دوو دڵدار یان دوو سوارچاك یا وەفاداریان بۆ یەکتر ، هەروەها بەڵێن دانیان بەیەکتر.. ئەگەر دڵداربن تا بۆ یەکتر دەبن یا دەبێ بە نامرادی سەر دانێنەوە ژێر گڵ ، یاخود سوارچاك بن پشتی یەکتر بەرنەدەن تا دوا دڵۆپە خوێن .

ئەم خورەوشتە بەرزەش جێگای شانازی دڵداران و سوارچاکانی نەتەوەکەمانن ئەوەتە کچە نازدارێکی دڵدار کاتێ هەواڵی نەخۆشی سواری بەردڵان ی ، بۆ دێ شەرت و پەیمان دەبەستێ کە خۆی نەڕازێنێتەوە تا هەواڵی چاکبوونەوەی دەسگیرانەکەی بۆ نەیێ و خەڵکیش ئاگادار دەکاتەوە ئەگەر هات و یەکێك ئەو هەواڵە خۆشەی بۆ بێنی.. خەڵات و بەخشیشی بەخواستی دڵ دەداتێ :

**هەرچی بدا جوابی دەلالی ، جوابی ژینی**
**منی ل حوم حەرام بکەم خەنی ل نووکینی**
**کلی ل چاوینی ، بازنی ل زەندینی ، خرخالی ل پیینی**
**گوارەیی ل گوی یینی ، خەزیمی ل تفنکینی ، ئەنگوستیلی ل قامکینی**
**ئەمان هەرچی بدا جوابی دەلالی ، جوابی ژینی زبیدەمی جوانە**

---

(1)شیخانی ، سعدالله اسماعیل. گولبژێرێك لە فۆلکلۆری کوردی ١٩٨٤.

**ماینەکی عەدنانی بەرماینی[١].**

لـــەم نموونـــەی خـــوارەوەیش ئایـــشە گـــوڵ لـــە دوورەوە پـــەیمان لەگـــەڵ دەسگیرانەکەی دەبەستی و دەڵێ :

**پاشی سواریێ خۆ ئەمن لە خۆ حەرام دەکەم خواردن و خۆراك و خەوی نیو شەوان گفتوگۆیی هاوسەران ، دەنگی لاوژە بێژان ، چونە حەمام ، پەردەو حیجاب ، فندو فانۆس ، سەرباری وان هەموان هەر ماخۆ مردە خەنە[٢] ٢**

**لە لاوکی قەشەمی ئەم ئافرەتە داوێن پاکە خێزانی فەتاح بەگ ەو ، خەڵکی جزیرێ بۆتانن ، لاوك بێژەکەیش لەسەر زمانی قەشەمی دەڵێ :**

**بەفری سەری زۆزانا ل من حەلیا**
**بەرکی کاران و کار خەزالان دەهات و لی دەچەریا**
**بەلی بابو رێێ دەوسی کاران و خەزالان لی دەگەریا**
**ئەڤرو دەستی من و فەتاح بەگی میری جزیری**
**هەوار بابو لێك بریا دەرابا قەشەمی خاتوونی دەرابا**
**بەلی قەشەم دگۆ ئەمن ل پاشی فەتاح بەگی**
**میری جزیری هەی بابو من ل دنیایی توبەیە[٣].**

---

([1])کەریم ، محەمدی مەلا. کۆمەڵێك لاوك و حەیران ١٩٦٨..

([2])عەدۆ ، ئەسعەد. ئایشە گوڵ.

([3])یحیا ، عبدالفتاح علی. بەیان ٨٣.

# لاوکی غەریبی

کێ هەیە لەو کوردەواریەی خۆمان تووشی دەردەسەری و غەریبی نەبووبێ ئەو پێکەی لە نەخبی دووره ولات بەسەر زاری وەنەکردبێ ، یان کێ لە ئێمەمانان تووشی ئەشکەنجەیی سیامەند بۆ خەج نەبووبێ و هەر وەکو ئەو دووانە پەلە دارێك لە چیای سیپان ی ، جەرگی کون نەکردبێ ؟ یان کێ ئازیزترین و خۆشەویسترین ئاواتی لە شەڕی خۆبەخت کردندا لەسەر خاك و میللەت بۆ هەتا هەتایە چاوی پێ نەکەوتۆتەوەو تا ئێستاش لە گەڵدابێ ، هەر بەو حەسرەتە غەریبییە دڵی جۆشاوە .

ئەی کێ لە ئێمەمانان قینی بەرامبەر بە عوسمانیەکان و فارسە ڕەگەز پەرستەکان و ئینگلیزەکان نیە لەو کاتەی دەیان خۆبەختکەری ڕێگای سەرفرازی وەك شێخ مەحمودی نەمرو بەدرخانیەکان و ئیحسان پاشاو چەندانی تر بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە بە زۆرداری کوردستانیان بەمانە جێ هێشتووەو دەست بە زنجیر دوور خراونەتەوە :

**ئەزی ل دیاری ئەستەنبولی خونکاری ئیسلام**
**هەمی ل من قەسری سپینا**
**ئەزی بەری خۆ دمی ئەسکەلی بەحری**
**کەلەك ل سەری دەگەری و گەمینا ..**
**گەلی خۆجهیا هوین قەدری مە بگرن**
**دلی مە نەشکینن ئەم ژی وولاتی خو ڤەدەرن[(١)] .**

لەم نموونەی خوارەوەدا ، کاتێ لەعلی خان هەواڵی کوشتنی تاکە

([1])کەریم ، محەمدی مەلا. کۆمەڵێك لاوك و حەیران ١٩٦٨.

کوڕەکەی دەبیستێ و هەست دەکا کە بە غەدر کوژراوەو لە دوای کوشتنیدا ئەم بنەماڵەیە واتە لکێکی بنەماڵەی میرانی سۆران کۆ دەبێتەوە بۆیە دەڵێ :

**دەنایێ سەدجاران نایێ دەنگی ڕەشیدان و ماقولێ و خانەدانان بڕا لە دنیایێ ،**

**هەوری تارانێ چۆغەری زاخۆ دەمانچەی مانێ لە سمایل بەگی لەعلێ خان میرات بەجێ مایێ[١] .**

هەروەها لەم نموونەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە کوشتنی مێرچاکان هێندە جەرگ بڕ نیە چونکە کوشتنەکەی لەسەر ڕێگایەکی ڕاستە ، بەڵام جۆری کوشتنی بۆتە کەسەرێکی غەریبی .

**حەیفی من کوشتنی وان خوش مێران نیە**

**حەیفی من دمینی خەلك عالەمی عەوامێ**

**د گوندی مەدا شمڕا غەریب تاسەکی ئاوی نەدایێ[٢] .**

# لاوکی پێهەڵدان

زۆربەی لاوك بێژەکان ئەم جۆرە لاوکانەیان هەیە ، جا مەبەستەکەی بۆ گوزەران بێ یان لێ ترسان ، یا خۆشەویستی... بەڵام ئەم جۆرەیان زیاتر خزمەتی کاربەدەستانی ئەو سەردەمەی کردووە، یا شەڕکەران و سوارچاکان و خانەدانان. هەرچەندە لاوکی بورجا بەلەك زیاتر بەشی مێژوویی دەگرێتەوە بەڵام گۆرانی بێژ بەچاوێکی هێند بە نرخ بەو بورجەدا هەڵدەڵێ کە مایەی شانازی هونەری وەستایان و میرانی کوردە .

---

([1])عەدۆ ، ئەسعەد ، لیرەیەك لە گەنجینەی نەتەوەی کورد ١٩٨٤.

([2])گۆران ، محمد. کاسێت ..

**هوستاکان مالا وا بخانی خودی بی**
**هنك سەری و رو ئەساسی بورجا بەلەك**
**قازان و قازان باشییە دانینە راسەری وی شەتیانی**
**ئەڤجا مالا وا بخانی خودی بی سەری بورجا بەلەك**
**قازان قازان باشییان دانن سەقلانی مەما هەی**
**سەی وی شەتیانی[١].**

لەشکریش لەوکاتەی هەست بە ناپاکی خۆی بەرامبەر بە سلێمان بەگی میری سۆران دەکا ، پێش ئەوەی خانزاد تۆڵەی لێ بکاتەوە داوا دەکا بەندی بۆ بڵێ.. هەر نەبێ ئاگری دڵی خۆی هێور بکاتەوە :

**وەکی ئاورێدکەم دەداوە ئاغای خۆم پێنجسەد سواری لە گەردابوو هەموو ماین بۆرەیی خارخار سەرزینی مەخمەری کەسکیان لێدەدە . ئەگەر دەچوومە هۆدەیێ دیکە لە بۆم دینان نۆسەد جووت رمی نەسیری سەروبن تۆپ زێڕ نیشان .**

لێرەدا ئایشە گوڵ بەچاوێکی زۆر بەرز دەڕوانێتە ئازایەتی دەسگیرانەکەی بۆیە پێی ناخۆشە ئەگەر بە دەستی یەکێك بریندار بێ ! بەڵکو خۆزگەی کوشتنی بەدەستی ناودارن دەخوازێ :

**ئەمن بە هەندێ نایەمە بەری برین سوارییێ توو بریندارە لەشەڕی شەمر تۆگان ئێلچی عەجەمان میری مەوالیان خۆرتێ سعێرتیان ئەمان بەهەندێ دێمە بەرێ برین سوارییێ توو کوژرایە لەبەر پێنج سەد سوارێ قنجانی[٢].**

---

([1])یەحیا ، عبدالفتاح. پێشوو ..
([2])عەدۆ ، ئەسعەد. ئایشە گوڵ ...

# لاوکی هاندان

کێ هەیە نەوەی خۆی بۆ زیاتر خزمەتکردن و هەوڵدان هان نەدابێ ؟ کەس هەیە لە ئێمەمانان لەوکاتەی شەڕێك دەبینێ هانی خۆییەکەی نادا بۆ سەرکەوتن ؟ پاش ئەوەی دایکی کولك نەیتوانی تاکە کوڕەکەی لەسەر ئەو تالانکردنە بگەڕێنێتەوە.. با بزانین چۆن هانی بۆ ئەوەی بگاتە ئامانج کە دەڵێ:

**کوڕێ من کولکۆ . .**
**لە بۆ خۆ هەرگرە برایمە شەمۆیە**
**لە بۆ خۆ هەرگرە دارێ عیسۆیە**
**لە بۆ خۆ هەرگرە ڕەشی بیرۆیە**
**لە بۆ خۆ هەرگرە برایمی ئامۆکێ[1] .**

هەر چەندە نامانەوێ هانی ئەو جۆرە لاوکانە بدەین کە بۆتە شومی داب و نەریتی نەتەوەکەمان بەڵام بۆ نا ؟ هەر نەبێ ڕۆڵەی ئێستامان سوود لە چەوتی ڕابردوومان وەردەگرن :

**ئەگەر نوری باویل ئاغا لە شاری دهۆکی کاغەزەکی هەناردبوو بە دزی لەبۆ مەکتەبی سانەوی هەولێرێ ڕەنگین دەیگۆ: بڕۆ کوڕێ من صباح لە هۆدەی حاکمی جۆتەکی دەمانچان بدە لە بەژنی سمایل بەگی ئاغەی باتاسێ قەزایێ ڕەواندزێ کوڕی لەعلی خانی ، صباح ، مەترسێ! بەمارێ دنیایێ مەحکەمەی کوبریا تەختی شەوکەت پاشای بەغدایێ هەردووکیان غەمی بابێ تەیە[2] .**

---

([1])عەدۆ ، ئەسعەد. ئایشە گوڵ . ..

([2])عەدۆ ، ئەسعەد. لیرەیەك. ..

# لاوکی دەخالەت

لە داب و نەریتی کۆنینەماندا باوە کە یەکێك ئەگەر کارێکی بکردابوایەو توانای بەردەوامکردنی نەبوایە خۆی دەگەیاندە هۆزێکی تر بۆ ئەوەی بەهۆی ئەوانەوە خۆی لە دەستیان بپارێزێ ، ئەگەر بێت و میللەتێك بەرامبەر بەدوژمن بجەنگایەو توانای زۆری ئەوانی نەبووایە ئەوە قاسیدی بۆ دراوسێیەك دەنارد بۆ ئەوەی یارمەتیان بۆ بنێرێ هەر وەکو لە لاوکی لەعلی خاندا بۆمان دەردەکەوێ کە نوری ئاغا هانا دەباتە بەر بنەماڵەی زاواکەی بۆ یارمەتیدان و تۆڵەکۆدنەوە .

**هاوارەکی دەکەم لە گەلی خۆمان و برایان ، بەسێ دەنگان گاز دەکا**
**خدرێ حەمەد ئاغا مەلا عەزیزی برام ، عەلی باویل ئاغەیە .**
**سەری من و قوربانی سەری بی... ئەوڕۆ سمایل بەگی لەعلی خانێ**
**دێتە دەرێ لەشارس هەولێرێ مەعلوومە سێ پشتا دوژمنی مەیە ،**
**لە سەر صباحی چاو بەڵەکە بیکوژن حەفت ساری حوکم دابوو بە**
**ئەوی حاکمی دەخێلێیە[١] .**

هەروەها لە لاوکی شێخی نەمردا ، لاوکبێژ بە سەرکەوتنی دوژمنانی ئینگلیز لە چاوی کوردی خاین دادەنێ بۆیە هانا دەباتە بەر تورك بۆ هاریکاریان ، هەرچەندە تورکەکانیش داگیرکەری وڵات بوون ، بەڵام هەر نەبێ لاوك بێژ بە ئیسلامیان دادەنێ :

**شێخ مەحمود بە سێ دەنگان گاز دەکا**
**کەریمێ فەتاح بەگی ئەوڕۆکە**

(1)هەمان سەرچاوە ..

دەست هەلینانەکی بکەین
ئەمن دەستێ خۆ بدەمە دارێ جامبێزارێ
بگرم شاری کەرکوکێ شاری بەغدایێ
چەندی هاواری تورکان دەکەم
هاواری تورکان دووره
کورد خائنه[1].

* * *

(1)وردی ، محمد تۆفیق. نماذج من التراث الشعبي الكردي.


زێی بادینان
حاجی تۆمەران
هەولێر
ڕێگای موسڵ
ڕێگای کەرکوک
کەرکوک
سوڵتان عەوڵا
پیرداود

# حەیران چییە ؟

حەیران جۆرە مەقام و ئاوازێکی تایبەتە، ئاوازی شمشماڵی شوانەکانی دەشت و دۆڵ و پاڵ شاخەکانی کوردستانە، ئەو دەنگە زوڵاڵەی رەسەنی کوردە، ئەو پەخشانە رازاوەی سەروبن گرێدراوەیە ، ئەو دەنگەی مرۆڤی کورد دەگەڕێنێتەوە جیهانی بەرفراوان و رەسەنی نەتەوەی کوردو بەئاسمانی کوردستان باڵەفرکێ دەکا .

ئەو ئاوازە پڕ لە سۆزو کاریگەرەیە کە ئێشوئازاری شوان و گاوان و جوتیاری کورد لەیاد دەباتەوەو دەبێتە هەوێنی خۆشەویستی سەپان و گیشە کەری وڵات، سەرەڕای ئەوەی ئەو شوێنە دڵفرێنانەی خاکی کوردستان و جێ ژووانی دڵداران دەست نیشان دەکا.. بە شۆخ و شەنگ و خانەدانێتی ئەو هۆزو عێلانەدا هەڵدەڵێ و ژیانی ساکاری رابوردومان بەئێستای شارستانیەت دەبەستێتەوە .

حەیرانبێژ باسی ئەڤینی و داوێن پاکی دوو دڵداری کورد دەکا.. ئەم باسەیش شۆخێکی نازدار لە هۆزەکەی وەیان لە گوندو ناوچەکەیان دڵی فراندوەو ماڵی باوکی ئەو شۆخە لەبەر ئەو هۆیە بێ ، یان بۆ گوزەرانی ویستویانە هەواریان بگوازنەوە ، لە ناوچەکە بەدوور بکەونەوە ، بۆیە ئەویش هانا دەباتە بەر برادەرەکانی و هەواڵی گواستنەوەی ماڵی خۆشەویستەکەی پێیان ڕادەگەیەنێ و باسی ڕووداوەکەیان بۆ دەکات ، کە چۆن و چی کردوە لەوکاتەی کۆچ و کۆچباری ئەوانی بینوە ، ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە دەکاتە پەخشانێکی ڕێك و پێك و بە دەنگە سووتاوەکەی زرینگە لە گوێی زەمین دێنێ ، لەو شوێنەی کە ماڵی حەیرانی ، خۆی لێ دابەزی بوون و هەواریان لێی گواستۆتەوە قۆناغ بە قۆناغ ، ناوچە بە ناوچە گرد بە گرد پێیدا هەڵدەڵێ :

بەجوان و شۆخ و شەنگی یارەکەی بە خانەدانێتی ماڵی باوکی ، بەو رێ و

شوێنانەی کە لێی دادەبەزن و باردەکەن تا دەیانباتە هەواری نوێیان ماوە ، ماوەیش وەفاداری خۆی و سەرنانەوەی لەڕێگای ئەڤینەکەی باس دەکات و داوا لە دڵدارەکەی خۆی دەکا کە وەکو ئەو لەسەر پەیمان و بڕیاری خۆی بمێنێتەوە، تا لەکۆتاییدا سوێند بۆ یەکتر دەخۆن کە هیچێکیان دڵ نەگۆڕن تا بۆ یەکتر دەبن[1].

ئەگەر بێت و ئەم پەخشانە حەیرانیەش لە سەر زاری کیژۆڵەکە بێ ئەو ئەویش هانا دەباتە بەر دەستە خوشکان و داوایان لێ دەکات کە سەرزەنشتی نەکەن بەڵکو داوای یارمەتیان لێ دەکاو کوڕەیش هان دەدات ، بۆ ئەوەی بچێتە لای پیاو ماقوڵانی گوندو ناوچەکەیان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك ، بۆیە تا ئێستا ئەمجۆرە دڵداریە جێگای شانازی نەتەوەکەمانە رۆلە داوێن پاکەکانمان بونەتە مۆم و لەو ڕێگایەدا خۆیان سووتاندووە .

## کانگای حەیران

لەبەشی لاوکدا باسی ئەوەمان کردووە کە حەیرانیش جۆرە مەقامێکی تایبەت بە میللەتی کوردو لایانی دڵداریەکەی بەسەردا زاڵەو لەو چەند ساڵەی دوایدا سەبارەت بە باری ژیانی نەتەوەکەمان کەمە سیفاتێکی لاوەکی گرتۆتە باوەش ، بەڵام لە بەندایەتی دڵداریەکە دەربازی نەبووە .

هەرچەندە ئەم گۆرانیە تایبەتە بە ناوچەی دەشتی هەولێر بەتایبەتی ناوچەی دزەیی بەڵام لەبەر تاموچێژی بەلەززەتی توانیویەتی ئەو سنورە تەسکە ببەزێنێ و بگاتە ناوچەی خۆشناوەتی ، هەروەها بناری هەیبەت سوڵتان ئینجا سەر لووتکە بەرزەکەی قەندیل بەڵکو خۆی گەیاندۆتە ناوچەی موکریان و لە دەوروپشتی حەوزی بۆکان خولی خواردۆتەوە لەوێوە بەرەو

---

([1])عەدۆ ، ئەسعەد. لیرەیەك .....

حـاجی ئۆمـەران گەڕاوەتـەوەو دەنگـی زولاڵـی بردۆتـەوە نێـو ئەشـکەوت و گوێـچکەی ئـەو خانمانـەی سـەرکانی و کانیاوی زینـوێ و دەربەنـدی رایـات لـە وێـش بەسـەر لووتکـە بەرزەکـەی هەنـدرێن و زۆزگ بـەرەو دارە شـەکرانێ و ناوچـەی بەرانـەتی و شـەمامك گەڕاوەتـەوە کانگـاو لـە باوەشـی قـەراج و ، لـە بێژینگ بەسـەر پـەڕو باڵی گڤ کردۆتـەو بە ڕای مـن لەوکاتـەی ئـەم گۆرانیـە لـە کانگـا بـە دوور دەکـەوێ.. کـەمێك لـە تاموچـێژی تایبـەتی خـۆی بـزر دەکـاو حەیرانبێژەکانیش سەرکەوتنیان لەو مەیدانەدا کەمە! .

ئەگـەر بێـت و سـەرنج بدەینـە ئـەو حەیرانانـەی سـەر شـەریتی کاسـێت و لاپـەڕەکانی بڵاوبوونەتـەوەو بۆمـان دەردەکـەوێ کـە حـەیران سنورێکی تەسـکی هەیـە بـە مەزنـدەی مـن لـە بنەبنـەی بـایز بـلاخ تـا دەگاتـە گـەلی عـەلی بـەگ جارجـاریش دەپەڕێتـەوە هـەروەك دەسـت نیـشانم کـردووە ، جگـە لـەو نـاوو شوێنانە کە بۆ کینایە بەکار دەهێنرێ"[1] .

لە خۆبایبوونم نیەو جارێکی تر لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا وتوومە :

" من یەکەم کەسم بە مەزەندەو بۆچوونی خۆم سنوورم بۆ حەیران داناوە" ئەمـەیش ئـەوە ناگەیـەنێ کـە یـەکێکی تـر توانـای دەربـڕینی ڕایـەکی تـری نیـە ! بەڵام هەموو بۆچوونێك پێویست بە بەڵگە دەکا !

دەربارەی پەیدابوونی حەیران پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار لە مەحازەرەیـەکی ساڵی ١٩٧٦ دا گوتویـەتی: حـەیران یـان لـە خـاکی مـەهابادەوە هاتۆتـە دەشـتی هـەولێر یـان بـە پێـچەوانەو بـرای فۆلکلۆرپـەروەر خالـد جووتیـاریش دەڵـێ : لـە مەسەلەی پەیدابوونی حەیران من لەو قسەیەی دکتـۆر مـارف زیـاتر شك نابـەم ، با ئەم قسەیەی دکتـۆر هـەڵگێڕو وەرگێـڕ بکەمـەوە وا دیـارە رایەکـە زۆر چەسـپاو نییـە تـا لـە ئـەنجامی هـەڵگێڕو وەرگێـڕدا کـاك خالـد دەڵـێ: لـە دوا وتـەدا دەڵـێم لانکی سەرەتای حەیران لای مەهابادە "[2] .

---

(1)هەمان سەرچاوە..

(2) جوتیار ، خالد. گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ئەیلول و تشرینی یەکەم ١٩٧٧ ..

منیش بۆ چەسپاندنی رایەکەی خۆم دەمەوێ ئەم بۆچوونانە هەلگێڕو وەرگێڕ بکەم ، دەربارەی بۆچوونەکەی دکتۆر مارف خەزنەدار قسەی لێ ناکەم چونکە کاك جووتیار گوتەنی: " چەسپاو نییە" دەربارەی ڕایەکەی جووتیار.. لە پاش ئەوەی کاك خالد کەمێك هەڵگێڕو وەرگێڕ دەکا ، ئینجا دێتە سەر ئەوە کە گوایە" دزەییەکان لە گوندی دزەوە ، هاتوون.. حەیرانیش بەهۆی ئەوانەوە هاتۆتە دەشتی هەولێر ".

بۆ ئەم رایە دەڵێم: ئەگەر بێت و سەرنج بدەینە ئەو هەموو حەیرانانەی گوێ بیست بووین.. ئەمانەت بۆ دەردەکەوێ :

* لایانی جوگرافی بە هیچ جۆرێ نێوی گوند ، ناوچە ، چیا ، رووبار ، هتد پارچەکانی تری کوردستان ناهێنێ.. ئەگەر بۆ خاتری کچەتیم حەیران و کینایە نەبێ هەروەها لە زۆربەی پەخشانە حەیرانەکان وشەی خۆمان بەکاردێنێ وەکو کەندێناوەی خۆمان ، زوورگەزراوی خۆمان... هتد .

* لایانی ئاینی ، کێ لە ئێمەمانان گوێی لە حەیرانێکی دەروێشان بووە کە نێوی شێخێك یا پیاوچاکێکی غەیری ناوچەی سەرهەڵدانی حەیران واتە دەشتی هەولێر بووە ؟

جگە لە نێوی مەککەو مەدینە ئەمەیشیان بۆ هەموو ئیسلام دینێکە ، چونکە حەیرانی دەروێشان نێوی پێغەمبەری دێتە نێو ، ناوی ئەم دوو شارە پیرۆزەیش پەیوەندی بە ناوی ئەم زاتەوە هەیە .

* چ حەیرانبێژێك لە پەخشانە حەیرانەکەیدا بە خۆزگەی ئامادەکردنی دەرمان یان کڕینی کەلوپەلی کچەتیم حەیران لە کۆیەو هەولێرو قۆجە موسل زیاتر ڕۆیشتووە ؟

* چەندان حەیرانمان هەیە بە خۆزگەی دروستکردنی لانك ، خەزێم هانا دەباتە بەر برادەرەکانی بۆ ئەوەی وەستایان بینن لە دیاربەکر یا حەلەب .

* لە لای هەمووومان ئاشکرایە کە هەر ناوچەیەك لە کوردەواری خۆمان نێوی ئافرەتانی تا رادەیەك تایبەتە ، کێ لە حەیراندا لەم ناوانەی زیاتر

بیستووە: هەمین ، ئەسمەر ، خەجیج ، زریخ ، نەخشین ، عەنیف ، عەیشۆك ، ئامین ، کە بە زۆری لە دەشتی هەولێر باون .

بۆ چ ماڵێك هەیە لە دەشتی هەولێر نێوێك لەم نێوانەی تێدا نەبێ ؟

* لە چ حەیرانێك گوێ بیست بووین کە هەموو باران یان کۆچ و کۆچبار لە قەرەچوغ ، زورگەزراو ، کەرکی حوسێنی غازی ، قەپران ، قەرەبۆت ، میجان ، زیاتر روویدابێ ؟! ؟

* بۆ ئێمە حەیران بکەینە موڵکی ئاغاکانی دزەیی ، خۆ هیچ گومان لەوەدا نیە کە بنەماڵەی ئاغاکانی دزەیی دەورێکی زۆر زۆر باڵایان لە پەیدابوون و سەرهەڵدان و پارێزگاری کردنی حەیران و حەیرانبێژان هەبووە. بەڵام ئەوەی گوندی دزەی ، دیبێ و ئەم رایەی کاك جوتیار بخوێنێتەوە ، خوا دەزانێ بە گوورِ فرمێسك بۆ حەیران دەرێژی چونکە "نە هەوارەو نە بوارە" خۆ ئەگەر بڵێم بەهۆی ئێمەوە ناوی حەیرانیان بیستبێ ئەوە هیچ گومانی تیا نیەو بروا تان بێ! .

* ئەگەر سەیری شێوە زمانی حەیران بکەین، بێ گفتوگۆ لەشێوەی شاری هەولێر بە تایبەت ناوچەی دەشتی هەولێر بەدەر نیە .

* باری ژیانی کوردەواری لە هەموو رووێکەوە بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی حەیران و جۆرەکانی تری گۆرانی کە تایبەتە بەناوچەیەك .

* لە زۆر شوێنی تری کوردستاندا حەیران دەگوترێ بەڵام لەهەمان پەخشانە حەیرانەکانی ناوچەی دیارکراو بەدەر نیە.. جگە لە گۆرِینی چەندان وشە وەك: گور ، گوڵ ، لەگەر لەگەڵ... هتد .

* لە کۆتاییدا دووبارە دەڵێم لانکی سەرەتای پەخشانە حەیران و حەیرانبێژەکان دەشتی هەولێرەو دیوەخانەی ئاغاکانی دزەیی و ئاقاری ئەو دەشتە پان و بەرینەو شوان و شوانکارەیی و شەوبەکێ و... هتد بوونەتە شوێنی سەرهەڵدانی .

دوا بەدوای چاپی یەکەمی ئەم کتێبە ، ئەم چەند زانیاریەم لە مەرِ حەیران و شوێنی سەرهەڵدانی دەخەمە سەر بۆچوونەکانی دیکەم :

خــەڵکانێك هــەن لەســەرووی هەموویانــەوە هونەرمەنــدی لێهــاتوو ئۆمــەری دزەیـی دەڵـێ: لـە سـاڵی ١٩٥٧ لەوکاتـەی لـە سـوریا چـاوم بـە مەمـدوح سـەلیم کەوت و گوێی لە حەیرانی من گرت.. گوتی حـەیرانیش لـە ناوچەی ئێمە هەیە! بـۆ خـوودی خـۆم تـا ئێـستا هەسـتم بـە بـوونی حـەیران لـە باکووری کوردسـتان نەکردووەو بەهیچ شێوەیەکیش نەوارێکی حەیرانی ئەوێ یان لە رادیۆیەك گوێم لە حەیرانی ئەوێ نەبووە

دەربارەی قۆناخەکانی حەیران بۆ خۆم وای بۆ دەچم کە سەیدەکۆر باوکی سەید کەریمی زورنابێژی رەحمەتی لـە ناوچەی بەڕانـەتی ژیاوە باپیرە حـەیران بێت بەمانایەکی دیکە خەڵکانێکم نەدۆزیوەتەوە لەو زیاتر یان کۆنتر گوێیـان لـە حـەیران بووبێـت دوور نییـە پـێش ئـەو هـەبووبن بـەڵام هـیچ هۆیـەك نـەبووە دەنگەکەیمان بگاتێ ئەویش دوو شاگردی باشی لـەدوای خۆیـەوە بەجێهێشتوە خدر خەرەبەدراو سمایلی حەمەد نەخشینی. هەرچەندە مام خدر بەهۆی بەقاڵی توانیویەتی ئەوبەرو ئەمبەری رێگەی موسل بکات تامی حەیران بێنێتە ناوچەی شـەمامك بـەڵام دەتـوانم بڵـێم حـەیران بە غـەریبی لـەو ناوچـەیە ماوەتـەوە هـیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینیوە ، بەڵام لەوکاتـەی لە ناوچەی سەنیەو مرکێ نزیك بۆتـەوە ناوچەکە بەگشتی باوەشـی بۆ کردۆتـەوە دیوەخانـەکانی دەشـتی دوەییـاتی و کەنـدێناوەو قـەراج دەورێکـی زێـدە باڵایـان هـەبووە لـە پێشخستن و راهێنــانی حــەیران ، بەمانایــەکی دیکــە گەیــشتۆتە باوەشــی گــەرمی داکایــەتی بەهـەموو لایـەك خەڵکەکـەی ئـەوێ شانازیان بـە حـەیران کـردووە جارێکـی دیکـە دووبارەی دەکەمەوە حەیران لە دەشتی دزەییاتەوە بەرەو دنیا رۆیشتوە ، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ کە لە شوێنێکی دیکە ، خەڵکی ئەوێ داهێنانیـان تێدا نـەکردبێ! مـن هەسـت دەکـەم ئێـستا خـەڵکانێك هـەن لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتان داهێنـان لـە حەیران دەکەن کە مۆرکی پەیڤی خۆیانیان تێدابێت .

بــۆ ئــەوەی بتــوانین پەخــشانە حەیرانیــەکان لــە یــەکتر جیــا بکەینــەوەو نموونەیان بخەینە بەرچاو ، بە مەزەندەی خۆم لـە رووی ناوەڕۆکەوە بـەمجۆرەی خوارەوە دابەشیان دەکەم :

# حەیران و دڵداری

هەروەك لە سەرەتادا باسمان کردوە کە حەیران بەگشتی دڵداریە بەڵام تێکەڵاوبوونی پەخشانە حەیرانی فۆلکلۆری و پەخشانە حەیرانی میللی بۆتە هۆی فراوانبوونی ناوەڕۆکی ئەو گۆرانییە بۆ چەند لایانی تر کە لە خوارەوە باسیان لێ دەکەین حەیرانی دڵداری بریتیە لە پەخشانە شیعرێك بە مەرجێ سەربەندو دوا بەند.. بۆ ئەم پەخشانە شیعرە هەبێ ، ئەمەیش بەچەند جۆرێك دەبێ.. لەسەر زاری کوڕەکە بێ یان کچەکە یا بە دوو قۆڵی .

**نموونەی یەکەم**

**ئەمن بەوێ هێواریێ گەلە بریندارم ، برینانم کەتینە بەدەنێ .**
**دەنگۆ لۆ من گاز کەنەوە حەکیم و لوقمانان.. بەچاوانم تەماشا کەنێ بەدەستانم دەست نەدەنێ .**
**ناوەللا جوابەکی بدەنەوە دوو چاوێ رەشکۆکە کابانی ماریێ .**
**دەبا دەرمانەکی دورست کاتەوە لە تۆزی شەدێ لە ژەنگی گواریێ .**
**لەبن پەڕی خەزێمێ.. بیشێلێتەوە بە ئارەقەیێ سەر مەمکان لە قۆرتە قۆرتێ گەردەنێ .**
**ئەوجا لەگەر کۆمەرەکی دەستە خوشکان دانێتەوە سەر برینی کوڕەتیم حەیرانێ .**
**زستانەکی گەلە گەلە ساردو سەرمایە ، دەترسێم هەر نیتەوە زوخمە لەگەر تەشەنێ .**

**نموونەی دووەم**

**خۆزی بە خۆزی داران ئەمن دەستڕەکی کەتانی بە گورینگ بامایە لە پشتی کوڕەتیم حەیرانێ .**
**فەسلی بواران لەدەشتی کاولە قەراجی ئێواران و سبەینان لە بۆخاتری کەیفی درێ خۆ بهاتبامە خوارێ ، بەسەر قەفقەڤ پشدێنێ .**
**نموونەی سێ یەم**
**بەژنی حەیرانی نە کورتە نەبرندە ، ئەمن بە بستیم پیوایە ، بە چاوم قەیاس لێ کردیە .**
**کوڕە حەیران ئەتو فکرت نایە دونێ ئێوارێ لە ڕێی سراوێت گەیشتمێ قەڤ سمێرت خواربوو ، ئەمن لە بۆ کەیفێ درێ خۆ بە پەڕی خەزێمیم راست کردی[١] .**

## جوگرافیاو حەیران یان حەیران و جوگرافیا

ڕەنگە ئەو ناونیشانەم پێکاو نەبێ و جێگای ڕەخنەو گلەیی خوێنەرانی ئازیز بێ ؟! بەڵام مەبەستەکەم گەلێ لەمە مەزن ترەو بەنیازو ئومێدی ئەوەم کە بتوانم زیاتر لە ناوەڕۆکی حەیراندا بدوێم و شوێنی سەرهەڵدانی بچەسپێنم و زیرەکی و لێهاتوویی حەیرانبێژەکان دیار بکەم.. ئەم ناونیشانەیش بەو مەبەستە نیە ، کە بڵێم پەخشانە تایبەت بە حەیرانی جوگرافیا هەیە نەخێر.. بەڵکو دیارخستنی رادەی پەیوەندی حەیران و حەیران بێژان بەو خاك و شوێنە دیار کراوەی کە نێومان ناوە لانکی سەرەتای حەیران .

دوور لە دڵ ڕەشیدا دەڵێم هەندێك لە برا شاعیرانی ئێستاماندا پەنا دەبەنە بەر بابەتەکانی فۆلکلۆر بە مەبەستی سوود وەرگرتن و بەستنەوەی ئەدەبی کۆن و نوێ بەڵام هەر وەکو گووتم هەندێکیان لەم مەیدانە سەرکەوتن بەدەست

(١)کریم ، محەمەدی مەلا. سەرچاوەی پێشوو ...

نـاهێنن.. بـۆ نموونـە برایـەکی شـاعیر بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەیـەوێ سـوود لەسەربردەی لاس و خەزاڵ یان هەر سـەربردەیەکی تـری فۆلکلـۆر وەربگـرێ، بـێ ئەوەی بە قووڵی و وردی بچێتە بنەوانی ئەم سـەربردە ئاڵۆزە، خـۆی لـە گێـژاوی سەربردەیەکی تر دەدۆزێتەوە! بۆ ؟ چونکە شارەزایی لـە فۆلکلـۆری میللەتەکـەی خۆیدا نیـە ، بـەڵکو ئـەو گونـدو شـوێنانەی نێویـان دەبا هـەر نەیدیوون ، بـەڵکو نـازانی کەوتوونەتـە چ لایـەك!! ئەگـەر بێـت و سـەرنج بدەینـە حـەیرانێك هەسـت بـەوە دەکـەین کـە حەیرانبێـژ یـان شایەری دانـەر بست بـە بست شـارەزایی لـەو گوندو ناوچانەی نێوی بردوون هەیە، بەڵکو شـارەزایی ئەمەیشی هەیـە کـە ئـەو گونـدە بـە چـی بەناوبانگـە ، سـەرەڕای شـارەزایی لـە فەلەکییەتـدا ، کـە فلانـە ئەستێرە لە چ کات و لـە چ لایەکداو بـۆ هەڵـدێ ؟ بـەو کاتـە چ دەڵـێن و پێویسـتە خەڵك لەو کاتەدا چی بکات... هتد بۆ نموونە :

ئەوجا دەرێم خۆزیا بە خۆزی داران ئەمن باز بوومایـە.. سـوار بوومایـە ئـەول مانگێ پایزان لەسەریا پیرمەمی ، رەنگین لە چۆمی کـۆڕێ لـە بـاخی شـەقلاوێ لـە چۆلە مێرگی لە مێرگە چەتانێ لـە گولـەکی لـە باویـانێ لـە بنەبنـەی خـانزادی لـە گـۆڕی سـپی کێلـە دەراوێ خـەلیفانی لـە زاریـا گـەریا عـەلی بـەگ لـە کۆسـپەی سـەردەریان نـاوەللا لـە کوێسـتانی سرێشمەییان لەسـەر پـردی رواندوزێ لـە بـن ئاوی جوندیانی لە گەردە گەردەی بێخالی لەسەر قەراتی کاولە بیجانێ"[1].

یان :

**ئەستێرەکم لـێ هـەردێ لای ئێمـەنی ، پێـروو هـەردێ تـەرازوو نایگـەنێ ، ئەوجا حەیفی من دەمینێ لەبەر کۆڕپە کیژۆرەکانی ئەو عەیامەی ، شەوێ لە سێبارێ نیوە شەوێ دەنوون لە مارەبابان ، کەلەکان وەردەگێڕن بەتاقی تەنێ .**

---

(1)دەگێڕنـەوە دەڵـێن : لـە زەمـانی پاشـای کـۆر گونـدی ( کاولۆکـان) شـار بـوەو مـیری ل﴾ دانیشتوە ، ئـەو رواندوزەی ئێستا بـە (قەراتگـە)و ( گـەردە گـەرد) بەناوبانگ بـوە ، ئـەو گەردە گەردش گۆڕە پانێکی تایبەت بوە بە بۆنە میللیەکان و خۆپیشاندانی لەشکر .

# حەیران و ئاین و شیوەن

عیشقی شێخ و سەیدو پیاوچاکانی ئاینی ئیسلام هیچی لە عیشقەکەی تر کەمتر نییە ، بەڵکو زیاترە، جا لەبەر ئەمە حەیرانبێژەکانیش بەتایبەتی ئەوانەی ڕێبازی دەروێشیان گرتۆتە ئەستۆ، لەشەوانی زیکرو حاڵ گرتندا یان لەکاروانی چوون سەر مەزارو ڕۆژی لەدایك بوونی پێغەمبەری خۆشەویست د.خ یان یادگارە ئاینیەکانی تر ئەوا مەپرسە دەنگی عیشق و پڕ سۆزی ئاشقی خوایی چ دکرێك بە مەجلیسی زیکرو حاڵ دەکا کە دەڵێ :

**ئەورۆ بەوێ ئێوارێ سەرم چەند دێشی لۆیێ نەمایمە دەردی لە درێ من بە برینە برینە .**

**دەبا بەژن و بارایی سەیدی لە بۆ من بمابا بە کۆرپەیێ ڕەشە ڕەیحانە بە داری زەینەتێ .**

**سەری چەند ساران لەسەر ئاوی روحانێ**

**بەرامبەری جۆتە مەرقەدا داچینە**

**ئەمن دەمگۆتە :**

**گەلی دەروێش و مریدو دێوانان ، ئاڵای دەروێش و مریدو بابی حاجی کاکەی دەبا وەربگرین بە دەف و دایەرەو واراو عەلەم و بەیداخان شۆڕبینەوە لە بۆ شاری مەدینەی خزمەت عەزرەتی رەسول الله ئەمان پێغەمبەری ئەوەل و ئاخری زەمانی مەعلوومە مەشهورە ، سەری چەند ساران لە شاری مەدینەی ئەو جێنشینە[1] .**

---

([1])جوتیار ، خالد. فۆلکلۆر بەشی دووەم ١٩٨٥....

**جوانــە مــەرگ بــوونی ناسـکە بێـری گوارەچـوار گـۆیی و شـوانە جحێڵەکانی نێك بە دەمانچەی گوندە کوردەواریەکەی خۆمـان و مردنـی ئاغەو پیاو مـاقوڵان و چۆڵبوونی دیوەخانـەکانیش بوونەتـە کەرەسـەی ئـافرەتی شـایەرو حەیرانبێـژی کـورد ، کـە بەدەنگـە سـووتاوییە دووکەڵاویەکەی هێزو توانا لە گوێگران دەبڕی و جۆگەلـەی فرمێسکی خوێناوی بەمجۆرە حەیرانانە لە روومەتیان دەچۆڕێنیٚ .**

**هەولێر هەولێرە هەولێرۆك بە ئاوە.. ئای وەی چەند بریندارم دەوجە لۆخۆت سەرو تەوالێتی حەسەن عەدۆ ئۆ.. ئۆ ئۆی یـارم شـێخە دەوجـە ئەوسارەکینیٚ بواریٚ کیٚ بووە دوعاکار، قەرەم و دەفتەری کاکی من بەجیٚ ما لەسەر مێزی کاولە بەیتەرەی هەولێریٚ .**

**داکیٚ کەریمی چ هەناوی نیە هاوار بکە لۆخۆی وەکی پۆڕیٚ بچریکێنیٚ لۆ برای لە داکیٚ .**

**داکی لانکی لە شیرنیٚ خەویٚ ڕاپەڕێنم(١).**

## حەیران و خۆزگە ..

کیٚ لـە ئێمـەمانان خۆزگـە نـاخوازیٚ و بـەو ئومێـدە نیـە ؟ چ دڵـدارێك هەیـە لـە کـاتی گفتوگۆکردنـدا لەگـەڵ دەزگیرانەکـەی خۆزگـەی بەیـەك گەیـشتن نـەخوازیٚ ؟ کـەس هەیـە خۆزگـەی هاتنـەدی ئامانجـە تایبـەتی و گـشتیەکانی نـەخوازیٚ. پەخشانە شیعری حەیرانیش هەروا! بە دەگمـەن ئەگـەر وشـەی خۆزگـە ی ، تێـدا نـەبیٚ جـا لـە بـەر ئـەم وشـە پێویـستە کـە هـەردەم بۆتـە هـەوێنی زۆربـەی حەیرانەکان.

---

(1)عەدۆ ئەستیلە ، دەنگ...

**ئەم نموونە دەخەینە بەرچاو :**

**خۆزیە بە خۆزی داران کوریکەك باما لە کوریکەی کەس نەناسی ، شین بباما لەسەر گردەکەی پیرداود و دووسەرەی بەرامبەر بە شێراوە و قوچە بلباسی .** [١]

لەو چەند نموونانەی سەرەوە تا رادەیەك بۆمان روون بووە کە حەیران لە بەندە دڵداریەکەی بە هیچ حاڵێك دەربازی نەبوو ناشبێ. سەرەڕای ئەمانە دەتوانین چەند لایەنێکی تری لێ هەڵبکڕێنین بەڵام لە سنوورە تەسك و تایبەتەکەی دەربازبوونی نیە لە ئەنجامدا جگە لەمە ناڵێین کە لاوك و حەیران دووجۆرە مەقامی نەتەوەی کوردەو هەر یەکەی دەستوورێکی تایبەتی و ئاوازێکی پڕ تاموچێژی خۆی هەیەو زۆربەی هەرە زۆری کوردەواری کە تا ئێستا گیانیان بە ئێش و ئازاری خاك و میللەتەکەیان رادەچڵەکێ و بە ئومێدی بە ئومێدی ئەوەن خۆیان و میللەتەکەیان بە خۆیان و خەڵکیش بناسێنن ، چونکە ئەم دوو گۆرانیە نەتەوەییە مێژووی دەردەسەری ئەم میللەتەو پشکێنەری جوگرافیایەتی .

---

([1])کەریم ، محەمەدی مەلا. سەرچاوەی پێشوو

# کارەساتی دۆڵی نیشاوێ
# لە نێوان فۆلکلۆرو مێژوودا

هەرچەندە مەسەلەی سەردەم و زنجیرەی مێژوویی لە فۆلکلۆردا بایەخی پێ نادرێ ، بەڵکو بەرووداوەکانی سەردەمی گەلێك پێشتر پشت دەبەستێ ، هەروەها ئەو کەسانەی بە مەبەستی تۆمارکردن و ساغ کردنەوەی بابەتی فۆلکلۆرن لە زۆر جێگا تووشی بەرەنگاربوونی فۆلکلۆرو مێژوو دەبن.. جارێك یەکەمیان خۆی لە گێژاوی دووەمیان حەشار دەداو جارێکیان دووەمیان بە زرنگی کابانەکەی لە کاتی دانوئاوێر خۆی دەرباز دەکات و بەرێچکەی تایبەتی خۆی وەگەڵ رەوێ دەکەوێ.. بەڵام هەندێکجار ئەگەر لەبەر تاموچێژی بەلەززەتی بێ ، یان لەبەر کارەساتی دڵتەزێن بێ ، هیچ لێك جیا نابنەوە بەڵکو زیاتر پاڵ بەیەکتر دەدەن. لاوکی ئەمجارەمان ، یان باشتر وایە بڵێین سەربردەی کارەساتی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەکەمان لەو بابەتانەن کە هەرگیزاو هەرگیز لێك جیا نابێتەوە .. کە ئەویش دەگەڕێتەوە سەرەتای ساڵەکانی ئەم سەدەیە .

کارەساتی لەعلی خان(١) هەرچەندە دەبوایە بەکارەساتی سمایل بەگ(٢)

---

(1) لەعلی خان کچی مستەفا ئەلیاس ، لەساڵی ١٨٨٤ لەدایك بووەو لە ٧ / ٣ / ١٩٦٨ مردوە. ئەم ئافرەتە داکی سمایل بەگە. لەدوای کوشتنی تاکە کوڕەکەی بۆ ماوەی سیی ساڵ نەچۆتە ژووری تایبەتی سمایل بەگی کوڕی. بەڵام مستەفا ئاغەی رواندوزی برازای کە لە دەوروبەری مانگی ئاداری ساڵی ١٩٨٥ مرد ، دەهێنێتەوە سەر ماڵی خۆی .

(2) سمایل بەگ کوڕی سەعید بەگ لە ساڵی ١٩٠٠ لە دایك بووەو لە ٨ / ٦ / ١٩٣٣ لە دۆڵی نیشاوێ کە دەکەوێتە سەر رێگای خەلیفان– سپیلك لە ژێر گوندی سەرچیا کوژراوە ، هەرچەند لە کتێبەکەم دا لیرەیەك لە گەنجینەی نەتەوەی کورد پەراوێزی (١٣) ساڵی ١٨٩٧م ، کردۆتە ساڵی لەدایك بوونی ، بەڵام خوالێخۆشبوو مەعرووف جیاووك لە←

بناسرێ ، کەچی هەر لەو ڕۆژەی کە ئەو ڕووداوە قەوماوە بۆتە هۆی کوژاندنەوەی دوا مۆمی لکێکی بنەماڵەی میرانی سۆران و جەرگی[1] ئەو ئافرەتە کوڕ کوژراوەیان کوون کوون کردوە ، ئەو وشە کاریگەرانەو فرمێسك ڕشتنی لە علی خان و نەمانی .

شایەرەکانیش بوونەتە هۆی بڵاوکردنەوە لە شوێنی جیاجیا ، هەروەها بۆتە کەرەسەی فۆلکلۆر ویست و[2] مێژوو نوسان ، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم

---

←کتێبەکەیدا دەڵێ " لەوکاتەی سەعید بەگ کوژرا.. سمایل بەگی کوڕی تەمەنی ١٤ – ١٥ ساڵ بووە" هەروەها مێجر هی دەڵێ: " کاتێ سەرۆك هۆزەکان بڕیاریان لەسەر حاکمایەتی سمایل بەگ دا تەمەنی ١٩ – ٢٠ ساڵ بوو " .

سەعید بەگ لەسەرەتای ساڵی ١٩١٨ پێش گەیشتنی داگیرکەرانی ئینگلیز بۆ ناوچەکە کوژراوە بە مەبەستی دیارکردنی تەمەنی سمایل بەگ زۆر گەڕام بەڵام داخی گرانم نێوی لە هیچ شوێنێك نەبوو چونکە عێراق لەساڵی ١٩٣٤ سەرژمێر کراوە، ئەویش لەو ساڵەدا نەماو.. بۆیە بە مەزەندەو دیدەنی چەندان بەساڵاچووی ناوچەکەو تەماشا کردنم بۆ وێنەکانی جیاجیای سمایل بەگ دیار کراوم پێ پەسەندو نزیك تر بوو .

(1) دەربارەی بنەماڵەی سمایل بەگ.. خوالێخۆشبوو حوزنی موکریانی دەڵێ : بنەماڵەی سمایل بەگ پێش کوڕ پاشای ڕواندوزی لە میرانی سۆران جیا بوونەتەوە بەڵام میجر هی دەڵێ : یەحیا بەگی مودیر ناحیەی دێرە حەریر ، کوڕەزای ڕەسول مستەفا پاشا کوڕی کچی عەبدوللا پاشای باپیرەی سمایل بەگە هەروەها دەڵێ: یەحیا بەگ و سمایل بەگ ئامۆزای یەکترن دووبارە موکریانی دەڵێ: کاتێ میر محەمەدی ڕواندوزی هێرشی بردە سەر مامەکانی.. بایز بەگی باپشتیان ، برا گەورەی عەبدوللا پاشا ، عوسمانیەکانی خۆشدەویست و لەترسی میر محەمەد ڕای کردە ئەستەمبول و لەزەمانی ڕەسول پاشا گەڕایەوە ڕواندوزی لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بنەماڵەی– سمایل بەگ لە میرەکانی سۆرانن بۆ؟ ئەگەر وانەبێ بۆ بایز بەگ لە هێرشی کوڕ پاشا بۆ سەر مامەکانی دەترسا؟ ئەگەر لە مامەکانی نەبن ؟! .

(2)لە کورد پەروەری ئەم لاوە.. هاملتون دەڵێ: سمایل بەگ هەردەم بە ئاواتی پێشکەوتن و سەربەخۆیی کوردستان بوو ، لەلای ئێمەی دەوت– واتە ئینگلیز– دەبێ ڕۆژێك دابێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کوردستان وەك سویسرا ی ئورووپای لێ بێت! هەورەها لەو بیرو باوەرەدا بوو ، بە کردنەوەی ڕێگای گەلی عەلی بەگ ئاواتەکەی دێتە دی ، بۆیە هەردەم دەستی یارمەتی بۆمان درێژ دەکرد ..

سەربردەیە لەڕووی قارەمانێتی و دڵداری و وەفاداری بەدووره سەربردەیەکی ئەوتۆ نیە کە جێگای شانازی نەتەوەکەمان بێ ، بەڵام بەڕاستی سەرنج ڕاکێشەره! نەوەك دووبنەماڵەی کورد- واتە بنەماڵەی سمایل بەگە کە لە میرانی سۆرانن و باویل ئاغە کە لە خێلی سوورچین - لەسەر یەك خاك هاوژیانن.. داب و نەریتی کۆنی کۆمەڵایەتی بە هاندانی کۆنەپەرستان و خوێنمژانی نەتەوەکەمان بوەتە هۆی ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییە کە هەردەم کەسەری شوومی مێژووی نەتەوەکەمانە ، ئەگەر ئەو کارەساتە دەستی داگیرکەرانی تێدا نەبێ و هەر ئەوانیش ئاگری دووبەرەکیان نەکردبێتەوە بۆ جێ بەجێ کردنی پیلانەکانیان، نەوەك ناخۆشیەکی نێوان دوو بنەماڵەی دراوسێ و هاودەنگی نەتەوەکەیان لەسەر پارچە زەویەکی خودایی ، یان ڕێز نەگرتنی گەورەو بچوکایەتی دەگاتە ئەو ڕووداوە دڵ تەزێنەو ماڵوێرانیە کە لە سپیلك ڕوویدا ؟ نەخێر هەزار جار نەخێر ، بەڵکو ئەو ڕووداوە فێڵێك بوو لە سەدان بەڵکو لە هەزاران فێڵی ناحەزەکانی نەتەوەکەمان بۆ ئەوەی بتوانن یەکێتیی گەلەکەمان بپچڕێنن و لە بەرەنگاری دوژمنی خاك و میلەت لاواز بن ، تاکو توانای زاڵبوونیان لەسەر وڵات ئاسان تربێ بەڕای من و زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتە تۆڵەکردنەوە کارێکی پیرۆزە.. بەڵام چ تۆڵەکردنەوە ؟ تۆڵەکردنەوەی نەتەوە لە دوژمنانی خوێنمژو داگیرکەرانی نەوەك لە پیاوێکی کورد ، لە بنەماڵەیەکی تری کورد ، کە هۆی سەرەکی ڕووداوەکە دەستێکی بێگانە بووە.. لەجیاتی ئەوەی بە دڵێکی پاك چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە ، نەوەك ئەو دڵڕەشی یە پشت بە پشت بگاتە ڕۆڵەکانی هەروەك دەڵێ :

**هەنگینێ خۆش دەبو شەڕی من و سمایل بەگی بکەوتبوایە بەر جادەیە مەعلوومە سێ پشتا دوژمنی مەیە .**
**لەسەر صباحی چاو بەرەکە بیکوژن حەفت ساری حوکم دابوو بە ئەمری حاکمی دەخێلێ یە .**

تاکو ئەوجۆرە کارەساتانە سەر لە نویٚ لە نێوان جوامێرترین قوتابی ئەو سەردەم کە ناوی صباح و سمایل بەگی تاکە مۆمی بنەماڵەی میرانی سۆران ، ئەو دابو نەریتەی کۆمەڵایەتی بۆگەنی نەتەوەکەمان جێگای داخە ، جا پێویستی سەرشانی رۆڵەی ئێستامان ئەوەیە ، بە هەولٚ و تەقەلایەکی زانستانە چارەسەری ئەو جۆرە رووداوانە بکەن و لە چەوتی رابردوومان وەربگرن و رێگای ئاگر خۆشکەران بگرن و شوێنی زامەکانمان دەست نیشان بکەن .

**نوری سوند خۆرە بەناوی خودیٚ بە غەوسی بەغدایی**
**ئەگەر بەتار نەکەن ئەویٚ شەڕیٚ ئەویٚ دەعوایی**
**دەبی بسوتێنم رەواندوزی پاشای، هۆدەی حەرەمیٚ دەکەمە تەویلەی دەواران .**
**قەسری سپی لەعلی خانی داکی دەکەمە کادینی کاییٚ .**

# سمایل بەگ کیٚ یە ؟

**هاملتۆن دەلیٚ :**

" ئەگەر رێگایەی کە بەخوێنی ئەو سووربوو، بە کۆمەککردنی ئەو تەواو بوو کە هەردەم بە ئومێدی ئەوە بوو ، پێشکەوتنی میللەتەکەی لەو رێگایەوە دێت! با ببێتە پەیکەری یادگاری حاکمی لاو ، بەسوودترە لەو قەلایە کاول بووانەی کە کۆر پاشای باپیری دروستی کردبوون" .

سمایل بەگ کوڕی سەعید بەگی عەبدوللا پاشای بەکر بەگی باپشتیانە ، لە دەوروبەری ١٩٠٠ بەرامبەر بە چیای کوڕەك ی ، سەرفراز چاوی هەلێناوەو لە باوەشی لەعلی خانی دایکی و شارە خەرپووتەکەی رواندز.. هەوای کوردستانی هەلمژیوەو بەئاوی ساردو شیرینی بێخالٚ تینوەتی شکاندوە .

لەو کاتەی تەمەنی گەیشتۆتە حەوت هەشت ساڵان ، ناوچەکەیان مەیدانی زۆرانبازی داگیرکەران بووە ، لەبەر ئەو هۆیەوە هیچ لایەك بیری لە هوشیارکردنەوەی خەڵکی سەوادی ئەو ناوچەیە نەکردۆتەوە بۆیە ئەویش وەکو هەزاران لاوی کوردی ئەو سەردەم بە کۆلەواری[1] ماوەتەوە، لەلایەکی ترەوە پەروەردەکردنی ئەو تاکە کورە لەناو کۆشك و تەلاری عەبدوللا پاشای باپیرەی.. تاکو نەبێتە قوربانی دوژمنایەتی باوکی ، بەڵام دەوڵەمەندی جێگاو شوێنی باوکی لەنێو خەڵکی ناوچەکەو دەوروپشتی بۆتە هۆی شارەزایی لە زمانی تورکی ، عارەبی ، فارسی ، فەرەنسی .

کاتێ سمایل بەگ پێی لەقۆناغی مێردمنداڵی ناوە.. گەورەتریش کارەساتی بەچاو بینیوە ، ئەویش کوشتنی[٢] سەعید بەگی باوکی بووە ، هەر لەو رۆژەوە لەعلی خانی دایکی ، کورد گوتەنی "مارانگەز لە گوریسی رەش دەترسێ" سمایل بەگ لەنێو قەفەس بەند کردوە بە مەبەستی لەنێونەچوونی! کەچی خەڵکی ناوچەکە بەچاوی سەعید بەگیان تەماشا دەکردو رێزیان لێدەنا ، بۆیە هەر لەیەکەم رۆژی گەیشتنی داگیرکەرانی ئینگلیز بۆ رواندوز خەڵکەکە بە ئومێدی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەیان شان بەشانی سمایل بەگ راوەستان.. هەر لە رۆژی ١٥ / ١٢ / ١٩١٩ لەسەر بڕیاری سەرۆك هۆزەکانی ناوچەی رواندوز ودەوروبەری دەبێتە حاکمی رواندوز[٣] تا دوای کوشتنی دوو کوڕەکەی

---

([1])دەربارەی خوێندی سمایل بەگ ، عەلی باویل ئاغە دەڵێ: سمایل بەگ و هاوتەمەنەکانی وەك نوری برام لە مەدرەسەی روشدیە بە زمانی تورکی خوێندوویانە ..

([2])هەرچەندە بنەماڵەی باویل ئاغە دەستیان لە کوشتنی سەعید بەگ نەبوو ، بەڵکو ماڵی خاڵوانیان بوون ، کەچی ئاگری دوژمنداری ئەوانی گرتەوە.

([3])میجر هی دەڵێ: کاتێ بە شێخ محەمەد ئاغەی باڵەکیم گوت تۆم هەڵبژاردوە بۆ حاکمی رواندوز.. قسەکەمی پەسەند نەکردو گوتی: سمایل بەگ شیاوی ئەو شوێنەیە منیش بۆ ئێوارە سەرۆکەکانم کۆکردەوە هەموویان بڕیاریان لەسەر سمایل بەگ بوو.. بەڵام پێم خۆش نەبوو چونکە جحێڵ بوو.. ئەوکارەش لە ئەو بەرزتر بوو، بەڵام چارە ؟.

**باویل ئاغا[١] هەروەها لەدەنگی خەڵکەکە لە ئەنجومەنی نیابی هەڵبژاردراوە سمایل بەگی کوژراو هەردەم بە خۆزگەی پێشکەوتنی نەتەوەکەی بووە، زۆر دەردەسەری لەو ڕێگایە بینیوە، ئەو خۆزگەو هەوڵدانەیشی وەك ئەستێرەیەکی گەش لە لاپەڕەکانی مێژووی ئەنجومەنی نیابی دەدرەوشێتەوەو دوژمنانی داگیرکەر دانیان بە کوردایەتی ئەو جوانەمەرگە ناوە ، هەر بەوە ڕانەوەستاوە بەڵکو لەدەرەوەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنیش هەوڵی ماف و خۆزگەی ڕەشورووتی میللەتەکەی داوە ، بەتایبەت پێشنیارە بەناوبانگەکەی[٢] شوباتی**

---

([1])دەربارەی کوشتنی دوو کوڕەکەی باویل ئاغە، هاملتۆن دەڵێ: لەوکاتەی نوری ئاغە لەدەست جەندرمەکان لەڕێگای بەغدا رزگاری بوو ، باوکیان بەندکردو هەوڵی گرتنی چوار براکانی نوری ئاغە لە ڕێگای سمایل بەگ حاکم دا ، بەڵام براکانی نوری خۆیان نەدا دەست ، لەئەنجامدا مستەفاو کەریم کوڕانی باویل ئاغە کوژران و منداڵێکی بچوکی نوریش جا لەبەر ئەو هۆیەوە بێ، یان لەبەر نەخۆشیەکەی لەناوچوو !

ئەو کوشتارە خەڵکەکەی لە سمایل بەگ کرد، هەرچەندە سمایل بەگ وەك لێپرسراوێك ئەرکی سەرشانی خۆی جێ بەجێ کردوە، بەڵام کورد گوتەنی ماڵ لە خۆرا نەبوو میوانیش ووری ووری .

عەلە باویل ئاغە لەوەڵامی پرسیارێکمدا وتی: لەم دواییەدا بۆمان دەرکەوت کە سمایل بەگ هیچ پەیوەندیەکی بەکوشتنی براکانم نەبووە، بەڵکو یەکێك لە خاڵوانەکانی کە نێوی عەویل ئاغە بوو.

([2])جیاوك دەڵێ: لە دادگای هەولێر ڕاوەستابووم ، کاتێ پێشنیارەکەیان بۆ من هێنا خوێندمەوەو گوتم: ئەو وەرگێڕانەم بەدل نیە- بە مەزەندەی جیاوك ئەم پێشنیارە لە پیلانی ئینگلیز بووە ، کارەکەیش جێگای مەترسی یە! چونکە بەم پێشنیارە ڕێگا بە ئاسوریەکان دەدەن لەسەر شانی کورد ئەوانیش دەوڵەتێك لە کوردستان دابمەزرێنن- لەکاتی خوێندنەوەی کتێبەکەی جیاوك لەسەر ئەم پێشنیارە.. بە مەزندەی من هەست بە نهێنیەك دەکرێ! کاتێ دەڵێ سمایل بەگ و بابان = کە خۆیان بە سەرۆکی کوردان دادەنا هەر چەندە ئاوایش نین سمایل بەگ خۆی بە نەوەی کۆر پاشا دادەنێ کەچی وانیە .. هتد.

بەش بەحاڵی خۆم پەیوەندیم لە ناخۆشی نێوان جیاووك بابان نیە، چونکە جیاووك.. جەمال بە بابان دانانی و دەست بۆ زەهرەی دایکی درێژ دەکا مەبەستی ئێمە سمایل بەگە.. بەمەزندە :←

**١٩٢٩ لەگەڵ چەندان سەرەك و ناوداری کورد وەك حازم حازم شەمدین ئاغاو جەمال بابانی دوا سەرەك وەزیرانی پادشایی عێراق و چەندانی تر، بۆ فەیسلی پادشاو نوێنەری بەریتانیا.. بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی وحدە ئیداری سەربەخۆ بۆ کوردستان کە سەرۆکەکەی پیاوێکی لێهاتووی کورد بێ و هەر ئەویش پەیوەندی ئەو دەزگایەو حکومەتی مەڵبەندی المرکز بێ ، بەڵام دوژمنان ئەوجۆرە خۆزگانەیان بە زیندوویەتی گۆرەشار کردووە.**

**دوابەدوای ئەمەیش بۆ چەندان جاری تر دەستی لەنێو[1] دەستی ئەو**

---

←یەکەم– جیاووك خەڵکی گوندی سرێشمەیە ، کە سەر بەیەك ناوچەی ئیداری بووە کە سمایل بەگ سەرۆکی بووەو لەپێشتر باوك و باپیرەی ، ئەویش واتە جیاووك بە زیرەکی خۆی توانیویەتی جێگای خۆی لە مێژووی سیاسی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بدۆزێتەوە ، سمایلیش جگە لە دەوڵەمەندی عەشایرەکانی زیاتری نەبووە .

دووەم: پرس نەکردن بە جیاووك پێش نووسینی پێشنیارەکە لەلایەن سمایل بەگ و برادەرکانی! لێرەدا وا دەگەیەنێ کە ئەویان بە یەکێکی سەرەکی لە مەسەلەکە دانەناوە .

سێ یەم– دەبێ کوشتنی یووسف بەگی پالێوراوی حاکمایەتی رواندوز بەر لە سمایل بەگ هۆیەکی سەرەکی ئەو نهێنی یە نەبێ ؟ چونکە جیاووك بەدڵ سوتاوی لەسەر زمانی پووری باسی لەناو چوونی یوسف بەگ دەکا! هەرچەندە هەوڵی بێوچانماندا بۆ زانینی خزمایەتی یوسف بەگ و جیاووك بەڵام نەگەیشتمە ئەنجام.

چوارەم– شانازی کردنی جیاووك بە ئیسلامیەتی خۆیی و رقێکی ئاینی لە ئاسوریەکان ، کەچی سمایل بەگ هەردەم هەوڵی ئەوەی داوە کە ئاسوریەکان وەك برای کوردی ئیسلام دەبێ لەسەر ئەم خاکە بژین چونکە بە کوردیان لە قەڵەم دەدا .

(1) دەربارەی دەست لە نێو دەست نانی سمایل لەگەڵ داگیرکەران دەڵێین: ئەو گەنجە چەوساندنەوەی میللەتی کوردی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان و وێرانکردنی شارە خنجیلانەکەی رواندوز بەدەست قەیسەریەکان بەچاوی خۆی بینیوە ، بۆیە لەسەر ئەو بیروباوەڕە بووە کە کورد بە هاتنی داگیرکەرانی ئینگلیز دەگاتە ئامانج ، بۆیە هەر لەیەکەم رۆژی گەیشتنی کاربەدەستانی ئینگلیز بۆ رواندوز پێشوازیانی کردوەو دەستی یارمەتی بۆ نوێکردنەوەو دامەزراندنی دامودەزگای سەرپەرشتی درێژ کردووەو لەو پەڕی دڵ خۆشیدا بووە کاتێ هەواڵی رێگا دروستکردنی گەلی عەلی بەگی بیستووە، بە ئومێدی ئەوە بووە کە قوتابخانەو نەخۆشخانەو پێشکەوتن بەو رێگایە دەگاتە ناوچەکەیان، بەڵام هێندەی پێ ناچێ لەو کاتەی رێگاکە بەرەو کۆتایی هاتووە.. روو←

کەسانە ناوە کە بەخۆزگەی سەربەخۆیی نەتەوەکەی هەوڵیان داوە، بۆ نموونە لە گەڵ سەید تەهای شەمزینی لە ساڵەکانی- ۱۹۲۳ ۱۹۲۸ بەڵام هەروەك خۆزگەکانی تر جوانەمەرگ بوون ، تا لە ئەنجامدا بەهاندانی دوژمنان لە مەیدانی کورد پەروەری بە یەکجاری لەناو دەبردرێ وەك هەزارانی[1] تر .

---

←دەکاتە هاملتۆن دەڵێ: کوا قسەکانتان کوا قوتابخانەو نەخۆشخانە؟ وا دەردەکەوێ و ئەو ڕێگایە بۆ هاتنی سوپاو گواستنەوەی جبەخانە دروستکراوە! لە لایەکی تر بەرانگاربوونی سمایل بەگ لەگەڵ کاربەدەستانی پادشایی ، بەتایبەت لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نیابی.. هەروەها گوێی نەدانێ کاربەدەستانی ئینگلیز بە سمایل بەگ و داواکانی سەرەڕای دەرچوونی سەید تەهای شەمزینی هاوخەمی لە عێراق و مانەوەی ئەو لاوە بە تاکە سواری ، ئەو هەموو خاڵانە بوونەتە هۆی لەناوچوونی ئەو کورد پەروەرە..

([1]) پیلان دانانی ئینگلیز بۆ لەناوبردنی ئەم داواکەرە دەڵێن ئینگلیز سەدان بەڵکو هەزاران کەسی وەك سمایل شەمزینی و چەندان میللەتانیان نائومێد کردوە هەر ئەوان نەبوون لە بەڵێنی نامرۆڤانەیان سەید تەهاو نزیکەی حەفتاو پێنج هەزار فەلەیان لەشوێن و جێگای خۆیان هەڵکەناندو بەو شاخ و دۆڵانەی کوردستانیان بڵاوە پێکردن ، بە ئاواتی گەیشتنی ئامانجی ئەو ڕەشووڕووتانە! چەندان ئۆردوگای سەربازی بە نێوی سوپای لیڤی لەو هەڵخەلەتاوانەی بە قسەی مار شەمعون و گەرەکانی پڕ کردەوە ، لەدواییدا هەر یەکەیان بە دەردێك ئاوارە کردو لەناویان بردن ، هەر سەید تەها نەبوو بەو دەردەوە لە تاران بە نائومێدی و شەرمەزاری لە غەریبیایەتی سەری نایەوە ژێر گل، هەرچەندە سەید تەهاو سمایل بەگ هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی کوشتار لە نێوان کوردەکانی فەلەو ئیسلام بەرپا نەبێ ، بەڵام پیلانی رابردووی عوسمانیەکان لە گەڵ سمکۆی شکاك و پیلانی ئینگلیز لە گەڵ ئەو دووەدا هەردەم وەك نائینسانی ئەوان بەهێزتر بووە ، کەچی لەپاش ئەو بارە نائەموارەیش لەکاتی ئاوارەبوونی فەلەکان بۆ شاری بەعقووبە وابزانم ئەو ئاوارەبوونە تا ئێستا لەنێو فەلەکاندا ڕەنگی داوەتەوەو پێی دەوترێ سەفەری گەورە- سەید تەها هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر باشی داوە بۆ گەڕانەوەی سەدان ماڵی برا فەلەکان کە هەردەم وەك برا لەسەر ئەو خاکە دەژیان و هەروەها یارمەتی دانیان بۆ دامەزراندنی کلیسەی ڕۆژهەڵاتی لە هەریر بەرابەڕی ماریوسف و ئاسایش و برایەتی لە نێوان فەلەو ئیسلام بچەسپێنێ کە تا ئێستا نموونەی شانازی نەتەوەکەمانە، ئایا دوژمن و داگیرکەران ئەو برایەتیەیان دەخواست، نەخێر بەڵام ئەوەیش دەگەڕێتەوە سەر هەستی مرۆڤانەی نەتەوەی کورد..

بەژنیٚ سمایل ئاغەم داریێ مینایە
جوابەکی بەرن لە بۆ بەغدایە
لەعلی دەگرییٚ کوڕی کوژرایە
بەژنی سمایل ئاغەم داریێ میٚکوکیٚ
جوابەکی ببەن لەبۆ کەرکوکیٚ
لەعلی دەگرییٚ لەخۆم بیٚ بووکیٚ

## نوری ئاغا کیٚ یە ؟

**میجەر دەڵیٚ :**

لەوکاتـەی گەڕامـەوە.. کوردسـتان کەوتـە پشتم، لـە ڕیٚگـادا بیرم لـەو خـاك و میللەتـە دەکـردەوە، هـەموو شـتیٚك بـەولاوە نـوری بەتـەنیا بـەملاوە! بەڕاسـتی جیٚگای سەرسوڕمان بـوو.. نـەك بـۆمن ، بـەڵکو هـەموو کاربەدەسـتانی ئینگلیـز ، ئـەو پیـاوە زۆر سـەیربوو! سـەرۆکایەتی نەدەویـست ، دارودەسـتەی زۆر نـەبوو ، پـارەو پـووڵیش هـیچ!! بـەڵام ئـازاو مـەرد[1] بـوو ، ژیـانی بـیٚ شـەڕو شـۆڕی نەدەویست! هەرەسانی لە ئینگلیز هەڵگرتبوو ، دەبیٚ ئیٚستا لەکام شاخ و دۆڵ

(1) دەربارەی ئازایەتی و درندەیی نوری ئاغە.. عەلی باویل ئاغە دەڵیٚ: بە مەزەندەی من ئـەو نـاوەی کـە بـەدوای ئیٚمـە کـەوتوە کـە ئـازایین ، دڕنـدە ، مـەرد، دەگەڕیٚتـەوە ئازایـەتی خاڵوانمان کە ئیٚزیدین ، چونکە داپیرەمان بووك میم کچی علی بەگی داسنی ئیٚزیدیـە کە دەکاتـە خوشـکی بـووك عایـشی خیٚزانـی رەسـوول پاشـا ، ئـەو دوو خوشـکە بـە دیلـی دەهیٚنریٚنە رواندوز ، میر محەمەدیش یەکیان لە رەسولی برای مارە دەکاو ئەوی تریش لە مەلا عەزیزی باپیرەم کە فەقیٚ یەکی بەناوبانگ بووە ، سـەرەڕای ئـەوەی کـە خزمایـەتی لـە گەڵ رەشاغە کە یەکیٚك بووە لە سەرکردەکانی سوپای سۆران..

بیٚ ؟ [1]

نوری کوڕی باویل ئاغەی مەلا عەزیزی مەلا عەبدوللاّیە لەساڵی ١٨٩٢ لە هەمان ناوچەی سمایل بەگ چاوی هەڵێناوەو هەروەك ئەو بە ئاووهەوای کوردستان فرچکی گرتبوو ، لەو رۆژەیەوە نوری هەستی بە چاکەو خراپە کردووە بە هیوای سەرفرازی خۆیی و ناوچەو میللەتەکەی بووە، بۆیە هەر لە زوویێکەوە بۆ هێنانەدی مەبەست ئاشنایی لە گەڵ تفەنگ و خەنجەرو جۆرە چەکەکانی تر پەیدا کردووەو ئەو رێگایەی پیٚ پەسەند بووە .

ئەگەر بێت و چاو بە لاپەڕەکانی مێژووی ژیانی ئەو تاکە قارەمانە بخشێنین بریتی یە لە ئەشقیایی، راکردن، برسەیەتی، بۆسە، شۆڕشی شێخ مەحمود، شۆڕشی ١٩٢٠، ١٩٤٥، ١٩٤٣، ١٩٢٣، شەڕی ئاکریٚ رانیە ، باتاس ، جەرگ سووتان ، بێکەسی ، دادگا ، بەندیخانە ، پشوودانێکی کوورت ، شۆڕشی ئەیلول ، نەخۆشی گۆڕستانی گەردەگەرد .

ئەگەر ئەوە ژیانی مرۆڤێکی سەدەی بیستەم بیٚ ، دەبیٚ بە چەندان کتێب کۆتایی بە سەربردەی ژیانی بیٚ ؟ لە راستیدا زۆر ، بەلاّم لێرەدا لە سەر ئەو لایانە دەدوێین کە پەیوەندی بە مەبەستەکەمانە .

نەك لەو رۆژەی داگیرکەرانی گەیشتە ناوچەی رواندوز ، نوری ئاغە ئەشقیا بووە ، بەڵکو لە زەمانی دەسەلاّتی عوسمانیەکانیش- لەو بڕوایەدام بۆ دەربازکردن و هێورکردنەوەی کوڕەکە پەنا دەباتە بەر کاربەدەستانی ئینگلیز بۆ لێبوردنی، بۆیە ئەوانیش دەرگای بۆ والاّ دەکەنەوەو پلەی ئەفسەری لە هێزی

---

(1) رەنگە هەندیٚ کەس گلەیی بکەن بڵێن چۆن بەوجۆرە کەسانە دەڵێن شۆڕشگێڕ، منیش دەڵێم نابیٚ ئەوە لەیاد بکەین کە نوری ئاغە لەساڵی ١٩٦٢ لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا بەچاوی کەم بینایی و کەڕی، بە سواری ئەسپێکی رەسەن گەیشتۆتە بنکەی شۆڕشگێڕان بە مەبەستی بەشداریکردن ، بەلاّم دەردە پیری بەرەو نەخۆشخانەی هەولێری دەبات و هەر لەویٚ لە رۆژی ١٩٦٣/٢/٧ کۆچی دوایی دەکات لە گەردە گەردی رواندوز دەنێژریٚ ..

جەندرمــەی روانــدوزی پێــشکەش دەکــەن! بــەڵام نــوری ئاغــە توانــای ســەر شۆڕکردنی بۆ فەرمانە قوڕسەکانی داگیرکەران نەبووە! بۆیە هێندەی پێ ناچێت دەســت و بــازووی هەڵــدەکاو بــەرەو چــیا بــۆ دەردەچــێ و چــەند کەســانێك لــە دەوروبەری کۆدەبێتەوە، هێرش.. بۆسە لە دوا بۆسە[1] تا لە ساڵی ۱۹۲۰ دا رواندوز لە دەست ئینگلیز رزگار دەکات و دەبێتە میر کوڕ ، بەڵام ئەوەنــدەی پێ

(1) کاتێ نوری ئاغە لەدەست جەندرمەکانی رزگاری بووە ، لە رێگای سلێمانیەوە گەیشتە شاخەکانی رواندوز. لە رۆژی ۱۹۲۰/۸/۱۲ لەگەڵ خدر ئاغەی حەمەدەشینی سورچی و چەندانی تر دێنە گەلی عەلی بەگ و لە نزیك بەردی بازنان بۆسەیان بۆ لەناوبردنی میجر هی دامەزراند ، بەڵام گەیشتنی یارمەتی بۆ هی بوو بەهۆی رزگاربوونی لە دەست ئاغە، بەڵام عەلی باویل ئاغە تەمەن (۷۳) ساڵ دەڵێ: لەو بۆسەیەدا نوری لەگەڵ نەبوو ، بەڵکو خدر ئاغەی زاوامان و شێخیلدەشتیلۆکی بوو ، ئەمما مەسەلەی گرتنی رواندوز.. نوری ئاغەو خدر ئاغەو برادەرەکانیان دەگەنە بنکەی شۆڕشگێڕانی ناوچەی ئاکرێ بۆ لای شێخ عوبێدوڵڵای سورچی بادینی ، ئینجا هێرش دەکەنە سەر باتاس، ئەفسەری ئینگلیز کە ناوی لیمنکنتن دەبێ لەگەڵ سەد جەندرمە بەرەنگاریان دەبن، بەڵام هاریکاری عەشایەری خۆشناوەتی لە شەقڵاوە بۆ شۆڕشگێڕان دەبێتە هۆی شکانی ئینگلیزو لە دواییدا رزگارکردنی رواندوز دەرباری گرتن و هەڵاتنی نوری ئاغە ئەوەمان دەستگیر کەوتوە، لە شەوێکدا نوری و خدر پەلاماری دەزگایەکی ئینگلیزیان داوە ، لە ئەنجامدا نوری ئاغە بەدیل گیراوە نێردراوەتە هەولێر بۆ مەحاکەمە کردن ، هەروەها داواکردنی حاکمی ئینگلیز لە سمایل بەگ بۆ ناردنی دوو شاهید ئەویش بەداخەوە خورشید بەگی برای فاتمە خانی سەرۆکی فەقێیان و عەولا ئاغەی گەرەوان ی ناردووە. بەڵام هی دەڵێ: بەمەیش توانای چەسپاندنی توهمەمان پێ نەکرا ، چونکە نوری زۆر زیرەك و قسەزان بوو ، بەڵام دۆزینەوەی نامەی شێخ عوبێدوڵڵای سورچی شۆڕشگێڕ لە ماڵی نوری ئاغە بووە هۆی نیشانەی بەشداریکردنی لە گەڵ شۆڕشگێڕان دژ بە ئینگلیز ، ئینجا ماوەی پێنج ساڵ بەندی بۆ برایەوە ڕەوانەی بەغدا کرا ، کەچی لە رێگادا جەندرمەیەکی عارەب کە نێوی محەمەد بووە لە گەڵ هاوڕێیەکی تری کە نێوی مەلا حبیب شنۆیی بووە.. ئەفسەرەك یوسف کەشاف دەکوژن لە گەڵ نوری رادەکەن باویل ئاغەیش لە چاکەی محەمەد عارەب ، خێزانی مستەفای کوڕی کە بێوەژن بوو دەداتە محەمەد کە تا ئێستا منداڵەکانی لە گوندی سەرچیا دەژین ..

ناچیێ بۆ جاری دووەم دەگیرێ و رەوانەی دادگای هەولێر دەکرێ.. لەوێوە بۆ کەرکوك ئینجا بۆ بەغدا ، بەلاّم لە رێگادا بۆی دەردەچێ و لە دەست پاسەوانەکان دەرباز دەبێ ئینجا دەگەڕێتەوە چیا بۆ تۆڵەکردنەوە،تا لە ئەنجامدا بە هاندانی دوژمنان برینی کۆن و نوێی دەکۆلێتەوە بۆ وازهێنانی لە مەسە سەرەکییەکەو تۆڵەکردنەوەی خۆی لە سمایل بەگی هاودەنگی کارەساتەکە. .

سەعید بەگ کوڕی عەبدوللاّ پاشا پیاوێکی کاربەدەست و تاکە دەوڵەمەندی ناوچەی هەریرو باتاس رواندوز بووە ، هەروەها بنەماڵەی سلێمانی عەلی و حەیدەر خاڵوانی منداڵانی باویل ئاغە.. لە سەعید بەگ کەمتر نەبوون ، بۆیە ناخۆشیان دەکەوێتە نێوان.. لە ئەنجامدا سەعید بەگ لە نزیك مزگەوتی باتاس دەکوژن ، لەو کاتەی سمایل بەگ دەبێتە حاکمی رواندوز دووبراو منداڵێکی نوری ئاغە دەکوژرێن و دەکەوێتە ئەستۆی سمایل بەگ .

لە ١٩٣٢/١١/٢ لە شاری هەولێردا.. صباح نوری باویل ئاغە هێرێش دەکاتە سەر سمایل بەگ و دوو گوللەی لێ دەداو لە خوێنی دەگەوزێنی و بەرەو ماڵی کەریم کورەژی[1] رادەکا ، لەوکاتەدا سەلیم خەیات موسلاّوی کە فەلە بووەو سەرۆکی تەندروستی هەولێر بووە.. سمایل بەگ دەگەینتە بەغدا ، لە ئەنجامدا چاك دەبێتەوە ، هێندەی پێ ناچێ مەلا ئەفەندی هەولێری دەکەوێتە نێوانیان و لە ماڵی ئەوان ئاشت دەبنەوە سمایل بەگ دەڵێ: " هەرچەندە دەستم لە کوشتنی مستەفاو کەریم نیە بەلاّم با ئەو گوللەیە ببێتە تۆڵەی ئەو دوو جوانە مەرگانە" ئینجا بۆ بەیانی هەموویان دێنە دادگاو

(1) کەریم کوڕی وەلی حاجی عوسمان کورەچی یە ، کەریم دوو کوڕی لە پاش بەجێ ماوە، خالص و چۆلی – لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ چۆلی مرد خالص دەڵێ لەو کاتەی باوکم مردوە تەمەنم حەوت ساڵ بوو خۆیشی مەوالید ١٩٣٧ واتە کەریمی باوکی لەساڵی ١٩٤٤ مردووە ، هەروەها خەدیجەخانی خێزانی نوری ئاغە خوشکی سەلیم کورەچی یەو ئامۆزای کەریم کورەچییە.

لەبەردەم مستەفا قەرەداغی حاکم، سمایل بەگ لە مافی خۆی وازدێنێ، بەڵام قەرەداخی رازی نابێ و حەوت ساڵ بەند بۆ صباح نوری ئاغە دەبڕێتەوە .

نوری ئاغە لە دهۆك قۆمیسەر بووە، بەڵام لە دوای بڕیار دەرچوونی بەندی صباح دەگەڕێتەوە لای دایکی لە گوندی جولەمێرگ بۆ ئەوەی لەو ئازارەی هێمن و هێوری بکاتەوە، لە کاتی گەیشتنی نوری ئاغەو خزمەکانی وەك خدر ئاغەی سورچی و کە زاواو خەزورن لە گەڵ ئیبراهیمی پیاوی خدر ئاغەو حەسەنی حاجی عبدالرزاق، مەلا عەزیزو عەلی باویل ئاغە لە نان خواردنی ئێوارەدا بەشداری نوری ئاغە دەکەن بۆ بەیانی نوری ئاغە دەیەوێ بگەڕێتەوە دهۆك.. خزمەکانی تا سەر رێگەی خەلیفان لەگەڵی دێن، سمایل بەگیش لەهەمان شەودا میوانی ماڵی میرانەکانی شەقڵاوە دەبێ چونکە پوورکێ- کچی عبدوللا پاشا- خێزانی رەشید میران دەبێ .

بۆ بەیانی زوو ئەویش لە گەڵ هاوەڵەکانی خۆی دەیەوێ بگەڕێتەوە رواندوز هەرچەندە میران پێی دەڵێ مەڕۆ بەڵام لەوە دڵنیا بووە کە هیچ شتێك لە نێوانیاندا نەماوە بۆیە بەڕێ دەکەوێ.. ئۆتۆمبێلی خولامەکانی لە پێشەوەو خۆیشی لە دواوە بەرەو رواندوز دێن ، کاتێ ئۆتۆمبێلی خولامەکان دەگاتە نزیك نوری و خزمەکانی.. وا دەزانن بۆ ئەوان راوەستاون و بۆیە دەست وەکەری دەکەن- هەرچەندە عەلی باویل ئاغە دەڵێ "ئێمە بۆ رێگرتنی نوری برایم لە وێ راوەستابووین بەڵام کار لەکار ترازا[1] بوو بە شەڕ لە ئەنجامدا سمایل بەگ و حوسێن مەلا ئەحمەد بلەیی و غەفور رواندوزی و حەسەن عەبدوللا حەسەن قادر دەکوژرێن و سمایل بەگی دەرگەڵەیی بریندار دەبێ ، مامۆ رواندوزی بۆی دەردەچێ و هەڵدێ! لەوانیش مەلا عەزیزی کوڕی باویل ئاغەو حەسەنی حاجی عبدالرزاق دەکوژن و عەلی نوری باویل ئاغەو سەلیمی حەمەدەشین بریندار دەبن ، لە ئەنجامدا هەموویان دەگرن و بەندی بیست

---

(1) لە لایەکی ترەوە دەڵێن: گوایە بنەماڵەی باویل ئاغە بۆسەیان داناوەتەوە بڕوانە لیرەیەك لە گەنجینەی نەتەوەی کورد لاپەڕە (٥٨-٥٩) .

ساڵیان لە دادگای موسڵ لـە قەزیـەی ٢ج ٩٣٤ بـە تـاوانی کوشتن بۆ دەبڕێتـەوە. بـەڵام لـەکاتی تـەمیزکردنیان لـە ١٩٣٤/٢/١٩ دووانیـان بەنـدی هـەتا هەتایـە. ئـەوانی تـریش چـەند سـاڵێك بەندکردنەکەشـیان لـە ڕۆژی کوشـتن ١٩٣٣/٦/٨حیساب دەکرێ، لەدوای هەشت ساڵ بەند ، واتە لەساڵی ١٩٤١دا لەکاتی شەڕی حەبانیە بە فەرمانی پادشای بەیارمەتی یونس سەبعاوی وڵاش زاوای خاڵی نوری ئاغە لە بەندیخانە دەردەچن ، صباحی کوڕی نوریش دەبێتە یـاوری سـەبعاوی و لـە هـەمان سـاڵدا دەکـوژرێ. ئـەو کارەسـات و خـەمناك و دڵتەزێنـە تەشـەنە دەکـا تـا سـاڵی ١٩٤٧ لـە هـەریر سمکـۆی نـوری دەکـوژن ئەوانیش لـە ساڵی ١٩٦١ یـەکێکی تـر لـە جیاتی سمکۆ دەکوژنەوە ، بەڕاستی کارێکی نائەموارو ناڕێکەو جێگای کەسەرو داخە .

وەی شەڕە شەڕە وەی شەڕە شەڕە
بەرێ چەندمگۆ شەڕە، شەڕ لە چیایە
شەڕی صباحی و سمایل پاشایە
صباح مندارە لە مەکتەب دایە
سمایل بەگ وادێ هەر وەکی بایە
لەگە مەعاونی[1] دەستیان تێك دایە

---

([1])لەو کاتەی سمایل بەگ بەدەستی صباح نوری ئاغە بریندار کرا ، لەگەڵ سەعید قەزازی مودیر تەحریرات و محسن ئاغەی سەرۆك شارەوانی هەولێر بووە ..

# حـــــەیران

لەزینان لە زینەتیریٚ بەویٚ سبیانیٚ .

خیٚری هەرکی و رەوەندو مام ساران لیٚدەنا دەپەڕیەوە لـە پردەکـەی رواندزیٚ لەئاوی پیرە بیٚخاریٚ .

هیٚوارە گەلە درەنگە هەریاندەدا لەمیٚرگەمیریٚ .

ئـەوجا کـوڕ دەریٚ فەسـری بـەهاران بـاجگرو خەرجەسـتینی ماچـان بوومایە لە کۆڕپە کۆڕپەییٚ سەدەریان لەشەنگ و شۆڕی رواندزیان ناوەللا لەکیژە بارەکیان لەوان خانم و خاتوونان گەلە شیرنن دانی ئیٚواران وەکی دیٚنەوە لەگەروبنیٚریٚ .

*

بیٚتواتە لەکاکی توو میرە دیٚیە .

سبەینان هەتاوە هیٚواران نسیٚیە .

ئەتوو میران رۆژیٚ بمگرە بە قەیـدەل حـەیات ، شـەویٚم بـەردە لـە بۆ دووچاویٚ رەندیٚیە .

بیٚتواتە لەکاکی توو گوندەکی بەناوە .

زستان گردە هاوینان براوە .

خەرك دەکا راویٚ مامزان ، ئەمن دەکەم راویٚ قورینگەکی مل بە گۆزەرە دامەن بەخوناوە .

برام ئەمن نازانم بەکیٚندەریٚ داهەربریٚم لۆ خاتریٚ دریٚ خـۆم ، ئـەمن دریٚم بیتویٚن بە ئاوە بە شەنگەبییە، بیٚتواتە لەمن بەدارە .

ئەمن دونیٚ ئیٚواریٚ بەژنیٚ باریکم دەدیت بەکراسەکی مەلەکی کتان ، قۆندەرەکی زۆرقی سەریٚ مەمکانی نەخشایە بە مامزو کارە .

حەیفیٚ من دەمینیٚ سەریٚ چەند سارە سەبارەت بە گولەکەی مێردان بوویتە مارداری کەری رەنج بە خەسارە

*

ئەوڕۆ ئەمن لەگەر بەژنی باریك راستم ناکەم درۆییٚ .

بەژنی حەیرانیٚ دەشبێنم بەدارەکانی کە دەگرن سیٚ تەعامیٚ .

کیژ دەریٚ کوڕە حەیران سەد جاران سەلامت لێبی ، قەدبووە دار بگری سیٚ تەعامیٚ .

مەمکت دەشبێنم بەسەری شەکری جیرانی سەماوەری گوری مەجلیسان ، ناوەللا بەژنی دەشبێنم بەدارەکانی خالیس و مەندەلی وەکی سەریٚ پایزان و زستانان لە سەران دەگری نارنجە لە بنی دەگری زەردە لیمۆییٚ کیژ دەریٚ کوڕە حەیران ئەتوو نەتزانییە داخواز بکەریٚ من هاتییە ئەتوو چ لەمن دەکەی ، ئەمن دەرێم خەمان هەرمەگرە، رکێپی چۆپەت لە بۆ چۆلٚ دەکەم دەتهاوێمە پشتەخۆم ئاوات دەکەم لە داردێدەوانی مەنتکان شۆڕ دەبینەوە بەسەر ئاقاری ئاخوڕەو شیوە پیرانیٚ بانی بایز ئاغەی بن چەمی هەرمۆتەی ، ئەویٚ قەدیمە رێیە ، لۆ خۆمان پرسیار دەکەین قۆناغی حەمە زیادی شونەواری حەمە ئاغەی کۆییٚ .

حەیران دەمگۆت بە چاوی من بڕۆننە بەینی گەرۆتەو پونگینەی لە کاکی توو بە هووردە رەزە .

بەریٚ خۆ بدەنە دەو رووباریٚ هیرانیٚ لە من بە کفرو گەزە ، رۆژی چارشەم و جومعان شێمحەمەدی بەرگەری لە کاکی توو بوویتە مەرکەزە .

حەیران پشتی گەرۆتەی لە من بەلێرە ، کیژۆ کارێمە دەچنە مازیکردنیٚ ، ناوقەدبان باریکە گوارەیان زێڕە .

دەمگۆتە نازدار حەیرانێ ئەوسار دەچمە دەرێ لە کاولە وراتێ ئۆبالی منت بەملی چاوان مەگێڕە .

دووچای رەشکۆکە دەیگۆ کوڕەتیمە حەیرانێ مادام سەفەرت لەبەرە شەوێ لە سێباری نیوە شەوێ وەرە دەست لەناو مەمکان بگێڕە .

*

ئەوجا ئەمن دەرێم سەرێ من دێشی ، دەردێ لەمنی خانەگەردان و در برینێ بەژنت دەشوبێنم بە قورینگەکانی شاپەر شین و مل بە گۆزەر وەکی سەرێ پایزو زستانێ لە کێلی کێستانان بەجێ دێڵن فەرخۆکەکان لێیان خرادەکەن

دایمەن هێلینێ .

گۆتمە بەژنێ باریك وەرە بچینەوە جێ راوگە و ژووانان بکەینەوە گل و گازاندەو سوالفەی حیزە دنیایێ بزانین کاممان کولترین بەوێ برینێ .

*

ئای دەمگۆتە برادەران برام گەلە بریندارم وەللا بەوان برینان کەتیمە لە گۆڕێ .

خۆ ئەمن گەلە مەترسیان دەکەم لە رۆژێ مردنێ لە دالغەلێدانێ ، چاو لەدوو بەژنێ باریك ئەوسارەکە بەوێ پایزێ هەلا هەلا فکری کاکێ نگۆ بگۆڕێ .

ئای بابم بەوێ هێوارێ زێێ کاولە بادینان خانێ بابت وێرانبی لە من دووبڕە ئەدی مارێ سەدجار وێرانم ، بەژنەکەی باریك جوابان دەنێرێ ، بە شەوبایێ شەوێ بە پلکە پێناوێ ، بە بایێ بسکان دەرێ سەد دعاو سەلامبی لە کوڕەتیمە حەیرانێ ، ئەمن سەرێێ چەند سەرانە جۆتە شەمامەو شەمامەی بەندی باغەرێم گرتینە ئەدی ماری سەد جار وێرانم

ئەوە بنیان پوچ بووینە سەریان سیس بوینە ئەوسارەکە لەبن کراس و دەسترە .

*

حەیران سەفینێ خۆشناوان لەمن بەخۆخ و هەنجیرا .

ئەنگۆ وەرن بەچاوێ من برۆننێ کاولە دەشتی دزەییان لە من بەکۆل و بیرا سەبارەت بە بەژنێ باریك و دوو چاوێ رەشك کە لە چیایەکانی کوردستانێ بوویمە کەوەکی یەخسیرا .

چبکەم بایێ نازدار حەیرانەکەی من هیچ شێخ و مەلایان لە بۆم نەدەگیرا .

*

ئەورۆ ئێوارێ نازانم بە کێندەرێ دا هەربرێم ، بە هۆبەو رەشماران بەهۆزی مەرزان ، بەغەرێ شاسواری .

ئەورۆ ئێوارێ زەینێ خۆم دەدایێ ، گەوارەکی دادەمەزراند لە کلکەی یەکاوێ بەسەری دێخی لۆ بستی نۆجەی ، گردەشێری عارەبان ، خەندەکی سەیدان ، بەینی چاربەردەو دوازدە هەواری ، سەری گەرمۆکێ بامەندان ، سەریزینە، دارەبزماران ، تەڕ دەکا کۆرکەری قەپران و لێهیبان ، ئەوە دەخونی چەندە شیرین تاو تاو دەباری ، بریا وەختەك دابەهاتبایە وەکی پێشان ئەمن بازگرو خەرجەستێنی ماچان بومایە وەکی خێل ئاوا دەبوو لۆ کەندێناوێ لۆ سەر دروونەی جۆی بەژنێ باریك دەستیدا کوندەو جامێ ناوەللا وەکی هەموو دانی ئێواران دادەنیشتین لەگەرووی بێرێ ، چەندە شیرین هەریان دەدا لە بن کاولە کەنداری .

*

نازانم نە لە بۆ کەیفێ درێ خۆم نە لەبەر درێ نازدار حەیرانێ بە

کێندەرێدا هەربرێم .

ئەمن دەرێم لە چیایان لە چیایێ شەرەفان وەرن بەچاوێ من زەیندەنە سەرسینگ و مەمکی نازدار حەیرانێ ، سۆر دەکرێن مۆری و مەرجان و سەدەفان. خۆ ئەمن بە چ خراپی خۆم شك نایە ، لۆم دەنێری هەڕەشەو گەفان .

خۆ ئەمن نەبوویمە گەوارەی بوارێ ، لە بەر خاترێ توو بگرمەوە هەرچار تەرەفان .

*

حەیران لە چیایان لە چیایێ هەر گۆزێ .

وەرن بە چاوێ من تەماشاکەن مارێ بابێ حەیرانێ کۆچ و کۆچبارێ خۆیان لێدەناوە، شۆڕ دەبوونەوە بە بنەگەو کۆزێ ، بەرایی دەڕۆیشت دوایی بزر دەبوو لە غوبارو تۆزێ .

ئەرێ براینە ئەمن و بەژنێ باریك سەرێ چەند سارانە لێکزیزین چ برادەرەکی بە دۆست و پەیمان نییە ، پێمان بکاتەوە جەژنە پیرۆزێ .

*

لە کەندێناوێ رەفتان هەرینە ، شەقاوان باوێ ، گوارەت پیرۆزبی لە گەر لاچاوێ رۆژی موبارەك هەردێ گەزەنگان داوێ ، دەدا لە خەزێمی زێڕ لەشەی مرواری لە پەلکی سۆرەگورێ لە نەینۆکی بەر سەری کچەتیم حەیرانێ ، دانی ئێواران و سبەینان لە من دەگری سەری گیابەندە خاوێ .

ئەمن نەبوومە حەزرەتی سولێمان حوکمێ بکەم لە سەر تەیروتواری سێبەری بکا لە سەر بەلقیسای نەکو لێیبدا عەکسی رۆژێ ، روومەتی ناسك بەدەنێ رەشبی لە بەر گەزەنگی هەتاوێ .

*

حەیران دارەکەی داردێدەوانیٚ لە من بەرەو شەمارە .

ئەمن بەویٚ سبیانیٚ زەینی خۆم دەداوە کلکەییٚ تیراوتیژو تیراویژان گردیٚ کافران هەورازی حاجوجان نشێوییٚ خوێشریٚ زوورێیٚ پشت ماران گۆڕی برادەری بستییٚ شاخە زەردی سەروچاوی هەرەجەو بیستانەی ئاقاری نێرەگیِن و نێرەگینان پڕە لەمامزی گەردەن بەخارە .

ئەمن خەمم ئەو خەمە نییە چۆلٚ دەبی بانەمۆردیٚ بستییٚ کارێزیٚ ئاوەکەی سەر روباریٚ نساری کانیشکیٚ ناوەللاٚ لەمن بزر دەبی دوو چاوی کارە .

لە بانی بانیان ناوەللاٚ لەبانی کۆییٚ .

ئەمن بەژنی نازدار حەیرانیٚ بە چ دەشوبێنم ، بە دارەکانی خالس و مەندەلییٚ وەکی هەموو فەسریٚ بەهاران لەسەری لکان دەگرێتەوە قەندی شەکری ، لە ناوەندیٚ دەگریتەوە نارنجە لە گەر زەردە لیمۆییٚ .

ئەمن دەست لە سەر بەژنیٚ باریك و قەدیٚ زراف و زولفیٚ بەخەنەو زەندەییٚ بە بازن هەرناگرم هەتا ئەویٚ رۆژیٚ عەزرەتی عیزرائیل چۆکم نەدا لەسەر سینگی ، بەروحم نەبا نسکۆییٚ .

*

پایزە کۆچ و کۆچباریٚ ماریٚ حەیرانەکەی من بارکرد ، دەربازبوون لە گەلی عەلی بەگ لەچەمی خەلیفانیٚ .

ماریٚ خۆیان دادەناوە لە سپیلکی گولەکی لەسەر کانییٚ دێرونیٚ ، بەژنی باریك دەریٚ وەرە دەستیٚ راستیٚ باویٚ سەرملیٚ بەکەزی بەدەستی چۆپیٚ بینە دەریٚ جۆتە شەمامەی باغەریٚ .

هەزاری وەکی من و تووو سەری نایتەوە ژێر خاکی گری گۆران ، بەبیٚ مرادی .

## ئەنجام :

دەربــارەی کارەســاتەکە هــەروەکو وتمــان کەســەرێکی شــوومەو جێگــای شانازی نەتەوەکـەمان نیـەو لـە ئەنجامی داب و نـەریتی کۆن و بۆگـەن قـەوماوە، سەرەڕای شاگرخۆشکەران و دوژمنان.. چونکە ئەو کارەساتەو چەندانی تـر بـوو بــەهۆی دواخــستن و پێــشنەکەوتنی ناوچــەکە بەتایبــەت شــار خنجیلانەکــەو پەرپووتەکـەی کـورد کـە لـە دێرزەمانـەوە وەك ئەسـتێرەیەکی گـەش لـە ئاسمـانی مێژووی نەتەوەی کورد دەدرەوشێتەوە .

رەوانــدزی شــانازی و پایتــەختی میرانــی ســۆران و ئــاوات و ئــارەزووی قیبلەگایەکی کورد لە دێرزەمانەوە پێش لـەدایك بوونی حـەزرەتی عیساوە بۆتـە پــێ شــێلی ئەرتەشــی شاهەنــشاکانی فــارس و جبــە لەبــەرەکانی عوسمــانی و کڵاوپانەکانی ئینگلیز .

رۆڵەی کورد بەگشتی و رواندوزی بەتایبەت هەردەم بە خۆزگـەی سـەرفرازی و پێشکەوتنی خـەڵك و شـارەکەیان بوونـە ، بۆیـە هـەر یەکـەیان بەوخۆزگەیـەوە دەســتی یارمــەتیان بــۆ ســوڵتانی شمــشێر درێــژ کــردوە بــەڵام ســوڵتانەکان لەســـەرەتادا بەقـــسەی لـــووس مـــەکربازی و لەدوایـــشدا بـــرینی ئـــەو دەســـتە خاوێنانەی کە رۆژێك لە رۆژان بۆ خزمەت کردنیان درێژ کرابوو[1] .

هیچی ترمان نەماوە جگە لەوەی کە بڵێین هـەزاران سڵاوو چەپکێك نێرگـزی پـاڵ شـاخەکانی کوردسـتان بـۆ گیـانی ئـەو کەسـانە کـە بـە خۆزگـەی سـەرفرازی

---

([1]) دەربارەی سەید تەهاو فەلەکان ، هەرچەندە سەید تەها هەوڵی برایەتی کوردو فەلەکانی داوە ، بەڵام سورمەخانی خێزانی داود ئەفەندی– داودیش ئەو تاکە سوارەیە کە لەنێو ٦٧ سوارەکەی مارشەمعون لە دەست سمکۆی شکاك دەربازبوو بەهاندانی داگیرکەران جاریچکیان دوو گوللەی بە سەید تەهاوە دەنێ و لە شاری بەغدا هەوڵی کوشتنی داوە.

کوردو کوردستان سەریان ناوەتەوە ژێر گڵ[1] .

**شەش مەرد نیشتمانی لە شەش گۆشەی وەتەن**
**هێشك گرن بە گیان و بەدڵ و هەوڵ رەنج ئەدەن**
**بۆ سەرفرازی دواڕۆژی روونی گەل**
**کۆشش ئەکەن بە پەلە نوییو چونو چەن**
**ژینی ئەمانە لە خوای گەورەی خوازمە**
**دووربن لە حیزە فێلی بەدخواهو باووبەن**
**سەردەستەیە سمایلی سۆران جەمال بابام**
**نەوزادی پشدەرە صالح بەگی نەوجەوان**
**حازم کە ناوی حازمە کردیشی حەزمی یە**
**سیف خدایە کەللەی پر هۆش و عەقل و فەن**
**بێتو کەس بلی چلۆنە حمەد بەگ دەڵێم**
**سەرداری جافە نایەوێ گفتارو ناونیشان.. هتد**

(1) خالێکی تر دەربارەی کوردپەروەری سمایل بەگ لەم دوایەدا بۆمن روون بۆتەوە ، کە لەگەڵ هەڤاڵەکانی خۆی هەوڵی ئەوەیان داوە کە لە قوتابخانەکان بە کوردی بخوێندرێ ئەو پارچە شیعرەیش مامۆستا مستەفا نەریمان لە گۆڤاری زاری کرمانجی دەری هێناوە بۆ منی ناردووە پێشەکی سوپاسی دەکەم: ئەم شیعرە هی ئەپیریە لە ژمارە ١٩ساڵی ١٩٢٩ وەرگیراوە..

# هۆنراوەی میللی

بڕواننە مەکری بێوەژنان چ قەوانیان دانایە
مشکی و هەوری تێکەڵ کرد گوڵی سێ ڕیزلێدایە
قۆندەرەکی بن عانە شیرین دەکا لە پایە
لە سەر پەنجەی پێ دەڕوا پاشپانی لە حەوایە
گوارەکی زێڕین لەگوێ ، لە مەخمەری رامایە
هەر (دە) پەنجەی نەرمۆکە لە ناو خەنەی رۆنیایە
شەمامەی گەلێ زەردن سووند دەخۆی کارەبایە
گەردەنی دەڵێی بلوورە بەزێڕی داپۆشرایە
لە خوار قۆڵتی گەردەنەی چەند خاڵی لێ کوترایە
لە بەر بایە شەماڵی سینگ و مەمکی هەڵمایە
جاحێڵ بوویتە فەنتازی بێوەژنیان هێنایە
لە بەر مەکری بێوەژن دەردەچم لەو دونیایە
*
وەرنە سەیرێ بێ ژنان
دل پیس وروح مەزنا
شارەزانە خڕ کونا
هەرئێک باتی سەد ژنا
گری و تازی نەمایە
چاڤێ ڤێ ل کوڕیکایە
خۆ داپۆشی ب عەبایە
خەملا رەش خڕ دعایە

بێوەژن توو دەلالی
بچوکی هێشتا تەفالی
وەرە دا تە بڕەوینم
نەروونە سەر عەیالی
*
وەسیەتان لێ بێت تاقمەی کوڕوکاڵ
بێوەژن مەینن تۆقە لەملتان
کچۆلان بێنن کەیفە بۆ دڵتان
*
ئەو بێوەژنەی ماڵ لە پیرزینی
جوابان دەنێری بابێ بمهینی
حەوت شەوو حەوت رۆژ هەر بمگەوزینی
ئەگەر ڕای لێم بوو ئەوجا بمهینی
*
مارم پێوە بدە سەر کلکی سووربێ
قەبرم لە قەبری بێوەژنێ دووربێ
مەرکەز مەعموری عیلاجم بکا
لەدەست بێوەژنێ قوتارم بکا
دانیشتیە لەبن قەراتێ
گازم دەکاتن خورمام دەداتێ
لە تاو بێوەژن ئەچمە کونەوە
فانۆس هەڵدەگرن دەمدۆزنەوە
لەتاو بێوەژن دەچمە سەرداریێ

بە دووقسەی خۆش دەمهێنتە خوارێ
لە تاو بێوەژن هەڵدێم بۆ شاران
لە دووم دەگەڕێن وەك ئاگرباران
کەوێك دەوێنێ ئەمڕۆ
کەو لەبناری دێمەجۆ
جووتێ گوارەی دەنێرم
لە مەڕ گوارەی دەنێرم
لە مەڕ گوارەی لەگوێی تۆ
بۆ ماچێکت نەدامێ ؟
تۆباڵی منت بە ئەستۆ

*

ئای فەلەك تە نەدا من پارە گەلەك
کو ئەز بینم خودانە چاو بەلەك
چەند سیسە وەکی مەرەزا
چەندە سپیە وەکی کاغەزا
سینگ و زەر مەمکێ تە زۆرانە بینە دەفتەر
دەوێ (.......) بیتە قەلەم ل سەر
خەلەل ناکەم چ خەبەر

*

ئەو بێوەژنەی چوار مێردان دەکا
بە ئەمری قازی خۆی مارە دەکا
حەفتەیەك پێ ناچێ حاشام لێ دەکا
ئاخ من چیم لێهات ئاخ چیم بەسەرهات

لە کچ دەگەڕام بێوەژنم توش هات

*

خەتای من نیە خەتای حاجیە

بێوەژن هێنان ناعیلاجیە

خەتای من نیە خەتای مەلایە

بێوەژن هێنان دەردوبەڵایە

خەتای من نیە نوشتەی شێخانە

بێوەژن هێنان ئەرکیان گرانە

*

بێوەژن دەڵێ من گەلەك كۆكم

یەكێكم دەوێ بگاتە چۆكم

بێوەژن دەڵێ من خان و مانم

یەكێكم دەوێ وەك شلكەی رانم

وەسیەت بێ بۆتان تاقمەی گەنجان

بێوەژن مەینن تۆقە لەملتان

ئەو بێوەژنەی رەش و بێ نیشان

هەر قابیلە بەسۆفی و دەروێشان

*

هەی گور هەی گور باوانم گور

گورم دەچاند لەدەوری بیر

بازم هەردا نەمگرت نێچیر

حەیفەی خونچە بۆ پیاوی پیر

*

جسرەکەی کەرکوك بنەکەی بۆشە
ماچی کچە کورد بە پاوە خۆشە
*
حەیفە بۆ کچان عاشق سوپەرن
دوژمنی لاداو لاندۆگرۆزەرن
*
خۆزگە لە دنیا سێ شت نەبوایە
پیری و فەقیری و مردن نەبوایە
دەستم لێ مەدە دەست لێ نەدراوم
پەنیری مەیرەم بەکەس نەخوراوم
سەعاتی دەستت نێوەکەی پاکە
لەنێو بەدکاران پێت دەڵێم کاکە
قات رەش و قات سپی دەچنە سەفەرێ
قات رەش ئەمرکا بۆی دێمەدەرێ
مەشکا من و گایێ رەش
قومم لێدان بیست و شەش
حەیرانێ من پەستەك رەش
*
چوومە ماڵێ حەمەی حەیدەر
دووسەر قژنم لێ هاتنەدەر
خوایە نەمخۆن یا پێغەمبەر
*
هەروا دەڕوا بناوبنە

كەوشی لەپێی ماسی چنە
*
ڕێگام بەردەن تۆبز خڕم
لەناو ماران بەخۆم كوڕم
لە كۆرانان كیژ هەربڕم
*
ئەو كانیەی لە سێبەرێ
بەخۆم لێمدا بەخەنجەرێ
كێ ئاو لێ برد زەرد ئەسمەرێ
*
مارێكم پێوەدا سەركلكی سووربێ
قەبرم لە قەبری بێوەژن دووربێ
پشدێنەی پشتت قافەر قافەوە
مێزەری سەرت عالم شێت كەرە
دەچی بۆ هەرتەل لەگەڵ خۆم بەرە
*
هەدارە دارە دارێ بەژنی چ دارە
لە بۆ خواتان پێدەڵێم مێرد نەكەن بە یەختیارە
ردێنیان گەلەك تیژن وەكی شووژنێ بەقارە
*
لە دەستم نایە وەك كەو بخوێنم
ئەو جۆتە خوشكە لە خەو هەڵسێنم
*

خۆم بە خولامی سوخمەی کۆنی
وەك مێخەك بەند ئەڕوا بۆنی
هاتووم بزانم چلۆنی
وێنەی شەمامەی بەبۆنی
*
لە کەرکووك بەرێکەوتن شەوێك بوومە میوانی
داوای ماستاوم لێیکرد ئاوی لە بۆڕی هانی
دەستم برد بۆجامەکە پەنجەم دای لە مەمکانی
خەریك بوو لێم عاجزبێ وتم قوربان نەمزانی

دەچمە سەرچیای نەهاتێ
دەینم ئاوی حەیاتێ
دەیدەمە مام حسێنی
بەشکو خەجیلەم داتێ
*
بە قوربانت بم قۆزی بەر مزگەوت
بەرکە بە دوواوە تەزبیحەکەت لێ کەوت
بە قوربانت بم بۆ بەرز ئەڕوانی
مەنتیقەی گەرمیان بە چۆل ئەزانی
*
هاتم لە لای هەریرێ
بریندارم بەسێ تیرێ
ئەگەر ماچم نەدەیێ

بابانت بە قوڕێ گیرێ

*

سەیری ئەو دارە کەن شنە شنیەتی
خۆزگەم بە حەمە فاتە ژنیەتی
پشت ماڵمان کارێز بەرماڵمان گۆمە
عالم مەنعم کات هەر میمزای خۆمە

*

دونێ یار گازی کردم
لۆ بن هەیوانێی بردم
نسعەتی جوانی کردم
دەستڕەکی پێشکەش کردم
خودا ڕەحمی پێ کردم
جۆت لیمۆی خەلات کردم

*

ئەچمە ئەو بانە ، بانێ دیارە
قاپی ئاسنین کیلیلەکەی مارە
بریا ئەو مارە بمیگەستیایە
پشتم بە نارمەد قەد نەبەستایە

*

رۆژ هاتە دەر لە ماکێ
شۆقی دایتە خەناوکێ
کچ جوانترە لە داکێ

*

جووتێ کەوشی رەش هاتن لەسلێمانی دووراوە
قوربانی وەستاکەیبم          وردە تەریبی داوە
شاگرد بە قوربانت بم          شفرەت پیا هێناوە
*

ئەوا دەرکەوت لە باسکی قەبران
پشتێن گوڵ سێوی، دار جگەرە شێلان
من و تۆ یەك بین حاشا لە خزمان
*

شەرمە بۆ کچان عەشقی پانتۆڕن
دوژمنی کوردو شەلواری شۆڕن
شەرمە بۆ کچان عەشقی سوپەرن
دوژمنی جێب و لاندکرۆزەرن
*

هاتم لەلای ئەودیوی
چەند لە مێژە نەمدیوی
دوێنێم چاو بەیارێ کەوت
بە ربەی قوڕم دەپێوی
*

خۆزگە سەد خۆزگە لەم پەڵە هەورە
خۆزگە دانیشتبام لەم ماڵە گەورە
چیغی رەونگاو رەنگ و دیوەخانمبا
ئەم باڵا بەرزە دەستگیرانمبا
*

دوو بەدوو کچێ دوو بەدوو
ئاگر لە جەرگم بەربوو
دەکچێ بینە ماچتکەم
بوسلمانم نابمە جوو
*
لە گەڵ تۆمە کچێ شەمێ
چۆن دەڵێی ماچت نادەمێ
سەری کوڵمان ماچ کەم
سوورڕ بزانم ئەچمە جەهەندەمێ
*
دڵداری کردن بە ئینتفاقە
نامە وەرگرتن لە کوونی دەلاقە
نامە مەنێرە ، بۆم بێنە وێنە
بۆ دیاری دەستت دیارکە ئەم شوێنە
*
جادەی بێتواتە پێچ دەکاتەوە

چاو رەش بێ رەحمە لانا کاتەوە
ئەمشەو لە خەوما لەسەر گردێك بووم
عاشق بەبالاّی کراس رەشێك بووم
*
مشکیەکەی سەرت بینە بۆت بادەم ژێر ریشوەکەی تەعلیمەی دادەم
مشکیەکەی سەرت ریشوەکەی خاوە

لە بەر چاوەزار بامان نەداوە
مشکیەکەی سەرت حەشری دووگردی
شلۆ شلۆ بیبەستە دەستووری کوردی
*
شەرغەو دەوشەرغە بەگوڵە رەیحانە
ئەشقی کچێکم ناوی بەیانە
لەسەر (دێدەوان) بەلەبان دیارە
دەردیۆ لە دری من ئەو ناسکە یارە
دەچمە بەلەبان بە جۆگەو ئاوە
بە بڕنۆی لێدام ئەو پەرچەم ئاوە
*
بەردی بیریۆ چەندە لێژە
کراسی یاریۆ چەند درێژە
لێم هەڵاتن گەلاوێژە
یاریۆ خۆمەو چەند لەمێژە
بەسەروەریۆ و بەپەروەریۆ
تەمامیان نەکرد پارویۆ کەریۆ
خەیارو ئەسلان خوشکن
لە دەوشەتیۆ رونیشتن
لیفکیۆ دەسماڵیان شووشتن
کەلەکوانیان دەکوشتن
ئیشتهای بەیانیان نیسکێنە
لە یەك ساڵۆ جارێك ترخێنە

ساوار کان و مەکانە
برنج باوك هەمووانە
*
عەباس قۆرتەلاسی
بۆ ناخۆی نیسك و ماشی ؟
بۆوا بیٚ دەنگ و باسی ؟
بۆ هەندە خوانەناسی ؟
*
وەی دەڕژیٚ دەڕژیٚ دەڕژیٚ
دەك مارەبابم کیژیٚ
سەرتە لەبۆخۆت بینم
لە سەر تۆ خینم بڕژیٚ
*
خۆمن ئیسلامم تۆ مەمکەرە جوو
عەشقی کچێکم لە نۆهەت و دوو
منی کوشتوە پەرچەمی لوولوو
ئیمڕۆ زانیومە ئەدرێتن بەشوو
*
مێرگاداریٚ سیٚ کانینە
ئێکا تەعل و ئێکا ترش و ئێکا شرینە
کچیٚ دینیٚ ترسم بمرم ئەۋ ولاتەییٚ من نینە
*
تاکەی بنیشین لەسای دیواران

زنجیر وەگەردن چو گوناهکاران
تاکەی بنیشین لە سای دیواری پەڵەك
بکشێین لەنچکەلارەی خەڵك
تیری پەیکانی باڵم کردگە شەڵ
وەکو کەمۆتر ئەلبڕیام لە گەڵ
*
دانیشتیە لەسەر جۆنی
ئەو قەیتانەی رەش دەهۆنی
لێم تووڕەیە ناڵێ چۆنی
دانیشتیە لە گوێی پردێ
نەخشی دەکا لە دووگردێ
عەمرو چاوم کیژە کوردێ
*
سەماوەری زەرد کتریەکەی شینە
شەکری تێمەکە بە خۆی شیرینە
دایکت تێیبکە بە خۆت بیهینە
خەتە و توتمە و بالیسان
هەلایەك هاتیە دیسان
پارەیان هینا بەکیسان
بردیان گوری مەجلیسان
توخوا ئەمە ئیش بوو کردیان
*
ئاپراغ و ئاپراغ بە دوونگی کاری

بڕێنە سەپانان بێنەوە ماریٚ
ئاپراغمان لێنا بە دوونگیٚ کاریٚ
ئاپراغ و ئاپراغ ئاپراغ بەهیشکی
بڕێنە کابانیٚ ئەسکوردی بکشیٚ
هەندەی نەداینیٚ بڕمان پێی بشکیٚ

*

وەکی دەچیە داوەتیٚ، توخوا خۆت مەلەقێنە
جۆت شەمامەی سەرسنگت ، بەرامبەرم دەرمێنە
جەرگ و درت پساندم ، روحیشم لیٚ مەستێنە

*

پیشەی جوتیاران عەرد هەرقەنە
پیشەی شوانان مەڕ لەوەڕینە
پیشەی گاوانان گا لەوەڕینە
پیشەی منداران مەمك مژینە
پیشەی جاحێران مەمك گوشینە
پیشەی ئیختیاران کۆخەو تڕینە

*

سیروان بردمی یەمل تافەوە
بە تونکە تونکەی ماڵە جافەوە
بولبول لە چیمەن کەو لە نزاران
هەردوو ئەخوێنن پەی دەردیٚ یاران
مەسینە: ئاوێم لەگوێی بستینە
تەپالە: ئاوێم لە گوێی داماڵە

پەتکەکەر: ئاویم لە گوێی بێنەدەر

*

دڵدارەکەی من شێتی پارەیە

تاقە هیوای ئەو، بەس سەیارەیە

شێتی مۆدیل و جۆری تازەیە

نەمبو سیارە شووی پێی نەکردم

لە خۆشەویستی بێ بەشی کردم

*

چاکەت و پانتۆڕ کاری مەکینە

من بۆ تۆ نابم بەخەو بمینە

چاکەت و پانتۆڕ من لەئاوریشم

تۆ مەیلت لێم بێ حەو ساڵ دانیشم

شەرت بێ لەقینت دووبەش لەداخت

خۆم دەخنکێنم من بە بۆینباخت

*

کچە جوانەکەی نێو کوردەواری

ماوەی ساڵێکە هاتویتە شاری

کێرا خۆت گۆڕی بووی بەشارستان

فرێت داوە جلی کوردی جوان

لە بەرت کردوە مەکسی و شارستۆن

چۆن لە بیرت کرد جلی کوردی کۆن

توخوا پێم بڵێ ئەی شەنگەبێری

چۆن وا زوو گۆڕای بووی لە هەولێری

یار لە هەوێزێ مەڕی		خۆم بەسەری داداوە
ئاگام لەدایکی نەبوو		بەرچیغی دەرکێشاوە
دوو بەرچیغی لێداوم		ئاگام لەخۆ نەماوە
سێ جار کەوتم و هەستام		کەلاشم بەجێماوە
لەبەر گەوزگەوزانێ		پەشمەم هەمووی دڕاوە
کچێ خۆت ئاگادار بووی		چیم بەسەرهات لەم ناوە

*

بالیسان لە من ئەوبەر ئەو بەرە
برێنە یارەکەم سێوەکم لۆ هەردە ئەوسەر ئەوسەرە
چاوی گەلەك جوانە دوو برۆی لەسەرە
سینگی قەیسەری و دووکانە
چاوەکەم دوو شەمامەی لەسەرە
دەوجە وەرە یارێ پێم برێ
چەندی وەك منت کوشتیە بە هوردە کەسەرە

*

حەیفن لۆ کەندێناوەی نەهاتی لێ دابەزی
ئاغا ئۆغزوەیان کرد دانیشتن بەحێدزی
چەندم بابم تەحریکدا ئەو کچەم بۆ بخوازی
سەد دیناری دەدەمێ لە مۆری مەلیك غازی
بابی زۆر بە تەماحە بەوەندی نابێ رازی
دەچمە سەرچیای قەرەچوغ زەینی خۆم بەردەداوە
بڕوانە بستی سەلماسی کۆچ دەڕۆن ناوە ناوە
سینگت دەشتی قەراجی کارمامزی لێ گیراوە

سەد مارە مێردان بکەی تەرکی ناکەم ئەم راوە

*

گوتی دایە ئەو کوڕە
پێم دەڵێ مەمکت خڕە
گوتی کیژم قەیدی نیە
شەمامەی دەستی کوڕە
ئەمن دەستم بۆ دەبرد
سوخمەکەی مەمکی دڕە
گوتی دایە پێی بڵێ
واز لێم بێنی ئەو کوڕە
بەتووندی ماچم کردووە
ئەلحانیش ئەوکچە شڕە
فەرخەی لە دوو خۆی رێزکرد
دەڕوا بە فڕەفڕە
دونیا لەمن حەڕام بوو
لە پاش ئەو مەمك خڕە

*

سابات و کەپران لەدارەبەنێ
دەیان هاوێمێ وردە جەگەنێ
لە سەری بنوێ یارم بەتەنێ

*

شەڕی لەملەو لەملەکان
شەڕی بەران و شەکان

خەنجەر نابڕی پەستەکان
شەڕی لەودیو لەو دیوان
دێ دەنگێ تەنکەزیوان
مەکوژن کاکی هەتیوان
شەڕ لە جۆخینی جۆیێ
گولله دێ وەکی گۆیێ
مەکوژن کاکی خەجۆیێ
شەڕ لە جۆخینێ ماشان
گولله دێ وەکی گاشان
مەکوژن کەوێ قوماشان

ئەوڕۆ گەلەك عادزم دڵم گەلەك بەئێشە
ئاورم لە ملان دەداوە سڵاو لەو تێلە کێشە
بە چاو عیشارەتمدا ئاخەکی لۆم هەڵکێشا
دەیگۆ عەمرت نەمینێ ئەوشۆ وەرە ڕامکێشە
*
منالێ پێشان مانگی بگرتبا
بۆقێکی زندی لەسەریان ئەنا
بۆق لەسەرسەری ئەهاتە گەمان
تاترس دەرچێ لە مندالّەکانیان
ئەیانووت ئەمە مانگی گرتووە
کاك ئەسعەد ئەتۆش ئەمەت بیستووە ؟
*

دەچمە دەشتی بەغدایە
دێنم تۆی خورمایە
دەیچێنم لەو مەرزایە
پیرەژنێ دێنە سەرێ
بایان لە چۆکی دایە
گەورە کچی دێنسەری
لۆمە خووسودی دنیایە
*

کاکە سەیێ من دێشی — دەردێ لەدرم وەی وەیە
سەفەرێکم کەوتەبەر — فکرم چەغەمیرەیە

لە دێمەکاری رەت بووم — کەندێ گۆمەخڕەیە
تاقمە کیژەك رارۆین — زێخەی من لەپەڕگەیە
شەوقی نەینۆکێم دایێ — هێ کچێ وەرە پەنایێ
یارم مامزێ کەمۆیە — زوو لەبۆم هاتە رایێ
سەری مەمان زۆر تورتە — لەگەڵ پەنجانم نایێ
گوارەو خەزێم زێڕی زەرد — چاوم لەبەر هەرنایێ
تامی ژووانی ئەو رۆژە — چ برێم لە تاریف نایێ
*

باسێکت بۆ دەکەم فۆلکلۆرانە
زۆر لەباودابوو لەم کوردستانە
وەرمان گرتووە لەباپیرمانە
بۆت باس دەکەم لەسەرتا ئەوسەر

کە جۆتیان دەکرد بەدەردو کەسەر
گاسنی تەختە نووکی وەك خەنجەر
دوو پەڕەی پان بوو خۆڵی بێتەسەر
یاران گاسنیش هەمەجۆری هەیە
پێش فرێدانی ئەو تەختەو کوپەلەیە
کوپەو بازنیش بۆ هەمووان هەیە
هەوجار تەختەبێت یا قرۆمەبێت
دەبیٚ زمانەو قولکێکی هەبێت
زمانە لەبۆ جێگای گاسن بێت
کونێك لە قونکی بۆ دەستەندوبێت
سبیەنەیەو رۆژهەڵات
دەنگی دوو قورینگان دەهات
یەك شەکرەو یەك نەبات
یەك عەیشەو یەکیان فات
عەیش و فات کردیان لە گرۆ
ئەمنیان کردبووە مەلای خۆ
چاو ڕەشترە، یان برۆ؟
برۆ ڕەشترە لە چاوان
*
هاتە دەرکیٚ و گەڕاوە
سەروملی پێچاوە
دەیگوت ئەسعەد لێمگەڕیٚ
بابم زۆری لێمداوە

*

جادەی رەواندز تۆزو خۆردەکا

ماچی فاتمەخان کوڕ ئارۆز دەکا

جادەی رەواندز تۆزو خۆردێنیٚ

ماچی فەیروزخان کێو لە بن دێنیٚ

کوندەو کوندەران مار بە مارێوە

داك بەقوربانی ئەو دەم و لێوە

کوندەو کوندەران هەی لاو هی لاوە

ماری زۆر ژنان کوندەی بیٚ ئاوە

هانایەك بە بەردەبەم

دووەمین بەبەر سوبحانی

ئۆق لە عاسمان هاتە خوار

کەتە ملی شەیتانی

یاللاّ خوایە لە ڕێی توو

غەوسی مار لە گەیلانی

هێستری بارەبان بینی

حەیدەری ماوەرانی ئبن حەجەریان دانا

پڕ ناکا لە مەکرانی

حەفت مەلای دوازدە علیم

هەرناگریٚ لە عینوانی

حەفت ساران میرکورێمکرد

لە دوو کیژە خەیلانی

لۆت بکەم مەتحی یاری

مەتحی یارێم تەواوە
بەچنی چیایێ کۆسرەتێ
تازە لێی شین بوو خاوە
گەردەن شووشەی کارۆخی
سیوەیل غەرق لێداوە
دەبڕۆننە تێی سەری
هەژدە لیفکەی بەرداوە
بەسەدی وەکی من و تۆ
مەتحی ناکرێ تەواوە
چاو کارمامزی لە بەڕیای
ڕاوکەر لەدوای گەڕاوە
سنگی حەوزو کانینە
نێریان لێکرد کێشتاوە
*
سەد حوشترم دەکرد بار
لە یارێ بکەنە سراوە
ئەگەر یارێم نەگاتێ
بێشکە کارم تەواوە
گۆبەندانم پێ مەرێن
کەلکی بەندانم نەماوە
وەك گیایێ جۆ زەردانن
نەڕاییم لێ بڕاوە
وەکو پۆشی لەبانکان

دەستم لەخۆ بەرداوە
دونێ هێوارێم زانیە
یار لە گولەی مارەکراوە
*
بە گولان و بەگولان بە گولی پایزێ
وەرە ماچتکەم بالا نێرگزێ
با من بکوژرێم لە سەر مامزێ
باران دەباری بارانی پەرێ

بسکت بە لوولە لە خەنەی مەنێ
خۆزگە مەرجان بام لە وێ گەردەنێ
*
ئیشان بۆ ئەکەم هەر بەخۆڕایی
لە کچەکەی ئەکەم موبارەك بایی
یاخوا هەر شەو بێ ڕۆژ نەبێتەوە
دەستم لە یەخەی یار نەبێتەوە
بۆیە پێم خۆشە ئەو دیوەخانە
تیادا ئەنیشێ ئەو کچە جوانە
کراسەکەی بەری گولێ دانە دانە
منی کوشتوە لە لای خۆمانە
*
ئەم سالێ لەبەختم تەونێ خستەدار
ژێردار سەتلێ چۆ بالدار چەنار

ماسورهەوریشم کەڵ کیت کەلای کار
چەقۆکەت زەردێ پڕ لە دانێ لاڵ
گوڵی پێ بوڕە وەپەنجەی شمشاڵ
پەنجە چوون شمشاڵ کردیوە ئاوا
بێ دێوە زولفێ خەیاتەی خاوە
*
چوومە بناری سەفینی بەرامبەر سەرمەیدانێ
دوورینمدا بەرچاوێ لۆ لای مارێ حەیرانێ
یار لەمارێ هاتەدەر ئەچیتە کانی خومانێ
لە سەفینی هاتمە خوار لێیدام بەفرو بارانێ
نەمزانی لێم زیزبووە ئەوسار بەوێ زستانێ
ئەوسارەش پێك بێینەوە هاوا کاکی هێرانێ
ئەوشۆ شەوی بەدرێیە
داوەت کەوتە حەوشێیە
یاخوا ئەو شاییە نەکرێ
بەبێ بەژنی یارێیە
*
ژنان ئەنیشن وەتەعلیق لێدان
لە پیاو لە ژن لە گشت رێبواران
تەق تەق بنێشت تۆ گوڵە بەڕۆژە
گەل گەل نیشتون لە بەر ئەو رۆژە
بەڵام چی بکەین لەدەست ژن کۆڵان
بوونەتە هاوڕێی کوڕپە منداڵان

قاقای پێکەنین رێبوار شەرمەزار
ئەوەند شەرم دەکات لە گیان خۆی بێزار
رجام زۆر هەیە لە گشت ئافرەتان
عەیفە دانیشت لەسەر ڕێ و کۆڵان
*
کچەکە بۆچی مەیلت کەمە
دوو مەمکت سێوی عەجەمە
هەم حەتەم و خونچە دەمە

پەردە لەسەر رووت هەردەوە
باخی سینەم بۆ دەرخەوە
گەر تۆراوی ئاشت بەرەوە
*
جارێکە وەختی مەعشەریٚ
ماچەك لە کوڵمەت بمدەریٚ
وا دەڕۆم وەختی سەفەریٚ
کچەکە وەختە دڵم دەریٚ
*
کیژ هەر کیژی (دار بەسەرە)
تاسی زێریان لەسەر سەرە
بۆ من شێت بوون سەران سەرە
کیژ هەر کیژی داربەسەرە
کراسی بەریان بە باغەرە

لە سەریان شەڕە خەنجەرە
کیژ هەر کیژی ئیلنجاغە
کەوای بەریان بەداخ داخە
کوڕان جەرگیان بۆیان داغە
*
ئاوی حەمامۆك نۆشی گیانت بێ
هەر حەوت خوشکەکەم بە قوربانت بێ
ئاوی حەمامۆك بەرەو خوار دەڕوا
سێوێکی تێدایە بۆ لای یار دەڕوا
ئاوی حەمامۆك سەهۆڵی ناوێ
لێوی کچە کۆییان سۆراوی ناوێ
*
چیای باواجی بەچاو دەکێڵم
چاوجوانی لێیەو بەجێی ناهێڵم
جادەی ئیسکان جێگای دڵگیرە
ناودارەکانی جێگای تەگبیرە
*
ئەستێرە برێ ئەستێرە هەر ئەوڕۆم ماوە لێرە
سەبارەت بەچاو جوانێ مەسکەن دەشتی هەولێرە
دایکی دەستدا مەنجەرێ کیژێ گرتبیە سەربێرە
سبەینێ گوڵ چنینە دەسکە گوڵەکم بۆ بنێرە
ئەگەر بەخۆت نەهاتی بەپێناوێم بۆ بنێرە
ئەگەر پێناو نەیهێنا بەبای شەماڵ هەردێرە

ئەگەر یارم نەناسن کوورتە خەزێمی زێڕە

*

دەچمە بەر مەڕی جوان دەیکەم بەخێو
لە دەشت و دەریا لە شاخ و لەکێو

*

باران بباریٚ تەزرە بێتەخوار
قەت تەرکی ناکەم شەوین و شەوخوار
وەلەو شوانی گەلیٚ زەحمەتە

*

دەوەرە وەرە کەمبەرە
مارمان ئەوبەر ئەوبەرە
گاسم کردی زوو وەرە
ماچی گەردەنت خۆشە
لە بن کەپرو سێبەرە

*

هەتا دێیتە من نیوە مردووم
یارێکم هەیە لە کوللیەی علووم
دەفتەری دانا لە بان کەلەکە
یارم خوێنکاری ئاسکی کەلەکە
بەردەرگای ماڵمان گوڵ و ڕەیحانە
یارم خەفەرە لە خەستەخانە
ئەگەر نازانی ناونیشانی
وا لە ئامۆژگاری مامۆستایانم

موستیلەی دەستت نوقمێی تاڵە
جومعەو پێنج شەممە یارم لە ماڵە
*
ئەم باسە باسی پیاوی دووژنە
نەیبیتە سەرخۆت بڵێیت بۆمنە
پیاوی دووژنە سەر لیَ شێواوە
ئیسراحەت ناکات هەتاکو ماوە
پێم ناڵێی دووژن بۆچی ئەهێنی؟
تۆ بەدەستی خۆت خۆت ئەخنکێنی
کردت بە دۆزەخ ئەو ماڵە جوانە
سەرگەردانت کرد ئەو منداڵانە
ئەم ڕازی ئەکات ئەویان ئەتۆریَ
تۆراو دێتەوە ئەم دلْ ئەگۆڕیَ
بەس تێمگەینە بۆ کردت بەدوو ؟
لەداخی خۆی بوو یا ڕقی خەسوو؟
دەبا تێبگات پیاوی دووژنە
هەتاکو ماوە جەرگی کوون کوونە
ژنێکتان بەسە واز لەدوو بێنن
بەدەستی خۆتان خەفەت مەچێنن
*
چاوڕەش بشکێنە قەندی
کابانیَ دەوڵەمەندی
ماوەیەکە لێت دوورم

نازانم لۆ بێ ڕەنگی
ئەگەر خەمی من دەخۆی ؟
خۆت کڕکە بەبێ دەنگی
ئەگەر لە خزمان دەترسێی ؟
با دەستکەمە تفەنگی
*
ئارەقەی مەمکی یارێ
شیرینە وەکی هەنارێ
لە بەر عەشقی چاوەکانت
خۆم بوومە باغەوانت
*
دەمی یارێ بە پێکەنینە
بۆنی زولفی ئەشرەفینە
ددانی دوڕو مرواری
ماچکەم چاوی خوماری
برۆی ڕەشی کەوانی
بۆن خۆشی وەك رەحانی
چەند خۆشە پێکەنینی
بەگوڵاوێم دەپەڕژینی
مەمکی وەك فنجان و سێوە
ئاگری بەر دامێ بەپێوە
بۆی بووم شێت و مەجنوونە
بۆن خۆشە وەك بەیبوونە

دەنگی خۆشە وەك بولبولی
بۆنی دێت وەك قەنەفلی
نازدار وەرە بمشێلە
جەرگ و دڵم دەرێنە
*
باوك و باپیرمان مشكی و جامانە
ئەیانبەست لە گەڵ كەواو فەقیانە
كیسەو بەردەستێ و نێرگلەو سەبیل
كورتان دورین و سەبەتەو زەمبیل
گۆچانی شوانی و داس و دروێنە
موكێش و مەقەست چەقۆو ئاوێنە
هەوجاڕ تاشین و نیرو نەقێزە
كەپرو كوندەڵان هیزدانەو هیزە
تەشوێ و مشارو مەنگەنەو تەوراس
ئەسپەرەو بێڵ و پاچ و خاكەناس
وەحەی گەڕان و هەچەی كەرەبۆر
گایەك نەدزرێ و كەر نەبرێ بەزۆر
شەوچەرەی شەوان لاوك و حەیران بوو
بەیتی رۆستەمی مازندەران بوو
*
لە بۆم برێنە شەماری
دەمەك دێ و دەمەك نایێ
دەنگی خۆم لۆ هەردینی

وەکی دۆرو زوڕنایێ
دەنگی داسان زۆر دێ
دەنگی یاری من نایێ
گەنم سەری ماخۆت خوا
یار سووتا لەبەر هەتاوێ

سێ ڕۆژەی مردوو ئەوا تەواوە
بەرەو گۆڕستان ژنان وەستاوە
ڕەسمی جوانە مەرگ بەسەر دەستەوە
گۆرانی ئەڵێن ژن بە بەستەوە
یەك باسی زاواو یەکێ بووکەکەی
یەك باسی خەسووە ئێسك سووکەکەی
یەکێك مێردەکەی ئەزێتی داوە
یەکێك کوڕەکەی بەدار لێی داوە
سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە
حیکایەتت بۆ ئەگێڕێتەوە
خاوەن مردووەکە وازی هێناوە
ئەم دڵسۆزترە تەواو سووتاوە
ئەوەی کە ئەیڵێ نایڵێتەوانێ
میرزاش گۆرانی وەها نازانێ
هی وایان هەیە ئەڵێ وانابێ
کێ دەنگی خۆشە با لەگڵما بێ
هەستە سەر پێ ئەمە بۆتۆیە

هەموو بەیەك دەنگ دەی زاوا ڕۆیە
بابکەین باسی چێشت و گۆشتی زۆر
ئادەی زرمەت بێ مردووی گۆڕ بەگۆڕ
لەپاش تێر خواردن ئەڵێ بێ ڕۆن بوو
یەکێ تر ئەڵێ برنجەکەی کۆن بوو
عەتێ خان ئەڵێ ئەڕۆمەوانێ
هیچ کەس قەدری ئێمە نازانێ
نەچێشتم بەرەکەت نەچام خواردەوە
بەزیای خێرنەبێ کۆستمان کەوتووە
من خاوەن مردووم ئەبێ ئاوابم
لەناو عالەما سووك و ڕیسوابم
ئادەی فلان کەس کوانی عەباکەم
بەخا تا زووە درەنگە ڕاکەم
ئەگەر بۆ خوایە حەرام کراوە
هیچ شەرعێ ڕێگەی ئەمەی نەداوە
چی شەرع وتی ئەیخەینە سەر سەر
هەموو ئەیزانین ڕێگەی خێرو شەڕ
*
ژن بەژن دەردی گەلێ گرانە
لەلایە باشە لەسەدلا ژانە
لایەکی خۆشی سەدلا گریانە
لەلایێ خەندە لەسەدلا فیغانە
لایەکی ئاسان سەدلای زەحمەتە

لایەکی کەیفە سەدلا خەفەتە

لایەکی ئاشتی سەدلا داوایە

لایەکی بیٚ دەنگ سەدلا هەرایە

*

لەگەر تۆمە ئەی عەزیمە

شێت و شەیدای دوو کەزیمە

عەقرو هۆشت لا دزیمە

لەگەر تۆمە عەلیم ناوە

هەروەك بازی سەربەکراوە

رۆح و دینم لۆت نەماوە

جەرگ و دڵم لۆت سووتاوە

لەگەر تۆمە کیژۆرە گوریٚ

بۆنت بۆنی قەنەفریٚ

ماچت دەکەم نیوە شەویٚ

بەژنت بییٚ خانەقاییٚ

*

دارەکەی سەرکەڵیٚ با ئەیشەکێنیٚ

ماچی بێوەژن لێو ئەتەزێنیٚ

*

دارەکەی ماڵیان شنەشنیەتی

خۆزگەم بەو کەسە چاوجوان ژنیەتی

*

داری دار مێخەك عەمری نەمێنیٚ

هەرکەس هەڵئەسێ مێخەك ئەسێنێ

*

پزیشك و دكتۆر دەرمانم ناكا
بەس مەگەر یار خۆی چارەم بكا
هەر لەو ڕۆژەوە تۆم دیوە بەچاو
غەم لێم ئەبارێ وەك باران بەتاو
بەس لەبەر هەستی خۆشەویستی تۆ
ڕێگەی بەختیاریم گرتۆتە ئەستۆ
گەربێ توو نەگەنە بە مرازی تۆ
ڕووناكیم ناوێ دەرچێ لەئەستۆ

*

خۆزگەم بەشوانان ئەیكەن ڕۆژئاوا
لە دەرگای جوانان ئەڵێن ماڵئاوا
خۆزگەم بەو ڕۆژەی چووین بۆ چەوتەكە
شەقەی ماچ و موچ ژێر ئەشكەوتەكە
خۆزگەم بەو ڕۆژەی مازوومان ئەكرد
یاردەمی دێناو من ماچم ئەكرد

*

باڵای یارەكەم عەیبی تیا نییە
عەیب لە چاوم بێ لەباڵای نییە
سەعات بۆ دەستت سورمە بۆ چاوت
نمرەی ڕەقەم یەك بۆ لێوی ئاڵت

*

چووە تۆرکان بەپیاسە
بە کراس کودەری تازە
لە ناو دەستەی کیژۆران
دەڵێی ناسکە ڕێواسە
جۆتە مەمکی سەر سینگی
سووند دەخۆی هێلکە قازە
دەڵێم لە بۆم بخوازن
لە کنیان نان و پیازە
*
بەژنیٚ کچ مامم شترە نەمامە
لە سەر سنگی جووتێك شەمامە
هەتاکو دەمرم هەر بەتەمامە
بەژنیٚ کچە مامێم شەنگۆرە بییە
لە سەر سنگی ڕووت ، جووتێك هەرمێیە
ماچی کچ مامیٚ بۆم عەیبی نییە
بەژنیٚ کچ مامێم دار ئەسپیندارە
لە سەر سنگی ڕووت جووتێك هەنارە
حەفت دۆستم هەبیٚ لاویم بەتارە
حەیفم دەمینیٚ دەیدەن بەپارە
من هیچم نییە چۆن بیکەم چارە
بابە گەوادی گەلەك غەدارە
لۆم برێنە کچ مام دەچمە سەفەریٚ
لۆخۆم دەگرم لیمۆی باغەریٚ

بەوشەرتەی کچ مام بە داکی نەرێ

*

ژن و پیاو وەك یەك گەر بىن ڕازی
هەرگیز نابینن بەردەرگای قازی
بەکەیف و خۆشی ئەژین لەناو ماڵ
زۆر خۆشە تفاق خێزان و منداڵ
پێکەوە ئەژین هەتا وەسەد ساڵ
بە کەیف و پێکەنین دوور لە قیلوقاڵ
زۆر ڕجا ئەکەم لە برادەران
بەخۆشی بژین لەگەڵ خێزانتان

*

دەچمە سەر زوورگەزراوی لە من بە هوردە بەردە
زەینی خۆمدا قورشاغلو لۆمن پڕ گەردەن زەردە
ئەوەل ڕۆژی زستانێ تا دەگاتە سەر پەڕێ
وەختی کاردی و کەنگران لەماران دێنە دەرێ
بە بەستەو بەگۆرانی تا دەگەنە ئاقاری
کراس و کەوێی زەردو سوور تێکەڵە بەگیای بوارێ
وەکی گەیشتنە ناو زووری نەختێ ئیسراحەت دەکەن
نیوانێ سەعات یانزە هەموو دەچنە پەرێزان
دەڵێن لە کوێ نان بخۆین یالاّ بچینە کارێزان
تاخمێکی تر لەولاوە پرچیان گروازەیە
شوێنی نان خواردنی وان هەر بیرە بەرازەیە
وەکی نانی خۆیان خوارد گەڕانەوە بۆ مارێ

لە گوندی سەیریان بکەن سۆرن وەکی گوڵی بەهاریٚ
وەکی لەزوور دەرهاتن بەرەو ماریٚ دەبنەوە
دەڵێن یاخوا کاول بی ئەدی بە چ بچینەوە
*
خوێنەری ئازیزی کوردی رۆشنبیر
ئەدەب دۆستانی بە سەلیقەو ژیر

پەندی پێشینان واهاتنە کەمی
نابیٚ دانیشتن بە کەمتەرخەمی
نابیٚ بیٚ بەش بیت لەم بەهرەپاکە
هەروا بچنە ژێر ئەم خۆڵ و خاکە
ئەدەبی کوردە ئەم کەلەپوورە
رەنجی ساڵەهای خوار هەتا ژوورە
تا کۆبکەینەوە زۆری تر ماوە
شەوچەرەی ئەدەب وەك سۆمای چاوە
وەکو کانیاوی لاپاڵ و چیا
تا لێی هەڵکوزین هیتر دیٚ لەدووا
چەن کۆمەینەوە هیتر دیسان دیٚ
گەل چینێك بڕوات هیتر دێتەجیٚ
ئاخ بۆ گەڕانی ئەم کوردستانە
بۆ خڕکردنەوی ئەم بەهرە جوانە
لادیٚ نشین و شاری و رەشماڵی
لە دەشت و چیا هەردەولا پاڵی

هیچ کوێ نەمێنێ سەری لێ نەدەی
بەزمی کوردانی تیا گەرم دەکەی
*
دارەکە ناوباخ تەنها دارێکە
دووکیژ وەتەوای کلاو لارێکە
پشدێنی پشتی بەناز پێچراوە
کەم قسە بکە بەدکار وەستاوە

لێ لێ دایکێ ئەڤ سال سەرەکی چەند سالانە ، لاوکی من مری بەژنا لاوکێ من دیارنییە داری دنێ ، تەرمێ وی کەتە بن ئاخ و گری دایکێ وەختێ دەچین سەیرانێ چل و بەیارا ، ئەز رێنانێم بەرچایێ سەماڤەری
ئەزێ ڕابم بچم نك لاوکێ خۆ رینم سەرقەبری
عادەتێ زەمانێ بەرێیە، وەختێ مێڤان دچن مێڤانداری
دایکێ نك مێڤانە شەرمە ناچن مالا نێك و دوو دەستی بەتالی
تەزێ رابم باقەکی گولان و رەیحانە ، کەزیێ خوپێڕا ژ لاوکێ خۆ بکەم دیاری
باقی گولان و رحانە قەبری لاوکێ خو بڕشینم وەکی بارانێ باری
جوتێ رەش کەزیا سەرکێلا قەبری لاوکێ خۆ بەردەم خارێ
بیژم مریۆ ، رەحمەتا خودێ تەبی ئەڤێ سالێ ڤێ بەهارێ
لاوکۆ من بەرزە بووی تەنابینم لێرەو ل ڤێ
پشتی تە را بلا بمرم ئەز بڕازێم ئەڤێ خەڤێ
*
هەستە بیچینە سەیرانێ سەیرانمان کێڵەشینە

مەمکت کەللەی شەکرن روومەتت بەفروخینن
لە بن کراسی کتان دوو شەمامان دەربینە
جار بەجار بیانگوشم بیانبینم شیرینە
لەئەنجامدا هەر دەمرین دونیای چ پێوەنینە
*
لە هەولێر بەڕێ کەوتم گەییمە نیوەی شەقڵاوە
لە لۆفەی سوڕامەوە یارەکەم راوەستاوە
بە دڵ سەلامم لێکرد بەبرۆ عەلێکی داوە
یارێ بۆ دەنگت نەکرد مەیلی جارانت نەماوە
ئەگەر ئەتۆ بێ مەیلی منیش مەیلم نەماوە
با دەست لێکدی بەردەین لێم حەرام بێ ئەم ناوە
*
باڵات وەوێنەی بلوێربانیە
بەگزادەی بێ عەیب گشت شێخانیە
بەرکە بەملاوە بینم جەمینت
خواوان نەشەوێنێ شێوەی شیرینت
سەرتەن و بەتەن گشتی هەرتەنە
رێزەی دار مێخەك گوڵ پێوە بەنە
زلێخان زەردەن زەردی زلێخا چوین خۆورە زەردەن
وەئاو هەنگوین وەگوڵ پەروەردەن
وەڕۆژ بێگانە وەشەو هام دەردەن
پیرەمێرێك بوو تەمەن حەفتا ساڵ
کردی داخوازی کچێکی منداڵ

دەموچاوی لۆچ دەمی بێ ددان
پشتی چەماوەو ئەڕوا بە گۆچان
بەڵێ مام ئەخیتار پارەی وەك خۆڵە
پارە جیا ئەکا دایك لە رۆڵە
وتم مام ئەختیار پیری کۆنە ساڵ
بۆچی ئێسك خۆت لە خەڵك ئەکەی تاڵ ؟
*
یار لە سراوێ هاتەوە گۆزەی بەملی دادایە
بەڕووی یارێ دادەچووم یار دەکەوتە بەربایە
بۆنێ قەنەفرێ لێدام هەردوو چاوم شێوایە
بە چاوان دەکەم دووێنێ بەدەست ئیشارەی دایە
دەرێ وەرە پێشەوە لاوە مەیلت گۆڕایە
سەبارەت بە بێوەژنان ئاگات لەمن نەمایە
*
ئای چەند سەیر بوو لە سەردەمی زوو
کۆئەبووینەوە لە ماڵێ هەموو
بۆ دەستار هاڕین یا ساوار کووتان
گۆرانی وتن قاقای کیژۆڵان
هەندێ شەوچەرەو گفتوگۆی شیرین
هەندێ گۆرانی بۆ دەستاڕ هارین
پیران لەولاوە داستانی هەزار
ئەیانگێڕاوە بە تەزبێح وزار
بەمجۆرە هاوین ئاوا دەچووە سەر

کراسی زستان ئەوجا دەکرا بەر
بەیانی هەستن گەلی کیژوکار
ئینجا رێکەون بۆ هێنانی دار
کۆ ئەکرایەوە بەوێنەی خەرمان
دار لە نێو عەوشو لەسەر قەبرستان

خاڵە قادریش هەر لە مزگەوتە
خەریکی نوێژو پیرو پەککەوتە
لێی کۆئەبنەوە گەلی کوڕوکاڵ
بۆ قسەی خۆش و ئەفسانەو خەیاڵ
باسی لاوێنیوو رابردووی ژیانی
ئەگێڕێتەوە زۆر بە ڕەوانی
چۆن ئێوە لاون گشت هەرزەکارن
رۆڵە بۆ ڕۆژگار گەلێ قەرزارن
لە سەر شانتانە هەوڵ و تێکۆشان
یارمەتی یەکتر بەتوولی ژیان
ژیان بریتییە لە خەندەو گرین
نەك هەرتاڵی بێ یاخود پێکەنین
هەردوو هاوژینن لە گەڵ زەمانە
دەمێ هاوینەو دەمێ خەزانە
دەمێ بەهارەو دەمێ زستانە
جاخودا حافیز کوڕگەلی دانا
*

سەریٚ من چەندە دیٚشی
دەردیٚ لە دلْم هەرایە
ئەوەل مانگیٚ نیسانیٚ
کوریك کەتنە چیایە
کیژان رەئیان دەبەستا
لە بۆ سولْتان عەولاٚیە
بە دووربینم دورۆنیٚنیٚ
یاریٚ من لە گەردایە
دەستڕەکم هەردا
بەنیازی درم وایە
چونکە خوا ئەمری لیٚبوو
لە قوولاٚیی دامایە
یاریٚ دوعایان دەکا
لیٚکمان نەکەن خودایە
سینگت باغی میللەتی
چار دەوری سیم لیٚدایە
مەمکت سیٚوی لاسورە
دنك دنك نەخشایە
یاریٚ سوندم لۆ دەخوا
کەس دەستی لیٚ نەدایە
لۆ عالەمیٚ قاچاغە
لە بۆ توو تەبەڕایە
یاریٚ پیٚشان خۆش کوڕ بووم

ئێستا کەلکم بڕایە
عومرم تەجاوزی کرد
کەلکی گەمەم نەمایە
لەبەر کوڕوکاری گوندی
ئاگات لەمن بڕایە
سوێندم خواردووە بە گەنم و بەجۆ
پڕدێنەك بکەم لە کراسەکەی تۆ
دەمەکەت هەنگوین لەقوتوی شینا
ناردمە خوازبێنی لێم چوون بە قینا
نە شەرتت شەرتە نە نامەت نامە
یەك پارچە کاغەز دوعاو سەلامە
کراسەکەت رەشە مەیدە لە دیوار
دڵ هەر یەکێکە مەیدە بەهەزار
*
ئەوڕۆ قەرە چارشەمە
سبەی قەرە چارشەمە
تۆز لەچیای دەبوو تەمە
داکێ گۆ کەسم نەما
خوشکێ گۆسراو لەمە
لێ میرۆ هەی لێ میرۆ
ئاغایەو ڕەنگ وەزیرۆ
میرم دەرێ هۆ دایە
چەکانم بینەلایە

ئەوڕۆ شەڕو دەعوایە
میرم دەرێ هۆ خوشکێ
چەکانم بینە کۆشکێ
تەقدیرەو لەشکر بشکێ
میرم دەرێ هۆ ژنێ
چەکانم بینە کنێ
ئەوڕۆ رۆژی فتنێ

| | |
|---|---|
| لە رواندوێ هاتمەدەر | کاولۆکان لەسەر رێیە |
| ئەوجارە سەفەریمە | عەزرەتم، چاوەڕێمە |
| خزمان هاتنە رجایێ | سالح مەچووە ئەو جێیە |
| گەردە گەرد لەمن خۆشە | جێی مرازی شەوێیە |
| تەقدیرێ خوای وای دەکرد | پێك گەیشتین لەوێیە |
| لەکاولۆکان دەگەڕێم | دەردێ لە درم دەناری |
| حەیفی ئەمن دەکوژی | لەکابرای چەند خەساری |
| لەبۆ خاتری درێ خۆم | ماچم کرد پڕ بەزاری |
| جوانی ئەوها زۆر کەمە | چەند بگەڕێی لەشاری |
| هەستم لە قسەی رادەگرت | هەرسیحری لێ دەباری |
| ئەو موعجیزەی خوایە | لۆ فەقیران بەدیاری |
| رواندزێ جێ دێلم | روو دەکەمە هەولێرێ |
| لەبەر دەرکێ دەوەستم | بەشکو پێمبکا خێرێ |
| دەردێ لە درم بەبرینە | عەزرەت جوابان دەنێرێ |
| ئاوەدان بی رواندز | شاری لەقەد کوڕەکی |

لامدەدا مارێ یارێ ئیسراحەتكەم بڕەكێ
دەیگۆ هەتیم لەكێ بووی دیار نەبووی سارەكێ؟

*

هەر كاروانە و كاروانە
هات كاروانێ شكاكان
هێخستیان لەسەر چاكان
كیژ دەفرۆشی مراكان

تەیارەكی ئینگلیزی لەسەر هەولێر گەڕاوە
لە سەر شاری دەسوڕا قاقازی بەردەداوە
قاقەزیان دەخوێندەوە گۆتیان شۆڕش هەستاوە
سێ مانگ عەسكەریم دەكرد چبكەم خۆم پێ نەكڕاوە
توورك و رووس لێكیان دەدا ئەلەمان خۆی كێشاوە
دەچمە كن شێخ مەحمودی عێراق لەوێ بەناوە
دەستی شێخم ماچ دەكرد دەیگۆ كوڕم بەولاوە
هانی (بڕنۆت) بدەمێ عومرت هێشتا زۆر ماوە
یارێ چاوی پێم دەكەوت جووت فرمێسكی بەرداوە
دەمگۆ یارێ مەگریێ پێنج و دوو رۆژم ماوە
با كوردستان رزگاركەین، ئەوجا دێمەوەدواوە
هەردووكمان پێك شاد دەبین لەژێر رەحمی خوداوە

*

دوو كۆترم دیت لە مارەكی
هەردووك فەرخی بەسارەكی

ماچیان دەدا بە ریارەکی
دوو کۆترم دیت ژێ هەرچوونە
بازن زێڕی بە گەردوونە
یەك خانمە یەك خاتوونە
لەدرم یەقینە کیژە جوونە
یێك لۆ منە یێك لۆ توونە
*
هەویرەکە هەڵهاتووە
باجی عەتێ نەهاتووە
تەنوور وا دامرکایەوە
بەفرەکەمان توایەوە
مانگی تەمموزو گەرمایە
بانگی یەکتر ئەکەن راکە
با فرکەوین خێراکە
خاوەر هێشتا نەهاتووە
وا دیارە چای نەخواردوە
*
ئادەی کچم بانگی لێکەن
ئەو کوپەیەش ئاوی تێکەن
دوایی یەك ئەکەویتن بۆ ئاو
دەی کچێ مەکەن خاوەخاو
*
یارێ منە بەبازنە

یاری خۆمە تەنکەژنە
بژی و بمری هەر هیمنە
*
بەهەڕەشە دەمتۆقێنێ
روحم چوویتە ژێر زەمینێ
لەبەر کورتێ ناو هەمینێ
*
دەچم بۆ بانە بۆ بازرگانی
سورمەت بۆ بێنم هانی هانی
ئەچمە رواندز خۆم هەڵ ئەدێرم
دەنگم نایگاتێ کاغەز ئەنێرم
ئەو ڕێ باریکە بۆ سەر پرد ئەچێ
لەنجەولارەکەی لە کچە کوڕ ئەچێ
ئەی خوا چەند خۆشە ماچی سەرە ڕێ
ئەی خوا چەند خۆشە ماچی نیوەشەو
دەم ئەبەی بۆ دەم رائەچەنێ لەخەو
بەسەرگردی شەماڵ بم هەوری کرد بەپەلەپەلە
بە تفەنگی بڕنەو لێمدەن دەستم فێرە باخەڵە
*
کاکە گوێ بدەنە ئەو دەنگ و باسە
نەما زەمانی قەیناغ و داسە
خەڵك مەرەقی گێزەرو خاسە
تەرەنتەر هاتیە لەگەڵ دەڕاسە

نوکی چنت تیژە دەڵێ ئەڵماسە
جێگای (دە) عەڵبان رۆژ ئەوا خلاسە
فەلاح هەڵدەگری گەنمی خولاسە
وراغ دەگەڕێن بەبێ قەڕاسە
*
بەژنێ توم داروداری داری وراتی کۆیێ
داس و قەیناغم دانا ناکەم درونەی جۆیێ
مەمکی چەپەی گۆڕاوینە لەبەر هەرمی مەرۆیێ
دوکانەکی دادەنێم لە نارنج و لیمۆیێ
ماچی ئەو زاڵم بابەی دەینی شاری شنۆیێ
*
ئەوا ئەو ساریش زستان هاتەوە
بەخۆشی وشادی بەخێر بێتەوە
ئەوجا برایان باسی زستان کەین
باسی باران و شەوانی ساردکەین
کاتێ پەرەی دا عەردان تۆ بکەین
نانی ئەوساریش دەبا پەیدا کەین
شەوانیش هەموو لەدیوەخانێ
بە لاوك و حەیران کەرەمستانێ
کاکەلاو ئەتوو کراوان خڕکەوە
لۆ گەمەی شەوێ سەریان کۆت کەوە
دەبرایان هەموو دەوری لێ بدەین
ببینە دوو تاخم گەمەی با بکەین

دەرێن کام خدر ژنت هێناوە؟
ئەنگوستیلەکەت ئەی کاکی زاوا
دەوجا جەماعەت نۆرەی ئێمەبی
نۆ خاری حەڕام دەبا لۆنگۆبی
ئەوا دادەگرم تەماشای دەستمکەن
هەرکەس لەجێی خۆی شکی لێبکەن
پاش گەمە کردن مێوژ خواردنە
ئەو گەمەکردنەش شەو بەسەربردنە

شەو دەبەینەسەر تا درەنگی شەوێ
ئەوجا بچینەوە بیکەین سەرخەوێ
سبەینێش هەموو دەچین لۆ فەرمان
بۆ سەرفرازی و خۆشی ژیانمان
*
برای کوردی بەڕێزم کۆمەڵێ هاونیشتمان
یەك رەخنەی گەورەم لە خزمەت گەلی کوردان
با خۆم زۆر بچوکیش بم رەخنەکەم زۆر گەورەیە
زۆر کەس نوقمی تەریقی ئەم جۆرە عادەتەیە
رەفتاری کورد بەزۆری جوان و پەسەند کراون
لە ناو گەلێ میللەتدا بە ممتاز ناوبراون.
بەڵام داخی بە جەرگم یەك کردەوەی ناجۆرە
گەر ئەو رەوشتەی نەبێ عادەتی جوانی زۆرە
ئەویش چوونی بەربووکە لە بۆ هەمهەمەی شەوێ

بۆیەك تاقیکردنەوە کە شوێنی بووك دەکەویٚ
بەربووك هیچ پێویست نییە بەڵکو کارێکی سووکە
حەیا بەری زاوایە هەم ئابڕۆبەری بووکە
گەر یەك تۆز نهێنی بێت لەبەینیان
بەربووك ئاشکرای دەکات لەتەواوی جیهانا
بەڵیٚ کچ دەدەی بەشوو، قەناکات خۆ ئیشکە شەرعیە
هیچ خراپەت ناڵیٚ چونکە عەیبەی تیا نییە
بەڵام ماڵت وێران بیٚ بۆ بەربووکی شوێن دەخەیت ؟؟
ئەوا هات و نەقەوما بۆ حەیای زاوا دەبەیت
پیرەژنێکی ناڕەسەن کۆنی سەر ئاسنینە
ئەنییێت بەسەرییەوە کێشی وەکو قۆڵینە
سواری بارگرێك ئەبێت هەروەکو نێرە سەگسار
پێش بووك ئەکەوێت وەکو مەیمونی سەر بارەدار
ئا بەو بچمە جوانەوە ئەگاتە ماڵی زاوا
ئەیکا بە بگرەوبەردە چونکە بووکی هێناوە
دەس دەکات بە فشە و فاڵ ملقۆڕی سەر قۆڵینە
کەس نادات لە دەماغی چونکە کۆڵی سەنگینە
کاتیٚ کە شەوی لێهات بووکەکەی هەڵئەستێنیٚ
ئەچۆ بەلای کاریەوە چەرم و حەیا نامێنیٚ
زاوای قوڕبەسەر تفی لە دەما وشك بووە
بووکی زەلیلی هەژار لە شەرما هەر مردووە
خۆ غەسبە لەسەریشیان بڕیار ئەوها دراوە
چونکە دایکی عەزازیل لە قاپی راوەستاوە

سا ئیتر ئەگەر خوا رەحمی کرد بە هەردووکیان
ویستی حەیایان نەبات لە خزمەت دایکی شەیان
کە هەڵدەکات بە ژووردا فەرهادکوژی بیٚ دیان
هەروەك گورگی برسی دابێتە ناو گەلەخان
پەڕۆ ئەپێچێتەوە زۆر چاك دەیخاتە گیرفان
ئەیبات بۆ ژووری گەورە بۆناو مەجلیسی ژنان
یەك یەك تەماشای دەکەن هەروەکو ورچیان دەبێت
گشتیان دوعای بۆ دەکەن دەڵێن دەگ رووی سپی بێت
بەیانی هەڵسا لەخەو پڕوچاوی ئەشۆرێت
گەر زوو چا عازر نەبێت تۆزێك لێیان ئەتۆرێت
چایەك قوزەڵقورت دەكات هەروا زۆر بەسەهەل و سووك
نەختێك وردە نەسیحەت هەڵدەڕێژێت لە بۆ بووك
بەڵام زۆر بە پەلەیە لە خۆشیا حاڵی نییە
چونکە دیاریەکی دەستی نیو لیرەی عوسمانیە
هەروەك تاپۆی تورکی ئەینێتە ناو گیرفانی
زۆر بە تاوو بەپەلە ئەیبات بەرەو باوانی
هێندەی پێخۆشە ئەڵێی هیچ کەسی نەمردووە
ئەڵێی بەتاقی تەنیا شەڕی رووسی کردووە
کە لە رێوە هاتەوە ناچێتە ماڵی خۆیان
ئەڕوا بۆ ماڵی باوکی بووك دیارییەکە ئەبات بۆیان
دایکی بووك لێی وەردەگریٚ زۆر باش تەماشای دەکات
چونکە دەنگ و باسێکی گەلێك جوان پیشان ئەدات
دەك دایکی بووك داوەشێت چۆن رووت دێت لێی وردەبی

شتێکی هێندە جوانە تا بەپێو شوێنیا بچێت
کوردە ئەشهەدو عەیبە دەبا ئیتر تەرك بێت
بابەس شەوی زاوای هێندە گران و ئەرك بێت
توخوا ماین فالْ دەدەی ئاخر مانگا کەلْ ئەدەیت
ئەم ناوونیشانی عەیبە تاکو کەی هەڵدەدەیت
دەبا بەجارێك تەرکی بکەین ئەم کارە
وەڵاهی زۆر ناشیرینە عادەتی نالەبارە
ئۆباڵی کورد بە ئەستۆی هەموو ئەو پێشینانە
کە دایانمەزراندوە ئا ئەم عادەتە جوانە

*

مەلارە دەی مەلارە
ئەو باڵاو لەش و لارە
خرینگەی بازنەی دەستت
هاڕەی دێ وەك تەیارە
مەتۆرێ دەی مەتۆرێ
شلکە رێواس مەتۆرێ
بۆ ئارەقەی سەرگۆنات
(کەو)م ، کەوتوومە تۆڕێ

*

هەڵینە دەی هەڵێنە
تۆزێ گەردنت هەڵدێنی
جەرگ و دڵم دەردێنی
دەریخە دەی دەریخە

خاڵی روومەتت دەرخە
ئەگەر خاڵت دەبینم
خوێنی دڵم بەلرخە
*
دایخە دەتوخوا دایخە
ئەو لێوە جوانەت داخە
چاوم لێیە چەند ئاڵە
بۆنی دێ وەك هەلالە

بەینی کچ و کوڕ کە ئەبەسترێ
ئیشارەی جوانی بۆ دائەنرێ
کوڕ بە کچ ئەڵێ: ئارامی گیانم
هەرکاتێ دەستم خستە چاوانم
سەعات یەك و دوو لە نیوەی شەودا
ئەگە لای تۆ خوا تەغدیر نەدا
تا بەری بەیان من و تۆ هەردوو
دەس لە مل ئەکەین زۆر بە ئارەزوو
ئارامم نییە من تۆم زۆر خۆش دەوێ
گەر تۆم نەدەنێ دڵم ناسرەوێ
کچ بە کوڕ ئەڵێ: نووری چاوانم
خۆشەویست تری تۆ لە باوانم
چاوەڕێت ئەکەم لە دوانزە بۆ دوو
وەرە بۆ لای من زۆر بە ئارەزوو

شەو دووشەممە شەوێکی چاکە
باب لە ماڵێ نییەو دایکم هیلاکە
ئیتر بەمجۆرە ئەم دوو دڵدارە
چاوەڕێ ئەکەن هەتا ئێوارە
لە نیوەشەوا کوڕە هەڵ ئەستێ
بۆماڵی کچە هیچ ڕاناوەستێ
بە ماتەو بەزگە خشکێ
سەد دوعا ئەکا تا دەگاتە جێ
وەختێ کە کوڕە ئەگاتە بەرماڵ

کچ ئینزارە نەك جارێ سەدجار
کچ بە کوڕ ئەڵێ: ئارامی گیانم
بۆ درەنگ هاتی نووری چاوانم؟
کوڕ بە کچ ئەڵێ لەمن مەپرسە بۆ درەنگ هاتی ؟
خۆ هەموو کاتێ وایە دڵداری
ماڵ مەمە خولە لەسەر ڕێگایە
چەند سەگیان هەیە هەمووی بەلایە
نانی جۆ دێنم لە کوچەکوچە
تا دەنگم نەکەن مم وام لەو سوچە
لە وان خراپتر خۆ خولەی هەژار
دایم ئەکۆکێ بەدرێژی شەوگار
زۆر لێی ئەترسم سەرێ هەڵبڕێ
دەنگ سەگم لێکاو زگم بدڕێ

لە ویش خراپتر مامە رەمەزان
ئەسوڕێتەوە کۆڵان بە کۆڵان
نەخەوی هەیە نە خۆراك و جێ
مەولودێ ئەکەم کە خوا بیکوژێ
دەردێ بگری گرانتر دەردبێ
وەکو زەعفەران رەنگەکەی زەردبێ
هەتا نەمینێ لەو سەر رێگایە
بۆبەین من و تۆ یەکی بەلایە
خۆ پوورە حەمدەو خەجەو ئامینخان
مەجلیسیان گەرمە لەسەر زبڵخان
ئەگەر بزانن بەمجۆرە کارە

حەیامان ئەبەن لە لادێ وشارا
*
ئەگەر بۆم نەکەی لەوچیتە مۆرە
هاشات لێدەکەم موشتەریم زۆرە
ئەگەر بۆم نەکەی چیتی گۆلغازی
هاشات لێدەکەم لەبەردەم قازی
دەمەکەت بێنە دەم لەبانیکەین
دەم وساحێب دەم و وەقوربانی کەین
*
کاکە سەرێ من دێشی دەردێ لە درم وەی وەیە
سەفەرێکم کەوتەبەر فکرم چەغەمیرەیە

لە دێمەکاری رەتبووم کەندێ گۆمەفڕەیە
تاخمە کیژەك راڕۆیین زێخەی من لە پەڕگەیە
شەوقێ نەینۆکێم داییێ هێ کچێ وەرە پەنایێ
یارم مامزی کەمۆیە زوو لەبۆم هاتە رایێ
سەری مەمان زۆر تورتە لە گەڵ پەنجەم نایێ
گوارەو خەزێنم زێڕی زەردچاوم لەبەر هەرنایێ
تامن ژووانی ئەو رۆژە چ برێم لەتاریف نایێ
گوارەو خەزێم زێڕی زەرد چاوم لەبەر هەرنایێ
تا من ژووانی ئەو رۆژە چ برێم لە تاریف نایێ
زۆرمان نەماوە بگەینە بەهار
بچینە دەرێ بۆ دەشت و ئاقار
پیشەقان هەڵگرین بۆ کاردی و کەنگر
لەگەڵ دەشت و دۆڵ ببین بەهۆگر
ئەوجا خۆش دەبێ دڵی دڵداران
بۆ خۆ رابوێرن دوور لە بەدکاران
دەست لە سەر مەم و دەم لە سەر دەمە
لە زوورگ خۆشە دوور لە عالەمە
زوورگ زۆر خۆشە گشت گردو دۆڵە
زەوقی لێدەکرێ چونکە زۆر چۆڵە
*
کەوەك دەخینی بە خیندنی خۆی
زۆرباش دەخینی بە ئاقری خۆی
کاسەو هاواری لە بۆ قەومی خۆی

کەتێر بخواتن بەس بەخینی خۆی
کە من دەخوێنم لەو نیشتمانە
تەیرێکی جوانم سەر بەو شاخانەم
بەخۆم تێك دەدەم لە خۆم هێلانەم
شێری قەومی خۆم رێوی بێگانەم
کە من دەخوێنم خۆم دەکەم کافر
کەسێك نازانیّ بەس لە خۆم زیاتر
جوون لە نامەردان لە خۆم نامەردتر
لە کوردستانا نەیانهێشت خاتر
کەمن دەخوێنم بەدەنووکی سۆر
بەپیرۆ دەڕۆم خۆم دەکەم کۆر
لە دوو قەومی خۆم لەم دۆر بۆ ئەم دۆر
هەر بە نەتیجە من دەبم سەرشۆڕ

کەمن دەخوێنم ناوی من (کەوە)
لە بۆ قەومی خۆم نیتم کردەوە
بەسەرم دادیّ تاریکە شەوە
خوار دەیدۆرێنیّ و راست دەیباتەوە
*
دەکوڕگەل هەموو خۆ حازر بکەن
دەست دەینە داسیّ لۆ دوورنە کردن
کاتیّ دوورنەیە دەغر پێگەیی
خوشکان دەهەستن بەبیّ گلەیی

خۆ حازر بکەن ئەی گەلی خوشکان
کاتیٚ خەرمانە بچینە مەیدان
کاکە لاو ئەتۆ لۆمان تیٚهەرکە
مەقامی دوورنەی دەردمان خۆشکە
دەبا هەمووومان گەلەی لیٚبکەین
لەدوورنەکردن تەمبەری نەکەین
دە زاریٚ ئەتوو مەرۆت هەرگرەوە
بیٚگۆتە گۆتە بیٚ ئەوئەوە
ئەوا ئەوساریش دوورنەی خۆمان کرد
شەغرەمان لیٚنا زۆر بەدەست و برد
جۆخینمان دانا جەنجەرمان تیٚکرد
لە پاش کۆتانی شەنەبامان کرد
ئەوجا هەمووومان لە بەری دەخۆین
لە رەنجی خۆمان بەهوردەو درشت
برا ئەوهایە ، ئیشی هاوکاری
هەر بە هاوکاری ئەتۆ خۆشحاری
هەناری بریٚ هەناری
دەرمانی دەردەداری
کچیٚ بیٚنە ماچتکەم
لە بن گیٚوگواریٚ
شەمامەی لە سەر سینگی
ئارەقەی لیٚ دیٚنە خواریٚ
نەخۆشەکی گرانم

لە بەر چاوی نازداریٚ
ئارەقەی مەمکی یاریٚ
سەرخۆشمی کرد هێواریٚ
چاو و برۆیانی رەشن
گەردەن شووشەی مرواری
لەنجەو رۆینی یاریٚ
وەك کۆتر دیٚنە خواریٚ
سیٚ ماچانم قەرد بایە
لەم دوو چاوی خۆماریٚ
زیٚرو پۆلییەی لەخۆدا
ژیٚر گەردەن دیٚنە خواریٚ
*
سەدکە بەگزادەی دەماغت بەرزە
ماچیٚ لە گۆنات زەکاتی فەرزە
سەدکە مندالٚی قەولٚت دروستە
دلٚداری بکە لەکەس مەترسە

عومرو عەزیزم تەنەکە بەدەس
تەمێی دایکتە ماچ نەدەی بەکەس
هەلٚکیٚشە پاووپوش با خالٚ دەرکەویٚ
تیٚر سەیرت بکەم لەباتی شەویٚ
شاخەکەی قەلاٚ کونا کونایە
یارم چاو رەشە بەسەر ئاو نایە

ئەو حەوشە گەورە لەوپەڕ ئاوایی
بەخۆی بانگ ئەکا ماچ بەخۆڕایی
داویە و تالەبان خورماتوو بەیات
گشتی بەقوربان خاڵی سەرگۆنات
*
کوردبێژیی: ئەی دەلالا پڕ ئەڤین
ناڤێ تە من دانا نەسرین
رابە ژینێ ب خەملینین
هەتا کەنگی رونك و گرین
کیژ دبێژێت: ئەی هەڤالێ پڕ ئەڤیندار
ناڤێ تە من دانا بێوار
پشتی تە من کەس نەڤێتن
گەر خزمێت ببنە هەزار
کوردبێژیت: هیڤەئینام ویڤە بڕن
هەتا فێرو ئەڤین کرم
گەر نەدەنە من چایێ رەشێ
باوەڕبکەن ئەزدێ مرم
کیژ دبێژیت: ئەی ئەڤینداریێ پڕ هێژا
ڤینا تەدلێ ل من مێژە

هەرۆ تە ل بیرا خۆتینم
هەروەکی فەرزێت نڤێژا
*

هەر لە شەڕی عرووسی    کوژرا دۆستێ چل کەزی
شاریان هەموو کاول کرد    هەموو کوژران ڕەواندزی
هەرچی ئاگری تێبەردا    هەرچی بردی بەدزی
خوای کرد دوژمن زوو شکا    گەڕاوە بەسەر کزی

*

خالق هەر ئەتووی بەخۆت
دەکەین باسی گەنم و جۆ
گەنم و جۆ چۆن دەچێنین
ئۆمەتێی پێ دەژێنین
پێی دەژێنین ئۆمەتێ
خودا بدەی فرسەتێ
جووتێ مەردی پتەوی
کوڵاوەی کردن قەوی
مام جوتێر ئاوڕی داوە
هەورجار لە وێ دانراوە
کە هەورجارێ هەڵدەگرت
لە کونی بۆسەی رادەکرد
دار جووتی دەست دەدایە
دەچوو لە بۆ مەزرایە
جووتێر دەکا سپاتان
زەوی دا بۆ بەرلاتان
رای کردە کونیەی تۆوی
ئەو جووتێری ژێرو ورد

تا زەویەکی تۆ بدات
توورەگەی لێ پڕ دەکرد
سەری لەبەرد هەڵدێنا
بە لاتانی وەردەکرد
هاتبوو بارانی پەڵێ
لە میسالی غەزەلێ
چووزەی گەنمی وەردەکەوت
خوا ناردبووی بەرەکەت
ساڵێکی بە باران بوو
تا گەیشتە بەهاری
گەنم و جۆ لێك هاڵابوو
وەك قەیشی رووباری
گەنم هات و پێگەیی
سەپان خۆی ئامادە کرد
داس و هەسانی هێنان
داسولکەی خۆی تیژ دەکرد
سەپان چۆن دێت و دەچێ
گەنم دەکا دروێنە
بانگی تێلەکێش دەکا
دەڵێ گوریسی بێنە
نازانن تێلەکێشە

دەچێ گوریسی دێنێ
باقە گەنمان هەڵدەگرێ

دەیباتە سەر جۆخینێ

*

ئەگەر دەچیە شایی مەڕۆ هەتا دەتبینم ؟
دەچمە شاری هەولێرێ کەمەرەکەت لۆ دینم
لە ناو کەریێ دیلانێ لەنێکت دەشەتێنم
ئەوی دۆستە بێتەدیار ، بەدکاران پێ دەپسێنم
وەکی دە چیە شایێ چەن شیرین هەڵدەپەڕی
تۆق و تەسلیم و بەربەن، سنجاقەی دەکا شەڕی
قەولی لەگەر یارێم بەست لەناو هەوێزێ مەڕی
هەندم یارێ خۆم بۆن کرد دوو مووم لە سمێری پەڕی
ئەگەر ئەمن و توو یەك بین خەرکی سەگ باب با بوەڕی
ئەگەر دەچیە سەیرانێ هەروە سەیری سەربانان
ئەگەر چوویە شایێ مەچووە دەستی نەزانان
دەچمە شاری سولەیمانی دەگەڕێم لە دوکانان
کراسەکت لۆ دەکڕم تەنکتر لە کتانان
بەری لە سۆر گورێ پشتی لە رەشە رەحانان
نوشتەکت لە بۆ دەکەم دووربی لە چاوو زمانان
تاوەگەرد ئازیزم وەگەرد
ماڵەکە خۆش کرد لوتەوانە زەرد
یارێکم گرتووە وەك جام ئەنوێنێ

بەیاری کۆنەم وەرەم هەڵێنێ
یارێکم گرتووە تەڕو نازەو نۆ
قوڕ ئەدەم وەبان هەردوو دیدەی تۆ

*

کچ دبێژیت: عەفرەك هاتوییٚ پرتی پرتی
ئەو نێرگزە خوناڤ گرتی
رۆژیٚ سیٚ جارا ب خلامی وان دەستا بم
ئەویٚ تە قەلەم و دەفتەر پیٚ هەڵگرتی
کوڕ بێژیت: ئەز ل ڤان گرا ، تو ل وان گڕا
ئەزیٚ دەستیٚ تە بگرنم بەمە ناڤ ماڵێت هۆگرا
ئەگەر خودیٚ مرادا مەحاسل نەکر
ئەزدێبێژمە تە خوشکیٚ توو بێژی تە چیە برا ؟!
کچ دبێژی: ئەز ل مازی توو ل مازی
ئەز دکەم هاوار توو بکە گازی
ئەز دیٚ هەڕم نك مەلای
توو هەڕە نك قازی
بابیٚ من دل کافرە دیٚ مالی تەخازی
کوردبێژیت: چیات بلند زییٚ دار نابن
گەلی کیرن ییٚ تاڤ نابن
کچێت چاردەسالی ل مال باییٚ
بیٚ هەڤال نابن

| کـــوڕ | کـــچ |
|---|---|
| هەخارە خارە خارە | کوڕە بڕۆ لاچۆ |
| خاری رەش لە روومەتی | کوڕی مام خدری پاچۆ |
| توخوا ئاوڕم لێبدەرەوە | ئەتوو چیت لەمن داوە |
| وەختە دڵم بتەقی | وەك کوڕەکەی مام کاوە |
| رۆنیت چەندە جوانە | چەند ساران بەدوام وێڵ بوو |
| کارمامزی یاخود دەقەتیٚ | ئاخر رەنجەڕۆ گێل بوو |

چەند نوشتیانت لێ بکەم
لە کن مەلایێ و فەقێ
ئەتوو ئەمنت خۆش بووێ
دڵت لە دڵم بچەقێ
خۆت لە بەژنێ وەرینم
هەموو گیانم بلەقێ
رووومەتێ تێر تێر ماچکەم
خوستی نەکەم نەتەقێ
ئەو هەرە دەڵێم خوایە
جا بمرم بچمە حەقێ

هەمنی تاووس وەك پەری
کراس گوڵ گوڵ عەرعەری
بەژن وەك ئیسپیینداری
وەك شاکەی لە رووباری
چەند سارە دانراوم
من لە بۆ کوڕە خاری
کوڕە خاری من هەیە
بەژن وەك شمشاری
چۆن من شوو بەتۆ بکەم
جاڵێم زوێربی خاری

شەست و چوارخان دادەنێن
پیرەکان تێی دەئاڵێن
سی و دوو بەردی بۆ دێنن
تیایدا دای ئەمەزرێنن
شانزەی سپی شانزەی رەش
ئەم سی و دووە بەدوو بەش
ئەم بەر ئەم بەر ئەوبەر
هێرش دەبەن بەرەوسەر
گەر هەڵکەوێ یاری باش
داشێ دەنێن بەسێ داش
جار جار پێنج پێنج دەدەن بێ سێیان
بۆ ئەوەی سەرکەونە بان
گەر داشێ سەرکەوتەبان
دەبێ بە ئاغەو سوڵتان
هەر داشێکی رووی تێکرد

دەپێکی بە دەست و برد
بەمجۆرە ئەوەی پێشی
ئیتر نامێنیٚ کێشی
زۆر زوو بەزوو دەدۆڕیٚ
ئەگەر بێت و بشتۆریٚ
*

بۆتان باس دەکەم کەرەستەی شەغرە
چوار تەختەی ڕێك لە شەپکە شەغرە
هەردوو لە لایەك بۆی دانراوە
بەپەلە شەغرە لەیەك بەستراوە
سەری هەر چواران لە گڕ گڕەیە
بنی ناوەندی پەلە شەغرەیە
ناوەندی گوریس لە گڕگرەیە
ئەم گوریسەش گوریس شەغرەیە
لەم دیو لەودیو دوو زەنگوڵەیە

دوو داری چەماو ناوی قادەیە
لە پێچە بەستراوە بەو بەن قادەیە
قادە زەنگولە تێکهەڵبکێشە
هەتا نەکەوێت باوەشی قڕشە
هێستر تەپان کەو بینە رابگرە
شەغرەیەکی باش قڕش دابگرە
پەرێز جیٚ بیٚ لەوەڕێی گوندی بگرە
هەتا جۆخینان هێستر رامەگرە
*

با بکەم باسی مەڕ لەکەلە بەردان
چیەو چۆن دەکریٚ لەلای مەڕداران
لەهەموو سالٚیٚ وەختی بەهاران
ئەکەن تەکبیری مەڕ کەلەبەردان
حەوشەبانێکی زلٚ و تەنگەبەر
تەرخانی دەکەن لەبۆ کەلەبەر
دارێکی دوو لق دا ئەکوتن لە عەرد
قایمی دەکەن بەقوڕو بەرد
بەینی کەلەبەر وەکو کۆلٚانە
لێی تێپەڕ ئەبیٚ مەڕی ئەو شوانە
جامێکی سوور ئەخەنە بانی
تەقەلٚدوری ئەکەن بەوردی و بەجوانی
ئەڕوا لە پێشی شوانی دەشت و دەر
گەلیٚ لیٚ ئەکات بۆ ژێر کەلەبەر
بەخڕەی قووتی و زەنگەلەی مل بەران
شوانە ئەیهێنیٚ بۆ کەلەبەردان

سیٚ خول بە دەوری ئەو تەنگەبەرە
ئەسوڕێتەوە ڕانی بەو جۆرە
دەرچوو ڕانەکە لەکەلەبەردان
شوانە بەمکارە ئەبیٚ شادومان
بەواتە مەڕی بەڕەونەق بووە
لە وەڕاندی گەلیٚ باش بووە
بەمجۆرە هەموو تەقەی بۆ دەکەن
بەچەپلٚەو هەرا زوو بەڕێی دەکەن

بەڵام ئەو ڕانەکەوا دەرنەچێ
شوانە بەمکارە ئەبێ دڵگران
بۆ چوونی لای مەڕ ئەبێ پەشیمان
بەواتەڕانی زۆربەی ڕەونەقە
کەلەوەڕاندن گەلێ دڵڕەقە
ئەمە باسێکی فۆلکلۆرییە
پشتاوپشت ماوە بۆ یادگارییە
*
یەکەم شەو هیلاک و لاڵ و پاڵ کەوتن
هەرکەس لەسووچێ بۆخۆمان خەوتین
بۆ شەوی دوایی بۆ بەخێرهاتن
خاوەن ماڵەکە هەموویان هاتن
ئادەی چا لێنێ ئاوی سارد بێنە
ئەوانیش ئەڵێن ئەرك مەبینە
وتیان: درەنگە ماڵتان ئاوابێ
کچتان بەبووك و کوڕتان بە زاوابێ

هێندەمان خۆش بوو تا حەوتەمان چوو
بۆڵەو خوتەخوت زوو بەینمان تێکچوو
وتیان: وەڵایی بمانزانیایە
ئەم هۆدەیەمان بەکرێ نەدایە
گلۆپەکانتان هەتا نیوەشەو
ئەبریسکێنەوە هەروەك مانگەشەو
ئەرکتان زۆرەو ئاو زۆر کارئەکەن
لەگەڵ هەموو کەس ئێوە شەڕ ئەکەن

هەتاکوو زووە شوێنێ پەیاکەن
کرێش بۆخۆتان ماڵەکە بارکەن
بەڵێ ئەمجارەش ماڵم پێچاوە
دڵەی زامدارم هەر نەحەسایەوە
تۆبڵێی رزگالایین لەم هاتوچۆیە
لەم دەست کوورتیە، لەم نانی جۆیە
تۆبڵێی رۆژێ خاوەن لانەبین؟
تۆ بڵێی تا مردن هەر ئاوارە بین ؟

*

من وەکو دایکێك بۆت ئەخەملێنم
کوڕ قەراریدا کە ژن ئەهێنم
سەرت نەبەشێ ژن دۆزرایەوە
لە پاش ماوەیەك بۆی گوێزرایەوە
زۆر ڕێك و پێك بوون ئەم خەسو و بووکە
ماشاللە لە خوا چەند ڕوحیان سووکە
هیچیان لە قسەی هیچیان دەرناچێ
نەك دەزوو موویان بەبەینیا ناچێ
سەیرە بووکی جوان دەربەدەر نەبێ
زۆر بەداخەوە هەتا سەرنەبێ

*

خەسوو: سوێندم پێ مەخۆ بەژنت نابێ
بۆت بەجێدێڵم ئەمە وانابێ
کوڕ: کوڕ پاڕایەوە وتی: دایە گیان
وەرە خوارەوە لەکەلی شەیتان
خەسوو: ئا دڵت خۆشەوزات لێدێنم

بەخوا ئەم ژنەت بۆ ئەخنکێنم
ئەو جیلە نەما سەدەی بیستەمە
هەتا یەك گرن هێشتا هەر کەمە

*

کچەکەم منداڵە ئامۆژگارییە
بەشەوو بەرۆژ ئاگادارییە
وەختی شووی نەبوو کچم منداڵە
نەمهێشتووە بکات ئیشی ئەو ماڵە
زۆر کەس داوایکرد بەماڵ و دراو
هەرچی من ئەمووت ئەیخستە سەرچاو
ئەر ئەمووت نابێ ئیشی وانابێ
جاربەجار ئەمووت خۆی رازی نابێ
وەکو پێم ووتیت تۆش ئاگات لێبێ
بۆ یەکتر بژین ناحەزتان کوێر بێ
بەخوا چاوەکەم لە کوڕم زیاتری
لە هەموو کەس بۆمن چاکتری
دەسنوێژم ناشکێ لەدەستی جوانت
زاوای شیرینم ببم بە قوربانت
بەهەزار پەرتووك بۆم تەواو نابێ
شەومان درەنگ کرد ماڵتان ئاوابێ

*

کۆتری لە سەر قەراتێ
هەموو دەستەدوعاین
لۆ سەرفترەو زەکاتێ

دوورە دەستم ناگاتێ
بێت و دوو ماچم دەداتێ
بابی دەردەکی گاتێ

مەلای بەدەنگ نەگاتێ
لۆچم کیژێ ناداتێ
مەمك سێو و پرتەقار
نەمرم دەتهینم ئەوسار
بەرامبەر بە حوجرێیە
خوشكی لە ئامێزێیە
خوایە بیکەی بە نسیبم
بیگوشم ئەو جووتە بێیە
هاتم لەسەر دەرانێ
گوللە دێن وەك بارانێ
ئەو شەو قیتێ دەفڕێنم
ئەیبەمە بالیسانێ
هاتم لەلای خەتێیە
کیژی جوانی زۆر لێیە
گۆتم بینەو ماچتکەم
تەنەکەی ئاوێی وێیە
هاتم لە بارو کاوێ
دوو کیژ هاتنە سەر ئاوێ
ئیشارەتم لۆ کردن
چوونە مارێ پێناوێ
چووم هەردووکم ماچ کردن
گۆتیان بەرتیلن ناوێ
چیوەو چیوەو بالیسان
خۆشیان کردیە کوردستان
چیوێ بەدیعم خۆشە
لێیتی مەقەڕی کیژان
هاتم لەلای بالیسان
بەندم لۆ هاتن دیسان
لە سەر بەژنێ باریکت
کرد شەڕی عرووسان
گۆتم بینەو ماچتکەم
روومەت کروکێ نیسان
بلەو بلەو دەرگەڵە
لەو کچەتیمێ خڕکەرە
هێ کچێ دەلۆمەم مەکە
دەستم فێرە باغەرە
هەناری لەناو ڕەزی
بای لێدەدا دەلەرزی
لەرێی کانێی گەیشتمێ
گۆزەم پێدانا عەرزی
ماچەکەم لە کوڵمەی
کرد ئەی هاوار لێوم تەزی

*

بێوەژن یەکن
حەزیان لێمەکە
بەدوو قسەی خۆش

خۆی مارە دەکا
شەویٚ چوویە کنی
نسعەتت ئەکا
دوورۆژی پیٚ ناچیٚ
عاشات لیٚدەکا

*

سڵاو ئەی جووتیار ئەی مەچەك ماندوو
ئیٚستا ژیان چۆنە لەگەڵ رابردوو
برا مەپرسە ژیان بیٚوەی بوو
جووتیٚ گای رەشی زۆر چاکم هەبوو

جووتم پیٚدەکرد هەتا ئیٚواریٚ
ئینجا لەپاشان دەچووم بۆ ماریٚ
شلە داندۆکی لیٚیدانا کابان
سەری زەرد دەکرد بەرۆونی میوان
وەهام ئەزانی هەر خۆمم تەنیا
کەس نییە دەستیٚ لەدەستمبدا
وەرزی زستانیٚ ئەوەبوو کارم
ئینجا چاوەڕیٚی وەرزی بەهارم
سەرێکم دەدا جا لە گەنمی شین
ئاخۆ چۆن دەبیٚ لەکاتی هاوین
دەستم دەهیٚنا بە ئالوبژی
نەوەك دڕکودالٚ تەلیٚك بکوژی
کاتیٚك پیٚگەیی گەنم و جۆ تەواو
ئینجا لەیەکتر ئەکەن چاوەڕاو

چی زیادەبێ یاخود دەستەوا
بۆ یەکتر دەیکەن بێ فەرق و جودا
هاوین بەمجۆرە خواحافیزی کرد
نانی زستانم تەواو لێ هەڵگرت
جا سەرما گەیی بەفرە هەڤالی
جلی لە هەژار ئازا داماڵی
منیش جێگەرم بێ خەبەر لەدەرد
بەرهەمی هاوین کردمی مەرد
*

__تێبینی:__

لە کاتی خۆیدا لە هۆڵەندا نامیلکەی لاوك و حەیران- لێکۆڵینەوە لەساڵی ١٩٩٧ سەد دانەم چاپکردبوو، هەروەها هۆنراوەکانیش بەشێکن لە هۆنراوەکانی کتێب بەرنامەی لەکەلەپوورەوە کە لە هۆڵەندا لە ساڵی ٢٠٠ سەد دانەم چاپکردبوو ، ئێستەیش برایانی سەنتەری بەهرە بە پەسەندیان زانی بەم شێوەیە ئەو دوو بەشەی چاپ بکەن، سوپاسیان دەکەم .

# سێ بابەتی بڵاوکراوە

# لە دەرەوەی کۆبەرهەمدا

# شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و رەنگدانەوەی لە هونەری میللی کوردیدا

## دەروازە :

دوا بە دوای ئەوە کە (عوروبچیەکان) لە رێگای رۆژنامەی (**الثورة**)ی ، ساڵی ١٩٦٠ داوای توانەوەی میللەتی کوردیان دەکرد .. پارتی و سەرۆك بارزانی مەردانە بەرانگاری ئەو داوا گڵاوە بوونەوە ، بەڵام ئەو دەروون نەخۆشانە بەمەیش رانەوەستان بەڵکو مێشکی رەحمەتی (عبدالکریم قاسم) دژ بە بارزانی و کورد بە کینەو بوغز ئاودەداو تۆی دووبەرەکیان بڵاودەکردەوە .

سەرەڕای ئەوەیش سەردانی سەرۆك بارزانی لە ٥ / تشرینی دووەمی / ١٩٦٠ بۆ یەکێتی سۆڤیەت و پێشوازیکردنی لەلایەن (خرۆشۆفەوە) بوەتە هۆی زێدە نیگەرانی خوالێخۆشبوو عبدالکریم قاسم .. هەرچەندە بارزانی مستەفا بۆ چارەسەری گیروگرفت و دڵنیابوونی (زەعیم) لە ١٣ / کانوونی دووەمی / ١٩٦١ سەردانێکی بەغداو دیدەنی قاسمی کردوە ، بەڵام پلان و گومڕانکردنی خۆپەرستان لە ناخی عبدالکریم قاسم دژ بە سەرۆك بارزانی پەنگی داوەتەوە !

کاتێ بارزانی گەیشتە ئەو قەناعەتە کە سەرەداوی چاکبوونەوە لە نێوان (خۆی و کورد) لەلایەك ، زەعیمش لەلایەکی دیکە نادۆزرێتەوە .. بۆیە لە سەرەتای ئاداری ١٩٦١ بۆ یەکجارەکی بەغدای جێهێشتوەو گەڕاوەتەوە (بارزان)و دەستی

کردە کڕینی چەکو خۆئامادەکردن ، هەرچەندە کۆمیتەی ناوەندی پارتی لە تەمووزی ١٩٦١ نوێنەری ناردۆتە لای جەنابی بارزانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە نوێیە ، هەرچەندە بارزانی ئەمر ئەوکاتی بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش بەگونجاو نەزانیوە .. بەڵام بارودۆخ بەرەو خراپتر دەچوو ، ئەوەبوو لە رۆژی دووشەممە رێکەوتی ١١ / ئەیلوول / ١٩٦١ بڵێسەی ئاگری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە سەرۆکایەتی سەرکردەی هەمیشەیی نەتەوەکەمان بارزانی مستەفا هەڵگیرسا ...

دوورنیە هێندێك کەسانی سیاسی و رۆشنبیری کورد سەرهەڵدانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی کوردیان لەوکاتدا (١١ / ئەیلوول / ١٩٦١) بەناکاو زانیبێ یان بە ناکامی لە قەڵەم دابێ ! بەڵام بەمەزندەو بۆچوونی هێندێکیش : هیچ مەفەڕێکی دیکە لە دەست پارتی و سەرۆك بارزانیدا نەبوە بۆ پەرچدانەوەی داوا ناڕەواکان و پلانە گڵاوەکانی خۆهەڵپەرستەکانی دەوروبەری زەعیم قاسم .

ئەگەر بەووردی سەیری ئەو جموجۆلیەی میری لە کوردستاندا بکەین وەك دابەشکردنی چەك لەسەر هۆزو خێلەکانی نزیك بارزان و فەرماندانی خۆگورجکردنی سوپای عێراق .. هەمووی دەلالەتی سەرکووتکردنی کوردی تێدا بەدیدەکرا ! بەڵام هۆشیاری و پسپۆری بارزانی لەو مەیدانەدا هەردەم بوەتە هۆی نەهاتنەدی خۆزگەو ئاواتی دوژمنان .. بە مانایەکی تر بڕیاردانی مێژوویی سەرهەڵدانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەلایەن مەلا مستەفای بارزان تاکە رێگای حەتمیەتی بەرگریکردن بوە دژ بە سیاسەتی توانەوەو لەنێوبردنی میللەتی کورد .

## ئەدەب و هونەری میللی وفۆلکلۆری

جگە لە هونەرمەندان و رۆشنبیرانی کورد .. خەڵکێکی زۆر تا ئێستا جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەدەب وهونەری میللی و فۆلکلۆر ناکەن ، ئەگەر هەموو ئەدەب و هونەری سەرزاریی نەتەوەکەمان لە لاوك ، حەیران ، بەیت ، پەندی پێشینان ، سەرگوزشتە ، قسەی نەستەق ، داستان .. لەلایەن خەمخۆرانی میللەتەکەمان بنوسرێنەوە یان نۆتە بکرێ و لە فەوتان رزگار بکرێن بێ سێودوو دەکەوێتە خانەی فۆلکلۆر چونکە خاوەنی ئەو بەرهەمانە نەناسراون بۆیە بە موڵکی میللەت لە قەڵەم دەدرێ و رۆڵەکانی شانازی پێوەدەکەن و هەریەکە بۆی هەیە مامەڵەی دەگەڵ بکات ، جا ئەو مامەڵەکردنە ناوچەیی بێ یان فراوانتر .

جاریوایش هەیە ئەدەبی میللی قۆناغێك بەهۆی ئەو بارودۆخەی هەمیشە نالەبارەی کوردو کوردستان دەدرێتە پاڵ فۆلکلۆر یان بە پێچەوانە ، بەڵام پسپۆرانی لێهاتوی ئەو مەیدانە بەرفراوانە زۆرجار لێکیان (دانوئاوێر) دەکەن و هەریەکەی بەرەو رێچکەو بەراوی خۆی دەگەڕێننەوە .. جاریش هەیە جویکرنەوەیان گەلێ ئەستەمە ! هەندێ جاریش فۆلکلۆرو مێژوو پاڵوەیەك دەدەن هێندەی داوەمووێك لێك ناترازێن .

ئەدەب و هونەری میللیش کە وەك نەتەوە شانازی پێوەدەکەین و لەچاو میللەتانی دیکەی جیهان جۆخینێکی گەورەو دیارمان هەیە ، کەچی بەداخەوە تا ئێستا بۆمان نەلواوە لێکۆلینەوەو دیراسەی لەسەر بکرێ .. کە ئەوەیش دەگەڕێتەوە سەر ئەو بارودۆخەی میللەتەکەمانی تێدا دەژی یان تێدەپەڕی .

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو سەربردەو داستانانەی فۆلکۆری کورد .. گەلێ لایەنی حەشاردراوی مێژوویی میللەتەکەمانی لەبەر دەنوسرێتەوە چونکە تا ئێستا کورد نەیتوانیوە مێژووی خۆی بەدەست و زوبانی زکماکی بنوسێتەوە بۆیە هەر لە رێگای ئەم نوسینەوە بۆ جاری دووەم داوا لە مێژوونوسان و ئەو

بەڕێزانە دەکەم کە پەیوەندیان بەو لایەنەوە هەیە وەك میللەتی (فینلاند) با سوود لە داستان و بەیت و سەرگوزشتەکانی فۆلکلۆر وەرگرن بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد .. لەمەیشیان دڵنیاین کە هەموو سەربردەیەکی ژیان و بەسەرهاتی ئەم ناوچە هەردەم هەڵگیرساوە نەبۆتە وێردی سەرزاری شایەران و گۆیندەبێژان بەڵکو هەندێك لەو بەسەرهاتوو شەڕوشۆڕانە کە بوونەتە مایەی دڵسوتانی خەڵکی کوردستان و غەدرلێکردنی ئەموئەو لە میللەتەکەمان لەنێو دڵ ودەروونی کەسانێك پەنگی خواردۆتەوە ! پێویستە فۆلکۆرپەروەران هیممەتیان بۆ بکەن .

هەر ئەوجۆرە رووداوە دڵتەزێنانەی ناخو دەروونی خەڵکی کوردستان بوەتە (سۆێیکی حەفتلۆ) بۆیە بە ئاوازێکی بەسۆزو غەریبی یان سەرسامبوونی شەڕی پێکدادان و ماڵوێرانی لەلایەن شایەران درکاندراوەو گوێچکەی گوێگرانی دیوەخانەو پاوانو ئاقاری کوردستانی پیێ زرنگاوەتەوە تا گەیشتۆتە نەوەی ئێستاکیێ و زقزی زقزی ، ئێمەیش هەر گویێ بیست دەبین و شانازیشی پێوەدەکەین و زۆرجاریش فرمێسکی حەژمەت دەڕژێنین !

## سەرەتای رەنگدانەوە

هەر لەو رۆژەی دەنگ وباسی بەرپابوونی شۆڕش لە رێگای رێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتە نێو خەڵکی کوردەواری لەچوارچێوەی کوردستاندا دەنگی دایەوە .. خەڵکان بە تایبەتی جحێڵەکان بە پەرۆشەوە بەرەوپیری چوون و دەنگی تەقینەوەی گوللە تفەنگی قۆنداخ بەگریێ و کوچکچاپ و جامبێزار ئۆقرەی لە سوپای داگیرکەر هەڵگرتبوو ، ئەو دۆڵو چیا سەرکەشانەی کوردستانیش لە دوژمنان بیوونە (لەمەچێتر)و زراوی پۆستاڵ رەشانی رژاندبوو .

ئەو خەڵکە لێکرا خۆی لە دەوروبەری شۆڕشو سەرکردە بە وەفاکەی لوولدا بوو، جگە لە ئەندام و لایانگیرانی رێکخستنی پارتی .. خەڵکی نێو شاروگوند

بەو پەڕی سەربەرزیەوە دەستی یارمەتی و کۆمەککردنی بۆ شۆڕش درێژ دەکرد بە تایبەتی دێهاتی کوردستان بنکەی شۆڕشگێڕی پێشمەرگەی کوردستان بوو ، هەر بۆیە لەم دواییەدا رژێمی بەعس هەموو توانایەکی خۆی بەکارهێنا بۆ خاپوورکردنی پێنج هەزار گوندی کوردستان بەمەیان توانی گەورەترین بنکەی شۆڕشگێڕی کورد لەنێو ببا و ئاستەنگ لەنێوان کۆمەڵگای کوردەواری و شۆڕشی رزگاریخوازی کورد دروست بکات ، بەڵام ئیرادەی میللەتان هەردەم لە زەبروزۆرداری رژێمی میللەت نەویست بەهێزترە .

هەر لە سەرەتای پێکدادانی هێزی رژێمو سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان دارودەستەی دەوڵەت گەیشتە ئەوە کە هەڵوکانی بارزانی بەو پیاوە ناپووتانەی لەمەڕ خۆیان دڕ نادرێن بۆیە بیریان لە تۆی دووبەرەکی میللەتی کوردیان کردەوە ، ئەوەبوو لە رێگای هەڵوێست لەرزۆکانی کورد چەکو جبەخانەیەکی زۆریان لەسەر دابەشکراو ئاگری دووبەرەکیان لەنێوان هاودەنگو هاوخەمان بەزێدە هەڵگیرساند .. ئەگەر چاوێك بە مێژووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بخشێنین هەست بەوە دەکەین کە رژێم بە هیچ شێوەیەك نەیتوانیوە سەرکەوتن لەبەرەی شەڕ وەدەست بێنێ جگە لەو سەنگەرانە کە پاڵپشتو رێنیشاندەرەکانیان کوردی خۆفرۆش بوە ! هەر بۆیە ئەم لایەنە (واتە بەکرێگرتنی خۆفرۆشان لەلایەن رژێمانی یەك لەدوا یەکی عێراق) کارێکی کاریگەری لەسەر مێژووی سیاسی و عەسکەری شۆڕشەکانی کورد هەبوە .

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئومێدو ئاواتی هەموو کوردی کوردستانی گەورە بوو بۆیە بە چاوێکی پڕ لە رێزو حورمەتەوە سەیر دەکرا ، هەر نوشستەیەکی شۆڕش بە نووشستی کۆمەڵگای کوردەواری لە قەڵەم دەدرا ، بە مەزندەو ئاگاداری ئێمە بۆردومانی کوردستان لەلایەن فڕۆکەی شەڕکەری سوپای عێراق و کوشتنی پێشمەرگەی ناوداری کوردستان (محمود کاوانی) لە ٢٠ / ئابی / ١٩٦٢ – ئاقوبان – بە هەوەل رەنگدانەوەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە هونەری میللی کوردیدا دەژمێردرێ کە شایەر دەڵێ :

**فەرمانە سەدجاران بەمن فەرمانە .**
**رەبی خودێ خرابکا مالێ بابی کەلحێ رێکانی .. لۆ صدیق میرانە .**
**ئەورۆ لەمن بوونە سەرێ سەبەبکاری عامی کوردانە .**
**بەرێ ئەویدیکە حمدامین میرخانە .. وەکی لەمە بریندارکرا لە مستەشفایێ موسرێ دەبابۆ قەومی رێکانیان دا بەر دەمانچانە .**

**دەنگۆ نزانن تاقمێ محمود کاوانی دەبابۆ شەمڕا وا لەسەر کانیی دەبەحرێیە .**
**دەنگۆ نزانن ئەورۆ جوتێ تەیارێ مێکی لەمن هەرستان خائینی جەمبورەتێ لاسلکی وێیە .**
**بەرێ حەیفێ من دەمینێ ئەورۆ محمود کاوانی دەهاتە کوشتنێ بابۆ لەسەر کانیێ .. ناوەڵلا لەبن وێ گیزێیە .**

*** میرانیان دەکوشت مار بەبێ خودانی**
**کێ میرانی کوشت محمود کاوانی**
**کێ سەورەی هەرکرد شێخی بارزانی**

ئێمە لەوەیش دڵنیاین کە چەندین هەزار شۆڕەسواری کورد لە مەیدانی سەرفرازی کوردستاندا خۆیان کردۆتە قوربان ، بەڵام هەروەکو لە سەرەتادا باسی ئەوەمان کرد کە هێندێك رووداوو کارەساتی زێدە دڵتەزێن لەلایەن خەڵکی کوردەواری دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی ناسورێکی ژاندار .. ئەمەیشیان ئەوە ناگەینێ کە ئەوانەی نێویان نەکەوتۆتە نێو لاوکو حەیران و لاوژەی کوردەواری لە پلەی خۆبەختکردنیاندا کەم دەبێتەوە .. نەخێر ، بۆ بەڵگەیش

ئەو نموونە کۆنە دەخەینە روو :
ئەگەر سەیری لاپەڕەکانی مێژووی کورد بکەن بۆمان دەردەکەوێ کە چەندان میرو بەگلەرو فەرمانڕەوای ئیمارەتەکانی کوردو پیاوماقوڵان وناودارانی کورد لە رێگای کوردایەتی یان مولکی کوردان فەوتاوە یان فەوتێنراوە ، کەچی ژمارەیەکی زۆر کەم بوونەتە هەوێنی سۆزی گۆیندەبێژانی کوردەواری .. ئەگەر لەنێوبردنی سلێمان بەگی شاقوڵی بەگ بە پلان و دەسیسەی نەیاران نەبوایە کە بوو بەهۆی ئەوە لەلایەن والیی بەغدا ژەهرخوارد بکرێ و ئەو تراژیدیایەی بەخۆوە نەدەبینی ! ئەگەر پیلانی لەنێوبردنی شۆڕمحمود لەلایەن مامەی سازنەکرابوایە .. بۆ ئەوەی مەرزن گیانی کچی نەداتێ ، وەکو سەدان دڵدارانی دیکە شوێنەواریان ون دەبوو ، بەڵام هەندێ نەریتی دوور لە مرۆڤایەتی دەبێتە هۆی چەسپاندن و تۆمارکردنی ئەوجۆرە رووداوانە لەنێو دەروونی کۆمەڵگا .
لەنێو میللەتانی دیکەیش ئەمجۆرە نموونان هەیە وەك (ابوزید الهلالی)و (لیلی ومجنون) لەنێو عەرەبداو تراژیدیای شەهیدبوونی ئیمام حسێن لەمێژووی ئیسلامدا ، رۆمیۆوجولێد لە ئینگلستان و (ئەصلوکەرەم) لە ئەدەبی تورکمانداو چەندانی تریش .
دوا بە دوای ئەوە .. شەڕە بەناوبانگەکەی چیای سەفین لەنێو هونەری میللیدا باڵەفڕکێ دەکاو لەسەر داواکردنی ئامر هێزو بەتالیۆنەکان سوپای شۆڕگێڕی کوردستان سەرۆکی کوردان بارزانی مستەفا فەرمانی بەرپەرچدانەوەی هێرشکراوان دەداو تین لەخۆفرۆشان دەدا بۆ ئەوەی واز لە پاڵپشتکردنی رژێم بێنن و لوولەی تفەنگیان بەرەو سینگی دوژمنانی کورد راگرن ، بەڵام ملهوڕیان لەراست بانگەوازی بارزانی دەبێتە مایەی سەرشۆڕی و کوشتارێکی زۆرو لە ئەنجامدا پاککردنەوەی سەفینەشێتی خۆشناوان لە دەست نەیارانی کوردو بارزانی .
دوا نموونەی ئەو سەرەتایەمان بەو لاپەڕە دڕندەی شێخ حەنەشی دراوسێی کورد کە هەردەم لەلایەن خەڵکی کوردەواری رێزوحورمەتی تایبەتی خۆی وەك

هـۆزێکی کۆنـە دراوسـێی دەشـتی هـەولێر هـەبوە ، کەچـی دوور لـە نـەریتی ڕەسـەنی عـەرەب و ئیسلام دراوسـێیاتی دەخاتـە پـشتگوێ ، ئـەو ناوچـەیەی کەوتۆتـە لێـواری زێـی بادینـان لـە بـەکرێگیراوان دەتـەنی و مـاوە مـاوە وەك تیرەمـارێکی بـێ ئیجـازە دەکەوێتـە گیـانی ئـەو پێشمەرگانەی هێـزی دەشـتی هــەولێر .. ئەوەتــە گویندەبێــژ لــەدوا پــەلاماردانی بــۆ ســەر پێــشمەرگەی شۆڕشگێڕی کوردستاندا دەڵێ :

**ئەمن دەرێم بەویێ سبیانێ بە دەشتێ هەولێرێ داکەتم لەمن بە دوکانە .**
**دەوجا دیسان شێخ حەنەشی دەیگۆ کوڕێ من حومادی ئەوڕۆ لە رکی فەتتاح ئاغای هەرکی بەویێ سبیانێ دەرێم شەڕەکی دەکەم لەگەر کوردانە.**
**ئەوجا دەرێم بابە ئەوەتانە شەڕیان هێخستەوە دەشتێ شەمامکێ ، زەویێ کانی وەکازەیێ خۆمان .. کلکەیێ میجانی .. زەویێ عارەبکوژان .. ئاقاری میلی ئۆردی .. سەروسەرییێ کەندێناوێ .. گردی کراوڕەشی .. ئاقاری سێ ساری .**
**ئەرێ مارویران بەویێ سبیانێ دەیانکوشت تایەرو ئەنوەر هەردوکیان برانە .**
**لەمن فەرمانە ..**
**ئەوە کاغەزەك هاتیە لە بۆ ئامر بەتالیۆن و ئامر هێزانە .**
**دەنگۆ رابن بۆسەکی دابنێن لە کەندی بنبێرزی .. لەبەری چەمی عەلیاغا ..لە گردی فنجانی لە بۆ مە بکوژن شێخ حەنەش شێخی تەیانە .***
**ئەمان بۆسەکیان دادەنا لەبەری چەمی عەلیاغا .. لەگردی فنجانی .. لەکەندی بنبێرزی .. برا دەیانکوشت شێخ حەنەش شێخی تەیانە .**
**ئاگریان بەردایێ لەگەر بەرمیلی نەفتی دوکەری رۆیی لۆبەری ئاسمانە .**
**دەیانگۆت ئەوە خینی دوو مێرو سێ مێری تەلەرخێمانە .**

دڵنیام لە شوێنەکانی تری کوردستان گەلێ کارەساتی وەك ئەمانە روویداوە ، هەروەها لە گۆرانی هەمەجۆری میللی کورد رەنگیداوەتەوە بەڵام من درکم پێ نەکردوە بۆیە داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەم ئەگەر تووشی هەڵەیەکی نائەنقەست بووبم .

## دووەم قۆناغی رەنگدانەوە

ئەو قۆناغە ترسناکەی مێژووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەجۆرێکی سەرسوڕێنەر کاری کردۆتە نەك هونەری میللی کورد بەڵکو خودی کیانی نەتەوەکەمان چونکە رژێمی عێراق توانی بە فراوانی تۆی دووبەرەکی لەنێو میللەتی کورد بڵاوبکاتەوە تا گەیشتە ئەو رادە کە ئەو ماوەیە نێوبنێین (براکوژی) جا زامێك بێ لە گیانی میللەت بێت و بە دەستی کوردە حەیاتەکە خۆی بێت چۆن بەزێدەیی رەنگ ناداتەوە ؟ دەتوانین کارەساتی ئەشکەفتی (خۆرتودەککا) لە ناوچەی ئاکرێ کە (٧٢) ئافرەت و منداڵو پیرەمێردی تێدا سوتێنرا !! کە بە گەورەترین مۆری نامرۆڤی دوژمنانی کورد لەو سەردەمەدا دەژمێردرێ و لەنێو لاوکی کۆچکودیوانا کوردەواریدا شوێنی خۆی گرتوە ، هەتا دونیا ماوە ئەو کارە نامرۆڤییەی دوژمنان دەبێتە میدالی نامرۆڤی سەرسینگیان و مێژووی برایەتی و دراوسێیی لەراست ئەو کارە نائەموارە هەردەم شەرمەزارە !!

ئەگەر بە وردی مەسحێکی چوارچێوەی کوردستان بکەین دڵنیام بە نوسینێك و دووان کۆتایی نایە ، بەڵام وا دەردەکەوێ هەر ئەو بەرهەمە میللیانەی دەوروبەری دەشتی هەولێر کەوتۆتە ژێر دەستم ، ئەوەتە شەڕی (دەشتی هەولێر) لەلایەن حەسەن حەیرانی پێشمەرگە بوەتە داستانێکی جەرگبڕ یان شەڕی (ماستاوە) هەروەها شەهیدبوونی (علی تەکتریۆف) لەنێوان (قوشتەپە)و (پردێ)و چەندانی تر .

دوا نموونەی ئەو قۆناغە بە لاوکی شەڕی (شاخۆلان) کۆتایی پێدێنم چونکە مێژووی رووداننەکە نزیکەو لە هەموو سەربردەکانی دیکە دڵتەزێن ترەو لایەنەکانی هێزی شەڕکەر یەکسان نەبوە بەڵکو زۆربەی هێزی سوپای ئۆردی هەولێرو سەدان خۆفرۆشی کورد بە پاڵپشتی تانکو فڕۆکەی هێلیکۆپتەر دژ بە دوو پێشمەرگەی قارەمان لەکاتی هاتنەوەیان بۆ سەرەدانی ماڵومنداڵیان .

ئەو کارەساتە لە ناوچەی (بەڕانەتی) لە گوندی (شاخۆلان) روویداوە ، ئەو هێزە دڕندە گەمارۆی گوندەکە دەدەن و هێرش دەکەنە سەر ئەو خانووبەرە کە ئەو دوو پێشمەرگانە لەناودا خۆیان حەشاردابوو بەلام بەرەنگاربوونی ئەو دوو نەبەردە دژ بەو هێزە دەبێتە مایەی ئەوە کە دوژمنان بکەونە پیلاندانان .. بۆیە چەند حاجی و مەلاو ریش سپیی گوند دەنێرنە لای پێشمەرگەکان بۆ ئەوەی خۆیان بدەنە دەست .. بەلام ئەو دوو قارەمانە تا دوا فیشەك سەر بۆ تەڵکەبازی دوژمنان دانانێن و لەبەرگریکردندا بەردەوام دەبن! هێشتا نەیاران دڵنیا نابن بۆیە بە تانگی زنجیرکراو خانوبەرەکە بەسەر ئەو دوو نەمرانە دەڕوخێنن و تەرمی پیرۆزیان بە راکێشراوی بەرەو ئۆردی هەولێر دەبەن !!!!!!

**وایلۆ وایلۆ بەرێ حەیفێ من دەمینێ رێگا قوەتێ جمبورەتێ دەگەنە وەرچار گوندان بابۆ شەمڕا غەریب ناوەللا کاولێ شاخۆرانە .**
**بەری دەوروبەری سپێدێ سەحەرا لە قوەتێ جمبورەتێ راست دێتن جووتێ پێشمەرگانە .**
**بەری دەوڕۆ خەلیلی دگۆ کوڕۆ سەید فەتحی توو وەرە سوندی بخۆ بە قورئانێ  منێ سوندی دەخۆم بە تەلاقێ .. بەرێ ئێمە خۆ تەسمیل ناکەینە وەچەنگێوان خائینانە .**

بەڵێ .. کەس نیە نەمرێ ، بەلام ئەوجۆرە مردنە هەردەم نەمری و شانازی

رۆڵـەکانی بـارزانی و کوردسـتانن .. شۆڕشـێك بـیٚ ئـەوجۆرە نەبەزانـەی هـەبێو سەرکردەکەیشی باوکی کورد بارزانی بێت چۆن مێژووی نەتـەوەی کـورد هـەتا هەتایە شانازی بەو شۆڕشەو سەرکردەو رۆڵـەکانی ناکات ؟ بۆیـە بە یەقینـەوە دەڵـێم : هـەتا کـورد مـاوە شـۆڕش بـەرپا بکـات مەحاڵـە ئـەو شۆڕشـە رەگـی لـە شۆڕشـی مـەزنی ئـەیلوول دەبێـت ، هەرچـەندە شۆڕشـی کـورد لـق و پـۆی بـۆ دروسـتبیٚ .. ئـەیلوول بـە داکانـە شۆڕشـی کـورد دەژمێـردریٚ و شانازیەکەیـشی هەر بۆ بارزانی نەمرە .

کـیٚ هەیـە لـە ئێمـەمانان گوێـچکەی بـەم دروشمانـەی سـەرەتای سـەرهەڵدانی شۆڕش نەزنگابێتەوە ؟ کە دەمانگووت :

**بژی بابی لوقمانی**
**شەش خەریتەی لەشانی .**

**جوابەکی بدەنە ئیدریسی**
**کاغەزەکمان بۆ بنویسی**
**تەسمیل بکا بە رەئیسی .**

## سێیەم قۆناغی رەنگدانەوە

ئەو قۆناغە لەنێو هونەری میللیدا لەو رۆژەوە سەریهەڵداوە کە ناحـەزانی کـورد نەخشەی پیلانـی لـەنێوبردنی گیانی بـاوکی کـورد بارزانیـان کێشاوە تـا دەگاتـە نـسکۆهێنانی سـاڵی ١٩٧٥ ، بـەڵام دڕندایـەتی دوژمـن هـەردەم بوەتـە هـۆی کپکردنــی ئــەو دەنگــە رەســەنانەو پــەرژینێکی دڕکاویــان لــەنێوان کۆمــەڵگای کـوردەواری و شۆڕشـی رزگـاریخوازی کـورد دروسـت کردبـوو ، ئێـستایش لـە سایەی ئـەو بارودۆخـەی ئازادی و دیموکراتیـەو دەسـتوبازووی رۆڵـەکانی کـورد ئــەو تەمومــژەی ئاسمــانی کوردســتان پــەرتو بڵاوبۆتــەوە .. دوا رۆژی

میللەتەکەمان پڕوچڕی ئەو رەنگدانەوە بەخۆوە دەبینێ بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بە رابردووی نەتەوەکەیان شانازی بکەن و ببنە جێگری شوینەواری بابوباپیران.

## ئەنجامی باسەکە

هەرچەندە ئەمجۆرە نوسینانە بە سەرەتایەکی ئەو مەیدانە بەرفراوانە دادەنرێ و لە کەموکووری بەدەرنیە ، بەلاّم ئومێدەوارین لەدوارۆژدا پەرەبسێنێ و ببێتە گفتوگۆیەکی بە پێزی رۆشنبیران و فۆلکلۆرپەروەرانی کورد بۆ ئەوەی لەدوارۆژدا سودێکی بۆ مێژووی ئەدەبی و سیاسی نەتەوەکەمان هەبێ .. ئەم نوسینەش ئەوەمان بۆ دەردەخا کە شۆڕشی ئەیلول .. شۆڕشی هەموو کوردێکی جیهان بوەو لەناخی جەماوەری کوردستانی گەورە هەڵقوڵاوە بۆیە بە درێژایی سەرهەڵدان و نسکۆهێنانی لە ژیانی رۆڵەکانی رەنگی داوەتەوە ، بە هیچ جۆرێکیش نابێ لەیادی بکەین ، هۆی رەنگدانەوەو گیانی بە گیانی ئەیلوولو میللەت دەگەڕێتەوە بۆ کارامایی سەرکردەی هەمیشەیی کورد بارزانی نەمر ، ئەوەتە ئێستاکێ رێبازی بارزانی بە پاکترین و پووختەترین رێبازی کورایەتی لە مێژووی کورد دادەنرێ .

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

- بەرگی چوارەمی کتێبە بەنرخەکەی هێژا مسعود بارزانی .
- کاتێ مەڕوبەرخ لێکجیا دەکرێنەوە پێی دەڵێن : دانوئاوێر .
- قونێرێکی کوشندەیەو لە شوێنی هەستیاری مرۆڤ سەرهەڵدەدا .
- کاتێ هاوکارم تحسین دۆلەمەری بەرنامەی پەناهەندەکانی پێشکێش دەکرد ، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ خێزانی شەهید صبری نێرەویی دایکی هەڤاڵ عصمت ئەو پەیڤەی (زڤزی زڤزی)بۆ نەوەی نەوە ، پشت بە پشت ، زگاوزگ .. بەکارهێنا .
- هەموو نموونەکان لە نەواری محمد گۆران و حسن حەیران وەرگیراوە .
- بڕوانە نامیلکەی بەیتی ئایشەگوڵ ئەسعەد عەدۆ ١٩٨٣ .
- بڕوانە لیرەیەك لە گەنجینەی نەتەوەی کورد ئەسعەد عەدۆ ١٩٨٤ .
- لەو شەڕەدا ئەو قارەمانانە شەهید بوون :
- انور ملا محمد پیرداود رۆژبیانی ١٩٣٨ – ١٩٦٣/٦/١ .
- تایەر ملا محمد پیرداود رۆژبیانی ١٩٣٥ – ١٩٦٣/٦/١ .
- محمد علی صادق محمدامین رۆژبیانی ١٩٤١ – ١٩٦٣/٦/١ .
- عزیز عوسمان ابراهیم رۆژبیانی ١٩٤٤ – ١٩٦٣/٦/١ . ئەو شەهیدانە گۆڕیان لەسەر گردی تەلەرخێمە ، کاتێ حسن حەیران رۆژبیانی لە ١٩٨٤ بە کارەساتێکی دڵتەزێن لە کوردستانی ئێران مرد لەسەر وەسیەتی خۆی گۆڕەکەیان هێنایەوە نزیك ئەو خزمو برادەرانەی .
- ئەو دوو قارەمانەی داستانی شاخۆڵان ئەمانەن :
- خلیل امین ١٩٤٠ – ٢١ / ٢ / ١٩٦٩ .
- سید فتحی سید محمود ١٩٤٦ – ٢١ / ٢ / ١٩٦٩ ، بە داخەوە لە سجلێك لە ئارشێفی مەکتەبی سیاسی لای کاك هاشم نوسراوە ١٩٦٨
- حەنەش لە ١٣ / نیسان / ١٩٦٨ کوژرا.

*** لە گۆڤاری (کادیر) لە ساڵی ١٩٩٢ بڵاوبۆتەوە، ژمارە (٩).**

# خوێندنەوەیەك بۆ حەیرانی هۆمەری دزەیی

کتێبی (حەیران .. هەوڵێك بۆ تێگەیشتنی) ی ، هۆمەری دزەیی لە سلێمانی پالاص ، لە چوارچرا کە خۆم یەکێك بووم لە بانگکراوەکان .. بە ئامادەبوونی خودی نوسەر لەسەر هەوادارانی حەیران دابەشکرا ، دەتوانم بڵێم : زۆربەی میوانە بەڕێزەکان یەکەمجاریان بوو کە لە کۆڕێکی ئەوتۆ ئامادەبوون .. واتە خەڵکێکی سپێسیاڵ بۆ ئەو مەبەستە بانگهێشت کرابوون.

پیاو بۆ خوا بڵێ جۆرو شێوەو ڕێکوپێکی و زێدەجوانی کتێبەکە بە چوار سیدیەوە بەو شێوە ئوستقراتیە هەر لە خودی هۆمەری دزەیی دێت ، بۆیە منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی دزەیی بە سوپاس باراندن بەسەر هێرۆ خانم کە هێندەو هێندە ڕێزی لە هۆمەر ناوە لە ویشەوە لە حەیران ، دەککە رووی سپی بێت وەکو ئاوا رووی هەوادارانی حەیرانی سپی کرد .. قەتیش دوعایان ناکەم شێوەی زۆربێت چونکە نابێت!

کتێبی (حەیران ..) بەشێوەیەکی یەکجار مۆدێرن چاپکراوە ، یەکەمجارە لە وڵاتی ئێمەدا کتێب بە سیدیەوە چاپ بکرێت ، وە لە هەمانکاتدا بە شێوەیەکی یەکجار نویێ بابەت دابەشکرا .ئێمەمانان دەمێکە لە چاوەڕوانی ئەو کتێبە دابووین ، ئەگەر بەهەلە نەچووبم هۆمەر لەسەرەتای هەشتاکان دەیگووت : شتی باشم لەسەر حەیران لەژێر دەستدایە ! بەڵام تەمبەڵی دزەیی لە لایەك ، ویڵ و سەرگەردانی ئەویش لە وڵاتی غەیرەدینان ، نائەمواری و سەختی ژیانی کوردان .. بە هەمووان چاوهەڵێنانی ئەو کتێبە نایابەی بۆ ئەمڕۆ دواخست دەتوانم بڵێم : ئاخیرخێر بوو.

دزەیـی بـە دەنـگ و بـە نووسـین رۆحـی وەبـەر کتێبەکـە نـاوە ، هێنـدەی بـە تامولـەززەت دەخوێنتـەوە گیـانی مـرۆڤ سـەرتاپا قدیلانـەی دێـنێ ، هێنـد وەستایانە خاڵبەندو سەروژێری بۆ رستەکان کردوە هەر ئەوەندە دەتوانی بڵێی بـە (قولابی هینایتـەوە) خـودا شـاهێدە دکتـۆر ئاسـا بـەنێو ئێسقانە پەیکـەری کـچەتیم حـەیران و کـوڕەتیم حـەیرانێ شـۆڕ بوەتـەوە، ئەوەنـدە شـارەزایی لـە مۆسیقا بە گشتی و کلاسیك بە تایبەتی هەیە ، وەك ئەلقە ئەلقەی زنجیر، دەنگ و سـەدای حـەیرانی دەگـەڵ مـام بتهـۆڤن و زاراوەی بیـانی بەسـتۆتەوە ، ئەگـەر باش شـارەزاییت نـەبێ حەیرانـەکانی خۆمانـت لـێ وون دەبن . سـەربەند ، دووا بەند ، چوارینە ، سێینە .. هەمووی بە بەرەبابەکانی دنیای بەستوونەتەوە بۆیـە پـڕ بـە دەم دەڵـێم : هۆمـەری بـرا لـەو لایانـە داهێنـانی کـردوە ، خـوا تەمەنـداری بکات.

ئـەو قسانەی سـەرەوەم مانـای ئـەوە نیـە کـە هـیچ گلوگازانـدەو بۆچـوونم لەسـەر کتێبەکە بە نرخەکەی هۆمەر نیە ، بە پێچەوانە ، بە قەدەر نیوەی کتێبەکە قسەم هەیە بـەلام لێـرە هـەمووی جێـی نابێتـەوە بۆیـە رۆژێـك دوای کۆڕەکـە بـە تەلـەفۆن پێمگـووت : بـرام .. قـسەم لەسـەر کتێبەکـەت زۆرە ، لەبـەر ئـەوەی ئـەو کتێبـە نازدارە هەویرەکەی ئاوکێشە ، پێشنیار دەکـەم سمینـارێکی تەلـەفزیۆنی لەسـەر بکرێ ، گووتی : مەگـەر لـەو کـارە نوێیـەم خانەنشین بکـرێم ئینجا هـەلی وام بۆ بڕەخـسێ ، ئەگـەرنا ئێـستاکێ نـاتوانم .. بـەلام حـەز دەکـەم لـەلای خۆتـەوە دەوڵەمەندی بکەی!

ئەگـەر بێتـو بـە ووردی سـەرنج بدەینـە گـەورە ناونیـشانی کتێبەکـە (حـەیران .. هـەوڵێك بـۆ تێگەیـشتنی) وا نیـشان دەدرێ (*هـیچ نـەبێ خـۆم وای بۆ دەچـم*) یەکـەمجارە هـەوڵێك بـۆ تێگەیـشتنی حـەیران دەدرێ ، لەوکاتـەی کـە ئێمـەی شارەزایانی ئەو مەیدانە بە تایبـەتی (خالـد جوتیار و ئەسـعەد عـەدۆ) کە مـن بـە دوو قوتابخانەی حەیران نێوم بردوون *(بەلام ساڵێك بەر لە ئێستا جوتیارم بینی .. بەزەردەخەنـەوە گـووتی : تـا رادەیـەك منـیش هاتومەتـە سـەر بۆچـوونەکانت لەمەڕ حەیران).*

هەر یەکە لە ئێمە بەڵگەو کارتەکانی خۆمان فڕێداوەتە مەیدان ، هەرچەندە من لە کتێبەکمدا (*حەیران* ، لاوك – لێکۆڵینەوە) وتوومە : ئەوە بەڵگەی بۆچوونەکانمە لەمەڕ بە دەشتی هەولێرکردنی حەیران بە تایبەتی بە دزەیی کردنی ، بەڵام خەڵکی دیکە بۆی هەیە بە دژە بەڵگە بێنە مەیدان .. تا ئێستا بۆ (٢٣) ساڵ دەچێ نەیانتوانیوە دژە بۆچوون بچەسپێنن!

من تا گەڕانەوەی هۆمەر گلەییم نیە کە سەرچاوەی نەگەیشتۆتە دەست ، هەرچەندە دزەیی مێزگردێکی بە بەشداری خۆی بۆ من و کاك صلاح مەهابادی لە ئێزگەی دەنگی ئەمریکا سازکرد کە نموونەی بەشی دووەمی لەنێو سیدیەکەدا هەیە بۆ بەشی یەکەمی هۆمەر پێی گووتم : بە داخەوە وون بوە ! لەوێ من بیرو بۆچوونەکانم دیارکردوە.

دزەیی تەنیا لە لاپەڕە (٦٧) رستەیەکی من لە کتێبەکەم (لیرەیەك لە گەنجینەی نەتەوەی کورد ١٩٨٤) بە نموونە هێناوەتەوە ، ئەگەرنا دوورونزیك باس لە لێکۆڵینەوەکەی من کە لە ساڵی ١٩٨٥ لە گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ) لەسەر داخوازی دکتۆرە کوردستان موکریانی نووسیومەو لە دواییدا بە کتێب لە ساڵی ١٩٩٩ لە هۆلەندا چاپکراوە ناکات ، کە ئەو لێکۆڵینەوەیە بوەتە سەرچاوەی برایان سەعدوللا شێخانی و ئەحمەد حەیران و کاك غەفوور مەخمووری و هەر کەسێك بە سێبەری حەیراندا رۆیشتبێ ! کەچی هۆمەر بە دووروودرێژی نموونەکانی خۆی بەرامبەر بە ناوەرۆکی کتێبی سەعدوڵلاو ئەحمەد حەیران دێنێتەوە کە لە دوای لێکۆڵینەوەی من بڵاوبوونەتەوەو ئەوانیش بە سوپاسەوە کردوویانە بەسەرچاوەی خۆیان هەروەکو لە دواییدا کاك غەفووریش بە ئەمانەتەوە کردوویەتی بە سەرچاوەی کتێبەکەی خۆی.

سەرەڕای ئەوەش دزەیی لەدوا لاپەڕەکان باس لەو کتێبانە دەکا کە سوودی لێ وەرگرتوون هەرچەندە لە ناوەوە لە لاپەڕە (٦٧) باسی لە کتێبەکەی من دەکا بەڵام لە سەرچاوەکاندا پشتگوێی خستوە ! هەروەکو چۆن دوورونزیك باس لە نەواری (محەمەد حەسەن عومەر – محەمەد سوڵتان) ناکات کە من بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1989 لە تۆمارگەی کوردەواری خۆم تۆمارم کردوەو لە دواییدا بۆم

ناردوە ! هەرچەندە دەنگی من لە پێشەکی و ناوە ناوە بە (تایهو) بە ئاشکرا دیارە!!

لەسەر مەسەلەی جۆری گوتنی حەیران مەجلیسی و سەرچیایی .. من لەکاتی خۆیدا بەمشێوەیە شیمکردۆتەوە : ئەو حەیرانانەی لە مەجلیسان دەگوترێ بە جووتکردنی خەڵکی دەشتێ دەشوپێنم کە لەسەرخۆ گاسنی دەهەناوی ئەو دەشتە کاکی بە کاکیە دەنێ و بە پێی پیرە بارگینێ هێور هێور دەڕوا .. بەڵام ئاوازی حەیرانی تیژو بڵندم بە رۆیشتنی خەڵکی چیا دەشوپێنم کاتێ وەك تیترواسك بە زیگزاگ بەسەر چیا دەکەون.

لەسەر منداڵدانی حەیران (دەشتی هەولێر) بە (٨) بەڵگە هاتومەتە مەیدان وەك گووتم : تا ئێستە کەسێکی دیکە دژە بەڵگەی نەدۆزیوەتەوە ، هەروەها بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٥ نەخشەی بڵاوبوونەوەی حەیرانم بڵاوکردۆتەوە .. ئەوەی سەرنجی منی راکێشاوە نموونە هێنانەوەی دزەیی بە نووسینێکی مامۆستا حەمەی حەمە باقیە ، کە ناوی ئەو شوێنانەی نەخشە بڵاوکراوەکەی منی لە نووسینێکی بڵاوکردۆتەوە نەوەك هەموومان دەزانین مامۆستا خەڵکی کێندەرەو چەندان ساڵە لە کوێ دەژی ؟! (دوورنیە مامۆستا منی کردبێتە سەرچاوە .. نازانم چونکە نەمبینیوە) نازانم چۆن سەرسوڕمانێك لەلای هۆمەر دروست نەبوە کە مامۆستا ناوی ئەو شوێنانەی لە کوێ هێناوە ؟!

هۆمەر لە لاپەڕە (٧٤) دەڵێ منیش لەو بڕوایەدابووم کە حەیران زادەی دەشتی هەولێرە بەڵام لە دوای دانیشتن لە گەڵ پسپۆرانی کوردستانی ئێران گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە حەیران بە تەنیا زادەی ئەوێ نیە بەڵکو لە ناوچە زاراوە سۆرانیەکانی دیکەی کوردستانیش هەیە هەتا لە بادینان و بۆتانیش حەیرانۆك هەیە ! هەروەها لە لاپەڕە (٨٧) دەڵێ " : *ئەگەر حەیران بە شێوە زاراوەی دەشتی هەولێر نەبێ هەر خۆش نیە" !!*

براگیان یەك لە بەڵگە سەرکیەکانی من بۆ چەسپاندنی دەشتایەتی حەیران (شێوە زاراوەی دەشتی هەولێرە) ، من نەمگوتوە حەیران لە شوێنی دیکە نیە ، بەڵکو دەڵێم : حەیرانەکانی ئەودیویش حەیرانی لەمەڕ خۆمانە کە دەڵێ :

(کەندێناوەی خۆمان ، کلکەی میجانی ، زینەتیرێ ،دارەبزمارە ....) من دەڵێم : منداڵدانی سەرهەڵدانی حەیران دەشتی هەولێرە بەتایبەتی (ناوچەی دزەییاتی) لێرەوە بە هۆی مەڕداری و بازرگانی و خزمایەتی ئەمدیو ئەودیو ، بەڵام نازانم هۆمەر چۆن ڕێگا بەخۆی دەدا حەیرانی ئێمەو حەیرانۆکی بادینان بکاتە یەك ، راستە لە رووی هۆنینەوە زۆر لێك نزیکن بەڵام گوتن و ئاواز نێوانیان ئاسمان و ڕێسمانە.

دزەیی لە لاپەڕە (٥١) پرسیار لەخۆی دەکا " ***<u>تۆ بڵێی بتهۆڤن حەیرانبێژ نەبووبێ ؟ دەبێ جوتیارێکی کورد ئاگای لە سیمفۆنیەکانی مۆزارت نەبووبێ ؟</u>*** "

ئەو لە من زیاتر دەزانی دنیای (تەوارس) هەیە ، شاعیرێك لە ئەفریکا شیعرێك دەنووسێ ، لە شوێنێکی دنیادا شاعیرێکی دیکە بە هەمان مانا شیعرێکی وا نوسیوەتەوە ! نموونەی وامان هەیە ، هەرچەندە شیعرەکەی (جاهید) م ، ئەزبەر نیە کە دەڵێ : ***بەرۆژوو بووم کاتی بەیانی ماچم کرد رۆژووم شکا*** ، چونکە ***بەرۆژوو ئەگەر مانگ ببێنێ پێویستە رۆژووەکەی بشکێنێ ! ئەگەر بە هەڵە نەچووبم نەزار قەببانی دەڵێ:***

**" قبلتها عند الصباحي فقالت افطرت یا هذا و نحن صیام**
**فقلت أنت هلال و الصوم في رؤیة الهلال حرام"**

بۆ دڵنەوایی هۆمەری برام ئەو زانیاریەشی پێشکێش دەکەم و دەڵێم : کورد بەر لە بافلۆف (ئیڤان بترۆڤیچ بافلۆف ١٨٤٩ – ١٩٣٦) خاوەنی تیورن ! لەبەر برا عەرەبەکان نەبێ سێ بە سێ سوێند دەخۆم کە ئەو پیاوە نەوەی ئێمەیە ! ئەگەرنا شوانێکی ئەو کوردستانە چۆن بەر لەئەو شارەزایی لە تیوری بافلۆف هەیە تەنیا جیاوازیان ئەوەیە لای بافلۆف (سەگە) کەچی لای شوانەکەی ئێمە (نێری و بەرانە) ، کاتێ مێگەڵی مەڕوبزن لەو دەشتەکاکی بەکاکیە پەرتوبڵاودەبێتەوە یان لە قەد چیاکان شوانی بەدبەخت چەند دەتوانێ یەکە یەکەیان کۆبکاتەوە ؟ بۆیە بەدوای کارئاسانێك گەڕاوە ئەویش ئەوەیە .. بۆ چەند رۆژێك کاکەی شوانە پارچە نانێك دەخاتە کوونی شمشاڵەکەی و جۆرە ئاوازێك کە ئێستا لەنێو کوردەواری بە (هەوارە بەڵۆ) ناسراوە ، دەژەنێ !

ئاوازەکەو پارچە نانەکە سەرنجی نێری یان بەران رادەکێشێ بۆیە بەرەو لای شوانە دەگەڕێنەوەو دوو قاچی بە سینگی شوانە دەنوسێنی تاکو دەمی بگاتە پارچە نانەکەو بیخوا .. بەمشێوەیە تا فێردەبێ ، بۆیە لەکاتی پەرتوبڵاوبوونەوەی مێگەڵی مەڕوبزنان شوانە سەر لەئێوارە بەر لە گەڕانەوەی بۆ نێو گوند ئاوازی (هەوارە بەڵۆ) دەژنی و نێریەکان و بەرانەکان یەکپێ بە غاردان و جلیتانێ بەرەو لای شوانە دێن مەڕو بزنیش سەریان شۆڕ دەکەن بەدوای نێری و بەرانان دەکەون *(دەبڵێن تیوری نیە* !! *مەگەر سەگەکەو گۆشتەکەو ڕووناکیەکەی بافلۆڤ ئامۆزاش هەر ئەوە نیە ؟).*

دەربارەی بە دزەییکردنی حەیران گوتوومە : بەبۆچوونی من باپیرە حەیران لە (بەڕانەتی) سەری هەڵداوە سەرقافلشم بۆ (سەیدەکۆر) داناوە ، هەرچەندە لەدوای ئەویش دوو شاگردی چاك ماونەتەوە (سمایلی حەمەد نەخشینێ و خدرخەرابەدراو) بەڵام بەداخەوە دیوەخانەکانی ئەو ناوچەیە زیاتر پابەندی (لاوك) بووین بۆیە حەیران لەوێ بەرەو (شەمامك) سەری هەڵگرتوە کە بە (بابە حەیران) نێوم بردوون ، بەداخەوە حەیران لەو ناوچەیە زۆر بێناز ماوەتەوە ، بۆیە جارێکی دیکە بەرەو (سەنیەومرکێ) رۆیشتوە ، دیوەخانەکان و خودی ئاغاکانی دزەیی دەورێکی یەکجار چاکیان لە پەرەسەندن و پێشخستنی حەیران بینیوە کە من نێومناون (کوڕانی حەیران) پیاو دەتوانێ بڵێ حەیرانی دزەییان کە لە سەرووی هەموویانەوە هەرسێ یاد نەمرەکان حوسێن ، جەمیل ، فارس عەلی ئاغا دزەیی کە بە ئوستادی حەیران دادەنرێن.

لە کۆتاییدا دەڵێم کارەکە باشتر دەبوو ئەگەر نموونە حەیرانەکانی نێو سیدیەکان لەنێو کتێبەکەدا هەبوایە ، هەروەها چاك بوو ئەگەر کورتەی ژیانی حەیرانبێژەکانیشی بڵاوبکردبوایەوە چونکە بەداخەوە ئەوانە لای نەوەی نوێ نادیارن ، لە گەڵ بڵاوکردنەوەی مێژووی تۆمارکردنی نەوارەکان بەمەیان قۆناغەکانی پەرەسەندنی حەیران روونتر دەبوو.

* لە رۆژنامەی (هەولێر) بڵاو بۆتەوە.

# کاتێ فۆلکلۆر.. سەرچۆپی ڕەشبەڵەکی مێژوو دەگرێ .. !

لاوك .. ئەو داستانە قارەمانیەتە یان ئەڤینیە سەرو بنگرێدراوە جەرگبڕە پڕ تامو بەلەزەتەیە کە مرۆڤی کورد بۆ ڕۆژانی ڕابردو دەگەڕێنێتەوەو بە دۆڵ وچیای سەرفرازی کوردستان بەرەو گۆڕەپانی شەڕی مانونەمان و بەرخودان و جێژوانی داوێن پاکەکانمان دەبات و لە دیوەخانەی برا گەوران و پیاوماقوڵانی نەتەوەکەمان دەست لە ئەژنۆ چاو بە فرمێسك .. زامی هەرە گەورەی کۆن ونوێمان دەکولێنتەوەو بە بەژنوباڵای کیژۆڵە نەشمیلە دەستوپێ بە خەنەو چلوچوار کەزی ، بە کلوکلدان و ئاهی نامورادی خەجوستیی و خەزاڵو ئەسمەرێ کابایزو عەیشێ ئیبێدا هەڵدەڵێ یان شۆڕەسوانی خۆبەختکەرانی کوردو ئەوانەی سەری نائومێدیان بردۆتە ژێر گلو بە دەستوبازووی ڕمی هەژدە قەفی و سینگ بەزرێ داودی و سوارانی شێخی غەزالی و بۆرە .

لە وەتەی کورد کۆچوکۆچباری لە بناری سیپان داکوتاوە .. لەوەتەی پەلی دارەبەنێ جەرگی سیابەندی کوون کوون کردوەو لووتکەی شاخەکانی کوردستان بە دلۆپە خوێنی (کەوی خۆخۆر) سوور هەڵگەڕاوە .. لە وەتەی " مامان برازا بزر کرد " و (بەکرۆکەی بنگەوەڕێش) بوەتە دارێکی دڕکاوی نێوان (مەم وزین) لاوك هەیە ، واتە تەمەنی لاوك لە تەمەنی ئازارو ئەشکەنجەی نەتەوەی کوردە . (ئەوەی سەرەوە .. بۆچوونی دوێنێ و ئێستای بەندەیە دەربارەی لاوك کە لە ساڵی ١٩٨٥ لە لێکۆلینەوەکەم (لاوك وحەیران) تۆمارم کردوەو لە گۆڤاری ڕۆشنبیری ژمارە – ١١٠ – لە دواییدا لە کتێبەکەم (لاوك ، حەیران ، هۆنراوەی میللی لە فۆلکلۆری کوردیدا) بلاوبۆتەوە .

بەنــدە لــە کــاتی خۆیــدا جــۆری لاوکــم دابەشــکردوە .. بــۆ نموونــە لاوکــی سوارچاکی، شەڕوشۆڕ ، ئەڤینی ، تالانکردن ... هتد ، بەلام ئەوکات لێکۆلـەوەر نەیدەتوانی پڕ بەدڵ ناخی خۆی بدرکێنێ بۆ نموونە بلێ لاوکی (بەرخودان !) ئینجا نموونە بێنتەوەو باس لە نەیاری نێوان کوردو عەرەب بکات ! مەحالـە !! بۆیە ئەم باسەم دەبێتە تەواوکەری لێکۆلینەوەی پێشتر.

هەرچەندە لە دوای ڕاپەڕین بە خۆزگەی ئەوە بوین باس لە :

- کوشتنی شێخ حەنەش بکەین (هەرچەندە لە – ڕەنگدانەوەی شۆڕشی مەزنی ئـەیلول لـە گـۆرانی میللـی کوردیـدا – باسمکردوە بـەلام پێـشوازی باشـی لێنــەکرا چــونکە سیاســەتی ئــەوکات دژی تۆلەکردنــەوەو بلاوکردنــەوەی حقدوکینە لە نێوان دوو کۆمەلگای دراوسێ بوو بەلکو هەولدەدرا سیستەمەی پێکەوە ژیان پەرەی پێ بدرێت .
- باس لەم لاوکە (نەواخا برایم پاشا) بکەم .
- باس لە زاراوەی (خاڵ) بکەم کە شێخ حمید المهێدی گەورەی شەممەران لە ساڵی ١٩٩٦ لە سوریا کاك مسعود بارزانی بۆ خوانێك بانگهێشت کردو بە خاڵ بانگی دەکرد ..

ئەو خالە بۆ ، هەروەها لە چیەوە هاتوە ؟ لەکاتێکی دیکە خوایاربێت باسی لێوە دەکەین .

بەشــبەحالی خــۆم کــە لــە ســەرەتای هەشــتاکانەوە لــەم مەیدانــە بەرفراوانــە کاردەکەین جگە لەم لاوکە (نەواخا برایم پاشا)هیچ لاوکێکی دیکەم نەکەوتۆتە بەرچاوان کـە بـاس لـە شـەڕی نێـوان نەتـەوەی کـورد وعـەرەب بکـات .. ئەگـەر هەبوبێت لە هونەری گۆرانی میللی ڕەنگی نەداوەتەوە .

پووختەی سەربردەی لاوکی (نـەواخا برایم پاشا)بریتیە لە دووبارە بوونـەوەی مێـژووی ئـەوڕۆی کـوردان (سـوبحانە اللە)!* هـەر لـەدێر زەمانـەوە (تـیری بنـی بـەڕیێ) کـە ئـەوڕۆ دەکاتــە سێگۆشــەی (تورکیــا ، ســووریا ، عێــراق)گوایــە پایتەختی گەورەی (کیکان وملان) لە (وێرانشار) بوە ، کە ئێستا لە کوردستانی

باکوور پێی دەڵێن (قزڵتەپە) هەموو جوگرافیا ناسانی دونیا لەسەر زێدە گرینگی سێگۆشەیی کوردستان هاوڕان کە لە ڕووی سەربازی ، ئابووری ، لە ناوچەکەدا یەکەمە ! بە هەمان شێوە ئەو سێگۆشەیە (تیری بنی بەڕیێ) بۆ چەلاندن و لەوەڕاندن بە زێدە گرینگ بوە ، بۆ چوار وەرزی ساڵ بەکار هاتوە .. بۆیە نەیاران و خاوەن مەڕوماڵات هەردەم چاویان تێبڕیوە .. هەرچەندە باپیرە گەورەی برایم پاشا کە لە مێژوودا بە(تەمر پاشای میللی)بە نێوبانگ بوە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدە یەکێتی عەشایری کوردانی لەو ناوچەیە دروست کردوە (ئیسلام و ئێزدی) تا گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە کە دوو عەشیرەتی عەرەب (عدیان و جسیان) کە سەر بە (العنزە)بوون بێنە نێو ئەو یەکگرتنە .

ئەوکات هۆزی (ئەلجەربە – ئەلشەممەر)لە سووریا ، ئەردەن ، عێراق ، کوەیت کە بە خاوەن مەڕوماڵات بەنێوبانگن چاویان بڕیوەتە ئەو پاوان ومێرگانەی کوردان بۆیە گەورەکەیان (شێخ محمد فارس عبدالکریم الجربە) هەوڵدەدا وەك ئێستا تۆی دووبەرەکی لەنێوان هۆزەکانی کورد بڵاوبکاتەوە بە تایبەتی لە نێوان کوردانی ئێزدی و ئاین ئیسلام !

برا من دێنێ خۆ دایێ ڤێ سبێ علی شووخ و محمد شووخ ڤێ دنیایێ شێخێت بەدوایێ ، ڕابە کاغەدەکی نڤیسی ڤێ سبێ دابو دەستێ دوو قاسید سوار مەهینایێ.

سلاڤ و کەلاڤێ بکە ل حسێنێ قەنجۆ ڕەیسی دنایێ .

سلاڤ و کەلاڤێ بکە ل ئەیۆی حمود ئاغایێ ئێزیدیایێ .

بلا سبێ مەڕا بکەن تەڤایێ مێ فەرمانەکا گران ڤێ سبێ ڕاکەنە سەر سەرێ برایم ئەلکوردی ، برایم پاشا قامچی باشێ دەوڵەتێ عالیایێ .

ئەمێ ژێ بستینن خودێزانی حەیفا بابو کالایێ .

ئەگەر بێتو سەیری ناوەرۆکی نامەکانی ئەوکات بکەین ، بە هیچ شێوەیەك جیاوازی لە گەڵ ناوەرۆکی نامەکانی ئێستای نەیارانی کوردا نیە.. کە پووختەکەی خۆی لەوە دەدۆزێتەوە .. تۆ هاریکاریمان بکەن بۆ لەنێوبردنی

(فلان) یان هیچ نەبیٚ ئیٚمە بە هەواری ئیٚوەدا گوورزەر دەکەین ئیٚوە خۆتان لە گیٚلی بدەن !! هەرکاتیٚك (فلان)مان ، لەنیٚوبرد تۆ لە شویٚنی ئەو دادەنیٚین ! بەلاٚم کوردی ڕاستەقینە ئیسلام بیٚت یان ئیٚزدی یان فەلە وەك ئەوڕۆ بە هیچ شیٚوەیەك دریٚغی لە بەرخودان ناکات و ڕیٚگا نادەن ئەو (کرمە) بگاتە نیٚو کۆمەلٚگا ! ئەوەتە حسیٚنی قەنجۆ کە یەکیٚکە لە ئاغاکانی ئیٚزدی کە تا ئیٚستا نیٚوی لە لاپەڕەی میٚرچاکان و جوامیٚرانی کورد دەدرەوشیٚتەوە .. با بزانین چ دەلٚیٚ :

**گاڤا برا من دیٚنیٚخۆدایێ هەردوو قاسیدێ شەمڕان و بەدووا ..**

**ئەو قاسیدو کاغەد دانە قەسرێ ڕەئس ئەلعیٚنێ دانە دەستێ حسیٚنێ قەنجۆ ئاغایێ دنایێ .**

**گاڤا حسیٚنێ قەنجۆ ڤێ کاغەدێ دنیٚری ، خودیٚزانی تشتەکی خیٚرێ تیٚدا نەخۆیایێ .**

هەروەکو نەریتیٚکی باو سەرەتا حسیٚنی قەنجۆ کە لە ناوەرۆکی نامەکە دەگات بە ئامۆژگاریەوە ڕەوانەیان دەکاتەوە .. بەلاٚم کە نامە ناردنەکە دووبارە دەبیٚتەوە .. قینی هەلٚدەستێ و نامەیەکیان بۆ دەنیٚریٚتەوەو دەستی قاسیدەکانیش دەبەستیٚتەوەو ڕەوانەی نیٚو عوربانیان دەکاتەوەو دەلٚیٚ : ئەگەر بیر لەوە دەکەنەوە کە من ئیٚزدی ئاینم و برایم پاشاش ئیسلام .. ئیٚوە زۆر هەلەن منو برایم پاشا برای دایك وباوکیٚکین .. بە مەلەکێ تاوس ئەگەر دەست لەو بیرۆکەتان هەلٚنەگرن کاریٚکی واتان دەگەلٚ دەکەین یەك سالٚ قەلٚە ڕەشەکە گۆشتی شەممەڕان بخۆن !!

بەمشیٚوەیە لە ئەنجامدا حسیٚنی قەنجۆو ئەیۆی محمود خلف دەچنە لای برایم پاشای مللی و مەسەلەکەی بۆ باس دەکەن .. پاشاش بە دوای هەموو پیاوماقول و برا گەورەکان دەنیٚرێ تاکو تەکبیریٚك بکەن ، کاریٚکی نویٚ بابەت بوەو ڕوویندا وە کە کورد بتوانیٚ هیٚرش بکاتە سەر ئەو هۆزە زیٚدە گەورەیە کە پانتایی چوار ولاٚتی عەرەبیەن گرتوە ! بە ماوەیەکی کوورت (هەزارو حەفسەت

سوار بە ڕم) لە پێش ڕەشماڵی برایم پاشا ئامادە دەبن .. هەندێکجار سۆزی کوردینی و تۆڵەکردنەوە خەڵکانێك دەگەینێتە لووتکەی جوامێری ..ئەوەتە لەنێو ئەو هەموو حەشاماتەی پێش ڕەشماڵی برایم پاشا یەکێك بە نێوی محۆی کەلەشا کە برا گەورەی چەند برایەك بوە ، دێتە بەردەم برایم پاشاو دەڵێ : تەنیا وڵاخێك و ڕمێکم بدەنێ سۆزو پەیمانتان دەدەمێ خڵخاڵی (خەنسە خاتوون) خوشکی محمد فارس الجربەت بە دیاری بۆ دێنم !!

یەکی بێژنا محۆیێ کەلەشا ئەوژی مەزنێ سێچار برایێ ، ئاغاکی شەرقیاییێ دبێژی : برایم پاشا شێرو تەکبیرێ ئاغەواتان شێرو تەکبیرێ بچووك و مندالایێ.

عەرەبێ عەیالێت عەمشا .. ناڤا بەدووایێ .. ئەمە چار سەرێ کۆنا بکەن دەڤێ شوورایێ ، خلخالێت لینگێت خەنساخاتوونێ پیرەکا عەرزو عەیالێت شەمڕان و تاتا بدەنە بەر سینگی مەحنەکاو مەهینایێ .

لە ئەنجامدا کوردەکان دەگەنە ئەو قەناعەتە کەبەر پەرچدانەوەیان لەناکاو ئەو هەزارو حەفسەت سوارە هێرش دەکەنە سەر عوربانی شەممەڕان و تەرشو تالانیان دێنن و محۆیێ کەلەشا دەگاتە ژێر ڕەشماڵی خەنسەخاتوون لەبری خڵخاڵەکەی خەنسە دەگەڵ خۆی بە دیاری بۆ برایم پاشای مللی دێنێ .. پاشاش وەك ڕێزێك لە خەنسەخاتوون و بنەماڵەکەیو هۆزەکەی بۆ ئەوەی نەبێتە (کەنیزە – سەبیە)بە فەرمی لە خۆی مارە دەکات !! لەوکاتو ساتەدا یان ماوەیەك دواتر مێژوونوس (لۆنگرێك) ڕێگای دەکەوێتە ئەوێ و سەردانی برایم پاشا دەکاو ئەو سەبردەیە واتە زەواجی برایم پاشاو خەنسەخاتوون لە کتێبەکەی (أربعە قرون فی تأریخ العراق الحدیپ – ترجمە جعفر الخیاگ) تۆمار دەکات .

# نەواخا براهیم پاشا

فەلەکێ دنیایێ ، دنیا مولکێ تەعالایێ .

من دیت فەجارا سبێ لێدا ، فریجەکا عارەبێ عەیالێ عەمشایێ ڕەنگین ڤێ سـبێ قوتبوونـە .. علـی شـووخ ، محمـد شـووخ ، وەنـوح و گـەنووح ڤـە ، دانینـە لۆجـەکا بـابێ خلـف ، چـەمێ دعـۆلیێ سـەر رێـزا هـەڤگرا ، بـەڕیا وێرانشارێ ڤێ سبێ .. ناڤا قەراج و چیایێ سەررێزا هەڤگرایێ .

ئەو شادو شودێ علی شووخ مالا بەدوو گەلەك هەنە ، بانگ دکەن محمد شـووخ خـودێ زانـێ ئـەوە سـێ رۆژێ تەمامـە رابنـە مـێ ، بکەنـە شـێرو تـەکبیرایێ ، ئەوە سێ رۆژێ تەمامە کۆچەرى شـەرقیا ، کۆچـەرێ مـلا ، کۆچەرێ دن ، کۆچەرێ کوردستانێ ژ دۆرا عەوڕا پاشـێ ، تـەمانێ کەتنە بەهارا دەڤێت گەلالیایێ .

ئەمێ ڕابن تەڤ بکەن ڤێ سبێ ل خۆرت وعەگیدێ عەرەبایێ ، ئەمێ دەست بکەنە خۆرت وعەگیدێ شەمرانێ ، ئەمێ ڕاکەنە فەرمانا برایم ئەلکوردی قامچی باشێ دەولەتێ عالایایێ .

فەلەکێ ئەز بەهارا بەر دلێ سوارییێ قەلیایێ برایم پاشامە ، بابۆ بابۆ .

برا من دێنێ خۆ دایێ ڤێ سبێ علی شووخ و محمد شووخ ڤێ دنیـایێ شـێخێت بـەدوایێ ، ڕابـە کاغـەدەکی نڤیـسی ڤـێ سـبێ دابـو دەسـتێ دوو قاسید سوارمەهینایێ .بلا سبێ. سلاڤ و کلاڤێ بکەن ل حسێنێ قەنجۆ ڕەیسی دنایێ .. سلاڤ و کەلامێ بکەن ل ئەیۆی محمود ئاغایێ ئێزیدیایێ .. بلا مەڕا بکەن تەڤایێ مێ فەرمانەکا گران ڤێ سبێ ڕاکەنە سەر سـەرێ برایم ئەلکوردی ، برایم پاشا قامچی باشێ دەولەتێ عالیایێ .

ئەمیٚ ژیٚ بستینن خودیٚزانیٚ حەیفا بابوکالاییٚ .
هەکە ڤیٚ سبیٚ یرایم ئەلکوردی قامچی باشیٚ دەولەتیٚ عالیاییٚ شکیٚناندن ڤیٚ سبیٚ ل حەیاتا دنیاییٚ .. ئەمیٚ حسیٚنی قەنجۆ ڕەیسی دنا بکەنە شوونا برایم پاشا قامچی باشیٚ دەولەتیٚ عالیاییٚ .
فەلەکیٚ ئەز بەهارا بەر دلیٚ سوارییٚ قەلیامە
هاییٚ فەلەکیٚ هاییٚ
گاڤا برا من دیٚنیٚ خۆ داییٚ هەردوو قاسیدیٚ شەمڕان و بەدووا .. ئەو قاسیدو کاغەد دانە قەسریٚ ڕەئس ئەلعیٚنیٚ دانە دەستیٚ حسیٚنیٚ قەنجۆ ئاغاییٚ دناییٚ .
گاڤا حسیٚنیٚ قەنجۆ ڤیٚ کاغەدیٚ دنیٚری ، خودیٚزانی تشتەکی خیٚریٚ تیٚدا نەخۆیاییٚ .
ئەڤیٚ سبیٚ ڕووندکی چاڤیٚ حسیٚن ئاغا خودیٚزانی ڕشت وەك تاڤیٚ باووبارانیٚ .. هەردوو دەستیٚ قاسیداییٚ گرتنە داییٚ خولاماییٚ ، دەستیٚ هەردوو قاسیدیٚ شەمڕان و بەدووان و عەرەبا دانە داریٚ کەلەمچاییٚ ئاڤیٚتە سەر پشتی مەهیناییٚ .. بەریٚ دانیٚ قازارا عەبری بنکۆنیٚ هەژدە ستوونی ئەو مالا برایم ئەلکوردی رەیسیٚ کۆچەرو دناییٚ مالا برایم پاشا قامچی باشیٚ دەولەتیٚ عالاییٚ .
فەلەکیٚ ئەز بەهارا بەر دلیٚ برایم ئەلکوردی قامچی باشیٚ دەولەتیٚ تورکامە .
ئەو گاڤا حسیٚن ئاغا هەردوو قاسیدیٚ شەمڕان و بەدووان تا تاڤیٚ سبیٚ دانە بنکۆنیٚ برایم پاشا ڕونیشتنە لالیٚیٚ قەهوا میراییٚ .
برایم ئەلکوردی قامچی باشیٚ دەولەتیٚ تورکا دبیٚ : حسیٚن ئاغا چ حەیا ل حەیاتە دنیاییٚ چ جەریاییٚ ؟

دبێـژی : بـرایم ئـەلکوردی ڤـێ سـبێ تـە هـاژ لـێ نینـە چارسـەت پێنـسەت عارەبێد عەیالێت عەمشایێ .. رەشمالا دانینـە چەمێ (دعۆلیێ) لۆجەکێ بابێ خلف ، ل بن دنیا (گرێشوریایێ) ڤێ سبێ خودێزانی علی شووخ و محمد شـووخ و مـەنوح و گـەنوح ڤـێ سـبێ کرنـە شـێرو تـەکبیرای کـوڕێ بابــایێ .. دوێــن دەڕبــەکا بــێ بــەختی دانــە ل کوردانــا ، ئێزیــدیایێ ، خەرابکەن عەبرێ برایم پاشایێ ڤێ سبێ ل مە بستینن حەیفا بابوکالایێ .
فەلەکێ ئەز بەهارا بەر دلێ سوارێ قەلیامە بابۆ بابۆ ..
هایێ فەلەکێ هایێ ..
برا من دێنێخۆدایێ خودێزانی ڤان سەرێ ئاغاواتێ کوردستانێ تەمامێ کەتنە خاخێ و بەلایێ .
برایم پاشا قامچی باشێ دەولەتێ عالایێ .. (بابێ عبدالحمود) ڤێ سبێ سولتانێ چۆلییێ ، ئەو رابو خودێزانی دەسکرە کاغەدو قەلەمایێ .
کاغەدەکێ شاندیە (ئەیۆی محمود خلف مالا عەبدی ئاغا) عەگیدی شـەرقا ڕیسێ ئێزیدیایێ ، کاغەدەکی شاندیە با حسێنێ قەنجۆ ئاغایێ دنـایێ ، کاغەدەکا شاندیە مەنتیقا (حەسەنێ حاجۆ) حەتا فەلـەیێ (تۆرا) تـەمامێ رابون.. کـادەکی شـاندیە بـەر ئاغـەواتێ کـوردایێ هـوون پێبـزانن مـن دوێ سەعاتەکی ددووا هوون بە تەمامی بسەکنە ل عـەبرا پاشـایێ ، سـەعاتەکە نـەبو ددووان سسیایێ ل پێشیا کۆنێ ڕەشـێ عـەرەبێ لالیـێ قـەهوا مێـرا بـرایم پاشـا هـەزارو هەفسەت خـۆرتێ موردسـتانێ عۆلبوونـە سـە پـشتێ مەهینا سەرداریێ ڕمایێ .
فەلەکێ ئەز بەهار بەر دلێ سوارێ قەلیامە بابۆ بابۆ
بـرا دێنێخوبـدێ هەزاروهەفـسەت خـۆرتێ کـورداو شـەرقیاو ملـلاو دنـاو ئێزدیا تەمام عۆلبونە سەردارێت ڕمایێ .. هێڤیا گال گالو گۆتنـەکا بـرایم

پاشایێ .
برایم پاشاو ئاغەواتیێ دبێژن : شەڕێ بەدۆی گرانە مینا شەڕێ دەوڵەتێ ژ مە نایێ ..
هنك دبێژن : ئەمێ راکەنە سووریێ سەرایێ !
یەکی بێژنا محۆیێ کەلەشا ئەوژی مەزنێ سێچار برایێ ، ئاغاکی شەرقیاییێ دبێژی : برایم پاشا شێرو تەکبیرێ ئاغەواتان شێرو تەکبیرێ بچووك و مندالایێ .. ئەمێ راکەنە شێرو تەکبیرێ کوڕێ باباو ئاغایێ برایم پاشا ئەلکوردی ، حسێنێ قەنجۆ ئاغێ دنێ ، ئەیۆی محمود رەیسی ئێزدیایێ ، هەزارو هەفسەت خۆرتێ شەرقیاو ملاو دناو ئیچزدیاو خۆرتێ کوردا ڤێ سبێ تەمام ل هێڤیا مە سەکنینەو گال گالو گۆتنەکا برایم پاشایێ ، ئەمێ تاو بدەن خۆرتایێ بلا هجومەکا گران باوێژنە ناڤا عەرەبێ عەیالێت عەمشا .. ناڤا بەدووایێ .. ئەمە چار سەرێ کۆنا بکەن دەڤێ شوورایێ ، خلخالێت لینگێت خەنساخاتوونێ پیرەکا ، عەرزو عەیالێت شەمڕان و تاتا بدەنە بەر سینگێ مەحنەگاو مەهینتییێ ئەمێ ئالیێ قەهوا مێرا ئێخسیر بکەن حەیاتا ڤێ دنیایێ رۆژەکێ رۆژا خودێ مالا شێخ محمد فارس ئەلجەربا شێخێ بەدوو مایێ
فەلەکێ ئەز بەهارا بەر دلێ قەلیامە ، کەسو کەس نەدینۆ ..
* ئەگەر بە ووردی سەیری مێژووی کوردان بکەین بۆمان روون دەبێتەوە کە ماوە ماوە هەوڵدراوە قڕ بکرێن هەروەکو چۆن ئێزیدیەکان باس لە (٧٢) فەرمان دەکەن ئاوا کورد بە گشتی بەڵام هەرجارەی بەنێوێك .. لە سەدەی هەژدە ئال جەربەو دوێنێ ئەنفال و ئەوڕۆ داعش ئیدی بۆ دادێ بێ ئافات بێت .

* لە رۆژنامەی (بەدرخان) بڵاوبۆتەوە، لە ساڵی ٢٠١٥.



* ئەسعەد عەدۆ
* لە ساڵی ١٩٥٥چاوی بە ژیان هەڵێناوە.
* لە ١٩٧٣/١١/٢١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە کردووەو لە بەتالیۆنی یەکی زۆزك بووەتە (پ.م)
* لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٤ لە گۆڤاری (قوتابیان) لە (چۆمان) بۆ یەکەم جار بەرهەمی ئەدەبی خۆی بڵاوکردۆتەوە کە کورتە چیرۆکێك بوو لەژێر ناونیشانی (یادی رۆژانی ماکۆك) کە باس لە داستانی هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراق لەشەڕی چیای (ماکۆك) دەکات.
* لە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ وەك هەزارانی دیکە ئاوارەی دیوی ئێران بووە ماوەی حەوت مانگ لە ئۆردوگای (نەلیوان) نزیك (شنۆ) و (رەبەت) نزیك (سەردەشت) بووە.
* لە ١٩٧٥/١٠/٥ گەڕاوەتەوە عێراق بە خانەوادەوە لەگەڵ هەزارانی دیکە لە باشووری عێراق (گرمە بنی سعد) لە (ناصریە) تا ١٩٧٩/٤/٣٠ نیشتەجێکراوە.
* لە ساڵی هەشتاوە لە دنیای ئەدەبدا بزێو بووە بەتایبەتی مەیدانی بەرفراوانی کەلەپوور، چەندان بابەتی هەمەجۆری لە گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوەو چەندین کۆڕی فۆلکلۆری پێشکەش کردووە.
* لەساڵی ١٩٨٥ گۆشەی (فۆڵکلۆری) لە بەرنامەی (گۆڤاری هونەر)ی هونەرمەند سەعدون یونس ئامادەو پێشکەش کردووە.
* لە ١٩٨٥/٢ تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٠ بووتە (پەیامنێر)ی هەولێر (دژوار) لە دواییدا ئەندامی دەستەی نووسەران- لیژنەی فۆلکلۆر- لە گۆڤاری (کاروان)

که لەلایەن ئەمینداریێتی رۆشنبیری و لاوان دەرچووە.

* لە ١٩٨٧وە گۆشەی (خۆزگە)ی لە (کاروانی وەرزش) لەدوای راپەڕینیش لە (برایەتی) بەناوی (نسکۆ) دەنووسیێ.
* لە ١٩٨٧/٥/١٣ تا ١٩٩١/١/٢ بەرنامەی (لەکەلەپوورەوە) لە تەلەفزیۆنی (کەرکووك) ئامادەو پێشکەش کردووە.
* لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٩٢ تا شوباتی ١٩٩٣ بەرپرسی نوسینگەی راگەیاندنی (پ.د.ك) بووە لە هەولێر.
* لە ١٩٩٣/٣/١ تا ١٩٩٥/١٠/٥ بەڕێوەبەری نووسین بووە لە رۆژنامەی (برایەتی).
* بەهۆی ئەو گیروگرفتەی لەشەڕی ناوخۆدا بەسەری هات بەرەو هەندەران رۆیشت ماوەی (١٠) ساڵ لە ئاوارەیی بەسەر برد، لە ٢٠٠٥/٨/١١ بەیەکجاری گەڕاوەتەوە کوردستان.
* لە ٢٠٠٦/١/٤وە بووەتە ئەندامی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (پ.د.ك).

**چاپکراوەکانی.**

- پێناسەی بەشێکی شاعیرانی کورد ١٩٨٠.
- بەیتی ئایشەگوڵ ١٩٨٣.
- لیرەیەك لە گەنجینەی نەتەوەی کورد ١٩٨٤.
- لاوك و حەیران و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا ١٩٨٧.
- بەرئاگردان ١٩٩٣.
- کاتیێ لوولەی تفەنگ دەبێتە قەڵەم ١٩٩٥.
- ئەوانەی تەنیا بۆ کوردو کوردستان ژیاون ١٩٩٥.
- لاوك و حەیران- لێکۆڵینەوە- ١٩٩٧ هۆڵەندە.
- شۆڕشی گوڵان ١٩٩٩ هۆڵەندە.
- خۆزگەو شتی تر ١٩٩٩ هۆڵەندە.
- بیرەوەری تاڵ و سوێری نامۆیم ٢٠٠٠ هۆڵەندە
- لە کەلەپوورە ٢٠٠٠ هۆڵەندە.